تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە

لە 1901/1/1 تا 1950/12/31

عەلی کەندی

بەرگی دووەم - چاپی دووەم

بژارکراو و پترکراو

باشووری کوردستان - هەولێر

2709 - 2009

گەنجینەیەکی پڕ لە مێژووی رووداوی کۆمەڵگاکانی جیهان لەهەموو بوارەکان لەماوەی بیست سەدە دا

ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە

لە ١٩٠١/١/١ تـــا ١٩٥٠/١٢/٣١

عـــەلی کـــەندی

بــــەرگی دووەم – چــا پی دووەم
بـــــژارکــراو و پتـــرکـــراو
باشـــووری کوردســـــتان – هـــەولێر
٢٠٠٩ – ٢٧٠٩

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان

بەرێوەبەرایەتی گشتیی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە

ناوی کتێب: ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە

نووسینی: عەلی کەندی

دیزاینی بەرگ: دانەری مێژوونامەکە – عەلی کەندی

کۆمپیوتەر: نووسینگەی هیوا بۆ کۆمپیوتەر

بەرگ: بەرگی دووەم ٢٠٠٩

چاپ: چاپی دووەم ٢٠٠٩

چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان - هەولێر

تیراژ: ١٥٠٠ دانە

نرخ: بۆ هەرچوار بەرگ (٢٠٠٠٠) دینارە

لەبەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ ژمارەی سپاردنی(٢٢٥٥) ساڵی (٢٠٠٩)ی پێدراوە.

بۆ هەر رەخنەیەك یان پێشنیارێك یان هەر زانیارییەك لە هەڵەو بەسەرچوون ئاگادارمان بکەنەوە بە ژمارەی مۆبایـــل/ ٤٥٤٨٠٩٨ ، یـــان ژمـــارەی ئاریـــافۆنی / ٠٦٦٢٥٣٣٥٢٢- یـــان ئیمێڵی:Alikendi@yahoo.com

* مافی چاپکردنی پارێزراوە بۆ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و خاوەنی کتێبەکە

* ئەم کتێبەو کتێبەکانی وەزارەتی رۆشنبیری لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە

www. Kurdchap. com

دەسپێك بۆ چاپی دووەم

لە گەڵ پەرەسەندن وپێشکەووتن و گەشەکردن و بووژانەوەی بەردەوام بە پێی تێپەر بوونی قۆناخە یەك لە دوای یەکەکانی مرۆڤایەتی لە هەموو بوارەکانی رامیاری و نەتەوەیی و نیشتمانی و جووگرافی و زمان و مێژوو وکەلتوورو داب و نەریت و شووێنەوارو شارستانیەت ، و بازرگانی و پیشەسازی وکشتووکاڵ و ....هی دیکە

ئەمەش پێداویستی ژیان بە زانیاری تەواو لەم بوارانەدا هەیە ، لە پێناو هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی رووداو بەسەرهاتەکان لە هەموو بوارە جیاجیاکان و گوونجاندنی لەگەڵ ئێستا دا ، ئەویش لە پێناو هێنانە کایەوەی بارێکی لە بارەو گوونجاوتر بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی ، بە دابین کردن و سەقامگیرکردن و مسۆگەر کردنی داد پەروەری کۆمەلایەتی و دانان بە مافی مرۆڤ و چارەسەر کردنی کێشە تەشەنە دارەکانی لەو بوارانەی کە لە سەرەوە باسمان کردن ، بە تایبەتی لە بوارەکانی نەتەوەیی ونیشتمانی و زمان و مێژوو و مێژووی جووگرافی و کەلتوور داب ونەریت و شووێنەوارو شارستانیەت وچارەسەر کردنی لە رێگەی دەست لەناو دەستدا و رازی بوون بە بەرامبەرەکە ، کە سەرچاوەی چارەسەری هەموو کێشەکانە ، بە دوورکەوتنەوە لە هەرەشە لێك کردن و پەلاماردانی یەکتری و بە پێچەوانەشەوە لە رێگەی گفتووگۆو دایلۆگ ودانی مافە زەوت کراوەکان لەلایەن دەسەلاتداران .

جا من نامەوێ بە درێژی بچمە ناو باسەکەم ، بەلکوو پێشەکیەکەی چاپی یەکەم وبەرگی یەکەمی مێژوونامەکە ، ئاماژەم بە هەموو لایەنەکان کردووە بە شێووەیەکی لە بار لە بوارەکانی پەرەسەندن و پیشکەووتن ، بە پێی تێپەربوونی قۆناخەکان .

وادیارە مێژوونامەکە جێگای خۆی کردۆتەوە لە دەرونی خووێندەواران وسەراکەوتنی بە پلەی ٨٥ ٪ ی بە دەست هێناوە . بەڵگەش بۆ ئەمە بەرگی یەکەمی مێژوونامەکە بە تیراژی ٤٥٠٠ دانەی لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێم لە باشووری

کوردستان کراوەتەوە و بۆتە سەرچاوەیەکی سوود لێوەرگرتن وەك سەرچاوەیەك . کە بووە هۆی ئەوەی کە داواکاری زۆری لە سەر بێت .

جا منیش بەو پەری دڵخۆشیەوە مێژوونامەکەم ، لە چوار بەرگدا دەخەمە بەردەستتان بە شێووەیەکی تێرو تەسەل لە هەموو بوارەجیاجیاکان . بە ناوێکی دیکە کە – ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە – یە وەك بوارەکانی رامیاری و نەتەوەیی و نیشتمانی و جووگرافی و زمان و کەلتوورو مێژوو شووێنەوارو ئابووری و بازرگانی وکۆمەلایەتی و رۆشەنبیری و زانست و ئەدەب و گەردوون و یاساو شەرو ئاشتی و بە بەڵگە نامەکان . ئافرەت و رووداوەکانی تیرۆرستەکان و فرۆکەو پزیشك و .... ئەوەی بتەوێ لە بەر دەستت دایە لە ناوەرۆکی مێژوونامەکەدا .

کە بەرگی یەکەم لە ١/١/ ٠٠٠١ دەست پێدەکات تا ٣١ / ١٢/١٩٠٠ ، هەروا بەرگی دووەم لە ١٩٠١/١/١ دەست پێدەکات تا ١٩٥١/١٢/١٣ ، بەرگی سێیەم لە ١٩٥١/١/١ دەست پێدەکات تا ٢٠٠٠/١٢/٣١ ، هەروا بەرگی چوارەم لە ٢٠٠١/١/١ دەست پێدەکات تا ٢٠٠٧/١٠/٣١ .

لە هەمان کات بە پێی پێویست وێنەکانیشی لەگەڵ دانراوە لەگەڵ نەخشە جیاجیاکان بە پێی رووداوو بەسەرهات و ئەنجام دانی بەرۆژو مانگ و ساڵ . بەلاَم بۆ ئەوەی وێنەو نەخشەکان دووبارە نەبنەوە دەتوانرێت لە جێگەی دیکە سەیری بکەیت لە ناوە رۆکی ئینسکلۆپیدیای مێژوونامەکەدا ، لە هەمان کات نەم ویستووە وێنەکان دووبارە ببنەوە . وەك بەڵگەیەکی راست و دروست و رێك و پێك .

لە کۆتایی هیوادارم خزمەتێکی بچووکی کتێبخانەی کوردی و خووێنەری کوردم کردبێت لە کوردستان و وولاَتانی دراوسێی کوردستان و هەرێم و ناوچەو جیهان .

عەلی کەندی

دانەری ئینسکلۆپیدای مێژوونامە

٢٠٠٩ / ١ / ٣١

بەرەو چەندین ئینسکلۆپیدیا
کە هەموو لایەنەکانی ژیان بگرێتەوە

پارێزەر/ تارق جامباز

ئەم خەمخۆریە تاقە کەسییە کە لایەن مامۆستا عەلی کەندی ئەنجامدراوە شایانی سوپاس و پێزانینە ، چونکە پشوویەکی فراوان و ماوەیەکی زۆرو ئارامیەکی ئەیووبیانەی گەرەکە ، لە بەر ئەوەی ئەم ئینسکلۆپیدیایە چەندین ئینسکلۆپیدیا لە خۆدەگرێ .

لە وولاتاندا بۆ هەر بوارێک لەم بوارانەدا دەزگایەك بە کۆمەڵێ پسپۆرو شارەزاو لێزان بەماوەیەکی دیاریکراو بەمەرجێ هەموو کاتێکیان بۆ جۆرێك لەجۆرەکانی ئینسکلۆپیدیا تەرخان دەکەن وەك – ئینسکلۆپیدیای زمان ، فۆلکلۆر ، سیاسەتمەداران ، شاعیران ، رۆژنامەنووسان ، ...هتد

ئەم ئینسکلۆپیدیانە لە کتێبخانەکانە و لەسەر تۆڕی ماڵپەڕەکان هەن و هەروەختێ یەکێك ویستی لە چ بوارێك پێویستی پێی هەبێ ئەوا بە ئاسانی دەتوانێ سوودی لێ وەربگرێ ، بەڵام بەداخەوە لایەنی پەیوەندار لە کوردستان چ حکوومەت و دەزگاکانی تایبەتمەند نەمزانیووە پلانێکیان بۆ ئەم بوارانە هەبێ کە بەشێوەیەکی بابەتی و زانستی زانیارییەکان لەلایەن خەمخۆرانەوە بەووردی و قووڵی بنووسرێنەوەو پێداچوونەوەیان بۆ بکرێ .

ئینجا چاپ و بڵاوبکرێنەوەو جارێ خەرمان بەرەکەتی زمانی کوردی بەهەموو شێووە زارەکانی کۆنەکراونەتەوەو تاکو لەبەردەست دابێ ، ئەوجا دەزانین چ زمانێکی زەنگین و رەنگینمان هەیە .

لە بەر ئەوەی زمان ناسنامەو گیانی نەتەوەیە هەر نەتەوەیەك بێ ، بۆیە هەرچەندی بایەخ و گرنگی و بەها بەزمانی كوردی و زمانی نەتەوەكانی دیكە كە لە كوردستان دەژین بدرێ هێشتا كەمە .

چونكە هێندەی تر هزرو رۆناكبیری و ووشیاری نەتەوایەتی پێگەیشتن و پێشكەوتنی بەخۆیەوە دەبینێ و گەر خاك نیشتمان و وولات بێ ، ئەوا زمان گیانەكەیەتی و هەڵگری ناسنامەی تایبەمەندیەتی لەنێوو زمانانی جیهاندا هەیە .

ئەندامی پەرلەمانی كوردســـــــتان
باشووری كوردســـــــــتان – هەولێر
٢٠٠٩/٨/١

کارێـکی کەلتـووری مـەزن

... ئەم کارەی پیشەسازییەی ووشە :


الزمان
AZZAMAN.COM

... ئەم کارەی پیشەسازییەی ووشە :
((ئینسكلۆپیدیایە – مێژوونامە –))
قەلایەكى كلتووری مێژووی مەزنە، وەكو
قەلاكەی شاری مێژوو – هەولێر –
هەردەم زیندووە .
بەلێ . كارگەی پیشەسازییەكەی
ماموستا عەلی كەندی ، مەزنترین
سەرمایەی كوردو كوردستان و مرۆڤایەتییە .
لە لایەنی دارشتن و زمانەوانییەوە ، خۆزگە
باشتر بوایە ..
مومتاز حەیدەری
٢٠٠٩/٧/٧

((ئینـــــسکلۆپیدیایە – مێژوونامـــە)) قەڵایـــەکی کلتووری مێژووی مەزنە ، وەکــو قەڵاکــەی شــاری مێـــژوو – هـــەولێر – ، هەردەم زیندووە .

بـــەڵێ ، کارگـــە ووشـــە سازیەکەی مامۆستا عەلـی کەنــــدی ، مـــــەزنترین ســـــەرمایەی کـــــوردو کوردستان و مرۆڤایەتیە .

لــە لایـــەنی داڕشـــتن و زمانەوانییـــەوە ، خۆزگـــە باشتر بوایە .

مومتاز حەیدەری

باشووری کوردسـتان – هەولێر

٢٠٠٩/٧/٧

پـــێشـــەکی

لە یەکێك لە ژمارەکانی گۆڤاری مێرگ چەند تێبینیەکم لە سەر چاپی یەکەمی کتێبی – مێژوونامە – ی نووسەر – عەلی کەندی – نووسیبوو ، دیارە ئەمەش لە بایەخی بەرهەمەکەی کەم ناکاتەوە ، چونکە ئەگەر بزانم کتێبێك لاوازە و کەم بایەخە کاتی خۆم و خوێنەرانی پێ ناکوژم و هەر لە سەری نانووسم ، بەڵام دیارە کتێبەکەی نووسەر عەلی کەندی لەم جۆرە نییە ، پاش ماوەیەك عەلی کەندی بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوە کردم و باسی لەوە کرد کە مێژوونامەکەی کردووە بە چوار بەرگ و دەیەوێت بۆی بەسەردا بچمەوە و پێشەکی بۆ بنووسم .

منیش خۆشحاڵی خۆم پیشانداو کاتێکمان بۆ یەکتر بینین دانا ، ئەوە بوو ئێوارەیەك سەردانی بارەگای کۆمەڵەی رۆشنبیری مێژوویی کوردستانی کردو دڵخۆش بووم بەوەی کە هاورێیەکی نوێم بۆ پەیدابوو ، بەڵام بینیم کە چوار بەرگەکە زۆر گەورەن و ژمارەی لاپەرەکانی زۆرە ، بۆیە داوای کاتێکی باشم کرد بۆ ئەوەی بتوانم پێداچوونەوەی بۆ بکەم ، بەڵام دیارە ئەویش بە پەلە بوو بۆیە بریارمدا لە کاتێکی کەمتردا ئەرکەکەم ئەنجام بدەم ، بەڵام بە هۆی سەرقاڵیم و کەمی کات و گەورەیی بابەتەکە لە چوار بەرگدا نەمتوانی بە تەواوی بەسەر بابەتەکەدا بچمەوە ، بۆیە لەوانەیە ئەم بەرهەمە وەکو بەرهەمێکی تر لە هەڵەی چاپ و هەندێ جاریش هەڵەی زانیاریش بەدەرنەبێت ، بەڵام لە هەمان کات کارێکی مەزنە بە ماندووبوونێکی زۆر ئەنجام دراوە .

نووسەرێکی دڵسۆزی وەك عەلی کەندی پێی هەڵساوە ، کە پێویستە هان بدرێت و پشتگیری لێ بکرێ تاکو بەرهەمی زیاتر پێشکەشی کتێبخانەی کوردی بکات ، بە تایبەتی کە هێشتا کتێبخانەی کوردی لە زۆر بواردا هەژارەو، ئێستاش نەوەی نوێ لە کوردستانی ئێراقدا پتر هەر زمانی کوردی دەزانن ، بۆیە چاپکردنی کتێبی کوردیش لە هەموو بوارەکاندا بەشداریکردنە لە بەرەو پێشبردنی رەوتی رۆشنبیری کوردی ،

بۆیـە داوا لـە خوێنـەران و رەخنـەگرانی كـورد دەكـەم كـە بـە بایەخـەوە سـەیری ئـەم بەرهەمە
بكەن و بیخوێننەوە و لە سەری بنووسن و لایەنە چاك و خراپەكانی بە دیار بخەن ، تاوەكو گەر هەر كەم و كوریەكیشی هەبێت لە چاپەكانی تردا راست بكرێتەوە .
نووسەر كارێكی زۆر باشیش دەكات كە نووسینی خۆی پێش چاپ كردن بە خەڵكانی تر پێشان دەدات ، چونكە مرۆڤ ناتوانێت هەموو هەڵەكانی خۆی ببینێ ، لە كۆتایشدا هیـوادارم كـە عـەلی كەنـدی ئـەم توانـا باشـەی هەیـەتی لـە بـواری كۆكردنـەوەو سـاغ كردنـــەوەی بەڵگەنامـــەی تایبـــەت بـــە میـــژووی كـــورد و لێكۆڵینـــەوەی مێژوویـــدا بەكاربهێنێت . بەمـەش بابەتـەكانی نووسـینی لـە باشـەوە بەرەو باشـتر دەچێت و هـەر نووسەرێكیش لە پرۆسەی نووسیندا بریتیە لە چەند قۆناخێك .

د . محەمەد عەبدوڵڵا كاكە سوور
جێگری سەرۆكی كۆمەڵەی رۆشنبیری مێژوویی كوردستان و
سەر نووسەری گۆڤاری مێژوو سەرۆكی بەشی مـێژوویی
ئێواران / لـــــە كۆلیـژی ئاداب لە زانكۆی سەلاحەدین
٢٥ /٧/ ٢٠٠٩

پێشــەکی

دوکتۆر مارف خەزنەدار

فەرهــەنگی زمــان و ئــەدەب و زانــستی و هونــەر بەهــەموو بابەتەکانیــەوە، هــەروەها ئەنسیکلۆپیدیاو رێبەری هەموو شتێك و بیبلیۆگرافیای تایبەتی و گشتی لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵ نرخیان گرانترو پێویستیان زیاتر دەبێ. ئەگەر لەڕۆژگاری ئەمڕۆی تەکنۆلۆجیاو ئەنتەرنێت و مۆبایل بیری کەسانێك بۆ ئەوە بچێ سەرچاوەکانی فەرهەنگی زمان و ئەنسیکلۆپیدیاو بیبلیۆگرافیا ئەو نرخەیان نامێنێ، یا کەس پێویستی پێ یان نابێ بەهەڵە چووە، چونکە هێشتا ئەم ئامارە تازە داهاتوانە بەسەرهات و کردەوەو پاشماوەی مەدەنیەتی چەندان هەزار ساڵەی ژیانی ئادەمزادیان تۆمار نەکردووە لەمرۆڤی نیاندرتالەوە تا ئادەمزادی سەردەم.

ئەمە ماوەیێکی زۆری دەوێ، جگە لەوەی ئەم ئامارانەش لەبەردەستی هەموو کەسێك نین، تەنیا خوێندەوار کەڵکیان لێ وەردەگرێ. ئەدی نەخوێندەوار لەسەر رووی زەوی ژمارەیان چەندە! نەك تەنیا ئەمە، بەڵکو بەتایبەتی لەهەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان ژمارەی نەخوێندەوار چەندە !... لەبەر ئەوەی ئەو سەرچاوانەی باسم لێوەکردن لەناو کۆمەڵی ئێمەی کوردەواری بایەخیان پێ نەدراوە، لەم لایەنەوە نامەخانەی کوردی هەژارە، لێرەدا پێویستە ئەوەمان لەیاد نەچێتەوە یەکێ لە مەرجە هەرە گرنگەکان ئەگەر کۆمەڵە خەڵکێك خۆیان بە نەتەوە (الأمة Nation) بزانن پێویستە تۆماری زمان و ئەدەب و مێژوو و جوگرافیاو کولتووری نەتەوەیی یان هەبێ، ئەوەی ئەم هەموو مەرجە کولتووریانە دەپارێزێ و رێکی دەخا ئەو کارەیە کە بەشێکە کەوتۆتە ئەستۆی عەلی کەندی.

تاقیکردنەوە لەناو کوردەواری ئێمەدا لەم بابەتەوە کەمە، ئەوەی کراوە لەو پلەیەدا نییە باوەڕی تەواوی پێ بکرێ، چونکە دوو هۆی سەرەکی دوژمنی ئەم جۆرە کارە زانستیيانەن، یەکەمیان ئیدۆلۆجییەت و دووەمیان سۆزی نەتەوەیی (قەومی)، ئەم دیاردانە هەوێنی کاری داهێنانی ئەدەبی و هونەرین، بەڵام پێویستە زۆر دووربن لە کاری لێکۆڵینەوەی زانستی، بەتایبەتی فەرهەنگ و ئەنسیکلۆپیدیا. لەناو میللەتانی کەم پێشکەوتوودا شوێنەواری ئەم دوو ڕەوشتە سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتیە تا پلەیێك دەمێنێ.

عەلی کەندی خۆی لەم کارە قورس و پڕ هەوەس و بە کەڵکە داوە، بۆ ئەوەی ئەم لایەنەی نامەخانەی کوردی هەندێ دەوڵەمەند بکا. بەناوی ڕێز لێنانەوە پێی خۆش بوو دوو قسەی بۆ بکەم، منیش بەناوی ڕێز لێنانەوە پێویستە داواکاریەکەی بهێنمە دی.

ئەم کارەی دانەر بەبێ سەرچاوە نەگەیشتۆتە ئەنجام. ئەم سەرچاوانەش دەکرێن بە دوو بەشەوە، سەرچاوەی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەلاتی. ئەوانەی ڕۆژئاوا مەرجی ڕاستی و بابەتیان تێدا هەیە، بەلام سەرچاوە ڕۆژهەلاتیەکان، بەتایبەتی کوردییەکان هەندێ جار جێی متمانە نین، چونکە ئیدیۆلۆجییەت و سۆزی نەتەوەیی تیایاندا کاری خۆیان کردووە، لەو کاتەی ئەو جۆرە فیکرو سۆزە پێویستە لەکاری لەم بابەتەوە دوور بکەونەوە، هەر چۆنێ بێ ئەگەر شێوازی ئیدیۆلۆجی و عاتیفی لەهەندێ جێگە لەم کارە گرنگەدا بەرچاو بکەوێ دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە ڕۆژهەلاتیەکان بەتایبەتی کوردییەکان، هەروەها ئەم دیاردەیە هەندێ جار لەسەرچاوە ئەوروپاییەکانیش دەکەونەبەرچاو، بەوەی ئەو کتێبانەی لەزمانانی ئەوروپاییەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی لەهەندێ شوێن ئەمانەتی زانستیان تێدا وون بووە یا بەشێوەیێك دەسکاری کراون.

هەر چۆنێ بێ ڕۆشنبیری کورد عەلی کەندی کارێکی گەورەی کردووە، ئەمە تەنیا لە کتێبی "مێژوونامە"دا ناکەوێتە ڕوو، بەڵکو لەپێش ئەوە هەندێ کاری دیکەی لەم بابەتەوە بەرهەمی ئەو کۆششە بووەو بلاوکراوەتەوە. هەروەها لەکارەکەی دا بەردەوامە بۆ بەرهەمهێنانی فەرهەنگو ئەنسیکلۆپیدیای بەکەڵکی دیکە.

لەم مەیدانە گرنگەی کولتووری هەموو نەتەوەیێك عەلی کەندیش دەبێتە سەربازی نەناسراوی ئەو جۆرە کارە زانستیانە. ئەمانە نەك تەنیا لای ئێمە، بەڵکو لەهەموو گێتی دا سوود بەخوێندەوارو ڕۆشنبیران دەگەیەنن، کەچی نووسینەکانیان دەبن بەسەرچاوەی بنچینەیی بۆ هەموو جۆرە بەرهەمێك، بەلام ناویان ناچێتە ناو بیبلیۆگرافیای ئەو کتێبانەی خاوەنیان سوود لەکارە فەرهەنگیەکانیان وەردەگرن.

دەسخۆشی لەبەڕێز عەلی کەندی دەکەم، هیوام وایە لەسەر کارەکەی بەردەوام بێ، هەمیشە ئەوەی کردوویەتی بەکەمی بزانێ بۆ ئەوەی زیادی بکا.

هەولێر : مەڵبەندی ڕووناکی

٤ ی مایسی ٢٠٠٧

دەســـپێك بۆ چاپی یەکەم

خووێنەری بەڕێز :- ئەوەی دەیخەمە بەر دەستتان کارێکی مێژوویی گرنگە لە مێژووی ڕووداوەکانی کوردو کوردستان و وولاتانی جیهان لە ٢٠٠١/١/١ زاینی تاکوو ٢٠٠٦/٦/١ بەپێی قۆناخە تێپەر بووەکانی پەرەسەندن و پێشکەووتن و گەشەکردن لە هەموو بوارە جیاجیاکانی نەتەوەیی و نیشتمانی و رامیاری و ئابووری و سەربازی و زمان و مێژوو کەلتوورو داب و نەریت و شووێنەوارو شارستانیەت.

لەسەرەتای سەرهەڵدانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی بەرەو دامەزراندنی کەسایەتی تاك و خێزان و بنەماڵەو کۆمەڵگاو نیشتمان و نەتەووەو زمان و مێژوو و داب و نەریت و کەلتوورو شووێنەوارو بەرەو شارستانیەت، بەپێی قۆناخە یەك لە دوای یەکەکان ، کە هەر هەمووی لە ئەنجامی کێشەو ململانێی بەردەوام بووە چ لە ململانێی مرۆڤ لەگەڵ سرووشت و سەلماندنی بوونی خۆیی و چ لە ململانێی ناو خوودی مرۆڤایەتی . لەپێناو پێك هێنانی یەکەم:- نیشتمان و، دووەم :- نەتەووەو دووایی بە چەسپاندنی سنوورو دەسەڵات و دەووڵەت و بەرەو دام و دەزگاکان .

کە کوردیش نەتەوەیەك بووە لەپێشەوەی بەر لە نەتەوەکانی دیکەی سەر زەوی لەناو ئەو کێشەوململانێیەدا خوولایتەوە ، کورد بەر لە ٢٨٤٥ ساڵ خاوەنی ٢٧ وویلایەتی خۆیی بووەو ٢٧ سەرۆك و شانشین دەسەڵاتداریەتی نیشتمان و گەلەکەیان کردووەو بەردەوام بوونە لە پاراستنی دەسەڵاتەکەیان ، کە پایتەختەکەیان هەمەدانی رۆژهەلاتی کورستان بووە، خاکی کوردستان و گەلەکەی سەرچاووەی یەکەمی بە دەست هێنانی باری پیشەسازی و کشتووکاڵ و بناسازی و بازرگانی بوونەو سەرچاووەی پەرەسەندن و

پێشکەوتن و گەشەکردنی گەلانی دیکە بوونە . بە تایبەتی سۆمەری و بابلی و هەروا،... هەتا لە بوواری نووسین بەهەموو بووارەکانی کە بەر لەو مێژووەی سەرەوە لەسەر خاکی کوردستان گەلەکەی نووسین و خووێندنی بەدەست هێناوە . لە بەرئەوەی مێژوو و جووگرافیا جەستەیەکی زیندووی هاوبەشن لە دوو رێگای هاوسەنگ بە سەلماندنی بوونی یەکیان بۆ ئەویدیکە بە پێچەوانەش راستە.

جا هەر کارێکی سەربازی یاخوود نەتەوەیی . یاخوود جووگرافی و ئابووری ، کە رۆڵی بنەڕەتی خۆی هەبووەو هەیە لە کاردانەوەی لەسەر لایەنەکەی دیکە بە هۆی دابەش بوونی کۆمەلگای مرۆڤایەتی بەدوو بەشی دژ بەیەکتر لەسەرەتای سەرهەڵدانی مرۆڤ و کۆتایی نایەت تا کووتایی مرۆڤ ئەویش بە نەمانی ژیان لەسەر زەویدا .

زانستەکانی مێژوو سرووشت و کۆمەڵایەتی ئەوەیان سەلماندووە کە مێژوو گەنجینەیەکەو باش و خراپ دەچێتە ناو لاپەرەکانی... مێژووی پەرەسەندنی قۆناخە یەك لە دووای یەکەکانی مرۆڤایەتی لە کردارە نالەبارو لەبارەکان ... لە نێووان چەووسانەووەو چەووسێنەرەوە ... لە داگیرکردن و لە رزگار کردن... لە سەرکەووتن و لە ژێرکەووتن و بەزاندن... لەئاوەدان کردنەووەو لە وویرانکردن ... لە دەووڵەمەند بوون و لە بەهەژار کردن... لە بوون و لە مردن... لە سەرهەڵدان و لە تووانەوە ... لە قەدەخەکردن و لە ماوەدان ... لە دادپەرووەری و لە ستەمدیدەیی ... لەدزین و تالانکردن و لە یارمەتیدان و پێدان و دابین کردن... لە راست گۆیی و لە ناراستی و فرت و فێل ... لەخۆشی و لە کارەسات ... لەداگیرکردن و لە ئازادکردندا.

ئەمانە هەرهەمووی بەکاری مێژوویی دەچێتە ژوورەکانی تۆمارکردن هەر یەکەو لە لاپەرەکانی خۆی بەجیاو ، هەر یەکێش لەووانە بەیەکەوە بەستراووەنەتەووەو هێزیش نیە بتووانێ یەك دێر لە دێرە تۆمارکراوەکانی مێژووی تۆمار کراو بشێووێنێ، چونکە بە ملیۆنەها لاپەرە خۆی تۆمار

کردووەو بێ ئەوەی کرداری کارەکە هەستی پێ بکات لە بەرامبەریدا.

بەلام لە دوای خۆتۆمار کردنەکانی وردە وردە خۆی دەردەخات و راست و چەووتەکان و باش و خراپەکان بە رووی کرداری کارەکە دا دەداتەوە بەپێی قۆناخە یەك لەدوای یەکەکاندا .

خوێنەری بەرێز :- چ سرووشت و چ مرۆڤ ، دوو جەمسەری بەیەکەوە بەستراون لەخەبات و هاوبەشی بەیەکەوە ژیان و یەکیان بەبێ ئەویدیکەیان بەمردوو دەمێنێتەوە، لەهەمان کات دژ بە یەکترن لەپێناو خزمەتکردنی یەکتری لە ناو هەر یەکیان ، بە مانایەکی دیکە، کۆمەلگای مرۆڤایەتی خۆی لە خۆیدا کێشەو ململانێیە لە دوو جەمسەردا ، هەروا لەناو سرووشتیشدا... بەپێی یاساکانی کۆمەل و سرووشت وەك یاساکانی (وحدة وصراع الاضداد- نفي نفي- كمية و نوعية- الشكل والمحتوى- الصدفة والضرورة).

جا لە بەرئەوە بەپێی پەرەسەندنی تەمەن ، پەیتا پەیتا ساتەکان و کاتەکان و رۆژەکان و چاخەکان ، سەرکردەکان دێن و دەرۆن و رادەبوورن... چونکە هەر کارێك گەر سەرەتای هەبێت کۆتایی هەیەو بەپێچەوانەش زۆر راستە ... لەبەر بوونی کێشەو ململانێ و تەنگ و چەلەمەی نێووان ئایین و زانست لەناوچەو هەرێم و جیهان ، لە پێناو سەرکەووتنی یەکیان بەرامبەر ئەوویدیکەیان و لەناووبردنی یەکیان بەرامبەر ئەوویدیکەیان بەردەوامە.

ئەوەی من بیری لێدەکەمەووەو کردوومەتەوە . هیچ شتێك کۆتایی نیەو مالانهایەیەو هەردەم لە گۆڕیندایە بۆ گۆڕانێکی دیکە ، گەر وونیش بێت لە قۆناخێك بۆ قۆناخێکی دیکە.

واتە مێژوو خوول دەخوواتەووەو ژیانیش بەردەوامەو بەردەوام دەبێ ، گەر قەدەری لێك ترازانی گۆی زەوی لەگەل کۆمەلەی رۆژەکانی دیکەو بە بوونی بەزریانێکی خولاوی و بەرەو ئەستێرەیەکی دیکەی بەهێزتر، ئەوکات ژیان لە سەر ئەو زەویە کۆتایی دێت لە سەر ئەم هەسارەیەدا .

دلنیاشم لەووەی کە ژیان لە سەر ئەستێرەی دیکە لە گەردوون دا هەیە وەك

ئێستای ئێمـەو هـەمان بارو‌و دۆخ دەگرێتـە خۆ، بـەڵام لـە شێووەو شێووازێکی دیکە ، بە هەمان یاساکانی کە لە سەرەوە باسم کردووە . کە ئەو پێنج یاسایە بەندە بە پەرەسـەندنی کۆمەڵایـەتی و سرووشـت... سـەرجەم رۆژەکـانی هەفتـەو مـانگ و سـاڵ پـڕن لـە رووداو کارەسـاتی پـر لـە خۆشـی و ناخۆشـی و فرمێسك رشتن و پێکەنین لە هەموو بووارو لایەنە جۆراو جۆرەکانی ژیان چ بە نەخشێنراو چ بەخۆڕسکیەوە.

خووێنەری بەڕێز:- بەر پابوونی رووداوەکان چ ناخۆش و جەرگبڕبن یاخوود رووداوی مووژدەبەخش و دلخۆشکەر بن ... لاپەرەکانی مێژوو بەدەست پاکی و بەئەمانەتەوە لە لاپەرەکانی رۆژنامەی ژیانی خۆی تۆماریان دەکات ، گەر تۆو هەر کەسێکی دیکەو لایەنێك و هێزێك و بنەماڵەیەك بەرگری لە خۆی بکات... چـونکە مێـژوو لـە گـەڵ پەرەسـەندنی ژیـان بەردەووامـە، مـرۆڤ مێـژوو دورسـت دەکات بەپێچەوانەش راسترە ، بێ ئەوەی هەستی پێ بکات و مردنی بۆ نیە ، تـەنیا مـرۆڤ و ئـاژەڵ و گیـان لەبـەروو داروودرەخـت و شـاخ و داخ نـەبێت . کـە بوون و مردنی تیا بەردەوامە هەر یەکەو بەپێی بارودۆخی تەمەن.

کارووانی پەرەسەندن و پێشکەووتنی مرۆڤایەتی لە قۆناخە جیاجیاکاندا ،. کە نەتەوە سـەرهەڵدەدەن و دەتووێنەوە ، چیاو شاخ و دۆڵ تـەخت دەبن و چیاو دۆڵ و شاخی دیکە سەرهەڵدەدەن، دەریا لەجێگەی خۆی وون دەبێ و لەجێگەی دیکـە سـەر هەڵـدەدەن ،. هـەروا بەرامبـەر بـە سرووشـت و گـەردوون و مـرۆڤ و کـەش و هـەواو ئەسـتێرەکان ، کـە هـەر هـەمووی بـە یاسـاکانی سـەرەوە بەستراوەتەوە ،. لەهـەمان کات مێژووش لـەناو ئـەو یاسایانە لـەکارەکانی خۆی بـەردەوام دەبـێ ، لـە بـە ئـەنجام گەیانـدنی کـاری فەرمانبەریـەتی خـۆی لەکات وسـاتەکان و کـاری ئـەمرۆی ناخاتـە رۆژی دوواتـر لەهـەموو بـووارە جیاجیاکاندا.

جـا بـە هـەر حـاڵ ئـەمرۆ بەچاوی خۆمـان دەبیـنین ، کەبارووودۆخی ناوچـەو هەرێمە جیاجیاکان و وولاتانی جیهان بەقۆناخێکدا تێپەدەڕێت کە لـەژێر دەستی

سەرەك كۆمارو شانشینو ئەمیرو سەرەك پارتو گرووپو ڕێكخراوی نەتەوەییو نیــشتمانیو ئیــسلامیو كۆمەڵایــەتیو ئــابووریو بنەماڵــە بــەبوونی داد پەروەریو نەبوونی دەكەوونە بەر دەستی سزای گەڵ بەپێی تۆماركراوەكانی مێژوو بۆ دادگایكردنیان لەدزینی سامانە هەمەجۆرەكانی گەڵ ونیشتمان ، لە هــەموو بــوارە جیاجیاكــانو هــەنگاوننان بــەرەو چەســپاندنی دادپــەروەری بەرێنماییــەكانی مێــژوو، بــەرامالینی بــیروو بۆچــوونی چــەووتی خۆپەرســتیو خۆویــستیو فەســادو دزی وگەنــدەڵی، بەهێنانەكایــەوەی دادپــەروەری لــەكارو ژیانو لەئەركو مافدا...!!

بۆ مێژوو دەڵێم تورکو فارسو عەرەب ، لە هەمووكاتو ساتێكدا دووژمنــی یەكتر بوونە بەپێێ ڕووداوەكانی مێژوو . لە هەموو بووارەجیاجیاكان،.. تــەنیا لەسەر چاســەرەنەكردنو پێشێل كردنی مافی كورد، هاووخــەباتو هاووبــەشو هاووخــەمی یــەكتر بوونــە ، . بەتایبــەتی لــە دوای دروســت كردنــی ســنووری جووگرافی ووڵاتەكانیان لەسەر خاكی گەلانیَ هەرێمەكە بەتایبەتی لە سەرخاكی كوردستان...!.

ســەركردایەتی كوردیش بگرە لە سەرەتای بوونی دەسەڵاتیان لەســەر تیرەو هــۆزو ئیمــارتو بنەماڵــەو پــارتو ڕێكخــراو لــە هــەموو بــووارە جیاجیاكــان دژی یــەكتر بوونــەو مێــژوو بــوونی گــەلو نیــشتمانیان پڕكردۆتــەوە لــە شــەڕی خۆكــووژیو كێــشەو ململانــێ ، لــە ئاســانكاری كــردن بــۆ دووژمنــانی گــەلو نیشتمان، تەنیا لە سەر دەسەڵاتو سامان كۆك بوونە ، كە ئەمــەش دوو هۆكــاری سەرەكی بنەڕەتی بوونە لە نەگەیشتنی كورد بە ووڵاتێكی سنووورداری قەووارە سەربەخۆ . وەك ووڵاتانی دیكەی جیهان، كە كورد لەكیشووەری ئاسیا لەنەتــەوە یەكەمــەكانی ئــەو كیــشووەرە بوونــەو دوا نەتــەوەش بوونــە لــە بەدەســتهێنانی ووڵاتێكی سەربەخۆدا..!!..!!..

جا هیــووادارم لــەناوەرۆكی پێشەكیەكەم گەیــشتبن ، كــە ئــەوەی لەتووانامــدا هــەبووەو دەســتم كــەوتووە لــە مێــژووی ڕووداوەكــانی كــوردو كوردســتانو

داگیرکـەرانی کوردسـتان و نـاووخۆی کوردسـتان و گـەلانی جیهـانم کۆکردۆتـەوە بەرۆژو مانگ و ساڵ لەو کتێبە تۆمارم کردووە بەدڵنیاییەوە .

دڵنیاشم لـەووەی کە مێـژووەکان لـە ٩٩٪ راسـتن بـەپێی مێـژووی سەرچاوە کوردیـەکان و عەرەبیەکان وبـە تایبـەتی بیانیـەکان ، وەك لـە کۆتـایی کتێبەکـە سەرچاوەکان هـەمووی تۆمـار کـراوە ... لـە هـەمان کـات بەشـێووەیەکی رێـك و دورست لە زجیرەیەکی یەك لە دووای یەك و ساڵ بەساڵ بەپێی دەست کـەووتن و برووا پی بوون تۆمارکراون.

خووێنـەری بـەرێز:- لـە کۆتاییـدا هیـووادارم خزمـەتێکی بـچووکی مێـژووی گـەل و نیشتمانەکەم و سـەرجەم مێـژووی گـەلانی دیکـەی جیهـان و مرۆڤایـەتیم کردبێ ، بە دەووڵەمەنـد کردنـی کتێبخانـەی کـوردی؛ هیـووادارم کـە ئـەم کتێبـە ببێتـە هۆکـارێکی زیـاتر دەووڵەمەنـد کـردن و پەرەپێـدان بـە پەرتووکخانـەی کـوردی و بیـانی . بەتایبـەتی وولاتـانی دراووسـێیی داگیرکـەری کـوردو خـاکی کوردستان ، بە تێگەیشتنیان لە راستیەکان و هەڵەی رابردوویان و گەرانەوە بە گرتنەبـەری بنـەماکانی ژیـانی بەیەکـەوەی سـەردەمیانە لـە هـەموو بـوارە جیاجیاکانی خۆیی و بوونی دراووسێیەتی برایانە...

هیوادارم کە یارمەتی دەرم بن لە هەر رەخنەیەك یاخوود کەمووکووریەك کە لەناوەرۆکی کتێبەکەم بەدی دەکرێ... تا بەهاووکاری و یارمەتی ئێووەی بەرێز راسـتبکرێتەوە ، بـۆ زیـاتر پـووختکردنی ، کـە مایـەی خۆشـحاڵی و دەستخۆشـییە... ئـەویش بـە پەیووەنـدی کـردن بـەژمارە مۆبـایلی ٤٥٤٨٠٩٨ یاخوود ئاریافۆنی ژمارە (٠٦٦٠٢٥٣٣٥٢٢)..

لەگەڵ رێزم بۆ هەڵگری ئەم مێژوونامەیە.

عــەلی کــەندی

باشووری کوردستان – هەولێر

٢٠٠٣/٣/١

گەر مێژووی كورد ٧٠٠ ساڵ بەر لە مێژووی زایینی بووبێت داخۆ جووڵانەوەو خەبات و هەوڵەكانی بوونی كورد دەبێ چەندین ساڵ بەر لەو مێژووەش بوو بێت ، كە توانای گوونجان و لە باری كەش و باری دروستكراوی بۆ ڕەخسابێ ، تا تووانیویەتی ئەو مێژووە بە چەسپاوی سەقامگیر بكات و لاپەڕەی تۆمارەكانی مێژووی پڕكردبێتەوە لە ناوچەكەدا .

گەر كورد خاوەنی دەسەڵاتێكی ئیمپراتۆریەتی چەند سەدەیەكی بەر لە مێژووی زایینی هەبووبێ ، دەبێ چەندین سەدە خاوەنی دەسەڵاتی ناوچەیی و ئیمارەتی و كەسایەتی بووبێ لە سەر خاكی كوردستان ... هەر وەك پێنووسەكانی ڕۆژهەڵاتناس و جووگرافیناس و مێژووناس و زماننناس ، پێیان لەسەر چەندین لایەنی بواری بوونی هەر نەتەوەیەك و تیرەو هۆزو بنەماڵەیەك بەراوردو توێژینەوەی لە سەر لاپەڕەی نووسینەكانیان تۆمار كراوە ، بەر لە مێژووی زاین و دوای زاینیش . چەندین لایەنی ڕاستی و بێگومانی تیا مسۆگەر كراوە سەرەڕای وون بوونی هەندێ لە وردەكاری ڕاست كردنەوە لە هەموو بوارە جیاجیاكاندا .

بگرە لە تۆفانەكەی نوح پێغەمبەر بە دوواوە ، بە سەدا بەڵگە هەن كە بوونی سەرەتاییەكانی بوونی زمان و مێژووی كورد دەسەلمێنن . كە دەگەڕێتەوە بۆ ٧٠٠٠ ساڵ زیاتر بەر لە ئێستا ... بەڵگەش شووێنەوارو ناوەكانیان لە سەرەتای بوونیان تاكوو ئێستا ، وەك ئەشكەووتی شانەدەرو ئەشكەووتی هەزار مێرد ، كە بە كۆنترین شووێنەوار دادەنرێت لە كیشووەری ئاسیادا... واتە بوونی ووشەی زمانی كوردی لە كچەكەی نووح پێغەمبەر دەردەكەووێت كە ، ناوی شەونم بووە (شەونم یانی خوناو ... خوناو مانای ئەو دڵۆپە ئاوانەو تەڕاتیانەی لە بەیانیانی سەرەتای بەهارو مانگی بەهار لە سەر گژوو گیا دەكەوون لە سەر زەویدا).

بەڵام من وەك نووسەرو ڕۆژنامەنووس نامەوێ لە هێڵە ڕاستیەكە لابدەم و خووێنەران هەست بەوە بكەن ، كە من مرۆڤێكی كوردی شۆڤێنیم . یاخوود بەرچاو تەنگم . كە ١٠٠٪ بە پێچەوانەم ....، بەڵام مافی خۆمە لە چۆنیەتی بوونی نەتەوەكەم بگەم لە هەموو بوارو لایەنە جیاجیاكاندا ، بگرە لە زمان و مێژوو داب و نەریت و كەلتوورو كەلەپوورو شووێنەوارو پیشەسازی و كشتووكاڵ و بازرگانی ... هەروا .

بەویژدانی خۆم و هەستی نەتەوایەتیم و تووێژینەوەم و شیكردنەوەم لە

بوارەکانی بوونی سەرەتای مرۆڤایەتی و ، لە سەرەتای پێکهاتەکانی ، بگرە لە بنەمای تاك وکۆمەڵ و تیرەو هۆزو نەتەوەو گەڵ ... ناڵێم کورد یەکەم پێکهاتەی نەتەوەیی بووە لەسەررووی زەویدا ، بەڵام گەر یەکەم نەتەوەش نەبووبێت دووەم نەتەوە بووە لە هەموو کیشوەری ئاسیاو هندستان و خاکە پێدانی مرۆڤ ومرۆڤایەتی بوو لە هەموو بوارەکاندا .

لە بەرئەوەی داڕشتنی زمان بە چەندین سەدەدا تێدەپەڕێ تاکوو ئەو زمانە جێگەی داڕشتنی لە یەکتر ناسین و لە یەکتر گەیشتن دەنووێنێ ، هەروا مێژوو وداب و نەریت و کەلتوورو شووێنەواردا .

بۆ نموونە چاندن و دوورینەوە، هەروا بۆلایەنی دیکەش . ئاژەڵداری و دۆزینەوەی مەڕو مالات و وولاخ و ڕەشەوولاخ ، ئەمانە هەموو ماوەی زۆری بێ هەژماری وویستوە ، کە لە سەرەتاوە لە خاکی کوردستان سەریان هەڵداووەو پەرەی سەندووە و بەرەو ناوچەو هەرێم و جیهان پەرت و بڵاوی لە ڕێگەی بازرگانی کردن پی کراوە بەرەو جیهاندا .

بۆ ڕاستی ئەم مەبەستەش ، ئەم پەرتووکە ساکارە چەندین بەڵگەو ڕاستی لە لایەنەکان دەردەخات لە ماوەی ۱/۱/۱/۰۰۰ تاکوو تەواو بوونی ئەم مێژوونامەیە ... بەر لەوەش هەوڵدان باشە بۆ گەیشتن بە بڕوای تەواوو ڕاستەقینە ، لە داهاتوو وەك گەیشتن بە مێژووی ئیبراهیم خەلیل ، باوکی پێغەمبەران .

هەروا گەیشتن بە مێژووی ڕاستەقینەی پێغەمبەر زەردەشت و پەرتووکە پیرۆزەکەی – ئاڤێستا – و بەدەیا کارو کردارو توویژینەوەی دیکە ، لە بارەی کوردو ڕووداوە پڕ لە مەرگەسات وکارەسات و دەربەدەر بوون و پەرت وبڵاوە پێکردنی ، کە خۆی لە خۆیدا سەرچاوەی ئاوڕلێدانەوەیە لە هەموو بوارە جیاجیاکان بەتایبەتی چ لە بواری پەیووەندی ناو خوودی نەتەوەی کورد لە ناو خۆیداو، چ لە پەیووەندی دەرەوەی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە لە شەڕو ئاشتی و گفتگۆو ڕێکەووتن و پەیمان و سەرکەووتن و هەڵاتن و شۆڕش و دورکەووتنەوە لێی و دژایەتی و ململانێ و ملکەچی و بەرگریدا .

نموونەی ڕابردووشمان لە هەموو بوارەکانی ئەو بابەتە دەرکەووتنە لە داهاتووی ئەو سەدو شەش ساڵەی کە لە ۱۹۰۰ تاکوو ۲۰۰٦ ، کە کورد خاوەنی دەسەڵاتی ئیماراتی نیمچە حکوومەتی سەر بەخۆ بوونە ، بگرە لە ساڵی ۱۹۰۰ تاکوو ساڵی ۱۹۰٦ ، بە دەیان ئیمارەتی هەبووە ، وەك ئیماراتی مەریوان لە

باکووری کوردستان لە ناوچەکانی دیاربەکرو ئەرزەڕۆم و بادینان و ئەردەلان و سنجاردا ، لە ساڵی ١١٠٠ تاکوو ساڵی ١٢٠٧ چەندین ئیمارەت هەبوونە ، لەوانە ئیمارەتی شاهەرامین ، کە ئەمانە ڕاستیەکی چەندین لایەنەن.لە سەر خاکی کوردستاندا .

بەڵام من پێنووسی نووسەرو رووناکبیرو ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنووسان دەکەمە دەرخستنی ڕاستیەکان ، بە بێ دوو دڵی . لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا ، بە تایبەتی لە دوو بواری بنچەیی نەتەوەیی و نیشتمانیە کە کوردو کوردستانە لە کێشووەری ئاسیاو جیهاندا .

لەبەرئەوەی سەردەم سەردەمی نەك بەرگریە ، بەڵکوو سەردەمی شاڵاو بردنە لە سەر ڕاستی و دەرخستنی ڕاستیەکان ، لە هەموو بوارەکان چ لە سەرەتای بوونی کوردو پەیووەندی ناوخۆی کوردو چ لەگەڵ دەرەوەی هەتا لە لایەنی ئاینی ، کە سەرچاوەیەکی بەهێزە لە دەرخستنی ڕاستیەکان و شیکردنەوەی ، یاخوود بەراوورد لە نێوان ئاینەکان ، بە تایبەتی لە نێوان ئایینی زەردەشتی و جوولەکەو مەسیحی و ئیسلامدا .

هیوادارم ئەو چەند دێرەی سەرەوە جێگەی گرنگی پێدان بێت ، لە بەر ئەوەی من ماوەی سەدەیەك و چەند ساڵێك دەکەمە نموونە لە دەرکەووتنی ڕاستی و چەوت ، لە هەموو بوارەکان چ لە پەیووەندی نێوودەووڵەتی بەتایبەتی ووڵاتانی ڕۆژئا ، واتە ووڵاتانی هاوپەیمان و گەلانی ژێردەستەوە ، ووڵاتانی جیهانی سێیەم و ووڵاتانی تازە پێگەیشتوو ، لە بوارەکانی ڕامیاری و ئابووری و سەربازی و چۆنیەتی دەسەڵات لە جیهانگەری و مافی مرۆڤ و مافی چارەنووسی گەلان و دیموکراسی و ژیان لە سەر گۆی زەویدا.

عـەلی کـەنـدی

١٠ / ٩ / ٢٠٠٤


نەخشەی ناوچەکانی میرنشینە کوردەکان لە شەرەفنامەدا
دەریای قەزوین
کەنداوی عەرەب
شار
سنووری نێودەوڵەتی
ڕووبار


نەخشەی شارو قەلاکانی میرنشینە کوردەکان لە سەردەمانە
ئـەرمـینـیا
تورکیا
دەریای قەزوین
ئـێـران
سـووریـا
عـێـراق
کەنداوی عەرەب
شار
قەلا
سنووری نێودەوڵەتی
ڕووبار

١٩٠١



١٩٠١/١/١ ئوستراليا توانی سەربەخۆیی خۆی لەناو کۆمەنوولسی بەریتانیا بەدەست بێنێ و نووێنەرێکی شانشینی بەریتانیا سەرپەرشتی ڕژێمی نوێی ئوستراليا بکات ، وەك دادوەری مەدەنی گشتی لە وولاتەکەدا ئەم سەربەخۆییەش بە ناوی – یەکیەتی وویلایەتکانی ئوستراليا – بوو . کە ناوی پایتەختەکەی – کانبیرا – یە و ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ٤٥٠,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ٢٠,٩٩٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ڕووبەری وولاتەکەی ، ٧,٦٨٦,٣٠٠ کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە .

هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٧ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، قەوقازیەکان ٩٣٪ . ئاسیایەکان ٣٪ . دانیشتوانی رەسەنی وولاتەکە ١٪ . لە وولاتەکەدا .

١٩٠١/١/٢٢ کۆچی دوایی شانشین – فکتۆریا – شانشینی بەریتانیا لە دوای دەسەلاتێکی دوورو درێژ لە سەر بەریتانیای مەزن ولە هەموو بوارە جیاجیاکاندا .



١٩٠١/٢/٢٠ نووسەرو رووناکبیری ڕووسیایی وبەناوبانگی جیهانی – لییف تۆلستۆی– ئەم کەسایەتیە ناوداره بێ بەشکرا لە بڵاوکردنەوەی بابەت و نێردراوەکانی بۆ ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ڕووسیای قەیسەری ، لە لایەن کنێسەی ئەرسۆزۆکس . بە بڕیاری کۆمەڵی بیرووبۆچوون لە شاری پترسبۆرگی پایتەختی ئەوکاتی ڕووسیای قەیسەری لە کێشووەرەکەدا .

٢٠/ ١٩٠١/٤ لــە یەکــەمین تاقیکردنــەوەی گوواســتنەوەی بــۆ شــووێنە دوورەکــان – عـبرالاپیر– کـە لـە کۆتـایی سـەدەی نـۆزدەم بـوو ، کـە لـە لایـەن هەوڵـەکانی– مــارکۆنی یەکــەمین ئــامێری دەنــگ نــاردنی تــاقیکردەوە . کــە یەکــەم تاقیکردنەوەی لە رادیۆ بوو لە سالی ١٩٢٠ دا لـە ئەمـەریکا ، دوای ئـەوەش لـە فەرەنساو ئەلمانیاو ئوسترالیاو کەنـەدا . دوای ئـەو هەولأنـەش بەشێوەیەکی بـەر فـراوانتر لـە سـاڵی ١٩٢٤ رادیـۆ بـەر بـلأوو بـووەوە لەزۆربـەی وولأتـە پێشکەووتووەکاند .

لـە دوای سـاڵی ١٩٦٠ زیـاتر لـە ٧٥٠ ووێـستگەی رادیـۆ لـە سەرتانـسەری جیهانـدا بەرنامـەکنی خۆیـان بڵـاودەکردەوە بە هـەرێم و ناوچـەو جیهـان ، کـە رۆڵی بەرزو کاریگەری هەبوو لە سەر ئاگادار کردنەوەی کۆمڵگا جیا جیاکان لە جیهان لە هەموو بوارەکاندا.

سەرچاوە :– فارس مەنسوود – لەبارەی راگەیاندن – تەموزی/١٩٩٨.

١٩٠١/٥/١١ لە دایك بوونی نووسەرو رۆژنامەنووس و شاعیری بوولگاری و جیهان خـاتوو – رۆزائلیا شیرتسەری – لە شاری – شیرنۆڤیتش – ئیمپراتۆریەتی نەمسا – مەگــەر ئــەوکات ... ئــەم خاتوونــە لــە دوای تــەواوکردنی قوتابخانــەکانی خووێنـدنی سـەرەتایی و ناناوەنـدی لـە سـاڵی ١٩١٩ بەشـی ئاداب و فەلسەفە

هەرلە شارەکەیدا تەواو دەکات ..
دوای ئەوە باوکی کۆچی دوایی دەکات و بەو هۆکارە دەست لەخوێندن هەڵدەگرێ... لەسەر ئامۆژگاری دایکی لەگەڵ ئینگاتس ئۆسلەندەری هاوڕێی خوێندنی بەرەو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەچێت و لەوێ لە ڕۆژنامەی – westlichen nerld – دەبێتە نوسەر ... لەساڵی ١٩٢٣ لە شاری نیویۆرك شوو بەئینگاتسی ئۆسلەندەری هاوڕێی دەکات ، هەر دوای ئەوە ڕۆزا ئۆسلەندەر ناوزەند دەبێت و دەناسرێت .

لەساڵی ١٩٢٦ لە یەکتر جیادەبنەوە ... هەر لەو ساڵەش ڕەگەزنامەی ئەمەریکی پێ دەبەخشرێ ... دوای ئەوە دەست دەکا بە بڵاوکردنەوەی چامەکانی کە بەزمانی ئەلمانی دایرێژتبوون ... دوای ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی و لەساڵی ١٩٣٦ ڕوو لەشاری بۆخارست دەکات ... دوای ئەوە لەساڵی ١٩٣٩ بەر لەوەی ئاگری جەنگی دووەمی جیهان لە چەخماخە بدات یەکەم دیوانی بەناوی – پەلکە زێرینە – بڵاودەکاتەوە . کە لەلایەن ڕەخنەگران بەکارێکی بەرزیان دانا .

لەساڵی ١٩٤١ کە هێزەکانی سووپای نازی ئەلمانیا بە یارمەتی هاوپەیمانی هیتلەر – ئەنتۆ نیکۆی ژەنەراڵ –هێرش دەکەنە سەر یەکیەتی سۆڤیەت ، خاتوو ڕۆزا ناچار دەبێت لەگەڵ خێزانەکەی بەرەو جیتۆ بڕوات و لەوێدا هاوڕێیەتی لەگەڵ پاوڵ سیلانی شاعیر پەیدا دەکات .

لە دوای ئەوەی کە سووپای سووری سۆڤیەت شاری شێرنۆڤینش ڕزگاری دەکات و ڕۆزا بەرەو شاری نیویۆرکی ئەمەریکی دەگەڕێتەوە ... دوای ئەوە لەساڵی ١٩٦٥ دووەم دیوانی بەناوی – هاوینی کوێر – بڵاودەکاتەوە ... ئەم

خاتوونه لەکارەکانی بەردەوام دەبێت تاساڵی ١٩٧٢ دەکەوێت ناوخانەی پەك کەوتووەکانی شاری دەرسلدۆرف لە ئەلمانیاو تا لە ١٩٨٨/١٢/٣ ماڵئاوایی لە شیعرو گەلانی وڵاتەکەی و جیهان دەکات.

سەرچاوە :- www.wikapedye.com.

١٩٠١/٧/١٥ لە دایك بوونی فەیلەسوف وجوودی سەردەمی ئیتالی - نیکۆلس ئینیانۆ - ... لە دوای تەواوکردنی قۆناخەکانی خوێندنی بووە مامۆستای مێژووی فەلسەفە لە زانکۆی تۆرنیۆ لەساڵی ١٩٣٩ ... ئەم فەیلەسوفە دانەری - فەرەنگ بووە لەفەلسەفە - بیری ئینیانۆ و جوودی بووە لە یەکەم بیرکردنەوەو دانراوەکانی کەلە دانراوەکەی بەناوی (ینابیع اللاعقلیه للتفکیر - دەرکەوت لە - نابلی لەساڵی ١٩٢٣ - لە دژی میسالی - واتە دژی بیروبۆچوونەکانی ئایین - وەستاوە .

لەماوەی ژیانیدا چەندین دانراوی بڵاوکردۆتەوە وەك : کێشەی هونەر لە ساڵی ١٩٢٥. فەلسەفەی ئەمیل مایرسۆن لەساڵی ١٩٢٧ ... فیزیای نوێ - بنەماکانی تیئۆری لەزانست لەساڵی ١٩٣٤ ... مەبدەئی میتافیزیکا لەساڵی ١٩٣٥ ... دەروازەی وجوودی لەساڵی ١٩٤٢ و چەندین دانراوی دیکە .

سەرچاوە:- موسوعەی فەلسەفە - بەرگی /٢ - دکتۆر عەبدولرەحمان .

١٩٠٢/١٢/٧ لە دایك بوونی شاعیری هاوچەرخی پێشکەوتووخوازی تورك - نازم حکمەت - لە شاری ئەستەمبوڵی ئێستای تورکیا ... جێگەی ئاماژە پێکردنە کە ئەم شاعیرو نووسەرە ناودارەی تورکیاو جیهان پاش تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە لە ساڵی ١٩١٩ چووەتە ریزی پەیمانگای سەربازی دەریایی.

بەڵام دوای ماوەیەك بەهۆی باری نا لە باری تەندروستی دەستی لە پەیمانگاکە هەڵگرتووە ... لە.شیعر، سەرەتاییەکانی بەرگری کردن بووە لە چینی چەوساوە و گیانی سۆشیالستی لەناو هۆنراوەکانی بەدی دەکران .

دوای ئەوە لە پەیمانگای گەلانی رۆژهەڵات لەساڵەکانی ١٩٢١ - ١٩٢٤ خوێندنی تەواوکردووە ، هەر لەم ماوەیەشدا کەوتۆتە بەر کاریگەری شیعری نوێی رووسی بەتایبەتی شیعرەکانی مایکۆفیسکی ،.

لە دوای گەرانەوەی بۆ تورکیا هەموو تواناکانی بەرەو بەهرەیەکی شیعریەوە

هەنگاوی ناوەو رووی لە تێکۆشان کردووە لە دژی کۆنە پەرستی و خەباتکردنی لە پێناو ئازادی و سۆشیالستی لە وولاتەکەیدا ، بەهۆی ئەم هەڵوویستە بویرانەی لەلایەن رژێمی تورکیا لە نێوان ساڵەکانی ١٩٣٧ – ١٩٥٠ بۆماوەی ١٤ ساڵ خراونەتە زیندان ... گەوورەترین داستانی شیعری لەبەندیخانە بووەو دوای دوو ساڵ لەپاش ماڵئاوایی ئەم داستانەی بڵاوکراوەتەوە ... کەلە رۆژی ١٩٦٣/٧/٣ ماڵئاوایی لەگەل و نیشتیمان پەروەران و شۆرشگێرانی دەکات .

سەرچاوە :– لە شیعرەکانی نازم حکمەت . وەرگێرانی – عەلی سەعید –١٩٥٢.بەیروت .

١٩٠١/٩/١٥ رۆژنامەی کوردستان لە ژمارە/ ٢٨ی بابەتێکی بڵاووکردەوە لە سەر دامەزراندنی رێکخراوی حەمیدیەکان بە هۆی ئەوەی ، کە حەمیدیەکان هەموو هەوڵەکانیان لە پێناو دورستکردنی ناکۆکی و کێشەو گرفت بوو ، لە نێوان تیرەو هۆزە کوردەکان لە باکووری کوردستان ، هەروا لە نێوان کوردو ئەرمەن بە بەرگری کردن لە دەسەڵاتی ئیمپراتریەتی عوسمانی دژ بە کوردو ئەرمەن لە باکووری کوردستاندا .

١٩٠٢

١٩٠٢/١/٣٠ رێکەوتنامەی هاوکاری لە نێوان هەردوو وولاتی بەریتانیاو یابان مۆرکرا ، بەناوی – ئەنگلۆ – یابانی– کە بووە هۆی بەهێزکردنی جێپێگەی بەریتانیا لە کیشوەری ئاسیا بە مانەوەی پرووسیا وەك جاران و لاواز بوونی رێکەوتنامەی – ئەنگلۆ– ئەڵمانی– لە نێوان بەریتانیاو ئەڵمانیادا .

١٩٠٢/٢/٤ گرێدانی کۆنگرەی جوولانەوەی ئیتحادیەکان لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا ، کە ٤٧ نووێنەر بەشداریان لەم کۆنگرەیە کرد ، لە وانە سەرنووسەری رۆژنامەی کوردستان– عەبدولرەحمان بەدرخان– لە پاڵ نووێنەری تورك و کوردو عەرەب و ئەرمەن و یۆنانیەکان ، لە هەمان کات ، گەلانی ژێر دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی برپاریاندا . بەیەکگرتن لە پێناو رزگار بوون و رووخاندنی دەسەڵاتی عوسمانی بەسەرکردایەتی – سولتان عەبدولحەمید– .

١٩٠٢/٢/٢١ دکتۆری بەناوبانگی نەشتەرگەری ئەمەریکی– هارڤ کوشینگ– یەکەم

نەشـتەرگەری دەمـاغی بـۆ مـرۆڤ ئەنجامـدا بەسـەرکەووتویی لـە وویلایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

١٩٠٢/٣/١٢ مـۆرکردنی ڕێکەووتننامـەی نێـوان ئیتالیـاو بـەریتانیا ، بـە هـەمان شـێووەی ڕێکـەووتنی نێـوان فەرەنـساو ئیتالیـا و دەسـەڵاتەکانی فەرەنـسا و بـەریتانیا ڕێکـەووتن لـە سـەر ئـەوەی کـە تەرابلـسی ڕۆژئـاوا بدرێتـە ئیتالیـا ، بەبۆنـەی جیابوونەوەی لە هاوپەیمانیەتی سێ لایەنەی ئەوکات ، لە نێـوان فەرەنسا و بەریتانیاو ئیتالیا ، لە سەر دابەشکردنی ناوچە جیاجیاکانی جیهان.

١٩٠٢/٤/٢ بۆ یەکەم جار لە مێژووی جیهان و سینەما ، کە فیلمی سینەمایی بۆ بینـەران بڵاو کرایەوە لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا.



١٩٠٢/٤/١٠ کۆچـی دوایـی نووسـەرو شـاعیری ناوداری کورد مامۆستا – حاجی میرزا عەبـدولرەحیم غـەفور – ناسـراو بـە وەفایی ... جێگەی باسکردنە وەفایی لە١٨٤٤/١/٢٢ لە شاری سابلاخ چاوی بە جیهـان هـەڵهێناوە ... وەفـایی هـەر لـەو شـارەدا خووێنـدنی تـەواوکردووە ... پـیری نـەهریٚ – بەهەشـتی شـێخ عوبێـدوڵڵا عاشـق و شـەیدای شیعرەکانی وەفایی بـووەو وەفـایی بانگەشـەی لای خـۆی کـردووەو بۆتـە هـاوریٚ و نووسـەری تایبـەتی شـێخ . وەفـایی لـە تەمـەنی خۆیـدا دوو جـار سـەردانی کەعبـەی ئیسلامی لەمەککە و مەدینە کردووە ... دوای ئەوە هاتۆتە شاری سلێمانی و لەگەڵ شێخ سەعیدی حەفید و سەید ئەحمەدی خانـەقا و حـاجی تۆفیق بـەگ – پیرەمێرد – لەگەڵ ئەوانەی بەرەو ماڵی خوا بەریٚ دەکەون ... کە بـەرێگای شامدا دەڕۆن و لەبیابانەکان – وەفایی – کۆچی دوایی دەکات و تـەرمەکەشـی هـەر لـەو بیابانـە بـەخاك دەسـپێردرێت ... دیوانەکـەی وەفـایی لەلایـەن کەسـایەتی نـاوداری کـورد – گیـوی موکریـانی – لـە سـاڵی ١٩٥١ بەچـاپ دەگەیەنرێت .

١٩٠٢/٤/١٤ بڵاوکردنەوەی دوا ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە شاری ژنێڤ ، کە ژمارە ٣١ی ڕۆژنامەکە بوو لە دەرچوونیدا .

١٩٠٢/٥/٢٠ هەرێمی کووبا سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند ، لە ژێر پارێزراوی ئەمەریکا سەرەڕای بەردەوام بوونی تێکۆشان و خەباتی گەلی کووبا دژی ئەمەریکا تاکوو بە دەست کێشانەوەی ئەمەریکا لە سەر وڵاتی کووبا لە ساڵی ١٩٣٤، لە دوورگەکەدا .



ڕاگەیاندنی ئەم سەر بە خۆییە بە ناوی – کۆماری کووبا – بوو لە دوورگەکەدا ، کە پایەتەختەکەی ناوی– هاڤانا– یەو ژمارەی دانیشتووانی ، ٢,٣٦٥,٠٠٠ملیۆن کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وڵاتەکە ، ١١,٨٥٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ڕووبەری وڵاتەکە، ١١٠,٨٦٠ کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانی ، ٢٧٨ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، مۆڵتۆ ٥٢٪ . سپی پێست ٣٥٪. ڕەش پێست ١١٪ . لە وڵاتەکەدا .

١٩٠٢/٥/٣١ مۆرکردنی ڕێکەووتننامەی ئاشتبوونەوە لە نێوان بەریتانیاو هێزەکانی بووێرزەکان لە شاری فیرینجییگ ، بەڵام شەڕی پارتی زانی دژی بەریتانیا بەردەوام بوو ، لە لایەن بووێرزەکان تاکوو کۆتای ساڵی ١٩٠٤ ، ئەویش لە دوای کۆچی دوایی سەرکردکەیان سەرۆك – پۆل کرۆجر– لە شاری کلارینسی وڵاتی سویسرادا .

١٩٠٢/٦/١٤ نووســەرو رووناکبیری نـاوداری جیهانی- کەواکبی- ناچار دەبێ پارێزگـــای حەلـــەبی ئێـــستای ســووریا بــەجێ بێڵــێو ڕوو لــە وڵاتی میسر بکات ، لەگەڵ کوڕە گەورەکەیدا .

کـە دوای سـێ سـاڵ لـە خۆشـیو شادیانو هەوڵی بە چاپکەیاندنی بەرهەمـــەکانی دەبـــێ . بـــەڵام ســولتان عەبدولحەمیـدی دووەم ، لەوێش دەستەبەرداری نەبوو ، تا ئـەو کاتـەی هـەلی بـۆ رەخـسا و تـوانی لـە ڕێگـەی پیاوەکـانی خـۆی لـە شـاری قـاهیرەی پایتـەختی میـسر دەرمـانخواردی بکـاتو بـەو هۆیـە کۆچـی دوایـی کـرد ... زۆر لـە سەرچاوە عـەرەبیو فارسـیو ئێراقیو ئێرانیو فەرەنـسی ، نـژادی کـەواکبی بـە کـورد دادەنێن .



١٩٠٢/٧/٢٨ لە دایك بوونی گەوورە فەیلەسوفی زانـستەکان – ی کـارل ئارمۆنـد پۆپــەر – لــە شــاری ڤیێنــای پایتـــــەختی ئیمپراتۆریـــــەتی نەمسای ئەوسا ... شایانی باسە ئـەم فەیلەسـوفە نـاودارە سـەرەتا لـەزانکۆی ئـەم شـارە فەلـسەفەو فیزیاو زانستی گشتی و مۆزیکا دەخـووێنێ , لـە هـەمان کـات بـۆ بـژێووی ژیـانی کـاری دارتاشـی دەکـات ... لـە سـاڵەکانی ١٩٢٠ بـیری مارکـسیەت هەڵـدەگرێ و دوای ماوەیـەك لـە بـیری مارکـسیەت دوور

دەکەوێتەوە. لەساڵی ١٩٢٨ بروانامەی دکتۆرا لەمینۆدی دەروونناسی و دەرککردن وەردەگرێ .

لەساڵی ١٩٣٤ یەکەم پەرتوکی بەناوی - لۆژێکی توێژینەوە - بڵاودەکاتەوە . لە ساڵی ١٩٤٥ روو لەوڵاتی فنزویلا دەکات و وانە زانستیەکان بەڵێتەوە ...

لەساڵی ١٩٤٥ پەرتوکێك بەناوی - کۆمەڵگای کراوەو دووژمنەکان - بڵاودەکاتەوە . ئەمەش بووە هۆکاری دەرکەوتنی لە جیهان وەك فەیلەسوفێکی رامیاری ناوداری جیهان ,

دوای ئەوە تا ساڵی ١٩٦٩ ژیان لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا بەسەر دەبات . ئەم فەیلەسوفە ناودارە بەردەوام دەبێت لەکارەکانی تاکوو ماڵئاوایی لە جیهانی زانست دەکات لە ١٩٩٤/١٢/١٧ لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا . دیاریدەترین کارەکانی ئەم فەیلەسوفە تووێژینەوەی پێووەری زانست و عەقلانیەتەکەی بوو ... جگە لەپەرتووکەکانی کە ناومان هێنان.



١٩٠٢/١٠/٢٢ جوولانەوەی سەهیۆنیزم بەرامبەر تاقی کردنەوەیەکی سەخت ببووەوە لە دوای قەسابخانەکەی- کیشنیف - لە لایەن رژێمی رووسیای قەیسەری ، کە لە کاتی چاوپێکەووتنەکە سەرکردەی جوولانەوەی سەهیۆنیزم - هرتزل و وەزیری موستەعمەراتی بریتانی تشمیرلن - نامەیەکی هاوبەشیان ئاراستەی سولتانی عوسمانی عزت پاشا کرد ، ئەویش بەپێدانی دەسکەووتو

داگیرکردنی وولاّتی نێوان دوو زێی لەباشووری کوردستان .
ئەویش لە ناوچەکانی کۆتایی شاری هەولێرو عەکاو فەلەستین هەوڵیدا ، لە پێناو مۆرکردنی رێکەووتننامە لەسەر رێکەووتنەکانیان، بەلاّم هەولّی دامەزرێنەری جوولانەوەی سەهیۆنیزم بێ سوود بوو لەو کاتدا .
لە هەمان کات دامەزرێنەری جوولانەوەی سەهیۆنیزم هرتزل لەگەڵ وەزیری موستەعمەراتی بەریتانیا - جۆزێف تشمیرلن - کۆبۆە لە پێناو دامەزراندنی دەووڵەتی یەهوودی - جوولەکە - لە هەرێمی شامدا ، بەلاّم وەزیری بەریتانیا ئەو پێشنیارەی هرتزلی پێشکەشی بە - لۆرد کرۆمر- کرد لە پێناو چارەکردن لە ناوچەکەدا .

١٩٠٢/١١/١ مۆرکردنی رێکەووتننامە لە نێوان فەرەنساو ئیتالیا ، بەداننان بەمافی هەر یەك بۆ ئەویتریان و گفتووگۆی نهێنی کردن ، لە دژی یەکتری لە هەر جەنگێکی هەڵگیرساو لە نێوان هاوپەیمانی سێ لایەنەو فەرەنسادا . لە سەر ئەو ناوچانەی کە کێشەیان هەیە بە پێی بارو دۆخەکە لە جیهاندا .

١٩٠٣

٥ / ١٩٠٣/٣ مۆرکردنی رێکەووتننامەی بە دەست هێنانی دورستکردنی هێڵی ئاسنی شەمەندەفەر لە بەغدا ، لە نێوان ئەڵمانیاو دەسەلاّتی عوسمانی بەهاوکاری کۆمپانیاکانی هندستان و کۆمپانیەکانی ئەلمانیا ، ئەویش لە بە دەست هێنانی دامەزراندنی هێڵی ئاسنی لە چەند لایەنێکی ئیراقی ئێستادا.

لەوانە هێڵی ئاسنین لە نێوان کەرکوك و بەغدا ، هێڵی ئاسنین لە نێوان موسڵ و بەغدا .

شایانی باسە کە زۆر لە بەرپرسانی وولاّتانی گەووره هەولّی ئەوەیان دەدا ، کە ئەوان ئەو دەسکەووتە بەدەست بێنن لە ناوچەکەدا .

بـەڵام بـەهۆی پەیووەنـدی کـۆنی نێـوان ئـەڵمانیاو دەووڵـەتی عوسمـانی ئـەو دەسکەووتانە بەر حکوومەتی ئەڵمانیا کەووت ، کە هێڵی ئاسنین و لقەکانی ، لە ئەرزەرۆمو بایەزید . کە دەست پێکردنەکەی بە ناو شاری نەسێبین بڕوا بەرەو بەناو خاکی باکوورو باشووری کوردستان تێدەپەری ، ئەویش بە هۆی هەڵکەووتەی باری جووگراڤ هەرێمەکە لە کێشووەری ئاسیادا .



١٩٠٣/٣/١٤ سـەرکردەی بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد لـە وویلایـەتی مووسـڵی ژێـر دەسـەڵاتی عوسمـانی کـۆن و ئێـستای باشـووری کوردسـتانی لکێنـراو بـەئێراقی دورستکراو .
مستەفا بارزانی لە ناوچەی بارزان لە بنەماڵەیەکی ئاینیو کوردایەتی شۆڕشـگێر چـاوی بـە جیهـان هەڵهێناوە لە هەرێمەکەدا .

تێبینی :– تێکۆشان و خەباتی ئەم سەرکردەیە بە شێوەیەکی ڕێك و پێك لە ناوەرۆکی مێژوونامەکە دیاریکراوە لەهەموو لایەنەکانی تێکۆشانیدا .

١٩٠٣/٣/٢٣ لـە دوای دامەزراندنی جوووڵانـەوەی کرێکـارانی سـەهیۆنیزمو جووڵانـەوەی کشتووکاڵکارانو هاوکاری کردن لە نێوان یەهوودی ئەرسۆزۆکس ، لە ناو ڕێکخراوی سەهیۆنیزم ... کە لە کاتی کۆنگرەی پێنجەمی سەهیۆنیزم .
کـە بەسـەرکردایەتی حاخـام ئیزالو یـەعقوب رابـنس بـوو ، هـەروا داوای کۆبوونـەوەی سـالانەیان کـرد . کـە ژمـارەی ئەنـدامانی ئـەو جووڵانەوەیـە لـەو کات گەیشتە ١١هـەزار ئەنـدام ئـەویش بەمسۆگەر کردنـی داواکاریەکەیان لە داهاتوودا بەدامەزراندنی دەووڵەتی یەهوودی لە فەلەستیندا .

١٩٠٣/٣/٢٥ لـە دوای ڕووداوەکـانی بـیری دامەزرێنـەری جووڵانـەوەی سـەهیۆنیزم ، سـەرکردەکەیان – هرتـزل – لـە پێنـاو بەدەسـت هێنـانی کوورسـیو بە هەڵووەشاندنەوەیو بەرەو چاوپێکەووتنی لەگەڵ – کۆنت بارانی– بالوێزی پورتووگال لە شاری ڤیەنادا .

دوای ئەوە هەنگاوینا بۆ وەرگرتنی زانیاری لە بارەی کۆمپانیای مۆزامبیق ، کە ئایا کۆمپانیایەکی سەربەخۆیەو ئایا هێزی سووپای پارێزراوی هەیە یان نا ، ئەویش لەپێناو بەدەست هێنانی ئاوی زێی نیل و ناوچەی قووبرسی یونانی بوو لە کێشووەرەکەدا .

١٩٠٣/٣/٣٠ ئیبراهیم پاشای مللی کە لە عەشیرەتی رۆژهەلاتی ئێزیدیەکان بوو لەگەڵ ئەوەشدا دژی ئیسلام بوو، هەڵسا بەکووشتنی ئەفسەرێك لە سووپای عوسمانی- بوزباش - لە باکووری کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ، لەگەڵ کووشتنی بیست لە سەربازەکانی لە هەرێمەکەدا .

١٩٠٣/٩/١١ لە دایك بوونی فەیلەسوف ومۆزیکا ژەنی ئەلمانی - ئەدورنۆ بهجتل - theoder wesengrand) لە شاری فرانکفۆرت لە سەر زێی ئەلمانیا لە بنەماڵەیەکی ئاین جوولەکە ... دایکی گۆرانی بێژ بووەو لە بنەماڵەیەکی جوولەکە بووە ..

لە سەر باری ژیانی خۆی دەڵێ :-

من فەلسەفەو مۆزیکام خووێند بێ ئەوەی لێی جیاببمەوە کە هەردوو بواریش لێك جیاوازان ... لە ساڵی ١٩٢٤ بروانامەی دکتۆرای بەدەست هێناوە لەبواری فەلسەفەو لە ساڵی ١٩٣١ بروانامەی ئامادەکاری بەدەست هێناوە بۆ ئەوەی لە زانکۆ وانە بڵێتەوە ...لە زانکۆی فرانکفۆرت وانەی گتۆتەوە تاکوو نازیەکان دەریان کردووە .

لەو کاتەی نازیەکان لە ١٩٣٣/١/٣٠ دەسەلاتیان گرتە دەست لەزانکۆ بەیەکجاری دەریان کرد لە بەر ئەوەی لە ئایین جوولەکە بوو .

دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٣٤ بەرەو ئینگلتەرە کۆچی کردوو دوایی لە ساڵی ١٩٣٨ چووە ئەمەریکاو لەوێ دامەزرا بە بەرێوەبەری مۆزیکا لەکارگێری پرۆژەی تووێژینەوە لە رادیۆی برنستۆن/٢ لە ساڵی ١٩٣٨ تا ١٩٤١ ... لەساڵی ١٩٤٧ کتابی دیالیکتیکی تەنویری دانا .

دوای چەندین بەرهەم لە ساڵی ١٩٤٩ گەراوە ئەلمانیا ، ئەم نووسەرو رووناکبیرە لە ماوەی ژیانیدا ١٢ بەرهەمی هەبوو لە بوارەکانی فەلسەفەو مۆزیکا تاکوو لە ٢٠/ ٣/ ١٩٦٩ کۆچی دوایی کردووە لەئەلمانیا .

موسوعەی فەلسەفە - بەرگی/٣ /د.عەبدولرەحمان بەدوی .



١٩٠٣/١١/٣ له دوای هەوڵ و خەباتێکی بەردەوام هەرێمی پەنەما سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند ، به ناوی کۆماری پەنەمای سەربەخۆی تەواو له ڕیزی وولاتانی جیهاندا . کە پایتەختی وولاتەکەی ناوی – پەنەما سیتی– یەو ژمارەی دانیشتووانەکی ، ٦٣٥,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ٣,١٣٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ڕووبەری وولاتەکەی ، ٧٧,٠٨٢ کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ١٠٥ کەس له یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، مستیزۆ ٧٠٪ . هندی ڕۆژئاوا ١٤٪ . سپی پێست ١٠٪ . هندی ٦٪ . له وولاتەکەدا .

١٩٠٣/١٢/١٧ دورستکردنی یەکەم فڕۆکە له جیهان بەیەك ماشێن و بەرەو ئاسمان هەلکشا له شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا ، لەئەنجام بووە هۆکاری ئەوەی کە توانرا جۆرەکانی فڕۆکەی جەنگی و بارهەلگرو مرۆڤ و ئاگر کووژێنەوەو فریاکەووتن و مەدەنی دورست بکرێت. له چەندین وولاتی ئەوروپا، وەك ئەمەریکاو بەریتانیا و فەرەنسا .

١٩٠٣/١٢/١٧ نووسەرو ڕووناکبیری جیهانی – ئەرکسین کالدویل– له شارۆچکەی کاویتای وویلایەتی جۆرجیای ئەمەریکی له دایك بووە .

١٩٠٣/١٢/١٩ گەڕانــەوەی ئەنــدامانی کــۆنگرەی ڕووســیا لــە شــاری خــارکۆف لــە لێژنەی کاری نووێیدا ، کە شاعیری گـــەورەی رووســـیا پۆشـــکین دایمەزرانــد بــوو بــۆ وولاتەکــەیان ، ئەویش بە بڕیاردان بەڕەوانەکردنی لێژنــە لەلایــەنی خۆیــان بــۆ شــاری ڤیــەنا ، لــە پێنــاو داواکــردن بــە دامەزرانــدنی بزووتنــەوەی ســەهیۆنیزم بــە نووسینی دەست نووسینی بەلێن بەواز هێنانی لە پرۆژەی بوکندا .

ئــەویش پــێش گرێــدانی کــۆنگرەی حەوتــەمی ســەهیۆنیزم ، هــەر لــەو کاتــە خووێنــدکارێکی ڕووســی تووندڕەو – حاییم سیلیك لوبا – هەلسان بە تیرۆر کردنی – ماکس نوردۆ – لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا . لە کاتی ئاهەنگی سەما لە یەکێك لە ڕیستۆرانتەکانی شاری پاریس ، کە ماکس دەستە ڕاستی هرتزل بوو لە جوولانەوەکە لە جیهاندا .

١٩٠٣/١٢/٢١ بۆ یەکەمجار – ئەنتۆن نوو – ی رۆماننووس لە بەرامبەر نووسینی رۆمانی – هێزێکــی دژوار – خــەلاتی ئــەدەبی – گۆنکــۆر – ی فەرەنــسی دابەشــکرا . جێگەی باسلێکردنە کە ئەم خەلاتە بۆ یەکەم جار لە١٢/٦/ ١٨٩٦ دامەزرا بەناوی – ئەدمۆن گۆرنکۆر – ی نووسەری فەرەنسی .

بــەلام کۆمەلــەی ئــەدەبی خەلاتەکــەی بــە رەســمــی لــە ســالی ١٩٠٢ بــۆ پاداشــتکردنی رۆماننووســان دامــەزرا . جــا لــە چ رەگــەزو نەتەوەیــەك بــن . بەمەرجێك بەزامانی فەرەنسی بنووسن ... کە تاکوو ئێستاش بەدەیا خەلاتی گۆنکــۆر – بەســەر رۆماننووســان دابەشــکراوەو دوا خــەلاتیش بەخشرا بــە رۆماننووس – جیل لۆرا – بەناوی خەلاتی گۆنکۆر – ی ١٠٠٧ لە جیهان .

١٩٠٤

١٠/ ١/ ١٩٠٤ کۆچی دوایی نیگارکێشی سوویسری بەناوبانگ– گیرۆم– لە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا.

٢٣/ ١/١٩٠٤ سەرکردەی جوولانەوەی سەهیۆنیزم هرتزل چاوی کەوت بەشانشینی ئیتالیاو گفتووگۆی لەگەڵ شانشین کرد ، لە سەر پرۆژەی سەربە تەرابلسی رۆژئاواو لەپێناو کۆچ پێکردن بە یەهوودیەکان بۆ ئەو ناوچەیەو کردنی بەخاکی یەهوودی ، لە ژێر یاساکانی ئیتالیاو دامودەزگاکانی لیبرالی و شانشیندا .

لەوەڵامەکەیدا شانشینی ئیتالیا بە هرتزلی گووت:- بۆ هرتزل گووتی ئەمە خاکی کەسانی دیکەیەو یەهوودی ناتوانن ژیان لەو ناوچەیە بەر نەسەرلە بەر دروست بوونی کێشە لە ناوچەکەدا .

٥ / ٢ /١٩٠٤ بەرپابوونی شەڕی نێوان ڕووسیای قەیسەری و ئیمپراتۆریەتی یابان بە ناوی - شەڕی مەسکوب و، یابان- کە دەگەڕاوە سەر ناوی مۆسکۆی پایتەخت ، کە خۆی لە دوو هۆکار دەگرت ئەویش:-

یەکەم :- بەریتانیاو یابان بەیانی دەویست ڕووسیا پێشکەوێ لە ناوچەی رۆژهەڵاتی دوور ، بە تایبەتی لە مەنشووریاو کوریا بە هۆی رەتکردنەوەی ڕووسیا بەکشانەوەی لەکۆریا.

دووەم :- ڕووسیا خۆی لەوە دەدیتەوە کە سەرکەووتنەکانی ئاسان و بەپەلە بوون ، سەرەرای ئەوەی کە بەلشەفیەکان لە دەوروبەری ڕووسیا هەولی شاڵاو بردنیان دەدا ، بۆسەر رژێمی قەیسەرو سەرکەووتنیش لەناوچەکە دەبوایە ببوایە .

٧ / ٢/١٩٠٤ هێزەکانی سووپای دەریای یابانی هیرشیان کردە سەرکەشتیە جەنگیەکانی ڕووسیا بەرامبەر کەنارەکانی کۆریاو داگیری کرد، لەهەمان کات تەرداکانی یابان بۆردوومانی ناکاوی کردە سەر بەندەرەکانی - بوور- ئارتوور- و توانیان کەشتیەکانی جەنگی روسیا تێك بشکێنن .

کە هێزەکانی سووپای ڕووسیا ١٣٥,٠٠٠ هەزار سەرباز دەبوو ، لە گەڵ ئەوەشدا ١,٢٠٠,٠٠٠ ملیۆن چەکداری هەبوو . گەر چی هێزەکانی سووپای یابان ٨٥٠,٠٠٠ هەزار سەرباز بوون ... بەڵام بە هۆی تەواو نەبوونی هیلی ئاسنی شەمەندەفەر لە نێوان ڕووسیای ئەورپاو ڕووسیای رۆژهەڵات .

کە ببووە رێگەگر لەپێش ڕووسیا بەسوود وەرگرتنی لە ووزەی سەربازی دوور ، کە شاری فلادیگۆستۆك بەسترابووەوە بە تۆرێکی گەیاندنی

ڕووســـەکان بەشـــێوەیەکی وا ، کـــە مـــاوەی دەدا بـــە گوواســـتنەوەی پێداویستیەکانی سەربازی بۆناو جەنگەکەدا .

٩ / ٢ / ١٩٠٤ لـە ئـەنجامی کێـشەکانی نێـوان ڕووسـیای قەیـسەریو شانـشینی ئیتالیـا هێزەکانی سووپای یابان لەناکاو پەلاماری هێزەکانی ڕووسیای قەیسەری ، بێ ئەوەی ئاگادار بێت یاخوود ئاگادار بکرێتەوە.

١٠/٢/ ١٩٠٤ بە هۆی ئەو بارودۆخەو بوونی کێشەو گیروگرفتو هەڵکەوتەی خاکو باری هێزەکانی سووپای ڕووسیای قەیسەری ، بووە هـۆی ئەوەی کە یابان جـەنگ دژی ڕووسیا ی قەیسەری بەیەك لایەنە رابگەیەنێ لە ناوچەکەدا .

لـە ئـەنجام یابـان تـووانی سـەرکەووتن بەدەسـت بێنـێ لـە چـەندین ناوچـەی جیاجیـا لـە سـەر کـەنارەکانی کۆریـاو ناوچـەی بـالۆ، دوایـی کـەنارەکانی منـشووریا .، دوای ئەوە لـە ١/٥ ی... هـەمان سـاڵ گـەمارۆی بەنـدەری ئـارتۆر بریار بدات لە هەرێمەکەدا .

١٨/٣/١٩٠٤ لـە دایـك بـوونی ڕوونـاکبیرو ڕۆشـەنبیرو نووسـەری نـاوداری کورد – شێخ محەمـەدی خاڵ – لـە شـاری سلێمانی لـە هـەرێمی باشـــووری کوردســـتان ، باوبـاپیرانی ئـەم کەسـایەتیە خووێنـدنی ئایینی و زانستیان لـە شـاری مـەریوانی ڕوژهـەلاتی کوردســـتان و شارۆچـــکەی قەڵاچـۆلان و سـلێمانی تـەواو کـردووەو گرنگـی زۆریـان بـە ئـایین وزانـست و ئـەدەب داوە بەزاناکتی عـەرەبی و کـوردی بـە هۆی بەرزی بیرووباوەریان بە ئایینی ئیسلام وگرنگی پێدانی لە ناوچەکەدا.

هەر لە سەرەتای منداڵیـەوەو لـە تەمـەنی نۆ سـالیدا محەمـەدی خـاڵ لـە بـاپیرە گەوورەی فێری خووێندن بووە لە لای شێخ ئەمین خاڵ بە تەواوکردنی قورئان

هـەروا ئـەو بنەماڵەیـە جێگـەی برواوخۆشەویـست بوونـە لـە نێـوان دانیشتووانەکان چ لە رۆژ هەلاتی کوردستان و چ لە باشووری کوردستان .
مامۆستای سـەرەکی فێرکردنـی ، مامۆستا شێخ ئەمین قرەداخـی بووە ، کـە گرنگـی بـە دانراوەکـانی شـێخ محەمـەد رەشـیدو محەمـەد عەبـدە داوەو بۆتـە سەرچاوەی وەرگرتنـی زانیاریـەکانی لـە بوارەکـانی ئـایین وزانـست وئـەدەب.
هەروا لە ساڵی ١٩٣٩ بۆتە قازی لە پارێزگای سلێمانی و پارێزگای کەرکوك و موسل . هەروا بۆ ئەندامی ئەنجوومەنی تەمییزی شەرعی و بەردەوام بـوولێیی تاکوو ساڵی ١٩٦٧، دوای ئەوە خانەنشین کراوە.
هەروا لە سالی ١٩٥٤ بۆتە ئەندامی بەرز لە کۆری زانیاری لـە شـاری دیمەشـقی پایتەختی سووریا . دوای ئەوە بۆتـە ئەنـدامی کـۆری زانیـاری ئێـراق لـە دوای دامەزرانـدنی لـە سـاڵ ١٩٧٨ ، هـەروا بۆتـە ئەنـدامی کـۆری زانیـاری کـورد لـە شاری بەغدا ی پایتەختی ئێراق .
هەروا لە ساڵ ١٩٣٥ شێکردنەوەی بشی سیی لە قورئان نووسیووە بە زمانی کوردی وبەردەوام بووە تـاکوو بەشـی نـۆیی ئـەم کتێبـە ، نامەیـەکی فەلـسەفەی ئاییـنی ئیـسلامی و نامەیـەکی ژیاننامی پێغەمبەر –د،خ – نووسیووە ، لە گـەڵ چـەندین نووسـراوو بابـەتی دیکـە ، لـە سـەر ئـایین و فەلـسەفەو ئـەدەب و ژیاننامەی کەسایەتی ئاییـنی بە ناوبانگ و بەردەوام بووە تا لـە ١٩٨٩/٧/١٥ ماڵئـاوایی لـە تووێـژی نووسـەرو رووناکبیران دەکـات ، لـە دوای دوو سـاڵ لـە بەربەرەکانی کردنی لە گەڵ نەخۆشیە کووشندەکانی لە شاری سلێماندا .
سەرچاوە :– من اعلام التلریخ الکرد المعاصر.

١٩٠٤/٥/١١ نیگـارکێش و نووسـەرو نەخـشەسازو هونەرمەنـدی سینەماکارو کەسـایەتی نـاوداری جیهـان و وولاتەکـەی مامۆسـتا – سلڤادۆر گاستۆد دالی– لە شاری تالۆنیـای بـاکووری ئەسـپانیا چـاوی بـە جیهـان هـەلیهێناوە لـە وولاتەکەدا .

١٩٠٤/٥/٢١ هێرشمـــــان هۆڵەنــــــدی و رۆبیرگیرانــی فەرەنــسی و بــە ئامادە بوونی نووێنەری حەوت دەووڵــەت کــە هــەموویان لــە کیشووەری ئەورووپا بوون .
یەکیەتی تۆپی پێی جیهانیان دامەزراند ، کە ناسراوە بە – فیفا – لە جیهاندا ، هەروا لە ساڵی ١٩٢٠ بۆ یەکەم جار تۆپی پێ چووە ناو یاریەکانی ئۆلەمپیاتی نێوودەووڵەتی لە گەڵ گروپەکانی دیکەی یانەی وەرزشوانانی ووڵاتانی جیهان .

١ /١٩٠٤/٦ پێشبڕکێی یاریەکانی پاڵەوانیەتی جامی جیهانی – ئۆلەمپیات– لە ئەمەریکا– ستۆیس ئەنجامدراو بەردەوام بوو تاکو ١١/٢٣ ی هەمان ساڵ لە نێوان یانە وەرزشیەکانی ووڵاتانی بەشدار بوو لەم ووڵاتەدا.



٢ / ١٩٠٤/٧ کۆچــی دوایــی نووســەرو رووناکبیرو ئەدیبی ڕووسـی – چــیخۆف – بــووە ، ئــەو کەسایەتیە ناودارە جیهانیە ڕۆڵــی کاریگــەری هــەبووە لــە بوارەکانی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایــەتی و رۆشــنبیری ، تاکوو ئێستاش زیاتر لە جاران گرنگـی پێـدەدرێت و ڕێـز لـە نووسـینەکانی دەگیرێـت لـە ڕووسـیا و وولاتـانی جیهانـدا . کــە لــەو کاتــە نووســەری گەوورەی ڕووسی – چیخۆف – جانتاکەی هەلدەگری و بەیانی زوو لەگەڵ هاوسەرەکەی هونەرمەندی شانۆیی– ئۆلگاکنیپەر– لە ماڵەکەی خۆی

لەشاری یالتا دەچێتە دەرەوەو بەرەو شاری شوارزوالدی ئەڵمانی بەڕێ دەکەوون و جارێکی دیکە ناگەڕێنەوە شاری یالتا.

١٩٠٤/٨/٢٠ بڵاو بوونەوەی نەخۆشی – تاعوون– لەپارێزگای هەولێرو دەوروبەری ، لە هەرێمی باشووری کوردستان ، بەتایبەتی لە شارۆچکەی عەنکاوەی ئەوکات ، کە ڕۆژانە زیاتر لە ٦٠ شەست هاووڵاتی لە شارەکەدا بەهۆی ئەو نەخۆشیە گیانیان لەدەست دەدا .

١٩٠٥

٣ / ١٩٠٥/١ بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی بۆ پێشەوە– الی امام– بەشێوەیەکی نهێنی لە شاری ژنێف لەلایەن ڕابەرو سەرکردەی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو دامەزرێنەری ڕژێمی سوشیالیستی – لینین – لە ڕووسیای قەیسەری ئەوکات لە کێشووەرەکەدا .

٧ / ١٩٠٥/١ تێکۆشەری کورد عوسمان سەبری – ئاپۆ عوسمان – لە گوندی نارنجەی ئاریمان لە باکووری کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی چاوی بەجیهان هەلهێناوە لە ناوچەکەدا .

١٩٠٥/١/٩ گابۆن سەرکردایەتی ڕێپێووانی جەماوەری کرێکاری و هەژاران و چەساوەکانی کرد ، بە دەست پێکردنی بەرەو کۆشکی قەیسەری ڕووسی – نیقۆلای دووەم – و بووە هۆی ئەوەی کە پۆلیس ڕێپێوانەکەی بە گوللە باران وەلامداتەوە لە شارەکەدا . کە ئەمەش بووە هۆکاری سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی گەلانی ڕووسیا لە پترۆسیۆرگی پایتەختی ڕووسیا ی قەیسەری ئەوکات ، لەچینی کرێکارو جووتیارو کاسبکاران ، بەسەرکردایەتی پارتی کرێکاری دیموکراتی سۆشیالیستی ڕووسیا بەڕابەرایەتی لینین لە وڵاتەکەدا .

١٩٠٥/١/٢٢ لە دوای خەبات و تێکۆشانی بەردەوام و بە دەست پێکردنی شۆڕشی یەکەمی برژوازی لە ڕووسیای قەیسەری ، کە بووە هۆی ناچارکردنی قەیسەرو هەڵسان بە چاکسازیکردن، ئەویش بە دامەزراندنی ئەنجوومەن لە نوێنەرانی گەل لە ڕووسیادا .

جێگەی باسکردنە کە سەرکردەی شۆرش و راپەرینەکانی ڕووسیای یەکەم

-گابۆن- هەڵگری بڕوای ئاینی مەسیح و لە مەزهەب ئۆرسۆزۆکس ئۆرانی ، کە لە ساڵی ١٨٧٣ لەدایك بووەو رێنماییەکانی تۆلستۆی کاری تێکرد بوو ، هەڵسا بەچاکسازی کۆمەڵایەتی بە دامەزراندنی یەکیەتی کرێکاران لە ساڵی ١٩٠٥و دەست کردن بەخۆ پیشاندان و رێپێواندا .

کە باشترین رێگە چارەسەر کردن بوو ، لەپێناو بەدی هێنانی کارە چاکسازیەکان ، کە رێپێوان لەشاری پترۆسبۆرگ دەستی پێکرد بەرەو کۆشکی زستانەی قەیسەرو لە گۆرەپانی بەر کۆشکەکە کۆتایی هات بەقەسابخانە بەدناوەکە . کە ئەو رۆژ ناوی نرا بە رۆژانی - رەش -و ئەو راپەرینە خۆی گوواستەوە بۆ وولاتی سوویسراو وولاتانی دیکەی جیهاندا .

١٩٠٥/١/٢٦ لە دوای گەرانێکی بەردەوام لە کانزا ژێر زەویەکان ئەویش توانرا بە دۆزینەوەی گەورەترین پارچە - ئەلماس- لە جیهان ، لە مەنجەمی - بریمیر- لە باشووری ئەفریکیا .

کە کێشەکەی-٣,١٠٦ قیران - بوو دوایی ناونرا بە- کۆلینان- و دوای ئەوە ئەلماسەکە دابەشکرا بۆ ١٠٦ پارچە ئەلماسەکە لە ئەلماسە درەوشدارەکان بوو لە ناوچەکەدا .

١٩٠٥/٢/١٩ ئەنجامدانی قەسابخانەکەی دژ بە ئەرمەن لە شاری باکۆ ، لە هێرشەکەی ئازربایجانیەکان بۆ سەریان ، ئەو هێرشەش بۆماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بوو

لە شارەکەدا .

کە هێزەکانی سووپاو دەسەلاتی ڕووسیای قەیسەری بە هانای داواکاریەکانی ئەرمەنەکان نەهاتن، لە پێناو بەرگری کردن لێیان و ڕاگرتنی هێرشەکانی ئازربایجانیەکان .

١٩٠٥/٥/١٦ هونەرمەندو ئەکتەری ناوداری جیهان – هنری فۆندا – لە دوورگەی نیراسکا چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ... هەروا لە منداڵیەوە ئارەزوی نواندنی لێ دەرکەوتووە . لە ساڵی ١٩٢٨ دەچێتە ناو خانەی نواندنی کۆمەڵەی نۆهاما ، کە تیپێکی شانۆیی ناوخۆیی بوو ، کە دوروسی پراندۆ بەڕێوەی دەبرد .
دوای ئەوە لە زانکۆی کیپ کۆرد دراما دەخووێنێ ، ئینجا لە سەر سەکۆش شانۆی بروا دوای بەناوبانگ بەدیار دەکەوێت ... لە ساڵی ١٩٣٥ یەکەم ڕۆڵی سەرەکی لە شانۆگەری ژنەکە کێلگەکە دەبات وەردەگرێت ... دوای ئەوە روو لە سینەما دەکات و کە یەکەم بەشداری کردنی لە فلیمی سینەما لە ساڵی ١٩٣٥ بوو لە فلیمی بەناوی ڕێگاکەم لە خوارەوەی ڕۆژهەلات .
هەروا لە فلیمی مانگ مالمانە لە ساڵی ١٩٣٦. بە دەیا کاریدیکەی و سینەمایی بەردەوام دەبێت تا لە ١٩٨٧/٤/٢ ماڵئاوایی لە بواری شانۆیی و سینەماو جەماوەری دەکات لە جیهان .

١٩٠٥/٦/٢١ لە دایك بوونی دوا فەیلەسوفی ناوداری فەرەنساو جیهانی – ژانپۆڵ سارتەر– لەپاریسی پایتەختی فەرەنسا ، کە لە خێزانێکی بۆرژوازی بووەو هەر لەمنداليەوە باوکی مردووەو دایك‌وباپیری بەخێویان کردووە ، دوای ئەوە توانی خۆی لەپێناو گەیشتن بە خواستەکانی بە بەردەوام بوونی لەو بوارانەی کە ئاواتی بوون ، تاکوو بۆتە فەیلەسوفێکی ناودارو کەسایەتیەکی ناوداری لێهاتووی فەرەنسا و ناسراوی

جیهان.

١٩٠٥/٧/١١ کۆچی دوایی رووناکبیرو فەیلەسوف و پێشڕەوی چاکسازی کۆمەڵایەتی و ئاینی – محەمەد عەبدە – شایانی باسە ئەم مرۆڤە لە ١٨٤٩/١١/٧ لە گوندێکی سەرکەناری زێی دەلتا لە میسر چاوی بە جیهان هەڵهێناوە . لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی بووە لە میسر ... لە ساڵی ١٨٦٦ پەیوەندی بە زانکۆی ئەزهەر لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسر کردووە .

هەروا پەیوەندی لە گەڵ جەمالەدین ئەفگانی هەبوو لە زانکۆی ئیسلامی . بروانامەی جیهانی لە زانکۆی ئەزهەر وەرگرت لە ساڵی ١٨٧٧ . لە ساڵی ١٨٧٩ بووە مامۆستای مێژوو لە قوتابخانەی – دار العلوم – لە کۆلێژی خانووی زانستەکانی ئالان – هەروا مامۆستای ئاداب بوو لە قوتابخانەی – ئالالسن – و دوای ئەوە بەرەو جمووجۆڵی رۆژنامەگەری هەنگاوینا.

دوای ئەوە تاوانبارکرا بەلایەنگیری کردنی محەمەد عرابی و بە بەندکردنی و دوای دەربەدەرکرا بۆ فەرەنسا لە ساڵی ١٨٨٤، لەوێ چاوی کەووت بە جەلالەدین ئەفگانی و کۆمەڵەی رۆژنامەی ئیسلامیان دامەزراند بەناوی – المروة الوثقي – کە یەکەم رۆژنامەی عەرەبی بوو کە لە ئەوروپا دەرچێت .

دوای ئەوە لە ساڵی ١٨٨٤ بەرەو بەریتانیا بەرێکەووت ، دوایی گەراوە بۆ فەرەنساو دوایی بەرەو شاری بەیروت پایتەختی لوبنان بەرێکەووت . خوێندنی زانستی کەلامی تەواوکرد , کە چەندین بابەت و کۆمەڵەی نهێنی پێکهێناو لە ساڵی ١٨٨٨ گەراوە میسر .

دوای ئەوە بە دادوەری شەرعی راوێژکاری لە دادگای پێداهەڵچوونەوە دامەزراو دوای بووە موفتی لەمیسر ... لەیەکەمەکانی دامەزراندنی کۆمەڵەی

خێرخوازی ئیسلامی بووە ... ئەم مرۆڤە بەردەوام بووە لەکارەکانی تاکوو کۆچی دوایی کردووە لە میسر .

١٩٠٥/٨/٦ بۆ یەکەم جار لە مێژووی ڕووسیای قەیسەری ئەنجوومەنی یاسادانان پێك هێندرا بە ناوی – دۆما – یانی پەرلەمان ، کە هەندێ لە ئەندامانی بە هەڵبژاردن و هەندێکیان بە دامەزراندنی لە لایەن قەیسەری ڕووسیا بۆماوەی پێنج ساڵ ، کە لە ٤٤٢ ئەندام پێك هاتبوون. بە قێی ژمارەی دانیشتووانی ڕووسیا لە کێشوەرەکەدا .

١٩٠٥/٨/١٧ هێزەکانی سووپای عوسمانی بە یارمەتی سوارەی حەمیدی هێرشیان کردە سەر شاری لاهیجان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەبیانووی کۆکردنەوەی باج و ناوچەکەیان داگیر کرد.

١٩٠٥/٨/٣٠ ڕۆژ گیران لە سەر وولاتی توونس و دەووروبەری کە بە تەواوی بەری ڕۆژ گیرا، ئەویش بە کەوتنە بەر مانگ بەرامبەر بەزەوی، واتە مانگ کەوتە نێوان ڕۆژو زەوی بە بەرگرتنی ڕۆژ بەرامبەر بە زەویدا .

١٩٠٥/٩/٥ بە هۆی لاوازی هێزەکانی سووپای ڕووسیاو کشانەوەی تا ئەو کاتەی ڕووسیای قەیسەری و ئیمپراتۆریەتی یابان گەیشتنە ئەوەی، کە پەیمانی پۆرتسمۆس لەئینگلترا مۆربکەن ، بە جووڵانەوەی و یابان بەئازادی سەربازی و رامیاری لە هەموو کۆریاو مەنشووریا. کە لەو کاتەش ڕووسیا لە هەموو کۆریاو مەنشووریا کشاوە ، بە گەرانەوەی بۆ ڕووسیا بەپێی ئەو ڕێکەوتنەی لە نێوانیاندا .

١٩٠٥/٩/٢٣ هونەرمەندو ئەکتەری سینەمایی خاتوو – گریتاگاریۆ – لە شاری ستۆکهۆلمی پایتەختی سووید لە چاوی بە جیهان هەڵهێناوە لە وولاتەکەدا .

١٩٠٥/١٠/٢٧ وولاتی نەرویژ سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاندو دوای ئەوە داواکانی شانشینی سوویدی ڕەتکردەوە ، بە کردنەوەی نووسینگەیەکی دبلۆماسی و بە هێزکردنی پەیوەندی لە نێوان هەردولایەندا.



ئـەم راگەیاندنـەش بـە نــاوی شانـــشینی ســووید بــوو . کــە پایتەختەکەی ناوی – ســــتۆکهۆڵم – ە و ژمـــــــارەی دنیـــــشتووانەکەی ، ١,٧٥٨,٠٠٠ ملیـــۆن کەسە . هەروا ژمارەی دانیـــــــشتووانی وولاتەکـەی ، ٩,٥٢٠, ٠٠٠ ملیـۆن کەســە . هـــەروا روویبـــەری وولاتەکـــەی ، ٤٤٩,٩٦٠ کیلـــۆ مـــەتر چـــوار گۆشـــەیە . هـــەروا چـــڕی دانیشتووانەکەی ، ٥٥ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هـەروا نـژادەکانی ، سوویدیەکان ٩٣٪ . فنیوون ٢٪ . کچبەرانی ئەوروپی وکوردو لایبۆن ٦٪. لە وولاتەکەدا .

١٩٠٥/١١/١٦ لـە دایك بوونی نووسەرو رووناکبیری کەسایەتی ناوداری کـورد – حەسـەن فـەهمی جـاف – لـە شارۆچـکەی هەڵەبجـەی سـەر بـە پارێزگـای سلێمانی لـە هەرێمی باشووری کوردستان .

ئـەم کەسـایەتیە لـە مـاوەی ژیانیـدا توانیوویـەتی چـەندین بەرهـەم بابـەتی بـە سوود بگەیەنێتە دەست خوێنەری کوردو کتێبخانەی کوردی ، بە تایبـەتی لـە هەردوو بواری نەتەوەیی و نیشتیمانیدا لە هەرێمەکە و کوردستان .

١٩٠٦

١٩٠٦/٢/٢٥ کۆچـی دوایـی نووسـەرو شـاعیرو مامۆسـتای ئـایینی – مـەلا محەمـەد مـەلا عوسمـان باڵخییه – ناسراو به – مەحوی – لـه شـاری سـلێمانی لـه باشووری کوردستان ، هەر لـه ژورێکـی خانەقاکـەی خـۆی بەخاك سپێردراوە ... جێگەی ئامـاژه پێکردنـه کـه لـه دایـك بوونی مامۆستا مەحوی چەند بیروو بۆچوونی لـه سەره ، کـه

محەمەد ئەمین زەکی دەڵێ :– مامۆستا مەحوی لە ساڵی ١٨٣٦ – ١٨٣٧ لە دایك بووه .

هـەروا مامۆسـتا عەلائـەدین سجادی دەڵـێ :– مامۆسـتا مـەحوی لـه سـاڵی ١٨٣٠ له دایك بووه ... هەروا کاکەی فەلاحیش دەڵێ :–

–مامۆسـتا مـەحوی لـه سـاڵی ١٨٣٦ – ١٨٣٢ لـه دایـك بـووه . کـه بـاوکی خەلیفـەی شـێخ عوسمـان سـیراجەدین بـووه لەگونـدی تەوێڵـه لـه باشـووری کوردسـتان , مامۆسـتا مـەحوی لەتەمـەنی حـەوت سـالیدا خراوەتـه بـەر خووێندن و هەروا لـەلای باوکیشی فێری خووێندەواری بووه ... دوای ئەوه بۆ خووێندن چۆته سنەو سابلاخ و دوای ئەوه گەراوەتەوه شاری سلێمانی ، دوای ئـەوه چـۆته شـاری بەغـداو لـەلای مامۆسـتای ئـاینی کـورد –مـوفتی زەهاوی– خووێندنی تەواوکردووه و مۆڵەتی مەلایەتی پێ بەخشراوه .

دوای ئـەوەی کـه خووێنـدنی مەلایـەتی تـەواوکردووه بۆتـه مـلای مزگـەووتی ئیمـامی ئـەعزەم لـه شـاری بەغـدا ، بـەڵام لەسـاڵی ١٨٦٢ گەراوەتـەوه شـاری سلێمانی . بووه بەئەندامی دادگای سلێمانی .

دوای ئەوه باوکی لەساڵی ١٨٦٨ کۆچی دوایی دەکات و بەم هۆیـەوه دەسـتی

لەکاری میری کێشاوەتەوەو بووەتە مەلاو دەستی کردووە بە وانە ووتنەوە بە فەقێیەکان ... دوای ئەوە مامۆستا مەحوی لە ساڵی ١٨٧٤ – ١٨٧٥ لە گەڵ چەند مەلایەك لەشاری سلێمانی دووردەخرێنەوە بۆ باشووری ئیستای ئێراق ... مامۆستا مەحوی لەژیان بەردەوام بووە لەکارەکانی لەوکات لە پێناو خزمەتکردنی گەل و نیشتیمانەکەیدا .

١٩٠٦/٤/١٨ گومەلەرزەیەکی گەوورە لە شاری سان فرانسیسکۆ ڕوویدا ، کە بووە هۆی گیان لە دەستدانی زیاتر لە ٣٠٠,٠٠٠ هەزار هاووڵاتی لە شارەکە و وێرانکردنی زیاتر لە ٣٠,٠٠٠ هەزار خانوو و باڵەخانەو پرۆژەو کێڵگە کشتووکاڵیەکان لە ووڵاتەکەدا .

١٩٠٦/٦/٦ مۆرکردنی ڕێکەووتنامەی شاری ژنێف تایبەت بە چاکردنەوی ئەو کەسانەی کە تووشبووی نەخۆش و برینداری شەڕو زامداربوونیان لەکاتی جەنگ و لەپێناو یارمەتی دانیان لە جیهاندا .

١٩٠٦/٧/٤ پادشای قەجەریەکان – موزەفەرەدین شا – بەناچاری ڕەزامەندی لە سەر کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی خۆیدا کرد ، لە هەمان کات بەمەرسوومێکی شایانەی بڕیاریدا بە پێك هێنانی لێژنەی دامەزراندنی پەرلەمانی ئێران .
کە لەو کاتەوە تاکوو شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران ، ئەو ڕۆژ بە ڕۆژی نیشتمانی ئێران دانراوەو یادی دەکرێتەوە ، دوور لە ڕێزگرتن لەنەتەوەکانی دیکە . بە تایبەتی گەلی کورد لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا .

١٩٠٦/٨/٥ لە ژێر پاڵەپەستۆی داواکاری موزەفەرەدین شا ئەو بڕیارەی ڕاگەیاند کە ماوەیەك بوو چاوەڕوانی لێدەکرا ، کە فەرمانەکان لە دوو مەرجدا خۆی دەگرت ، کە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا ووڵاتی فارس بووە دەووڵەتێکی دەسەڵاتی دەستووری لە ووڵاتدا .
هەروا لێژنەی زانایان پێك هێنرا ، لەگەڵ هەندێ کەسایەتی نیشتیمانی و لیبرالی ، هەروا هەندێك لە ئەندامانی حکوومەت کە ئەمانە هەڵسان بە نووسینەوەی یاسای هەڵبژاردن ، دوای ئەوە پەرلەمان پێك هێنراو دەستوور ڕاگەیاندرا .
کە بڕگەی سەرەکی دەستوورەکە مەزهەبی شیعەو ئیمامەی کردە مەزهەبی

فەرمی وولاتی فارس ، لەگەڵ ئەمەشدا دەوولەتی عوسمانی سوونە بەرامبەری بوو ، بە مەزهەبی حەنەفی . کە ئەویش لیژنەی زانایانی پێك هێنا بۆ گرتنە دەستی چاودێری کردنی و دەستگیربوون بە یاساکانی شەریعەتی ئیسلام .

١٩٠٦/١٠/١٤ زاناو فەیلەسوفی ناوداری جیهانی و ئەڵمانی - هانا ئارنەت- لە شاری هانۆڤەری ئەڵمانیا چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ، کە باوکی ئەندازیار بووە ، ناوی پاڵ ئارنەت بووە ، دایکی ناوی مارشا بووەو لە ساڵی ١٩٣٣ لە لایەن پارتی نازی لە ئەڵمانی دەستگیر دەکرێت و دوای ئەوە دایکی لە ساڵی ١٩٢٩ شوو بە کۆنترانشوون دەکات لە شاری بەلین لە ئەڵمانیا .

١٩٠٦/١٠/١٦ لە دایك بوونی رۆماننووسی بەناوبانگی ئیتالی و جیهانی - دیتۆبۆزاتی ... شایانی باسە ئەم نووسەرە لە ١٩٧١/١/٢٩ لە تەمەنی ٦٦ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە ... بەشی ماف لەزانکۆی میلانۆ خووێندووەو ژیانی خۆی لە شاری میلانۆ بەسەر بردووە .

یەکەم رۆمانی بەناونیشانی - برنایۆی شاخان - لە ساڵی ١٩٣٣ دەستی کرد بە نووسین و کە نووسینەکەشی رۆمانێکی کورت بوو . دوای ئەویش رۆمانی - نهێنی دارستانە کۆنەکە - لە ساڵی ١٩٣٥ نووسی ... دوای ئەویش رۆمانی - بیابانی ئەتار - ی نووسی ... ئیتر ئەم رۆماننووسە بەردەوام بوو لە نووسینی رۆمان و چیرۆك ... دوای ئەوە بەهۆی فلیمێکی

فەرەنسی – ئیتاڵی ناوبانگی دەرکردو بەردەوام بوو تاکوو ماڵئاوایی لە گەل و ئیتاڵیاو جیهان کرد لە وڵاتەکەیدا .

١٩٠٦/١١/٩ بە هۆی بەردەوامی خەبات و کۆششی چەوساوەکان و کرێکارو جووتیاران ، قەیسەری ڕووسی نیکۆلای دووەم ، لە ڕاگەیاندنی مەرسوومێکی قەیسەری جووتیارانی لە ژێر ڕژێمی دیلایەتی ڕزگار کرد .

ئـەویش بـە ئـازاد کردنیـان و پێـدانی زەوی و خـەریك بـوون بـەکاری کـشتووکاڵی و رزگاربوونیـان بـە سـەربەخۆیی و خـاوەن زەوی کـشتووکاڵ لـە وڵاتەکەیاندا .

١٩٠٦/١٢/١ ڕژێمـی شـایانەی فارسـی لـە تـاران بڕیـاری هەلبـژاردنی گـشتی کۆمەلـەی دامەزراندنی دەستووری وڵاتی فارسیدا ، بێ ئەوەی بیر لە بوونی نەتـەوەی کورد بکاتەوە . لە گەڵ نەتەوەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی خۆی بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا .

١٩٠٦/١٢/٢٨ تـەواو بـوونی دارشـتنی دەسـتووری دەسـەڵات و وڵاتـی فارسـی ، کـە لـە ٥١ مادە پێك هاتبوو ، لە گەڵ پاشکۆیەکی ١٠٧ مادەیی . کە لە ١٩٠٧/١١/٥ ئەو دەستوورە لەلایەن پەرلەمان پەسەند کرا.

• • • •

١٩٠٧/٥/١٣ نووسەرو ڕۆماننووسی ناوداری بەریتانی و جیهان خاتوو – داڤینی دومۆریێ – لـە بنەماڵەیـەکی دیـاری شـانۆیی لـە شـاری لەنـدەنی پایتـەختی بـەریتانیا چـاوی بـە جیهـان هـەڵهێناوە .. سـیرگێرالد دومـۆریێ بـاوکی ئەکتـەرێکی بـەناوبانگی شـانۆیی ئینگلیـزی دیـاربووە ... هـەروا دایکیـشی – مۆریـال بیمۆندی – بەهەمان شێوە هونەرمەند بووە . خاتوو مۆرێی لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیری ئەو شارە بووە .

بـۆ یەکـەم جـار کەسـایەتی سـفینگالی لـە ڕۆمـانی – تریلـی – داهێنـا . ئـەم شـتانە بوونـە باکگراونـدو ڕێگـا خۆشـکەر لـە بـەردەم چـوونە ناوجیهـانی نووسـینی خـاتوو دومـۆرێی . کـە لـە تەمـەنی منـداڵی ئاشـنای کۆمەڵـە ئەکتەرێکی شانۆیی هاورێکانی باوکی دەبێ ، لەوانەش تامی سەرکەوتن کە بەمە ناوبانگی دەرکرد .

.دوای ئەوە بەرەو بەندەری کۆرتۆیەلی سەر دەریا دەچێت و ماوەیەکی درێژ لە ژیانی لەم جێگایەدا بەسەردەبات ، کە شەپۆلی بێ ئامانی دەریا و شنە بای فێنك و باڵندەکانی ئاسمان دەبن بەئیلهام بەخشی ... دوای ئەوە روو لەشاری باریسی پایتەختی فەرەنسا دەکات و لەوێ خوێندن تەواو دەکات و دوای ئەوە شوو بە فرودیك براونگی ژەنەرالی سەربازی دەکات .

یەکەم رۆمانی بەناوی – گیانی ئاشق – لە ساڵی ١٩١٣ بڵاودەکاتەوە و سەرکەووتنێکی گەوورە بەدەست دێنێ ... ئەم نووسراوەشی بەیەکێك لە رۆمانە بەپێزەکانی ئینگلیزی دادەنرێت .

دوای ئەوە چەند چیرۆك و رۆمانی دیکە دەخاتە بەردەستی خوێنەرانی . لەوانە :– جارێکی دیکە گەنج نابمەوە لە ساڵی ١٩٣٢ . جۆلیۆس لە ساڵی ١٩٣٣ . جامایکا لە ساڵی ١٩٣٦ . ریبیکا لە ساڵی ١٩٣٨ ، کە ئەمەیان لەلایەن گەووروە دەرهێنەری ئەمەریکی – ئەلفرید هیتشۆکی – دەکرێت بەفلیمی سینەمایی و چەندین خەڵاتی ئۆسکاریشی پێ دەبەخشرێ .

بە دەیا بەرهەمی دیکەی بەدەستی خوێنەران دەگات و دوا بەرهەمی بەناوی – مالی سەرکەناری دەریا – لە ساڵی ١٩٦٩ دەبێ . ئەم نووسەرو رۆماننووسە بەناوبانگە لەکارەکانی بێ ووچان دەبێ تاکوو لە ١٩٨٩/٩/١٤ ماڵئاوایی لە رۆماننووس و نووسەرو دەرهێنەرە سینەمایی و ئەکتەرو خوێنەرانی هاوخەباتی دەکات لە جیهان .

سەرچاوە :– www.wakapedya.com

٥ /١٩٠٧/٨ شاعیری بەناوبانگی فەرەنسی – ئۆگین گیلفیك– لە شارۆچکەی – کرنك – لە ناوچەی بەریتانیا ، چاوی بە جیهان هەڵهێناوە . جێگەی ئامارە پێکردنە کە ئۆگین باوکی دەریاوان بووەو دایکیشی بەرگدووربووە . بەهۆی باری ژیانی

خێزانەکەی باوکی بۆتە پاسەوان لە سەر سنووری بەلژیکا . کە ئەمەش کاری کرد بووە سەرباری دەروونی ئۆگین .
دوای ئەوە خێزانەکەی لە ساڵی ١٩١٩ بەرەو ناوچەی – ئەلئەزاس – لە نزیک سنووری هاتووچۆی دەکرد ، لە پێناو ئەنجامدانی کارەکەی و دابینکردنی بژێووی ژیانی خێزانەکەیدا .
بە هۆی بەردەوامی لە خوێندنەوە ئەویش بە دۆزینەوەی هەردوو ئیماراتی فیکتۆر هیگۆ و رۆسۆو ، دوای ئەویش رامبۆو یودلێر و فیرلین ... کە ئەمەش یارمەتی دەری بووە بۆ وەرگێرانی شیعری شاعیران وەك – هۆلدراین و تراکل و گۆتە – بە هۆی فێربوونی زمانی ئەلمانی بەشێوەیەکی باش .
دوای ئەوەی کە قۆناخەکانی خوێندن تەواودەکات و بەهرەی شیعر نووسینی بە هەستەکانیدا دەخوولێتەوەو دەگاتە قۆناخی ئەوەی ، کە ئەو شعرانەی بۆ زیاتر لە ٤٠ زمان وەردەگێردرێت و چەندین پاداشتی بە نرخ بەدەست دێنێ ، وەك پاداشتی مەزنی ئەکادیمیای سویسرە نیشتەجێ بوون . کە لەوکاتەش باوکی ماوەی چوار کاتژمێر فەرەنسی ... بەرهەمەکانی ئەم شاعیرە – هونەری شیعر – سروود – دوای ئەوە پێشانگایەکی فۆتۆگراف کردەوە بە ناوی – ووشەکان ووێنەی گیلفیك – ... لەگەڵ چەندین بەرهەمی دیکەی شیعری ، کە بۆتە هێمایەکی بەرزی فەرەنساو جیهان .
<u>سەرچاوە:</u>– دار الحیاة –٢٥/١٠/٢٠٠٧

١٩٠٧/٨/١٤ لە وتارەکەی – ماکس نوردۆ – لە شاری لاهای پایتەختی هۆلەنداو هەڵوواسینی جموجوڵی جوولانەوەو دەستکەووتەکانی لە ماوەی ١٠ ساڵی رابردووی ، ئەویش بە رەتکردنەوەی ئەو رەفتارانەی کە بەرامبەر جوولانەوەی سەهیۆنیزم دەکرا .
بە هۆی ئەوەی کە گوایە سەهیۆنیزم بەرچاو تەنگی ئاینی هەیە لەگەڵ دواخستنی پێشکەووتنی مەدەنیەت و زانست لەسەردەمی نوێدا ، هەروا گوتی:– بەڵام لە راستی ئەویش وانیە ، کە لە ناوەرۆکی وتارەکەی ماکس نوردۆدا هاتبوو ئەویش بەهۆی بەرژەوەندیە تایبەتمەندیەکانیان.

١٩٠٧/٨/٣٠ مۆرکردنی رێکەووتننامەی نێوان رووسیای قەیسەری و بەریتانیا ، بە مۆری قەیسەر نیکۆلای دووەم و شانشینی بەریتانیا ئەدواردی حەوتەم ... ئەم رێکووتنەش بووە هۆی ئەوەی کە نیووەی باکووری ئێران بکەوێتە ژێر

دەسەلأتی ڕووسیا ، هەروا نیووەکەی دیکەی باشوور بکەوێتە ژێر دەسەلأتی بەریتانیا .

بەلأم ناوەراستی ئێران لە ژێر دەسەلأتداریەتی شای ئێران مایەوە، گەر چی ناوەندیش لە ژێر ئامۆژگاری بەریتانیا کاروبارەکەی هەلدەسووڕێندرا ، کە شای ئێران وەك پۆلیسێکی جێ بە جێکەر بوو لە وولأتەکەدا .

١٩٠٧/١١/١٤ بۆ یەکەمجار فرۆکەی هیلیکۆپتەر بەرەو ئاسمان هەلسا بەسەرکەوتووانە ... کە لە لایەن داهێنەری فەرەنسی – بۆل کۆرتۆ – بە ئەنجام گەیەندرا ... ئەمەش لەدوای چوار سالْ لە دواکەووتنی ئەم داهێنانە ...کە نموونەکەی بۆ یەکەمجار لەسەر شاری – کیتی هۆك – لەئەمەریکا لە سالْی ١٩٠٣ سوورایەوە . ئەم داهێنانەش بەمەبەستی دامەزراندنی پیشەسازی فرۆکەوانی بوو ، کە لە بنەرەتا پیشەسازیەکی سەربازیە .

بەلأم لە ئەمەریکا بۆ هەردوو لایەنی مەدەنی و سەربازی بەکاردەهێنرا . وا رێکەووت کە یادکردنەوەی ١٠٠ سالەی دروستکردنی فرۆکەی هێلیکۆپتەر کەوتە کاتەکانی لێدانی ئەفگانستان وئێراق ، کە زیاتر لە ١,٥ ترلیۆن دۆلار خرجیەکانی بووە .

سەرچاوە :– دار الحیاة ... ١٠٠٧/١١/١٩.



١٩٠٧/١٢/٢٠ مۆرکردنی رێکەووتنامە بە ناوی پەیمانی – واشنتۆنی پایتەختی ئەمەریکا – ، لە نێوان کۆمارەکانی پێکهاتووی ئەمەریکای ناوەندی پێنجەم ، کە هەلسان بە دامەزراندنی دادگای دادپەروەری بۆ پێنج وویلایەت لە ئەمەریکا ، کە ئەم وویلایەتانە ئەمەریکای لێ پێکهاتووەو بەپێی مادەی /٣٠

لەپــەیمانی فرسـای سـاڵی ١٩١٩، کـە دوای ئـەوە بـووە یاسـایەك لەیاسـا بنەڕەتیەکانی یەکگرتنی وویلایەتەکانی ئەمەریکا لە کێشووەرەکەدا .

١٩٠٨

٣ / ١٩٠٨/٢ شـاری مـەهابادی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان لـە لایـەن هێزەکـانی سـووپای عوسمـانی داگیرکـراو دوای سـێ هەفتـە لێـی کـشانەوە لـە دوای بـە ئەنجامگەیاندنی مەرامەکانیان لە هەرێمەکەدا .

٨ / ١٩٠٨/٣ لـە دوای هـەوڵ و خـەباتێکی بـێ ووچـانی سـەر کردەکـانی ئافرەتـان و کەسایەتیە ناودارەکانی ئافرەتـان ، کە ئـەنجامی بووە هـۆی ئـەوەی کـە ئـەم ڕۆژە بکرێ بە ڕۆژی جەژنی ئافرەتان لە جیهان .

ئـەویش لـە ڕاگەیەندنیکـدا کـە هـەموو سـالێك یـادی ئـەو ڕۆژە دەکرێتـەوە بەبەرگری کردن لە مافەکانی ئافرەت ، لـەپێناو کارو هاوکاری شان بەشانی پیاوان لە هەموو بوارە جیاجیاکان لە جیهاندا .

١٩٠٨/٣/١٨ لە دایك بوونی زاناو فۆلکلۆرستی ناوداری کورد پرۆفیسۆر مامۆستا حاجی جوندی لە باکووری کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا .

١٩٠٨/٤/٢٧ پێشبڕکێی یارییەکانی جامی جیهانی پاڵەوانیـەتی – ئۆلـەمپیات– لەشـاری لەنـدەنی پایتـەختی بـەریتانیا ئەنجامـدراو بـەردەوام بـوو تـاکوو ١٠/٣٠ ی هەمان ساڵ شارەکەدا .

١٩٠٨/٥/٢١ دامەزرانـدنی قوتابخانـەی هونـەرە جوانـەکان لـە شـاری قـاهیرەی پایتـەختی میسر ، لە لایەن ئەمیر یوسف کەمال ، لـە شـەقامی ڕێگـا جـەمامیز لـەخانووی ژمـارە/١٠٠ . ئـەم قوتابخانەیـە ڕۆڵـی گرنگـی گێـرا لەدەرچـوواندنی بەسـەدا کـەس لـە دوای فێرکردنیـان لـە هـەموو بوارەکـانی هونـەری مۆزیکـا و پەیکەرتاشی و وێنەکێشان و چەندین هونەری شێووەکاری دیکە .

سەرچاوە:– دار الحیاة –٢٠٠٧/٥/١٦

١٩٠٨/٦/١٦ بە هۆی هێرشی هێزی چەکدارە کوردەکان بۆ سـەر ئاشووریەکانی لایـەنگری ڕووسـیای قەیـسەری ، کـە بـەو هۆیـە کوونـسلی ڕووسـی لـە شـاری تـەبریز . بروسکەیەکی ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا کرد لە هەرێمەکەدا .

کە کاری بە پەلە نەکرێت بۆ ڕزگار کردنی دانیشتووانی ئاشووری لە ناوچەکانی ، کە گیروگرفت و کووشتاری تیایە لە ڕۆژهەلاتی کوردستانی ژێر دەسەلاتی فارسی و عوسمانی، لە بەردەست تێووەردانی لایەنە پەیووەندداەرکان..

١٩٠٨/٦/٢٢ سەرەك وەزیرانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی – سەدر ئەعزەم– فەرمانی دا بە تاهر پاشای نووێنەری تورك و ئەندامی لیژنەی – جێگیر کردنی سنوور– ، کە هەموو هێزەکانی سووپای عوسمانی لەو ناوە بکشێنەوە ، بۆ ناوچەکانی دیکە کە کێشەی لەسەرە و ماوە نەدرێت بۆ پەلاماردانی دانیشتووانە تورکەکان لە باکووری کوردستان بەپێی ئەو بەلێنانەی کە لێیان وەرگیراوە ، لە لایەن کاربەدەستانی عوسمانی لە هەرێمەکەدا .

١٩٠٨/٦/٢٣ لە دوای مردنی شا موزەفەرەدین لە سالی ١٩٠٦ قۆناخێکی نوێ دەستی پێکرد لەگەلْ شای قاجاری نوێ – مەحەمەد عەلی – کە بڕوای بە کارەکانی شا موزەفەرەدین نەبوو لەبنەڕەتا ، هەرچەندە لەوکات دەنگی بۆ دەستوورو پەرلەمانیشدا .

دوای ئەوە هەلوویستی خۆی ڕاگەیاند دژی جوولانەوەی دەستووری و بووە هۆی ئەوەی ، کە بڕواشی بە ئەنجوومەنی نووێنەران کە ئەندامانی لە مەلایەکان پێك هاتبوو ، نەبێت ئەمانە هەمووی هۆکاری ئەوەبوون ، کە ڕووسەکان پشتی مەحەمەد عەلی بگرن و وەك کودەتایەك . ئەویش بەچەند فرقەیەکی قوزاقی فارسی و بە پشتیووانی سەرکردەی ڕووس هەلووەشاندنەوەی پەرلەمانی ڕاگەیاند و حکوومەتی سەربازی پێکهێنرا .

ئەمەش لەدوای دووسالْ لەبەسەرچوونی یەکەم هەلبژاردن و یەکەم پەرلەمان و یەکەم دەستوور لە وولاتی فارسی و ئەم داروودەستەیان گرت و زۆربەی هەرەزۆریان لە سێدارەدان .

١٩٠٨/٦/٣٠ دۆزینەوەی کەشتییەکی ئاسمانی کە لە دورستکراوی مرۆڤ نەبووەو تەقیتەوە لە ناوچەی– تفگوسگای– هەرێمی سیبیریای ڕووسی، کە زانایان لێکۆلینەوەیان لەسەر پارچەیەك لەو کەشتیە کردبوو. کە کێشەکەی پەنجا

کیلـۆگرام دەبــوو ، کــه ئـەویش بـووە هــۆی وێرانکردنــی زیـاتر لـه ٢٠٠٠ کیلۆمـەتر چوار گۆشه لـه دارسـتانەکانی سـیبیریا. شـایانی باسه کـه تـاکوو ئێستا نهێنیەکانی ئەو کەشتیە بەتـەواوی ئاشـکرا نـەکراوە لەلایـەن دەسـەڵاتە یەك لـه دوای یەکەکانی ڕووسـیا، کـه چـەند کیلۆ مـەترێك لـه زێـی تفگوسـگا دور دەبێ لـه سیبریادا .

١٩٠٨/٦/٣٠ ڕوودانــی پێکــدادان لـــه نێـــوان زەوی و نیـزك ... لـەم ڕۆژەدا ئەسـتێرەی نیـزك لـه ناوچـــەی ســـیبیریا بەکێــشی ٤٥ هــەزار تـەن خۆیـدا لـه زەوی بەقەبارەی ٤٠ مەتر . لــەو خــۆ بــه زەوی دادانـه بووە هـۆی لـه



ڕیشەکێـشانی ٨٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیـۆن لـه دارو درەخـت و ٢٠٠ قـۆرتی لـه زەوی دروستکرد .

... هــەروا خـۆدانی نیـزك لـه زەوی لـه وویلایـەتی ئیریزونـا لـه ئەمـەریکا کـه کێشی ٩٢٠٠ هەزار تەن بوو . ئەو قۆرتە یـاخوود کەندەکە بە بازنـەی ١,٩٢ کـم دروسـتکرد بـه قـوولی ١٧٠ مـەتر ... ئەسـتێرەی نیـزك بـەدەیا جـار پارچەکانی کە لەو ئەستێرە جیادەبنـەوەو دەکەونـە سـەر زەوی مەترسـیدارەو گەر لە شارێك یاخوود لـه ناوچەیەك بدات دەبێتە هۆی وێرانکردنـی بە پێـی قەبارەو گرانی ئەو پارچە جیابووەو لە سەر گۆی زەویدا.

هــەروا ئەسـتێرەی – مزنـب – لـه هــەر ٧٦ سـاڵ جارێك دەردەکـەوێت , کـه یەکـەم دەرکـەووتنی لـه سـاڵی ١٩١٠ بـووەو دوا دەرکەووتنیـشی لـه سـاڵی ١٩٨٦ بووە ، بەرامبەر به دانیشتووانی سەر گۆی زەوی لە جیهان .

هــەروا مزەنــەبی – بنیـت – لــه مـانگی/٤/١٩٧٠ دەرکـەوتووە ... مزەنـەبی – بیلیـه – لـه سـاڵی ١٨٢٦ دەرکـەوتووە ... مزەنـەبی – هیـل ویـب – لـه سـاڵی

١٩٩٧ دەرکەوتووە ... سەرەرای دەرکەوتنی دیکەی لە ماوەکانی رابردوو لەنێوان ئم سالأنەدا ... ئەویش بەهۆی بوونی کامێرای تلسکۆبی هابل و چەندین رێگەی دیکەی تەکنەلۆژیا , کە بەپێچەوانەی بەر لە ناوەندەکانی سەدەی رابردوو بووە لە جیهان .

سەرچاوە :- آيات العلوم الكونية - بەرگی ½ ل/١٦٣ داناني كۆمەڵە زانایەکی جیهانی کە ژمارەیان ٢٦٩ زانایە . چاپی یەکەم /٢٠٠٧ .

١٩٠٨/٧/٦ نووێنەری کورد - شەریف پاشا - وازی لە کاری بالوێزی دەسەڵاتی عوسمانی تورکی هێنا ، کە بالوێزی عوسمانی بوو لە وولأتی سووید بەهۆی تووند رەوی و شۆڤینی دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئازاردانی کورد لە باکووری کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ژێر دەسەلأتی عوسمانی لە کوردستاندا .

١٩٠٨/٧/٩ لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی دەسەلأتی عوسمانی تورک سەرهەڵدانی کێشەکان دەرکەووتن ، کە ناکۆکی گەیشتە ناو ئەنجوومەن ، کە لەوکات رەزا شا بەرگری لە ئیتحادیەکان دەکرد ، بەلأم ئیسماعیل شا دژی هەلووێستی ئیتحادیەکان وەستا.

١٩٠٨/٧/٢٣ کۆبوونەوەی کۆمەڵێك لەپێنووسە رۆشنبیرو رووناکبیری خێرخوازی کورد لەشاری ئەستەمبۆلی تورکیا ، لە پێناو دامەزراندنی کۆمەڵەی کوردی بۆ راست کردنەوەی رۆژنامەی کوردی لە پێناو خزمەتی زمان و کەلتوورو داب و نەریت و مێژووی کورد لە کوردستاندا .

١٩٠٨/٧/٢٣ بەرپابوونی کودەتای کۆمەڵەی ئیتحادیەکان لە تورکیای ژێر دەسەلأتی عوسمانی ، کە بووە هۆی دامەزراندنی دەووڵەتێکی دەستووری ئیمپراتۆری عوسمانی تورك ، کە ئەویش کاردانەوەی خراپی کردە سەر بزووتنەوەی رزگاری کورد لە کوردستان بەتایبەتی لە باکووری کوردستان .

١٩٠٨/٧/٢٣ بە هەفتەیەك لە دوای راگەیاندنی شۆرشی دەستووری دەووڵەتی عوسمانی ، ئیبراهیم پاشای مللی راپەرینی خۆی راگەیاند لەپاریزگای دیاربەکر لە باکووری کوردستان ، کە لەو کاتە بەرەو شاری منەوەرەی سعوودی

دەگەراوە

بـەلام ئـالآی راپـەرینی دژی دەسـەلآتی عوسمـانی راگەیانـدو گـەراوە شـاری ویرانــشەهرو گــەمارۆی هێزەکــانی ســووپای عوسمانیــدا لــە شــارەکەو دەوورووبــەری ، بــەلآم لــە دوای بلآوبوونــەوەی ئــەو کــارە دانیــشتووانی پارێزگای دیاربەکر تووشی دلخۆشیەکی سەرسوورمان بوون ، لەهـەمان کات وەزیـری جەنگی عوسمـانی راگەیانـدنی بلآوکـردەوە ، ئـەویش بـە نـاونووس کردنی هێزی سووپای یەدەگی فریاکەوتن لەپارێزگای دیاربـەکر لـەباکووری کوردستان .

١٩٠٨/٧/٢٤ لە ئەنجامی هەولّو توانای کۆمەڵەی ئیتحادو تـەرەقی و بەرپابوونی راپـەرین لە لایەن ئەندامەکانی ، لە ئاکامی ئەو راپەرینەو لە باری بارودۆخەکە پرژانە ناو هێزەکانی سووپای عوسمانی و دامودەزگا هەمەجۆرەکانیدا .

کـە کاردانـەوەی کـردە سـەر دەسـەلآتی عوسمـانی و پاڵەپەسـتۆی لـە سـەر دەســەلآتی ســولتانی عوسمــانی ســولتان عبدالحمیــدی دووەم ، بــە لــەکار وەستاندنی دەستووری ساڵی ١٨٧٧دا .

١٩٠٨/٨/١٧ دامەزراندنی لقی کۆمەڵەی ئیتحادی و تەرەقی لە شاری سلێمانی لەباشووری کوردستان لە لایەن ئاغا فەتحوللا چەلەبی .

١٩٠٨/٨/٢٢ یەکەم دورستکراوی شەمەندەفەر دەستی بەکارکرد ، کە لـە شـاری مەدینـەی منەوەرەی سعوودی گەیشتە شاری دیمەشقی پایتـەختی ئێستای سـووریا ، کە ئەمە خەونێکی بێ وێنە بوو لەلایەن وولآتانی ئیسلام لە هـەرێمی شـام کـە سێ ڕۆژی خایاند .

١٩٠٨/٩/٢٥ بۆ یەکەم جار لە مێژوی کورد لە تورکیای عوسمانی یانەی کوردی لـە تورکیا دامەزرا ، بە مەبەستی کردنەوەی قوتابخانەو کردنی زمانی کـوردی بـە زمـانی رەسمـی و دامەزرانـدنی فەرمانبـەری کـورد لـە دامو دەزگـا هەمەلایەنـەکانی دەووڵەتی عوسمانی داگیرکەری خاکی کوردستان.

١٩٠٨/٩/٢٥ دامەزرانـدنی کۆمەڵـەی هاوکـاری و تـەرەقی کـورد لـە دوای سـەرکەووتنی کودەتای مانگی١٩٠٨/٧/ دژی سـولتانی عوسمـانی سـولتان عەبدولحەمیـدی دووەم .

ئەم کۆمەڵەیە توانی گۆڤارێك دەربکات بەناوی – کورد هاوکاری تەرەقی گەرتسی – کورد و تعاون وترقی گەزتسی – کە ببێتە زمانحاڵی و ئەم کۆمەڵەیە بە نووسەرو شاعیری ناوداری کوردی – پیرەمێرد – بەخاوەنی ئیمتیاز دەست نیشان کراوو ، لە هەمان کات بەرپرسی نووسین ...لە هەمان کات ئەحمەد جەمیل دیاربەکری بەسەر نووسەر هەڵبژارد .

کە گۆڤارەکە لە چاپخانەی – سیلانیك – و – ناوەند – دەرکرا لەشاری ئەستەمبوڵ لە تورکیا ، ئەم گۆڤارەش دەگەیشتە زۆربەی شارەکانی کوردستان بەگشتی و کاردانەوەیەکی گرنگی بینی لەبەرزکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و رۆشنبیری و بووە هۆکاری ئەوەی ، کە ئەم کۆمەڵەیە چەندین لقی لەشارەکانی کوردستان بکاتەوە لە هەموو شارەکانی کوردستان بە باکوورو باشووریەوە .

١٩٠٨/٩/٢٥ دامەزراندنی کۆمەڵەی بەرزی پێشکەوتنی کوردی لە شاری ئەستەمبوڵ لە لایەن – ئەمیر عالی بەدرخان –ژەنەراڵ شەریف پاشا– شەهید سەید عەبدولقادر، لە پێناو بە رۆشنبیر کردنی گەلی کوردستان و لە پێناو بەهێزکردنی بزووتنەوەی ڕگاریخوازی کورد لە باکووری کوردستان.

١٩٠٨/١٠/٥ وولاتی بوولگاریا سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند ، بە جیابوونەوەی لە ژێر دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و لەژێر سەرکردایەتی ئەمیر فردینالند ، بەلام دوای ئەوە نازناوی خۆی گۆڕی بۆ ناوی قەیسەری بوولگاریا ... و بەردەوام بوونی تاکوو ساڵی

١٩٤٦/٩/٨ به راگەیاندنی كۆماری بوولگاریا
كه ناوی پایتەختەكەی – سۆفیا – یەو ژمارەی دانیشتووانی ، ١,٣٩٠,٠٠٠ ملیۆن كەسه . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەكەی ، ٩,٨٥٠,٠٠٠ ملیۆن كەسه . هەروا رووبەری وولاتەكەی ١١٠,٩١٠ كیلۆ مەتر چوار گۆشەیه . هەروا چڕی دانیشتووانەكەی ، ٤٠٨ كەس له یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەكانی ، بوولگاریەكان ٨٧٪ . تورك ١١٪ ز له وولاتەكەدا .

١٩٠٨/١١/٧ به پێی پەیمانی هەرێمەكانی تەوەری شەڕو ڕێكەووتن له نێوان نەمساو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی مۆركرا ... كه نەمسا قەرەبووی داگیركردنی بۆسنەو هرسكی گێراوە ، كه دەسەلاتی تێدا دەگێڕا هەر چەندە وویلایەتی كانتا له ژێر دەسەلاتی عوسمانیدا بوو، بەلام دوای ئەوە ئیمپراتۆریەتی نەمسا خستیه ژێر دەسەلاتی خۆی ، كه بووە هۆی لێك ترازانی پەیووەندی له نێوان بۆسنەو هرسك لەگەڵ نەمسا له بەر ئەوەی سربیا داوای خاوەنداریەتی بۆسنەو هرسكی دەكردەوە له هەرێمی بەلكاندا .

١٩٠٨/١١/٩ بلاو كردنەوەی یەكەم ژمارەی ڕۆژنامەی – كورد– لەلایەن زاناو كەسایەتی و شاعیری نەتەوەی كورد تۆفیق بەگ– پیرەمێرد– لەشاری ئەستەمبۆلی پایتەختی ئەوسای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ، كه سەرنووسەرەكەی– ئەحمەد جەمیل پاشا– بوو. له شارەكەدا .

١٩٠٨/١١/٢٣ جێگری كوونسلی پرووسیای قەیسەری– ئكیمۆفیتش– له شاری ئەستەمبۆلی پایتەختی دەسەلاتی عوسمانی نامەیەكی ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی پرووسیا كرد .

به ناوی ئەوەی كه نادی كورد لەهەرێمی یەریڤان و باكووری كوردستان، كه ژمارەی ئەندامەكانی له ٧٠,٠٠٠ هەزار ئەندام زیاتر بووە. له دوای دامەزراندنی نادیەكه له هەرێمەكەدا .

١٩٠٨/١١/٢٩ بلاوكردنەوەی یەكەم ژمارەی ڕۆژنامەی – التعاون والترقی الكردی– له شاری ئەستەمبۆل لەلایەن تۆفیق بەگ – پیرمێرد– ی شاعیری گەورەی نەتەوەی كورد بووه له كوردستان.

١٩٠٩

٥ / ١/ ١٩٠٩ لە دوای ناردنی شێخ سەعیدو بنەماڵەکەی بۆ شاری مووسڵ ، بەپێی پیلانێکی داڕێژراو لەلایەن کار بەدەستانی وویلایەتی موسڵ ، لە ئەنجام شێخ سەعیدو شێخ ئەحمەدی کوڕیو چەندین کەسایەتی دیکەی کورد شەهید کرانو شێخ مەحمودی حەفید بریندار کرا لە کردەوەیەدا .

١٩٠٩/١/٢٢ لە دایك بوونی فەیلەسوف سۆفیگەری رۆژئاوای سەدەی رابردوو – مارتن لێنگس – لە هەرێمی لانکشاری وولاتی ئینگلتەرا ... خووێندنی لە کۆلێژی ماگدلینی لەزانکۆی ئۆکسفۆرد تەواوکردووە ...لەچەندین زانکۆی دیکە خووێندنی تەواو دەکات و بۆ ووتنەوەی زمانی ئینگلیزی بەرەو لیتوانیا دەچێت . لە ساڵی ١٩٢٩ روو لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسر دەکات و لەزانکۆی قاهیرە دەبێتە یاریدەدەری گوینۆن ی فەلسەفەی فەرەنسی . لەدوای شۆرشی میسر لە ساڵی ١٩٥٢ و ئەم وولاتە بەجێ دێڵێ .
هەروا بروانامەی دکتۆرا لە سەر ئەحمەد ئەلحەوی سوفی پێشکەش دەکات و لە ساڵی ١٩٦١ بە ناوی وەلی سۆق ، لە سەدەی بیستەم بلاوی دەکاتەوە .
هەروا لە ساڵی ١٩٧٥ پەرتووکێك بەناوی – هێماونموونەکان لە ئیسلامدا – بلاودەکاتەوە .
ئەم مرۆڤە لە ژیاندا پێنووسەکەی بەرهەم هێنانی لە پەرتووکی گرنگ بەردەوام دەبێت تاکوو لە ٢٠٠٥/٥/١٢ کۆچی دوایی دەکات و بەرهەمەکانی وەك خەزنەیەکی پر لە بەهاکانی جێ دێڵێ لە وولاتەکەیدا .

١٩٠٩/٢/٨ سوڵتانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی سولتان عەبدولحەمیدی دووەم لەلایەن تورکە ئیتحادیەکان لەدەسەلات لابرا .

١٩٠٩/٢/٢٥ شاندێکی کوردی ئێزدی بە سەرۆکایەتی – ئیسماعیل پۆل – لە گەڵ بەرپرسانی دەسەلاتی عوسمانی کۆبوونەوەیەکی رێکەووتنیان لە سەر ئازاردانی ئێزیدیەکان مۆرکرد ، بەلام ئەنجامەکەی بێ سوود بوو ، بەهۆی هەلوویستی شۆڤینیانەی دەسەلاتی عوسمانی بەرامبەر بە کورد لە

کورستاندا . بەتایبەتی لە هەرێمی باشووری کوردستان .

١٩٠٩/٣/٣١ بە هاندان و پشتگیری سولتان عەبدولحەمید شۆرشی بەناو دژی دەستوور بـەرپابوو ، بـە نـاوی شۆرشــی دەروێـشەکان . ئـەویش بـەلابردنی بنـەما بنەرەتیەکانی دەستووری عوسمانی وگەرانەوەی بۆ جێ بەجێکردنی تەواوی شـەریعەتی ئیسلامی لـە سـەر هـەموو ناوچـەو هەرێمـەکانی ژێـر دەسـەڵاتی عەبدولحەمید ، لە ئەنجام بووە هۆی لابردنی سولتان عەبدولحەمید و کردنی محەمەد رەشاد بە سولتانی عوسمانی ، بە ناوی سولتان محەمـەدی پێنجەم لە سەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تاکوو هەرەس هێنانی ئیمپراتۆریەتەکە.

١٩٠٩/٤/٢٧ ســولتان رەشــاد بــە نــاوی ســولتان محەمــەدی پێنجــەم ، دەســەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی گرتە دەست ، لەدوای لە دەسەڵات لابردنی سولتان عەبدولحەمیدی دووەم ، لە سەردەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا .

١٩٠٩/٤/٢٧ کۆبوونــەوەی ٢٤٠ ئەنــدامانی ئەنجوومــەنی ئــەعیان ، لــە کۆبوونــەوەی هاوبــەش و بریــاری تەواویانــدا بــەدامالینی دەســەڵات لــە دەســت ســولتان عەبدولحەمیـدی دووەم و رەشنووسـەکەی دەسـتوور بـۆ بریـاردان لەسـەری ئامادە کرا .

بەڵام ئەمینداری فتواکە نوری ئەفەندی بوو خۆی داوای ئەو کۆبوونەوەی کرد بوو ، ئەو داوایەی رەتکردەوە تەنیا هەندێ لە بەشەکانی کۆتایی نەبێت ، کە ئەمەش کودەتایەکی سەرەکی بوو لە بەلاوەنانی دەسەڵاتی عوسمانی لە پێناو بەهێزترکردنی دەسەڵاتی عوسمانی بەپێی گۆرانکاری سەردەمیانەدا .

١٩٠٩/٤/٣٠ بە هـۆی کار لێکردنـی رامیاریـەتی لـە کۆمەڵـەی ئیتحـادو تـەرەقی و کودەتـای دەستووری لەسـەر دەسـەڵاتی عەبدولحەمیـد ، بە یارمـەتی دانـی جوولەکـە لـە داهـاتووی دەسـەڵاتی نـوێی تورکیا ، کـە ئـەم کارە لـە ئـەنجام سـەرکەووتنی بەدەست هێنا لە هەموو بوارەکان . کە ئەم رۆژە ناوزەند بوو بە رووداوی ٣١ / مارت لە ساڵەدا .

١٩٠٩/٧/١٦ بــە هــۆی درووســت بــوونی کێــشەو ململانێــی لــە نێــوان جوولانــەوەی دەسـتوریەکان و دەسـەلاتی سـەربازی لـە وولاتـی فـارس ، هێزێکـی ٥٠٠٠ پێـنج هـەزار چـەکدار لـە بەختیاریـەکان – هـۆزە ئێرانیـەکان – بـەرەو تـارانی پایتەختی وولاتی فارس بەرێکەووت لە ئەنجام فرقەی قۆزانیەکان دەسەڵاتی

مەحەمەد عەلی بەلاوەنا و زۆربەی زۆری شارەکانی وولاتی فارسیان داگیرکردو بووە هۆی ئەوەی کە مەحەمەد عەلی شا ڕوو لە باڵوێزخانەی ڕووسیای قەیسەری بکات و دوای ئەوە بەرەو ڕووسیا هەڵات ، دوای ئەوە سەر لە نوێ پەرلەمان پێك هێنرایەوە و بڕیاری لەدەسەڵات خستنی مەحەمەد عەلی شایان داو عەزد ئەلمەلك سەرەك هۆزی قاجار کرا دەسەلاتدار لەسەر ولاتی فارسدا .

کە ئەمەش بووە هۆی بەرپابوونی شەڕ لە نێوان ڕووسیای قەیسەری و دەسەڵاتی مەشرونیەکان ، کە بەریتانیەکان لەگەڵ عەزد ئەلمەلك و لایەنگرانی بوون – واتە جووڵانەوەی دستووری – کە ئەمەش ڕوون بوو ، بە جیاوازی لە نێوان هەردوو دەووڵەتی دەرەکی ڕووسیاو بەریتانیا کە کاریگەری لەسەر وولاتی فارس هەبوو هەریەك بۆ ئەوەی دیکە پشتگیری دەکردلە پێناو بەرژەوەندی تایبەتیان لە وولاتەکەدا .

١٩٠٩/٧/٢٦ لە دوای بلاوبوونەوەی دەنگ وباسی هەڵوواسینی فلیمی سینەمایی لە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا لە ١٨٩٥/٤/٢٨، کە دانیشتووانی شاری بەغداش بەم کارە سحراویەیان زانی و بەکارێکی هونەری بێ وێنەیان لەقەڵەمدا ، لە دوای هەوڵێکی زۆر لەم ڕۆژەشدا لە دارولشەفا کە دەکەوێتە کەرتی گەرەکی کەرخ بۆ یەکەمجار نیشانی دانیشتووانی شاری بەغدایان دا کە لەوکاتە فلیمەکان پێیان دەگووترا فلیمی یاریەکان .

دوای ئەوەش بە دووساڵ واتە لە ١٩١١/٩/٥ بەچاودێری والی بەغدا – ئەحمە جەمال بەگ –ولە دوای ڕۆژئاوابوون فلیمێکی بێ دەنگیان نیشانی دانیشتووانی شاری بەغدا دا لە گۆرەپانی – پستان – لەگەرەکی عوینە لە تەك کەرتی رەسافە .

کە تابلۆیەك لەو فلیمە دەردەکەووت ، ئەویش تەرمەکەی شانشینی ئینگلتەرا ئەدواردی حەوتەم بوو ... دوای ئەوەش کە بەریتانیا لە ١٩١٧/٣/١١ گەیشتە ناو خاکی ئێراق و شاری بەغدا ، وزەی کارەباش لە شاری بەغدا داگیرساو زیاتر گرنکی بەبواری سینەمە درا لە گۆرەپانەکان و لە هۆڵە شانۆییەکان .

بەلام بەشێوویەکی فەرمی شاشەی سینەما لە ئێراق لە ساڵی ١٩٢٧

هەڵوواسـرا لـە سـینەمای نیشتیمانی ئێراقـی لـە شـاری بەغـدای پایتـەختی ئێستای ئێراق .

١٩٠٩/١٠/١٥ بڵاوکردنـەوەی یەکـەم ژمـارەی گۆڤـاری – شـروقیەت– بـە زمـانی فەرەنـسی لەپاریـسی پایتـەختی فەڕەنسا ، لەلایـەن کەسایەتی نـاوداری کـورد ژەنـەراڵ شەریف پاشای خەندان .

١٩٠٩/١١/٢١ ڕۆژنامـەی – ڕەقیـب– کـە باشـترین ڕۆژنامـەی ئـەو کـاتی وویلایـەتی بەغـدا بووەولە بابەتێکی بلاوکروەیدا لە ژمارە/ ٦٦ی دا ، کە لە بەغدا چاپکرا داوا لە لە تورکەکان دەکات و دەڵێ :–

پێوویـستە لەسـەر حکوومـەتی دەسـتووری عوسمـانی لـە وویلایەتـەکانی ئـەو کەسـایەتیانە دابمـەزرێنن ، کـە زمـانی ناوچـەکەو نەتەوەکـە دەزانن ، واتـە لـە کەسـایەتی نەتـەوەی دانیـشتووانی ناوچـەکە بـێ نـەك یـەکێکی دیکـە دابمەزرێنن و ببێتە هۆکاری چەوسانەوەو ئێش و ئازاردان.

١٩١٠

١٣/ ١ /١٩١٠ تـیرۆر کردنـی سـەرەك وەزیرانـی میـسر – بـترۆس غـالی – لەلایـەن ئیـبراهیم ناسف وەردانی لە کۆمەڵەی هاوکاری برایەتی لەمیسر.

١٣/ ١ /١٩١٠ کۆچـی دوایـی شـاعیرو نووسـەری نەتـەوەیی نـاوداری کـورد – شـێخ ڕەزای تالـەبانی – لـە شـاری بەغـداو گۆڕەکـەی لەمەزارگـەی شـێخ عەبـدولقادری گەیلانیە لە شارەکەدا .

٨ / ٢ /١٩١٠ دامەزرانـدنی کۆمەڵـەی هـەیڤی لـە شـاری ئەسـتەمبوڵ ، کـە ئێـستا ئـەو پارێزگایە زیاتر لە ٣,٥٠٠,٠٠٠ ملیۆن هاووڵاتی کوردی لێی نیشتەجێن .

یەکەم :– بە هۆی گواستنەوەیان لەجێگەی ڕاستەقینەی خۆیان کە باکووری کوردستانە .

دووەم :– بە هۆی هەژاری و گەڕان بە دوای دابینکردنی بژێووی ژیاندا .

شایانی باسـە کە لـە دوای بەکۆمـەل کوژیەکـەی ئەرمـەن و کـورد لـە باکووری کوردسـتان لـە سـاڵی ١٩١٥ لەلایـەن دەسـەڵاتی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی زۆربـەی زۆری دانیـشتووانی کوردسـتان پەرگەنـدەو تووشـی ئـاوارەی بـە کۆمـەڵ بـوون وهـاتن ، کـە بـاکووری کوردسـتانی ژێـر دەسـەڵاتی تورکیـای ئێستا کە زیاتر لە ٢١٢,٠٠٠ هەزار کیلۆمەترچوار گۆشەو ژمارەی کورد لە

توركیا زیاتر لە ۲۲,۰۰۰,۰۰۰ ملیۆن كورد دەبێت لە دوای ساڵی ۲۰۰۵دا .

۹ / ۳ / ۱۹۱۰ مـۆركردنی ڕێكەووتنامـە لـە نێـوان وویلایەتـە یـەكگرتووەكانی ئەمـەریكاو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ، بۆ ماوە زیاتر پێدانی ئەمەریكا بە دورستكردنی سێ/ ۳ هێڵـی ئاسـنی شـەمەندەفەرو گـەڕان بـە دوای دۆزینـەوەی چاوگەی نەوت بە درێژی/۲۰ كیلۆمەتر لەسەر هەردوو لایەنی ئەو سێ هێڵە ئاسنیەدا

.

ئەویش دوای دامەزراندنی كۆمپانیاكە بەناوی – شركة الانماء العثمانیة – الامریكیة – و هەلكەناندن ، ئەویش لە باشووری كوردستان ، بە تایبەتی لەبابـە گوڕگـوڕی كـەركوكی كوردسـتان و ناوچـەی كەنـدێناوەو ناوچـەی خانەقین

كـە جێگـەی دەرخستنە كـە نـەوت لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت یەكـەم جار لـە ناوچەكانی باشووری كوردستان بەر لە وولاَتانی ئێستای كەنداو بووە ۰۰۰ بـەڵام كـورد بـە هـۆی كێـشەو ململانێـی نـاوخۆو پاراسـتنی بەرژەوەنـدی دەسەڵات و تیرەو ئاین نە ۰۰۰؟ ۰۰۰! ۰

۱۲/ ٤ /۱۹۱۰ هێزە چەكدارەكانی كورد لە باشووری كوردستان بەشداری ڕاپەڕینـە جۆراو جۆرەكـانی دژ بـە بـەریتانیاو ئیمپراتۆریـەتی عوسمانیـان كـرد ، لـە هـەردوو بواری نەتەوەیی و نیشتیمانیدا .

۱۹۱۰/٤/۲۱ كۆچی دوایی ڕۆمان نووسـی ڕۆژئاوای وویلایەتـە یـەكگرتووەكانی ئەمـەریكا – مارك توووین – لە وویلایەتی كرنكیك ...شایەنی باسە ئەم ڕۆژنامەنووسە لە مانگی/ ۱۸۳٥/۹ ، لە وویلایەتی میسووری لەدایك بووە ، مارك توووین لە تەمـەنی دە سـاڵان بـاوكی دەمرێـت و ناچـاردەبێت ڕوولـەكاركردن بكـات لـە پێناو دابینكردنی بژێوی ژیانیدا ، دوای ئەوە بەهۆی شەڕی ناووخۆی نێوان وویلایەتـەكانی بـاكوورو باشـوورلە ئەمـەریكا و بەناچـاری لـە سـاڵی ۱۸٦۱ دەبێتە سەرباز.

دوای ئەوە لە ساڵی ۱۸۷٦ ڕۆمانە بەپێزەكەی– تۆم سـۆیەر – دەنووسێت ، كە باس لە دوومناڵ دەكات ، دوای ئەوەی لە ساڵی ۱۸۸٤ ڕۆمـانێكی دیكـە دەنووسـێ بـە نـاوی – هـۆگلیریڤن– و بـلاَوی دەكاتـەوەو بـەردەوام دەبێـت لـە

نووسینە هەمەجۆرەکان.



١٩١٠/٥/٣١ ئەفریکیای باشوور سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاندو لە هەمان کات پارتی نیشتمانی ئەفریکی دامەزرا ، کە لەلایەن کەسایەتی و ڕۆشنبیرانی تیرەی بووێر سەرکردایەتی دەکرا ، هەر لەو کاتەش پارتی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریکیا دامەزرا لە پێناو بەرگری کردن لەمافی زۆرینەی ڕەش پێستەکان لە وولاتەکەدا .بە ناوی کۆماری باشووری ئەفەریکیا . و پایتەختی یاسابی شاری – کاپ – ە و ژمارەی دانیشتووانی ، ٢,٠٦٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . و ناوی پایتەختی کارگێری وولاتەکە – بریتۆریا – یەو ژمارەی دانیشتووانی ، ١,٤٠٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکە، ٤٥,٨٧٥,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری وولاتەکە . ١٢,٢١٠,٤٢٠ کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانی . ٩٧ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، رەش پێست ٧٥٪ . سپی پێست ١٤٪ . رەنگاورەنگەکان ٩٪ . لە وولاتەکەدا .

١٩١٠/٦/١٤ دەرچوونی گەلانی ڕووسیا لە کۆیلایەتی و هەژاریەتی ژێر دەستەی دەسەڵاتی قەیسەری ڕووسیاو بوونیان بە جووتیارو دابەشکردنی زەوی بەسەریان و ڕووکردنە بواری کشتووکالی ، کە کۆیلایەتی لە ژێر دەسەڵاتی قەیسەرە یەك لەدوای یەکەکان زۆر گران و کووشندەو دژووار بووە لە وولاتەکەدا .

بە تایبەتی لە دوای کۆتایی جەنگەکانی نێوان فەرەنساو ڕووسیا.

لەلایـەکی دیکـە بـەرپابوونی جـەنگی یەکـەمی نێـوان ڕووسـیاو دەسـەڵاتی عوسمانی لە سەر خاکی کوردستان.

١٩١٠/٩/١٠ نووسەرو ڕووناکبیرو ئەدیبی ناوداری جیهانی – تۆلستۆی– کۆچی دوایی کـردووە ، کـە تـاکوو ئێـستاش بەرهەمـە ناودارەکـانی لـە هـەموو بوارەکـان کاردانەوەی کاریگەری خۆی هەیە لەجیهاندا .

١٩١٠/١٠/١٠ کۆمەڵـەی هـەیڤی لەلایـەن عومـەر جـەمیل بـەگ پاشـاو قـەدری جـەمیل پاشـاو فوئاد تەمۆ بـەگو ئـەکرەم جـەمیل پاشـاو مەمدوح سـەلیمەوە دامـەزرا ، دوای ئـەوە دەسـتی کـرد بـەبلاو کردنـەوەی گۆڤارێـك بـە نـاوی ڕۆژی کـورد ، دوای گـۆڕا بـە نـاوی هـەتاوی کـورد ، لـە پاشـان گـۆڕا بـۆ نـاوی ژیـن. لـە باشـووری کوردستان .

١٩١٠/١٢/١٩ لە دایـك بـوونی نووسـەرو وێنەکێشی فەرەنسی بـەناونگ – ژان ژینیـێ– لـە بـاوکێکی نادیـارو دایکێـك ، کـە دوای چـەندین مـانگ وازی لێـدێنێتو دواتـر لەپەناگەی هەتیوان سپاردیە خێزانێك لەگوندی – لبنی– لە فەرەنسا .

١٩١١

١٩١١/١/١٤ لــە مــاوەی ٧٢ ڕۆژ بــەفرێکی بــێ وێنــە لەشــاری هــەولێرو دەوروبــەری لەهـەرێمی باشـووری کوردسـتان باری بـەبێ پـچران ، کـە بـووە هۆیگـۆڕینی بـاری کـەش و هەوایەکـە بـارێکی بەسـتەلەکیو کاردانـەوەی لـە سـەر بـاری ژیـانی دانیـشتووانە کـە بـە بلاوبوونـەوەی برسـیەتیو نەخۆشـی نالـەبار بـە تایبـەتی گرتنـەوەی ئـاژەلی کێـوی وەك ، گـورگو چـەقەلو کـەمتیار، لەهـەمان کات کاری کردە سەر دانیشتوانی ناوچەکەدا .



١٩١١/١/٣١ کۆمپانیــــــــه نەوتیـــــــەکانی ئـــــــەڵمانیا ناچاربوون کە ماف بەرهـەم دەرهێنـانی نـەوتی ئێـراق ، کـە زۆربــەی لــە ســەر خــاکی کوردســتان بـوو لــە پارێزگــای کـەرکوك وخانـەقین و کەنـــــدیناوەی ســـەر بەناحیــەی دیبەگـــــــەی پارێزگـای هـەولێر لـــــە باشـــــووری کوردســـــــتان بفرۆشێتە کۆمپانیەکانی بەریتانیا – ئەنگلۆ – پێرشیان نۆبل کۆمپانیا – و – ئەنگلۆ – سگۆینە – بەرامبەر ٢٤ بەش لە کۆی ٨٩ هەزار بەشدا لە بەرهـەم هێنانی نەوتی خام لەخاکی ئێستای ئێراق کە ئەوکاتە لە وویلایەتی مووسـل ئەو نەوتانە بەرچاوی بەرهـەم هێنـانی بەرەو بە ئەنجام گەیاندن هـەنگاوی دەنـا ، لــە ئەنجامــە داهاتووەکـــان بــەریتانیا و ئەلمانیابەهاوکاریـــەتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەتایبەتی لە سەرخاکی باشووری کوردستان .

١٩١١/٢/٦ لـە دایك بوونی ئەکتـەری نـاوداری ئەمـەریکی – ڕۆناڵد ریگـان ، دوای ئـەوە رووی لــە بــاری رامیــاری کــردو بــە هــۆی زیرەکــی تــوانی ببێتــە دادوەری وویلایەتی کالیفۆرنیا ، دوای ئەوە بووە سەرۆکی ئەمەریکا کە بووە ژمارە/ ٤٠ لە گرتنە دەستی پۆستی سەرۆکایەتی لە ئەمەریکادا .

١٩١١/٢/٢٤ بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی – حواث – کـە رۆژنامەیـەکی تورکی

بوو ، بە سەرپەرشتی ئەحمەد قوودس زادە ، بۆ ماوەی حەوت ساڵ بەردەوام بوو لەدەرچوونی لە شاری کەرکوك لەهەرێمی باشووری کوردستان ، بە پشتیووانی یارمەتی دارایی دەسەڵاتی عوسمانی لە پێناو بڵاوکردنەوەی هەستو بە هێزکردنی بە بوونی بیری نەتەوەیی تورك لە پارێزگاکەدا .

١٩١١/٣/٧ دەسەڵاتی وولاتی یەمەنی ئەوکات نووێنەریان ڕەوانەی باکووری کوردستان کرد ، لەپێناو پەیووەندی کردن لەگەڵ هەندێ لە کەسایەتیە ناودارەکانی کورد ، لە ناوچەی شارەکانی دیاربەکرو موشو خنسو ناوچەکانی دیکە لە باکووری کوردستان ، کە لە گەڵ نووێنەری ئاینی – ئیمام یحیا– کۆبوونەوە یان ئەنجامدا لەشاری مۆش لە هەرێمەکەدا .

١٩١١/٦/٦ بڵاو کردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری – ڕۆژی کورد – لە شاری ئەستەمبوڵ تورکیا ، کە ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە بەرۆشنبیر کردنو بەرز کردنەوەی هەستی نەتەوەیی نیشتیمانی لە کودستان بەتایبەتی لە باکووری کوردستان.

١٩١١/٧/١٣ هەندێ لە داواکاری تۆرانیەکان کۆمەڵەیەکیان پێك هێنا بەناوی – کۆمەڵەی تورك ئۆجاغی– لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی کە بەمانای نیشتمانی تورك دێتو دوای ئەوە چەندین لقیان لە زۆربەی شارەکانی تورکیا کردەوە .

ئەویش لە پێناو دەرخستنی بوونی نەتەوەی تورکو سەرکردەکانیان لەجەنگیزخانو ئۆغوزو هۆلاکۆو تەیمووری لەنگ... لە هەمان کات داواکاریەکانیان بە ناوی ئەوە بوو ، کە ٤٠ ملیۆن تورك لە ژێر دەسەڵاتی ڕووسیا دایە لەئاسیای بچوكو قەفقاردا ، کە ئەمانە دەووڵەتی عوسمانیان لێپێکهاتووە لە ناوچەکەدا ....!.

بەڵام لەڕاستی ئەوە ڕاستی تێدانیە ، کە بەم شێووەیە کۆمەڵەی تورك ئۆجاغی کاری بۆ کردبوو تەنیا بیری شۆڤینی نەبێت لەژێر باڵی ئیمپراتۆریەتەکەدا .

١٩١١/١٠/٢ لە دایك بونی –جاك ڤینی– لە وویلایەتی ویسکنسن لە شارۆچکەی هیلۆکی ، کەخاوەنی بەدەیا چیرۆکی خەیالی بووەو کاری کردۆتە سەر بواری

پیشەسازی ڕاگەیاندن .

١٩١١/١٠/٢١ مـــۆرکردنی ڕێکەووتننامـــە لـــە نێـــوان ڕژێمـــی فارســـی ئێـــران و ڕژێمـــی ئیمپراتۆریـــەتی ، ئـــەویش لـــە پێنـــاو چارەســـەرکردنی کێـــشەی ســـنووری لـــە نێوانیاندا کە زۆربەی زۆری سنوورەکانی نێوان هـەردوو دەسـەڵاتەکە لەسـەر خاکی ڕۆژهەلات و باکووری کوردستان بوولە کێشووەری ئاسیادا .

١٩١١/١١/٨ دامەزرانـدنی پـارتی – حـزب الحریـة والائـتلاف – لـە پێنـاو یـەکبوونی یـەك ووشەی بەرهەڵستکاریو ، لە پێناو ڕاکێشانی نەتەوەکانی کە تورك نین و دژی ئیتحادیەکان... شایانی باسە ئیتحادیەکان بیری شۆڤینیان بەهێزبوو لە بە تورك کردنی نەتەوەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی ، بە تایبـەتی لە باشوورو باکووری کوردستاندا .

١٩١١/١٢/٨ بۆ یەکەم جار لە شاری بەغدا بەردی بناخەی پـەیمانگای مامۆستایان دانرا ، ئـەویش لـە پێنـاو پێگەیانـدنی مامۆسـتای فێرکردنـی خوێنـدکاران لـە شارەکەو شارەکانی دیکەی وویلایەتی بەغدا .



١٩١١/١٢/١١ لـــەدایك بـــوونی ئـــەدیب و نووســـــەرو ڕوونـــــاکبیری نیشتیمانی گـەورەی عـەرەبی – نـــەجیب مـــەحفوز – لـــە گـەرەکی جەمالیـە لـە شـاری قاهیرەی پایتەختی میسر ، ئەم نووســـەرە ناوەکـــەی بـــەناوی دکتـۆرێکی جیهـانی کـراوە ، کە ئەو دکتۆرەی سەرپەرشتی لـــەداکیك بـــوونی نـــەجیب مەحفوز کردبوو لە شارەکەدا . شـایانی باسـە ئـەو ئەدیبـە لـە ساڵی ١٩٣٤ خەلاتی لیسانسی لە ئاداب لەبەشی فەلسەفە وەرگرتووە . هـەروا لـە سـاڵی ١٩٨٨ خـەلاتی نـۆبلی پێبەخشراوە ، لـەدوای سـاڵەکانی ١٩٣٦ دەسـتی کـردووە بـە نووسـینی کورتـە چیرۆك لـە دوای دامەزرانـدنی

بەفەرمانبەری میری ، دوای ئەوە بەردەوام بووە لە بوارەکانی نووسینی ڕۆمان و چیرۆك و چەندین لایەنی دیکە تاکوو کۆچی دوایی کردووە لە وولاتەکەیدا .

١٩١١/١٢/١٤ گەیشتنی یەکەم مرۆڤی نەرویژی - ڕۆلد ئاموندسن- بۆ جەمسەری باشووری گۆی زەوی ، دوای سێ ڕۆژ لە گەڕانەوەی چەترەکەی جێ هێشتبوو، واتە لە یادی کرد لە ناوچەکەدا .

١٩١٢

١٩١٢/١/١ لە دوای هەوڵێکی زۆر ئەویش بە ڕاگەیاندنی کۆماری چین لەلایەن دکتۆر - سن یات سن - بە هەڵووەشاندنەوەی ڕژێمی شانشینی بە دامەزراندنی ڕژێمی کۆماری لە وولاتەکەدا . بەڵام کێشەکان هەر بەردەوام بوون لەم بوارەدا لە نێوان دەسەڵاتداران لە نێوان خۆیاندا لە ناو خۆی وولاتەکەدا .

١٩١٢/١/١٨ گەیشتنی - ڕۆبەرت فالکۆن - بۆ جەمسەری باشوور.

شایانی باسە سەدەی بیستەم سەردەمی پێشبڕکێی نێوان گەریدە گەرۆکەکانی جیهان بوو ، لە گەیشتن بەهەردوو جەمسەری باشوورو باکوور لەسەر گۆی زەویدا

١٩١٢/١/١٨ بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی - حقوق - یانی ماف - لە شاری بەغدا لەلایەن نووسەرو ڕۆژنامەنووسی ناوداری کورد مامۆستا مەعروف چاووك لە شارەکەدا .

١٩١٢/٢/١٢ دامەزراندنی کۆماری چین لە ناوەندەکانی کێشەو ململانێی نێوودەووڵەتی لەبەرەو چوون بۆ جەنگی یەکەمی جیهانیو دابەشکردنو گۆڕینی نەخشەی جیهان ، بەتایبەتی لە ئاسیای بچووكو نیمچە دوورگەی کۆریای یەك بووی ئەو کات لە کێشوەرەکەدا .

١٩١٢/٤/١٠ کەشتی تایتانیك کە کەشتیەکی گەشتیارە دەووڵەمەندەکان بوو ، لە دوای بە ڕێکەووتنی بە گەشتی تایبەتی خۆی بەناو دەریای ئامپتۆن لە ئینگلتەرە بەرەو نیویۆرك ، بە ڕێکەت کە ٢٣٤٠ هاووڵاتی هەڵگرتبوو ، لەئەنجامی بەر یەك کەووتنی لەگەڵ چیایەکی بەستەلەکی بەفری . کەشتیەکە تێك شکاو بووە هۆی گیان لە دەستدانی هەلگرانی . تەنیا ٧٠٠ هاووڵاتی لی ڕزگار بوو لە ناو کەشتیەکەدا .

ئەمــەش لــە دوای گەیــشتنی کەشــتی تایتانیــك و نزیــك بوونــەوەی لــە کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی وولاتی کەنەدا لە ۱۹۱۲/٤/۱٤ و بەهۆی خۆدانی بە چیایەکی بەفری بەستەکەکە کەشتیکە نگرۆ بوو لەم ڕۆژەدا .

۱۹۱۲/٥/٥ بڵاوکردنەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی – پراڤدا– لە شاری پترۆسبۆرگی پایتــەختی رووســیای قەیــسەری ئــەوکات ، لــە لایــەن پــارتی کرێکــاری سۆشیالیــستی دیمــوکراتی رووســی ، کــە زمانحــاڵی پارتەکــە بــوو ، بــە سەرکردایەتی لینین .

کە تاکوو ئێستاش ئەو ڕۆژنامەیە لە بلاو کردنەوە بەردەوامە لەلایەن پارتی کۆمۆنیستی رووسیا ، سەرەڕای چەندین جار لەپچڕانیدا بەتایبەتی بەر لە شۆڕشــی ئۆکتۆبــەری ســاڵی ۱۹۱۷ و دوای هەلووەشــاندنەوەی یەکیــەتی سۆڤیەت لە ساڵی ۱۹۹۱ دا ، لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و جیهاندا .

۱۹۱۲/٥/۲۰ هێزەکانی سووپای ئیمپراتۆریــەتی عوسمــانی تــورك پــەلاماری گونــدەکانی ناوچــەی خــانێی ڕۆژهــەلاتی کوردســتانیدا ، بــەنیازی داگیــر کــردن ، بــەڵام هێزەکانی سمکۆی شکاك توانیان ئــەو پــەلامارە ڕەتبکەنــەوەو پاشەکشە بە هێزەکانی سووپای عوسمانی بکەن‌ودووریان بخەنەوە لە ناوچەکەدا .

۱۹۱۲/٦/۱ وەرگێــڕی – مترجــم– ی بــالوێزی رووســیاو بــالوێزی بــەریتانیا لــە شــاری ئەســـتەمبۆلی پایتـــەختی ئـــەوکاتی ئیمپراتۆریـــەتی عوسمـــانی ، چـــەند ئامۆژگاریانــدا بــە دەســەڵاتدارانی ئەســتەمبۆل ، کــە تیایاهــاتبوو . ئــەو جمووجۆلە جەنگاوەرانەی کە لە ناوچەی قونووی باکووری کوردستان هەیە لادانێکی ئاشکرایە لە پەیمانی بەرلیندا.

۱۹۱۲/۷/٥ ئەنجامدانی پێشبڕکێی یاریەکانی جامی جیهانی – ئۆلەمپیات– لە شاری ستۆکهۆلم ئــەنجام دراو بەردەوام بــوو تــاکوو ۷/۲۷ی هــەمان ســاڵ لــە نێوان یاریزانانی وولاتانی بەشدار بوو لە شارەکەدا .

۱۹۱۲/۸/۱۰ ڕۆماننووســی بــەناوبانگی بــەرازیلی – جــۆرج ئــەمادۆ – لــە باشــووری وویلایەتی – بامیا – چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ، کە مەڵبەندێکی بازرگانی کردن بوو بە کوییلە ئەفریکیەکان لە وویلایەتی بەرازیل .

لــەدوای تــەواوکردنی قۆناخــەکانی خووێنــدن و هــەر لەســەرەتاوە پێنووسەکەی بەرەو نووسینی ڕۆمان هەنگاوینا ، کە یەکەم ڕۆمانی لەساڵی

١٩٣١ بڵاوکردەوە بەناوی – خاکی کەرنەڤاڵ – بەڵام بەر لەو رۆمانەش – نووسینەکانی بەناوی – کاکاو – مێگەلی لمەکان – کە بووە هۆکاری دەرکەوتنی کەسایەتی ئەمادۆ لەوولاتی بەرازیل و جیهان .

بەهۆی بوونی بە ئەندام بوونی لە پارتی کۆمۆنیستی بەرازیل و لەوکاتەدا دەسەڵاتی بەرازیل دەسەڵاتێکی کۆنەپەرست بوو ، بەم هۆکارە کە دوورخراوەتەوە بۆ پاریس و لەوێش بۆ براگی پایتەختی ئەوکاتی یۆگۆسلافیا و لە و وولاتە ژیانی بەسەر دەبرد لەنێوان ساڵەکانی ١٩٣٠ – ١٩٤٠ – بەڵام دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٥٢ گەرایەوە بەرازیل .

لە دوای گەرانەوەی دەستی کرد بە نووسینەکانی کە لەوکات هەوڵیدا لە گەڵ دەروونی گەلی بەرازیل بگوونجێ لە بوراەکانی کۆمەلایەتی و رەگەزی گەلی بەرازیل و کیشوەر و جیهان . شانازی بەو رۆماننووسە بەتوانایە دەکەن . ئەمادۆ بووە ئەندامی شەرف لە فەیلەقی فەرەنساو لە ساڵی ١٩٩٥ پاداشتی کاکۆسی پرتووگالی پێ بەخشرا .

جۆرج ئەمادۆ خێزانەکەی بە ناوی – زیلیا – یەو کچوو کورێکی هەیە . ئەم مرۆڤە لە کارەکانی بەردەوام بوو تاکوو لە ٢٠٠١/٨/٨ لە تەمەنی ٨٨ ساڵیدا ماڵئاوایی لەگەلی و بەرازیل و جیهان کرد . ئەم مرۆڤە نووسینەکانی بۆ ٤٨ زمان وەرگێردراون و زیاتر لە ٢٠ ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە لە بەرازیل وووڵاتە جیا جیاکانی جیهان .



١٩١٢/١٠/١٧ بـــــالوێزی دەســــەڵاتی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی لـە پترســــبۆرگی پایتـــەختی ڕووسـیای ئـەوکات ، لـە لایـەن بـەر پرسـی بـاڵای ڕووسـیای قەیـــسەری - ســـازانۆف - ئاگاداری دەسـەڵاتی عوسمـانی تـورکی کـرد کـە بڕیـاری داوە هێزەکـــانی لـــەو ناوچـــانە بکشێنێتەوە ، کە دووبـەرەکیان تیایـەو لەسـەرەوە دایـان بنـێ ؛ کە لەساڵی ١٩١٠ بڕیاری بۆ دراوە لە نێوان هەردوو وولاّتدا ،

١٩١٢/١٠/٢٥ زۆر جـار هێزەکـانی سـووپای ڕووسـیای قەیـسەری و چـەکدارانی کـورد لـە ڕۆژهـەلاتی کوردستان بەگژ یەکدا دەچوون ... بۆ نموونـە ئـەو شـەڕەی کـە لـەنزیك - زندێشتەوە - ڕوویـدا . کـە ڕووسـەکان لـەو بڕوایـە نـەبوون ، کـە چارەســەری کێـشەکە بـە هێزکردنـی دەســەلاتی ڕووســیا لــە ڕۆژهــەلاتی کوردسـتان بـە هێـزی چـەك چارەسـەر بکرێـت لەگـەڵ کـورد ، بـەلکوو دەبـێ بەکاری دبلۆماسی و یارمەتی دان چارەسەر بکرێت لە ناوچەکەدا .

١٩١٢/١١/١٧ بالوێزی دەسەڵاتی عوسمانی لە پترسبۆرگی پایتەختی ڕووسیای ئەوکات ، داوای لە - سازانۆف - کرد بۆ جێهێشتنی ناوچەکانی سەر سنووری کـورد لە باکووری کوردستان بەهۆی پەرینەوەی کاری شۆڕشگێڕی هەمە لایەنەی کورد لە هەرێمەکەدا .

١٩١٢/١١/٢٨ وولاتـــی ئـــەلبانیا بــــەر لەجـــــەنگ سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیانـد ، بـەڵام لەجـەنگی یەکـەمی جیهـــانی بــــووە گۆڕەپانی بنەڕەتی جـەنگ لـە نێـوان هاوپـــــەیمانانو سووپای ڕووسیا، کــــە لـــەو کـــات ئەحمـــــەد زوگـــۆ سـەرکردایەتی ئەلبانیای گرتـە دەسـت ، کە دەرەبەگێکی خـاوەن زەویو بە سامانی زۆری چەوسێنەر بوو لە وولاتەکەدا

ئەم ڕاگەیاندنەش بە ناوی کۆماری ئەلبانیا بوو . کە پایتەختەکەی ناوی – تیرانـا – ە یـەو ژمـارەی دانیـشتووانەکەی ، ٣٥٠,٠٠٠ هـەزار کەسـە . هـەروا ژمـارەی دانیـشتووانی وولاتەکـەی ، ٣,٩٥٠,٠٠٠ ملیـۆن کەسـە . هـەروا ڕووبـەری وولاتەکـەی , ٢٨,٧٥٠ کیلـۆ مـەتر چـوار گۆشـەیە . هـەروا چڕی دانیشتووانەکەی ،٣١٧ کەس لە یەك میل چوار گۆشـەدا . هـەروا نـژادەکانی ، ئەلبانیەکان ٩٨٪ . لە وولاتەکەدا .

١٩١٢/١٢/٦ کوونسلی ئەمەریکا لە شاری حەلەبی ئێستای وولاتی سووریا ڕاپۆرتێکی ئاراسـتەی سـەرۆکەکان کـرد ، بـە گەشـتەکانی لـۆرانسو مـستر لیۆنـاردۆو کۆمـەلێك لـە شـاندی شـووێنەواری بـەریتانیا لـە کـرکمیش ، کـە لـە نـاو ڕاپۆرتەکەی دەری خست بوو ، کە دەنگو باسی وا بلاو بۆتەوە .

کە بنەماڵەی خدێووی لە میسر ، واتە محەمەد عەلی پاشاو شـەریفی شـاری مەککـــەو عـــزەت پاشـــا ســـکرتێری ســـولتان عەبدولحەمیـــدی پێـــشوو، عەبدوالرحمان ، ئەمیرحاج ، پیلانیان ئامادە کردووە .

لە پێناو ڕووخاندنی دەسەڵاتی خەلافەت لـە تورکیاو سووریاو فەلەستین و

ئێراق و نیمچە دوورگەی عەرەبی ، بە گەڕاندنەوەی خەلافەت بۆ یەکێك لە بنەماڵەی قورەیشیەکان لە شاری مەککەو دوورخستنەوەیان لە سیاسەت لە ناوچەکەدا .

١٩١٢/١٢/٦ لــە بــەردەوام بــوونی کــاری شووێنەوار ناسان ، ئەویش بە دۆزینەوەی پەیکەری شازادە – تادۆیهــا – ئینفــەرتینی – ی هاوســەری فیرعــەونی میسر ، لەلایــەن – لودفیك یوزفات – لەووڵاتی میسردا ... شایانی باسە شووێنەوارەکانی ووڵاتی میــــــسر ، بەتایبــــــەتی ئەهراماتــەکان کــە یەکێکــە لــە شــووێنەوارە هــەرە گرنگــەکانی حەووتی جیهان و لەهەمان کات سەرچاوەیەکی ئابووری گرنگە بۆ ووڵاتەکە لە بواری گەشت و گوزاردا .

١٩١٢/١٢/١١ لە شاری بەیرۆتی پایتەختی لوبنان کۆمەڵەیەك پێکهات بەناوی لیژنەی چاکسازی ، کە داوای ئیدارەی کاروباری ناوخۆییان کردو زمانی عەرەبیان کردە زمانی فەرمی و لە هەمان کات دژی زمانی تورکی وەستان و لە ئەنجوومەنی نووێنەرانی عوسمانی و خزمەتی هەمیشەیی عەرەبیان لەناو ریزەکانی سووپای عوسمانی لەناوخاکی ناووخۆی بەیروت بێت و نەچێتە دەرەوە .

بەڵام لە هەمان کات ئیتحادیەکان هەڵسان بەداخستنی بارەگای ئەو لیژنە ... بەپشتگیری کردنی کوونسولیەی فەرەنسا ، و ئەو کۆمەڵەیە هەڵسا بە هاوکاری کردن لەگەڵ کۆمەڵەی راستبوونەوەی لوبنان لە دەرەوەی لوبنان و پەیووەندی بەردەوام بوو لەگەڵ کوونسلییەی فەرەنسا .

هــەروا داوای کــرد کــە فەرەنسا پــەلاماری دەســەڵاتی عوسمــانی بــدات و

هەرێمەکە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی ... بەڵام خاوەن بیری نەتەوەیی لە ئێراق پەیووەندی لەگەڵ بەریتانیا کردو واش دەرکەووت کە ریکەووتنەکە لەسەر ناوچەگەریە ... ئەمەش بووە هۆی مەترسی ئیتحادیەکان و لە ئەنجام بووە هۆی سەر هەڵدانی کێشەو ململانێی توونیدو تیژو بووە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵەی گەنجانی عەرەب لەپاریس داوای کۆنگرەیەك بکەن .

١٩١٢/١٢/١١ لە مێژووی ڕووداوەکانی ڕابردوو خەبات و تێکۆشان و قوربانیدانی گەلی کوردستان ، دەبێ دووبارە بێتەوە بە پێی مێژووی جووگرافیاو ، یاخوود جووگرافیای مێژوو .

هەروەك مێژووی نووسراوە ، کە کتێبی – کتاب لدواوين العسمانين – دا

هاتووەو لە سالنامەی عوسمانی دا بە ناوی – رسالەالسنە – ی عوسمانی و چەندین بەلگەی دیکە کە دەڵێ :-

پارێزگای کەرکوك کوردیە و دانیشتووانەکەی پێك هاتوون لە نژادی کوردو عەرەب ودوایی تورکمان و کلدان . بەڵام کورد بە پلە یەك دێت و عەرەبیش بە پلە دوو لە پارێزگاکەدا .

لە گەڵ ئەوەشدا بە لگەنامەکانی عوسمانی و ئێراقی دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە لە ٨٥٪ دا نیشتووانی شارو قەزاو ناحیەکان و گووندەکان دانیشتووانە رەسەنەکانی کوردن ، ئەم رێژەیەش بەر لە وەرگرتنی

دەسـەڵات لـە ئێـراق بـوو لـە سـاڵی ١٩٦٣دا. کـە دانیـشتووانی کـەرکوك و دەووروبەری کوردن .

ئـەوەش دووپاتکراوەتـەوە کـە بـەر لـە شۆرشـی ١٩٥٨/٧/١٤و بـە شـایەتی دانیشتووانی کەرکوك و دەووروبەری لە کەسایەتیە تەمەن گەورەکان لـە کوردو عەرەب کە دەڵێن :-

لـەوکات لـە ناوشـاری کـەرکوك ٢٠٠ ماڵـە عـەرەب نیـشتەجێی نـاو شـارەکە نەبوونە ،

بەڵام شەپۆلی بە عـەرەبکردن بـەردەوام بـوو ، وەك ئـەوە نـەبوو ، کـە لـە دوای کودەتای بەعسیەکان روویـدەدا لـە پارێزگای کـەرکوك و بـە تایبـەتی لـە نـاو شـاری کـەرکوك ، ئامـاری سـاڵی ١٩٥٧ یـش شـایەتی ئـەو راسـتیانەیە لـە پارێزگاکەدا .



١٩١٢/١٢/١١ لـــە رامیاریـــەتی نێـــوو دەوڵـــەتی لـــە ســـەرەتای ســـەدەی بیـــستەم ، بـــە بەســـتنەوەی مـــافی چـــارە نووسـی گـەلانی ژێـر دەسـتە لــە کێــشووەری ئاســیاو ئەفـــەریکیا لـــە گـــەڵ راگەیاندنەکـەی سـەرۆکی ئەمـەریکا – وورد ولـسن – کە لە ١٤ خال پێك هـاتبوو، ئــەو وتارانــەی کــە لــە سـەردەمی جـەنگی یەکـەمی جیهـان بـە دەسـەڵاتداران و گـەلانی جیهـانی بلاوکـردەوە ، بـە تایبـەتی لـەو هەرێم وناوچانەی کە کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە تایبەتی لە کێشووەری ئاســــیادا.

بەڵام بەر لەوەش جۆزێف ستالین سـەرۆکی یەکیـەتی سـۆڤیەتی پێشوو بـەر لـە شۆرشـی ئوکتۆبـەری بەلـشەفی لەسـاڵی ١٩١٧ و لـە سـاڵی ١٩١٢ بـوونی

نەتەوەی لە پێنج خاڵ دیاری کردووە بۆ بەدەستهێنانی قەوارەی دیار کراو بەمافی چارەنووس و پێك هێنانی دەوڵەتی خاوەن سنوور لە هەموو بوارە جیا جیاکانی ئەویـــــش:-

١- بوونی مێژووی هاوبەش .

٢- بوونی زمانی هاوبەش ٣- بوونی خاکی هاوبەش ٤- بوونی ژیانی ئابووری هاوبەش <



٥- بوونی رۆشنبیریەکی هاوبەش . ئەم خالانەش بە بیرووبۆچوونی ستالین نەتەوە پێك دێنن ، کە ئەویش بە خەباتکردن لە پێناو بەدەست هێنانی مافی چارەنووس و سەربەخۆیی بوونی لە سەر ئەو قەوارە زەویەی کە لە سەری دەژی بە پێی بوونی ئەو خالانە لە هەر نەتەوەیەك لەو هەرێمە ، یاخوود ناوچە لە هەر کێشوەرێك لە کێشووەرەکانی ، کە جیهانی لێ پێك هاتووە لە سەر گۆی زەویدا.

تێبینی:- ئەم خالانەی ستالین لە یەکەم و بە ناوبانگترین بابەت دادەنرێت لە کتابی - الماركسية والمسألة القومية - بلاو کراوەتەوە .

١٩١٢/١٢/٢٤ بیرەوەریەکانی - گێرس- کە بۆ بەرپرسی رووسیا سازانۆفی نوسیبووی ، کە تیایدا هاتبوو دەڵێ :- نابێ رێگە بەو جۆرە کەسانەی کە وەك سەید تەهاو عەبدولقادر بدرێت بگەرێنەوە ناوچەکانی سەرسنووری نێوان ئێران و ئێراق و تورکیا ، لەمیانەی شەرو کێشەو ئاژاوەدا... شایانی باسە سنووری هەرسێ دەوڵەتی دروستکراو لە سەر خاکی کوردستان جێ بەجێکرا لە کێشووەرەکەدا .

١٩١٢/١٢/٢٦ بڵاو کردنەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامـەی – بـانکی کـورد– لـە لایـەن بنەماڵـەی بەدرخانیەکان لە کوردستاندا .

١٩١٢/١٢/٢٩ دەرهێنەرو شاعیرو ڕەخنەکارو شێووەکاری ئیتـاڵی – مایکل ئـەنتۆنیۆتی – لـە شـاری مـیلارای ناوەراسـتی ئیتاڵیـا چـاوی بـە جیهـان هـەڵهێناوە. هـەر لەسەرەتای ژیانی بەهرەو حەزی هونەری بۆ شێووەکاری و هونەری سـینەما دەبزوێت لە وولاتەکەیدا .

لـە پـاڵ ئەمەشـدا شـعرو بابـەتی هونـەریش دەنووسـێت. دوای ئـەوە بەشـی ئابووری لە زانکۆی پۆلۆنیا تـەواودەکات. وەك ڕەخنـەگرێکی سـینەمایی لـە چەندین ڕۆژنامە بابەتەکانی بڵاودەکردەوە .

دوای ئەوە بەرەو شاری ڕۆمای پایتەختی وولاتەکەی دەچێت و لەوێدا کار لەگـەڵ کۆمەڵـە دەرهێنـەرێك دەکـات و لەچـەندین فلـیم ڕۆڵـی یاریـدەدەری دەرهێنەر دەبینێ .

لەوانە فلیمـی گەرانـەوەی فرۆکەوانەکـەی ڕۆبێرتـۆ روسـیللینی دەرهێنـەرو فلیمی راوی تراژیدی جۆزیا دسانتیی دەرهێنەر لە ساڵی ١٩٤٦دا.

ئـەم کەسایەتیە نـاودارە ئیتالیـەو جیهانیـە دوای ئـەوە لـە سـاڵی ٢٠٠٤ بـە ناوی دواداو دەرهێنێ.

ئەمـەش لـە دوای بـەدەیا فیلـیم و کـاری شـێووەکاری و لەئـەنجامی کـارە سـەرکەوتووەکانی لـەبواری شـیعرو فلیمـی سـینەماو کـاری شـێووەکاری بەسـەرکەوتووانە ئەنجامـداوەو بـەدەیا خـەڵاتی پـێ بەخـشرا لەوانـە خـەڵاتی ئۆسکاری ساڵی /١٩٩٥.

خەڵاتی شێری زێرینی لە ڤیستیڤالی ڤێنیای ساڵی ١٩٩٧.

ئەم کەسایەتیە بە نەخۆشی لە ٢٠٠٧/٧/٣٠ لە ئیتا کۆچی دوایی دەکات بە ماڵئاوایی کردنی لە هونەرو هونەرمەندانی ئیتالیاو جیهان.

١٩١٣

١٩١٣/١/٤ کردنــەوەی قوتابخانەیــەکی کــوردی لەشــاری – خــوویی– لەهــەرێمی ڕۆژهـەلاتی کوردسـتان لەلایـەن عەبدولڕەزاق بەدرخان بەزمانی کـوردیو بـە ئـەلفو بـێو پیتـی زمـانی ڕووسـی دەسـتکرا بـە خووێنـدن ، کـە ٢٩ خووێندکاری تێدابوو لەو کات لە شارەکەدا .

١٩١٣/١/٢٣ ئیتحادیـەکان هەڵـسان بەکودەتایـەکی سـەربازی بـە سـەرکردایەتی ئـەنوەر

تەلعەت پاشاو لە ئەنجام لێی سەركەووتن بە گەراندنەوەی دەسەلاتیان...
بەلام هاوكاریەكان وازیان لەجمووجۆلی خۆیان نەهێنا كە هەر ئەوانیش بوون بە دارشتنی پیلانی كووشتنی مەحموود شەوكت پاشا .
دوای ئەوەی كە ماوە بە ئیتحادیەكان درا ، لە پێناو لێدانیان و بووە هۆی ئەوەی كە پارتی – الحریه والائتلاف– سەر لە نووێ ببووژێتەوە لە دوای شەر كردن لەژێر داگیر كەری بێگانە .
بەلام ئەو پارتە زۆری هەولدا ، كە كورد بۆلای خۆی راكێشێ بەسوورانەوەیان لەناوچە جیا جیاكانی باكووری كوردستان ، دوای ئەوە توانیان چەندین هاوولاتی كورد بۆلای خۆیان رابكێشن ، ئەمەش بەهۆی هەلوویستی هەلەی ئیتحادیەكان.

١٩١٣/٢/٢٧ لە دایك بوونی رووناكبیرو فەیلەسوف هزرمەندی دژ بەجەنگ – پۆل ریكۆر – لە شاری ڤالینسای فەرەنسا... ئەم فەیلەسوفە لە تەمەنی سێ سالیدا دایك و باوكی كۆچی دوایی دەكەن و لەلای باپیری ژیان بەسەر دەبات و قۆناخەكانی خوویندن تەواودەكات.
لە دوای تەمەنی ١٨ سالیدا دانراوەكانی مۆنتانی و باسكال و ڤۆلتێرو رۆسۆ دەخووێنێتەوەو دووچاری هێدمەی فەلسەفە دەبێت... چونكە نەیدەتوانی ململانێی نێوان پێگەیشتنی پروتستانت و پێكهاتەی فەلسەفی خۆی یەكلابكاتەوە.
ئیتر بەردەوام بوونی لەناو ئەو كێشە هەمە لایەنانە تاكوو لە سالی ١٩٣٣ توانی لەسەر دەستی فەیلەسوف و مێژوونووسان لەزانكۆی سۆربۆن وانەی فەلسەفە وەردەگرێت. لە سالی ١٩٣٩ پۆل ریكۆر وەك ئەفسەرێك رەوانەی بەرەكانی جەنگی دووەمی جیهان دەكرێت و دوای ماوەیەكی كەم لەلایەن نازیەكانی ئەلمان بەدیل دەگیرێ وتاكوو سالی ١٩٤٥ لەبەندیخانەی شاری پۆلۆنیا ژیان بەسەر دەبات . دوای ئازادكردنی لە سالی ١٩٥٧ بە مامۆستای مێژووی فەلسەفە لەزانكۆی سترابۆرگ دادەمەزرێت.
ئەم فەیلەسوفە لەكاری نووسین و داهێنان بەردەوام دەبێت و لەماوەی ژیانیدا چەندین دانراوی بەبەهای گەیاندۆتە كتێبخانەو دەست خووێنەران

ئەویش وەك :-

١- فەلسەفەو هزر لە ساڵی ١٩٦٥.

٢- ٢- مێژوو وشووێنەوار لە ساڵی ١٩٦٥. ٣

٣- - فرۆید و سروشت لە ساڵی ١٩٦٦. ٤

٤- - مرۆڤ و هەڵە. ٥

٥- - فرۆیدو فەلسەفە لە ساڵی ١٩٧٠،

لە گەڵ چەندین دانراوی دیکە و لەگەل بڵاوکردنەوەی بەدەیا بابەت لەبواری مێـژووی فەلـسەفە تـاکوو لـە ٢٠٠٥/٥/٢٠ لـە شـاری جایتنـای ڕۆژئـاوای فەرەنسا کۆچی دوایی دەکات.

١٩١٣/٤/٢٤ بڵاوکردنـــەوەی یەکـــەم ژمـــارەی گۆڤـــاری نیوومـــانگی بـــەزمانی تـــورکی بەسەرپەرشتی ئەحمەد مەدەنی قوودسی زادەو ئەو گۆڤارە بەردەوام بوو تاکوو ساڵی ١٩١٥ لە دەر چوونیدا .

١٩١٣/٥/١٨ دەست پێکردنی گەشتەکەی- ئۆرلۆڤ- ی کوونسلی ڕووسی لە شاری بەغداوە بۆ ناوچە جیاجیاکانی باشوورو ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان ، ئەویش لە پێناو کۆکردنەوەی زانیاری هەمە لایەنە لەسەر چۆنیەتی باری بوونی نەتەوەی کورد لە کوردستاندا .

١٩١٣/٥/٣٠ مۆرکردنی ڕێکەووتننامەی لەندەن لەکۆشکی - سنت جیمس- لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا ، لەپێناو کۆتایی هێنان بە شەڕی بەلکان لە نێوان دەسەڵاتی عوسمانی لەلایەك و بوولگاریاو سرب و چیای ڕەش و یۆنان لەلایەکی دیکەدا .

ئەو ڕێکەووتننامەیەش لەسەر کێشەی تورکیا و یۆنان بوو ، ئەویش لە سەر دوورگەی کرێت و سنووری ئەو بەشە تورکیایەی کە کەوتبووە ناو کێشووەری ئەورووپا ، لە سەر هێڵی درێژی لە ئینۆس تاکوو میدیا ، بەڵام ئەو ڕێکەووتنە جێبەجێ نەکرا بەهۆی کێشەکانی نێوانیان.

١٩١٣/٦/٦ بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری هەفتەنامەی - ڕۆژ کورد- لە شاری ئەستەمبۆلی تورکیا ، لەلایەن مامۆستا عەبدولکەریم سلێمان. هەروا

بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری هەتاوە کورد لە هەمان رۆژدا >

١٩١٣/٦/١٨ گرێـدانی کـۆنگرەی پـاریس لـە هـۆڵی گـەورەی کۆمەڵـەی جووگرافیـا لـە شەقامی سان گرمین ، کە نووێنـەری کۆمەڵەی لامەرکـەزی میسری و شـەش نووێنـەری کۆمەڵـەی چاکسازی بـەیروت و سێ نووێنـەری موجاهدینـەکانی ئەمەریکاو یەك نووێنـەر لـە موجاهیـدەکانی مەکسیك و دوو نووێنـەری ئێران بەشـداریان لـەو کۆنگرەیـە کـرد ، هـەروا عەبدولکـەریم خـەلیل نووێنـەری شەبیبەی عەرەبی لە ئەستەمبۆل بەشداری تێداکرد.
بـەڵام تۆفیـق سـوێدی کـە نووێنـەری ئێـراق بـوو لەکۆنگرەکـەو لـە وتەکانیـدا ناوی کونگرە نرا ، بە کۆنگرەی سووریا و مۆری بۆ دروستکرا ، بـەڵام دوای ئـەوەی کـە نـاوی کۆنگرەکـە گـۆڕا بـۆ نـاوی کـۆنگرەی یەکـەمی عـەرەبی و کۆنگرەکە دابەش بوو ، لە نێوان سێ بیروو بۆچوون ئەویش :-
١- ئیـسلامیەکان نەیاندەویـست لـە ڕژێمـی تورکیـا جیـا ببنــەوە .٢- مەسـیحیەکانی دژ بـەڕژێمی تورکیـا . ٣- ڕاڕاکـانی عـەرەب نیـازی پارەیـان هەبوولە کۆنگرەکەدا .

١٩١٣/٦/١٨ لە پـەراوێزی کۆنگرەی پاریسدا ، کۆنگرەی یەکـەمی سـەرکردەکانی عـەرەب لەپاریسی پایتەختی فەرەنسا بەسترا ، کە نووێنەری کوردیش لەم کۆنگرەیە ئامادە بون و سەرۆکی هەڵبژێردراوی کۆنگرەکە . کە عبدالحمید زەهاوی بوو لە ووتارەکەیدا باسی کورد دەکاو دەڵێ:-
بناخەی پەروەردەی ڕامیاریمان لە ئێستا دوور بێت لـە لامەرکـەزیو بەرچاو تـەنگی و شـۆڤێنی ، کـە ئەمـە کـارێکی بـاش نیـە ، چـونکە ئـەو بیرەی لای عوسمانیەکان باوە ، لەبەر ئەوەی ئەرمـەن و کـورد زمانیان وەك ئێمـە هەیـەو پێوویستە بەدادوەرانە چارەسەر بکرێت لـە هـەردوو بـوارە جیـا جیاکـان ، لـە کێشووەرەکەدا .

١٩١٣/٧/١٧ لـە دایـك بـوونی نووسـەرو فەیلەسـوف و روونـاکبیری فەرەنـسی – ڕۆجیـە کاڕودی- لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا.

١٩١٣/٧/٢٩ مـۆرکردنی ڕێکەووتننامـەی – ئـەنگلۆ، تـورکی – بـە دیـاریکردنی نـاوچـەی لایەنگری لە کەنداوی بەناو عـەرەبی و نیمـچە بیابـانی عـەرەبی ...بـەپێی ئـەو

ڕێکەووتنە تورکیا دانینا بە دەسەڵاتی بەریتانیا لەسەر کەنداوو ڕازی بوو لەسەر کێشانی نەخشەی- هێلی بەنەفسەجی بەدانانی سنووری نێوان شاری نەجدی سعوودیو پارێزراوی شاری عەدەنی ڕۆژهەڵات- لە ناوچەکەدا .

١٩١٣/٨/٥ فەرمانی سوڵتانی عوسمانی دەرچوو بە لەخۆ گرتنی هەندێ خاڵ لەناوەڕۆکی ڕێکەووتنامە ، لەکاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆی ئەم ڕۆژەدا ژمارەیەکی زۆر لە عەرەبەکان لەگەڵ کورد لە هۆڵی مونتەدای ئەدەبی لە سەرداوای عەبدولکەریم خەلیل کۆبوونەوە .

ئەویش بە پێکهێنانی شاندێك لە شەریف عەلی حەیدەر پاشاو دوو کوڕەکەی محی الدینو مجید ، مەعروف ئەفەندی ڕسامی، شێخ عەبدالعەزیز شاوێس، شوکری پاشا ئەیوبی- بەدیع بەگ نەجیب بەگ شفیر- سامی بەگ عەزیم- ئیبراهیم بەگ سووسە- محیەدین پاشا جەزائیری- موونسنیور شریم- دکتۆر حوسێن حەیدر- عەبدوالکەریم ئەفەندی خەلیل- ...؟...!.

ئەمەش بەهۆی نەهێشتنی کێشە لە نێوان تورکو عەرەب ، لە سەر حیسابی کورد ، کە زۆربەی ئەو ئەندامانە کوردبوون ، کەچی باس لەکێشەی کوردو خاکی کوردستان نەکرا...؟...!.

١٩١٣/٩/٨ گرێدانی کۆنگرەی پانزەهەمی جوولانەوەی سەهیۆنیزمی جیهانی لەشاری ڤیەنا کە ٥٠٠ نووێنەر ئامادەی کۆنگرەکە بوون ، کە – لفسۆن – لە سەرۆکایەتی بانکی سەهیۆنی و دراوی نەتەوەیی یەهوودی مایەوە لەگەڵ سەرۆکی لێژنەی هەمیشەیی ، کە حایم وایزمان ، بۆ جاری یەکەمو بەهەڵبژاردنی – واریورك- بۆ سەرۆکایەتی کردنی لێژنەی کاری بچووك ، لەگەڵ سەهیۆنی ڕووسی-تشکینۆڤ – بە جێگری لەکۆنگرەکەدا .

١٩١٣/١٠/١٠ لە دایك بوونی ڕۆشنبیرو ئەدیبی بەناوبانگی فەرەنسی- لکود سیمۆن- لەشاری تەناناریفی دوورگەی مەدەغەشقەر ، کەیەکێك بوو لە ژێردەستەکانی ئەو کاتی دەسەڵاتی فەرەنسا.

١٩١٣/١٠/١٢ ڕژێمی فارسی لە ئێران دانینا بە دەسەڵاتی ڕووسیا لەسەر ناوچەیەکی فراوان لە نێوان سنووری هەردوو لایان ، کە زۆربەی ناوچەی کوردستانی

ڕۆژهـەڵاتی دەگرتـەوە ، بـە بەجێهێـشتنی بۆ ڕووسـیا کـە ڕووسـەکان پێیـان دەگووت- کوردستانسکی ئۆیەزید- لە ناوچەکەدا .

١٩١٣/١١/١٤ دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردستان ، لەلایەن مامۆسـتا عبدولڕەزاق بـەدرخان لەشـاری – خـوویی- لـە ڕۆژهـەلاتی کوردسـتانی ژێردەسـەڵاتی فارسی لە ئێراندا .

١٩١٣/١١/٣٠ گرێدانی کۆنگرەی پاریسی پایتەختی فەرەنسا بـەئامادە بوونی نووێنـەرانی وولاتـی شـام و هەرێمـەکانی عـەرەبی دیکـەو دەرەوەی هەرێمـەکانی عـەرب و وولاتـی شـام ، کـە ژمـارەی ئەنـدامانی مەسـیحیەکان بەرامبـەر بـە ژمـارەی ئەندامانی ئیسلامیەکان بوون لە کۆنگرەکەدا ، لەو کاتەش فەرنسا پشتگیری ئەو کۆنگرەیەی کردو ئیتحادیەکان هەوڵیان دا کە کار لەهەلوویستی فەرنسا بکەن ، بەهەڵووەشاندنەوەی ئەو کۆنگرەیە لە پاریسدا .

بـەڵام فەرنـسا هەوڵـەکانیانی پشتگوێ خستن و فەرەنـسا سـەرکەووتنی بـە دەست هێنا لەو هەوڵە هەمەلایەنەی کە بەرامبەری دەرکرا بە کـەم کردنـەوەی نرخـی رایەلـەی بەئیسلامەکان و هـەولی بووژانـەوەی بیری نەتـەوەیی عـەرەب دەدرا دژی ئاین ، هـەتا عەبدولحەمید زەهاوی مۆری لەسـەر ئـەو پەنجەرەیـە کردو لەکۆنگرەی پاریس ووتی:-

ئـەو راپەرینـە تووشـی گـرژی بـووە ، کـە هـەموو کـات لـەپێناو دۆزینـەوەی رێگەچارەسـەری کێـشەکانی رامیـاری بـدرێت ... بـەڵام دوای ئـەوە ئیتحادیـەکان نووێنـەریان رەوانـەی پـاریس کـرد ، کـە ئەمینـداری نهێنـی کۆمەڵـەی ئیتحـادو تـەرەقی مەدحـەد پاشـا بـوو، پەیوەنـدی لەگـەڵ سـەرکردەکانی عـەرەب و بەشدار بووانی کۆنگرەکە کـردو لەگـەلیان رێکـەوت بەدوو رێکەوتن .

کە یەکیان چوار خاڵ بوو ، دووەمیان پێنج خاڵ بوو ... بەڵام دوای ئـەوە جەنگی یەکەمی جیهانی هەلگیرساو ئەو رێکەووتنە هەرەسی هێنا، بە هـۆی دروستبوونی بارێکی نووێ لە جیهاندا .

١٩١٣/١٢/١٧ لـە دایـك بـوونی فەیلەسـوفی ئـازادیخواز – ئـەلبێرت کـامۆ – لـە دایـك و بـاوکێکی فەرەنـسی و نیـشتەجێ بـووی شـاری جـەزائیر چـاوی بـە جیهـان هـەڵهیناوە ...شـایانی باسـە سـاڵێك دوای لـەدایك بـوونی ، بـاوکی لەجـەنگی

یەکەمی جیهانی دەکوژرێ .
بەمەش سەردەمی منداڵی بە هەژاری و نەداری لە جەزائر بەسەردەبات و دوای تەواو کردنی قۆناخەکانی خوێندن لەخوێندنی زانکۆدا ، تووشی نەخۆشی سیل دەبێت و لەوکاتیش یاریزانێکی دیارو بەرچاو دەبێ .

لەساڵی ١٩٣٤ بەهۆی ناڕەزایی دەربڕین لە رامیاریەتی خراپی وولاتی ئیسپانیا ، پەیووەندی بە ریزەکانی پارتی کۆمۆنیست دەکاو بەردەوام دەبێ لە چالاکیەکانی پارتی کۆمۆنیستی جەزائیر ، کە بانگەوازی سەربەخۆییان دەکرد لە وولاتەکەدا .
دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٣٨ دەچێتە فەرەنساو تێیدا نیشتەجێ دەبێت و دەست بەبلاوکردنەوەی ووتار لە ڕۆژنامەکان دەکا . هەروا لەساڵی ١٩٤٤ یەکەم پەرتووکی بەناوی ناموو ئەفسانەی بیرف بلاودەکاتەوە، لە ساڵی ١٩٥٦ ڕۆمانە بەناوبانگەکەی بەناوی – کەوتن – بلاودەکاتەوە و بەشداری لە دەیا چالاکی و کاری ڕۆژنامەگەری دەکردوو و بەردەوام بووە لە کارەکانی تا لە ١٩٦٠/١/٤ بەکارەساتی ئۆتۆمبێل گیانی لەدەست دەدات لە وولاتەکەدا .

١٩١٤

١٩١٤/١/٤ بە پێی فەرمانی سوڵتانی عوسمانی ، ئەویش بە بەدامەزراندنی حەووت کەس لەسەرکردەکانی عەرەب ، لە ئەنجوومەنی ئەعیان ، یەکەمیان شێخ عەبدولحەمید زەهاوی بوو ، کە لە نژاد کورد بوو ، گەرچی بەعەرەب لەقەڵەم درا بوو،لە ئەنجوومەنەکەدا.
دوای ئەویش دامەزراندنی شوکری عەسلی و، عەبدولوەهاب ئینگلیزی و، ئەمین تمیمی و ، ناجی سوویدی ، لە پلەی بەرزدا .. دوای ئەوە دوو قوتابخانەی ناوەندی لە شارەکانی دیمەشق لە شام و لە بەیروتی لوبنان کرایەوە.

١٩١٤/٢/٨ بلاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری – دەنگی کورد– لە تورکیا لەلایەن مامۆستا جەمالەدین بابان.

١٩١٤/٢/٨ بلاوکردنـەوەی یەکـەم ژمـارەی گۆڤـاری – بـانگی کـورد– لەشـاری بەغـدای پایتـەختی وویلایـەتی بەغـدا... لـە بـەر ئـەوەی ئـەو کـات سـێ وویلایـەت هەبوو ئەوانیش :–
١– وویلایەتی بەسرە ٢– وویلایەتی بەغدا ٣– وویلایەتی موسڵ ، کە هەر یەکـەو چـەندین پارێزگـاو ناوچـەی لـە خـۆ دەگـرت بەتایبـەتی باشـووری کوردسـتان ، کـە لـە ژێـر دەسـەڵاتی وویلایـەتی موسـڵدا بـوو ، تـاکوو دامەزراندنی دەووڵەتی ئێراق لەسەر خاکی هەرێمی باشووری کوردستان .

١٩١٤/٢/١١ دەسـەڵاتدارانی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی لەڕاگەیانـدنی فتوایەکیانـدا ، کـە دژی بـەریتانیا جـەنگ بکـات . کـە ئـەو فتوایـەش کاریگـەری بـە سـەر دانیشتووانی وولاتەکە هـەبوو ، بۆ بەرزکردنـەوەی کێشەو ململانـێ لـەپێناو بەهێز کردنی دەسەڵاتی عوسمانیدا .

١٩١٤/٣/١ دەسـەڵاتی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی سـەرژمێری سـاڵی ٩١٩ ی لـەم رۆژەدا بـڵاو کـردەوە ، کـە بـە پێـی ئـەو سـەرژمێریە ژمـارەی دانیشتووانی کـورد لـە ناوچەو پارێزگاکانی – وان ، بەدلیس ، خەربوت ، دیار بەکر، ئەرزەڕۆمدا – لە باکووری کوردستان ، ٤٨٠,٥٢٧,٢ ، هاووڵاتی کورد بووە ، بە پێی ئەو سەر ژمێریە لە هەرێمەکەدا .

١٩١٤/٢/١١ لەو کاتەی کە سوڵتانی عوسمـانی داوای جیهادی دەکرد دژی بەریتانیـەکان لـە فەتوایەکـدا لەناوچـەی دارفـوور... جێگـەی ئامـاژە پێکردنـە. کـە مێـژووی رەگەکانی کێشەی دارفوور دەگەرێتـەوە بۆ راگەیانـدنی سـەربەخۆیی بە پێـی سنووری ئەو کاتە لە ساڵی ١٨٢١، لەلایەن دامەزرێنەرو والی ووڵاتـی میسر– محەمەد عەلی پاشا، پێك هێنرا.
کە لـەو کاتـە بـە دارفـوور دەگـووترا – دیـارفوور – ئـەویش بـەناوی ئـەو هـۆزە سەرەکیە ناوزەند کرابوو کە لەو ناوچەیە دا نیشتەجێ بوون.
ئـەم دەسـت بەسـەراگرتنە لـەو کاتـە هـات کـە لـە دوای سـاڵی ١٨٨٥ ژەنـەرال گـۆردون دادوەری سـوودانی کـووژراو، محەمــەد عــەلی پاشــاش دەســتی بەسەراگرت لە کێشووەرەکەدا.

دوای سەرکەووتنی بەریتانیەکان لە سوودان لە شەڕی ئومدرمان لە ساڵی ١٨٩٨ بەسەرکردایەتی – کتشنر – کە ئەو بە نیازی دەست بەسەراگرتنی چاوگەکان لە زێی نیل و بێ بە شکردنی هێزەکانی ئیستعماری ئەورووپی دیکە... دوای ئەوە بەریتانیا توانی دوای ساڵێك حکوومەتی میسر رازی بکات بەخەرج کردنی خەرجیەکانی وولاتی سوودان، بەم هۆکارە رێکەوتنی دوو لایەنە لەنێوانیان مۆرکرا. لەکاتی هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩١٤ بەریتانیا چووە ناو شەڕ دژی تورکیا کە لەو کاتەش بەریتانیاو تورکیا دەسەڵاتی هاوبەشیان هەبووە لەسەر سوودان.

ئەم فتوایەش کاری کردە سەر دەروونی ئیسلامەکان بەشێوەیەکی گشتی و جێ بەجیکردنی داوای سوڵتان بوو لەسەر دراوی – دینار – کە لەو کاتە دەسەڵاتداریەتی دارفووری دەکرد... و بەریتانیا توانی ئەو دەسەڵاتەی کە لە دارفوور هەبووە بە ئامۆژگاری و پشتگیری والی میسر محەمەد عەلی پاشا

لە ناوی بیات دارفوور بخاتە ژێر دەسەڵاتی تەواوی سوودان لەساڵی ١٩١٦.

لەو کاتەش ناوچەی دارفوور زیاتر لە ١٠٠ هۆزو تیرەی جیاجیای لێی نیشتەجێ بوو جگە لە عەرەبەکان کە بە هۆی فتووحاتی ئیسلامی گەیشتوونە ئەو ناوچەو لێی نیشتەجێ بوون، کە کۆی ژمارەی دانیشتووانی ئەو هۆزانە خۆی لە ٦٠٠٠٠٠٠ ملیۆن کەسی دەداو رووبەرەکەشی لە رووبەری خاکی فەرەنسا زیاتر دەبوو... ئەو هۆزە ئەفریکیە فوورەکان لە – زگاوەو میسالیت و برتی و ئاماو برحەق و فلاتە

پێك هاتبوون و هۆزە عەرەبیەکانیش لە — زریقان و تعایشە و مسیریەو بەنی هلبە و معالیە و سەلامات و هەوامدە پێك هاتبوون.

کە ئەمانەش لەدوای فتووحات گەیشتنە ئەم ناوچەیەو نەك بەمیوانی بەڵکوو خۆیان کردە خاوەنی ناوچەکە، بە هۆی ئیسلام و دەوڵەتی ئیسلامی و بالا دەستیان لەوکاتدا... لەگەڵ ئەوەشدا لەپاڵ ئەو ناوچەیە هەرێمی کوردڤانی دراوسێی هەبوو کە بەناوچەیەکی سەرەکی دادەنرا بەهۆی بەرهەم هێنانی پێنجەکی بەرهەمی سمغ لەجیهان.

هەروا نوحاس و یۆرانیۆم و کۆگایەکی نەوتی بوو لەوکاتدا... ناوی کوردڤان لەوە هاتووە کە لەکاتی دەسەڵاتی سەلاحەددینی ئەیوبی کورد لەو ناوچەیە دەسەڵاتداربوونە لەسەر دارفوورو نیشتەجێی هەرێمی کوردڤان کورد بوونە. ئەویش لەخێزانەکانی بەرپرسانی دەسەڵاتی ئەییوبی و هێزە چەکدارەکانی بووەو تاکوو ئێستاش هەر بەناوی کوردەو کورد لێی نیشتەجێن، بەڵام لەشێوەو شێوازی نەتەوەیی وەك کاتی دەسەڵاتی سەلاحەددین نین بە هۆی کارلێکردن و کاردانەوەی باری ناوچەو هەرێم و کێشووەرەکەدا.

لەگەڵ ئەوەشدا هۆزە عەرەبەکان تاکوو دوای جەنگی دووەمی جیهان نیشتەجێی تەواو نەبوونە لەو ناوچەیە، بەڵکوو مەڕ لەوەرێن و رەوەند بوونەو هەر کاتەو لەناوچەیەکدا ژیانیان بەسەربردووە بەپێچەوانەی هۆزو تیرە ئەفریکیەکان کە دانیشتووانی رەسەنی ناوچەی دیارفوور بوونە لەگەل هەرێمی کوردڤان. کە هۆزە ئەفریکیەکان لە چاکەو پیاوەتی خۆیان ماوەیان بەعەرەب دابوو کە مەڕو ماڵاتیان لەو ناوچەیەدا بلەوەرێنن بەهۆی بوونی لەوەرگەی باش و زەویە بەپیتەکەیدا.

ئەم لەلایەك و لەلایەکی دیکە هۆکارەکانی سرووشت و کەش و هەواش کاریگەری لەسەر ئەوە هەبوو، کە رەوەندەکان روویان لەجێگەی سەوزی خاك و لەوەرگە دەکردو هۆزە ئەفریکیەکانیش ماوەیان نەدەدانێ بەئارەزووی خۆیان لەناوچەکەدا بسوورێنەوە. ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە شەڕو کێشەو ململانێ لەنێوان رەوەندە عەرەبەکان لە هۆزو تیرەکان و دانیشتووانە ئەفریکیەکان و بەرز بوونەوەی ئەو کێشەیە گەیشتە قۆناخی کێشەی نەتەوایەتی و سرووشت و کەش و هەوا لەلایەك و باری رامیاری و ئابووری

ناوەخۆو دەرەوە لەلایەکی دیکە.

ئەمەش بووە هۆکاری کاردانەوەی لە سەر ناوچەکە بەپشتگیری هۆزو تیرە عەرەبە رەوەندەکان لەلایەن حکوومەتە یەك لەدوای یەکەکانی سوودان و دژایەتی کردنی دانیشتووانە ئەفریکیە رەسەنەکان .

کە ئەمەش وای کرد کە کێشەکە بەرەو کێشەیەکی نێوو دەوولەتی هەنگاوبنێ، کە ئێستاش بۆتە ئالۆزترین و نالەبارترین کێشە لەکێشوەری ئەفریکیا. کە ئەویش حکوومەتی سوودان و دراوسێکانی لێیبەرپرسیارن بەهۆی بەعەرەبکردنی ناوچەکە لەهەموو بوارە جیاجیاکان وهەتا لە هەرێمی کوردڤان بەهەمان شێووەو شێوازدا.

کە ئەمرۆش ئەو ئەرکە کەوتۆتە ئەستۆی کۆمەڵگای نێوو دەوولەتی لە پێناو چارەسەرکردنی لە هەموو بوارە جیاجیاکان و لە ئەنجامدا سوودان بەرەو دابەشبوون هەنگاو دەنێ... لەلایەن جوولانەوەی میللی سوودان لەباشوورو لەلایەکی دیکە ناوچەی دیارفوورو لایەنی سێیەم کوردڤان لە وولاتەکەدا.

سەرچاوە :- BBc.arkabic

١٩١٤/٣/١ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەستا بە ئامارێکی خواستیاری لە ناوچەو هەرێمەکانی ژێر دەسەلاتی خۆی، کە یەك لەوانە باکووری کوردستان بوو، کە ئەنجامی ئامارەکەی لە ساڵی ١٩١٩ بلاوکردەوەو ژمارەی دانیشتووانی کورد لەشارەکانی بەدلیس و دیاربەکرو ئەرزەرۆم و وان و خەربووت بە ٢,٥٧٠,٨٤٠ ملیۆن کەس دیاریکرد لە هەرێمەکەدا.

١٩١٤/٤/٤ گرێدانی کۆبوونەوەی کۆمیتەی رێکخراوی – ئیتحادو تەرەقی– تورك لەمەر کێشەی کورد ، لە پێناو سەرکووت کردنی راپەرینەکانی بزووتنەوەی کورد لەباکووری کوردستان.

١٩١٤/٥/١ ژەنەرال – زلنگی – لە بارەی ئامار لە تورکیا دەڵێ :- ژمارەی کورد لە تورکیا دەگاتە ٣,٨٠٠,٤٧٥ کەس... هەروا لە ئاماری ساڵی ١٩١٩ دا کە رژێمی تورکیا لە ٥,١ بلاوی کردۆتەوە لە پارێزگاکانی – وان – بەدلیس – خەربووت – دیاربەکر – ئەرزەرۆم – کە ژمارەی کورد لەو پارێزگایانە

٢,٥٢٧,٨٤٠ کەس بووە، کە چەندین پارێزگاو ناوچەی دیکەی لەئامارەکەدا دیارنەخستووە.

لەلایەکی دیکە بە پێی کتێبی بچووك کە لە فەرەنسا بلاوکراوەتـەوە لـە سـاڵی ١٨٩٢، لـەو کتێبـەدا هـاتووە کـە ژمـارەی دانیـشتووانی کـورد لـە بـاکووری کوردستانی ژێر دەسەلاتی عوسمانی تورك ٣,٠١٢,٨٧٩ کەسە... بەلام ئەو ئامارو مەزندانە راستیان تیانبە بە هیچ شێووەیەك.

یەکـەم :- بـە هـۆی نـەبوونی ئامـارێکی تـەواو لەسـەر بنـەماکانی زانستی.

دووەم:- بـەهۆی داگیرکـردن و ئـێش و ئـازاردان و بـە تـورککردن نـەیان ویستووە ژمارەی کورد لەسەر خاکی کوردستان بەراستی دەربخەن.

سـێیەم :- لـە ئێـستای بـاکووری کوردسـتان ٢٤ پارێزگایـەو ژمـارەی دانیـشتووانی زیـاتر لـە ٢٣,٠٠,٠٠ ملیـۆن کەسـە، جگـە لەوانـەی دەربەدەرکراون بۆ هەندەران. لەوانە شاری ئەستەمۆڵ، کە ئێستا شارێکی کوردیـە لـە بـەر ئـەوەی ئێـستا زیـاتر لـە ٣,٥٠٠,٠٠ ملیـۆن کـورد تیایـا نیشتەجێن... هەروا لە ئێران زیاتر لە ١٢,٥٠٠,٠٠ ملیۆن کورد لە رۆژهـەلاتی کوردستان نیشتەجێن...هەروا لە ئێراق زیاتر لە ٦,٧٥٠,٠٠٠ ملیۆن کورد نیـشتەجێن و... هـەروا لـە سـووریا زیـاتر لـە ٢,٧٥٠,٠٠٠ ملیـۆن کـورد نیشتەجێن.

جگە لە وولاتەکانی دیکەی وەك لوبنان و ئەفگانستان و پاکستان و هندستان و فەلەسـتین و ئـوردن و ئیـسرائیل و چـینی مللـی و وولاتـانی دیکـەی کـە کۆمارەکانی سۆڤیەتی جارانی لێی پێك هاتبوو... ئەمە لە پارێزگای یـەریڤان و دەووروبـەری، کـە خـاکی کوردسـتانەو کـۆی دانیـشتووانی خـۆی لـە ٢,٥٠٠,٥٠٠ ملیۆن کورد زیاتر دەدات.

بەلام بەداخەوە کوردو، بە تایبـەتی سـەرکردایەتی کـورد هـەر لەکۆنـەوە تـاکوو ئێـستاش ئاواتیـان سـامان و دەسـەلاتە زیـاتر بـووە لـە وەی ئاواتیـان رزگارکردنی گەل و نیشتیمانەکەیان بێت.

وەك وولاتـانی دیکـەی کـە ژمـارەو رووبـەری نیـشتیمانەکەیان چـوار یـەکی خـاکی کوردسـتان نابێـت و خـاوەنی دەسـەلات و سـنووری دیـاریکراوی نیشتیمانەکەیانن لەهەموو بوراە جیاجیاکان لە جیهاندا

۱۹۱٤/٦/۲۸ پارێزگـــــاری هــەرێمی ســربیا هەڵسا بە تیرۆر کردنـــــــی-ئەرشـــــەدیف فرانـــــسیس فروناننـــد-ی میراتگـــــری کورسی نەمسا-

مەژەر ،لە شاری سەرایڤۆ ، لە ڕێگەی هاووڵاتیەکی سربی ،کە بووە هۆی پەلـەکردن لـە هەڵگیرسـاندنی جـەنگی یەکـەمی جیهـان بـە شـێوەیەکی ڕاستەوخۆ دوای یەك مانگ. لە نێوان ڕووسیاو ئەڵمانیاو ووڵاتانی لایەنی تەوەردا.

جێگـەی ئامـاژە پێکردنـە کـە جیهـان لـەو کاتـەدا لـە بـارێکی شـلەژاوو کولاّندا بوو ، هەڵوویستی نێوو دەووڵەتی ئەو ساکەش گەفی تەقینەویەکی گەوورەی دەکردو تەنیا یەك بلێسە بەس بوو بۆ داگیر ساندنی ئاگرێکی بێ ئەمانی و جەنگێکی وێرانکەری وا کە تەڕوو وشك بە یەکەوە بسووتێنێ

لەو کاتـەش ئوتومبێلە شوومەکە کە ڕەنگێکی سووری گەشی هەبوو ، کە بووە هۆی ئەو بلێسەیەی هەڵگیرسانی ئاگرەکەی جەنگ کە جارێ کەمتر لە دووسەد میل ڕێگای بڕی بوو ، بۆ رووکەش لە بنەماڵەی شاهانەی نەمسا دروستکرابوو.

ئەوانیش جێنشینی شای نەمسا و مەژەر – ئەرشیدف فرانز فەردیناند و هاوسـەرەکەی بـوون . ئـەویش لـە کـاتی چـوونیان بـۆ شـاری سـەرایڤۆی پایتەختی هەرێمی بۆسنیای سەر بە سربیا لەم رۆژەدا .

هەروا بە سوواری ئەم ئوتومبێلە شوومەو گەرانیان بە ناو شەقامەکانیدا ، لە ناکاو بۆمبایەك بە ئوتومبێلەکەدا درا بە – ئیفریزەکەی – کەوت و گەرایەوە سەر ڕێگایەکەی و لە گەڵ تەقینەوەیدا چوار لە پاسەوانەکانی ئەرشیدۆف

کە ئەسپ سووار بوون و لە دواوەی دەرۆیشتن بریندار بوون .
شای نەمسا کەمێك وەستا تاکوو لە باری برینندارەکان دڵنیا بوو ، ئینجا درێژەی بە گەرانەکەیدا و لە پڕ شوفێرەکە لە رێی دیاریکراو بۆی لاداو بۆ کۆڵانێکی دەرنەچوو رۆیشت و لەوێ لاوێك لە پشت دەرگای ئوتومبێلەکە پەیدا بوو و چووە بەردەمی و بە جنێودانەوە گوللەی دەمانچەکەی دەستی گوللەکانی بە تاڵکرد و هەردووکیان گیانیان لە دەستدا... کە ئەمەش بووە هۆکاری هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهان لە ١٩١٤/٨/١ لە جیهاندا .

١٩١٤/٧/٢٧ وەزارەتی دەرەوەی رووسیای قەیسەری ئاگاداری باڵوێزی خۆی کرد لەتارانی پایتەختی ئێرانی فارسدا ، کە راپەڕینی ئاشوورییەکان دانپێنانێکی داوا کراوە لە ئێستادا . وەزارەتی جەنگی رووسی ئاشوورییەکان چەکدار دەکات بەهۆی شاڵاوە دووژمنکارییەکانی تورکیا بۆ سەر رووسیاو ئاشوورییەکان لە باکووری کوردستان ... واتە ئەرمەنەکان بە پلەی یەکەم و کورد بەپلەی دووەم ، لەو کات لەسەر رۆژهەڵات و باکووری کوردستاندا .

١٩١٤/٧/٢٨ هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهان بەشێووەیەکی فەرمی راگەیەندرا ، لەلایەن وولاتانی تەوەرو رووسیاو هاوپەیمانان لەگەڵ ئەڵمانیاوئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا ،ئەویش :- یەکەم بەهۆی تیرۆر کردنی جێگری خاوەن شکۆی نەمسا – مەژەر ، لە سەرایڤۆو دووەم بەلێك ترازانی پەیووەندی نێوودەووڵەتی لەلایەك و ، بۆگەن بوونی رژێمەکانی ئەڵمانیاو عوسمانی لەلایەکی دیکەدا .
بە تایبەتیش بە دامەزراندنی حکوومەتی بۆرژوازی لە رووسیاو نەمانی توانای دەسەڵاتی قەیسەری رووسیا لەسەر بارودۆخەکەدا ، و بەردەوام بوونی ئەم جەنگە تا ١٩١٨/١١/١١ لە جیهاندا .

١٩١٤/٨/١ لە گەڵ هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم و هۆکارەکانی ، سەرەکی کە نیازی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا ، لە پێناو کۆتایی هێنان بوو بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دابەشکردنی پاشماوەی دەسەڵاتی عوسمانی و کەل و پەل و خاوەنداریەتی و دورخستنەوەی جیهانی عەرەبی بە تەواوی لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی و ئەڵمانیادا ، کە خواستەکانی ئەوە بوو . کە

ڕێگاکانی پێش خۆی ببڕێ و بەرەو کەناڵی سوێس هەنگاو بنێ لەمیسردا .
ئەویش بە هاوکاری تورکیای هاوپەیمانی ، کە بووە هۆی ڕێگەگرتن لە بەریتانیاو نیازەکانی چ لە ناوەندی شەڕو چ دوای سەرکەووتن لەشەڕ لە هەموو بوارەکاندا .

١٩١٤/٨/٢ ڕۆژی دەستپێکردنی کارەکانی سەفەر بەلگ... شایانی باسە سەفەر بەلگ مانای ئەوەیە ، کە دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەسەرەتای هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهان ، داوای لە هەموو گەلانی توانا داری چەك هەڵگرتنی هەبوو بچنە ڕیزی هێزەکانی سوپای عوسمانیدا .
ئەویش بۆ شەڕ کردن دژی ڕووسیاو وولاتانی تەوەری شەڕکەر . واتە – نەفیر عام –. کە گەلی کوردستانیش یەکێك بوو لەو گەلانەی ژێر داواکارییەکانیان بوو لەهەرێمەکان و بە تایبەتی لە باکوورو باشووری کوردستاندا .

١٩١٤/٨/٢ مۆرکردنی ڕێکەووتننامەی نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و حکوومەتی ئەلمانیا ، سەبارەت بەناوچە کوردیەکان ، بەتایبەتی باکووری کوردستان و دەست پێکردنی لە دوای سەرکەووتنیان لەجەنگ ، لە باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، بەهۆی بوونی چاوگەی نەوت و گازو بەرهەمەکانی دیکە لەهەموو بوارەکانیدا.

١٩١٤/٨/٢ دەست پێکردنی چەندین کاری جەنگی لە ئەورووپاو ، لە هەمان کاث مۆر کردنی ڕێکەووتننامەی هاوپەیمانی و یارمەتی دانی یەکتر لە نێوان ئەڵمانیاو دەسەڵاتی عوسمانیدا ، کە بووە هۆی وریا بوونەوەی ڕووسیای قەیسەری ، ئەویش لە پێناو ڕاکێشانی ئاشووریەکان بۆ لای خۆیان بۆ هەر کاریکی ناکاودا .

بەڵام تورکەکان هەستیان بەوە کردو دەستیان کرد بە ناونووس کردنی ئاشووریەکان لە ڕیزی سەربازی بە مەبەستی ڕاکێشانیان بۆ لای خۆیان و بە بەرەنگار کردنەوەیان دژی هەر کارێکی دژ بە دەسەڵاتی عوسمانی ، بە تایبەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستان ، لەسەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانی هەڵگیرساو لەهەرێمەکاندا.

١٩١٤/٨/٣ ئاشکرا بوونی هۆکارەکانی هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی بووە هۆی دارشتنی نەخشەی هەمەلایەن چ لە ناوەندەکانی شەرو چ لە کۆتایی شەر، لە پێناو دابەشکردنی جیهان، لە نیوان وولاتانی هاوپەیمان و زاڵ بوون بەسەر هەرێم و وولاتانی دورستکراوی خۆیان و داگیر کردنلە هەموو بوارەکان لە جیهاندا .

١٩١٤/٨/٢٢ لە پێناو ملکە چ پێکردن بە ئاشوورییەکان و کەسایەتی ناوداری ئەرمەنەکان – مار شەمعوون – یان بانگهێشت کرد، لە سەر داوای دەسەڵاتی عوسمانی . کە لە لایەن پارێزگاری وان لە باکووری کوردستان بانگ کرابوو، داوایان لێکرد گەر لایەنگیری پشتگیری دەسەڵاتی عوسمانی و ئەلمانیا نەکەن، ئەوا لە ناو دەبرێن و دوور کەووتنەوەتان لە لایەنگیری رووسیا و هاوکارینەکردنتان لەگەڵ شۆڕشگێرە کوردەکان لە باکوری کوردستان .

١٩١٤/٨/٢٩ کلیم نامەیەکی ئاراستەی مێژوونووسی رووسی مینۆرسکی کردو تیایا هاتبوو:– کە کردەوەکانی سمکۆی شکاك ئەبێتە هۆی ئەوەی، کە کێشەی نەخشەکێشانی سنوور ئاڵۆز بکات، لەم ڕووەوە ئامۆژگاری بۆ کوونسلەکانی ورمێ و خوویی و تەورێز ڕەوانە کردو دەڵێ:– پێوویستە سمکۆی شکاك هوشیار بکرێتەوەو ناچار بکرێت کە واز لە پەیووەندی دوژمنانەکەی بهێنێ و پەلامار نەدانی بۆ سەر تورکیا، ئەگینا ناچار ئەبین پشتگیری لێ نەکەین لە هەرێمەکەدا .

١٩١٤/٨/٣٠ دامەزراندنی لیژنەی جێبەجێکردنی کاروباری سەهیۆنیزمی گشتی بە سەرکردایەتی دادوەری سەهیۆنیزم – لویس براندنیس– کە ئەم لیژنەیە بووە هۆی دڵە ڕاوکێی حکوومەتی ئەمەریکا بەرامبەر بە سەهیۆنیزم لەماوەی هەولەکانیدا، بە یارمەتی دانی جوولەکەکانی دانیشتووی فەلەستین لە ناوچەکەدا .

١٩١٤/٨/٣٠ شاندێکی ئاشوورییەکانی ژێر دەسەڵاتی فارس لە ئێران سەردانی کوونسلیەی رووسیای کرد، لەشاری ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە دوای گفتووگۆ کردنیان، بەڵێنی بروا بە یەکبوونیان بەیەکتری مۆرکرد، ئەویش بەچەکدار کردنی ئاشوورییەکان .

هەر لە دوای ئەوە ئاشووریەکانی ناوخۆی شارەکە هەلسان بە خۆپیشاندان بەلایـەنگیری کردنـی رووسـیای قەیـسەری ، بـەڵام چـەکەکانیان بەدەسـت نەگەیـشت تـاکوو کۆتـایی مـانگی/ ٩ی هـەمان سـاڵ لـە لایـەن بـەر پرسـانی رووسیا لە هەرێمەکەدا .

١٩١٤/٩/١٨ سـەرکردایەتی ئاشـووریەکان راسـتەوخۆ روویـان لـە وەزارەتـی دەرەوەی رووسیای قەیسەری کرد ، بەرونکردنەوەی باری ئاشووری و ئەرمەنەکان لـە رۆژهەلاتی کوردستان ، کە ژەنـەراڵی رووسـی لەجەنگی فارابانۆڤ ٣٠٠ پارچە چـەکی هەمـەجۆری دابـە ئاشـووریەکان و دوای ئـەوە لـە ٩/١٩ نووێنـەری کوونـسلیەکە بروسـکەیەکی بەپەلـەی ئاراسـتەی وەزارەتـی دەرەوەی رووسـیا کرد.

ئەویش بۆ بەچەکدار کردنی ئاشووریەکان بەهۆی هەرەشەی کوردو تورکەکان بـۆ سـەر ئەرمـەن و ئاشـووریەکان ، واتـە مەسـیحیەکان بەگـشتی ... شـایانی باسـە لـەو کاتـە رژێمـەکانی فـارس لـە ئێـران و عوسمانیـەکانی تـورک ، کـە هەموو هەولیان لەپێناو نانەوەی دژایەتی و دروستکردنی کێشە بوو لە نێوان کوردو ئەرمەن ، بە هەموو توانایەکیان لەسەر خاکی کوردستاندا .

١٩١٤/٩/٢٠ بەهانـدانی هێزەکـانی سـووپای عوسمـانی ، چەکداره کوردەکـان لە باکووری کوردسـتان هێرشـیان کـردە سـەر ناوچـەی رۆژهـەلاتی کوردسـتان دژی هێزەکانی سووپای رووسیای قەیسەری ، کە لەو کات بنکە سەربازیەکانیان لەو ناوچەکەدا بوون .

١٩١٤/٩/٢٤ هێزەکـانی سـووپای عوسمـانی لەناوچـەی شـاری شـەمدینان لـە بـاکووری کوردسـتان کۆبوونـەوە ، لەلایـەن سـەرکردایەتی گـشتی ئـەرکانی سـووپای عوسمـانی تـورك، لـەو کاتـە– مـترو پولیـت مارحنـا نیشۆ – ی سـەرکردەی ئەرمەنـەکان رووی کـردە رووسـیا و داوای یارمـەتی لێکـردن، لـەو کاتـەش – شێخ جەلالەدین – بەفیتی عوسمانیە تورکەکان و ساکاری هەلوێستی کورد لە باکووری کوردستان .

پـەلاماری ئاشـووریەکانی شـاری ورمـێ و شـنۆیدا ، کـە ئەمـەش بـووە هـۆی جـەنگی تـەواو لەسـەر دانیـشتووانی بـاکووری کوردسـتان و رۆژهـەلاتی

کوردستان ، بەتایبەتی لە باکووری کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەکاندا .

١٩١٤/١٠/١٠ هێڵە فراوانەکەی سەهیۆنیزم – زیرەك وایزمان – لە ماوەی پیش ڕاگەیاندنی بەریتانیاو فەرەنساو ڕووسیا بە شەڕی دژ بە تورکیاو ئەلمانیا ، کە وایزمان باش ئەوەی دەزانی ، کە وولاتانی هاوپەیمانو تەوەری شەڕ سەرکەووتن بەدەست دێنن و فەلەستین دەکەووێتە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا .

بەمەش دامەزراندنی دەووڵەتی سەهیۆنی مسۆگەرە ، کە دەسەڵاتی بەریتانیا درێژدەبێتەوە لەسەر وولاتی میسرو پەرژینی جیاکردنەوەی کەنالی سوێس لەدەریای ڕەش ، کە هیواکانی ئێمە وەك بەلـژیکای ئاسیەوی دەبێ لە داهاتوودا لە جیهان .

١٩١٤/١٠/٢٢ ئەنوەر پاشا دەست پێشخەری سەرەکی بوو لە شاڵاوەکانی دژی هێزەکانی سووپای ڕووسیا. ئەوەی دیت کە هێزەکانی سووپای ڕووسیا لە ناوچەی قەوقاز پێشەکیەکی سەرەکی پێك دێنێ و بۆ ئەوەی وولاتی فارسیش بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و دژی ڕووسیا بووەستێ و هەوڵی ئەوەی دا کە بارێکی نا لەبار لە ناو موسڵمانەکانی ڕووسیا دروست بکات، ئەوەی لە دەرەوەی سنووری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوون لەبەر ئەوەی ئەنوەر پاشا باشی دەزانی کە هەڵگری ئایینی ئیسلام جا لەهەر نەتەوەیەك بێت بەرگری لەدەسەڵاتی عوسمانی دەکات.

بەڵام هێزەکانی سووپای ڕووسیا لە بەرەی قەفقاز ئەو هەوڵانەی دەسەڵاتی عوسمانی هەڵووەشاندەوە لە مانگەکانی یەکەمی شەڕەکە و لە دوای تێك شکاندنی هێزەکانی سووپای عوسمانی لە شەڕی – سەریگامێش کە لە ١٠/٢٢ بەردەوام بوو تاکوو ١٩١٥/١/١٨، لەدوای هێرشە سەرکەوتووەکانی سووپای ڕووسیا لە ئەرمینیای ڕۆژئاوا لە مانگی /١٩١٥/٢ و مانگی /١٩١٥/٣. کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە – مەلازگردو، پاسکالاو، شاتاخ و، کتوورو، وارزیش و وان، لە هێزەکانی سووپای عوسمانی پاککرانەوە.

واتە ئەم شارو گوندو شارۆچکانە هەمووی لەسەر خاکی باکووری کوردستان بوون، کە خاکی کوردستان ببووە گۆرەپانی شەڕی نێوان هێزەکانی سووپای ڕووسیاو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەلایەك و هێزەکانی سووپای فارس و هێزەکانی سووپای عوسمانی لە لایەکی دیکە، گەلی کوردو ئەرمەنیش

وەرەقەیەکی مەزادی ئاشکرابوون بۆ سەرکەووتنی هەر لایەنێك لەو لایەنانە لەهەرێمەکەدا.

سەرچاوە :- تاریخ ترکیا المعاصر... دانانی کۆمەڵە توێژێنەرێکی سۆڤیەت.

١٩١٤/١٠/٣٠ بەهۆی نزیك بوونەوەی ئەستوولی – کەشتی گەلی- جەنگی تورکیا لە کەنارەکانی ڕووسیا بەسەرکردایەتی سوشۆن پاشا ، بە بۆردومان کردنی ئۆدیساو سییاستووبۆلی ڕووسی ، لەلایەن کەشتیەکانی جەنگی یاوزو میدل ، کە بووە هۆی هەلگیرسانی شەڕ لە نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تورك و ڕووسیای قەیسەری لەو کات لە ناوچەکەدا .

١٩١٤/١١/١ لە دوای کشانەوەی هێزەکانی سووپای ڕووسیا لەناوچەی ورمێ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە ڕاگەیاندنی هەلوویستی ئێران ، بە خۆ دوورە پەرێز گرتن ، ئەمانە بووە هۆ کاری ئەوەی کە سووپای عوسمانی ئەو جیگایانە داگیر بکەن و پاشماوەی جێ هێلراوی ڕووسەکان دابەش بکەن ، بەتایبەتی چەك و تەقەمەنی و دانیان بەکوردو هێرش کردنە سەر دوا بنکەکانی هێزەکانی سووپای ڕووسیا و کاری جەنگی لەولاو لەملا بەردەوام بوو لە هەرێمەکەدا .

١٩١٤/١١/١ هێزەکانی سووپای تورك لە ئەنجامی سەرنەکەووتنیان لە هەرێمەکانی قووبرس و بۆیان نەگوونجا هێزە پێشڕەوەکانی هێزی سووپای ڕووسیا بپشکنن ، دوای ئەوە لەگەڵ هێزەکانی ڕووسیا زەرەر مەند بون و ناچار بوون بۆ دواوە پاشەکشە بکەن لە ناوچەکەدا .

١٩١٤/١١/٢ لە دوای سێ ڕۆژ لە شالاوبردنی کەشتی جەنگی هێزەکانی سووپای عوسمانی و ئەڵمانیا ، بۆ سەر بەندەری ڕووسیا لە دەریای ڕەش ، ئەویش بە دیاریکردنی سەرەتای بەشداری ڕاستەوخۆی تورك دادەنرێت لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا .

دوای ئەوە هێزەکانی پیادەی دەشتایی تورك هێرشیان کردە سەر پارێزگای قارس لە باکووری کوردستان ، بەلام بە هۆی لاوازی هێزەکەیان نەیانتووانی شارەکە داگیر بکەن و ڕوویان کردە شاری ئەرزەڕۆم و سزایان لێ وەرگرتنەوە ، بەهۆی بەرگری بەهێز لەشاری قارس ... دوای ئەوە لە مانگی/ ١٢ی هەمان

ساڵ ، شەڕ لە نێوان کوردو ئاشووری چووە ناو مێژوو لە باکووری کوردستان بە ناوی شەڕی - سەری گامێش- لە هەرێمەکەدا ... ؟ .

١٩١٤/١١/٥ هێزەکانی سووپای بەریتانیا شەڕی دژ بەهێزەکانی سووپای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ڕاگەیاند بەهاوکاری هاوپەیمانان.

١٩١٤/١١/٦ هێزەکانی سووپای بەریتانیا توانی تاکە بەندەری فاوی وویلایەتی بەسرەو ، ئێراقی ئێستا داگیر بکات ، بە هۆی لاوازیو پاشەکشەی هێزەکانی سووپای عوسمانی بە کشانەوەیان لەو ناوچەکە دا.

١٩١٤/١١/١٠ لە پێکدادانی بەناوبانگی کیبرکایا- یەکەم شانۆی تورکی ئاسیەوی- کە نووێنەری ئاشووریەکان چووە لای - بنیامین مارشمعون- لە باکووری کوردستان ، لە دوای گەڕانەوەیان نامەیەکی بەتریکی مەسیحیەکانی هەلگرتبوو ، ئەوزیش بە دوپاتکردنەوە ، لەپێناو خۆ ئامادەکردن بە بەرپاکردنی ڕاپەڕین - مار شمعونیش- داوای سەرکەووتنی ڕاپەڕینەکەی کرد . بەهێرشی هێزی سووپای ڕووسەکان بۆ سەر باسقەلعەو دێزو چوونە ناویەوە .

هەر لەو کاتە چەکدارەکانی ئاشووری لە ئێران بەرەو ناوچەی مێرگەوەرلە ڕۆژ هەلاتی کوردستان هەلکشانو لە ئەنجام بووە هۆی هێرشی تورکو لە ئەنجام شەرەکە دوو ڕۆژی خایاند لە ناوچەکەدا .

١٩١٤/١١/١٥ بەهاندانی دەسەلاتی عوسمانی تورکو ئەلمانیا ، شەڕی پارتی زانی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دەستی پێکرد ، کە بووە هۆی دەرکردنی هێزەکانی سووپای ڕووسیا لە ناوچە کوردیەکان لە باکووری کوردستاندا .

١٩١٤/١١/١٩ هێزەکانی سووپای عوسمانی کەپێکهاتبوون لەهەشت فرقە لە وولاتی شام بەرەو کەنالی سوێس ، بە ڕێگەی بیابانی سینا بەرێکەووتن بە نیازی داگیر کردنی کەناڵەکە لەدوو قۆڵەوە ، یەکیان لە قۆڵی ڕەفەحو ئەویتریان لە قەنتەرەکە ، ئەمەش نزیکترین ڕێگا بوو بەدرێژی ٢٢٥ کیلۆمەترو دوەمیان ڕێگای مەعان — سوێس بوو ، کە ڕێگەی کاروانەکان بوو لەگەڵ درێژی ٣٢٥ کیلۆمەتردا .

بەلام لەدوای سێ هێرشی یەك لەدوای یەك ئینجا سەرکەووتنیان بەدەست

نەهێنا ، ئەویش بەهۆی بەرگری کردن لەلایەن هێزەکانی هندستانو ئەڵمانیا ، شـایانی باسـە هێزەکـانی سـووپای عوسمـانی لەسـەر داواو پـشتگیری رێکخراو دانیشتووانە ئیسلامیەکان هەڵسان بەنیازی داگیرکردنی سوێسو میسر، بەڵام هۆکارەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی ماوەی پێ نەدان.؟؟؟

١٩١٤/١١/٢١ لە دایک بوونی سەرەک کۆمارو دامەزرێنەری رژێمی کۆماری لە ئێـراق عەبدولکـەریم قاسـم لـە شاری بەغدا .

کـــە نـــاوی تـــەواوی – عەبدولکـەریم قاسـم محەمـەد ئەبوبـەکری– ە و لـە لایـەن باپیری بـەخێووکراوەو گـەورە بـووە ، دوای ئـەوە بـووە بـە بازرگـانی پێـست لەگـەڵ کـورە خالەکـــەی فـــازل عـــەباس مەهداویو کاریان بە یەکەوە کردووە لە بەغدادا .

١٩١٤/١١/٢٢ لە گەڵ داگیرکردنی وویلایەتی ئەوسای بەسرە لەلایەن بەریتانیا ، کە ئەوکات رۆژنامە بووە چەکێك لەپێناو بەرز کردنەوەی هەستی رامیاریو جمووجۆڵی سـەربازیو رامیـاری ، ئـەویش بە دەرکردنـی رۆژنامەیـەك بـەناوی – بەسـرە تـایمس– لـە ١٩١٤/١١/١٩ ، بەزمانی ئینگلیزیو دوای ئەوە بوو بە زمانی عـەرەبی لـە سـاڵی ١٩١٥، دوای ئـەوە بوو بە زمـانی فارسـی لەسـاڵی ١٩١٦، لـەکاتی داگیرکردنـی شـاری بەغـدا لـە ١٩١٧/٣/١١ رۆژنامـەی – بەغـداد تایمس– دەرکرا بەهەردوو زمانی ئینگلیزیو عەرەبی لە شارەکەدا .

دوای ئـەوە هـەنگاوینا بـەرەو هـەرێمی باشـووری کوردسـتان ، کـە یەکـەم هەنگاوی ئەوە بوو بە دەرکردنی رۆژنامـەی کوردی ، بەناوی – تێگەیشتنی

ڕاستی - لەهەرێمی باشووری کوردستان لە ١٩١٨/١/١ و ١٩١٩/١/٢٧ لە شاری سلێمانی لەو کاتدا .

١٩١٤/١١/٢٢ یەکەی پێشەوەی فرقەی - ئەنگلۆ- هندی - شەشەم ، کە گەورەترین مەلبەند بوو لەباشووری ئێستای ئێراق ، کە دەسەڵاتی بەسەر پاریزگای بەسرادا مسۆگەر کردو کارەکانی خۆی ئەنجامدا.

١٩١٤/١١/٢٣ ڕژێمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بانگی جیهادی دژی بە هاوپەیمانان ڕاگەیاند ، لە جەنگی یەکەمی جیهان ، بەهۆی شلەژانی باری سەربازیو ئابووریو بازرگانی و پەیووەندیەکانی ومەترسییەکانی لە هەرەسهێنانی دەسەڵاتەکەیدا.

١٩١٤/١١/٢٧ لە دایك بوونی نووسەری ناوداری ویلزی - راشیل تورزیس - کە خاوەنی کورتە چیرۆکی - سێووە تازەکان - کە خاوەنی گەورەترین خەلاتی ئەورووپیە لە جیهان ، بۆ نووسەرە گەنجەکان بەدەست دێنێت - سێووە تازەکان - کۆمەڵێك کورتە چیرۆکی هەڵێنجاو لە ژیانی سادەی ئاسایی دۆڵ و دەشتەکانی ویلزدا .

کە نووسەر خۆی خەڵکی ئەم وولاتەیە بەهای خەلاتی - دیلان تۆماس- ٦٠ هەزار جوونەیهی ئیستەرلینی یە .

ئەم خەلاتە دووسالْ جارێك بۆ ئەو نووسەرانەی کە بەزمانی ئینگلیزی دەنووسن دەبەخشرێ ، وەك ڕێزلێنانێك بۆ شاعری ویلزی - دیلان تۆماس - . ئەم نووسەرە لە ١٩٥٣/١١/٩ کۆچی دوایی کردووە لە وولاتەکەدا .

١٩١٤/١٢/١ شێخ عبدالسلام بارزانی لە شاری مووسڵ لە دوای دەستگیرکردنی لە دەڤەری بارزان لە هەرێمی باشووری کوردستان بەپێی بریاری دادگاییکردنەکەیدا لە سێدارەدرا ، لەگەڵ دوو لە هەڤالانی لەلایەن تۆرانیەکانی ناو دەسەڵاتی عوسمانیدا .

١٩١٤/١٢/١٠ چاوپێکەووتن لە نێوان - مستر سکوتو وایزمانو هربرت شموئیل - بە ئامادە بوونی - حاخام موزی گاستر - کە سموئیل ململانێیەکی زۆری لە گەڵیا کرد ، لە دوای کۆبوونەوەی وەزیری بەریتانیاو ووتاری ئەسکۆت لەو

کۆبوونەوە ڕایگەیاندرا .

بۆ ئەوەی کە بەریتانیا واز لـە سیاسـەتی هەمیشەیی خۆی بێنێ بەرامبەر بە ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانیو هـەوڵی پارچـە پارچـە کردنـی بـدات ، لـە پێنـاو دورست کردنی دەووڵەتی سەهیۆنی لە فەلەستین . هەر وەك – لوید جورج – بڕیاری بۆ دابوو لەگەڵ وەزیری دەرەوەی بەریتانیادا .

١٩١٥

١٩١٥/١/٢ مـۆرکردنی پـەیمانی نێـوان حکوومـــەتی بـــەریتانیاو عەبدولعەزیز سعوود ئەمیری حیجـــاز... لـــەو پەیمانـــە بەریتانیا دانینا بە دەسەڵاتی عەبدولعـــــەزیز لەســـــەر شـــارەکانی نەجـدو حەســاو مـــەنتیفو دەووروبـــەری و کەنارەکانی کەنداوی فارسدا .

شایانی باسە کەنداوی فارسە نەك کەنداوی عەرەبی ، بەپێی ئەو پەیمانە– کە بەریتانیا دان بەدەسەڵاتی عەبدولعەزیز دەنێ وەك دادوەرێك لەسەر ئەو ناوچانەو بەرگری لێدەکات لەهەر پەلامارێك بۆ سەر دەسەلاتەکەی ، بە تایبەتی لە لایەن دەسەڵاتی فارس لەسەر دوورگەکەدا .

١٩١٥/١/٢ هێزەکانی سووپای قەیسەری ڕووسیا ئاگاداری دانیشتووانە ئاشووریەکانی شاری ورمێو– دەووروبەری کرد ، لەرۆژهەڵاتی کوردستان بە بەجێهێشتنی ناوچەی ورمێ بەتایبەتی گوندی– بەنگیجا– لە شارەکەدا .

کە ئەمەش بووە هۆی هەلاتنی دانیشتووانی گوندەکەو ماوەدان بە هێزەکانی سووپای عوسمـانی تـورك ، بـۆ پـەلاماردانی ئاشـووریو کـورد کـە ئەوانـەی پشتگیری هێزەکانی قەیسەری ڕووسیان دەرکرد لەهەرێمەکەدا.

١٩١٥/١/٤ هێزەکانی سووپای عوسمـانی تورك لە ناوچەی شاری ورمێ لە ڕۆژهـەڵاتی

کوردستان ، بە فەرمانی سەرکردەی سووپا – ڕۆستم بەگ – دەستیان کرد بە لـەناو بردنـی ئاشـووریەکان بـەبێ ویژدانانـە بەهـەموو شـێوەیەك نـەك هـەر ئاشووریەکان بەلکوو ئاشووریو ئەرمەنو کوردو گەلانی دیکەی دژ بە خۆیان تەنیا فارس نەبێت .

ئەویش لـە دوای دەست بەسـەر کردنـی زیاتر لـە ٧٠٠ هاوولاتی لە نەتـەوە جیاجیاکـانی دانیـشتووانەکەی پارێزگـای ورمێیـان ڕەوانـەی شـاری– خەسرۆفو گافیوان– کردو دوایـی ئـەوە هـەمویان کووشتو زینده بەچاڵ کردن لە ناوچەکەدا .

١٩١٥/١/٧ بـەرز کردنـەوەی ڕاپـۆرتی بەرپرسـی سـەهیۆنیزم وایزمـان بـۆ لێژنـەی جێبـەجێکردنی ڕێکخـراوی سـەهیۆنیزمی جیهـانی ، لـەبارەی کـارە جۆراوجۆرەکان .

کە لەگەڵ هربرت سمۆئیل وبەیاوەری حاخام گاستر ئەنجامی دابوو ، لە پیناو بەدەست هێنانی ئاواتە هەمەلایەنەکانی جوولانـەوەی سـەهیۆنیزم لـە جیهاندا ، ئەویش بە دامەزراندنی دەوڵەتی جوولەکە لە شامدا .

١٩١٥/١/١٣ هێزەکـانی سـووپای عوسمـانی پـەلاماری ئێرانـی دا ، لـە ڕێگـەی ڕۆژهـەلاتی کوردسـتانو ، دوواتـر شـاری تـەورێزی داگیر کـرد ، کـە بـە ئـارەزوی خـۆی مامەلـەی لەگـەڵ گـەلانی ئێـرانو بەتایبـەتی کـورد دەکـرد لـە سـەر خـاکی کوردستان .

١٩١٥/١/١٥ دامەزرانـدنی چـاپخانەی کوردسـتان ، لەشارۆچـکەی روانـدز ی سـەر بـە پارێزگـای هـەولێر ، لەلایـەن نووسـەرو روونـاکبیرو کەسـایەتی نـاوداری نەتەوەیی کورد – حوزنی موکریانی – لە باشووری کوردستان ، کە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لەسەر بەچاپگەیاندنی ڕۆژنامەو گۆڤارو نامیلکەدا .

دوای ئەوە چاپخانەکەی گواستراوە بۆ شاری هەولێرو لە چاپکردن بەردەوام بوو تاکوو تەواو بوونی ئەو مێژوونامەیە لە شارەکەدا .

١٩١٥/٢/١٦ هێزەکـانی سـووپای قەیـسەری ڕووسـیا لـە هێرشـێکی توونـدو دژوواردا پارێزگـای ئـەرزەڕۆمی کـوردی لـە بـاکووری کوردسـتانی ژێـر دەسـەلاتی

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تورك داگیر كردله هەرێمەكەدا .

١٩١٥/٣/٤ وەزیـــــری دەرەوەی ڕووســــــیای قەیــــــسەری – ســــــازانۆف – یاداشــــــتێكی ئارەزومەندانـــــەی ئاراســــتەی بــــالوێزی بـــەریتانیاو فەرەنـسا لەپترسـبۆرگی پایتـەختی ڕووسیای ئەوكات كرد .

كە لە یاداشتەكەی داوای كرد ، كە شــــاری ئەســــتانەی كــەنارەكانی بۆســـفۆر لـــە ڕۆژ ئـــاوای دەریـــای مەرمـــەرەو گـــەرووی – تەنگەبـــەر – دردەنیل دا. كە خۆی بەسەر هێلی ئینوز– میدیەی كەنارەكانی ئاسیای بچوك دا دەڕوانی لە ناوچەكەدا. كە دەكەوێتە بسفۆر تاكوو زێی سقاریە . لەگەڵ مەلبەنـدەكانی لەســـەر كەنـداوی ئـەزمیرو دوورگـــەی مەرمـــەرە بۆخۆیـــان بگەڕێتەوە ، هەتا گەر خاوەنداریەتیشی هی فەرەنساو بەریتانیا بێت .

شایانی باسە زۆربەی ئەو ناوچەی كە لەیاداشتەكەیدا باسی كردبوو خاكی كوردستانی دەگرتە خۆ لە كێشووەرەكەدا .

١٩١٥/٣/٥ ڕۆژنامەی باكۆ لە بابەتێكی هەواڵیدا بلاوی كردەوە ، كە لەوكاتـەی هێزەكانی سووپای ڕووسیا قەیسەری ناوچەی دیلمانیان گرتە دەست كە زیاتر لە ٢٠ گوندی مەسیحی وێرانكرابوو ، لەگەڵ بلاوبوونەوەی لاشەی كوژراواندا .

كە ئەم كارەش لـە لایەن سـەركردەی سووپای عوسمـانی تورك جودت پاشا ئەنجامـدرابوو ، ئەمـە جگـە لـە گونـدی كـوردو تێكـەڵاوی دانیـشتووانی ئـەو گوندانــە لــەباكووری كوردســتان ، كــە لــە كــوردو ئەرمــەن و ئاشــووری پێـك هاتبوون لە هەرێمەكەدا .

١٩١٥/٣/١٤ دەست پێكردنـی لـە نـاو بردنـی كـورد لـە لایـەن ئەرمەنـەكان بەپـشتیووانی هێزەكانی سووپای ڕووسیا ، لەناوچەكانی سـەری قامیش و بایەزیدو وان و بەرەو خوویی و ئورمیەو ڕواندوزو خانەقین لە باكوورو ڕۆژهـەڵات و باشووری

کوردستاندا .

کە هێزەکانی سووپای ڕووسیا داوای چۆلکردنی ناوچەکانی بایەزیدو جێگاکانی دیکەی کردو لە هەمان کات هەڵسا بەوێران کردنی بە سەدان گوندو کووشتنی ئافرەتو منداڵ بە دەستی چەکدارە ئەرمەنو ڕووسەکان .

لە دوای شۆرشی بەلشەفی لە ساڵی ١٩١٧ دا ، کە بەگەورەترین قەسابخانە دادەنرێت لەلایەن ئەرمەنەکان ، لەپێناو خزمەتکردنی ڕووسەکانو ڕووسەکانیش بەڵێنیان دا ، کە شاری وان ببێتە پایتەختی دەوڵەتی ئەرمەنی ، کە لە داهاتوو ئاواتیان بوو لەسەر خاکی کوردستان .

١٩١٥/٤/٦ ئەنجوومەنی هەڵبژێردراو لە کۆنگرەی نێوودەوڵەتی مەسیحیەکانی جیهان ، کە بریارێکی پیرۆزی راگەیاند بەکۆتایی هاتنی هەموو کێشە هەڵوواسراوەکانی نێوان مەزهەبەکانی ئاینی مەسیحیەکانو بیروو بۆچوونە جیاوازەکان لەئەورویا دا .

سەرەرای مانەوەی چەندین کێشەی هەڵوواسراو ، بەتایبەتی لەلایەن یوحەنای بیستو سێیەم و گریگۆریوبندکنت بە دەست کێشانەوەی لەپۆستی دەسەلاتی پاپا .

ئەویش بەهۆی سەرهەڵدانی دووبەرەکی بوو لە نێوان کەنیسەکانی یۆنانو رۆما و فەرەنساو ئیتالیا ، ئەویش بەهەلبژاردنی نکۆلای پێنجەم ، بەپاپای مەسیحی لەسەر هەموو جیهاندا .

١٩١٥/٤/١٤ هێزەکانی سووپای بەریتانیا دژە هیرشی گەورەیان کردە سەر چەکدارانی کوردو عەرەب لە ناوچەی شووعەیبە لە باشووری ئێستای ئێراق ، کە لە ئەنجام هێزە چەکدارەکانی کوردو عەرەب شکانو بەناچاری کشانەوە ، کە کەوتبوونە رۆژئاوای شووعەیبەو لە شەڕدا زیانی هێزی سووپای بەریتانیا ١٢٥٧هەزار سەرباز بوو لە کوژراو زامدار لە ناوچەکەدا .

هەروا زیانی کوردو عەرەب زیاتر بوو، بەلام ژمارەکەی بەتەواوی نەتوانرایە دیاری بکرێت لە ناوچەی شەڕەکەدا .

ئەمەش لە پێناو داگیر کردنی وولاتی نێوان دووزێ چ لەلایەن بەریتانیاو چ لەلایەن ڕەوکەرە عەرەبەکانی سعوودی بۆ ئێراقی ئێستا ، بەساکاریو ئاسانکاری کردنی کورد بە هەردوو لایەن ، لە پێناو داگیر کردنی خاکی

کوردستان ....؟ ...!.

١٩١٥/٤/٢٠ زیـاتر لـه ٢,٥٠٠ هـەزار چـەکداری ئەرمـەن دەسـتیان بەسـەر شـاری وان لـه باکووری کوردستان داگرت ، ئەویش بە دامەزراندنی حکوومـەتێکی کـاتیو لـه هـەمان کـات ئـەو ئەرمەنیانـەی کـه هـەڵاتوو بـوون لـه ریزەکـانی سـووپای عوسمـانی تـورك ، هێزێکـی چەکداری یـاخی بوونیـان پێکهێنـاو دەسـتیانکرد بەکاری نالەبار بەرامبەر بەدانیشتووانی دیاربەکرو سیواسو مەرعەشو قەرە حەسار لە باکووری کوردستان.

هەروا دەستیان کرد بە هێرش کردنه سەر هێزەکانی سووپای عوسمانی له دواوه ، لەکاتی جەنگدا لەگەڵ هێزەکانی سووپای ڕووسیای قەیسەریدا .

کـه ئەمـەش بـووه هـۆی ئـەوەی کـه سـووپای عوسمـانی بکەوتـه نێـوان دوو ئـاگری دژ بـه تورکیـا لـه دواوه ، یەکـەمیان :– ڕووبـەڕوو بونـەوەیان لەگـەڵ ڕووسـەکان لەپێـشەوەو دووەم :– لێـدانیان لـه دواوه لەلایـەن چـەکداره ئەرمەنەکان.

ئەمـەش بـووه هۆکـاری کاردانـەوەی نالـەبار لەسـەر رامیاریـەتی دەسـەڵاتی عوسمـانی بەتایبـەتی وەزیـری نـاوخۆ تەلعـەت پاشـاو بیرکردنـەوەیان بـه لـه ناوبردنی ئەرمەنو ڕزگاربوون له دەستیان لە هەرێمەکەدا .

١٩١٥/٤/٢٤ هێزەکانی سووپای عوسمانی بە ئامۆژگاری سەرکردایەتی دەسەڵاتی عوسمانی ، لە هێرشێکی بەرفراوان بۆ سەر باکووری کوردستانی داگیرکراوی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ، کە زیاتر لە ١,٥٠٠,٠٠٠ ملیۆن و نیوێك لە ئەرمەنی لەناو برد ، بە بەکارهێنانی ڕامیاریەتی جینۆسایدی نژادیو کووشتنی زیاتر لە ٣٠,٠٠٠ سی هەزار کوردو دەربەدەر کردنی بەسەدا هەزار خێزانی کوردو ئەرمەن بەرەو هەندەران

بەتایبەتی بۆ رووسیاو شام و لوبنان ، کە ئێستاش هەر بەئاوارە دەژمێردرێن و ناسنامەیان پێنەدراوە ، بە تایبەتی لە سووریا ، کە سەر هەمان رامیاریەتی بەردەوامە لە رەش کردنەوەی نژادیو داگیر کردنی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق گرتۆتە بەر لە هەموو بوارەکاندا .

١٩١٥/٤/٢٦ مۆرکردنی پەیمانی لەندەنی پایتەختی بەریتانیا لە نیوان سووێند خۆران و ئیتالیا ، بەمەبەستی ڕاکێشانی ئیتالیا بۆ لایەن خۆیان و هاوکاری کردنی تورك لە پێناو لێدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە کوردستان و داگیرکردنی بەتایبەتی لە باکووری کوردستان.

١٩١٥/٥/٢ ئەنجامدانی یەکەم قەسابخانەی ئەرمەنەکان لەلایەن هێزەکانی سوپای عوسمانی لە دوای قەسابخانەکەی ٤/٢٤ لە باکووری کوردستان لە شاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان .

لـه دوای داگیرکردنـی شـارەکە ، ئـەو هێرشـەو کـردارە بـەردەوام بـوو تـاکوو ٥/٢٤ ی هەمان ساڵ ، ئەمەش بە هاوکاری و لایـەنگیری کردنـی رژێمـی فـارس بـوو لـە ئێران بەرامبـەر مەسیحیەکانی ئەرمـەنی ، کـە زیـاتر لـە ١٠٠٠ هـەزار هاوولاتی لەژن و منداڵ و پیاوی کوشت لە پارێزگاکەدا .

١٩١٥/٥/١١ هێزەکـانی سـووپای ڕووسـیای قەیـسەری ناوچـەی ورمـێ و دەووروبـەری لەرۆژهەلاتی کوردستان داگیر کرد ، بەهۆی شەڕی نێوان کوردو تورك ئـەویش بـە گـەمارۆدانی هێـزە چـەکدارەکانی کـورد لـە ڕۆژهـەلاتی کوردسـتانی ژێـر دەسەلاتی ئێرانی فارس لە پارێزگاکەدا .

١٩١٥/٥/١٥ سـكرتێری بەشـی ڕامیـاری بـۆ رۆژهـەلاتی ناوەراسـت لـە وەزارەتـی دەرەوەی بەریتانیا بیرخەرەوەیەکی خستەڕوو دژ بەداگیرکردنی شـاری موسـل ، بەهۆی دورست بوونی کێشەو گیرووگرفت لەناوچەکەدا لەگـەڵ کوردەکـان ، کـە ئـەو کاتە لە ٨٥٪ دانیشتووانی پارێزگای موسل کوردبوونە لە ناوچەکەدا .

١٩١٥/٥/١٤ ڕوودانی گەورەترین قەسابخانە بە سەر کورد لە پارێزگـای وان لـە باکووری کوردسـتان لەلایـەن هێزەکـانی ئەرمـەن، کـە خزمـەتی هێزەکـانی سـووپای ڕووسـیایان دەکـرد، وەك پێـشەنگ کـە ڕووسـیا بـەڵێنی بـە ئەرمـەن دابـوو دەووڵەتی ئەرمەنیان بۆ دابمەزرێنێت و پارێزگای وان لە باکووری کوردستان بکاتە پایتەختی دەووڵەتەکەیان.
بەو بۆنەش زیاتر لە ٢٥٠ هەزار ئەرمەن روویان لەناوچەکە کردبوو بۆ چوونە ڕیـزی ئـەو دەووڵەتـە نوێیـە لـە شـێوازی دەووڵـەتی ئیـسرائیل... هـەروا راگەیانـدنی دەووڵـەتی ئەرمـەنی و پلانـی داگیرکردنـی وویلایـەتی بـەدلیس و دیاربەکر – ئامەد – ئامادەکرابوو بۆ ڕەشکردنەوەی نژادی کـورد لـە باکووری کوردسـتان و ئـەو شارانەشـی بـە پـشتیووانی هێزەکـانی سـووپای ڕووسـیا، بـەلام هێزەکـانی سـووپای ڕووسـیا تێکـشکێنران لەلایـەن هێزەکـانی سـووپای عوسمانی بەهاوکاری شۆڕشگێرانی کورد لە هەرێمەکەدا.
هــەروا راپۆرتــەکانی بــەریتانیا دووپــاتی ئــەوە دەکەنــەوە کــە ڕوودانــی قەسـابخانەیەکی دیکـە لەلایـەن هێزەکـانی ڕووسیاو ئەرمەنـەکان لـە شـاری

خانەقین و دەوورووبەری زیاتر لە ٥٠٠ هاوڵاتی کوردیان شەهید کرد.
کە ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە دانیشتووانی خانەقین و لادێکانی پەنا ببەنە بەر هێزەکانی سووپای بەریتانیا لەناوچەکەدا... هەروا شاری رواندز و گوندەکانی دەوورووبەری ئەوەیان بەچاوی خۆ دیت، هەر وەك بەسەر سبرینکا داهات لە ساڵی ١٩٩٧، لە بۆسنە لە دەست هێزەکانی نازیە سربەکان. کە – ئەندرانیك – ماندونەناسی ئەرمەن و تێنوو بەخووێنی کورد هەڵسا بەکۆکردنەوەی نزیکەی ٦٠٠٠ کەس لە منداڵ و ئافرەت و پیرو گەنجی کورد لە شارەکەو دەوورووبەری و فەرمانی کووشتنی بۆ دەرکردن، کە لە ٣٠٠٠ هەزار ماڵ تەنیا ٦٠ ماڵ مایەوەو ئەویدیکە بە دەستی رووس و ئەرمەن وێرانکران لە گەڵ وێرانکردنی ٣٠ گووند لە ناوچەی برادۆست لە باشووری کوردستان. کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە دانیشتووانەکانی بەرەو شاری مووسل رابکەن بەتایبەتی لەناوچەی بادینان.
هەروا زیاتر لە ٨٠٪ لەدانیشتووانی پارێزگای سلێمانی لە باشووری کوردستان تووشی کارەساتی وێرانکردن و دەربەدەری و کووشتن و هەڵاتن هاتن لەلایەن چەکدارانی رووسیاو ئەرمەن لەسەر خاکی کوردستان.
سەرچاوە :– عەزیز ئەلحاج. کێشەی کورد لە بیستەکان – بەیروت /١٩٨٤ ل ٩١.



١٩١٥/٥/١٥ گرێدانی کۆبوونەوەی ڕۆژهەڵاتناسانی ڕووسیا ، کە لەو کۆبوونەوەیە مێژوونووس و جووگرافیناسی ڕووسی مینۆرسکی ووتارێکی لەبارەی جووگرافیای کوردستان بەگشتی خووێندەوە. بەرامبەر بە ئامادە بووانی کۆبوونەوەکە .

١٩١٥/٥/١٩ هێزەکانی سووپای ڕووسیای قەیسەری لە هێرشێکی بەرفراوانیدا بۆ سەر گوندو شارۆچکەو شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، کە لە ئەنجام ناوچەی شنۆیان داگیر کرد لە هەرێمەکەدا . ئەویش لە پێناو بە ئەنجامگەیاندنی

خواستەکانیان .

١٩١٥/٥/٢٣ مـۆرکردنی ڕێکـەووتن لـە نێـوان فەیـسەل حوسـێن و سـەرکردەی ڕێکخراوە عەرەبیەکانی نەتـەوەیی لـە سـووریا ، ئـەویش بـەناوی پرۆتۆکـۆلی دیمەشـق بـەناوی سەرکردە عەرەبەکان ، کە بڕوایان بە ڕاپەڕین هەیە لەژێر دەسـەڵاتی عوسمانیدا ، بەرامبەر بەدانانی بـەریتانیا بـە دەوڵـەتی عـەرەبی سـەربەخۆ ، کـە ئێـراق و سووریاو لوبنان و فەلەستین و حیجاو نیمچە دوورگەی عەرەبی بگرێتەوە .

کە ئەو کاتە نە ئێراق و نە سووریاو نە لوبنان و نەفەلەستین دەوڵـەت نـەبوون . هـەر هـەمووی ژێـر دەسـتەی ڕژێمـەکانی عوسمـانی و بـەریتانیا بوون . لـەو کاتیـشدا ڕێـژەی دانیـشتووانی عـەرەب لـەو هـەرێم و ناوچـانە ، وەك ئـەوەی دوای دامەزراندنی دەوڵەتەکان .

١٩١٥/٥/٢٥ هـەر لەگـەڵ بەردەوام بوونی هێزەکـانی سـووپای ڕووسـیای قەیـسەری شـاری ورمێـی ڕۆژهـەڵاتی کوردستانیـشی داگیر کـرد، لـە پێنـاو جـێ بـە جێکردنـی ئامانجەکانیان لە هەرێمەکەدا .

١٩١٥/٥/٢٧ ئەنجوومـەنی وەزیرانـی دەسـەڵاتی عوسمـانی تـورك ڕەزامەنـدی لەسـەر گوواسـتنەوەی ئەوکەسـانە کـرد ، کـە خیانـەت لەگـەڵ ڕژێمـی تـورك دەکـەن بەتایبـەتیش بیانووەکـە بـۆ کـوردو ئەرمـەن و ئاشـووری بـوو لـە باکووری کوردستان ، لەگەڵ ئەوەشدا پێش ئەو بڕیارە کارەکانی ئەنجامدا بوو بەدەیا ڕێگـای گوونجـاوی دیکـەی بەرژەوانـدکاری دیـار کرابـوو ، لـە ناوچـەوە هەرێمەکەدا .

١٩١٥/٥/٢٨ هەر لەگەڵ بەردەوام بوونی هێرشەکانی سووپای ڕووسیای قەیسەری بۆ سەر ڕۆژهەلاتی کوردستان ، لە دوای شاری شنۆو ورمێ شاری سابلاخ و مەهابادیش داگیر کرد لە هەرێمەکەدا .

١٩١٥/٦/١ یەکێك لەو نامانەی کە تاڕادەیەك بە درێژی باس دەگرێتە سەر باری ڕامیاری دوا ڕۆژی ئەرمینیاو کوردستان لە باکووری کوردستان بە بروسکەی ژمارە/٣٧٧ بووە ، کە لە باڵوێزی ڕووسیا لەپاریسەوە بۆ وەزیری دەرەوەی ڕووسیا – سازانۆف – نێردراوە . لەبرووسکە کە باس لە هاتنی نووێنەرانی ئەرمەنی بۆ پاریس دەکات ، وەکوو زافریف و نۆبار پاشا .
هەروا بەشێك لەناوەرۆکی نامەکە بەم جۆرەیە:– دکتۆر زافریف و نۆبار پاشا گەیشتنە پاریسی پایتەختی فەرەنسا... دیارە گەلێ کار بەدەستانی دەسەلاتدار لە فەرەنسا لەسەر ئەو باوەڕەن کە پێوویستە ئەرمینیای ئۆتۆنۆمی دابمەزرێت لەژێر باڵی ڕووسیاو فەرەنساو ئینگلستان.
هەروا لەو نامەیەی کە پێشکەشیان کردبوو ،. ئەم پێشنیارەشیان داناوە ، ئەویش ئەوەیە . کە پێوویستە کوردستانی ئۆتۆنۆمی بە هەمان شێواز دابمەزرێت لەژێر چاودێری یەکێك لە و دەووڵەتانە یاخوود لە هەرسێ دەووڵەتە گەوورەکاندا.

١٩١٥/٦/٤ یاداشتێکی باڵوێزی ئەڵمانیا ، کە ئاراستەی سەرەك وەزیرانی دەسەلاتی عوسمانی – سەعید حەلیم – پاشای کردبوو ، بە پشتگیری کردنی ئەڵمانیا . بۆ دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە دوورخستەوەی ئەرمەن لە ڕۆژهەلاتی ئەنازۆڵ ، کە ئەمەی بەکارێکی بە ڕاست لە قەلەمدا ، لەپێناو بەرگری کردن لەدەووڵەتی عوسمانی لە ناوچەکەدا .

١٩١٥/٦/١١ لەکۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی ڕژێمی عوسمانیدا ، باری ئەرمەن تاووتۆکرا ، بەبلاوکردنەوەی ڕاگەیاندنێکی بەزەیی هاتنەوە بەئەرمەن بە ئاشکرا ، بەڵام بە نهێنی لەژێرەوە نەخشەی لەناووبردنی ئەرمەنەکان و دروستکردنی بارو بە گوونجاندنی بارودۆخێك بۆ لەناوبردنیان. لە باکووری کوردستان.

١٩١٥/٦/١٢ ئیسماعیل ئاغا لە ناوچەی ئەرتوو لە باکووری کوردستان بەرەو تیاری بالا هەڵکشا ، کە لەو کاتە کوردەکان لەکوردستان باشترین هێزی چەکداریان

هەبوو ، لەگەڵ ئەوەشدا مەلیكی ئاشووری شەڕی بەسەركوردەكاندا سەپاند لەماوەیەكی درێژی دەسەلاتەكەیدا ، بەلام بەهۆی هێرشی هێزەكانی سووپای عوسمانی لە ناوچەكە بۆ سەر ئەرمەنەكان كشانەوە دواوە لە ناوچەكەدا .

١٩١٥/٦/١٤ باوەرپێكراوی پرۆتۆكۆلی دیمەشق شەریف حسین نامەیەكی ئاراستەی مەندووبی سامی بەریتانیا – مكماهۆن – لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسر كردو پێشنیارەكەی ئەوە بوو ، كە لە سەر بەریتانیا پێویستە دان بنێ بە عەرەب ، بەپێی پرۆتۆكۆلی دیمەشق بە بەرپاكردنی راپەرین دژی دەسەلاتی عوسمانی بەرامبەر بەیارمەتی سەربازیو ئابووریدا ، لە هەمان كات داننان بەدامەزراندنی دەوڵەتی عەرەبی سەربەخۆ، لەو كاتەشدا مەندووبی سامی بەریتانیا پشتگیری داواكەی كرد بەوەلامدانەوەی لە رۆژی ٨/٣٠ ی هەمان ساڵ .

كە ئەنجامەكەی عەرەب بەئامانجی ٧٥٪ی خۆیان گەیشتن لەسەر خاكی گەلانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست ، بەتایبەتی لەسەر خاكی باشوورو رۆژ ئاوای كوردستانی كورد لە كوردستاندا .

١٩١٥/٦/٢٨ نووێنەری كەسایەتیە مەسیحیەكان لە باكووری كوردستان مارشمعون سەردانی رووسیای قەیسەری كرد ، لەپێناو پشتگیری لێكردنی بە هۆی بەرپابوونی شەڕ لە نێوان توركو نەتەوەكانی دانیشتووی رەسەنی باكووری كوردستان.

كە لە كوردو ئەرمەن پێكهاتبوون لەگەڵ هێزەكانی سووپای عوسمانی، بەلام بێ سوود بوو ، دوای ئەوە بەرەو شاری ورمێ كەووتەرێ بۆ وەرگرتنی یارمەتی لە لایەن بەرپرسانی رووسی ، بەلام یارمەتی رووسەكان بێ هێز بوون.

١٩١٥/٦/٢٨ هێزەكانی سووپای عوسمانی بەهاوكاری جاشە خۆ فرۆشەكانی كوردەكانی بۆ تورك لە شاری موسل ، هێرشیان بەرەو بەرواری خواروو لە باشووری كوردستان ، كرد كە چەكداری تەواوی هەبوو بەچەكی ئۆتۆماتیكیو نارنجۆكو تۆپی چیایی ، بەسەركردایەتی پارێزگاری موسل – حەیدەر بەگ – و قائمقامی جۆلە مێرگ بە هاوكاری دانیشتووانی ناوچەی ئەتروش لەهەرێمی باشووری كوردستان.

هەروا هێرشی دوەمیان بۆ سەر بەرواری بالا کردە سەر ئاشوورییەکان. بەڵام ئاشوورییەکان توانیان بەرگری لەخۆیان بکەن بەو چەکەی کە مارشەمعون لە ڕووسیای قەیسەری وەرگرتبوو، بەڵام دوای ئەوە چەکەکانیان دا بەدەست هێزەکانی سووپای عوسمانی لە ناوچەکەدا .

١٩١٥/٧/١٠ هێزەکانی سووپای عوسمانی تورك بەرەو پارێزگای مۆش لە باکووری کوردستان بە ڕێکەوتن و ناوچە ئەرمەنیەکانی بە مووشەك بۆردومان کرد بەشێوەیەکی بێ وێنەو لە ماوەیەکی دیاریکراو زیاتر لە بەهەزاران لە کوردو ئەرمەنی لەناو بردو بەدەیا هەزار خێزان لە کوردو ئەرمەن دەربەدەر بوون بۆ وڵاتانی دیکەی سەر سنووری کوردستان بەتایبەتی باکووری کوردستان.

١٩١٥/٨/١٠ سەرکردەی مەسیحیەکان بەتایبەتی ئەرمەنەکان مارشەمعون نامەیەکی لەپارێزگاری موسل - حەیدەر بەگ - بەدەست گەیشت و داوای لێکرد کە واز لە شەڕ بێنێ و چەکەکان بداتەوە دەست هێزەکانی سووپای عوسمانی، گەرنا هرمزی برات لەبەردەستمانەو دەیکوژین ، بەڵام مارشەمعون لەوەڵامداو وتی:- گەلەکەم براو بنەماڵەمن و هرمز برامەو یەك کەسەو ئێمە بەردەوام دەبین لە ڕاپەڕینەکەماندا .

١٩١٥/٨/١٠ نووێنەری مەسیحیەکان و شاندێکی یاوەری لە ڕێگەی باشقەلا بەرێکەوتن ، لەپێناوچاوپێکەتنیان بە چرنۆزوبۆف لەشاری سەلماس لەرۆژهەلاتی کوردستان ، لەپێناو وەرگرتنی یارمەتی لە ڕووسەکان، بەڵام هەولەکانیان بێ سوود بوو ، بەهۆی هاوپەیمانیەتی نهێنی لە نێوان ڕووس و تورك ، لە ئەشکەنجەدانی کوردو ئەرمەن و پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتیان ، لەسەرخاکی کوردستان بەتایبەتی لە باکووری کوردستان.

١٩١٥/٨/٢٠ شانشینی ئیتالیا جەنگی دژ بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ڕاگەیاند بە هۆی لێك ترازانی باری ڕامیاریەتی نێودەوڵەتی ، بەتایبەتی لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی لەهەرێمە جیاجیاکاندا .

١٩١٥/٩/١٥ سەرکردەی هێزەکانی سووپای ڕووسیای قەیسەری ژەنەراڵ جیرنۆزۆبۆف لەئێران سەردانی بەتریارك مارشەمعونی کردو داوای مانەوەی لە باشقەلا لێکرد ، لە هەمان کات ماوەی پێ نەدا بە پەڕینەوەیان بۆ ئێران .

که وەك وەرەقەیەکی بەرگری کردن بوو بۆ ڕووسەکان و دووبارە ئەرمەنەکان تووشی بارێکی ناڕێك بوون لەسەر سنووری نێوان ئێران و تورك ، کە لەسەر خاکی کوردستانە لە کیشووەرەکەدا .

١٩١٥/١٠/٢٤ حکوومەتی بەریتانیا لە نامەیەکیدا بۆ شەریف حوسێن ئەمیری شاری مەککەی سعوودیە ، بە مەبەستی چاکەدانەوەی ئەمیرو بەپێشکەش کردنی هەردوو دوو ویلایەتەکەی بەغداو بەسرە لە دژی تورکەکان.

١٩١٥/١٠/٢٤ نامەی دووەمی مەندووبی سامی بەریتانیا – مکماهۆن– لە میسر بۆ شەریف حوسێن بە ڕەزامەندی کردنی لەسەر داواکانی، بەڵام ئەوە بخرێتە ژێر ڕێکەووتنەکە ، کە شاری بەیروت و حەلەب و دوایی ویلایەتی بەسەرەو بەغدا ، کە ئەمانە دەکەونە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا .
بەڵام دامەزراندنی دەووڵەتی عەرەبی سەربەخۆ لە کیشووەری ئاسیا بۆ عەرەب مسۆگەرە ، بەمەرجێ لایەنگیری تەواوی بەریتانیا بکەن و دژ بە دەسەڵاتی عوسمانی بن ، لەهەموو بوارە جیاجیاکاندا ، بەتایبەتی لە لایەنی سەربازیدا.

١٩١٥/١٠/٣٠ هێزەکانی سووپای ڕووسیای قەیسەری ئامانجێکی گەورەیان بەدی هێنا ، کە بەشێك لە هێزەکانی ژەنەراڵ باراتۆف لە بەندەری ئینزیل لەسەر دەریای قەزوین دابەزی و بەرەو باشوور کەووتە هێرش بردن و بڵاوەی بەهێزەکانی تورك و کورد کرد ، دوای ئەوە بەرەو شاری هەمەدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کشانەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا سزایەکی باشی ئەو خێڵە کوردانەی ناوچەکەی دا بەهۆی دژایەتی کردنیان.

١٩١٥/١١/٢ بە هۆی پەلاماردانە درندانەو نامرۆڤایەتیەکەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دژ بە ئەرمەن و هەڵگری بڕوای ئایینی مەسیحی و کورد



لە باکووری کوردستان لە ١٩١٥/٤/٢٤ کە بووە هۆی گیان لە دەستدانی ١,٥٠٠,٠٠٠ ملیۆن ئەرمەنی و ٣٠,٠٠٠ هەزار کوردو دەربەدەربوونیان بەرەو وولاتانی دراوسێی و ناوچەکان، لەوانەش روویان لە شاری شەنگال و ناوچەکەی کرد.

جێگەی روونکردنەوەیە کە شەنگاڵ لە ساڵی ٩٤٨ ی زایینی یەکەیەکی کارگێری بووەو سەر بە وویلایەتی جەزیرە.

بەر لەوەش شەنگاڵ و ناوچەکەی پێناسەی بە نیشتیمانی ئێزیدیەکان ناوزەند بوو، چەندین رەهبانیان هەبووە بۆ خودا پەرستنیان لەشاخەکانی شەنگاڵ و ئەشکەووتەکان، لە هەمان کات پەیوەندی ئێزیدیەکان لەگەڵ دانیشتووانەکان باشبووەو چەندین مەزاری پیرۆزیشیان هەیە لەناوچەکەدا.

لێرەدا دەگەرێینەوە بۆ دوای ساڵی ٩٤٨، دوای ئەوە شەنگاڵ چووەتە ژێر دەستی – حەمدانیەکان – پاش ئەویش چۆتە ژێر دەستی سەلجووقیەکان و هەروا کەووتۆتە ژێردەسەڵاتی تورکمانەکان، لە سەردەمی دەسەڵاتی خەلیفەی عەباسی و داگیریان کردووە، دوای ئەوانیش لە ساڵی ١١٢٧ لەلایەن دەسەڵاتی ئەتابەکیەکان لە مووسل شەنگاڵ و ناوچەکەیان داگیرکردووە , لەباشووری کوردستان.

١٩١٥/١١/٢٣ دەست پێکردنی گفتووگۆی پەیمانی – سایکس – بیکۆ، لە نێوان فەرەنسا و بەریتانیا، کە لەلایەن فەرەنسا کوونسلی گشتی پێشووی لە بەیروت پایتەختی لوبنان – فرانسوا جۆرج بیکۆو – لەلایەن بەریتانیا جێگری وەزیری دەرەوەی – ئاسەر نیکلش – دوای ئەوەش شارەزایەکی لە کاروباری رۆژهەلاتی ناوەراستدا – سیرماك سایکس – دانرا...



هـەردوو لـە کـەش و هەوایـەکی زۆر کـەپ و نهێنیـدا کەووتنـە بگـرەو بـەردەی دابەشکردنی ئەو شووێنانەی کە مەبەستیان بوو، لە تێروانینی ئەو ڕۆژەیان وەك بنەمایەك بۆ هەڵسووکەوت و ئەگەرەکانی ئایندەیان.

دوای یەك مانگ , لەو کۆبوونەوە، کە چۆنی شام و لوبنان و فەلەستین لە پاڵ وویلایەتی مووسڵ و بەندەری ئەسکەندەرۆنەو کیلیکا بەشبکەن , هـەر لایەو دەیویـسـت بـەباری بەرژەوەنـدی خۆیـدا چـەمکی بەرەکـە ڕاکێـشێ و زۆرترینبەشی بەرکەوێ.

ئەویش بە ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی بنەرەتی لە ماددەو برگەو خاڵی تـەواو لـە پێناو مۆرکردنی لە پەیمانێکی بنـەرەتی، لـە نێوان وولاتـانی تـەوەری شـەڕ لـە دوای هەرەس پێهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لـە هـەموو بوارەکان کـە لـە ئاداری /١٩١٦ بە پەیمانی سایکس – بیکۆ ناوزەند کراو مۆرکرا.

١٩١٥/١١/١٨ هێزەکـانی سـووپای عوسمـانی تـورك بەسـەرکردایەتی ئـەنوەر پاشـا لەگـەڵ

ژەنەرالێکی ئەلمانی سەرکردایەتی هاوبەشیان کرد بۆ سەرهێزەکانی سووپای رووسیا ، بەلام لەئەنجام سەرەو نگوم کران و فرێ درانە ئەو دیووی سنوورەوە ، کە زیاتر لە ٩٠ هەزار سەرباز بەشداریکرد و ٧٠ هەزار چەکداری تورك لەناو چوون، بەلام رووسیا ٢٠هەزار چەکداری لێکوژرا لەو شەرە لە ناوچەکەدا .

١٩١٥/١١/٢١ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا - ئەدورد گیری- داوای لە وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا کرد ، بۆ ناردنی شاندێك بۆ لەندەنی پایتەختی بەریتانیا ، ئەویش لە پێناو تاووتۆ کردنی داهاتووی دامەزراندنی دەوڵەتی سووریا .

شایانی باسە کە ئێستا دەوڵەتی سووریا زیاتر لە ١٧ هەزار کیلۆمەترچوار گۆشە لەخاکی رۆژئاوای کوردستان و زیاتر لە٢,٥٠٠,٠٠٠ ملیۆن کوردی پێ لکێنراوە . بە پێی پەیمانی لۆزان لە ١٩٢٣/٧/٢٤ ی وولاتانی هاوپەیماندا .

١٩١٥/١١/٢٢ پێش ئەوەی - سایدبواسم- یاداشتەکەی ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بکات ، بابەتێکی دیکەی نووسیبوو . ئەویش بەدیاریکردنی یاداشتەکە ، کە وویلایەتی مارسین و ئەسکەندەرۆنەو چەندین پارچە لە وولاتی شام ، کە دەکەووێتە لایەنی رۆژئاوای وویلایەتی دیمەشق، شام و حمس و حەماو حەلەب ، کە ئەمانە ناتوانرێ بلێین خاکی عەرەبن لە ناوچەکەدا .

لە گەڵ ئەوەشدا بەنداوی مارسین ، کە وویلایەتی ئەدەنە- دیار بەکری - لەباکووری کوردستان پێووە لکاوەو بەنداوی ئەسکەندەرۆنەش لە وویلایەتی حەلەب ... کە شارەکانی دیمەشق و حمس و حەماو ویولایەتی سووریای شام، کە پایتەختەکەی شاری دیمەشق بێت لە ناوچەکەدا .

١٩١٥/١٢/١٢ پیلانی دەوڵەتە سووێند خۆرەکان بۆرێکەووتن بە نهێنی لەگەڵ کاربەدەستی ناسراوی عوسمانی – جەمال پاشا– یان دانابوو بۆ وەرگێڕانی دەسەڵاتی حکوومەتی تورك‌و بە هاتنی ئەو بۆسەر حوکمرانیەکەدا .

ئەویش بەپێی ڕێکەووتنێکی تایبەت ، لەم نامەیە کە دیسان باس لە ئۆتۆنۆمی ئەرمینیاو کوردستان دەکرێتەوە ، بەڵام ئەمجارە لە ژێر باڵی عوسمانی دابێت ، ئەم بەڵگەنامەیە لەشێووەی بروسکەیەك بوو لەژێر ژمارە ٦٣٩١/ لەم ڕۆژەدا ، کە لە وەزیری دەرەوەی ڕووسیاوە بۆباڵوێزی ڕووسیا لەپاریس ڕەوانە کراوبوو.

١٩١٥/١٢/٧ یەکەم قوتابخانەی کچان لە شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان کرایەوە ، لەلایەن ئافرەتی ناوداری کورد خاتوو حەلیمە نەزهەت خانم لەناو خانووەکانی دەسەڵاتی عوسمانیدا .

١٩١٦

١٩١٦/٢/٣ داگیر کردنی پارێزگای ئەرزەرۆم لە باکووری کوردستان لەلایەن هێزەکانی سووپای ڕووسیای قەیسەری ، کە ئەم پایزگایە جێگەیەکی ستراتیژی‌و رامیاری‌و ئابووری گەورەو گرنگی هەبووە لە وویلایەتی ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵاتی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا ، کە دەسەڵاتی عوسمانی تورکیای خستە بارو دۆخێکی ناهەموارو نالەبار لە ناوچەکەدا .

١٩١٦/٢/١٧ دوای ئەوەی کە هێزەکانی سووپای ڕووسیا سەرکەووتنی باشیان بەدەست هێنا بەداگیرکردنی خاکی باکووری کوردستان. هێرشەکانی بەردەوام بوو بەرەو ئامانجە سەرەکیەکان ڕووەو شاری فارس و ئەرزەرۆم کە لە ماوەیەکی کەم توانی ئەم شارو دەورووبەرەکانی داگیربکات و هێزەکانی سووپای عوسمانی دەربکات، کە شاری ئەزەرۆم وەك هەرێمێکی گرنگ لە بوارەکانی جووگراف و کەش و هەواو گونجانی لەباری – ئیستراتیژی سەربازی کە لە ١/١١ تاکوو ١٩١٦/٢/١٧ هێزەکانی سووپای ڕووسیا سەرکەووتن بەدەست بێنێ و زیاتر لە ٦٠,٠٠٠ هەزار سەربازی تیا کووژرا.

دوای ئەوەش هێزەکانی سووپای ڕووسیا بەردەوام بوون لە هێرشەکانی تاکوو توانی – تەرابزون و ئەرزنجانیش بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی... کەچی هێزەکانی سووپای عوسمانی لەهەموو هەوڵەکانیان هەرەسیان هێنا.

لە هەمان کات هێزەکانی سووپای عوسمانی لەبەرەکانی شامیش بەرەو هەرەس هێنان و رووخان هەنگاویان دەنا، بە هۆی دروست بوونی بارودۆخێکی لەبار بۆ وولاتانی هاوپەیمان و تەوەری شەرکەرو نا لەباری بارودۆخێکی نەگوونجاو بۆ دەسەلاتی عوسمانی لەبەرکانی جەنگدا لەناوچەو هەرێمە جیاجیاکان.

سەرچاوە :- تاريخ توركيا المعاصر... دانانی کۆمەڵە توێژەنەرێکی سۆڤیەت.

١٩١٦/٣/٤ هاوپەیمانیەتی سێ لایەنەی نێوان رووسیاو فەرەنساو بەریتانیا گەیشتە مۆرکردنی پەیمانی نهێنی نێوانیان لە شاری پترسبۆرگی پایتەختی رووسیای قەیسەری، کە ماوەی ساڵێك لە گفتووگۆی بەردەوامی لەسەر دەکرا، بۆ رزگار کردنی وولاتی عەرەبو پارێزگاری لێکردنیو، دامەزراندنی حکوومەتی ئیسلامی سەبەخۆ، کە بەریتانیا چاودێری کارگێری بکاتو هەر رێکەووتنێکی لە دابەشکردنی وولاتی ژێردەسەلاتی عوسمانی، بەتایبەتی کوردستان بۆ ناوچەی ژێردەستەی لایەنگیریان.

تێبینی :- بڕوانە نەخشەی سایکس- بیکۆ کە چۆن ناوچەکان دابەش کراون.

١٩١٦/٣/٢٥ لەدایك بوونی کەسایەتی ناسراوی کورد هۆزانەوان شێخ محمد ئەمین بیارەیی لە باشووری کوردستان کەناسراو بوو بەکاردۆخی.

١٩١٦/٣/٣١ بالوێزی فەرەنسا لە پترسبۆرگی پایتەختی رووسیای قەیسەری بیر خەرەوەیەکی ئاراستەی رووسەکان کردو تیایدا رایگەیاند، کە فەرەنسا واز لە ناوچەکانی کوردستانی خواروو، لە بەتلیسو وان لە باکووری کوردستان دەهێنێ.

بەڵام دەست بەرداری ئەوناوچانە نابێت، کە بە نێوان مۆشو بەدرێژایی زێی دیجلە بەرەو رۆژهەلات دەرواتو لە ئاشیت داغەوە تا دوورگەی ئیبن عومەرو سنوورەکانی ئێرانو بەرزاییەکانی مۆشدا، هەروا حکوومەتی فەرەنسا رازی نابێت لە جیاتی ئەوانە ناوچەکانی سیواسو خاربوتو کایسەری پێ بدرێت.

شایانی باسە کە ئەمانەی لەناو راپۆرتەکەی بالوێزی فەرەنسا هاتووە هەموو باکوری کوردستانە.

١٩١٦/٤/٥ لە نامەیەکی - جۆرج بیکۆ - کە ئاراستەی وەزیری دەرەوەی رووسیا

سازانۆف دەکات و دەڵێت:- سنووری کوردستانی ڕووسیا (!) پێویستە لە مۆشەوە دەست پێ بکات ، تاوەکوو دەگاتە عمادیەو نزیکی سنووری ئێران لەناوچەی مەرگەوەردا .

١٩١٦/٤/٢٦ دوا بیروو چوونی حکوومەتی فەرەنسا لە لایەن نووێنەری فەرەنسا – پالیولوگ – لە سەر ڕێکەووتنی لەگەڵ ڕووسیا لە بارەی دابەشکردنی کوردستان بەحکوومەتی ڕووسیا ئەگەیەنێت لە نامەکەی کە بۆ وەزیری دەرەوەی ڕووسیا دەنێرێت و دەنووسێت:-

١-ڕووسیا ناوچەی ئەرزەڕۆم و وان و بەتلیس لە باکووری کوردستان بەخۆیەوە ئەبەستێتەوە.

٢- هەرێمی کوردستان لەخوارووی وان و بەتلیس و لەنێوو مۆش و سەعرت تا دۆڵیزێی دیجلەو جەزیرەو لووتکە شاخەکانی سەرووی ئامێدی و ناوچەی مەرگەوەر ، ئەمانەش بە ڕووسیا ئەبەسترێتەوەو لەژێر دەسەڵاتیا دەبێ.

ئابەم جۆرە پەیمانی ، سایکس-بیکۆی ، بەناوبانگ و ڕێکەووتنی سازانۆف- پالیوولۆگ ، نەك کوردستانیان لەبیر نەچووبووەوە بەڵکوو زۆربەی وەخت و بێ بەزەییان تەرخان کرد بوو ، بۆ پچر پچر کردنی کوردستان بۆ ئەم هەموو بەشانەدا.

ئەم هەموو دەووڵەتە گەوورانە کەوتبوونە گیانی وڵاتی کوردی بچووك لەکێشووەری ئاسیادا...!...!.

١٩١٦/٤/٢٨ لە ئەنجامی کێشەو ململانێی نێوان ڕامیاریەتی و هێزی سووپای داگیرکەرانی باشووری کوردستان ، لەو کات ببووە قەڵای هێزەکانی سووپای عوسمانی و کورد بەهۆی ئاکامی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی سووپای بەریتانیا.

کە لەو کات ژەنرال – تۆمسن – سەرکردەی هێزەکانی سووپای بەریتانیای دەکرد ، لە کووت و عمارەو لە هەمان کات سەرکردایەتی فەیلەقی سووپای ڕووسیا بەسەرکردایەتی برانۆف بوو .

کە بەرەو ئێران دەچوو ، ئەویش لە پێناو لەناو بردنی بنکەکانی سووپای تورك و ئەلمان . بۆ ئەوەی پەیووەندی بەهێز بکاتەوە لەگەڵ سەرکردایەتی هێزەکانی سووپای بەریتانیادا .

١٩١٦/٤/٢٩ هێزەکانی سووپای بەریتانیا ڕازی نەبوون بەهاوکاری کردنی هێزەکانی سووپای ڕووسیا ، لەو کاتەش هێزەکانی سووپای ڕووسیای قەیسەری بۆیان

نەکرا ئامانجە ستراتیژیەکانی تەواوی گۆڕەپانی تورکیا لە کیشوەری ئاسیایدا بەدی بێنن .
هەر ئەوەش بوو ، کە ئەو هەلەی بۆ تورکیا ڕەخساند کە بە توندی پەلاماری هێزەکانی بەریتانیا لە ئێراق بدات و کووت و عیمارە داگیر بکات و دوای ئەوە خۆیاندا بەدەست هێزەکانی سووپای تورکیا لە ناوچەکەدا .

١٩١٦/٥/٩ مێژونووسی ڕووسی بروای وابوو بەهەموو توانا هەوڵ بدرێت کوردەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستانی ژێر دەسەلاتی ڕژێمی شای ئێران بەلای ڕووسیادا وەر بگێڕن ودەڵێ:-
کورد وەك هێزێکی جەنگاوەری چالاك بۆ ئێمە پێویست نیە لە هەرێمەکەدا ... بەلکوو ئێمە تەنیا ئەوەمان لە کورد ئەوێ ، کە کورد بێ دەنگ و هێمن بن و دۆستانە لە گەلمانا بجوولێنەوە لە هەرێمەکەدا .

١٩١٦/٥/١٢ لە بەڵگەنامەیەکی دیکەدا ، کە لەلایەن کاربەدەستی برواپێکراوی بەریتانیا- سیرمارك سایکس- وە بۆبالوێزی ئەنگلستان لەپترۆسبۆرگ ناردراووەو بەشێك لەم نامەیە بەم جۆرەیە کە:-
١- ڕووسیا ئەم ناوچانە وەردەگرێت ، ئەرزەڕۆم ، بەتلیس، وان، کەمێك لە ئەرمەن... لە بەر ئەوەی هەرێمی- ا - بەتەواوی کوردیە لە هەرێمەکەدا .
٢- فەرەنسا ناوچەکانی ئەرمەن و ئەو وولاتانە - کە کوردبن- وەردەگرێت لە پارێزگاکانی ، دیاربکر، میا فارقین، مۆش ، لە باکوری کوردستان . هەروا .
بەم جۆرە ئەم ڕامیاریەتە لە بارەی کوردستان لەچەند ڕوویەکەوە بەرە بەرە بەرەو نارەوایی هەنگاوی دەناو سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی پشتگوێ دەخرا ، بەپێی بەڵگەنامەکان لە سەر کوردستان لەپەیمانی سایکس ـ بیکۆدا.
هەر بە هۆی ناوەڕۆکی ئەم بەڵگەنامانە ، وەزیری دەرەوەی ڕووسیا سازانۆف پیلانێکی نهێنی لەسەر ڕۆشنایی پیلانەکانی مارك سایکس و جۆرج بیکۆ پێشکەش کردووە ، ئەویش لە ژێر ژمارەی -بەڵگەنامەی/٤٧- دا .
لە بارەی دابەش کردنی کوردستان و ڕۆژهەلاتی تورکیا - کوردستان . بە سەر سێ پارچە بەش دەکات ، بەشی ڕووسیا ، بەریتانیا و فەرەنسا ، کە سنووری لە نێوان ئەو سێ بەشە بەسەر لووتکە شاخەکانی خاکی کوردستاندا تێدەپەڕێت . ئەویش -چیاکانی زاگرۆس ، تۆرس- سازانۆف

دەڵێ:- لەڕووی تۆپۆگرافیەوە، سنووری دانانی بەم جۆرەی کە لەم پیلانە دیاری کراوە لەگەڵ سرووشت ئەگوونجێت.
لە بەر ئەوەی سنوور شان بەشانی چیاکان دەڕوات ، بەڵام لە ڕووی ڕامیاری لەگەڵ کەم کەس دەگوونجێ... سازانۆف سنووری بەشی ڕووسیا بە پێی پیلانەکە ئەگەیەنێتە شاری عمادیە لە باشووری کوردستان و جەزیرەو دیاربەکرو مۆش. لە باکووری کوردستاندا .
جێگەی ڕوونکردنەوەیە کە کوردستان بۆ دوو بەش دابەش دەبێت ئەویش :- باکووری کوردستان و باشووری کوردستان ... نەك وەك دیاریکردنی پارچەکانی ، یاخوود بەشەکانی کوردستان بە پێی دابەشکردنی بە سەر وولاتانی داگیر کەر ، کە ئێران و تورکیایە و ، هەروا لکاندنی بە هەردوو دەوولەتی ئێراق وسووریا ، و پێك هێنانی ئەم وولاتانە لە سەر خاکی کوردستاندا .
کە ئەمەش بووە هۆکاری کاردانەوە لە دابەشکردنی کوردستان بۆ چوار بەش ، باکوور و ، باشوور و ، ڕۆژهەلات و ، ڕۆژئاوا... کە ئەمەش تاوانێکە بەرامبەر بە خاکی کوردستان ئەکرێت و لێك جیا کردنەوەی کوردستانە بۆ دوژمنان کە خوازیاریانن ، لە کێشووەرەکەدا . کە ئەمەش کارێکی ناڕەوایە ، کە بەرامبەر گەل و نیشتیمان دەکرێت لە هەرێم و ناوچەو کێشووەرەکەدا .

١٩١٦/٥/١٣ هێزەکانی سووپای ڕووسیای قەیسەری شارۆچکەی ڕواندزی لەباشووری کوردستان داگیر کردو دوای ٦٧ ڕۆژ لێی کشانەوە بە هۆی بەرپابوونی شۆڕشی برژوازی لەڕووسیادا



١٩١٦/٥/١٦ مۆرکردنی پەیمانی ، سایکس– بیکۆ ، بەنهێنی لە نێوان بەریتانیاو فەرەنسا لە قاهرەی پایتەختی میسردا ، لە پێناو دابەشکردنی پاشماوەی دەوڵەتی عوسمانی لە دوای سەرکەووتنیان لە جەنگی یەکەمی جیهاندا .

دوای ماوەیەك ئەو پەیمانە لەلایەن ڕووسەکان ئاشکرا کرا ، ئەویش بەهۆی نەبوونی بەرژەووەندیان لەو پەیمانە، کە ئەو پیمانە چەندین رێکەووتنی نهێنی دیکەی لە خۆ گرتبوو ، بە تایبەتی لە بواری دابەشکردنی گەلی کوردو خاکی کوردستان و دورستکردنی بەدەیا دەووڵەت لەسەر خاکی گەلانی دیکە لە ناوچەکەدا .

جێگەی روونکردنەوەیە کە کۆشش کردن بۆ دەست بە سەرا گرتن و داگیر کردنی سامان و ناوچە بە بەهاکانی جیهان لە رووی ئابووریەوە ، هەروا دابەشکردنی بازارو بەرژەووەندی ئابووری ... لە فاکتەرە هەرە گرنگ و سەرەکیەکانی هەڵگیرسانی ئاگری جەنگی یەکەمی جیهان بوون ، بە تایبەتی لە کێشووەری ئاسیادا .

لە گەرمەی شەڕکەدا ، هەوڵدان لە پێناو دابەشکردنی ووڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دەست بە سەرا گرتنی هەرێم و ناوچە بە هادارەکان بوو لە لایەن هەر سێ دەووڵەتی تواناداری ئەوکات ، وەك بەریتانیا و ڕووسیای قەیسەری و فەرەنسادا.

هـــەروا دوای ئـــەوانیش ئیتاڵیـــا ، بـــووە تـــەوەری هـــەموو چـــالاکیەکان و جمووجۆڵێکی دبلۆماسی و سەربازی ، . لە بەر ئەوەی ئەو هاوپەیمانە لایان ڕوون و ئاشکرا بوو کـە عوسمانیـەکان ، وەك دەووڵـەت دابەشـکرێ ... بـەڵام چۆن . ..؟.

لە بەر ئەوەی کار گەیشتە ئەو قۆناخەی کە ڕووسیای قەیسەری ، جگە لەوەی هەر هەڵپەی دەست بە سەرا گرتنی تەنگە ئاویەکان بوو ، هاتە سەر ئەوەی کە مری لە شاری ئەستەمبۆڵی پایتەختی عوسمانیدا خۆشکرد لە ناوچەکەدا .

لە ڕاستیدا وەنەبێ هاوپەیمانان نامۆ بوو بن بەو جێگاو شووێنانەی کە هەر یەکیان چاوی تێبریبوو ، .

بۆ نموونە ، هەر یەك لە بەریتانیاو فەرەنسا ، بە دەیان گەریدەی لێهاتوویان ، لە پێناوی شارەزاو ئەفسەری پسپۆری نهێنیان ڕەوانەی ناوچـەکانی بـەری ئاسـیای ژێـر دەسـەڵاتی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی دەکـرد ، و زۆر بـاش ئاگـاداری و زانیاریـان هـەبوو لـە سـەر چـۆنیەتی ناوچـەکان ، لـە ڕووی

سرووشتی و ئابووری و دانشتووانەکانیدا .

هەر بۆ نموونە :- لە سەرەتای سەدەی بیستەم ، بە هۆی دۆزینەوەی چاوگە نەوتیەکان ، بە تایبەتی بایەخ و گرنگیدان بە ناوچەی نێوان دووزێ - میزۆبۆتامیا - بایەخ پێدانی ئینگلیزەکان بوو بە کوردستان پەرەی بەر چاوی سەند لە ناوچەکەدا .

لە بەر ئەوەی دەیانوویست ، کە ئەو دوو شووێنە بکەنە بنکەیەکی گرنگ بۆ بڵاوکردنەوەی دەسەڵاتیان لە هەردوو رۆژهەڵاتی نزیك و ناوەراست و بە پاراستنی بوونیان تیایدا .

هەروا لەم کاتەشدا ژمارەی ئینگلیزەکانی کە ڕوویان لە کوردستان دەکرد و دەگەران لە زیاد بووندا بوون ، لەوەش زیاتر لێکۆڵینەوەیان لە سەر ژیانی کورد و باری وولاتەکەیان لە هەموو بوارەکاندا هەڵدەسەنگاند و یارمەنیان دەدان ، بە شێووەیەکی بەرچاو ، ئەوە بوو کە هەندێکیان فێری زمانی کوردی ببوون ، لە پێناو زیاتر زانیاری بەدەست هێنان لە سەر ناوچەکەدا .

بۆ نموونە :- گەشتە بەناوبانگەکەی - مێژەر سۆن - و نووسینەکانی نموونەیەکی زیندووی ئاشکران لەم ڕووەوە -٤-ل/٣٦.

هەروا لە نێوان ساڵەکانی ١٨٩٩- ١٩٠٦ دا . سێرم - سایکس ، گەشتێکی بە باکووری کوردستاندا ئەنجامداو لە ناوچەکانی موسل و فووراتی سەروودا کەوتە گەڕان ، لە ئەنجامدا دوو کتێبی دانا ، بە ناوی - گەشتێك بە پێنج وویلایەتی تورکیادا - لەندەن /١٩٠٠ - دوا میراتی خەلیفەکان - لەندەن / ١٩١٥ ، کە ئەمەی دوایی گەشتێکە لە ناوچەکانی سەرووی جەزیرەو موسل و کوردستان . ٢٦-ل/٣٦١ . واتە لە سەر خاکی کوزدستاندا .

بۆیە دەڵێن ، کە ئەوانە بەو شووێن و جێگایانە گەڕاون و هەر یەکیان چاوی تێبریبوو و ناموٚ نەبوون ، فەرەنساو ڕووسیاش هەر یەکە بە پێی خواستی خۆیان زانیاریان کۆ کردبووەوە لە سەر ناوچەکەدا .

هەر بۆیە لە لاپەرەکانی مێژووی تۆمار کراو نموونە زۆرن ، لەوانە کە ئەمسەرو ئوسەری هەرێم و ناوچەکەیان کردبوو ، شارەزای دەشت و دۆڵ و شاخ و شیوو بوون ، لە هەمان کات شار بە شار و گوند بە گوند گەراون و شارەزایی و ناسینی باشیان هەبووە لە گەڵ هۆزو تیرەو دانیشتووانەکانیدا .

جگه لەوەش زۆر جار خۆیان وەستای ئەو بینایە بوون کە بنیاتیان نابوو ، یا لە دەست پیا هێنانیدا بە شدار بوون .
لە بەر ئەوە شارەزایی هەمە جۆرە لە ئینگلیز و ڕووس و فەرەنساو لە ناو سەربازگەو هێزەکاندا مەشقیان بە سەر بازە عوسمانیەکان دەکرد ، ئەندازیارانیان لە ڕێگاو بان و لە راکێشانی هێلی شەمەندەفەرو لە پشکنین بە دوای نەوت و کانزاکانیدا کاریان دەکرد ، بازرگان و پیاوانیان کرین و فرۆشتنیان لە هەموو لایەکدا هەبوو ، پسپۆرەکانیان هەمیشە بەشداری ناوبژیووانی دووژمنایەتی و پێکدادانی عوسمانیەکان و دراوسێکانیانی دەکرد ، لە هەرێم و ناوچەکەدا .
هەروا بۆ نموونە :- لە ساڵی ١٩١٣ دا کاتێ کە شێخ مەحمودی حەفید لە شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان پەیووەندی بە نووێنەری ئینگلیز و فەرەنسا و ڕووسیا دەکات ، بە دەست نیشانکردنی سنووری نێوان ئێراق و عوسمانیەکانی دەکرد ، لەو کاتدا پێی دەڵێن :-
بریار بە دابەشکردنی ڕۆژهەلاَت دراوە ، ئێراق بۆ ئینگلیز ، سووریە بۆ فەرەنسا ، جەزائر بۆ ئیتاڵیا ، وویلایەتی موسل بەر ڕووس کەوتووە .
بەلاَم دووەم جار کە نووێنەر دەنێرێتەوە لای ڕووسەکان لە ئێران ، وەلاَمەکەی ئەوە دەبێ کە :- بریار وابوو وویلایەتی موسل ببێ بە بەشی ڕووس ، بەلاَم بریارەکە هەڵووەشێندرایەوە .
کە ئینگلیزەکان ئەو هەڵوویستەیان قۆستەوە و لە شاری بەسرە شەڕی دامەزراند ، و هێزی ئێمەش لە ناوچەی قەزوین ، نیازیان وایە لە خانەقینەوە خۆمان بگەیەنینە بەعقوبە . ٥-ل/٦٢- ٦-ل/٢٣ .
بەلاَم لەو کاتەشدا ڕووسیا جگە لە تەنگە ئاویەکان و شاری ئەستمۆڵ ، هاتنە سەر ئەوەی کە دەست بگرن بە سەر چەندین جێگەی دیکەدا لە ئەرمینیا و کوردستان . هەروا فەرەنسا ، سووریا و فەلەستین و ئەسکەندەڕۆنەو ئەردەن و بۆ خۆی دیارکردبوو ، هەر زوو لە ١٩١٤/١١/٢١ ، بالوێزی فەرەنسا — مۆریس پالیۆلۆك — بۆ نیکۆلای دووەمی قەیسەری ڕووسیای ڕوون کردەوە ، کە وولاَتەکەی بەرژەوەندی گیانی و ماددی هەر لە کۆنەوە لە سووریا و فەلەستین بۆ ماوەتەوە . ٧-ل/٣٨.

بەڵام ئینگلیز ، ئەوە هەر لە دێرزەمانەوە – حسەت الاسد – ی بۆ خۆی داناوەو هەر کام لە هاوپەیمانەکانی کە دەهاتنە سەر باسی بەشەکەی خۆیان ئەم وەك بلیمەتی گورج دەستی دەدایە لاملی و دەیگووت :– هەقتانە بە گەردەنم هەقتانە و ئێوەش ماندووبوون ، ئەمەش هەر بۆ ئەوەی لە رۆژی خۆیدا ئەوانیش نمەك بینگرێ و لە بەشەکەیدا متەقیان لێوە نەیەت .

هەروا بەریتانیا زۆری بەلاوە گرنگ بوو ، کە رووسیا بەردەوامبێ لە شەڕەکەدا لە پاڵ هاوپەیمانەکانەوە ، بۆ یەکەم جار لە مێژوودا دەستی کرد بە زۆر لێکردنی لە قەیسەری رووسی ، کە توانای ئەوەی هەیە ئاواتە دێرینەکەی خۆی و باو باپیرانی بێنێتە دی لە دەست ئەستەمبۆڵ ، زۆر نەبوو دەوڵەتی عوسمانی چووبووە ناو شەڕەکە و لە ١٩١٤/١١/١٥ ، عوسمانیەکان بە فەرمی چوونە ناو شەڕەکە . ا.ب– کە وەزیری دەرەوە – سێر ئەدوارد گرای – پەیوەندی بە بالوێزی رووسیەوە لە شاری لەندەن کردوو لەم بارەیەوە لە گەڵی دەستی کرد بە گفتووگۆ کردن .

ئیتر خێرا کێشەکە رواڵەتێکی رێکەووتنی سێ لایەنەی نهێنی وەرگرت ، لە ١٩١٥/٤/٣ دا ، روونووسی دوو بیرخەرەوەی نهێنی لە نێوان لایەنە پەیووەندارەکاندا ئاڵ و گۆڕ کرا ، کە تیایدا داننرا بە – مافی – رووسیا لە سەرپەرشتی کردنی تەنگە ئاویەکان و ئەستەمبۆڵ داو لە گەڵ مسۆگەر کردنێکی تەواوی بەرژەووەندیەکانی دوو هاوپەیمانیەکەی دیکەدا ، فەرەنساو بەریتانیا . ٤–ل/٣٠٥ .

ئەمەیە بەرایییەکانی مۆرکردنی پەیمانی، سایکس– بیکۆ ، و دوای ئەوە مۆرکردنی پەیمانی ، سیڤەر و لۆزان و سەعد ئابادیش ، هەر لە سەر ئەم رێنماییانە ئەنجامدران بە مۆرکردنی لە نێوان وولاتانی پەیووەندار و ، کوردیش ....!...؟.

١٩١٦/٥/٢١ کار بەکاری کاتژمێری هاوینە کرا لە بەریتانیا ، کە بووە هۆی رێکخستن و بەرێووەبردنی کاروباری دامو دەزگاکانی حکوومەت و پرۆژەو کارگە تایبەتیەکان لە وولاتەکەدا .

١٩١٦/٥/٣١ حکوومــەتی فەرەنــسا داوای لــە دەســەڵاتی ڕووســیای قەیــسەری کــرد لــە پترۆســبۆرگی پایتــەختی ڕووســیا ، کــە بڕیــاری جێبــەجێکردن لــە بــەجێ هێــشتنی ناوچــەکانی خــوارووی کوردســتان و بــەتلیس و وان لــە بــاکووری کوردستان لە تورکیادا .

١٩١٦/٦/١ هێزەکانی سووپای ڕووسیای قەیسەری پەلاماری شارۆچکەی خانەقینی لە باشــووری کورســتان داو داگــیری کــرد ، بــەهاوکاری هێزەکانی ســووپای بــەریتانیا بــەهۆی بــەپیتی دوا ڕۆژی ناوچــەکە لــە چــاوگە نەوتیــەکان لــە هەرێمەکەدا .

١٩١٦/١٠/١ ئــەمیر فەیــسەل حوســێن گەیــشتە نــاو شــاری دیمەشــق لــە شــام ، بــەنیازی فراوانکردنی دەسەڵاتی جووگرافی عەرەب بوو، لەسەر خاکی گەلانی دیکەی غــەیرە عــەرەب لەهەرێمــەکان ، بــە تایبــەتی لــە ڕۆژئــاواو باشــووری خــاکی کوردستاندا .

١٩١٦/١٠/٢٨ بەستنی کۆنگرەی ئیسلامی لە شاری مۆسکۆی پایتەختی ئێستای ڕووسیا ، کــە ٩٠٠ نووێنــەر لەهــەموو شــارو شارۆچــکەوگوندەکانی ژێــر دەســەڵاتی ڕووسیا بەشداریان لەو کۆنگرەدا کرد ، لەو کۆنگرەیە دوو بیروو بۆچوون ســەری هەڵــدا بــە هەماهــەنگی لــە نێــوان ئیــسلامی سۆشیالیــستی ، واتــە گوونجاندنی بیرووبۆچوون بە هۆی دواکەووتوویی گەلانی ئەو کاتدا .

ئەوبیروو بۆچوونەش یەکەم تەتەرەکان دەیان ویست ئیسلام سەربەخۆ بێت لەژێر دەسەلاتی ڕووسیا ، بەڵام گەلانی ئسلامی ترکستان و ئازربایجان دەیان ویست یەکیەتی ئیسلام بپارێزن و لە ڕووسیا جیا ببنەوە .

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نژادی ڕووسەکان زۆرتر بوون و ماوەیان بۆ نەدەگوونجا هــەر یــەك لــەو دوو بــیروو بۆچــوونە ســەرکەوێت ، لەگــەڵ ئەوەشــدا ئەندامانی کۆنگرەکە لەسەر چەند خاڵێکی هاوبەش ڕێککەووتن، ئەویش:-

بــەپێك هێنــانی ئیدارەیــەکی ناوەنــدی بــۆ هەماهــەنگی لــەکاروباری دارایــی و کاروبــاری ئیــسلامی و پێکهێنــانی ئەنجوومــەنی ئیــسلامی ناوەنــدی - ملــی شووری- و پێك هێنانی لێژنەی ئیسلامی جێبەجێکردن.

ئەو کۆنگرەیەش بەپاڵپشتی دەسەڵاتەکانی عەرەب بوو لەبیرووبۆچوونەکانی جیــاواز لــە نێــوان مەزهەبــەکانی شــیعەو ســووننە لەگــەل وەهــابی و فــاتمی و ئیسماعیلی لە ئایینی ئیسلامدا .

لـەپێناو شـێوواندنی بـاری پەیووەنـدی ئیسلام ، لەگـەڵ ئاینـە جیاجیاکـانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی ڕووسیای قەیسەری ئەوکاتدا .

١٩١٦/١١/١٩ لـەدوای مـۆرکردنی پـەیمانی سـایکس –بیکـۆی نهێنـی لـە نێـوان فەرەنـساو بـەریتانیا ، نەخـشەی دابەشـکردنی پاشمـاوەی کـەڵو پـەڵو خاوەنداریـەتی عوسمانیش مۆرکرا ، بەتایبەتی لە هەرێمەکانی نێوان دوو زێ – میزۆبۆتامیا – لەباشووری کوردستان.

١٩١٦/١٢/٣ مۆرکردنی ڕێکەووتننامەی نێوان بەریتانیاو فەرەنسا بە ڕەزامەندی ڕووسیای قەیـسەری لەگـەڵ دەسـەڵاتی عوسمـانی لـە ناوچـەکانی بـاکوورو ڕۆژهـەڵاتی کوردستان ، کە لە ٩٥٪ی دانیـشتووانی کـورد بوونو دوای ئـەوانیش ئەرمـەن و ئاشووریەکان لە هەرێمەکاندا .

١٩١٦/١٢/٦ بـە بیـانووی ئـەوەی کـە جـوانترین ئـافرەتی سـان پترۆسـبورگ دەخـوازی لـە کۆشـکی مۆیکـا بیـبنێ. راسـبۆرتین بانگهێـشتی ئـەم شـووێنەکرا لـەکاتی چـاوەڕێ کردنیـدا – برێـك– شـیرەنی و خواردنـەوەی پـر لـە سـیانیدی بۆتاسـیۆمی دەرخـواردکرا . سـەیریش لـەوە دابـوو جەسـتەی راسـبۆرتین نەکەوتە ژێـر کاریگـەری ئـەو ژەهـرە. ئەوە بوو دواتـر دووژمنـان هەوڵیانـدا بە دەمانجە بیکووژن... بۆسبۆیوۆ دەمانجەکەی دەرهێناو تەقەی لە نێچیرەکەی کردو راسبۆرتێن گیانی لە دەستدا.

١٩١٧

١٩١٧/٢/٥ ڕاگەیاندنی دەستووری نووێی ڕژێمـی شانشینی مەکسیك ، کە بووە هـۆی چاکسازی کردن لە بوارەکانی ڕامیاریو ئابووریوبازرگـانی و ڕۆشـنبیریو کۆمەڵایەتیدا ، سـەرەڕای کێشەو ململانێی لەگـەڵ ئەمـەریکا ، تـا ئـەو کاتـەی کـە کێلگـە نەوتیـەکانی بیـانی خۆمـاڵی کـرد، دوای ئـەوە ڕێکـەووتنی لەگـەڵ خاوەن زەوییەکان مۆرکرد بە قەرەبوو کردنەوەیان لە وولاتەکەدا .

١٩١٧/٢/٩ بەرپرسـی هێزەکـانی سـووپای ڕووسـیا– شـاخۆفسکی– لەگـەڵ کامیـل بـەگ کەووتنە گفتووگۆ کردن ، لەو گفتووگۆیەدا کامیل بـەگ ، شـاخۆفسکی تێـی گەیانـد کـە ئـەبێ ناوچـەی بۆتـان لـەباکووری کوردسـتان لـە ژێـر سـایەی ڕووسیاو نەوەکانی بەدرخاندا بێت ، کە کامل بـەگ خـۆشی یـەکێك بـوو لـەو

نەوانە لە هەرێمەکەدا .

١٩١٧/٢/١٥ کاتێك دەوولّەتی تورك بڕیاری کوشتارو ڕاودوونانی ئەرمەنیەکانیکە لە باکووری کردستان ڕوویان لە ناوچە ئارامەکان کردبوو بۆ بیابانەکان دەرکرد ، کوردە ئێزیدیەکان نزیکەی شەش هەزار ئەرمەنیان لەدەست بکوژەکانی تورك ڕزگار کردو پەنایان دان و لەئامێزیان گرتن لە هەرێمەکەدا .
هەر لەبەر ئەوە دەوولّەتی تورك و ئەلّمان ئێزیدیەکانیان وەك دووژمنی سەرەکی خۆیان تاوان بارکرد ، بەلاّم سەرەڕای ئەوەش خۆیان ڕاگرت و درێژەیان بەیارمەتیدانی ئەرمەنەکاندا لە باکووری کوردستان.

١٩١٧/٣/١٥ بەرپابوونی ڕاپەڕین دژی ڕژێمی قەیسەری ڕووسیا لە پترۆسبۆرگی پایتەختی ڕووسیای ئەوکات ، کە بووە هۆی کەرت بوونی هێزەکانی سووپای قەیسەری و بەرز بوونەوەی هەستی چینایەتی لە لایەن جووتیارو کاسبکارو بە تایبەتی چینی کرێکارو مافی مرۆڤو دیموکراتی لە کارگەوکێلگەو کارگێریە حکوومیەکان، ئەویش بووە هۆی دەست هەلگرتنی نیکۆلای دووەم لە دەسەلاّتی ڕووسیا .

١٩١٧/٤/٦ حکوومەتی ئەمەریکا شەڕی دژ بە دەسەلاّتی ئەلّمانیا ڕاگەیاندو دوایی لە کانوونی دووەمی هەمان سالّ ، شەڕی دژ بە نەمسا ڕاگەیاند، کە وولاّتی نەمسا لایەنگیری ئەلّمانیا بوو لە جەنگی جیهانی یەکەم لە کێشووەرەکەدا .

١٩١٧/٥/١٠ نووێنەری بەریتانیا سۆکۆلف بەیاوەری سیر مارك سایکس بەرەو پاریسی پایتەختی فەرەنسا کەوتنە ڕێ بۆ بەشداریکردنیان لە چەندین کۆبوونەوە لەگەلّ هەندێ لە بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا ، هەر یەك بەجیاو ، دوای ئەوە بەرەو ئیتالیا و بارەگای فاتیکان بەرێکەووت ، کە سۆکۆلف توانی چاوپێکەووتن لەگەلّ قەداسەتی پاپابندیکتی یانزەهەم بکات ، لە پێناو چارەسەرکردنی پرۆژەی جوولانەوەی سەهیۆنیزم لەجیهاندا .

١٩١٧/٥/١٠ هێزەکانی سووپای ڕووسیا بەسەرۆکایەتی باولۆف لەڕێگەری خاکی ئێران ، شاری خانەقین و ناوچەی سەعدیەو قەلاّی شێرۆنی لەباشووری کوردستان داگیر کرد ، بەلام لەئەنجامی بەرپەچدانەوەی لەلایەن شۆڕشگێڕانی کوردو

کێشەی ناوخۆی ڕووسیا بەناچاری کشانەوە دواوە لەناوچەوکەدا .

١٩١٧/٦/١٤ دامەزراندنی یەکەم ئیدارەی کارگێڕی کاروباری بەڕێووەبردنی ئەوقاف لەشاری بەغدا ، کە نووێنەری کورد بەشداری لەو دەزگا ئاینیە کردو لەجێگەی خۆی ، کە کادرانەوەی بەرچاوی هەبوو لە بوارە جیاجیاکانی ئاینیدا.

١٩١٧/٧/٤ کاربەدەستانی بەریتانیا لەشاری بەغدا ڕۆژنامەیەکی رۆژانەیان بە ناوی– العرب – بلاو کردەوە ، بەسەرکەووتنی هێزەکانی سووپای هاوپەیمانان بەسەر هێزەکانی سووپای عوسمانی و ئەلمانیاو مووژدەی بەخشینی بەگەلانی عەرەب دا لە داهاتوویان لە ناوچەکەدا .

١٩١٧/٧/١٢ هێزەکانی سووپای ئەلمانیا بۆ یەکەم جار گازی خەردەیان لەجەنگی – یبرس– بەکارهێنا ، لەجەنگی یەکەمی جیهان دژی هێزەکانی سووپای ڕووسیای بوورژوازی ئەوکات لە گۆرەپانی شەڕەکەدا .

١٩١٧/٧/١٣ بەهەوڵی بەرپرسانی ڕووسیا لەشاری کرمانشای وولاتی ژێردەسەلاتی فارس و ، لە گوندی بریندار ، یەکەم کۆنگرەی مێژوویی لە ڕۆژهەلاتی کوردستانی ژێر دەسەلاتی فارس لە ئێران گرێدرا ، کە کۆنگرەکە سێ ڕۆژی خایاندو سەرکردەکانی کوردو نووێنەری ڕووسیاو بەریتانیاو ئێران بەشداریان تێدا کرد لە هەرێمەکەدا .

١٩١٧/٧/١٦ قەیسەری ڕووسیا نیکۆلای دووەم لەناوەندەکانی بەردەوامی شۆڕشی بەلشەفیەکان کووژراو، بووە هۆی دامەزراندنی دەسەلاتی بوورژوازی دیموکراتی کاتی بەسەرکردایەتی ئەمیرلفۆف ، بەرەو کۆتایی هاتن بە دەسەلاتی قەیسەر لە ڕووسیادا .

١٩١٧/٧/١٧ لە ئاکامی هەوڵەکانی بەرپرسانی ڕووسیا – زاخاریچینکۆ – بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردستان ، کۆنگرەی سەرکردەکانی کوردو نووێنەرانی ڕووسیاو بەریتانیاو ئێران ، بەسەرکەوتوویی کۆتایی هات لەو کاتەی کە لەو کۆبوونەوە ٢٠٠٠ دوو هەزار کورد بەشداری تێدا کردو کۆنگرەکە لە بەرژەوەندی ئەو کاتی کوردستان و بەتایبەتی ڕۆژهەلاتی کوردستان بوو لە هەرێمەکەدا .

١٩١٧/٧/٢٠ وولاتی ڤیلەندە سەربەخۆیی خـــــۆی ڕاگەیانــــــدو – كارلوســــنالیرنگ – یەكـــەم پۆســـــتی ســــــەرۆكایەتی ڤیلەندەی گرتە دەست ، كە لەو كاتە كێشەو ململانێی لەگـــەڵ شۆڕشـــی ڕووســـیا لەسەر هەلداندا بوو .بە هۆی لێك ترازانی پەیووەندیەكان لە نێوان وولاتانی جیهاندا .

ئەم ڕاگەیاندنەش بەناوی – كۆماری ڤیلەندا– بوو ، كە پایتەختەكەی ناوی –هلسنكی – یەو ژمارەی دانیشتووانەكەی ، ١,١٦٧,٠٠٠ ملیۆن كەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەكەی، ٥,٦٥٠,٠٠٠ ملیۆن كەسە . هەروا ڕووبەری وولاتەكەی ، ٣,٣٨١,٤٣٠ كیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەكەی ، ٤٣ كەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەكانی ، ڤیلەندیـــەكان ٩٥٪ . هـــەروا ســـوویدیو وویلایـــەتی دیكـــەش هـــەن . لـــە وولاتەكەدا.

١٩١٧/٩/٤ گرێـدانی كـۆنگرەی ٢٧ خێلـی كـورد لەناوچـەی دادوونـیٚ ئەنجامـدرا لـە دەووروبـەری شاری سنە لـە ڕۆژ هـەلاتی كوردسـتان ، بە هـەولی نوێنـەری ڕووســیا ، زاخاریـچینكۆ ، كـە ســوودی بەرچـاوی هـەبوو بـۆ ڕامیاریـەتی ڕووسیا لەناو كوردو ناوچە كوردیەكانی ژێر دەسەلاتی شای فارسدا .

لە هـەمان كـاتیش كـە پـاراتۆف خـۆی بەشـداری لـەو كۆنگرەیـە كـرد لەگـەڵ كـوردو پـەیمانی ڕەسمـی كـوردی تۆمـار كـرد ، كـە ڕۆڵـی سـەرەكی بینـی لـە یەكیـەتی هـەموو خێلـەكانی كـوردو یەكخـستنی هێـزو توانایـان لـە پێنـاو پاراستنی نیشتمان ... بەلاّم كورد... ؟ ... !.

١٩١٧/٩/١١ نووسـەری نـاوداری فەرەنـسی و نووسـەری كتـابی – كـورد– باسـیلی نیكتین

سەردانی ناوچەکانی باکوورو رۆژهەڵاتی کوردستانی کردەووەو چەندین لێکۆڵینەوەی لەسەربوونی کوردو مێژوو رووداوەکانی نووسیووە ، لە هەمان کات بەشداری لەکۆنگرەی جیهانی مێژووی ئاینەکانی کردووە لە ساڵی ١٩٢٣دا.

هەروا راپۆرتی هەمە لایەنی لەسەر کوردو بزووتنەوەی کورد پێشکەش بە کۆنگرەکە کردووە ، چیرۆکی سۆتۆوتاتۆی کوردی وەرگێراوەتە سەر زمانی فەرەنسی، لە کوردستان زۆر سووراوەتەوە بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتو باکووری کوردستان ، کە زمانی کوردی بەباشی زانیووە ، لەهەمان کات نووێنەری بەریتانیا – میجەرسۆن – لەچەندین بوار یارمەتی داوە ، لە باشووری کوردستاندا .

١٩١٧/١٠/٧ بەرپابوونو سەرکەووتنی شۆرشی ئۆکتۆبەری بەلشەفیەکان لە رووسیا بەسەرکردایەتیو رابەرایەتی – لینین – بەرووخاندنی رژێمی بۆگەنی رووسیای قەیسەریو دامەزراندنی رژێمی سۆڤیەتات لە وولاتەکەدا ، کە دەسەڵاتی چینی کرێکارو جووتیار، لە هەمان کات جیهان بوو بە دوو جەمسەری دژ بە یەکتر لە جیهاندا

تێبینی:– له بارەی شۆڕشی بەلشەفی له ناوەڕۆکی مێژوونامەکە بخوێنەوە لە سەر ڕووداوەکاندا .

١٩١٧/١٠/١٧ کۆچی دوایی سولتانی عوسمانی سولتان عەبدولحەمید لە دوای دەست لەکار کێشانەوەی و دانانی براکەی محمد رەشاد بە سولتانی عوسمانیەکادا .

شایانی باسە ئەو مرۆڤە درندەیە دژ بە هەموو کردەوەو هەلوویستو رەفتاری مرۆڤایەتی بووە لە ماوەی دەسەلاتداریەکەیدا ، ئەویش لە نەخشەکانی قەسابخانە یەك لەدوای یەکەکانی ئەرمەن و کوردو دابەشکردنی کوردستانی دارشتبوو ، لەگەل وولاتانی هاوپەیمان لەگەل بەریتانیاو ئەمەریکاو فەرنسادا .

١٩١٧/١٠/٢٦ گرێدانی یەکەم کۆنگرەی گشتی هەموو ئەنجوومەنی سۆڤیەتاتی ڕووسیا .

ئەویش به هەلبژاردنی – لینین – بەسەرۆکی حکوومەتی شۆڕشگێری نوێی بەلشەفیەکان ، کە مێژووی ڕاپەڕین و شۆڕشەکان یەکەم حکوومەتی کۆمۆنیستی دامەزراوجیهان بووبە دوو جەمسەری دژ بەیەکتری ، ئەویش بە ڕژێمی سۆشیالیستی جیهانی و ڕژێمی سەرمایەداری جیهانی ، لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا .

١٩١٧/١١/٢ مۆرکردنی پەیمانی – بەلفۆری– بەناوبانگ لەلایەن هاوپەیمانان بە سەرکردایەتی بەریتانیا ، کە ئەو پەیمانە یاریدەدەری پەیمانەکانی دیکەی نێوودەوولەتی بوو لە دوو لایەنی گرنگ ئەویش:–



یەکـــەم :- دارشـــتنی نەخـــشەی دابەشـــکردنی کوردســـتان بـــە دامەزرانــدنی دەووڵــەتی نـویێ لــە هەرێمەکـــەدا ، بـــەپێی برگـــەو ماددەکـانی پـەیمانی سـایکس - بیکۆو

دووەم :- دارشـــتنی نەخـــشەی دەووڵــەتی جوولەکــەی داهــاتوو لەهـــەرێمی شــامدا ، واتـــە لـــە فەلەستیندا .

١٩١٧/١١/٢ بلاو بوونەوەی ووتاری وەزیری دەرەوەی بەریتانیا - ئەرسدبلڤۆر- لـەدوای دامەزرانــدنی چــەند کۆمــەڵگایکی یــەهوودی - جوولەکــە- و پــشتگیری لێکردنیان لەهەموو بوارە جیاجیاکان ، بەتایبەتی لە دامەزراندنی دەووڵەتی یەهوودی لە داهاتوودا.

١٩١٧/١١/٧ بەڕابەرایـەتی - لیـنین - و هەڤاڵـە هاوخەباتەکەی ترۆتـسکی سـەرکەووتنی یەکجارەکی شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزنیان ڕاگەیاند، کە ئەویش کاردانـەوەی کاریگەری کردە سەر ڕامیایەتیو پەیووەندی نـوویێ نێوودەووڵـەتی ، لـەدوو تیئۆرو بیروو بۆچوونو هەڵوویێستو دەسەڵاتی جیاواز لەجیهاندا، لە ڕژێمی سۆشیالیستیو سەرمایەداری دژ بەیەکتری لە جیهاندا .

١٩١٧/١١/٨ کۆنگرەی نووێنـەرانی کرێکارو سەربازو جووتیارانی سەرانسەری ڕووسیا بڕیاریدا ، کە هەموو ئەو ڕێکەووتنانەی بەنهێنی لـە نێوان دەسـەڵاتی ڕژێمی ڕووسیای قەیسەری کـە لـە گـەڵ ووڵاتـانی هاوپـەیمانیو ووڵاتـانی دیکـەی جیهان مۆر کرابوو ، بۆ دابەشکردنی جیهان بەبێ مـەرج هەلوەشـێندرێتەوە ، بەڕێنمایی ویاسـای نـوویێ دەسـەڵاتی سـۆڤیەتات تـاوتۆ بکرێـت ، لـە هـەموو بوارە جیاجیاکـان . بـە تایبـەتی لـە پەیووەندیـە نێـوو دەوولـەتیوبازرگانیو ئابووری و کاری دیبلۆماسی دا.

١٩١٧/١١/١٣ کۆچـی دوایـی پەیکـەرتاشو نیگارکێـشی فەرەنـسا - تۆگێـست جـات

ڕۆدانی- له پاریسی پایتەختی فەرەنسا.

١٩١٧/١١/١٥ لـه دوای سـەركەووتنی شۆڕشـی ئۆكتۆبـەر ، حكوومـەتی نـوێی ڕووسـیای سۆڤێتی ، بە ڕاگەیاندنی بڕیاری پێدانی ماف چارەنووسی گەلانی ڕووسیای بلاوكردەوە ، بـە بەیەكسانیو سـەربەخۆییو مـاف چارەنووسـی هـەتا بـەماف جیابوونەوەو ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە دەسەلاتی ڕووسیای نوێدا .

ئـەویش بـە هەڵووەشـاندنەوەی هـەموو جـۆرە بەندایەتیـەكی نەتـەوەیی ونیشتیمانی و بوارەكانی دیكەدا . لە پێناو پەرەسەندنو پێشكەووتنی كەمە نەتەوایەتیەكانی ، كە لە ناو سنووری دەسەلاتی نوێی ڕووسیای سۆڤیەتیدا دەژین لە كێشووەرەكەدا .

١٩١٧/١١/١٨ كووشـتنی – فـەریق مـۆد- بـە شـیری ژەهـر كـراو ، كـە جوولەكـەكانی شـاری بەغـدا بۆیـان ئامـادە كردبـوو ، دوایـی ئـەو – فـەریق مارشـال- سـەركردەی فەیلـەقی هینـدی جێگـەی گرتـەوە ، كـە لـەو كاتـە لەشـكرەكەی خـۆی بۆداگیركردنی شارۆچكەی هیتو دەووروویـەری ئامادەكردبوو لـە ڕۆژئاوای شاری بەغدا لە ناوچەكەدا .

١٩١٧/١١/١٩ دامەزرانـدنی كۆمەڵـەی – تـەعالی كوردسـتان- لـە بـاكووری كوردسـتانی ژێـر دەسەلاتی عوسمانی توركدا .

١٩١٧/١٢/٥ مـۆركردنی ڕێكەووتننامـەی – گـرێ بەسـتەی وەسـتانی شـەڕی- لـە نێـوان دەسەلاتی ڕووسیای نوێو دەسەلاتی عوسمانی شاه ژاو لە جیهاندا .

١٩١٧/١٢/٩ هێزەكـانی سـووپای بـەریتانیا تـوانی هێزەكـانی سـووپای عوسمـانی تـورك لەشام ، بەتایبـەتی لـە هەرێمەكانی فەلەستینو ئیسرائیلی ئێستا دەربكاتو بیخاتـە ژێـر دەسـەلاتی ئینتیـدابی خـۆی ، بـە پێـی بڕیـاری ئەنجوومـەنی كۆمەلەی گەلان.

كە ئەمـەش بووە هـۆی دەست پێكردنـی كۆچڕەوی خێزانـە جوولەكەكان لـە ولاتانی جیهانو بە تایبـەتی لـە وولاتـانی عـەرەبی بـەرەو هەرێمەكە ، لـەپێناو دامەزراندنی دەووڵەتی یەهوودی لە فەلەستیندا .

١٩١٧/١٢/١٣ ژەنەڕال – نیسك – بەتەلگراف هەموو كار بەدەستانی حكوومـەتی فەرەنسای لەناوچەكان ئاگاركردەوە ، بەهاوكاری كردنی ئەرمەنو مەسیحیەكان بەگشتی

لەقەفقاز ، ئەویش بە خەرجیەکی کەم ، لەپێناو جێبەجێکردنی ئامانجەکانی وولاتانی هاوپەیمان لەسەر خاکی باکوورو ڕۆژهەلاتی کوردستاندا .

١٩١٧/١٢/١٥ ڕژێمی شوورەوی نوویێ بەلشەفیەکان ڕاگەیاندنێکی بلاو کردەوە ، کە تیایدا هاتبوو ، ئەو هەموو بەیاننامە نهێنی و ئاشکرایانەی هەلووەشاندەوە . کە ڕژێمی سزاری سەبارەت بە تورکیاو ئێران بەستبووی بە مۆرکردنی لە نێوان هەر سی لایەندا .

١٩١٧/١٢/١٨ یەکەم پەیووەندی دەسەلاتی ڕووسیای نووێ لە دوای شەش هەفتە لە سەرکەووتنی شۆڕشی بەلشەفی ، لەگەل تورکە عوسمانیەکان گفتووگۆی نێوانیان دەستی پێکرد .

لە پێناو بەدەست هێنانی نیازەکانیان لە ناوچەی قەوفقازو پەلاماردانی ئەرمەنەکان و کورد لە باکووری کوردستان بەهۆی ڕووخساوی هەل ومەرجی لەباری کات لە ناوچەو هەرێمە جبیا جیاکاندا .

١٩١٨

١٩١٨/١/١ دادوەری گشتی بەریتانیا لە ئێراق- ئارنولدولسن- بەفرۆکە گەیشتە شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان ، دوای گەیشتنی چاوی کەوت بەشێخ مەحمود حەفید و ژمارەیەك لە کەسایەتی و گەوورە پیاوانی لە شارو ناوچەکە ، لەپێناو هێوور کردنەوەی بارودۆخەکەدا .

١٩١٨/١/١ لەدوای کشانەوەو نەمانی هێزەکانی سووپای ڕووسیا لە خاکی ئێستای ئێراق ، ڕۆژنامەی - تێگەیشتنی ڕاستی- بلاوکرایەوەو ڕووسەکان هەولیاندا گرنگی بە باری کورد بدەن ، یەکەم :- لەپێناو بەرژەووەندی

تایبـەتی خۆیـان‌و، دووەم :- یارمـەتی دانـی كـورد لـە داهاتوویـدا بەتایبـەتی لەرۆژ هەڵاتی كوردستان.

١٩١٨/١/٨ ســــــەرۆكی وویلایەتــــــە یـــەكگرتووەكانی ئەمــــەریكا - ویلــسون- لــە ووتارێكیــدا وەك بەڵگەنامەی ئاشتی‌و چارە سـەری كێـشەی نەتـەوەیی و نیـشتیمانی و ڕامیـاری ، ئـەویش ١٤چـواردە خـالی گرنگـی بەسـەر وولاتــانی جیهان ڕاگەیاند .

كــە لـــە خـــاڵی/ ١٢ ی ئـــە و ڕاگەیاندنــەدا ، داوای بــۆ ئـەو نەتەوانــەی كــە دەكەوونــە ژێــر دەســەلاتی عوسمــانی ، پێوویــستە بــە ئازادانــە هەڵــسووكەووت بكــەن‌و مــافی خۆیــان پێبدرێ لە ناوچەكەدا

جێگــەی باســكردنە كــە ئـەو ١٤ چــواردە خاڵــەی كــە ســەرۆكی ئەمــەریكا رایگەیاند ئەمانەن :-

١- وەســــتاندنی رامیاریەتــە نهێنیــەكان و ، گرێــدانی رێكەووتننامـــە ئاشكراكانی ئاشتی ...٢- ئازادی هاتوو چوون لە دەریاكانـدا ...٣- هــەڵگرتنی بەربەســتە گومرگیــەكان و ، پیــادە كردنــی ئــازادی و یەكسانی لـە بازارەكانیـدا ...٤- كەمكردنـەوەی چەك و چـۆڵ ...٥- چارەســەری رەوای كێـشەی كۆڵۆنیـەكان ...٦- چـۆڵكردنی خـاكی ســـۆڤیەت ... ٧- ســـەر بــەخۆیی دووبــارەی بەلـــژیكا ... ٨- چـۆڵكردنی فەرەنـسا و گەراندنــەوەی ، ئـالزاس و لـۆرین ، بـۆ ئـەم وولاتـە... ٩- پێـدا چوونە بـە سـنوورەكانی ئیتاڵیـا... ١٠- خـوود مووختاری كەمینەكانی نەمسا و هنگاریا ... ١١- چۆڵكردنی خـاكی ســـیبیریا و مـــۆنتینیگرۆ و رۆمانیـــا ، چـــارە ســـەركردنی رەوای كێشەكانی بەلكان... ١٢- سـەربەخۆیی نێووخۆیی نەتـەوەكانی ژێر دەسـەڵاتی توركیـای عوسمـانی بـە نیوونەتـەوەیی كردنـی دەردەنیل

...۱۳- دامەزراندنی دووبارەی دەوڵەتی پۆڵندا ...۱٤- دامەزراندنی کۆمەڵەی نەتەوەکان .

تێبینی :- خاڵی /۱۲ بە مانای سەربەخۆیی ئەو نەتەوەداگیرکراوانەی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دێت .

کە هەموو نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی سەر بە خۆییان بە دەست هێنا ، تەنیا کرد بەبێت ...! .

ئەویش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی یەك بیروو بۆ چوونی کوردو بوونی کێشەی نێوانیان لە سەر دەسەڵات و سامان و بە ئاواتی وەرگرتنی کورسی ، کە بەرژەوەندیەکانیان بپارێزێت ، نەك بە دەست هێنانی ئاوات و ئامانجەکانی گەلی کوردستان لە سەر خاکی کوردستان .

۱۹۱۸/۱/۱۰ سەرکەووتنی ڕووسیاو هاوپەیمان بە سەر ئەلمانیاو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و جەنگی یەکەمی جیهانی کۆتایی هات ، بە تایبەتی هەرەس هێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ودابەشکردنی پاشماوەی بەجێ ماوی ژێردەسەڵاتی لە کەل‌و پەلی هەمە جۆری ئابووری‌و سەربازی‌و خاوەنداریەتی مولك‌و سامان‌و زەوی لە کیشووەری ئاسیاو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا.

۱۹۱۸/۱/۱۱ لیژنەی داواکاری ، ئێران – ئەمەریکا ، بروسکەیەکی ئاراستەی باسیلی نیکیتین کرد لەژێر ژمارە / ۱۳ ، بە وەلامدانەوەی نامەی نیکتین لە ۱۹۱۸/۱۱/۷ ، لەبارەی کێشەی کورد لەناوچەکەدا و داوای گرنگی پێدانی کێشەی کورد دەکات ، بەڵام نامەو بروسکەکە بە هۆی درەنگ گەیشتنی بۆ کۆنگرەکە نامەکە بۆتە بەلگەی ڕەسمی لە ئەرشیفەکاندا.

۱۹۱۸/۱/۱۱ دەسەڵاتی ڕووسیای سۆڤیەتی نوێ لە مەرسوومێکیدا پشتگیری لەماف سەربەخۆیی چارەنووسی ئەرمەنیەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی کرد ، لەکاتی داگیرکردنی زۆربەی خاکی ئەرمینیا لەجەنگی یەکەمی جیهانی لەلایەن هێزەکانی سووپادا .

۱۹۱۸/۱/۱۸ هێزەکانی سووپای عوسمانی تورکی بەزیوو جارێکی دیکە بەشێکی زۆری لەخاکی ڕۆژهەلاتی کوردستانی داگیر کرد ، بە پیلانێکی نێوان هێزەکانی

سـووپای تـورك‌و ڕووسـەكان كـە ئـەو پیلانـە لـە ئازربایجـان لـە لایـەن هـەردوو وولاّت لە سەر ناوچەكە مۆركرا .

١٩١٨/١/٢٨ كابتن – د.ف گریس– گەیشتە شاری ورمێ لە ڕۆژهەلاّتی كوردستان‌و داوای ڕاسـتەوخۆی كۆبوونـەوەی لەگـەڵ بـەتریرك مـارشمعون كـرد ، كـە نوێنـەری فەرەنـسا دكتـۆر– كۆبـول– و نوێنـەری ئـەمریكا مـلازم – مكـدافیل– و بلاوكـەرەوەی ئـەمریكی و كوونـسلی دكتـۆر فاشـیدو خێزانەكـەی بـوون لـە هەرێمەكەدا .

بەلاّم نوێنەری سەركردەی دوواوەی قەفقاز ، كەجێگری كوونسلی وەرمـێ– ف.پ.نیكتین– بوو ، لەو كۆبوونەوە ، كابتن گریس ڕایگەیاند بەناوی شاندی سـەربازی بـەریتانیا ، لەسـووپای روسـیا لـە قـەفقازو بـەناوی بـەریتانیاو لـە ووتەكانی بەردەوام بوو ، بە هاوپـەیمانی ئەرمەنـەكان بەیەكسانیان لەكێشەی شـەڕیان لەگـەڵ ئـەلمانیاو توركیا كـە ڕووسـیا بـەهۆی سـەركەووتنی شۆڕشـی بەلـشەفی لەجـەنگ دوور كەوتنـەوەو پێوویـستە ئەفـسەرە ڕووسـەكان لـە سووپای ئاشووریەكان بێنـە دەرەوەو بـەریتانیا لـە جێگـەی ئـەوان ڕاوێـژكاری شارەزایان بۆ ڕەوانە دەكات .

ئەویش لە پێناو دامەزراندنی دەوولّەتی ئەرمەنی سەربەخۆ گەر ئەوان لەشەر بـەردەوام بـوون شـان بەشـانی بـەریتانیاو هاوپـەیمانان كـە ئـەم مـشتوومرەو كێشەو ململانێیەش لەسەر خاكی كوردو كوردسـتان بـوون بـون بەتایبـەتی لـە بواری نەتەوەیی نیشتماندا .

١٩١٨/٢/٨ كۆچی دوایی سولتانی عوسمانی سولتان عەبدولحەمید ، كە بێ وێنـە بـوو لـە داگیر كردن‌ودەربەدەر كردنو وێران كردنی خاكی گـەلان ، بە تایبـەتی كوردو ئەرمەن‌و دەربەدەر كردنیان لەسـەر خـاكی دێرینـی خۆیـان ، كـە كوردسـتانەو بـەرەو وولاّتـانی دراوسـێ‌و ئـەوروپای ڕۆژئـاوا ، كۆچـیان پێكـردن لــە هەرێمەكەدا.

١٩١٨/٢/١٥ لەهێرشـێكی هـەزار سـەربازی – جیلـۆ – لەسـەر داوای كاپیتـان گاسـفیلد گـەیشتنە نـاو شـاری ورمـێ لـە ڕۆژهـەلاّتی كوردسـتان ، لـەناو بازاڕی شـاری ورمێ بەزۆر داوایان لـە دانیـشتووانەكە دەكـرد، كـە چەكەكانیان لێ دەكـرن ، لەئەنجامدا بووە هۆی دروست بوونی ناكۆكی‌و شەڕ كە سێ هاوولاّتی كرد لـە

شارەکە گیانیان لەدەست دا بەهۆی گوللە باران کردنیان.

١٩١٨/٢/١٩ بەرپابوونی شەڕ لە نێوان هێزەکانی سەربازی – جیلۆ– و هێزەکانی سووپای ئێران لە شاری ورمێ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ، لە ئەنجام بووە هۆی کووژرانی چوار هاوولاتی کورد لە شارەکەدا .

١٩١٨/٢/٢٠ فەرماندەی ورمێ – ئیجلال ئەلمەلیك–و سەرۆکەکانی مەسیحی– مسیۆ کوژل– کە سەرۆکی نەخۆشخانەی فەرەنسا بوو– سونتاکی– نووێنەری پاپا بۆ بارەگای حکوومەت بانگهێشت کرد ، لەپێناو گفتووگۆ کردن لەبارەی ڕووداوەکان.

کە لەو کاتەدا چەند کەسێکی دانیشتووی گوندەکان ڕژانە ناو بارەگاو گازاندەیان کرد لەدەست ڕەفتاری جیلوەکان لەدەووروبەری شارەکەدا ، کە ڕێ بەدانیشتووانی گوندەکان دەگرن و هەر کەسێك ببینن دەیکووژن لە ناوچەکەدا .

١٩١٨/٢/٢١ بەرپابوونی شەڕی ناوخۆ لە نێوان مەسیحیەکان و ئیسلامەکان لە پارێزگای ورمێ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ، کە لە ماوەی ١٥٩ ڕۆژدا زیاتر لە ١٣٠هەزار لە هاوولاتی پارێزگاکەو دەووروبەری لەهەردوولا کوژران لە دانیشتووانی شارەکانی ورمێ و سەلماس و دەووروبەری کە لەو شەڕەدا ژمارەیەکی زۆریش کورد کوژران بەنانەوەی ئاژاوە لەلایەن لایەنگرانی دەسەلاتی فارس و تورك و ، لەهەمان کات سوودمەندبوونییان لەو ڕووداوەدا .

١٩١٨/٢/٢٢ دەست پێکردنی گفتووگۆ لە نێوان فەرماندەی شاری ورمێ وکونسلەکانی ڕووسیای قەیسەری و ئەمەریکاو سەرپزیشکی فەرەنسا ، بۆ هێوور کردنەوەی بارودۆخی پارێزگای ورمێ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ، بەلام بێ سوود بوو ، کە بووە هۆی پەرەسەندنی بارودۆخەکەو هەلگیرسانی شەڕی نێوان ئیسلامە مەزهەب شیعەکان و مەسیحیەکان ، کە زیاتر لە ١٥٥ ڕۆژی خایاند لەناو شاری ورمێ دەووروبەری لە هەرێمەکەدا .

١٩١٨/٢/٢٤ هەرچەندە نوێنەری مەسیحیەکان – مارشەمعون– بەلێنی شەڕ وەستاندنی ڕاگەیاندبوو ، بەلام شەڕەکە لەشاری ورمێ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەردەوام

بوو، كه بووه هۆی دژواریو نا لەباری باری شارەكه ، لەو كاتەدا پیاوه گەورەكانی شاری ورمێ پەنایان بردە بەر كونسلخانەی ئەمەریكا ، لەپێناو ڕاگرتنی شەڕو ئارام كردنەوەی باری شارەكەو دەوورووبەری له هەرێمەكەدا .

١٩١٨/٢/٢٥ له كۆتایەكانی جەنگی یەكەمی جیهان ، سەركردایەتی سووپای بەریتانیا ئارەزوی دەكرد ، كه كوردو سمكۆی شكاك و ئەرمەن دژی دەسەڵاتی توركی عوسمانی یەك بخات . بەمەش تۆڵەی هەرەس هێنانی هێزەكانی سووپای له بەرەی ڕووسیا بكاتەوه ، بەڵام سەركردەی كورد له ڕۆژهەڵاتی كوردستان سمكۆی شكاك خۆی لەو كاره دوورخستەوەوهەوڵی له ناوبردنی سەرۆكی ئاشووریەكان– مارشەمعوەن– له ناوچەكەدا .

١٩١٨/٢/٢٨ بەهۆی باری ئاڵۆزی ناوچەی ورمێو دەوورووبەری له ڕۆژهەڵاتی كوردستان ، ئەویش بە بەرپابوونی ڕاپەڕینی ئیسلامەكان دژی ئەرمەنو ئاشووریه مەسیحیەكان ، كه خوازیاری لەناوبردنی مەسیحیەكان بوونو ئەو ڕاپەرینه گەیشته شەڕی چەكداری بەشێوەیەكی گشتی ، كه لەوكاتەش ڕووسەكان پشتگیریان له مەسیحیەكان بەگشتی دەكردو هەولی یەكبوونی كوردو ئەرمەنو ئاشووریەكانیان دەدا له هەرێمەكەدا .

١٩١٨/٣/١ بەهۆی توانـاو لیهاتوویی و زیرەكی مێژونووسو ڕووناكبیری كورد – محەمەد ئەمین زەكی – بەگ له باشووری كوردستان – خەڵاتی خاچی پۆلاینی لەلایەن حكوومەتی ئەڵمانیا پێ بەخشرا .

١٩١٨/٣/٣ مۆركردنی ڕێكەووتنامه له نێوان ڕووسیای بەلشەفو ئەڵمانیای نازی ، ئەویش به ڕاگەیاندنی كۆتایی هێنان بەشەڕی یەكەمی جیهان ، كه ئەمەش بووه هۆی ڕاگەیاندنی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی وولاتەكانی ئۆكرانیاو فیلەنداو پۆڵنداو ناوچەی بەلكان ، له كێشووەرەكەدا .

١٩١٨/٣/٣ مۆركردنی پەیمانی چوارلایەنه له نێوان ڕووسیا له گەڵ وولاتانی هاوپەیمانی چوارلایەن ئەویش :– ئەڵمانیا، نەمسا، مەجەر، بوولگاریا، توركیا – له ئەوروپای ڕۆژ ئاواو ڕۆژ هەلاتدا .

كه دوای ئەوه كۆنگرەی چوارەمی سۆڤێتاتی ناكاوی بوو له هەموو ڕووسیا

لـە ٣/١٥ ی هـەمان سـاڵ پەسـەندی ئـەو ڕێکەووتنـەی کـرد ، کـە بـووە هـۆی زەرەر مەند بۆ ڕووسیا بە بەملکەچ بوونی بە بجێهێشتنی ناوچەی بەلکان و پۆلۆنیـا و هەنـدێك لـە ڕووسـیای سـپی- بـیلا ڕووسـیا- بـۆ ژێـر دەسـەڵاتی نەمسا- مەجەر.

دوای ئەوە بە جیاکردنەوەی ئۆکرانیا لە ڕووسیای سۆڤیەتی نوێ ، بۆ ژێر چاودێری ئـەڵمانیا. هـەروا شـارەکانی قـارس و بـاتۆم و وردهـان لـە بـاکووری کوردستان کەووتە ژێر دەسەڵاتی تورکیای عوسمانیەکان لە هەرێمەکەدا .

١٩١٨/٣/٣ مۆرکردنی ڕکەووتننامەی وەستاندنی شەڕلە نێوان ڕووسیای بەلشەفی نوێ و ، ئەلمانیاو نەمسای هاوپەیمانی ، کـە بـووە هـۆی ئـەوەی کـە کۆمۆنیستەکان بەرابەرایەتی – لینین – توانیـان دەسـەڵاتی تـەواوی خۆیـان بەسـەر ڕووسـیادا بگرن و دەسەڵاتی کرێکارو جووتیار بەناوی سۆڤیەتات بچەسپێنن لەهـەموو بوارەکاندا .

١٩١٨/٣/٥ مـۆرکردنی ڕێکەووتننامـە لـە نێـوان ڕووسـیا بەلـشەفی و، لەگـەڵ ئـەڵمانیا و نەمسا و مەجەرو بوولگاریاو تورکیا ، ئـەویش لـەپێناو دابەشـکردنی ناوچـە کوردیەکان لەکوردستان و ئۆکرانیا لە کێشووەرەکەدا .

١٩١٨/٣/٥ دوای سـەر کـووتنی شـۆڕشـی بەلـشەفی لـە ڕووسـیا شـاری مۆسـکۆی دێرینـی شارسـتانی و شـووێنەواری ڕووسـیا کـرا بەپایتـەختی یەکیـەتی سـۆڤیەت ، لـەجیاتی شـاری پترسـبۆرگ و دوای ئـەوە نـاوی گـۆڕا بـۆ لینینگـراد لـە وولاتەکەدا

١٩١٨/٣/١٦ لەدایك بوونی ڕوونـاکبیرو ڕۆمـان نووسـی بەناوبانگ – خـوان سـینۆ کـارلۆس بیرز ڕۆلف – لەگوندی فالیسکۆی وولاتی مەکسیك.

١٩١٨/٣/١٧ چـوونی نوێنـەرو سـەرکردەی مەسـیحیکان – مارشـەمعون – بـۆ کۆنەشـار ، بۆئەوەی چاوی بە سمکۆی شکاك بکـەوێت ، کـە ٥٠ چـەکداری لەگـەڵدا بـوو ، لە ئەنجام سمکۆی شکاك مارشەمعونی کووشت و چەکدارەکانیشی بەدەسـتی چەکدارانی سمکۆ لـەناو بـران، کـە ئـەم کـاەش بووە هـۆی دەسـت پێکردنـی شـەڕ لـە نێـوان ئاشـووریەکان و کـورد لـە شـاری ورمـێ لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردستان و بەردەوام بوو تاکوو ٣/٣٠/ی هەمان ساڵ کە لە ئەنجام زیاتر لە

٤٠٠ كەس لەنێوانیان كووژران لە هەرێمەكەدا .

١٩١٨/٣/٣١ كــارپێكردن بــەكاتی هاوینــە لەلایــەن ئیــدارەی حكوومــەتی وولاتــە یەكگرتووەكتنی ئەمەریكا پەسەند كراو كاری جێبەجێكردنی لە ئەمەریكا ئەنجام درا.

١٩١٨/٤/٧ هێزەكانی سووپای بەریتانیا لە هەوڵە بەردەوامەكانید پارێزگای كەركوكیان لە باشووری كوردستان داگیر كرد ، بە سەركردایەتی ژەنەرال – مارشال ویلسن– لە هەرێمەكەدا .

١٩١٨/٤/١٩ بڵاوكردنەوەی ڕاگەیاندنێك بەزمانی ئاشووری‌و فارسی لەلایەن – ئاغا پەترۆس– لەپێناو ئاشتبوونەوەی ئیسلامەكان‌و مەسیحیەكان لەپارێزگای ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان.

١٩١٨/٤/٢٨ هێزەكانی سووپای بەریتانیا شارۆچكەی كفری‌و خوورماتوویان لەباشووری كوردستان داگیر كردو بەردەوام بوون لەپێناو كۆنترۆلكردنی هەموو كوردستان‌و دوایی ئێراق لە ناوچەكەدا .

١٩١٨/٥/٣ لە دوای ڕەچاوكردنی بەرژەوەندیەكان مۆركردنی پەیمانی – بریست – لینۆفسك – لەنێوان دەسەڵاتی ڕووسیای بەلشەفی نوێ‌و ئەڵمانیای نازی‌و نەمسا– مەژەر– ی هاوكار ئەنجامدرا ، كە كاردانەوەی ناهەمواری كردە سەر باری ڕۆژهەڵات‌و باكووری كوردستان.

١٩١٨/٥/٧ داگیركردنی شاری كەركووك‌و دەوورووبەری لەلایەن هێزەكانی سوپای بەریتانیا ، ئەویش بەهۆی گرنگی‌و هەڵكەوتەی جووگرافی ناوچەكە ، كە شارێكی كوردستانیەو ئاواتی دوا ڕۆژی چاوگە نەوتیەكان بووە لە لایەن وولاتانی داگیركەر لە هەرێمەكەدا .

١٩١٨/٥/٢٩ لە دوای كووشتنی بەتریارك مارشەمعون ، براكەی – پۆلس مارشەمعون – بە جێگرتنەوەی بووە بەتریاریركی كەنیسەی ئاشووریەكان لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان .

واتە مەسیحیەكان بەگشتی كە ڕێوورەسمی هەلگری پلەی بەتریرك لە كەنیسەی – مارت مریەم – ئەنجامدراو دوای ئەوە ئاوارە بووەكان بەرەو بەرەی شەڕ بەرێكەووتن لە دەوورووبەری شاری شنۆی ڕۆژهەڵاتی كوردستان‌و بەردەوام بوونی شەڕەكە لە هەرێمەكەدا .

١٩١٨/٦/٢٣ دامەزراندنی كۆمەڵەی كورد لەشاری ئەستانەی ژێر دەسەڵاتی تورك بەناوی

کوردستان تەعالی جەمعیەتی.

١٩١٨/٦/٢٨ گەلانی وولاتی ئۆکرانیا سەربەخۆیی خۆی بەدەرچوونی لەژێر دەسەلاتی داگیرکەری ڕووسیای بەلشەفی نوێ ڕاگەیاند ، بەلام دوای چەندین شەڕو پێکدادان لە نێوان هێزەکانی سووپای ڕووسیا و ئۆکرانیا ، لە ئەنجام توانرا ئۆکرانیا داگیر بکاتەوەو دوای ئەوە بووە کۆمارێك لە پێکهاتەی کۆمارەکانی یەکیەتی سۆڤیەت لە کێشووەرەکەدا .

١٩١٨/٧/١٠ فرۆکەیەکی سەربازی بەریتانیا لەشاری ورمێ لە ڕۆژهەلاتی کودستان نیشتەوەو بە ئاشووریەکانی ڕاگەیاند ، کە بەهیوای پشتیووانی بەریتانیا نەبن لەپێناو بەرگری لێکردنیان لە هەرێمەکەدا .

١٩١٨/٧/١٣ گەنجێکی تورکی شۆڤینی توندڕەوی ئیسلامی ، بەگوللە پاپا یوحنا پۆلیسی دووەمی پاپای ڤاتیکانی زامدار کرد.

١٩١٨/٧/١٦ کۆمەلێك لە شۆڕشگێرە کۆمۆنیستە بەلشەفیەکان لە پترۆسبۆرگ پەلاماری بالەخانەی قەیسەری ڕووسیان داو – نیکۆلای دوەمیان– لە ئەنجام دەستگیر کرد لەگەڵ بنەمالەکەی لە شارەکەدا .

١٩١٨/٧/٢٥ لە ئاکامی شۆڕشی ئۆکتبەری بەلشەفی لە ڕووسیای قەیسەری ، کە هەموو نەتەوەکان مافی ئازادیان لەناو دەسەلاتی سۆڤیەت بە دەست هێنا ، بەلام تەنیا کورد نەبێت .

ئەویش بەپێی دەرچوونی یاسای بەماوەنەدان بەڕاوەدوونانی هیچ نەتەوەیەك ، بەتایبەتی نەتەوەکانی لە نەژاد سامیەکان ، ئەویش بەپێی بەلگەنامەی ئەنجوومەنی مفەوەزییەی گەل لەیەکیەتی سۆڤیەت لە وولاتەکەدا .

١٩١٨/٨/١ وەستانی شەڕ لە نێوان ئیسلامەکان و مەسیحیەکان لەناو شاری ورمێ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ، کە بووە هۆی کوژرانی هەزاران هاوولاتی لە هەردوو لایەنی شەڕکەری ئیسلامی و مەسیحی لەشارەکەو دەووروبەری لە هەرێمەکەدا .

١٩١٨/٨/٣٠ ڕابەرو سەرکردەی کورد ، شێخ مەحمودی حەفید ، لەلایەن هێزەکانی سووپای بەریتانیادەستگیر کراو بەرەو شاری کەرکوك ڕەوانە کرا.لە هەرێمی باشووری کوردستان .

١٩١٨/٩/٥ لە دایك بوونی مێژوونووسی بەناوبانگی کاری ئەمەریکاو ڕاگری تیئۆری بەڕێوەبەردن لە شاری گیسنکۆرت لە وویلایەتی دبلاوێر... شایانی باسە ئەم

مرۆڤە هەر لە تەمەنی ٧ ساڵیدا کە کاتێك باوکی پەرتووکی ویلبر رفنیسکی بۆ دەکرێت، ئارەزووی دەچێتە سەر خووێندنەوەی مێژوو. لە ساڵی ١٩٤٠ زانکــۆی هارڤــارد دەبرێــت و بروانامــەی دکتــۆرا لــەبواری مێــژووی کــار وەردەگرێت. لە رۆژانی جەنگی دووەمی جیهانی کار لەشێکردنەوەی وێنە هەواڵگرییەکان بۆ هێزی دەریایی وولاتەکەی دەکات.

دوای ئــەوە لەهــەر یــەك لــە پــەیمانگای ماساشۆســتی تــەکنیکی و زانکۆکــانی جــۆن هــۆبکنز و هارڤــارد وانــەی مێــژوو دەڵێتــەوە، بــەهۆی شــارەزایی و پێــشکەش کردنــی پــەرتووکی بــەپێزیش هــەردوو خــەلاتی پۆلیــستزەرو بانگرۆفتی

پــێ دەبەخــشرێ، ئــەم کەســایەتیە لــە کارەکــانی بــەردەوام دەبێــت لــە ســەر نووسینەکانی تاکوو لــــــە ٢٠٠٧/٥/٩ ماڵئاوایی لەگەل و نیشتیمانەکەی دەکات لە وولاتەکەیدا.

١٩١٨/٩/١١ راگرتنی بەکارهێنانی مینرێژو تۆرەکانی تەلی کارەبایی – ئەسلاك شائك – بە پێی بەندی/٨ لە رێکەووتنامەی ئاگربەستی مۆرکراو لە جیهان، لە دوای جــەنگی دووەم و دەســتگیر بــوونی ئەلمانــەکان بــەم بریــارە لــە دوای جــەنگی دووەمی جیهان. کە ٥٢٠ میلۆن مین چاندراو بووە لەلایەن ئەلمانیاو یەکیــەتی ســۆڤیەت و ئەمــەریکا، کــە خــۆی لــە ١٦ جــۆر لــەمینی تانــك و ١٠ جــۆریش لەمینی دژە کەسی دروست کرابوون.

١٩١٨/٩/١٥ هێزەکانی سووپای ئەڵمانیا بەهۆی هێرشەکانی سووپای هاوپەیمانان وردە وردە پاشەکشەیان لەناوچەکانی شەڕدا کرد لە ناوچەکەو بەرەو وولاتەکەیان گەڕانەوە .

١٩١٨/١٠/١ کۆمەڵەی عەرەبی نەتەوەیی بەسەرکردایەتی حوسێن شەریف هێرشیان کردە ســەر هێزەکــانی ســووپای ئیمپراتۆریــەتی عوســمــانی، لــە ئــەنجام بیابــان و دوورگەی عەرەبیان ڕزگار کرد .

دوای جــەنگی یەکــەمی جیهــانی بەدەســت پێکردنــی قۆنــاخی ســێیەمی بەعەرەبکردن و داگیر کردنی خاکی گەلانی دیکە ، بەتایبەتی خاکی گەلی کورد لە ڕۆژئاواو باشووری کوردستان لە ناوچەکەدا .

١٩١٨/١٠/٢ نووێنــەرانی حکوومــەتی بــەریتانیا و دەســەلاتی عوسمــانی رێکــەووتنی خۆبەدەســتەوە دانــی کــەل و پــەلی هێزەکــانی ســووپای عوسمــانی و دام و

دەزگاکانی مۆرکرا بە بەجیهێلانی، ئەویش بە مۆرکردنی ئەو ڕێکەووتنە لەسەر پشتی باخیرەی بەریتانیا- ئەگاممنون- بوو لەبەنداوی مۆردوس دا . لەدوورگەی لیخوونی ئەمیرالی بەریتانی نووسراوەو لە مادە /١٦ی ڕێکەووتنەکەدا هاتبوو .

ئەویش بە دەرچوونی هەموو هێزەکانی تورك لە لوبنان و سووریاو فەلەستین و ئێراق و حیجازو عیرەو یەمەن ، هەروا لە سەر کوویت و ئیماراتی عەرەبی بکشێتەوە بەرەو ئەو ناوچانەی کە بۆی دیاریکراوە بەپێی ڕێکەوتنەکە لە کێشووەرەکەدا .

١٩١٨/١٠/٥ دامەزراندنی دەوڵەتی سووریا لەلایەن ئەمیر فەیسەڵی سعوودی بەپشتیووانی بەریتانیاو هاوپەیمانان .

ئەویش لەسەر خاکی گەلانی سووریا بەتایبەتی گەلی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان ، کە زیاتر ١٧٠٠٠هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە لە خاکی کوردستان بووە ، گەرچی سووریاو سنووری ئێستای خاکی عەرەب نیەو نەبووە بەهیچ جۆرێك لەو ناوچەیەدا ، بەلکوو بەڕێگەی فتووحاتی ئیسلامی و بەزەبری شمشێرو بەعەرەبکردن و داگیر کردن بۆتە وولاتی عەرەب لە ناوچەکەدا.

ئەویش بە دەرکردن و دەربەدەرکردنی گەلانی وولاتەکە ، کە کوردو ئەرمەن و ئاشووری و ئارامی بوون لە ناوچەکەدا .

نەوەی داهاتوی کورد دەبێ هەولی گەڕاندنەوەی دووبارە بوونەوەی مێژوو بدەن بەگەڕاندنەوەی عەرەب بۆدوورگەی بیابانی عەرەبی ...؟ .... !..

١٩١٨/١٠/٧ لە هەوڵێکی کەسایەتی شۆڕشگێری ناوداری کورد لە باکوری کوردستان – ئەحمــەد ســوورەیا بــەدرخان – ســـکالایەکی بـــەناوی کۆمەلـــە ئاراســـتەی هاوپـــەیمانان کـــرد ، لەپێناو دامەزراندنی کیانی کورد لە بـــاکووری کوردســـتان ، ئـــەویش بەجیابوونـــەوەی لـــەژێر دەســـەڵاتی دەووڵەتی تورکیا کەخاك کە نەتەوە لە هەرێمەکەدا .

١٩١٨/١٠/٧ لـە دوای کۆتـایی هـاتنی جـەنگی یەکـەمی جیهـان لـە هـەموو بـوارە کانیـدا لـە لایـەن شـەرکەران ، ئەویش بە هـەڵاتنی هێزەکـانی سـووپای ئیمپراتۆریـەتی عوسمانی و هاوپەیمانییەتی لە گەڵ ئەڵمانیا ، بووە هۆی مۆرکردنی پەیمانی دابەشـکردنی ناوچـەگەری لـە ناوچـەو هەرێمـە جیـا جیاکـان لـە کێـشوەری ئاسیادا .

ئەویش بەکشانەوەی والی عوسمانی لە شاری سەنعای پایتەختی ئێستای یەمەن – محەمەد نەدیم – لەگەڵ هێزەکانی لەرێگای شاری عەدەن ، کە ئیمام یـەحیا دەسـەڵاتی تـەواوی لـەو ناوچـانە گرتـە دەسـت کـە لـەژێر دەسـەڵاتی عوسمانیدا بوو، بە شەکەی دیکەی یەمەن لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا مایەوە لە ناوچەکەدا .

١٩١٨/١٠/١١ سـەرۆکی ئەمـەریکا – ویلـسن– لـە وتـارێکی بایەخـداری بەسـەر هـەموو وولاتـانی جیهـان بلاوکـردەوە کـە لـە ١٤ خـال پێکهـاتبوو بۆ داننـان بـەمافی نەتـەوەیی و سـەربەخۆییان ، لەهـەر وولاتێـك کـە دەچەوسـێرێنەوە لەلایـەن دەسـەلاتدارانی ئـەو وولاتـەی کـە لـە فرە نەتـەوەیی پێك هـاتوون بـە تایبـەتی تورکیا.

١٩١٨/١٠/١١ حکوومـەتی ئـەو کـاتی ڕۆمانیـا بـووە خـاوەن زۆرتـرین ڕووبـەری خـاك و گەورەترین دەووڵەتی بەلکان ، بەهۆی لکاندنی چەندین ناوچەی ڕووسیا بەو

وولاتـەدا ، وەك :- بسئارابیاو ، هـەرێمی ترانسلفانیاو هـەرێمی پۆکڤینـاو ، ناوچەی باتانی مەژەریەکان ، کە بەر دابەشکردن کەووتن ، لە نێوان رۆمانیاو وولاتی یۆگسلاڤیا ، بەپێی باری گوونجاوی نێوودەووڵەتیو هەرێمەکاندا .

١٩١٨/١٠/١٢ لـە دوای کۆتـایی هـاتنی جـەنگی یەکـەمی جیهـانو هـەرەس پـێ هێنانی ئیمپراتۆریـەتی- نەمسا ، مەژەر - کە ئـەویش بـووە هـۆی ئـەوەی کـە هـەرێمی تـشیك سـەربەخۆیی خـۆی ڕاگەیـەنێ وەك دەووڵەتێکی نێوودەووڵەت لە ناوچەی بەلکان و جیهاندا .

دوای ئەوە لە ١٩١٨/١١/١٤ ، تشیکیەکان لە گەڵ سلۆڤاکیکان لە شاری براگ یەکگرتووی وولاتەکەیان ڕاگەیاند و ئەم یەکگرتنـە بەردوام بوو تا ١٩٩٢/٤/١ ، بـە دووبـارە بوونـەوەی سـەر بـەخۆیی وەك وولاتێکـی نێوودەووڵـەتی لـە هەرێمەکەو جیهاندا ، بەناوی کۆماری تشیك . کە پایتەختەکەی ناوی- براگ - ەو ژمارەی دانیشتووانەکەی، ١,٥٨٥,٠٠٠ملیۆن کەسە.

هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ١١,٤٣٦,٠٠٠ ملیۆن کەسە. هـەروا ڕووبـەری وولاتەکـەی ، ٧٨,٨٦٤ کیلـۆ مـەتر چـوار گۆشـەیە. هـەروا چـڕی دانیشتووانەکەی ، ٢٧٦ کەس لە یەك میل چوارگۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، تشیکیەکان ٩٥٪ . سلۆڤاك٥٪ . لە وولاتەکەدا .

١٩١٨/١٠/١٥ شـەریف پاشا نامەیەکی ئاراستەی - سێرپێرس کۆکس بە ژمارە/٣ - لـە میزۆبۆتامیا کرد. کە تێیدا هاتووە :-

بـۆ – سـێرپێرس كـۆكس – لـە میزۆبۆتامیا – لـە وەتـای دوای چاوپێكەووتنمان لە مارسیلیا ، چـــــەندین ڕووداری نـــــوێ ســەریانهەڵداوەو ئێـستا ئێمـە لــەدوای تاوانــەكانی ســەركردە توركە لاوەكان كەوتوونەتە ناو قۆنــاخێكی نــوێی ســتراتیژێك وسیاسـی، ئـەو ڕق و كینەیـەی كــــــە ئەرمەنیـــــــەكان و كـــــــوردەكان لـــــە یـــەك جیادەكاتەوە، لە دەوورانـی ڕژێمـی حەمیدییە، هـەروا لـەدەووڕانی كۆمیتـەی ئیتیحـاد و تـەرەقی لـە سـونگەی دەسیسـەی تـەواوو سیاسـیەوە سەرچـاوە دەگرن و بەهیچ لكۆجێ سونگەی ئاینی و نەتەوەییان نییە لە هەرێمەكەدا .

ئـەمرۆ هـەردوو نەتـەوە كـە بە زۆر ناچاركراون لەتاقـە یـەك ناوچـەدا بـژین وا پێویست دەكات ئاشت بكرێنەوە، موسلمانەكان كە زۆربەی ڕەها پێك دێـنن و ئەرمەنییەكان كە كەمینەیەكی بەرچاون ، ئەوانـەی كـە مـاف هاویـەكیان هەیە.

بۆ پێداگرتنم لەسەر هەقی هاونیشتیمانیەكانم و بەهەمان شێووە لە سـەر ماف ئەرمەنیەكان، چ ئەوان و چ لە لایەن حكوومەتەكانی بەریتانیاو فەرەنسا.

من باوەش بۆ وەدیهێنانی بناخەكانی ئاشتبوونەوەو ڕێكەووتن دەكەمـەوە لـە ستاتووی نەتەوەیی دوا ڕۆژیانـدا. بۆ ئـەوەی هەوڵدانەكەم بەچاكی بەئـەنجام بگەیـەنم، پێویـستە دەسـتەو جـێ كۆمیتەیـەك لـە پـاریس و لەنـدەن پێكـەوە بنرێ، جا ئەگـەر لـە سـونگەی بـێ كـاتی ئێـوە نـەتان تـوانی بـەتالوو كـە چـەند ئەلیكاریم بۆ ڕەوانە بكەن.

مـن تـا ئـەوكات ئۆفیـسەكانی خـۆم لـە لەنـدەن و پـاریس تـەرخان دەكـەم بـۆ داكـۆكیكردن لـە بەرژەوەندیـە زۆر گـرنگ و ڕەوایـەكانی هاونیـشتیمانیان و هاوئاینـەكانم. كۆمیتـەی ناوەنـدی كـە دەبـێ دەسـتەو جـێ لـە ژێـر چاودێری حكوومـەتی خاوەنـد شـكۆی بـەریتانی سـەرەتا لـە میزۆبۆتامیـا و دواتـر لـە

کوردستان پێک بێ. دەتوانێ لەمبارەیەوە لەڕێنوێنیەکانی و دەسەڵاتی تەواوی خۆی خەبەردارم بکاتەوە.

سەرچاوە:-گۆڤاری k21 ژمارە/١ ساڵی ٢٠٠٨.

١٩١٨/١٠/١٥ شەریف پاشا خەندان نامەیەکی ئاراستەی باڵیۆزی بەریتانیا – لۆرد دەربی – کرد بە... بە ژمارە/١ کە تێیدا هاتووە :-

باڵیۆزی بەرێز :- بێ کۆتایی منەتباری ئێوە دەبم ئەگەر بفەرموون ئەم ڕاگەیەنراوەم کە هاوپێچە لەگەڵ ئەم نامەیە ناردووە لەبەر بەپەلەیی ئەو بابەتەی کە تێیدا باسم کردووە بە کالیۆگرام بیگەننە دەست – سێرپێرس کۆکس – من تەواو خۆشنوود بووم بە و پێشووازییەی کە سیادەتی بەرێزتان ئەو ڕۆژە لێتان کردم و بەو هیوایەی کە سیادەتتان لە یەکێك لەم ڕۆژانە بە دوورو درێژی چاوپێکەووتنمان بکات. بۆ ئەوەی لە سەر بابەت گەلێك قسە بکەم کە بەشێووەیەکی تایبەتی جێگەی بایەخی حکوومەتی خاوەند شکۆی بەریتانی دەبێ و بە لوتفەوە ئەم هەلە دەقۆزمەوە تا دەربرینی زۆر بەرزی و ڕێزلێنانی خۆمتان پێشکەش بکەم.

سەرچاوە:- k21 ژمارە/١ ساڵی ٢٠٠٨.

١٩١٨/١٠/٢٠ لەدایك بوونی شاعیرو ئەدیب و ڕووناکبیری نەتەوەیی – یونس ڕەئوف مەحمود – ناسراو بە– دلدار– لە شارۆچکەی شاعران و ئەدیبان و ڕۆشنبیرانی شاری کۆیسنجق لە پارێزگای هەولێر لە باشووری کوردستان . لەخێزانێکی ئاینی شارەکەو و خاوەن سروودی –ئەی ڕەقیب هەرماوە قەمی کورد– کەبۆتە سروودێکی نەتەوەیی ونیتشتیمانی ڕەسەن لە سەر ئاستی کوردستان ، هەروا کاتی کردنەوەی ڕادیۆو تەلەفزیۆنە ناوخۆیی و ئاسمانیەکانی کورد بەو سرووده دەست بە پەخشەکانیان دەکەن لە کوردستان بەرەو جیهاندا .

١٩١٨/١٠/٢٠ مۆرکردنی ڕێکەووتنامەی – مۆدرۆس– لەلایەن هاوپەیمانان و وولاتانی بەرەو دورستکردن ، کە بەشێووەکی فەرمی کۆتایی بەجەنگی یەکەمی جیهانی هێنرا ، لە نێوان بەریتانیاو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا ، ئەویش بە کشانەوەی هێزەکانی سووپای عوسمانی لەپارێزگای موسڵ بەتەواوی ، کە ئەو کات دانیشتووانی پارێزگای مووسڵ ٨٠٪ ی کورد بوون ، بە تایبەتی لە

باکوورو باکووری رۆژئاواو رۆژهەڵاتی مەڵبەندی شاری مووسڵ ، کە ئەو ناوچانەی بەشێکن لە هەرێمی باشووری کوردستاندا .

١٩١٨/١٠/٢٥ لە دوای داگیر کردنی شاری کەرکوكو دەوروووبەری لە باشووری کوردستان ، لەلایەن هێزەکانی سووپای بەریتانیا ، ئەویش بەبەرز کردنەوەی ئاڵای بەریتانیا لەسەر باڵەخانەو جیگا بەرزو بەڕێووەبەرایەتیەکانی شاری کەرکوك لە هەرێمەکەدا .

١٩١٨/١٠/٢٩ وولاتـــی کرواتیـــا ســـەربەخۆیی خــۆی ڕاگەیانـد ، دوای ئـەوە چـووە نـاو یەکیـەتی لەگـەڵ چـیای ڕەش – جبـل الاسـود– دوای ئــەوە لەســاڵی١٩٢٩ لەگـــەڵ هەرێمـــەکانی دیکــــەی ناوچـــەکە

یـــەکیان گـــرت وەك هـــەرێمی ســـربیاو ســـلۆڤینیاو کـــروات و دەووڵـــەتی یۆگسلاڤیایان پێك هێنا بە ناوی یەککرتووی یۆگسلاڤیا لە هەرێمەکەدا

هـەروا ئـەم یەککرتنـە بـەردوام بـوو تـا لـە ١٩٩١/٦/١٥ دووبـارە سـەربەخیی تـەواوی خۆیـان راگەیانـد ، وەك دەووڵـەتێکی سـەربەخۆی نێوودەووڵـەتی ، بەناوی کۆماری کرواتیا لە هەرێمەکەدا . کە پایتەختەکەی نـاوی –شـیزینۆ– یە و ژمارەی دانیشتووانەکەی ،٦٧٥,٠٠٠ هەزار کەسە.

هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ٤,٨٦٠,٠٠٠ ملیۆن کەسـە . هـەروا ڕووبـەری وولاتەکـەی ، ٢٣,٧٠٠ کیلـۆ مـەتر چـوار گۆشـەیە . هـەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٣٧٤ کەس لە یەك میل چوار گۆشـەدا . هـەروا نژادەکانی ، مۆڵدافی و رۆمـانی ٦٥٪. ئۆکرانی ١٤٪. ڕووسـی ١٣٪. قەوقازی ١,٤٪ . لە وولاتەکەدا.

تێبینی :– بۆ زانیاری زیاتر دەتوانی بگەرێیتەوە سەر کتێبی ئینسکلۆپیدیای

کوردستان و وولاّتانی جـیهان .

۱۹۱۸/۱۰/۳۰ لـه دوای مـۆرکردنی رێکەووتننامـەی مـۆدرۆس و کۆتـایی هـاتن بـه دەسـەلاّتی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی و خۆبەدەسـتەوەدان ، کاردانـەوەی خراپـی کـردە سـەر کـوردو کوردسـتان ، دوای ئـەوە بـووە هـۆی دابـەش کردنـی کـوردو نیـشتمانەکەی ، لەسـەر چـوار دەوولّـەتی دورسـتکراو ئـەویش: - ئێـراق و ، ئێران و ، تورکیا و ، سووریا و ، بەشـێکیش بەر کۆماری ئەرمینیای سۆڤیەت کـەووت لـەم لـەت لەتکردنـەدا ، کـە پارێزگـای یـەریڤان و دەووروبەریـەتی لـە کێشووەرەکەدا ، بە هەرێمەکانی نەخچەوان و شوشەو چەندین ناوچەی دیکە لەخاکی کوردستاندا.

<u>تێبینی:-</u> تورکیا و ئێران ، هەردوو وولاّت داگیر کەری خاکی کوردستانن بەر لەو پاچە پارچەکردنەدا ، ئەویش لە دوای مۆرکردنی رێکەوتننامە زەهاو لە ساڵی ۱٦۳۹ ، لە دوای شەڕی حالیدێران. بەلاّم ئێراق و سووریا و پارێزگای یەریڤان و دەووروبەری لە دوای کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهان پێیان لکێندراوە لە کێشووەرەکەدا .

۱۹۱۸/۱۰/۳۱ مـۆرکردنی رێکەووتننامـەی وەسـتانی شـەڕ لـە نێـوان هاوپـەیمانان لەگـەڵ ئیمپراتۆریـەتی عوسمانیـدا ، ئەمـەش بـووە هـۆی چالاکی نەتـەوە پـەروەری کورد- کۆمەڵەی تەعالی کوردستان- سەر لەنوێ دەستی کرد بە چالاکیەکانی خۆی لەباکووری کوردستان .

۱۹۱۸/۱۰/۳۱ پاش دانووسـانێکی چڕ لـەنێوان نووێنـەرانی تـورك و بەریتانیا و دوای ئـەوە لەلایـەن هاوپەیمانانـەوە ، کـە - ئـەدمیرال کـارلورت- و نووێنـەرانی تـورك - حوسـێن ڕەئـوف بـەگ و ، ڕەشـاد حکمـەت بـەگ و، سـەعدوللابەگ - بەلگەنامەی فەرمی ئاگر بەستیان لـەناو کەشتی بەریتانیا- ئاگاممنون- لـە بەنـدەری مـۆدرۆس ، لـە دەریـای ئیجـە مـۆرکرد . کەبـە فـەرمی جـەنگ لـە ڕۆژهەلاّتی ناوەراست کۆتایی هات لە کێشووەرەکەدا .

۱۹۱۸/۱۱/۱ قـەزای هـەولێر لـە هـەرێمی باشـووری کوردسـتان ، کـە سـەر بـە وویلایـەتی مووسڵ بوو ، لە ژێر ئیمپراتۆریەتی دەسەلاّتی عوسمانیدا ، بریاری بۆ درا بە بوونی بە پارێزگار و - ئەحمەدە فەندی عوسمـان - بووە یەکەم پارێزگاری هەولێر ، کە قەزاکانی کۆیەو رواندزو مەخموری پێووە لکێنرا .

١٩١٨/١١/١ دادوەرو نووێنەری بەریتانیا لەئێراق – میجەر نوئیل – کە لە لایەن سێر ئارنولد ویلسنی فەرماندارى سەربازی بەریتانیا لە بەغدا بەرەو دورستکردنی بارو دۆخێکی لەبار سەردانی شاری سلێمانی کرد ، لە باشووری کوردستان و ، لە بەردەرگای سەرای سلێمانی کۆبوونەوەی بەزانا ئاینیو شێخەکانو شێخ مەحمودی حەفید کرد ، بەناوی نووێنەری بەریتانیا ، لە وتارەکەی شێخ مەحمودی بەدادوەری سلێمانی دانا.

لە هەمان ڕۆژ سەردانی شاری کەرکوکی کرد ، بەهۆی بوونی بە دادوەری گشتی بەریتانیا لە پارێزگای کەرکوك ، کە لەو کاتە لەزێی بچوك تاکوو دیالە لە ڕۆژهەڵاتو تاکوو سنووری تورکیاو ئێرانی دەگرتە خۆ لە هەرێمەکەدا .

بە هەمان شێووە کۆبوونەوەی لەگەڵ کەسایەتیو سەرەك هۆزە کوردیەکان ئەنجامدا لەشاری کەرکوكو لەوتارەکەیدا ڕایگەیاند کە بەریتانیا نیازی دامەزراندنی دەووڵەتێکی کورد یە لە هەرێمەکەدا .... بەڵام کورد .... ؟.

١٩١٨/١١/٤ ڕژێمی تورك کەوتە ڕاگەیاندن ، بە ناوی ئەوەی ، کە وویلایەتی مووسڵ بەشێکە لە تورکیای داهاتوودا ، کەچی زۆربەی دانیشتووانی وویلایەتی موسل کوردنو داواکەیان وای کرد، کە دەست بکەن بە کشانەوە لە وویلایەتی مووسڵ وردە وردە تاکوو کۆتایی بەدەسەڵاتەکەی لە وویلایەتەکە هات لە ناوچەکەدا .

١٩١٨/١١/٥ هێزەکانی سووپای بەریتانیا لە دوای کشانەوەی هێزەکانی سووپای تورك لە وویلایەتی مووسڵ ، بەتایبەتی لە شاری مووسڵ گەیشتنە ناو شارەکە . بەمەش دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ئێراقدا سەپاند لەبەر مەترسی ڕاپەڕینەکانی ناوچەی بارزانو دەووروو بەری لە هەرێمی باشووری کوردستان .

هەر بەو هۆکارەش لە بریارێکیدا ناوچەی بارزانی لەقەزای ئاکرێ جیاکردەووەو بە قەزای رواندزی لکاند ، کە پێش ئەو هەنگاوە سەر بە پارێزگای موسل بوو لە هەرێمەکەدا .

١٩١٨/١١/٦ مەندووبی سامی فەرەنسا لە سووریاو ئەرمینیا - مسیۆ جۆرج بیكۆ- لە بەندەری لوبنان هاتە خوارێ ، كە لەو كات ترسی زیاتر لە بەریتانیا هەبوو ، كە نیازەكانی بەریتانیا بەهاندانی لایەنە رامیاریو نەتەوەیەكان دژی فەرەنسا بووە . كە لەو كات سەركردەكانی سووپای بەریتانیا لە سووریا سەرقاڵی كۆبوونەوە هەمەلایەنەكانی ناوچەكە بوون لە پێناو جێبەجێكردنی نەخشەكانیان .

١٩١٨/١١/٧ نووسەرو مێژوونووسی فەرەنسیو نووێنەری فەرەنسا لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا - باسیلی نیكتین - نامەیەكی ئاراستەی لێژنەی داواكاری كرد . لەبارەی كێشەی كوردو گرنگی دان بە چارەكردنی مافەكانی لە كوردستان . بەڵام نامەكەو بروسكەكە تەنیا بۆتە بەلگەیەكی رەسمی مێژوویی لەئەرشیفەكاندا .

١٩١٨/١١/٧ ژەنەراڵ شەریف پاشای خەندان نامەی دووەمی ئاراستەی - لۆرد رۆبێرت سێسیل- لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا كردووە ئەمەش دەقی نامەكەیە:-شەرەفی ئەوەم هەیە كە بۆ ئاگاداری سێنسۆرتان چەند لێكدانەوەیەك كە بەمێشكمدا هاتووە بۆ تاوتوێكردنتان راگەیەنم كە جەنابتان حوكم لەسەر ئەوە دەدەن، كە لە بەرژەوەندی هەردوو وولاتماندا كە بەگوێرەی من بە هەمان شێوە لە بەرژەوەندی رۆژهەلات و مرۆڤایەتی و ئاشتی دوا رۆژیش دا بێت.

گەنجە توركەكان خۆیان وا ببیننەوە وەك ناچاربن پەنا ببەنە بەر تەلەكەیەكی نوێ بۆ سەر لە نوێ فریووە دانی راوێژكار - سەرۆك كۆمارەكان - هاوپەیمانان بەوەی بروایان پێبیەنن كە ئەوەی كۆنستانتینۆپل روویدا ئەوە گۆرانكاریەكی رامیاری بوو .

دوای هەرەس هێنانی - بوولگارستان - تەلعەت پاشا وای دەبینی كە نۆرەی هەرەس هێنانی توركیاش هاتووە و باوەریشی وابوو كە وریایی لەوە دایە خۆی لە شانۆی رووداوەكان بكێشێتەوە بۆ ئەوەی جلەوی حكوومەتی نهێنی بە دەستەوە بگرێ، بەوەی كە بە رەسمی ژەنەراڵ عزەت پاشای ئەلمانخوازی ناسراو جێگەی بگرێتەوە كە سەر بە دووەم رێزبەندی جەمعیەتی ئتحادو تەرەقیە وەك ئالیكارە سەرسەخت و وەحشیەكانی

ئتحادیەکانی وەك – فەتحی بەگ، فەخری بەگ، جواد بەگ و رەئووف بەگ – هتد.

ئەوە تەواو جێگەی ئەسەفە کەوا هاوپەیمانان هەول و مەرجەکانی ئاگر بەستیان لە گەل سەرەرۆ تاوانکارەکان کە حکوومەتی رەسمی تورکیا پێك دهێنن مۆرکرد، کە لە پەنای ئەم حکوومەتەوە سەرۆك گەلێکی شاراوە هەن کە بۆ حسابی حکوومەت کار دەکەن بە دەستکردن بە وتوویژ لە گەڵ ئەم کۆمەڵە جینایتکارەکە لە وەتای دەساڵ دەبیَ هەر سەروەت و سـامان دەخەنە سەریەك، ئێوە پێتان وانیە کەوا هاوپەیمانەکان بیچمێکی خراپ نیشان دەدەن لە بەرامبەر هەموو عوسمانیکان بەبیَ جیاوازی رەگەز کە ئەوان ئەوەندە تەلاوی ئەو حکوومەتە نەفرەتلێکراوە یان چەشتووە... ؟

بۆ هێنانەکایەی عەدالەت وپرنسیپەکانی یاســا، دەبیَ سەرەتا دەست بکریَ بە جیاکردنەوەی بەر پرسیاریەتیەکان لە وانەی کە رێزیان لە یاســا نەگرتووە...؟ تاوانەکانی ئەلمانــــیا، بوولگارستان وکووژرانی چەند سەربازێکی فەرەنسی لە شەقامەکانی شاری ئەسینا دەخەنە پاڵ بنەماڵەی – هۆهێنزیۆلێن– پاشا فیردیناد– و– پاشا کۆنستانتین– لە کاتێکدا کە ئەوانەی لە کۆمیتەی ئتحادو تەرەقی کە ناسراوبوون لە بەرامبەر نەتەوەی عوسمانی کەمتر تاوانبارتر نەبـــوون.

ئەم کۆمەلە شوومەیە بەردەوام بوو لەوەی تاوانی هەرە قێزەون لە بەرامبەر عوسمانیە لیبرالەکان، لایەنگرانی ئەنگلستان وفەرەنسا لە دژی دورزەکان، ئەلبانیکان، عەرەبەکان و ئەرمە نیەکان دا بکات. یەکێك لەو تاوانانەی کە کەمتر تۆقێنەرتر نبن،... ئایا ئەوە نییە کە بە فێڵ و تەڵکە، تورکیایان خســـتە ناو جەنگێك بە تەك ئیمپراتۆریە ناوەندەکان، بووە ترسناکترین ئاستەنگیان بۆ هاوپەیمانەکان دروستکرد هەر بۆ ئەوەی تێنویتی خۆیان لە دەسەڵاتگیری و لە زێری ئەلمان تێر بکەن...؟.

پێم وایە دەبیَ بە دەنگی بەرز ئەوە راگەیەنریَ، کەوا تورکیا ئارامی و ئاسایش بەخۆیەوە ناگریَ تا وەکوو کۆمیتەی ئتحادو تەرەقی بمێنیَ و تاوەکوو مۆنتالیتەی شوومی لە وولات قەلاچۆ نەکرێت، واتە کردەی هێز دژ بە بیَ هێزەکان لە بەرامبەرگەل بە پێچەوانەیە پرەنسیپەکانی بەرێز سەرۆك

کۆماری ئەمەریکا – ویلسن– گوایە هاوپەیمانەکان لە رووی ئەخلاقیەوە بەرپرسیارن وەك چۆن کاتی خۆی گەنجە تورکەکانیان دنەدەدا، ویّرای ئەوەی کە من لە وەتای نۆسالْ دەبێ راستقینەیانم پێناساندوون.

بۆ ئەوەی ئاشتی بالْ بەسەر تورکیادا بکێشێ دابەشکردنێکی عادیلانەی خاکەکەی دەبێ بە گوویرەی زۆرینەی ئەو نەتەوانەی لە تورکیا دان دابەش بکرێ و، ئەمەش تەواو بە رێز گرتن لە مافە یەکسانیەکانی کەمینە نەتەوەییەکانی ئاشتەواییکردنەوەی گشتی دەبێ لە نێوان هەموو پێك هاتەکانی وولاتدا بکرێ و دەبێ متمانەی هەمووان لە سەر بنچینەی ماف و ئەرکەکاندا بچەسپێ.

بۆ گەیشتن بەم ئەنجامە تەندروست دەبێ پێش هەموو شتێك بە شێووەیەکی زۆر توند بەر پرسانی کۆمیتەی ئتحادو تەرەقی، تاقە بەر پرسیاری وێرا نبوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و هەموو ئەو تاوانە هەمە چەشنانەی لە دەورانی ئەواندا لە تورکیادا کراون، سزا بدرێن.

ئا بەم شێووەیە گەلی عوسمانی بەبێ جیاوازی رەگەز و ئایین هەناسەی متمانەو ئاسایش دەدات. بەم شێووەیە سولتان چیتر کۆیلەی باندێکی سەرەرۆی تاوانکار نابێت و دەتوانی بە ئازادی و پیاوانی دەوولەت هەلبژێری هۆشیار بەو مەترسیەی کە لە ژێر دەسەلاتی شاراوەی ئەم بەر پرسانەی ئێستەیدا هەمیشە یاخی دەبێ بۆ ریفرۆم، بۆ ئازادی و بۆ دادپەروەری کە هەموو خەلك تینوویەتی، بەم شێووەیە سولتان گەرەنتی دەورانێکی نوێ و بووژاندنەوەی وولات دەدات.

سەرچاوە:– ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا. دۆسیەی ژمارە/ FO/۳۷۱/۳۳۹۸

١٩١٨/١١/٧ بەریتانیای مەزن و فەرەنسا بلاوکراوەیەکی هاوبەشیان راگەیاندو بەلێنی سەربەستیان بەگەلانی ژێردەسالاتی عوسمانیدا بەو مەرجەی بە ئازادی چارەنووسی داهاتووی خۆیان دیای بکەن ، لە ناوژەو هەرێمە جیا جیاکاندا .

١٩١٨/١١/٧ سەرکردەی هێزەکانی سووپای بەریتانیا ژەنەرال– مارشال– جاری سووپاکەی داو شاری موسلی بەتەواوی داگیر کرد ، لە دوای مۆرکردنی پەیمانی مۆدروس. لە نێوان هاوپەیماناندا .



٨/١١/ ١٩١٨ له دوای داگیر کردنی سەرکردەی هێزەکـانی سـووپای بـەریتانیا ، شـاری مووسـڵیان داگیر کـردو – کۆلۆنێــل لیــچمان –کــرا بــە فەرمانـدی گـشتی لـە پارێزگـای مووسڵ .
کـە شـارەکانی هـەولێرو دهـۆك و دەورووبەریشی دەگرتـە خـۆ لـەو کــات لــە هــەرێمی باشــووری کوردستان .

١٩١٨/١١/١١ لێژنـەی داواکـاری لـە وڵاتـی فـارس –ئەمـەریکی بروسـکەیەکی ئاراسـتەی باسیلی نیکتین کرد لەژێر ژمارە/ ١٣ ، بە وەڵامدانەوەی نامەی نیکتین لەسەر بارو کێشەی کورد لە کوردستان .

١٩١٨/١١/١٤ گـەلانی تـشیك و سـلۆفاکیا لەشـاری بـراگ پـەیمانی یـەکگتووی وڵاتەکـەیان ڕاگەیانـدو تـشیك بـووە ئەنـدام لـە هێزەکـانی دەوڵـەتی تـشیکۆسلۆفاکیای یەکگرتووی نوێ لە هەرێمەکەدا .

١٩١٨/١١/١٤ بڵاوکردنەوەی وتارەکـەی – لێکۆلینـەوە لەسـەر مێـژووی کۆمەڵایـەتی کـورد– لەلایەن کامران عالی بەدرخان لـە ژمارە/ ١٣٠ی گۆڤاری – ئیتحـاد– بـەزمانی تورکی لە باکوری کوردستان .

١٩١٨/١١/١٦ له دوای ناردنی نامەی – شێخ مەحمودی حەفید – بۆ ئەفسەری بەریتانیا لە کفری – رائد نۆئیل – کە لەم رۆژە گەیشتە شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان ، هـەر لـەوێ بروسـکەیەکی ئاراسـتەی بەغدا کـرد . بەدەرخستنی پیاو چاکی و ئازایەتی کوردو هەروا لەنامەکەیدا گوتی:–

بە هیچ شێوەیەك كۆسپ لەبەردەم پێك هێنانی دەوڵەتی کوردی لە باشووری کوردستان نییە لە ژێر پارێزگاری بەریتانیا بەڵکوو بەپێچەوانەیە لە هەرێمەکەدا .

١٩١٨/١١/١٧ بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی – ژین – لە شاری سلێمانی لەباشووری کوردستان.

١٩١٨/١١/١٧ نوێنەری بەریتانیا – میجەر نۆئیل – و سەرۆکی ئەمەریکا – ویلسن– جاڕی دامەزراندنی یەکەمین کابینەی حکومەتی شێخ مەحمودی حەفیدی دا لە باشووری کوردستان ، ئەویش لە سەر ئامۆژگاری ویلسن ، و دوای یەك ڕۆژ لە گەیشتنەوەی بۆ شاری سلێمانی ، بەڵام ئەنجامەکەی پشتگوێ خراو دژی وەستان.

١٩١٨/١١/١٨ بڵاو کردنەوەی ڕاگەیاندنی هاوبەشی فەرەنساو بەریتانیا ، کە تیایدا هاتبوو:– نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی مافی سەربەخۆییان هەیە ، کە کوردیش یەکێکە لەو نەتەوانە لە سەر خاکی خۆی کە کوردستانە لە کێشووەرەکەدا .

١٩١٨/١١/١٨ وولاتی لاتفیا سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند ، بەڵام بە هۆی لەباری بارو دۆخی ناوچەکە ، هێزەکانی سووپای ڕووسیای سۆڤیەتی پەلاماری کۆمارەکەی داو بە داگیر کردنیەوە لکاندیە ژێر دەسەڵاتی خۆی ، دوای ئەوە بووە یەکێك لە کۆمارەکانی پێك هاتەی یەکیەتی سۆڤیەت تاکوو هەڵووەشاندنەوەی یەکیەتی سۆڤیەت لە کێشووەرەکەدا .

هەروا لە ساڵی ١٩٩١ ، دووبارە سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند ، بە جیا بوونەوەی لە سۆڤیەتی جاران لە کێشووەرەکەدا .

١٩١٨/١١/٢١ لـە یاداشـتەکانی وەزارەتـی دەرەوەی بـەریتانیا ، کـە لـە ٢٣ لاپـەڕەی گـەورە پێکهاتبوو ، کە تەواوی ڕاستیەکان دیاری دەکات ، کە کوردستانی لکێنراو بە ئێـراق لـە ڕۆژهـەلاتی زێـی دیجلـەوە تـاکوو دواوەی چـیای حەمرینـە بـە درێژاییەکەی خاکی کوردستانە لە هەرێمەکەدا .

١٩١٨/١١/٢٦ پارێزگای هـەولێر لـە هـەرێمی باشـووری کوردسـتان ، بەبێ بـەرگری لێکـردن لەلایـەن جـەماوەری شـارەکەدا ، لەلایـەن هێزەکـانی سـووپای بـەریتانیا داگیر کرا.

١٩١٨/١١/٢٧ کۆبوونـەوەی لێژنـەی سـەر بـە ئەنجوومـەنی وەزیرانـی بـەریتانیا ئەنجامـدرا ، لەپێناو چاو پێخشاندنەوەی باری ڕامیاری لـە ئێراقی بەرەو دورسـتکردن لـە سەر خاکی گەلانی وولاتی نێوان دوو زێی ، کە لـە لایـەن- لارندولد ویلسن- سەرپەرشتی دەکرا.

١٩١٨/١١/٢٨ سـەرکردەی بزووتنـەوەی ڕزگـاری کـورد - شـێخ مـەحمودی حەفیـد - زمـانی کوردی لەدامو دەزگاکـانی حکوومەتەکـەی کـردە زمانیفـەرمی و هەولێـدا کـە پارێزگـای کـەرکوك بخاتـە سـەر حووکمداریەکـەی لەسـلێمانی ، لـە هـەرێمی باشووری کوردستان .

١٩١٨/١٢/١ دادوەری گشتی بەریتانیا لە ئێراق ، سەردانی شـاری سلێمانی لە باشـووری کوردستان کرد، دوای گەیشتنی بۆ شارەکە لەگـەڵ شـێخ مـەحمودی حەفیدو سەرەك عەشیرەتو کەسایەتی ناوداری شـارەکە کۆبوونەوەیەکی ئەنجامـدا لـە بارەی بارودۆخی ناوچەکەدا .

١٩١٨/١٢/٤ لە دوای کۆتایی هاتنی گفتووگۆی نهێنی لـە نێـوان - لویـد جـۆرج و کیمنسـۆ - کـە - وایزمـان - پێـشبرکێیەکانی ئاراستەی وەزارەتـی دەرەوەی بـەریتانیا کرد ، بۆ دەست پێکردنەوەی پەیووەندی لەگەڵ مستر بلفۆڕو ئاگادار کردنـی لـە پێـشنیارەکانی جوولانـەوەی سـەهیۆنیزم ، لـە کـۆنگرەی ئاشـتبوونەوە لەپاریسی پایتەختی فەرەنسادا .

١٩١٨/١٢/١١ شاعیرو نووسرو رووناکبیری سۆڤیەت و جیهان – ئەلکسەندەر سۆلگنستین



– لەناوچەی لە شاری–کیسلۆڤۆدیسك– قەوقاز چاوی بەجیهان هەڵهێناوە. لەدوای تەواوکردنی قۆناخەکانی خوێندن، هەر لەمنداڵیەوەش بیری شۆرشگێری و زانستی بیرکاری لەهەستەکانی دەخولایەوە.

دوای ئەوە وەك سەربازێکی ئازا دژی نازیەکان جەنگاوە لەوساتەوە وەختانەدا کە ڕووسیا کەوتبووە ژێر هەرەشەی داگیرکردن لەلایەن هێزەکانی سووپای ئەلمانیا لە ساڵی ١٩٤١، بەلاَم لەساڵی ١٩٤٥ دەستگیردەکرێ و حووکمی ٨ ساڵ زیندانی لە ئۆردوگاکانی بەدیلگیراوان بەسەری دادەچەسپێ... کاتێ رەخنەی لە توانای ستالین گرتووە کە ناتوانێ بەرەنگاری تواناکانی هێزی نازیەکان ببێتەوە... ئەمەش کاتێ ئاشکرا بوو کە سۆلگتسینن لەناوچەکەیدا نووسیبووی بۆ هاورێکەی خۆی ناردووە.

لە ساڵی ١٩٧٠ کە ناوی ئاشکراکرا بۆتە خاوەنی یاداشتی نۆبل بەو کەسایەتیە دبەخشرێ... لەبریاری خۆی پەشیمان بۆوە بچێتە سووید بۆ وەرگرتنی خەلاَتەکەی... گرنگترین بەرهەمەکانی نووسی لەوانەش – ئەرخەبیل گۆلاج –کە لەساڵی ١٩٧٣ بلاَویکردەوە... لە ساڵەکانی ١٩٧٤ لە رەگەزنامەی ڕووسی بێ بەشکراو رووی لە ئەلمانیاکرد... ئەویش بەهۆی هەڵوویستەکانی دژی ستالین و سەرکردەکانی سۆڤیەت... دوای ئەوە بەرەو سویسرا و دوایی لە وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نیشتەجێ دەبێت.

لە ساڵی ١٩٩٤ جارێکی دیکە دەگەرێتەوە ڕووسیا... لەدوای

هەڵووەشانەوەی یەكیەتی سۆڤیەت... دوای ئەوە لە ساڵی ٢٠٠٧ سەرۆكی ڕووسیا فلادمیر بۆتین خەلاتی ڕووسیای بە سۆلگنستین بەخشی، كە گەورەترین خەلاتە لە ڕووسیا و لەهەمان كات داوای لە بۆتین كرد، ئەو نووسراوە مێژوویانە ببێتە بەشێك لە رۆشنبیری ڕووسیا... ئەم كەسایەتیە لەكارەكانی بەردەوام دەبێت تا لە ٢٠٠٨/٨/٤ ماڵئاوایی لە ڕووسیاو جیهان دەكات.

١٩١٨/١٢/١٥ لە دوای دەرچوونی هێزەكانی سووپاو دامو دەزگاكانی دەسەڵاتی عوسمانی تورك لە شاری كەركوك لە باشووری كوردستان ، بەرپرسانی بەریتانیا یەكەم ژمارەی ڕۆژنامەی- نەجمە- یان بلاو كردەوە ، كە بۆ ماوەی هەشت ساڵ لە دەرچوونی بەردەوام بوو ، كە بەزمانی عەرەبی و توركی بوو تاكوو ١٩٢٦/١٠/٢٥ لە شارەكەدا .

١٩١٨/١٢/١٥ لەوكاتەی كەجەنگی یەكەمی جیهانی كۆتایی هات ، هێزەكانی سووپای بەریتانیا بەسەركردایەتی كاپتن- های- گەیشتنە شاری كۆیە لە هەرێمی باشووری كوردستان ، پێش هەموو شتێك كاپتن های باری كارگێری شارو ناوچەكەی چارە سەركرد .

هەروا حەما غای غەفوری كە كەسایەتیەكی بەدەسەڵات بوو ، بەحاكمی شار دامەزراو جەمیل ئاغای حەوێزی بەجێگری حاكمی شارەكەو مەلا محەمەدی جەلیزادە – مەلای گەورە- بە قازی شارەكەی دامەزراند لە ناوچەكەدا .

١٩١٨/١٢/١٨ بەستنی كۆنگرەی جوولانەوەی سەهیۆنیزم لەشاری حەیفای فەلەستین ، لە پێناو بەدی هێنانی كیانی یەهوودی – جوولەكە- لەناوچەی شامو دەوڵەتی ئیسرائیلی ئێستا.

١٩١٨/١٢/٢٥ لە دایك بوونی سەرۆكی میسر ، محەمەد ئەنوەر سادات – لەگوندی میت – ئەبوو ئەلكومی– سەر بە پارێزگای مەنوفیە لە میسر، لە بنەماڵەیەكی هەژاری گوندەكان بووە ، فەرمانبەر بووە لەیەكێ لە نەخۆشخانەكانی سەربازی ، دوای تەواوكردنی خوێندنی ناوەندی پەیوەندی بەكۆلێژی سەربازی كردووە ، لەساڵی ١٩٣٨ بەپلەی ملازم دەرچووە لە ڕیزی سووپادا .

هەروا محەمەد ئەنوەر سادات پیاوێكی ڕامیاری بووەو چەندین جار لەلایەن هێزەكانی سووپای بەریتانیا دەسگیركراوە بەهۆی گومان لێكردنی بەیارمەتی دانی ئەڵمانیاو لایەنگیری كردنی لەجەنگی یەكەمی جیهاندا.

شایانی باسە محەمەد ئەنوەرسادات خەڵاتی نۆبڵی بەدەست هێناوە بەهۆی مۆركردنی ڕێكەووتنامە لەگەڵ ئیسرائیل بەگوواستنەوەی باری پەیووەندی لە نێوان عەرەب و ئیسرائیل لە قۆناخی شەڕو ململانێ بۆ قۆناخێكی ئاشتیانەی نوێ لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا .

١٩١٩

١٩١٩/١/١ ئەمیر فەیسەڵی سعوودی لە حیجاز ، بەنووێنەرایەتی باوكی ، كە شانشینی حجاز حوسێن بوو ، لەگەڵ دەستەیەك بەسێ نووێنەری هاوڕێی لەگەڵ– لۆرەنس– ی بەناوبانگ گەیشتنە پاریسی پایتەختی فەرەنسا ، دوای ئەوە یاداشتێكیدا بە ئەنجوومەنی باڵای ئاشتی و داواكاریەكەی شا فەیسەڵ لەلایەن هاوپەیمانان بە جێبەجێكردنی بەڵێنەكان پێدا.

لەبارەی دان پێنان بە مافی سەربەخۆیی دەسەڵاتی عەرەب بێتەدی بە

دەوولـەتێکی عـەرەبی یـەکگرتوو لەئاسـیا ، کـە لـە ئەسـکەندەرۆنەوە دەسـت پێــدەکا بــەرەو ڕۆژهــەلاتی تــا ســەر ســنووری وولاتــی فــارس و بــەرەو خواروتاسەر زەریای هندی .

جێگەی وەبیر هێنانەوەیە کەنەوەکانی داهاتووی کورد ئەوە باش بزانن ، کە لــە ڕابــردو لەئێــستادا . بــەریتانیا بەپلــە یــەك و ئەمــەریکا بەپلــە دوو ، دابەشکەرو داگیر کەری خاکی کوردو کوردستان بوونە لەگەڵ نۆکەرەکانیان لەعەرەب و فارس و تورك و دوایش ڕووسیا و هەروا بەئاسانکاریەکانی کورد بۆیان..؟...!.

١٩١٩/١/١٢ لیژنــەی شـارەزایانی ئەمــەریکا ڕاپۆرتێکیـان بـەرز کـردەوە لـە دوا ئاکـامی کارەکانیـان بـۆ سـەرۆکی ئەمـەریکا – ویلـسن – بەچـەندین پێشنیار ، کـە بەندبوون بەکێشەی فەلەستین و گەلی یەهوودی لەو هەرێمـەدا ، ئەویش بە سێ خاڵ .

ئەویش بەرەزامەندی دوو دەوولەتی دراوسێی جیاوازو ئەو دەوولەتە لەژێر پـارێزراوی بـەریتانیا بێـت ، داوا لەیەهوودیـەکان بکرێـت بەگەرانـەوەیان بـۆ فەلەستین و نیشتەجێ کردنیان لە ناوچەکەدا .

١٩١٩/١/١٥ دامەزرانــدنی ئەنجوومــەنی کۆمەڵــەی گــەلان لەلایــەن وولاتــانی هاوپــەیمان لەکۆنگرەی ئاشتی لەپاریسی پایتەختی فەرەنسادا .

١٩١٩/١/١٥ لــە دوای جــەنگی یەکــەمی جیهــان – ڕۆزا لۆکــسمبۆرگ – بەشــداری دامەزراندنی کۆمەلەی سپارتاکۆس کردووە ، بەڵام لەگەڵ هاوڕێکەی کارل لبکخت دەستگیر دەرکێن ودوایی شەهید دەکرێن لەلایەن ڕژێمی ئەڵمانیا لە وولاتەکەدا .

١٩١٩/١/١٨ بەسـتنی کـۆنگرەی ئاشـتی لـە پاریـسی پایتـەختی فەرەنـسا ، کـە شـەریف پاشای خەندان بەنووێنەرایـەتی کـورد بەشـداری لـەو کـۆنگرەدا کـردو داوای مافـە نەتەوەییـەکانی کـوردی لـە کوردسـتان کـرد بـە تایبـەتی لـە باکووری کوردستاندا بەڕاپۆرتێکی تێرو تەسەڵدا .

١٩١٩/١/١٨ جەنگی یەکەمی جیهانی کۆتایی پێ هێنرا ، ئەویش بەگرێدانی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا ، کە ٢٧ وڵات بەشداریان لەو کۆنگرەدا کرد ، بە گۆرینکاری نەخشەی جووگرافی ئەوروپای نوێ و جیهان

کە کوردو کوردستان بەر ئەو نەخشە بەدناوە کەووت و بەتیری ژەهراوی کوردستان لەتکرا لە نێوان چوار دەووڵەتی دامەزراوی نوێی دژ بە یەکتر ئەویش وەك :- ئێران و ، ئێراق و ، تورکیاو ، سووریا لەسەر خاکی گەلان بەتایبەتی گەلی کوردستان .

١٩١٩/١/٢١ لە دامێنی کێوی شەکریازی لە نێوان شارەکانی خوویی و سەلماس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی فارس ، هێزەکانی سووپای ئێران و کورد ، تووشی شەڕ هاتن و لە ئەنجام شۆڕشگێرە کوردەکان سەرکەووتن بەسەر هێزەکانی سووپای فارس لە ئێران و سەرکردەیان کوژراو بەدەیانیان لێ بە دیل گیران لە هەرێمەکەدا .

١٩١٩/١/٢٣ لەدوای داگیرکردنی ئێراقی ئێستا لەلایەن بەریتانیا ، زاناو کەسایەتی ناوداری ئاینی ، شیرازی فتوایەکی دەرکرد ، کە کەس لە موسڵمانەکان زیاتر نابێ دەسەڵات بگرێتە دەست و نابێ نە لەهەڵبژاردن و نە لە پشتگیری

کردنی غەیری ئیسلام هەڵبژێردرێ و دەست نیشانی بکات تەنیا دەبێ ئیسلام بێت.

١٩١٩/١/٢٥ لە دوای دامەزراندنی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان لەلایەن هاوپەیمان لەپاریسی پایتەختی فەرەنسا ، بارەگای سەرەکی گوواستراوە بۆ شاری ژنێڤی پایتەختی سویسرا ، لەپێناو چارەسەر کردنی کێشە هەڵواسراوەکان لە جیهاندا

جێگەی باسکردنە کە لە سەر بنەماکانی بیروو بۆ چوونی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا – ئەدوارد گرای –بوو ، هەروا سەرۆکی ئەمەریکا – وودرود ویلسن – ئەو بیرەی بە باش زانی و بە پێی پەیمانی فرسای ، کە یەك لە بەندەکانی دامەزراندنی رێکخراوەیەکی ئوومەمیە و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵەی گەلان لە ١/٢٥ ، دابمەزرێت لە نێوان چوار ئەندامی هەمیشەیی ، کە لە چوار کورسی پێك هاتبوو ئەویش:–

بەریتانیای مەزن و، ئیتاڵیا و ، فەرەنسا و ، یابان ... لە گەڵ ئەوەشدا دەرگا کراوە بوو بۆ ئەندامانی دیکە ، کە لە دوایی گەیشتە ٦٣ دەووڵەتی ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان و نووێنەرەکانیان و بریارەکانیش بە کۆمەڵ بوون لە دەنگداندا.

ئەویش بە سێ زمانی– فەرەنسی ، ئینگلیزی ، ئەسپانی – بوو . هەروا یەکەم کۆبوونەوەی کۆمەڵەی گەلان لە ١٩٢٠/١/١٠ بوو ، هەروا لە دوای جەنگی دووەمی جیهان ، بە هۆی بارو دۆخی نوویێ جیهان ، کۆمەڵەی گەلان لە ١٩٤٦/٤/١٨ خۆی هەڵووەشاندەوە و رێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان راستەو خۆ دامەزرا لە نێوان – فەرەنساو ڕووسیاو بەریتانیاو ئەمەریکا و ئەسپانیا ، لە جێگەی کۆمەڵەی گەلان لە جیهاندا .

١٩١٩/١/٣٠ ئەنجوومەنی باڵای کۆنفرانسی ئاشتی بریاریدا ، کە هاوپەیمانان و ئەو دەووڵەتانەی چوونەتە ڕیزی ئەوانەوە رێککەووتن .

لە سەر ئەوەی ، کە ئەرمینیا و سووریاو میزۆبۆتامیاو کوردستان و فەلەستین و نیووە دوورگەی عەرەبی بەیەکجاری لە ژێردەستی عوسمانی جیابکرێتەوە لە کێشوورەکەدا .

شایانی باسه که وولاتی نێوان دوو زێ واته – میزۆبۆتامیا – زۆربەی زۆری خاکی کوردستان دەگرته خۆیو ئێستا عەرەب بەنیشتمانی خۆی دەزانێ .
بەر له دورستکردنی دەوولەتی ئێراقو سووریا ، که ئەو دوو دەوولەته تا دوای فتووحاتی ئیسلامی له سالی/٧٦٢ یش ، ٣٠ سی هەزار مالی عەربی تیا نەبووه ، تەنیا ئەوانه نەبن که بەکاری بازرگانیو یاریدەدەرو خزمەتکارانو پاسەوانەکانیان نەبێت لەو ناوچەیەدا .
بەلام به عەرەبکردنو داگیر کردنی خاکی کوردستان له هەردوو وولاتی سووریاو ئێراق بەچوار قۆناخدا تێپەرپووه ئەویش :–
یەکەم :– فتووحاتی ئیسلامی له سالی ٦٣٤ دەستی پێکرد بەناوی شەری قادسیه بەزەبری شیر لەپێناو بەهێزکردنی جێپێگەی خۆیان بەفراوانکردنی سنووری جووگرافی نیشتیمانی عەرەبو به دەرچوون له دوورگەی عەرەبیدا .
دووەم :– بلاو کردنەوەی ئاینی ئیسلام له پێناو جێبەجێکردنی مەبەستی یەکەمدا .
سێیەم :– لەگەل داگیر کردنی ئەوهەرێمانه لەلایەن دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیو هێنانی عەرەبی هاورده بەلێشاوی گەووره وەك :– شەپۆلێکی کۆچکردنو داگیرکردنی خاکی گەلان ، بەتایبەتی خاکی کوردستان ، له دامەزراندنی چوار دەوولەتی دژ به یەکتری بەتایبەتی ئێراقو سوریا .
چوارەم :– به عەرەب کردنو داگیر کردنی خاکی کوردستان لەسووریاو ئێراق لەگەل وەرگرتنی دەسەلات له لایەن هەردوو پارتی بەعس له سووریاو لەئێراق ، که ئێراق له ١٩٦٣/٢/٨ بوو، هەروا سووریاش له ١٩٦٣/٣/٨ ، که بەدرنەترین شێووه لەبەعەرەبکردنو داگیر کردنو گۆرینی جووگرافیاو دیموگرافیا له خاکی کوردستان دادەنرێت ، لەهەموو بوارەکاندا . هەروا له تورکیاو ئێرانیش بەهەمان شێووه له شێوازو ناوەرۆك و بەردەوامن لەم کارانەیندا .

١٩١٩/١/٣٠ بلاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری کوردستان.

١٩١٩/٢/٦ نووێنەری کورد شەریف پاشا لەگەل– کیمانسۆی– سەرەك وەزیرانی فەرەنساو سەرۆکی کۆنگرەی ئاشتی له پاریس کۆبوونەوەو داخوازیەکانی

گەلی کورد لە کوردستان لەدوای روون کردنەوەی پێشکەشی کرد.

١٩١٩/٢/٢٠ سەرۆکی ئەمەریکا – ویلسن– بروسکەیەکی ئاراستەی هندستان کرد کە چەندین خالی لەخۆگرتبوو ، ئەویش بە دیاری کردنی باری ئێراقی بەرەو دورستکردن ، بە تایبەتی سەربەخۆیی کورد لەهەرێمی باشووری کوردستان ، لەچوار چێووەی سنووری ئەو ئێراقە بە زۆر دورستکراوەی دیاریکراو ، کە ئەو کات بەریتانیا لێی بەرپرسیار بوو لەهەموو روویەکەوە لە ناوچەکەدا ...؟...!.

١٩١٩/٣/١ نووێنەری کورد شەریف پاشای خەندان بیرخەرەوەیەك و دوونەخشەی کوردستانی ئاراستەی کۆنگرەی ئاشتی کرد ، لەبارەی مافەکانی کورد لەپاریسی پایتەختی فەرەنسا.

١٩١٩/٣/٤ لە دوای سەرکەووتنی شۆڕشی بەلشەفی لە ساڵی ١٩١٧دا ، لە رووسیاو بە دامەزراندنی بەرەورژێمی سوشیالیستی و لە باری باردۆخی نێوودەووڵەتی ، بووە هۆی ئەوەی کە بە یەکگرتنی جوولانەوەی کۆمۆنیستی لەجیهان لە رێکخراوی – کۆمۆنترین–ئومەمیەتی یەکەم– لەلایەن رابەرو دامەزرێنەری یەکیەتی سۆڤیەت – لینین– دامەزرا.

ئەویش لەپێناو دامەزراندنی پارت و رێکخراو گرووپی مارکسی بوو لەجیهان ، بەهاوکاری کردنی یەکتری و بەرگری کردن لە رژێمی کۆمۆنیستی سۆشیالیستی لەجیهان ، بە فراوانکردنی دەسەلاتی کۆمۆنیستی لە جیهاندا . دژی سەرمایەداری و پاشایەتی شانشینی و دەرەبەگی لەهەموو بوارە جیاجیاکان ، بە تایبەتی بە بنبڕکردنی چەووسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤ لە هەموو لایەنێك لە جیهاندا .

١٩١٩/٣/٩ 

یەکەم ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان دانیشتووانی شاری نەجەف و دەوورووبەری لەگەڵ هێزەکانی سوپای بەریتانیا ڕوویدا... ئەمەش لەوکاتە هات کە ئاهەنگێکی یەکەم ساڵی داگیرکردنی بەریتانیا بۆ ئێراقی نوێ دەست پێکرابوو، کە ئەم ڕووبەڕووبوونەوەش وەك ڕاپەرینێك بۆ ماوەی ٤٥ ڕۆژ بەردەوام بوو.

کە هێزەکانی سوپای بەریتانیا زیاتر لە ٨٠٠٠ هەزار سەرباز بوون، لە پێناو بوونی دەسەڵاتیان بە تەواوی لەسەر ناوچەکەدا... کە ئەمەش یەکەم ڕووبەڕووبوونەوە بوو دژی بەریتانیاو لایەنگرانی. هەر لەوکاتەش کاری لە سێدارەدانی لە ئێراق دەستی پێکرد، بە لە سێدارەدان کەسایەتی ئایینی لە شارەکە، کە هەڵگری بیرووڕای ئیسلامی مەزهەب شیعە بوون.

کە ئەم ڕاپەرینەش هۆکاری بەرپابوونی شۆڕشی /٢٠ بوو لە ئێراق کە کاردانەوەکەشی هۆی ئەوە بوو، کە حکوومەتی ئێراق لایەنگیری بەریتانیای دەکرد دژی گەلانی ئێراق لە ڕژێمێکی شایەتی سەر بەبەریتانیا.

سەرچاوە :– الحركة الاسلامية في كوردستان العراق – د.محەمەد نوری بازیانی – چاپی یەکەم/٢٠٠٦.

١٩١٩/٣/٢٠ سەرکردەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە هەرێمی باشووری کوردستان شێخ مەحمودی حەفید ، نامەیەکی ئاراستەی سەرۆکایەتی کۆنگرەی ئاشتی لەپاریسی پایتەختی فەرەنسا کرد ، کەتیایدا هاتبوو – گوێ لەدەنگی مافی ڕەوامان بگرن بەرزگار کردنمان لەژێر دەسەڵاتی تورك– لە هەرێمەکەدا .

١٩١٩/٣/٢٢ نووێنەری کورد شەریف پاشای خەندان لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا ، سکالایەکی بە ناوی کورد ئاراستەی هاوپەیمانان کرد .واتە – کۆمەڵەی گەلان

– لە بارەی باری کوردو مافی سەربەخۆیی کورد لەسەر خاکی کوردستان.

١٩١٩/٣/٢٣ دامەزراندنی جوولانەوەی فاشی لە لایەن- بینیتۆ مۆسۆلینی- لە ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیا ، بەشداری جەنگی دووەمی جیهانی کرد لەپاڵ ئەڵمانیا ، کە بەرامبەر هاوپەیمانان هەڵاتن لە شەڕدا .

١٩١٩/٣/٢٤ مستەفا کەمال ئەتاتورك لە شاری ئەدەنە – دیار بەکر- لە باکووری کوردستان ، دەربارەی خۆی و هاوڕێکانی بەرامبەر بەو پروپاگەندەیەی کراوە . نامەیەکی تایبەتی ئاراستەی وەزارەتی کاروباری شەڕ دەکات لەستەمبوڵو تیایدا دەڵێ:-

بۆ ئەو تاوانە ناشیرینەی بەرامبەر هاورێکانم کراوە – واتە کورد- نازانم بلێم چی..تەنها دەتوانم لەسەر ناوی خۆم قسە بکەم ، ئەویش ئەوەیە کە من ئەنافار تالارو کوردستانو سووریادا ، بەسەر سووپای قارەمانەوە ماومەتەوە – شانازی بەوە دەکەم . کە ئەوە چەتەنین بەڵکوو ڕۆڵەی بەناموسنو لە نەتەوەی عوسمانیی دروست بوونە .

لەنامەکانی تایبەت بەئەتاتورکەوە . سەعدی بۆراق. چاپخانەی سەردەم- ئەستەمبول ساڵی ١٩٨٠ لاپەرە/١٣٩.

١٩١٩/٤/٤ نووسەری کتێبی – الرجل الصنم – داهاتوو، کە ئەفسەرێکی تورکی نزیك لە مستەفا کەمال ئەتاتوورك – واتە باوکی تورکان – ە ئەفسەرێکی مەزنی ئینگلیز کە برای لۆرد کیرزۆن بووە لە پارێزگای ئەرزەرۆم لە باکووری کوردستان.

لە گەڵ مستەفا کەمال کۆبوونەوەی ئەنجامداوە و بزاڤەکەی کەمالیەکان هەر بۆ ئەوە بوو، کە هیچ بزاڤێکی میللی لەنێوان کوردەکانی باکووری کوردستان بەرپانەبێ... کە لەوکات ئینگلیز و حکوومەتی توورك لە ئەستەمبوڵ یەك مال بوون. ئەمانەش بوونە هۆکاری ئەوەی کە بیرسۆن بەدەستی یەکێك لەکوردانی هۆزی – گۆیان – بکووژێ.

لە گەڵ ئەوەشدا بەریتانیەکان بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ گوندەکانی گۆیانیان بۆردومان کردو فشاریان خستە سەر تورکەکان بۆ ئەوەی هێزەکانیان بنێرن بۆ ناوچەکە، ئەویش بۆ لێدان و کەپ کردنەوەی راپەریووەکان لە گۆیانی باکووری کوردستان.

هەروا توورکەکانیش هێزێکی گەورەیان ڕەوانەی — سەرشاخ و گۆیان و جەزیرەو بەشێکی دیکەشیان ناردە سەر هۆزەکانی نێوان — ئیزیپ و موسل — و کۆبوونەوە تاریگای پەیوەندی کردن بەهۆزەکانی باکووریان لێبگرن.
بە و هۆکارە ئینگلیزکانیش بروایان بەتورکەکان نەبوو. لەوە دەترسان کە گەمەیەکی دوو لایەنە بکەن. بەباشیان زانی نووێنەرێکی خۆیان لەگەڵ هەڵمەتەکەدا بێ... دوای ئەوە لە ٤/١٣ ی هەمان ساڵ شالیاری جەنگی توورك — شاکر پاشا فەرمانێکی بۆ دەسەلاتدارانی سنوور دەرکرد کە ڕێگای هیچ بزاڤێك نەدرێت لە باکووری کوردستان. لە دژی بەریتانیاکان — چونکە ئینگلیزەکان پەیوەندیان لەگەڵ کەمالیەکان و ئیتحادیەکان هەبوو دژی بزووتنەوەی ڕزگاری کورد لە باکووری کوردستان.
لەوکاتەشدا سەرانی کورد لە باکووری کوردستان بیوونە دووبەش کە هەندێکیان باوەریان بەحکوومەتی ئەستەمبوڵ هەر مابوو لەگەڵ پەیوەندیان لەگەڵ ئیتحادیەکان کەچی هەردوو لایەن دژی کورد بوون لە کوردستان.

١٩١٩/٤/١٣ ئەنجامدانی قەسابخانەی — ئەمریتسا ر— ی بەد ناو لە هندستان لەلایەن داگیرکەرانی بەریتانیا کە ٣٧٩ هاوولاتی بێ تاوانیان گوولله باران کرد لە پێناو چەسپاندنی ڕامیاریەتی ئیمپریالیزم لەم وولاتەدا بە سەر دانیشتووانی هەژار، کە هیندستان کیشووەرێکی سەر بە خۆیە لە جیهان... کاروکرداری ڕژێمە شۆڤینی وبەر چاوتەنگەکان و چاولێکردن لەرژێمی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم و کۆنۆلیانی و دەرەبەگایەتی هەموو شتێکیان ئەنجامداوە دوور لە ئەخلاقیەتی مرۆڤایەتی.
هەروا لە پێناو بەدەست هێنانی سەرمایەو قازانج و بەهێزکردنی جێ پێگەی خۆیان لە بوارەکانی ڕامیاری و سەربازی ئابووری و بازرگانی و فرۆشتنی کالاکانی خۆیان، یاخوود شمەکەکانیان بەمەبەستی بەدەست هێنانی قازانج لە سەر بەرژەوەندی گەلانی ژێر دەستەو ڕزگارنەبوو بەهۆی داگیرکردن و دەست بەسەرا گرتن.
بە تایبەتیش لە سەرتای سەدەی هەڤدەم تاکوو ئێستاش، کە نەیان ویستووە کێشە تەشەنە دارەکات چارەسەر بکەن، بە تایبەتی کێشە نەتەوەیی و خاك کە زمان و مێژوو داب و نەریت و کەلتوورو کە شارستانیەتی ئەو نەتەوە لە

خـۆ دەگرێـت لـە ناوچـە جیاجیاکـانی جیهـان بەتایبـەتی کێشەی گـەلی کوردستان لەسەر خاکی خۆی کە کوردستانە لە کێشوەری ئاسیادا.

سەرچاوە :– الهویە و العنف... ئەمارتیاسن – وەرگێرانی. سـەحەر تۆفیـق مانگی/٧/٢٠٠٨.

١٩١٩/٤/١٧ لـە بارەگـای وەزارەتـی دەرەوەی بـەریتانیا لەشـاری لەنـدەنی پایتـەختی بـەریتانیا ، کۆنگرەیـەکی بچووك بەسـترا بەسـەرۆکایەتی وەزیـری دەرەوەی بەریتانیا– لورد کیرزن – بە ئامادە بوونی ژمارەیەك لە گەوورە بەرپرسـانی پەیووەنـدار لـە رۆژهـەلاتی ناوەڕاسـتدا ، لـە نووێنـەری وەزارەتـی دەرەوەی بەرگری‌و ، جەنگی‌و ، دارایی، هەروا نووێنەری هندستان .

سەرەڕای بەشداری جێگری دادوەری مەدەنی بەریتانیا لە ئێراق – ئەرنولد ویلـسن –...ئـەویش بـەراپۆرتێکی نهێنـیێ کارەکـانی کـۆنگرەی تـارانی ئامادەکردبوو . کە لە هەشت لاپەڕەی گەوورە پێك هاتبوو ، لە بارەی زانیاری لەسەر وویلایەتی موسل‌و باری کورد لـە نێووەنـدەکانی وولاّتـانی ناوچـەکە ، بە تایبەتی لە باشووری کوردستان.

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە لەم کۆبوونەوەیەدا ئەرنۆلد وولسن دوو پێشنیاری ئاراسـتەی سـەرۆکی کۆبوونەوەکـە – لـۆرد کـیرزن – کـرد ، لـە بـارەی بـاری ناوچەکاندا ئەویش :–

یەکەم :– دامەزراندنێکی ئۆتۆنۆمی و ناوەندەکەی لە شاری موسڵ بێـت ، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ، کە کورد لـە داهـاتوودا بە مـافی چارە نووسـی خۆی بگات لە کیانێکی سەر بەخۆی کورد .

دووەم :– کردنی وویلایـەتی موسـڵ بە پارچەیەك لـە وولاّتـی نێوان دوو زێـیّ ... ئەویش بە دروستکردنی پژبێنێکی دیاریکراو لـە دوو وویلاتـی کوردی لـە مـافی ئۆتۆنۆمیـدا ...وەك :– شـارەکانی سلێمانی و ، رواندزو ، عمادیـە و، جەزیرەو ، ئیبن عومـەرو ، بۆتـان . کـە کـارو بارەکـانی سـەرۆکی نـاوخۆیی بە راوێـژکاری رامیـاری بـەریتانیا بـەرێووە بـچێت و سـەر بـە شـاری بەغـدا بـن راستەو خۆ .

هـەروا لـەو کاتـدا کـیرزن رازی بـوو بـە خـاڵی دووەم . لـەو کاتـەی کـە پێشنیارەکەی پارێزگاکانی دیاربەکر و ، تەبلیس و ، ئۆرفە ، بگرێتـەوە ... لـە ناوچەکەدا .

لـەو کاتەشـدا نووێنـەری کـورد شـەریف پاشـای خەنـدان و عەبـدولقادر شـەمدینان و بنەماڵـەی بەدرخانبـەکان بەرپرسـیاریەتی هەڵـسووراندنی کاروبارەکانیان خستە ئەستۆی خۆیان .

بەڵام کیرزن کە ئەوەی زانی رەزامەندی نەکردو گووتی :– ئەم ناوچەو شارانە لە باکووری کوردستان هەر با لە ژێر دەسەڵاتی تورکەکان بمێنێتەوە و نەبێتە هۆکاری ئەوەی ، کە کورد لە دوای بوونی دەسەڵاتی لە ویلایەتی موسڵ و بە هێزکردنـی دەسـەڵاتی لـە سـەر هـەموو کوردسـتان ...؟...!. بـەڵام ئـەی هەڵوێستی کورد ....!.

١٩١٩/٤/١٨ دامەزرانـدنی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گـەلان بەشـێوەیەکی فەرمی لەدوای کۆتایی جـەنگی یەکـەمی جیهانـدا ، لـەپێناو چـارەی کێـشە نێوودەوڵەتیـەکان بەهۆی دورست بوونی دوو جەمـسەری سۆشیالـستی و سـەرمایەداری دژ بەیـەکتری لەلایـەن وولاتانی هاوپەیمان بەتایبەتی بەریتانیاو ئەمەریکاو فەرەنسا.

١٩١٩/٤/١٨ لـە بـەردەوامی گفتووگـۆ کـردن نووێنـەری فەرەنـسا– برینگـەر– و نووێنـەری بەریتانیا – والتەرلۆنگ – رێکـەووتنی دابەشـکردنی کوردسـتانیان مـۆرکرد ، بـەو مەرجـەی کـە ، کـە لـە ٢٥٪ بەشـەکەی ئـەلمانیا لەباشـووری کوردسـتان بدرێتە فەرەنسا ، کە بەریتانیا دەستی بەسـەردا گرتبـوو ، ئەمـەش لـەناوەوەی گفتووگۆکانی دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلان بە ئەنجامگەیەندرا .

١٩١٩/٤/٢٣ حكوومـەتی فەرەنسا بڕیاری یاسـای كـارپێكردنی بـە ٨ كاتـژمێر ڕۆژانـە بـۆ هەموو كرێكارو كارمەند لە كارگەو پڕۆژەو دامو دەزگاكـانی فەرەنسا دەركرد بە ٤٨ كاتژمێر لە هەفتەیەكدا.

١٩١٩/٤/٢٤ بـەرپابوونی راپـەڕین لەلایـەن جـەماوەری شـاری زاخـۆ لـە هـەرێمی باشـووری كوردسـتان ، ئـەویش بـە رووبـەروو بوونـەوەیان لەگـەڵ هێزەكـانی سـوپای بـەریتانیا ، لەئـەنجام دادوەری بـەریتانیا – لیـچمەن– بـە دەسـتی راپـەریووە شۆڕشگێڕەكان كوژرا.

١٩١٩/٤/٢٦ لـە هـەوڵكی روونـاكبیرو زانـای یۆنـانی– ونزلـوس– لەوتەیـەكی دا گـووتی:– لـەدوای هـەولێكی زۆر، كـە سـووێند خـۆران – واتـە وولاّتـانی هاوپـەیمان – لـەكۆنگرەی ئاشتی لـە پاریـسی پایتـەختی فەرەنـسا ، بڕیـاری داگیركردنـی شاری ئەزمیر و دەورووبەری لـە لاكووری كوردسـتان بـدەن لەلایـەن هێزەكانی سووپای یۆنان .

بـەڵام هەولـەكان بـۆ چارەی ئـەو گرفتـە بـێ سـوود بـوون لـەنێوو ئەنـدامانی كۆنگرەكەدا .

١٩١٩/٤/٢٨ بەرەزامەندی هەموو هاوپەیمانان كۆمەڵەی گەلان دامەزرا ، كە بـەناوی ئـەوەوە رێكەووتنەكان لەگەڵ وولاّتانی بەزیوو لە جەنگی یەكـەمی جیهـانی مـۆر دەكرا كە بەم شێوەیە بوون ئەویش:–

١– مـۆركردنی رێكەووتننامــەی ڤرسـای لـە ١٩١٩/٦/٢٨ لـە گـەڵ وولاّتـی ئـەلمانیادا ... ٢– مـۆركردنی رێكەووتننامــەی سـان گرمـان ئـانلای لـە ١٩١٩/٩/١٠ لە گەڵ وولاّتی نەمسادا ...٣– مۆركردنی رێكەووتننامەی نوێی لە ١٩١٩/١١/٢٧ لە گەڵ وولاّتی بوولگاریادا ...٤– مۆركردنی رێكەووتننامەی تریانۆن لە ١٩١٩/٦/٦لە گەڵ وولاّتی مەژەردا .

٥– هــەروا مـۆركردنی رێكەووتننامــەی سـیڤەر لـە ١٩٢٠/٨/١٠ لـە گـەڵ دەسـەلاّتی توركیـادا ... بـەڵام ئـەو رێكەووتننامەیـە لـە دوای شـەڕی ڕزگـاری توركیـا و شـەڕی توركیـا– یۆنـان ، بـە رێكەووتننامـە بەدناوەكـەی لـۆزان لـە ١٩٢٣/٧/٢٤ كۆتایی پێهات .

ئـەویش بـە دابەشـكردنی كـوردو خـاكی كوردسـتان بـە سـەر وولاّتـانی

دروستکراو لە کێشووەرەکەدا .

٦- مۆرکردنی ڕێکەووتننامەی ڕاپاڵۆ لە نێوان هەردوو وولاتەکانی ئیتاڵیا و یۆگسلاڤیا لە ١٩٢٠/١١/١٢دا ...٧-مۆرکردنی ڕێکەووتننامە لە نێوان یەکیەتی سۆڤیەت و پۆلۆنیا لە ١٩٢١/٣/١٨ دا . بەلاّم ئەو هەموو ڕێکەووتننامانە هەر هەموویان سەر کەووتوو نەبوون لە جێ بە جێکردندا بە تایبەتی لە لایەن ئەڵمانیادا.



خارطة قديمة لولايةالموصل موضحا فيها المساحة الثلا

١٩١٩/٥/٤ نازناوی بزووتنەوەی ٤/ئاداری ١٩١٩، ئەویش بە ڕێپێوانی ٤٠٠٠ هەزار خووێندکاری چینی دەگووترێ لەم ڕۆژەدا دژی یەکێك لە مەرجەکانی ناو ڕێکەووتننامەی ڤێرسای سەبارەت بە گرێدانی بەندەری – کیاجۆ- بوو بە ژاپۆنیەکانی بەڕێووە چوو لە ناوچەکەدا.

دوای ئەوە لق و پۆپی ئەم خۆپیشاندانە و مانگرتنە تەشەنەیان کردە سەر شاری شەنگەهای و شمکەکانی ژاپۆن لە لایەن خەلکی چینەوە گەمارۆی خرایە سەر، چینیەکان لە مۆرکردنی ڕێکەووتننامەکە خۆیان بواردوو ڕۆشنبیرانی ئەم وولاتەش دەستیان بە ڕەتکردنەوەی فەلسەفە کۆنەکان کرد

کە پشتیووانی و بەرگریان لە بیانییەکان دەکرد، ئەم کێشەیەش بووە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاری رامباری گەلی چین لە کێشووەرەکە و جیهاندا.

١٩١٩/٥/٩ وەزیری دەوولـەتی بـەریتانیا بـە راپۆرتێك ئاگاداری- ئارنۆلـد ویلـسن- ی کـردەوە بـە پێکهێنـانی پێـنج پارێزگـا لـە ئێراقـی بـەرەو دورسـتکردن... کـە پارێزگایەکی عەرەبی پێك بێت لە موسڵ لە تەك دەوولەتی کوردی لـە هـەرێمی باشووری کوردستان .

واتــە مووســڵ پارێزگایــەکی کوردیــە وەك پارێزگــای کــەرکوك ... بــەڵام لــە سامانی نەوتو هەلکەووتەی جووگرافی ناوچەکە جیاوازیـان کـەمی هەیە لە هەرێمەکەدا .

١٩١٩/٥/١٠ حکوومەتی بەریتانیا لە رێگەی دادوەرەکەی لە ئێراق فەرمانیدا بەپێکهێنانی چەند میرنشینێکی کوردی لە کوردستان بە تایبـەتی لـە باشـووری کوردسـتان لــەژێر دەســەڵاتی شــێخ مــەحمود لــە ناوچــەکەدا ، بــەڵام بــە مــەرجێ ئــەو میرنشینانە دەبێ لە ژێر فەمانی ئەفسەرە بەریتانیـەکان بە رێـووە ببرێن ... ؟ ئەی کورد.....!..

١٩١٩/٥/١٥ دامەزرێنـەری دەوولـەتی تـورك – مـستەفا کـەمال – ئـەتاتورك ، واتـە بـاوکی تورکەکان ، بەدرندانـەترین کـرداری نامرۆڤانـەی پـەلاماری شـاری ئـەزمیری دا لەباکووری کوردستانو داگیری کرد ، ئەویش بە یارمەتی هێزەکـانی سـووپای ئیتالیا . دوای ئەوە بەهاوکاری بەرپرسانی ئیتالیا بەرەو ناوچەی – سامسۆن – بەرێکەووتن ، لە پێناو بەهێزکردنی دەسەڵاتو نانـەوەی تـرسو دلـەراوکێ لە ناو هەست و دەروونی گەلانی ژێر دەسەلاتی تورکەکان لە ناوچەکەدا .

١٩١٩/٥/٢٠ نووێنـەری کـورد شـەریف پاشـا داوای لـە بـالوێزی بـەریتانیا لـویس مـالتی لەپاریس کرد ، کە هەلبژاردنی ئەو بۆ بەدەست هێنـای ئیمـاراتی کوردسـتانە لەلایەنی نەتەوەییونیشتمانی لەسەر خاکی کورستان.

١٩١٩/٥/٢٠ بـەهۆی گوونجـاوی بـاروودۆخی لـە بـاری ناوچـەکەو باشـووری کوردسـتان جــەماوەری گــەلی کــورد دەســتی بەراپــەرین کــرد ، بەســەرکردایەتی شــێخ مــەحمودی حەفیـد بەتایبــەتی لــە شــاری ســلێمانیو دەوورووبــەری لــە هەرێمەکەدا .

١٩١٩/٥/٢٠ بە هۆی دژوواری بارودۆخی شاری سلێمانیو دەروورووبەری لە دوای بەرپابوونی ڕاپەڕین دژی هێزەکانی سووپای بەریتانیا .
نووێنەری بەریتانیا - میجەر سۆن- توانی بە نهێنی شاری سلێمانی جێ بهێلێو- گرینهاوس- لەجێگەی خۆی دابنێ ، بە هەڵسووڕاندنی کاروبارەکانی خۆیان لە ناوچەکەدا .

١٩١٩/٥/٢١ سەر کردەی بزووتنەوەی رزگاری کورد شێخ مەحمودی حەفید دەنگیدا بە مەحمود خانی دزلی بەداگیرکردنی شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان . دوای رزگار کردنی شارەکە ، هەرچەند ئەفسەرو سەربازی هێزەکانی سووپای بەریتانیا هەبوو هەمووی دەستگیران لە شارەکەدا .

١٩١٩/٥/٢٢ نووێنەری کورد شەریف پاشا لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا سکالایەکی بەناوی کورد ئاراستەی هاوپەیمانان کرد ، لەپێناو چارەسەری کێشەی کورد لە کورستان بەتایبەتی باکووری کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکە کەمالیەکان.

تێبینی:- سکالاو نامەکانی نوێنەری کورد لە ناوەرۆکی مێژوونامەکە نووسراوەو دیاری کراوە .

١٩١٩/٥/٢٣ بە هۆی ئاڵۆزی باری کوردو بوونی هەڵوویستی یەکگرتوو کەسایەتی ناوداری کورد محمد خانی دزلی بەخۆیوو بە ٣٠٠ چەکدار گەیشتنە شاخی گۆیژە ، دوای ئەوە شاری سلێمانی بەتەواوی ڕزگاری کرد لە باشووری کوردستان.

١٩١٩/٥/٢٣ لە گەڵ ڕزگارکردنی شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحمودی حەفید پەرەی سەندو چەندین ناوچەی گرتەوە بەرزگارکردنی لەژێر دەستی هێزەکانی سووپای بەریتانیا ، کە لە ئەنجام چوار زرێپۆشو ١٩ ئۆتۆمبێل سووتێنران ، لەهەمان کات ئالای کوردستان لە ناوچەکان بەرزکرانەوە لە هەرێمەکەدا.

١٩١٩/٥/٢٤ پەیووەنـدی لـە نێـوان دانیـشتووانە ئێراقیـەکان لـە سـووریا ، کـە زۆربـەیان خـەڵکی مووسـڵ بـوون ، لـەم ڕۆژەدا لقـی پـارتی – عەهـد– بەسـەرکردایەتی ڕەئوف گولامی لەشاری موسڵ دامەزرا ، کە ئەمەش هۆکاری بەرچاوی هـەبوو لە بەهێزکردنی پەیووەندی لە نێوان ئێراق و سووریادا ، بەر لەدامەزراندنی ئـەودوو دەوڵەتـە لـە سـەرخاکی کوردسـتان ، لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕۆژنامـەکانی سووریا دەگەیشتنە ئێراق بە تایبەتی ڕۆژنامەی عقاب لەڕێگەی بیابانەکاندا .

هەروا دەگەیشتنە کەنداو ناوچەکانی دیکەی ئێستای ئێراق کە لـەو کاتـەش سـێ جـۆر پروپاگەنـدیان هـەبوو، ئـەویش پروپـا گەنـدەی تورکـەکان و پروپـا گەندەی بەلشەفیەکان .

ئەمانــەش هاوکــار بــوون دژی دووژمــنی ســەرەکی ئــەویش بــەریتانیاو هاوپەیمانان بوون لە جیهاندا .

١٩١٩/٥/٢٥ لــە ئاکــامی ڕاپەڕینــەکانی گــەلی کــورد لــە باشــووری کوردســـــتان بــــــە ســــەرکردایەتی شـــێخ مەحمود حەفید ، کە یەکەم شـەڕی ڕووبەڕووبوونـەوەی لەگـەڵ هێزەکـانی سـووپای بەریتانیا بەرپاکرد .

کـە لـە ئـەنجام هێزەکـانی ســــووپای بـــــەریتانیا پاشەکشەیان پێکرا بەهۆی بـەرزی هەسـتی نەتـەوەیی و نیشتمان و بەرگری لێکردنی لەلایەن چەکدارانی کورد لە ناوچەکەدا .

١٩١٩/٥/٢٥ نووێنەری کورد شەریف پاشا بە بالوێزی بەریتانیا میرۆلۆنی مالتی ڕاگەیانـد ، کە گفتووگۆی مۆرکردنی پەیمانی بەلفۆر خۆی بۆ ئەمیری کوردستان ئامادە دەکـات وەك چـۆن مـافی تـورك و عـەرەب و فـارس جێبـەجێ دەکـات لـە کێشووەرەکەدا .

١٩١٩/٥/٢٦ گەیشتنی شاندی کورد لە باکووری کوردستان بەسەرۆکایەتی شەریف پاشای خەندان بۆشاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا ، لە پێناو بەشداریکردنی لە کۆنفرانسی ئاشتی لە بارەی دابەشکردنی میراتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و هەرێمەکاندا . کە لەوکاتیش کوردستان لە ژێر دەسلاّتی ئیمپراتۆریەتەکەدا بوو لە کێشووەرەکەدا .

١٩١٩/٥/٢٦ رزگار کردنی شاری هەڵەبجەی سەر بە شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان لەلایەن هێزە شۆرشگێرەکانی شێخ مەحمودی حەفید لە ژێر دەستی هێزەکانی سووپای بەریتانیا لە هەرێمەکەدا .

١٩١٩/٥/٣٠ هێزەکانی سووپای بەریتانیا ویستیان شارۆچکەی چەمچەماڵ لەباشووری کوردستان داگیر بکەن .
بەڵام بەهۆی بەرەنگاربوونەوەی هێزە چەکدارەکانی کورد ، توانیان هێزەکانی سووپای بەریتانیا پاشەکشە پێبکەن لە ناوچەکەدا .

١٩١٩/٦/١ سولتانی عوسمانی دەستەیەك لە سەرکردەکانی - کۆمەڵەی بەرزی کوردستانی- لە پێناو گفتووگۆ کردن لەگەڵ وەزارەتی عوسمانیدا بانگکرد ، کە شاندەکە پێك هاتبوون لە- عەبدولقادر شەمزینی، ئەمین عالی بەدرخان ، موراد بەدرخان- شاندی تورکیش پێك هاتبوون لە -شیخ الائیسلام ئیبراهیم ئەفەندی حەیدری ، ئەحمەد عبوق پاشای وەزیری ئەشغال- عەونی پاشای وەزیری جەنگ - پاش ئەو گفتووگۆیە ، سولتانی عوسمانی بەڵێنی پێدانی مافی ئۆتۆنۆمیدا بە کوردستان لە باکووری کوردستان ، بەو مەرجەی لە چوار چێووەی دەسەلاّتی عوسمانیدا

بمێننــەوە... بــەڵام ئــەو بەڵێنانــە دواخــران و نەهاتنــە دی و لاوانــەوەو هەلخەلەتاندنی كورد بوولە هەرێمەكەدا ...؟.

١٩١٩/٦/٣ یەكـــــــەم كۆبوونـــــەوەی كـــــۆنگرەی دامەزرانـــــدنی دەووڵەتی سووریا ئەنجامدرا لە لایەن نووینـــــەرانی عـــــەرەب و هاوپەیمانان .



كــە ئــەو كــات رۆژهــەلات و رۆژئــاواو باشــوور ، كــە ســووریای نــاوەوەو كەنارەكانی فەلەستینی دەگرتەوە .

ئــەو كۆبوونەوەیــە بــەردەوام بــوو تــاكوو ١٩٢٠/٧/١٩ ، كــە بەرەزامەنــدی ئەنجوومەنی نووێنەری و دامەزرێنەری بوو، لەهەمان كات ئەویش دوو بڕگەی سەرەكی هەبوو ، یەكەمیان:- دەركەووتنی ئارەزووی گەلی عەرەب لە ســووریا بــەرەو دورســتكردن ، دووەم :- لەدامەزرانــدنی چــۆنیەتی حكوومــەتی سووریاو یاسا بنەڕەتیەكانیدا لە سەر خاكی رۆژئاوای كوردستان.

١٩١٩/٦/٤ لیژنــەی - كینــگ ـ كــراین - لــە پاریــسی پایتــەختی فەرەنسا كۆبۆوەو دوای ئــەوە چــوونە شــاری ئەســتەمبوڵی توركیــا ، دوای ئەنجامــدانی كارەكــانی ئەندامانی لێژنەكە گەیشتنە فەڵەستین سەرەڕای بوونی نارەزایی لە لایەن ڕێكخراوەكــانی جوولەكــە لەناوچــەكەدا ، لــە٦/١٠ی هــەمان ســاڵ گەیــشتنە شــاری دیمەشــق و لــە ٦/٢٥ و لــە٧/٣ ئەنــدامانی لێژنەكــە لەگــەڵ شــاندی كۆنگرەی سووریا بەیەك گەیشتن لە پێناو تەواو كردنی كارەكانی لیژنەكە لە ناوچەكەدا .

١٩١٩/٦/٥ دوای ئەوەی کە سەرکردەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی داگیر کراو لە لایەن ڕژێمی ئێران سمکۆی شکاك داوای یارمەتی لە بەریتانیا کرد لەپێناو بەرەو باش بردنی باری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، سکرتێری گشتی وەزارەتی هندستان لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا ، بە تەلەگرافی ژمارە/ ١٩٢ ، وەڵامی فەرمانده‌ی گشتی بەریتانیای لە شاری بەغدا داوە و تیایدا هاتبوو ، کە بە هیچ جۆرێك ئامۆژگاریتان ناکەین ، کە یارمەتی و بەڵێن بە سمکۆی شکاك بدەن لە هەرێمەکەدا .

١٩١٩/٦/١٢ دادوەری گشتی بەوەکالەت لەئێراق - عەقید ولسن- پێشنیاری پێشکەش بەحکوومەتی بەریتانیا کرد ، لەپێناو دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردی لە وویلایەتی بەتلیس و دیاربەکرو مەعموریەو عەزیز ، بەپێی داواکاریەکانی و باری کورد لەباکووری کوردستانی ژێردەسەڵاتی تورکە کەمالیەکاندا .

١٩١٩/٦/١٣ سەرەك وەزیرانی ئەمەریکا – وولسن- پێشنیارێکی کرد کە کوردستانێکی سەربەخۆ لە باکووری کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکیا دروست بکات... بەڵام لەژێر رکێفی ئینگلیز بێت... ئەو بەشەی کوردستان کە نەکەوتبووە ژێر رکێفی سەربازی بەریتانیا.

هەروا ئەو بەشەی کوردستان کە هەرچەندەبێ کە بروای ئینگلیزەکانەوە ترسی بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیستەکان لێدەکرا... لەم بروایەش ئینگلیزەکان بەهەڵە دانە چووبوون لەوکاتدا لە بەر ئەوەی مستەفا کەمال ئەو ناوچەیەی بە زۆر خسبووە ژێر کاریگەری خۆی و بەجۆرێ لە حکوومەتی ئەستەمبوڵ یاخی ببوو لەو کاتدا.

هەروا لەلایەکی دیکە سۆڤیەتیەکان توانییوویان مستەفا کەمال بۆخۆیان دەستەمۆ بکەن... میجەر نۆئێل، فایەق تاپۆی لەگەڵ خۆی برد بۆ ئەو بەشەی کوردستان لەوێوە لەگەڵ جەلادەت وکامەران بەدرخان بەهەندیٚ بەشی ئەو بەشەی کوردستان سوورانەوە بەنیازی دوورخستنەوەی کورد لە توورکەکانی سۆڤیەتیەکان بوو.

هەروا سۆڤیەتیەکان مستەفا کەمال لەمانگی ١٩١٩/٧/ کۆنگرەی ئەرزەرۆمی

گرێدا کە ٣٥ نووێنەری لە ویلایەتەکانی ئەرزەرۆم و بەدلیس و وان و سیواس و تەرابزۆن لە باکووری کوردستان بەشداریان تێداکرد... کە ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە کەمالیەکان جیٚ پێگەی خۆیان زیاتر فراوان بکەن لەباکووری کوردستان.

دوای ئەوە لەمانگی ١٩١٩/٩/ کۆنگرەیەکی دیکەیان لەشاری سیواس گرێدا بۆ هەمان مەبەست لەباکووری کوردستان.

١٩١٩/٦/١٣ لەدوای کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهان توورکەکان گەلێك دڵنەوایی شێخ مەحمودی حەفیدیان کرد، دوای ئەوە کە نازناوی – نەقیبی – پێداو کردیان بە پارێزگەری سلێمانی... ئینگلیزەکان ئاگایان لەم رووداوانە هەبوو کە ئەو کارانەشیان بەدژی بەرژەوەندی خۆیان لەناوچەکەدا دەزانی و نووێنەری رامیاری ئینگلیزەکان لەبەغدا سەبارەت بە سنووری کوردستان و ئێراق...کە بەگوێرەی بریار دەبووایە پاش جەنگ دروستکرایا. تەلەگرافێکی بۆ وەزیری

هندستان لێداو تێیدا گووتبووی :—

لە بەر هەندێ هۆی ئابووری و رامیاری و ستراتیژی وا باشە ناوچە شاخاویە گرنگەکانی سلێمانی... رانیە – کۆیە – زاخۆ – و دهۆك – بخرێنە سەر ئێراق. هەولێر, ئاکرێ و موسلیش کە هێڵێکی ئاسنیان پێدا دەرواو هەروا ئامێدیش لە کوردستان جیابکرێتەوە... کەچی شێخ مەحموود ئاگاداری ئەو کارانە نەبوو لەهەرێمی باشووری کوردستان.

١٩١٩/٦/١٤ دەستپێکردنی گەشتەکەی – میجەرنوئێل– بۆ باکووری کوردستان لەپێناو کۆکردنەوەی زانیاری لە هەموو لایەنەکانی زمانو مێژوو وداب و نەریت و شووێنەواری کورد لە کوردستان.

١٩١٩/٦/١٥ مۆرکردنی رێکەووتننامەی سەربازی لە نێوان حکوومەتی فەرەنساو بەریتانیا ، لەپێناو جێبەجێکردنو دابەشکردنی ناوچەی دانیشتووانی لایەنگیری خۆیان ، بەپێی پەیمانی سایکس– بیکۆ ، کە ناوچەی داگیر کراوی باکوور، دوای ئەوە کرا بەناوچەی ڕۆژئاوا G....ET. west کەوتە ژێر دەسەلآتی فەرەنسا .

١٩١٩/٦/١٧ سەرکردەی کورد شێخ مەحمودی حەفید لە شەڕی دەربەندی بازیان لە هەرێمی باشووری کوردستان زامدار کرا ، دوای ئەوە هێزەکانی سووپای بەریتانیا بەدیلی دەستگیریان کرد .

کە لەلایەن ئارنۆلد ویلسن نووێنەری بەریتانیا ، کە لەناو بردنی شێخ مەحمودی بەپێوویست دەزانی لەو بارو دۆخەو پەیووەندیەکان ناوچەو هەرێمەکەدا ، کە بە هۆی ئازایەتیو خۆراگری لەسەرکردایەتی کردنی راپەرینەکان دژی بەریتانیا و لایەنگرانی لە شاری سلێمانیو دەووروبەری لەباشووری کوردستاندا .

١٩١٩/٦/١٨ سەرکردەی سووپای بەریتانیا- فرایــزه - بــەخۆیی و هێزێکــی گــــەوورە بـــەرەو ناوچـــە ڕاپەڕیووەکانی شێخ مەحمود لە شاری کەرکوك کەووتە ڕێ و لە هــــەمان ڕۆژ بڕیــــاری لەسـێدارەدانی شـێخ مـەحمود لەلایــەن ئەنجوومــەنی عــورفی ســەربازی بـەریتانیا دەرکـرا ، بـەڵام ئـەو بڕیـارە جـێ بـەجێ نەکرا ، دوای ئەوە بۆ هندستان ڕەوانە کرا بۆ ماوەی دەساڵ بە دورخـستنەوەی لــە هەرێمەکــەدا ... بــەڵام لــەدوای ئــەوە گەڕاندیانــەوە کوردستان.

١٩١٩/٦/١٨ بڵاو کردنـەوەی ڕاگەیانـدنی ژمـارە/ ٥٠ لەلایـەن حکوومـەتی شـێخ مـەحمود سەبارەت بە بریندار کردنـی شێخ لەدەربەندی بازیان. لـە هـەرێمی باشووری کوردستان .

١٩١٩/٦/١٩ بە هـۆی خیانـەتی هەنـدێ لـە کـوردە خۆفرۆشـەکان لـە سـەرەك عەشیرەت و ئاغاکــان ڕاپەڕینەکــەی شــێخ مــەحمود لـــــــە ناوچـەی تاسـلوجە و دەربەنـدیخان لەباشـووری کوردسـتان دامرکاندرانـەوە لەلایــەن هێزەکــانی سووپای بەریتانیا .

شایانی باسە ئاغاکان و شێخەکان لە هیچ کات و ساتێك هەوڵ و کۆشش و خەباتیان لە پێناوی بەرژەووەندی تایبەتی و گشتی کوردو کوردستان نـەبووە ، گـەر هەشـبووبێت گوونجـاو بـووە لەگـەڵ بەرژەووەنـدی تایبـەتی خۆیـان ،. چـونکە ئاغـاو شـێخ خـاوەن عەشـیرەت و هـۆزو تـیرە نەبوونـەو تـەنیا وەك بنەماڵــەی تــاك . بـۆ نموونــە خێزانــە ئاغاکــانی هــەموو دەشــتی هــەولێر کۆبکەیتەوە بە قەدەری گوندێکی بچووکی عەشیرەتێك نابن ... ؟...!

١٩١٩/٦/٢٢ فەرمانداری گشتی بەریتانیا لە شاری بەغدا - ویلسن- نامەیەکی بە زمانی

فارسی ئاراستەی سەید تەهای شەمزینی کردو تیایدا گلەییەکی زۆری لە هەلوویستەکانی شێخ مەحمودی حەفید کردبوو ، لە هەریمی باشووری کوردستان .

ئەویش لە بوارەکانی سەرکردایەتی کردنی ڕاپەڕیوانی گەلی کوردستان .



دەستەی نوێنەرانی کۆنگرەی ئەرزەرۆم لە ساڵی ١٩١٩

١٩١٩/٦/٢٣ گریێ دانی کۆنگرەی ئەرزەڕۆم ، لە کۆمیتەی سەرۆکایەتی ئەم کۆنگرەیە سێ کورد بەشداری تێدا کرد کە ئەوانیش – شێخ فوزی– سەعدوللا بەگ –حاجی موسا بەگ میرزادە– بوون ، لە باکووری کوردستان ، کە بە یەکێك لەخالە هەرەگرنگەکانی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران دا دەنرێت لە باکووری کوردستان ، بۆ داهاتووی لەلایەنی نەتەوەیی و نیشتماندا .

١٩١٩/٦/٢٤ دامەزرێنەری کۆماری تورکیا – مستەفا کەمال ئەتاتورك – وەك بەرپرسی سێیەمی پشکێنەری سەربازی لە شاری ئەماسیا پەیامێکی ئاراستەی کازم قەرە بەکر پاشا لە پارێزگای ئەرزە رۆم لە باکووری کوردستان کرد .

کە لە خاڵی یەکەمی پەیامەکەدا دەڵێ:–

کاپتنێکی بەریتانیا بەناوی – Mr .novid– لەشاری ئۆرفەوە ، کاتێك لەرێی قەزای سیڤەرەکەوە رۆیشتووە بەرەو قەزای پیران شەهر لە وولاتی فارس ، لەوێ چاوپێکەوتنی لەگەڵ عەشیرتە میللیەکاندا سازداوەو

گەڕاوەتەوە بۆ شاری ئورفە ، كە لەو سەردانەی كە دژ بەحكوومتی عوسمانی گەلێك پڕوپاگەندی ناهەموارو خراپی كردووە لە گەشتەكەیدا .

١٩١٩/٦/٢٨ لە دوای جەنگی یەكەمی جیهان ڕێكەووتننامەی – ڤێرسای –لە گەڵ ئەلمانیا مۆركرا لە هۆڵی ئاوێنەی كۆشكی ڤێرسایدا. خالەكانی ئەم ڕێكەووتننامەیە كە لە ٤٤٠ مادە و لە ١٥ بەشدا دارێژرابوو، بریتیبوون لە:–

بەدەســت وە دانــی تــەواوەتی كۆلۆنیــەكانی ئــەلمانیا بــۆ ئــەوەی بەســەر سیــستەمی ســەر پەرســتیاریدا دابــەش بكــرێن، بــە گەڕاندنــەوەی ئــالزاس و لۆرین بۆ فەرەنسا ، هەروا گەڕاندنەوەی سپاردنی ئۆپێنی مالمێدی بۆ بەلژیكا.

دوای ئــەوە بــەڕێووە بردنــی ڕاپرســی گــشتی لــە ئێــشلێزڤیكی بــاكوور، ئەسپاردنی پرۆسی پۆلۆنیا .

هــەروا هەنــدێك لــە بەشــەكانی پرۆســی ڕۆژهــەلات و ســیلیزیای ســەرەوە بــۆ پۆلۆنیا، ئــسپاردن و بــەڕێووە بردنــی دانتــزیگ لــە لایەن كۆمــەلی نەتــەوەكان، ئەسپاردنی ناوچە چۆلەكانی دەووروویــەری – هۆلتشین – بــە چیكسلۆڤاكیا، ئەســپاردنی مێــسێل – كــە لــە دواییــدا لیڤانیــا داگــیری كــرد داگــیر كردنــی – ســـــار– لــە لایــەن فەرەنــسا بــۆ مــاوەی ١٥ ســالْ دوواخــستنی ڕاپرســی، ناسەبازی كردنی ڕاینلەند و داگیر كردنــی لــە لایــەن هاوپەیمانــەكان بۆ مــاوەی ١٥ ســالْ، قەرەبووكردنــەوەی زیانــەكانی شــەڕ، كەمكردنــەوەی ژمــارەی هێــزە سەربازیەكانی ئەلمانیا بــۆ ١٠٠ هــەزار ســەرباز بە بێ فەرماندەیــەكی گــشتی، خزمەتی ژێر ئالاْ، تانك، تۆپخانەی گەوورە.

هــەروا بەرهــەم هێنــانی گــازە ژەهراویــەكان، فرۆكــە یــان زیلــین، كەمكردنــەوەی ژمارەی پاپۆرەكانی هێزی دەریاییی ئەلمانیا، كە نــەتوانن زیاتر لــە ١٠ هــەزار تــەن زیــاتر هەلْــگرن، بە بــێ مــافی هەبــوونی ژێــر دەریایی و چــەك و چــۆلە ئاسمانیەكان.

هــەروا لــە گــەڵ چــەندین بابــەتی دیكــە كــە لــە ڕێكەووتننامەكــە دیــاركرابوو بــۆ كەمكردنەوەی توانای ئەلمانیاو چارەسەری كێشەكانی لە دەوولەتانی دیكەی داگیركراو و زیان لێكەوتوو لە جیهان لە ئەنجامی شەڕی یەكەمی جیهانیدا.

١٩١٩/٦/٣٠ لە دوای تــەواو بــوونی مۆلــەتی پشوودانی– دیلیــۆ ئارهــی– لــە ڕێگــەی شــاری

حەلـەبی ئێـستای سـووریا گەیـشتە شـاری مووسـڵو لـەوێ بـەرەو شـاری هەولێرلـە باشـووری کوردسـتان بەڕێکـەووت ، بەپلـەی یاریـدەدەری دادوەری ڕامیاری – ڕائد مۆری– کە لە ڕۆژی ٧/٣ی هەمان ساڵ گەیشتە شاری هەولێر .

بەڵام ڕائد مۆری تاکوو ٧/١٣ هەر لە هەولێر مایەوە لەنێوان ئەو دوو مێژووە ڕووداوی زۆر بەرپابوو لە لایەن جەماوەری پارێزگـای هـەولێر دژی داگیرکـەری بەریتانیا .

١٩١٩/٧/٩ وەزیـری دەرەوەی بـەریتانیا بروسـکەیەکی ئاراسـتەی ویلـسن لـە شـاری بغـدا کردو ئاگاداری کردەوە ، بە ڕەزامەندی کردنـی حکوومـەتی بـەریتانیا لەسـەر پێشنیارەکان ، ئەویش بەپێك هێنانی پێنج هەرێم لە دامەزراندنی حکوومـەتی ئێراق لە داهاتوودا لەگەڵ وویلایەتی کوردی لە باشووری کوردستان.

١٩١٩/٧/١٥ بـەرپابوونی ڕاپـەڕین لەناوچـەی قـەزای عەمادیـە لـە باشـووری کوردسـتان بەسـەرکردایەتی کەسـایەتی کـورد شـەعبان ئاغـا ، کـە لـە ئـەنجام دادوەری بەریتانیا لـە پارێزگـای مووسـڵ– ماکدۆنالـد– کـووژرا ، کـە کاردانـەوەی کـردە سەر باری هێزەکانی بەریتانیا لە ناوچەکەو بەرز بوونەوەی هەستی نەتـەوەیی و نیشتمانی جەماوەری کورد لە کوردستان .

١٩١٩/٧/١٨ بەهۆی بێزاری و ناڕەزایی جەماوەری شارۆچکەی ڕواندزی سەر بە پارێزگـای هـەولێر لەباشـووری کوردسـتان ، بـە دژیـەتی کردنـی هێزەکـانی سـووپای ڕووسـیا . لـە ئـەنجام هێزەکـانی سـووپای ڕووسـیای نـوێ پاشەکـشەیان لەناوچەکەدا کرد.

١٩١٩/٧/٢٣ لە ناوەندی کۆنگرەی یەکەمی کەمالیەکان لە پارێزگای ئەرزەرۆم لە باکووری کوردستان ، جگە لە کۆمیتەکانی پارێزگاری مافی وویلایەتەکانی ڕۆژهـەلات ، کـە ژمارەیـك لـە گـەوورە پیـاوانی کـورد بەتایبـەتی سـەرەك هـۆزو تیرەکـان بەشداریان تێدا کرد .

کە کەمال ئەتاتورك لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیو فێڵ کردنی لـە کـورد نامەی داواکاری بەشدار بوانیانی بۆ نووسیبوون.

١٩١٩/٧/٢٥ دادگـای عـورفی سـەربازی لـە شـاری بەغدا بڕیـاری لـە سـێدارەدانی بـۆ شـێخ مەحمودی حەفید دەرکرد .
بەسـەرکردایەتی و ئامۆژگـاری بەرپرسـانی بـەریتانیا ، بـەڵام حوکمەکـە جێبەجێ نەکراو دوای بەرەو هیندسـتان دوورخرایەوە بۆ مـاوەی ١٠ سـاڵ لـە هەرێمەکەدا .

١٩١٩/٧/٢٩ شــەریف پاشــا نامەیــەکی ئاراســتەی ســکرتێری یەکــەمی باڵیۆزخانـە لـە پـاریس – ڕۆبێرت ڤانسیتارت – بـە ژمـارە/٧ کـرد. کــە تێیــدا هــاتووە :– وەك پاشماوەی وتوێژی ئـەوێ ڕۆژێ ، بەپەلــەم لــەوەی وا لەگــەڵ ئــەم نامەیـەم هـاوپێچ، یاداشـتنامەی خۆمنتـان بـۆ دەنێـرم ، کـە ئێـوە ئـەو پـەڕی لوتفتـان هەیـە بـەوەی بیدەنـە دەسـت جـەنابی بـەرێز – بــەلفۆر – و زۆر منـەتبارتان دەبم ئەگـەر هەرچـی زووتـرە , وەڵامـی

ئەو بڕیاردانەم لێبگێڕنەوە کەپێخۆشـە لەو بڕیارە بیدات , چونکە من دەبێ بگەڕێمـەوە بـەردەوام بم لەچـارە سـەری حەسـانەوەم و چارەسـەری بـە ئـاوی کانزایی، کە ناچار بوون بەهۆی گەیشتنی وەفدی کوردی دابڕێم , بۆ ئـەوەی بـێ ئـەوەی لەگـەڵ حکوومـەتی خـاوەن شـکۆی بـەریتانیا باشـتر وایـە واز لـە چارەسەری یەکەم بهێنم بۆ ئـەوەی سـەرقاڵی کاروباری کوردستان ببم لەگـەڵ ئــەو کەســانەی کــە بــەرێز بــەلفۆر دەستنیــشانیان دەکــات بــۆ ئــەوەی بەشــێووەیەکی ڕەسمــی لەهــەموو ئــەو پرســیارانە بکۆڵێتــەوە کــە مــن بەشێوەیەکی بەشیی لە یاداشتنامەکەمدا گێڕاومەتەوە .
بێگومان هێشتا زۆر شتی دیکە هەیە کە لـەو کـەمتر گرنگتر نین، کە ئێمـە ل دەسـەریان بـیروورا بگۆڕینـەوە. بەهـەر حـاڵ ئـەو ئاژاوەیـەی کـە وڵات تێـی کـەوتووە زۆر زیـان بەخـشە بـۆ ژیـانی ئـابووری و بەهـەمان شـێووە بـۆ

ئەنگلستانیش , کارێکی بەپەلە هەیە کە من بەتایبەتی سەرنجی ئێووەی بۆ رادەکێشم.

بە تکا کردن لەوەی رێزلێنانم پێشکەش بە بەرێز بلفۆر بکەن , بەپەلە ئەم دەرفەتە دەقۆزمەوە بۆ ئەوەی رێزداری خۆشەویست کە سلاوی رێزلێگرتووانەی ئەوپەری دڵسۆزانەم قەبوول بفەرموون.

١٩١٩/٨/٤ لە دوای داگیرکردنی شاری بۆدابستی پایتەختی مەژەر لەلایەن هێزەکانی سووپای رۆمانیا ، کە ئەویش بووە هۆی کۆتایی هێنان بە دەسەلاتی کۆمۆنیستەکان ، کە لەو کاتە ڕۆمانیەکان مەژەڕیان جێ هێشتو – ئەدمیرال هۆرس – بەهێزی سووپا چووە ناو پایتەختی هەنگاریا –مەژەر بەهۆی بارودۆخەکە لە ناوچەکەدا .

١٩١٩/٨/٦ لە هێرشێکی بەر فراوانیدا هێزەکانی سووپای بەریتانیاو لە ئەنجام شارۆچکەی ئامێدی لەباشووری کوردستان داگیر کرد.

١٩١٩/٨/٨ شۆڕشگێڕانی دەووروبەری دەربەندی – مزوورگە– لە ناوچەی بادینان بە سەرۆکایەتی رەشید بەگ و لە ئەنجام هێزەکانی سووپای بەریتانیا پاشەکشەی پێکرا لە ناوچەکەدا .

١٩١٩/٨/٩ مۆرکردنی ریکەووتننامە لە نێوان ڕژێمی شایەتی فارسو بەریتانیا بەناوی – ئەنگلۆ ، ئێرانی– لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیان لەبواری رامیاری و ئابووریو بازرگانی و سەربازی لەسەر خاکی رۆژ هەلاتی کوردستان.

١٩١٩/٨/١٣ بەرزبوونەوەی ئاواتەکانی کورد لەوکاتەی کە لەگەڵ لێژنەی – کنك – کراین – چاویان بەیەکتر کەوت لە کۆمەڵەی گەلان لەگەڵ نووێنەری پارتی دیموکراتی کوردی.

کە داواکانیان بەدامەزراندنی دەووڵەتێکی کوردی بوو لەو ناوچانەی کە زۆربەی هەرە زۆری کورد بوون... لەشارەکانی – فەریون و دیاربەکر و وان و بەتلیس و هەندێك لە ئەرزنجان لە باکووری کوردستان، هەروا داوای وویلایەتی مووسڵیشیان کرد تاکوو دەروازەی دەریاو هەروا دەووڵەتەکەیان بە سەربەخۆیەکی زاتی بێ لە ژێر ئینتیدابی بەریتانیا، کە بە عەرەب و تورك و فارس نەبەسترێتەوە.

دوای ئەوە لێژنەکە لە دوا راپۆرتی خۆیدا دیاریکرد بەپێکهێنانی دەووڵەتی

كوردی، كه هەموو ئەو ناوچانه بگەڕێتەوە كه بە زمانی كوردی ئاخاوتن دەكەن كە كەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی ئێران و ئێراق و توركیا لە سنووری پێشنیاركرا... كه بەریتانیاش پشتگیری كوردی دەكرد، بەڵام خوازیار نەبوو زۆر ناوچه بخاته ژێر دەسەڵاتی كورد لە باشووری كوردستان. بەتایبەتی لەویلایەتی مووسل و كۆنگرەی ئاشتیش هەرێمی باشووری كوردستان جیا كردبووەوە لە كوردستانی گەورەو مامەڵەی تایبەتیان لەگەڵدا دەكرد جیا لە رۆژهەڵات و باكوورو رۆژئاوای كوردستان.



١٩١٩/٨/١٩ لە دوای هەوڵ و كۆشش و ماندووبوونێكی زۆر وڵاتی ئەفگانستان سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند بەپێی پەیمانی – الدروالیندی– . لە ناوچەو كێشووەرەكەدا ئەویش بەناوی – كۆماری ئەفگانستان و بەردەوام بوونی تا ساڵی ١٩٣٦ ، ئەویش بە دامەزراندنی رژێمی – شانشینی ئەفگانستان– لە لایەن ئەمیر ئەمانووڵله ، تاكوو ساڵی ١٩٧٣ .

ئەویش بە رووخاندنی رژێمی شانشینی و راگەیاندنی رژێمی كۆماری بە پشتیوانی یەكیتی سۆڤیەت لە كێشووەرەكەدا .

كە ناوی پایتەختەكەی شاری –كابوول–ە و ژمارەی دانیشتوانەكەی ٣,١٤٣,٠٠٠، ملیۆن كەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وڵاتەكەی، ٢٧,٧٥٥,٠٠٠ ملیۆن كەسە . هەروا ڕووبەری وڵاتەكەی، ٢٥١,٧٧٢ كیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەكەی ، ١١١ كەس لە یەك میل

چوار گۆشـەدا . هـەروا نـژادەکانی ، ئەفگانـستان ١٤ گرووپـی نـژادی جیاوازی تێدایە ئەوانیش :- داری ، بشتۆن ، ئۆزبەکی ، تورکمان ، کورد ، بالووش ، بنجابی . لە وولاتەکەدا .

١٩١٩/٨/٢٤ ڕاپەرینەکەی سوارەتووکەی قەلای سەعیات لە دۆڵی مەلا عارەب لـە باشووری کوردسـتان ئەنجامـدرا دژی هێزەکـانی سـووپای بـەرتانیاو لــە ئــەنجام فڕۆکەیـەکی جـەنگی هێزەکـانی سـووپای ئاسمـانی بـەریتانیا خـرا خـوارەوە لەناوچەکەدا .

١٩١٩/٩/٤ گرێدانی کۆنگرەی - سیواس- ی تورکە کەمالیەکان لـە باکووری کوردسـتان ، کە لە ڕۆژانی کۆنگرەکەدا - میجەر نوئیل و ، جەلادەت بەدرخان‌و ، ئـەکرەم جـەمیل پاشـا - لەگەشـتەکەیاندا گەیـشتنە شـاری - مەلاتیـە- ئـەم سـەردانە کێشەیەکی زۆری بـۆ کەمالیـەکان دورسـتکرد لـە بەرپابوونی ڕاپـەڕینی کـورد دەترسان ، لە بەر ئەوە مستەفا کەمال بڕیاری گرتنی شاندەکەیدا ، کە بـەناو خاکی کوردستان دەسووڕانەوە دەرکرد بە دەستگیر کردنیان لە هەرێمەکەدا .

دەستەی نوێنەران لە کۆنگرەی سێواس . لە سالی ١٩١٩

١٩١٩/٩/١٧ مستەفا کەمال ئەتاتورک لە نامەیەکیدا بۆ فوئاد پاشای ئەندامی پەرلەمان لـە ئەستەمبوڵ کە تیایدا دەڵێ:-

وەزیری کاورباری شـەڕو وزیـری نـاوخۆ بوونەتە هاوکاری جینایـەتی دامات

فرید پاشای سەرەك وەزیران . ئەوانەش بۆ خنکاندنی دەنگی نەتەوەو نەناسینی کۆبوونەوەی فەرمی – کۆنگرەی سیواس– رووبەروو کردنەوەی کوردو تورك و موسڵمانانن لەگەڵ یەکتر لەناو هەوڵی خیانەتدان .

لە هەڵبژاردنی ئەرشیفی تایبەتی ئەتاتورك.بڵاو کراوەی وەزارەتی رۆشنبیری/ لاپەرە/٧١.

١٩١٩/٩/٢١ کۆتایی هاتنی گەشتەکەی میجەر نوئیل لەباکووری کوردستان لەگەڵ شاندەکەی کوردو گەڕانەوەی بۆ باشووری کوردستان.

١٩١٩/٩/٢٤ مستەفا کەمال ئەتاتورك لە پارێزگای سیواس لە باکووری کوردستان راپۆرتێکی وردی ئاراستەی ژەنراڵ – هاربۆرد– ی سەرۆکی دەستەی تووێژینەوەی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کرد ، کە تیادا دەڵێت:–

پارچەکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەبێتە هۆی دروست کردنی شەڕێکی برا کوژی لە نێوان کوردو تورکدا ، بە بەشداری کردن لە پلانی دروست کردنی کوردستانێکی سەربەخۆدا دەردەکەوێ... کوردەکانی پڕ کرد لە هەرێمەکەدا .

ئەو دوژەی هێناویانەتە پێشەوە هەرچۆنێك بێت ئیمپراتۆریەتەکە هەڵدەوەشێندرێتەوە ، هەروا بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم بیروو بۆچوونەی خۆیان پارەیەکی زۆریان خەرج کردوو هەموو جۆرە سیخوورپیەکیان تاقیکردۆتەوە ، دژی کوردو داهاتووی کورد لە سەرخاکی کوردستاندا .

١٩١٩/١٠/٤ لە هەڵمەتێکی شۆڕشگێرانی کورد لەناوچەی ئاکرێ لە باشووری کوردستان هێرشیان کردە سەر هێزەکانی سووپای بەریتانیا ، لە ئەنجام – کۆلۆنێل بیل و ، کابتن سکۆت– یان کووشت لە نزیك گوندی – بیرەکەپرە – لەناوچەکەدا .

١٩١٩/١٠/٩ رێکەووتننامە لە نێوان سەرەك وەزیرانی فارس و وەزیری موختاری بەریتانیا سیر پریس کوکس مۆرکرا ، کە لە زنجیرەیەك گفتووگۆی چڕی بەردەوام ئەم رێکەووتنە گەیاندرا ئەنجام ، کە لە دوو بەش پێك هاتبوو ، بەشی یەکەم:– لەسەرەتایەك و شەش مادە ، بەشی دووەم :– لە چوار مادە بەپێی

خواستەکانی بەرژەوەندی هەردوو دەسەڵاتی فارس و بەریتانیادا .

١٩١٩/١٠/١٢ بەرپرسی بەریتانیا – مستەربیل – پلەی دادوەری رامیاری لەشاری موسڵ و دەووروبەری گرتە دەست ، لە دوای دادوەری رامیاری – لچمەن– کە بۆ کوویت گواسترابووەوە ، مستەر بیل لەگەڵ نەقیب سکۆتی یاریدەدەری دادوەری رامیاری لەشاری عەقرە لە هەموو پارێزگای هەولێرلە باشووری کوردستان سووڕانەوە ، لە پێناو هێوورکردنەوەی بارودۆخەکە ، ئەویش بە هۆی جموجۆڵی شۆرشگێڕانی پارێزگاکەدا .

١٩١٩/١٠/١٢ نووسەرو رووناکبیر خاتوو دۆریس لیسینگ لەدایك و باوکێکی ئینگلیز لە تارانی پایتەختی ئێران لەدایك دەبێ... جێگەی ئامازە پێکردنە کە باوکی لیسینگ فەرمانبەرێکی بانکی ئیمپریالی و دایکیشی پەرستیاربووە. لە ساڵی ١٩٢٥ ئەم خێزانە ئێران بەجێ دێڵن و بەرەو رۆدیسیای باکوور – زمبابۆی ئێستا – دەچن... لیسینگ ژیانی سەرەتایی منداڵی خۆی بەوە وەسف دەکات، بە تێکەڵ بوون لە نێوان ژیانی پر لەخۆشی و ئازاردا لە بەر ئەوەی لە ژیانێکی

کۆلەمەرگیدا دەژیا.
بەلام بەهەولّ و توانای کارکردن و خوویندن بەجۆرێك تام و چێژ لە ژیان وەردەگرێت... هەر وەك دۆریس لیسینگ خۆی دەلێت :- پێم وایە ژیانی مندالێتی کۆلە مەرگانە باشترین ریگاو هۆکار بوونە بۆ دروستکردنی رۆماننووسێکی گەوورە، هەرچەندە من لە مندالیەتیمدا هەستم بەوە نەدەکرد... بەلام هەر ئەوەش منی بەم رۆژە گەیاندووە.
لەگەلّ ئەوەشدا لیسینگ لە ژیانی خۆیدا بەنووسین لە دەرگای زۆر پرسی و رامیاری و هزری و کۆمەلایەتی داوە. زۆر ململانێی رۆشنبیریەکان یان بەزاروە نوێیەکەی پێکدادانی شارستانیەکانی نووسیووە و بەهەمان شێووە لە بارەی سیستەمی کۆمەلایەتی و رەگەز پەرستی زۆری نووسیووە بەر لەوەی دۆریس خەلاتی نۆبلّ وەربگرێت و چەندین خەلاتی دیکەی جیهانی لەبواری ئەدەبدا بەدەست هێناوە وەکوو :-
خەلاتی وولاتی نەمسا بۆ ئەدەبی ئەورووپی و خەلاتی شکسپیر لە کۆماری ئەلمانیا و مەدالیای شەرەف شاژن ئەلیزابێت و خەلاتی شا ئاسنورپاسی ئیسپانی... دوای ئەو هەموو خەلاتە توانی لەتەمەنی ٨٨ سالیدا خەلاتی نۆبلی /٢٠٠٧ بباتەوە کە بووە مایەی شانازی بۆ سەرجەم ئافرەتانی جیهان.
سەرچاوە :- گۆڤاری دووبەی الثقافیة /٣٠.

١٩١٩/١٠/٢٢ نووێنەری کورد شەریف پاشاو سەید عەبدولقادر ئەفەندی سێ نامەی هاوبەشیان ئاراستەی ئەنجوومەنی بالای کۆنگرەی ئاشتی لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا کردو داوایان کرد ، کە کوردستان دابەش نەکرێت و یارمەتی تورك نەدرێت لەلایەن هێزەکانی سووپای هاوپەیمانان لە سەر خاکی کوردستاندا .

١٩١٩/١٠/٢٦ لە دایك بوونی - محەمەد رەزاشای ئێران- خوویندنی ناوەندی لە سویسرا تەواو کردو لەگەلّ برابچووکی عەلی ، دوای ئەوە گەراوە بۆ ئێران و چووە کۆلێژی سەربازی ، دوای ئەوە لە تەمەنی ١٩ سالان فوزیەی کچی مەلیك فوئادی یەکەمی شانشینی وولاتی میسری خواست و بووە هاوسەری .
شایانی باسە کە شانشین فوئادی یەکەم لە بنەمالەی محمد عەلی پاشا بووە بەناوی بنەمالەی خدێووی و لەنژاد کوردن ، کە لەبنەرەتا خەلکی پارێزگای

دیاربەکری باکووری کوردستان بوونە .

١٩١٩/١٠/٢٧ نووێنەری بەریتانیا لە ئێراق - میجەرنوئێل - نووسراوەیەکی ئاراستەی سەرۆکی ئەمەریکا ویلسن کردو داوای لێکرد . کە یارمەتی کورد بدرێت بە هۆی چەوسانەوەو داگیر کردنی نیشتمنانەکەیان بە درێژایی ٤٠٠ پێش ئێستا لەلایەن ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دەسەڵاتە یەك لە دوای یەکەکانیادنا لە هەرێم و کێشووەرەکەدا .

١٩١٩/١٠/٣١ نووێنەری کورد شەریف پاشای خەندان سەردانی شانشینی سوویسرای کرد ، لە پێناو بەشداریکردنی لە کۆنگرەی ئەورووپا لەبارەی کێشەی مافەکانی گەلی کورد ، کە لە لایەن - سەیام ئەدین - پێشوازی لێکرا، کە یەکێك بوو لە تورکە ئازادیخوازەکانی لایەنگیری کورد لە باکووری کوردستان.



١٩١٩/١١/١ لە لایەن بەرپرسانی بەریتانیا بڕیاری کردن دامەزراندنی پارێزگای هەولێر درا وەك پارێزگا لە هەموو لایەنەکانی کاروباری بەڕێوەبەرایەتی و کارگێڕی لە پێناو هەڵسووراندنی ئیش و کارە هەمە لایەنەکان لە باشووری کوردستان .

١٩١٩/١١/٨ بڵاو کردنەوەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی – پێشکەوتن– لەشاری سلێمانی لە باشــووری کوردســتان ، کــە بــۆ مــاوەی ســێ ســاڵ بــەردەوام بــوو لــە بلاوکردنەوەیدا.

١٩١٩/١١/١٢ وەزیــری دەرەوەی ڕژێمــی فــارس – نەســرەت دەوڵــەت– ســەردانی وەزیــری دەرەوەی بەریتانیا– کیرزن– ی کرد ، ئەویش بەپێشکەش کردنی یاداشتێك لــە بــارەی خواســتەکان بەنەخــشەیەکی شــوێنە داواکاریــەکانی فــارس ، کــە زۆربەی داواکانی لە سەر خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوولە ناوچەکەدا .

١٩١٩/١١/١٣ لەنامەیەکی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا– لورد کیرزن– بۆ نووێنــەری بــەریتانیا لــە ئێراق– سیر پرس کۆکس – لــە بــارەی یاداشــتەکەی وەزیــری دەرەوەی فــارس نەسرەت دەولەدا کە دەڵێ:– پێشنیا ری یەکەمی نەسرەت دەوڵــەت– پەیووەنــدی بــە دەســتکاری کردنــی هێڵــی سنووری ئێران . لــەلای ڕۆژئــاوای وولاتەکــەی هەبووە . کە دەبێ بەشێکی گەوورە لە خاکی کوردستانی ژێر دەسەلاتی عوسمانی پێبدرێ و بخرێتە سەر بەشە کوردستانی ژێر دەسەلاتی فارسدا . واتە جگە لە هەرێمی ڕۆژ هەلاتی کورستان بەڵکوو خواستەکانیان هەرێمەکانی باشوورو باکووری کوردستانیشی هەبووە لە ناوچەکەدا .

١٩١٩/١١/١٤ بــەهۆی بــەرز بوونــەوەی جمووجــۆڵی جــەماوەری ناوچــەی ئــاکرێ لەباشــووری کوردســتان و داگیر کردنــی لەلایــەن هێزەکــانی ســووپای بــەریتانیا ، لــە ئاکام بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوانیان لە ناوچەکەدا .

١٩١٩/١١/١٧ وەزیــری کاروبــاری دەرەوەی دەســەلاتی فــارس– فــەیروز میــرزا نەســرۆ–

لەیاداشتێکی بۆ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا– لورد کیرزن– دا دەڵێ:– کورد بەسەر ژمارەیەکی زۆر لەخێڵو هۆز دابەش بوونو لەگەڵ یەکتری ناکۆکن ،و ئەم خێڵانە نەتەوە پێك ناهێننو ناتوانن یەکیەتی رامیاری دورست بکەن لە ناوچەکەدا ...؟..

١٩١٩/١١/٢٠ نووێنەری کورد شەریف پاشا لە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا لەگەڵ – ئۆگۆس نۆبار پاشا– پاشای نووێنەری ئەرمەن ڕێکەووتنامەیەکیان مۆر کرد ، لەبارەی هاورێیەتیو پەیووەندی کوردو ئەرمەن ، لەپێناو ڕزگار بوونیان لەژێر دەسەلاتی تورك لەرۆژهەلاتو باکووری کوردستان.

جێگەی باسکردنە کە نووێنەری کورد شەریف پاشای خەندان لەم ڕۆژەدا نامەیەکی بە ژمارە/٦ ئاراستەی بڕێز –کلیمۆنسۆ– سەرۆکی کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا کرد ، کە ئەمەی خوارەوەش دەقی نامەکەیەتی:–

ئێمە ئیمزاکارانی ئەم نامەیە ، نووێنەرانی نەتەوەکانی ئەرمەن و کورد ، شەرەفی ئەوەیان هەیە ئەوە بە کۆنفرانسی ئاشتی ڕابگەیەنین کەوا هەردوو نەتەوەی ئێمە ، کە هەردووکیان ئارین ، یەك بەرژەوەندی و یەك ئامانجیان هەیەو ئەمە واتە ئازادی و سەربەخۆییان ، بە تایبەتی بۆ ئەرمەنیەکان .

بە رزگاربوونیان لە دەسەلاتی ستەمکارامەی حکوومەتی تورك و بەگشتی ، هەم بۆ ئەرمەنیەکان و هەم بۆ کوردەکان ، ئازاد بوونیان لە تۆقی کۆمیتەی ئیتحادو تەرەقی ، مە حکوومەتە رەسمیەکان و شاردراوەکان بۆ هەر یەکیان ئەو هێندە شووم بوون .

ئێمە بە تەواوی لە سەر ئەوە رازین کە پێکەوە داوا لە کۆنفرانسی ئاشتی بکەین کوا بە گوێرەی پرنسیپەکانی ناسیۆنالیستی ، ئەرمەنستانێکی

یەکگرتووی سەربەخۆو کوردستانێکی سەربەخۆ بە کۆمەکی گەورە هێزێك دروست بکرێ . دوای گوێ لێگرتنی لە خواستی هەردوو نەتەوەکان یەك لە دوای یەك ، بۆ ئەوەی کۆمەکی تەکنیکی و ئابووریان لە ماوەی دووبارە بوونیاتنانەوەی پێشکەش بکات .

ئەوەی پەیووەندی بە بەخشینی ناوچە ناکۆکی لە سەرەکان هەیە ، کە لە ناو یاداشتنامەکانی هەر یەکماندا دیاریکراوە کە یەك لە دوای یەك پێشکەش بە کۆنفرانسی ئاشتی کراون و دیاریکردنی هێلکێشانی دواین سنووری نێوان هەردوو دەووڵەتی دوا رۆژ هەیە ، ئێمە شێلگێرانە رایدەگەیەنین کە ئێمە بە تەواوی دەچینە ژێر باری بروانامەکانی کۆنفرانسی ئاشتی ، لە پێشا قەناعەتمان بەوە هەیە ، کە بریارەکەی لە سەر بنەوانی دادوەری و مافەوە دیاری دەکرێ.

ئێمە جگە لەوە دووپاتی دەکەینەوە ، کە تەواو رەزامەندین لە سەر رێزگرتنی مافی شەرعی کەمینە نەتەوایەتیەکان لە ناو هەر دوو وولاتدا . بفەرموون بەرێز هەستی رێزگرتووانەی لە هەمووان دڵسۆزانە ترمان قەبووڵ بفەرموون .

بۆ ئەرمەنستان ، ئۆهان جیهانیان ... سەرۆکی شاندی ئەرمەن

،.. بۆ کۆنفرانسی ئاشتی ... بۆ نووێنەری کوردستان ، شەریف

...بۆ ئەرمەنستان ... بۆگس نۆبار ... سەرۆکی شاندی نیشتمانی ئەرمەن .

١٩١٩/١١/٢٦ بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری – بەیان – لەشاری سلێمانی لەباشووری کوردستان .

١٩١٩/١١/٢٧ وەزیری کاروباری دەرەوەی بەریتانیا – لورد کیرزن– سەبارەت بەکێشەی کورد لە وەڵامی یاداشتەکەی وەزیری دەرەوەی ئێران ، کە بۆسیر پرسی کوکس نووسیبووی دەڵێ:–

بەپێی ئەو زانیاریانەی بەدەست گەیشتوون ، کە هەموو شاخەکانی دەووروەبەری و پارێزگای و رمێ لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر دەستی جەردەکانی سمکۆی شکاك دایە... لورد سەبری بەو یاداشتنانە دەهات کە لەبارەی هەلوویستەکانی رژێمی فارس بڵاودەکرانەوە لەهەرێمەکەدا.

١٩١٩/١٢/٣ وێنە کێشی بەناوبانگی جیهانی– ئۆگست رینوار– کۆچی دوایی کرد لە شاری لیموکی باشووری فەرەنسا.

١٩١٩/١٢/٦ یاریـــدەدەری ئەفـــسەری رامیـــاری نـــوێی بـــەریتانیا – نـــەقیب کـــیرك – سەرکردایەتی هێرشێکی سەربازی کرد بە پەلاماردانی هۆزی سوورچی لە ناوچەی ئـاکرێ، بەسەرکردایەتی شێخ رەجەب و لە ئاکامی شەڕی نێوان هێزەکانی بەریتانیاو چەکدارانی هۆزی سوورچی و لە ئاکامدا سەرکەووتنیان بەدەست هێنا بەسەر هێزەکانی بەریتانیا . لە ئەنجام زیاتر لە ٣٠٠ کووشتارو برینداریان هەبوو لە ریزی سووپای بەریتانیا.
کە بووە هۆی ئەوەی هێزەکانی سووپای بەریتانیا سووپاکەیان لە ناوچە کە بە هێزبکەن و هێزی دیکە رەوانەی ناوچەکە بکەن و دەستیان کرد بە بۆردومان کردنی پێگەی سوورچییەکان بە فرۆکەی سەربازی و تانگ و زرێپۆش، لەئاکامدا هێزەکانی سوورچی پاشەکشەیان کرد بۆ ناوچەی بارزان و شاخە بەرزەکانی باشووری کوردستان.

١٩١٩/١٢/٢٩ بە هۆی جێبەجێکردنی خواستەکانی – حایم وایزمان – سەرکردەی جوولانەوەی سەهیۆنیزم ، نامەیەکی ئاراستەی سەرەك وەزیرانی بەریتانیا – دیفید لوید جۆرج– کرد لەبارەی باکووری فەلەستین–سەهیۆنی ، ئەویش بەداواکردنی کەنارەکانی ئاوی بەناو عەرەبی بەتایبەتی ئاوی ناوچەی لوبنان و ئوردن لە ناوچەکەدا .

١٩٢٠

١٩٢٠/١/٣ بلاوكردنـــەوەی یەكـــەم چـاپی – مـەم و زیـن – ی نووســەرو رووناكبیری كـــورد لـــە بـــاكووری كوردســتان – ئەحمــەدی خانی – بەزمانی كوردیو بـەپیتی عـەرەبی لەشـاری ئەســتەمبوڵ ، بـەڵام لـە دوای ئـــەوە رژێمـــی شـۆڤینی تـورك هـەمووی كـۆكردەوە و سـووتاندی ئـەوەی لـەناو توركیـا بەردەسـتی كـەوت ، لەبـەر ئەوەی تەنانەت بەزمانی ڕەسەنی كوردی بوو لە وڵاتەكەدا .

١٩٢٠/١/٧ دامەزرێنـەری كۆمـاری توركیـا مسـتەفا كـەمال ئـەتاتورك لـە شـاری ئەنكـەرە تەلـەگرافێكی ئاراسـتەی رەشـید بـەگی بـرای ئەدهـەمی چـەركەس كـرد ، كـە لەبەشێكی تەلەگرافەكەدا دەڵێ:– بەدەر لەبابەتەكە دەمەوێ بڵێم:–

ئانزا فۆری سووكو ئینگلیز هـەوڵی جوولـە پێكردنـی ئەوانـە دەدەن، ئـەم برا چـەر كەسـانەمان هاووڵاتیـەكی بـەرێزن لـە ئـایینو دەووڵـەتمان. سـتایـشی هەموویان دەكەینو دەیانكەینە تاجی سەرمان .

لەراستیدا ئەمرۆ دووژمنان چواردەووری كوردو تورك و چەركەسو برایانی دیكـەی ئاینمانیـان گرتـووە . دەسـتان بخەنـە نـاو دەسـتی یـەك لـەپێناو رزگـار كردنی ژیانو ناموسمان ئەمە زەرورەتێكە.

لەوكاتەدا دەسەڵاتی توركە پاشماوەكانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەوپەڕی بێ هێزیو بێ توانا بوونو دەستیان بۆ هـەموو مل كەچیەك درێژ دەكـرد ،

لەپێناو بەهێزکردنی دەسەڵاتیان بەتایبەتی لەباکووری کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتیان ... گەر کورد ئەوکات سەربەخۆی خۆی رابگەیاندابایە سەرکەوتنی مسۆگەر بوو لەپێك هێنانی دەوڵەتی کوردی لە باکووری کوردستاندا...!.

١٩٢٠/١/١٦ لە دوای دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلان لەلایەن وڵاتانی هاوپەیمان بە تایبەتی بەریتانیاو فەرەنسا و ئەمەریکا و رووسیا ، یەکەم کۆبوونەوەی خۆی گرێدا لەشاری جنێڤدا .

مستەفا کەمال لە گەڵ چەند کەسایەتیەکی کورد لەسالی ١٩١٩

١٩٢٠/١/١٨ شاعرو نووسەری چەوساوەو هەژارانی ناوداری کورد مامۆستا – ئەحمەد مستەفا ناسراو بە – دلزار– لە بنەماڵەیەکی رۆشنبیری شاری شاعرو نووسەران و رووناکبیرانی کورد شاری کویسنجقی ، سەر بە پارێزگای هەولێر لە باشووری کوردستان چاوی بە جیهان هەڵهیناوە لە شارەکەدا .
لە ساڵی ١٩٢٥ دەستی بە خوێندن کردووە لە لای مەلای ئایینی و دوایی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شارۆچکەی کۆیە تەواو کردووە .



دوای ئـــەوە لـــە ســـاڵی ١٩٥٩ پەیوەنـــدی کـــردووە بـــە ڕێکخراوەکـــان و دوایـــی پەیوەنـدی کـردووە بـە پـارتی کۆمۆنیستی ئێراق و بەردەوام بووە لـە کاری پارتایـەتی و لـە پلـەکانی ئـەو پارتـە کـاری کردووە .

دوای ئـەوە لـە سـاڵی ١٩٧٠ لـە شـاری مۆسـکۆی پایتـەختی سـۆڤیەت پـەیمانگای زانسـتە کۆمەڵایەتیەکانی تـەواو کردووە و هـەروا لـە سـاڵی ١٩٨٨ لـە شاری سۆفیای پایتەختی بولگاریا لە هەمان پیمانگا خوێندوویەتی .

هـەروا مامۆسـتا دلـزار ئەندام بووە لـە یەکیـەتی نووسـەرو ڕۆژنامەنووسـان و ئەدیبان و چەندین لرێکخراوی دیکەدا .

هەروا چەندین دیوانی شیعری لە ماوەی ژیانیدا بەرهـەم هێناوەو بە شاعیری چەوساوەکان ناوزندە لە کوردستاندا .

تا تەواو بوونی ئەم کتێبە مامۆستا دالزار لە ژیان مابوو ، بەڵام لـە تەمـەنی ٨٩ ساڵیدا کـە لـە شـاری هـەولێر نیشتەجێ بوو کـە بـرا گـەورەی مامۆسـتای نووسـەرو ڕۆژنامەنووس کەریم شارەزایە .

١٩٢٠/١/٢٢ بە هۆی سەرکەووتنی کەمالیە تورکەکان لـە شـەڕی ئەنبونۆو لـە ئەنجامی ئـەو سـەرکەووتنە لـە پاریـسی پایتـەختی فەرەنـسا کۆنگرەیـەك گرێـدرا ، کـە نووێنـەری ئیتالیـا بەشـداری تێدا کـردو داوای دەسـتکاری کردنـی پـەیمانی سیڤەری کرد .

وەك ئـەوەی کە تورکـەکان داوایـان دەکرد ، کـە ئەمـەش بـووە هـۆی گرێـدانی کۆنگرەی هاوچەشن لە لەندەنی پایتـەختی بەریتانیا ، لەگـەڵ ئەوەشدا کورد

ڕۆلی گرنگیان بینی لەسەرکەووتنی کەمالیەکان...؟.

١٩٢٠/١/٢٨ نووێنەرە نەتەوە پەرستەکانی ناو پەرلەمانی عوسمانی لە شاری ئەستەمبوڵ پرۆگرامێکی /٦ خالیان ئامادە کردبوو ، کە بە ئەنجوومەنی ئەنکەرەو بە پەیمانی نەتەوەیی دادەنرا . کە لەو کاتە کێشەی کورد لەتورکیا لە باکووری کوردستان ببووە یەکێ لەکێشە هەرە گرنگەکانی تورکیا ، هەرچەند لە ناو نەتەوەیی پەیمانی تورك کێشەی کورد پشت گوێ خرابوو لە ناوچەکەدا .

١٩٢٠/١/٢٨ گرنگی دانی ڕژێمی تورکیا بەپارێزگای کەرکوك کارێکی نوێ نیە لە رامیاریەتی تورکیای دوای هەرەس هێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی سەربەخۆیی تورکیا بەر لەساڵی ١٩١٩ -١٩٢٢ کە وویلایەتی مووسڵ لەژێر نەخشەی تورکیادابوو... کە ئەنجومەنی نیشتیمانی تورکیا بریاری بۆ دابوو لە کۆبوونەوەیەکی نهێنی لەم مێژووەدا لەشاری ئەستەمبوڵ کە ناسراو بوو بە – میساقی نیشتیمانی – و لەمانگی /٤/١٩٢٠ ئەنجامی ئەم کۆبوونەوەیە راگەیاندرا بەهۆی پاڵەپەستۆی بەریتانیاو ئەمەریکاو وولاتانی هاوپەیمان نە وازهێنانی لە ویلایەتی مووسل بەرامبەر چەند دەست کەوتێك لەوکاتدا.

سەرچاوە:- تاریخ ترکیا المعاصر – دانانی کۆمەڵە توێژەرێکی سۆڤیەت.

١٩٢٠/٢/٢١ کەسایەتی و سەرکردەی ناوداری کورد – سەید عەبدولقادری شەمزینی – لە شاری ئەستەمبوڵی تورکی چاوی کەووت بە مەندووبی سامی بەریتانیا ، هەر لەو کاتیشدا داخوازیەکانی کوردو کوردستان وباری کوردستانی پێ راگەیاند ، بەهۆی چەوساندنەوە لەژێر ڕژێمی تورك بە تایبەتی لە باکووری کوردستان .

١٩٢٠/٢/٢٤ مۆرکردنی ڕێکەووتننامە لە نێوان کوردو ئەرمەن لە باکووری کوردستان ، لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا ، لەلایەن نووێنەری کوردو ئەرمەن ، کە شەریف پاشا بەمۆری خۆی ڕێکەووتنەکەی مۆرکردو بلاوکردەوە بەسەر هەردوو نەتەوەدا.

١٩٢٠/٢/٢٥ سەرەك وەزیرانی بەریتانیا – لوید جورج – لەبەردەمی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی گشتی بەریتانیا رایگەیاندو گووتی :- ، کورد مافی چارەی خۆنووسینی لە سەر خاکی خۆی هەیە لە کوردستان.

١٩٢٠/٢/٢٧ نووێنەری کورد عەبدولقادر شەمزینی لەلای تورك لە ڕۆژنامەی – ئەل ئیقدام

- وتارێکی لە دژی رێکەووتنی کوردو ئەرمەن ، بڵاو کردەوە کە شەریف پاشاو ، ئۆغز پاشا لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا مۆریان کردبوو لە سەر رێکەوتننامەکە ، لە پێناو کۆتایی پێ هێنانی کێشەی نێوان کوردو ئەرمەن لە باکووری کوردستان .

١٩٢٠/٣/١ لە دوای کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهان و ئارام بوونەوەی بارودۆخەکانی پەیووەندی لە نێوان وولاتانی جیهانو ناووخۆی وولاتان – ئەدمیراڵ هۆری – بە شانشینی هەنگاریا – مەژەر هەلبژێردراو ، کۆنت ئستفان بێلن – بە سەرەك وەزیران هەڵبژێردرا، کە رژێمی ئەو کاتی مەژەر بە رژێمێکی توندرەو دژ بە هەموو بیروو بۆچوونو جووڵانەوەیەکی مرۆڤایەتیو نیشتمانی دادەنرا لەناوچەکەدا .

١٩٢٠/٣/٣ نووێنەرانی هاپەیمانان لە ئەنجامی گفتووگۆی نێوانیان لە ناو کۆمەڵەی گەلان لە شاری ژنێڤ بریاری ئەوەیان دا کە ئێراق لە دوای دامەزراندنی بچێتە ژێر ئینتیدابی بەریتانیا.

١٩٢٠/٣/١١ لەو کاتەی کە ئەنجوومەنی راوێژکاری دەووڵەتی هاوپەیمانان رەشنووسی پەیمانی سیڤەریان دا بە دەست شاندی عوسمانی، کورد لە تورکیا لە رادەبەدەر پێی دڵخۆش بوون، هەرچەندە عوسمانیەکان ئەم لاو ئەولایان دەکردو هەنجەتیان هێنایەوە، بەڵام بێ سوود بوو، و ناچار بوون لە رۆژی ١٩٢٠/٨/١٠ دا پە یمانەکە مۆر بکەن.



جێگەی روونکردنەوەیە کە مادەی ٦٢/ لە پەیمانی سیڤەر ئەوەی گرتە خۆ کە زەمینە خۆش بکرێ بۆ دامەزراندنی حووکمێکی ئۆتۆنۆمی لەو ناوچە

کورد نشینەی کە کەوتۆتە رۆژهەلاّتی زێی فوورات و باشووری ئەرمینیا، کە لـە گینـە دابمـەزریّ، بـاکووری سـنووری تـازەی هـەردوو دەوولـەتی ئێـراق و سوریا، وکورد لە سایەیدا لە رووی رۆشنبیری و رامیاریـەوە حووکمی زاتیان هەبیّ، بە مەرجیّ لیژنەیەکی نێوودەوولەتی هاوبەش لـە نووێنـەری فەرەنساو بەریتانیاو ئیتالیاو ئێران و کورد ، سەرپەرشتی ئەو کێشانە بکات کە لەمەر دیـاری کردنـی سـنوورو زامنکردنـی مـافی کەمینـەی ئاسـووری – کلـدانی لـە ئارادان و هەن.
هەروا لە مادەی /٦٣ لە پەیمانی سیڤەردا، ئەوەی لە خۆ گرتووە کە تورك بە لێنـی ئـەوە بدەن کە دان بە بریارەکـانی ئـەم لیژنەیـە بکـات و جـیّ بـە جێـی بکـات. بـەلاّم مـادەی /٦٤ لـەوەش زیـاتر هاتۆتـە پێـشیّ وهیـوای زۆرتـری خستۆتە بەر کوردان، کـە دەرگـای لـە بەردەم ئەگەری یەکێتیـەك لـە نێـوان ئـەم ناوچە سەر بەخۆیە داو کوردستانی ئێراقدا خستە سەر پشت و دامەزرانـدنی دەوولەتێکی سەر بەخۆی کورد.
دوای تاقیکردنەوەیـەکی یـەك سـالّی و بـە راوێـژکردنی لـە گـەلّ کۆمەلـەی نەتەوەکاندا، کـە لـەم ماوەیـەدا ئـەوە هـاتووە کـە دەوولـەتی هاوپەیمان ریّ لە هـیچ یەکێتیـەك ئـارەزوو مەندانـەی کوردەکـانی بەشـی باشـووری کورسـتان نـەگرن، کـە بەشـێك لـە وویلایـەتی مووصـل، نـاگرن. لێگـەش بینـی و کـەیف خۆشی کوردان زۆری نەخایاند، چونکە هاوپیمانان رازونیازی خۆیان کردبوو بیّ ئەوەی چ حسا بێك بۆ تورك بکەن.
ئا لەو سەروبەندەدا ناکۆکی و کێشەی ناو خۆیی بە پشتیووانی عەشایەری کوردو کۆمەکی سووپای دەوولەتی سۆڤیەتی تازە کورە براندوە و بنج بری کـرد. ئیدی ئـەتاتورك دەسـتی بـە تـالّ بـوو، و سـەرکردایەتی یـاخی بوونێکی نەتەوەیی عوسمانی لە ئەستەمبۆلّ.
ئەنجوومـەنی نیـشتمانی تـورك لـە شـاری ئەنکـەرە لـە ١٩٢١/٤/٢٣ کۆبـۆوەو دامەزرانـدنی حکوومـەتی ئۆپۆزسـیۆنی راگەیانـد. هـەروا ئـەتاتورك کـە دەسـەلاّتێکی دکتاتۆریانـەی زۆری درایـیّ، تـوانی رێبـەری و سـەرکردایەتی چەند هێرشێك بکات و دوا سـەنگەری سەربە سولتان لـە نێوو بەریّ و ئەوە بوو لـە مـانگی/١١/١٩٢٢ دا بە لابردنـی سولتان لـە سـەر دەسـەلات راگەیاند.
بـەمجۆرە واژووی سـولتان مـەحمودی چـوارەم لـە سـەر پـەیمانی سـیڤەر، بە

نیسبەت رژێمی تازەی تورکیەوە شەرعیەتی نەما.

لە بەر ئەو هۆیە ئەتاتورك هێرشێکی چڕی دژی پەیمانی سیڤەر دەست پێکرد، کەوتە کارکردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی و گۆڕینی بە پەیمانێکی دیکەی لە بارترو گونجاوتر بێ لە گەڵ باودۆخی تازەدا. ئەم هەوڵ و کۆششانەی لە ١٩٢٣/٧/٢٤ دا سەری گرت و پەیمانی لۆزان لە ئەنجامی هەڵوێستی توندی تورك و رامیاریەتی دووفاقی ریاکارانەیاند، و جێگەی پەیمانی سیڤەری گرتەوە.

هەرچەندە پەیمانی تازە هەندێ مافی کەمی کەمینەکانی وەك – ئەرمەن و جوولەکەو یۆنانی- گرتە خۆ، بەڵام کەموو زۆر باسی دەوڵەت یان ناوچەیەکی کوردی سەربەخۆ لە ئارادا نەماو تەنانەت پەیمانەکە بە هیچ جۆرێك – ووشەی کورد – ی نەگرتە خۆ، دەستکەووتی کورد تەنیا ئەوە بوو بە پێی مادەی / ٣٨ و ٣٩ حکوومەت بەلێنی دا، کە پارێزگاری هەموو خەلکی تورکیا بکات، ژیان و ئازادیان بپارێزێ بێ گوێدان بە زێدو وابەستەگی نەتەوەیی و زمان و نەژادو ئاینیان... !...؟.

سەرچاوە:– کورد:– گەلی لە خشتە براوی غەدر لیکراو – دانانی دکتۆر – گوێنەر دێسنەر – وەرگێڕانی بۆ کوردی – حەمە کەریم عارف – چاپی دووەم /١٩٩٩.

١٩٢٠/٣/١٢ بەتراریکی مەسیحیکان مارشەمعوونی نوێنەری ئەمەن و ئاینی مەسیحی لە باکووری کوردستانی ژێر دەسەڵاتی رژێمی تورکیا کۆبوونەوەیەکی فراوانی ئەنجامدا ، لە پێناو دیاریکردنی هەلوێستی ئەرمەن ، ئەویش بەهۆی شەڕی نێوان تورك و ڕووسیای بەلشەفی، ویستی ئەو کۆبوونەوەیە بەلایەنگیری کردنی ڕووسیاو دژی تورکیا بوو، ئەویش بەنیازی بەدەست هێنانی مافەکانی ئەرمەن لە کۆمارێکی سەربەخۆی ئەرمەنیەکان بەناوی کۆماری ئەرمەنستان لە ناوچەو کێشووەرەکەدا .

١٩٢٠/٤/٦ یاریەکانی پێشبڕکێی جامی جیهانی – ئۆلەمپیات – لە شاری برۆکسلی پایتەختی بەلژیکا ئەنجامدراو بەردەوام بوو تاکوو ٩/١٢ ی هەمان ساڵ لە نیوان یاریزانانی وولاتانی بەشدار بوو لە یاریەکان لە جیهاندا .

١٩٢٠/٤/١٥ مۆرکردنی پەیمانی – سان ڕیمۆ– ئەویش لە ئاکامی مۆرکردنی پەیمانی

سایکس – بیکۆ بوو ، ئەویش بەدابەشکردنی ناوچەکە لە نێوان وولاتانی هاوپەیمان ، کە سووریا و لوبنان کەووتنە ژێر ئینتدابی فەرنساو – ئێراق و ڕۆژهەلاتی ئوردن و فەلەستین کەووتنە ژێر ئینتدابی بەریتانیا.

١٩٢٠/٤/١٩ گرێدانی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی بالای هاوپەیمانان لە شاری سانڕیمۆی ئیتالیا ، کە لەم کۆبوونەوەیە بەریتانیاو ، فەرەنساو، ئیتالیاو ، ئەمەریکا بەشداریان تێداکرد ، ئەویش بە پەسەند کردنی ناوچە ئینتدابیەکانی ژێر دەسەلاتی فەرەنسا و بەریتانیا بوو بەتایبەتی لکاندنی باشووری کوردستان و وویلایەتی موسل بە ئێراقی بەرەو دامەزراندن و لکاندنی رۆژ ئاوای کوردستان بەسووریا ، واتە دەستکرا بە دابەشکردنی کوردستان ...بەلام ...؟...!.

١٩٢٠/٤/٢٣ لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانی مەزن لەلایەن تورکە کەمالیەکان لە شاری ئەنکەرە ، کە ٧٢ نووێنەری کورد لە باکووری کوردستان بەشداریان لەو ئەنجوومەنە کرد ، لە پێناو سەقامگیری بڕیارو هەلوویستی کورد بە دابین کردنی مافی کورد لە باکووری کورستانی ژێر دەسەلاتی تورکە کەمالیەکان .
کە دانیان بەحکوومەتی ئەستەمبوڵ عوسمانی نەناو هەولیان دا عوسمانیەکان بنبڕ بکەن .
کە لەو کاتە مستەفا کەمال بەسەرۆکی تورک هەلبژێردرا...شایانی باسە مستەفا کەمال ئەتاتورک لە پارێزگای سیواس لەگەڵ نووێنەری کوردستان چوونە ئەنکەرەو ئەو پەرلەمانەیان دامەزراند بۆ دەووڵەتی تورک ...ئەی کورد ...؟.

١٩٢٠/٤/٢٣ بە پێی بڕگەو خاڵەکانی پەیمانی سانڕیمۆ ، کە بەشە نەوتی کوردی لەلایەن کۆمپانیای نەوتی ئەڵمانی داگیر گرابوو درایە فەرەنساو کۆتایی بەکێشەی نێوان هاوپەیمانان هات لە ناوچەکەدا .
کە چاوگە نەوتیەکان هەمووی لە سەرخاکیهەرێمی باشووری کوردستان بوو ، بەتایبەتی لە پارێزگای کەرکوک ، بەلام کێشەی ڕژێمی تورک بەهەڵوواسراوی لە سەر خاکی باکووری کوردستان مایەوە تاکوو ئێستا .

١٩٢٠/٤/٢٤ گرێدانی کۆنفرانسی ئاشتی لە شاری سانڕیمۆی ئیتالیا ، لەپێناو

دۆزینــەوەی چـارەیەکی گوونجـاو . لـە نێـوان سـەرەتای مـافی داگیرکردنـی وولاّتـان – حـق الفـتح– کـە دەوولّـەتانی ئـەوروپا پێووەریـان ئـەکردو لـە رێکەووتنـە نهێنیـەکانی سـەردەمی جـەنگی یەکـەمی جیهـان و گوونجانـدنی بۆیان .

کـە سـەرەتای مـافی ئازادی و بڕیـاردانی چارەنووسـی گـەلاّنی ژێـر دەسـتە، بـەپێی وتارەکـەی سـەرۆکی ئەمـەریکا ویلـسۆن ، ئـەویش بـە پێـدانی مافـە رەواکانی گەلاّنی ماف خوراوەکان لە جیهاندا ، بەتایبەتی مافی گەلی کورد لە باکوورو باشووری کوردستان لەئێراق و تورکیادا .

١٩٢٠/٤/٢٤ بـەپێی بڕگـەو خاڵـەکانی پـەیمانی سـانڕیمۆ ، فەرەنـسا بەفـەرمی وازی لـە ویولایـەتی موسـل هێنـا ، بەبەرامبـەر بـە وەرگرتنـی هەنـدێك لـە ناوچـەی ژێـر دەسەلاّتی بەریتانیا . بە بوونی بەش لە کۆمپانیای نـەوتی کـورد لـە باشـووری کوردستان .

کـە لەسـەردەمی سـولتان عەبدولحەمیـدی سـولتانی عوسمـانی بـە هاوکـاری ئـەڵمانیا دامـەزرابوو لـەپێناو دۆزینـەوەی نـەوت لـە باشـووری کوردسـتانی لکێنراو بەئێراقی بەرەو دامـەزراو ، لەشاری کـەرکوك و ناوچـەی کەندیناوەی سەر بە پارێزگای هـەولێرو بە تایبـەتی لـەو کـات لـە شارۆچکەی خانـەقین لـە ناوچەکانی هەرێمەکەدا .

١٩٢٠/٤/٢٥ ئەنجوومـەنی بـالاّی هاوپـەیمانان بڕیـاری دامەزرانـدنی یـەك پارچـەیی خـاکی ئێراقیاندا ، کە ئێـراق بچێتە ژێـر ئینتـدابی بـەریتانیا و سووریاش بچێتە ژێـر ئینتدابی فەرەنسا ، کە پێش ماوەیـەك ئـەو بڕیـارە جێبـەجێ کرابوولـە لایـەن ئەم وولاّتانەدا .

شایانی باسە کە هەردوو وولاّتی دامەزراو کە ئێراق ، زیاتر لە ٨٤٠٠٠ هـەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەی لەخاکی باشووری کوردستان پێ لکێنراو ، سووریاش زیاتر لە ١٧٠٠٠هـەزار کیلۆمـەتر چوارگۆشـەی لـەخاکی رۆژئـاوای کوردسـتان پێ لکێندرا.

جێگـەی باسـکردنە کـە بـاروو دۆخـی ئـەوکات لـە بـارو گوونجـاو بـوو لـە پێداگرتنی کورد لە بە دەست هێنانی مافەکانی لە کوردستان ، نـەك تـەنیا لـە بەشێکی کوردسـتانی داگیر کـراوی ژێـر دەسـەلاّتی تـورك و ئێرانـی فـارس و،

هەروا باشوورو رۆژئاوای کوردستانی لکێندراو بە ئێراق و سووریا .
کە عەرەب و تورك خاوەن خاك و کەش و هەوا نەبوون بە پێچەوانەی کورد لە سەر خاکی کوردستان ، کە چی ئەوان بوونە خاوەن دەوڵەتی سنوورداری زەوی و دەسەلاّت لە هەموو بوارە جیا جیاکان ، بە تایبەتی لە بواری نەتەوەیی و دەستکەوتنی نیشتیمان بۆیان ، کە تەنیا بە خەون لە هەستیان دەخوولایەوە.
کەچی کورد خاوەنی نیمچە دەسەلاّت بوو لە ئیمارەتەکان لە سەر خاکی دێرینی خۆیدا ... ! . بەلاّم بە داخەوە سەرکردەکان و سەرکردایەتی کورد نەتەویەکی خۆخۆر بووەو بەرژەوەندی کەسی و بنەماڵەو دەسەلاّت و سامانی لا گرنگتر بووە لە کوردو خاکی کوردستان ، لە سەرتای بوونیەوە تا تەواوکردنی ئەم مێژوونامەیە و... ! .
گەر بارو دۆخی بۆ دروستکرابێت بە شەقی زەمانەو شلەژانی باری ناوچەو هەرێم و جیهان بووە ... ئەویش لە ئەنجامی هاتنە پێشەوەی بەرژەوەندی وولاّتی هاوپەیمانان لە جیهانـــدا .

١٩٢٠ /٤/٢٥ بەرپرسانی بەریتانیا لە ئێراقی دامەزراو چەندین کۆمەلەو رێکخراو گروپی نهێنیان پێك هێنا ، لە پێناو جێبەجێکردنی نیازە گلاوەکانیان وەك:- کۆمەلەی راست بوونەوەی ئیسلامی و ، کۆمەڵەی پاسەوانی سەربەخۆیی- کۆمەلەی لاوان- کۆمەلەی سەردەمی ئێراق- لە ناوچەکەدا .

١٩٢٠/٤/٢٧ نووێنەری کورد شەریف پاشای خەندان دەستی لەکاری فەرمانبەری کێشاوەو رووی لەکارە هەمەلایەنەکانی بەرگری کردن لە تاوان و ئامانجەکانی گەل و نیشتمانەکەی کرد لە باکووری کوردستان.

١٩٢٠/٤/٢٩ هەفتەنامەی پێشکەوتن لە شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان بلاّوکرایەوە ، کە بۆ جاری یەکەم - میجەر سۆن- سەرپەرشتی دەرچوواندنی دەکرد بۆ ماوەی دووساڵ. لە پێناو گەیاندنی ئەنجامی پەیامەکەیان لە سەر هەرێمەکەدا .

١٩٢٠/٥/١ نووێنەری کورد شەریف پاشای خەندان بۆ جاری دووەم بەناوی کورد سکالاّنامەیەکی ئاراستەی کۆنفرانسی ئاشتی کرد لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا ، لەگەڵ دوو نەخشەی کوردستان.

١٩٢٠/٥/١١ دەستکرا بە نووسینەوەی ڕەشنووسی پەیمانی سیڤەر کە – مسیۆ ملیدان – نووێنـــەری وولاتـــە ســووێند خۆرەکـــان و بەڕێووەبەرایـــەتی حکوومـــەتی ئەستەمبوڵی عوسمانی واژوویان لە سەر کرد ، کە بریتی بوون لە – فەرید پاشا وەك ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی وەزیران و ، هادی پاشا سەرۆکی ئەرکانی جەنگ و ، ڕەشاد خالیس بەگ ڕاوێژکاری دەرەوە .

لە دوای ئەوە مسیۆ ملیدان بڕیاری کۆتایی دا بە سەرۆك وەزیرانی تورك – تۆفیق پاشا – بە مۆر کردنی پەیمانی سیڤەر ، کە لە بەرژەووەندی کورد بوو لە باکووری کوردستان و دژی ڕژێمی تورکیا بوو لە تورکیا.هەروا لە باشوورو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان بوو دژ بە ئێران و ئێراق و سووریا لە کێشووەرەکەدا .

١٩٢٠/٥/٢٠ دامەزراندنی یانەی سەرکەووتن لەلایەن کوردە نیشتەجێ بووەکان لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراقی دورستکراو لە سەر خاکی کوردستاندا .

١٩٢٠/٥/٣٠ مۆرکردنی ڕێکەووتننامەی وەستاندنی شەڕ لە نێوان تورکیاو فەرەنسا لە شاری ئەنکەرە . کە فەرەنسا هەوڵی جێبەجێکردنی خواستەکانی کۆنگرەی سانڕیمۆ دەدا ، ئەویش بە مسۆگەر کردنی دەسەڵاتی لەسەر شارەکانی ئەسکەندەرۆنەو حەلەب و دیمەشق و لوبنان و فەلەستیندا .

لەلایەکی دیکە مستەفا کەمال ئەتاتورك هێزەکانی خۆی لەبەرەی ئەرمەنی کۆکردەوە ، لەپێناو گەڕاندنەوەی شارەکانی باکووری کوردستان وەك:– ئەرزەرۆم و ، موش و ، وان .

کە کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئەرمینیا ، بەپێی پەیمانی ڕانەگەیەندراوی سیڤەر، کە ئاواتی مستەفا کەمال دوای ئەوە هاتە دی بەپشت گوێ خستنی پەیمانی سیڤەرو دابەشکردنی کوردستان.

١٩٢٠/٦/٥ ڕاگەیاندنی دامەزراندنی کۆماری – گیلاف– لە ئەنجامی سەرکەووتنی جەنگەلیەکان ، بەلاَم ئەو کۆمارە دوای ساڵێك لەناو براو سەرکردەکەی – میرزا کۆچەك خان– لە شاخی تالش لەلایەن جەندرمەکانی تورك تیرۆرکرا لە باکووری کوردستان.

١٩٢٠/٦/١٧ ڕژێمی شانشینی بەریتانیا بڕیاریدا ، بە دامەزراندنی حکوومەتێکی عەرەبی بەناوی ئێراق ، کە – سیر کۆکس– بە دادوەری گشتی سامی بەریتانیا لە

ئێـراق دامـەزرێنرا ، بـە تایبـەتی بـەرەو هەرێمـەکانی باشـوورو رۆژئـاوای کوردستان .
کە ئەویش ڕۆڵـی سـەرەکی هـەبوو لـە بە عـەرەبکردنی خاکی کوردستان ، بە هێنانی خێلە ڕەوەندو بەدووەکانی بیابانی عـەرەب ، کە بەکاری سـێیەمی بە عـەرەبکردن دێـت لـەووڵاتی نێـوان دووزێ ، لـە دوای ڕووخـانی ڕژێمـی عوسمانی تورك لە کێشووەرەکەدا .

١٩٢٠/٦/٢٢ لـە دوای ڕێکخـستنی شـانەو ڕێکخراوەکـان ، یەکـەم کـۆنگرەی پـارتی کۆمۆنیستی ئیران گرێدرا ، لە بەنـدەری – ئنزلی – کـەدوای ئـەوە ناسرا بە نـاوی– بەنـدەر بەهلـەوی– لـە سـەر دەریـای قـەزوین... کـە چـەندین لاباڵی سۆشیالیـستی بـوونو لـەو پارتـە یـەکیان گـرت بەراگەیانـدنی پـارتی کۆمۆنیستی ئێرانی (توودە) لە وولاتەکەدا .

١٩٢٠/٦/٢٣ لە دوای دەست لە کار کێشانەوەی – وسوق ئەلدەولە – لـە سـەرەك وەزیرانـی ئێـران ، کـە موشـیر ئەلدەولـە پەیمانیـدا بـە ڕەزامەنـدی وەرگـرتن لـە بـالوێزی بەریتانیا بەپێك هێنانی ئەنجوومـەنی وەزیـرانو کۆبوونـەوەی لەگـەڵ کـردن لـە وولاتەکەدا .
هەروا لەناو ئەو وەزیرانە موئتەمەن مەلیكو ، مستوفی ممالیكو ، موسـەدەق سـەلتەنە ، واتە محەمەد موسەدەقو ، موخبیر خاوەنی جەماوەرێکی زۆر بوو لەهەرێمی ئازربایجان ، دوای ئەوە سـەرەك وەزیرانـی ئێران موشیر ئەلدەولە ، کـە ڕەزامەنـدی لـە بـالوێزی بـەریتانیا وەرگـرت بـە ڕەوانـەکردنی شـاندێك بـۆ شـاری مۆسـکۆ ، ئـەویش لـە پێنـاو وەرگرتنـی ڕەزامەنـدی لەحکوومـەتی بەلشەفی مۆسکۆ ، بە کشانەوەی هێزەکانی لە وولاتی فارس ، بە تایبـەتی لـە ڕۆژهەلاتی کوردستانی ژێر دەسـەلاتی ئـەوکاتی فارس . ئـەویش بە ڕاگرتنـی پروپاگەندەی کۆمۆنیستی بەرەو وولاتەکەیدا .
لـە هـەمان کـات بـەراگرتنی ئـەو ڕێکـەووتننامانـەی کـە بـەر لـە دامەزرانـدنی حکوومەت مۆر کرابوونو دوای دەسـت کـردن بـە هەلبـژاردنی نـوێ لـە ئێـران ، ئەوانـە هـەمووی بـووە هـۆی بـەرەو باشـکردی پەیووەنـدی لـە نێـوان ئێـرانو ئەمەریکادا .

١٩٢٠/٦/٣٠ بـە هـۆی شۆڕشـی بیـستی ئێـراق لـە باشـووری کوردسـتان ڕاپـەڕینو

خۆپیـشاندان دەسـتی پێکـردو زۆربـەی ناوچـەکانی گرتـەوەو کاردانـەوەی کارێگـەری باشـی هـەبوو ، لـە پێنـاو بـەرز کردنـەوەی هەسـتی نەتـەوەیی و نیشتمانی لە هەرێمەکەدا.

١٩٢٠/٧/٣ کـۆنگرەی بـاکۆی پایتـەختی ئازربایجـانی گـەلانی ڕۆژهـەلات ، لـە ڕۆژنامـەی پراڤدای ڕووسیای بەلشەفی ، بلاوکراوە .

کە نووێنەری کورد لە کۆنگرەکە ڕۆلی بەرچاوی هەبوو لە شیکردنەوەی باری کورد لە کوردستاندا .

١٩٢٠/٧/١٢ ڕۆژنامەی – دیلی دیل – ی بەریتانی لەم ڕۆژەدا بابەتێکی بلاوی کردەوە لە سەر باری ئابووری و داهاتەکان ، کە ئەو باجانەی لە گەلانی ئێراق وەرگیراوە بڕی ٠٠٠ر٥٠٠ر١ ملیۆن پاوەند بووە ، کە لە هیچ وولاتێکی دیکە ئەو باجە کۆنەکراوەتەوە لە جیهاندا .

١٩٢٠/٧/٢٤ هێزەکانی سووپای فەرەنسا و بەرپرسانی ئەمیر فەیسەلی سعوودیان لە شاری دیمەشـق دەرکـرد ، بـەهۆی لاوازیو بـێ توانـاو گەنـدەلێ لـە هـەلس و کەوتەکانیدا، لە ئاکام بەرەو دەشتاییەکانی وولاتی ئێستای ئوردون ڕۆیشت ، کە پیاوێکی بەنابانگ لە دەبەنگیدا . کە لە دایك بووی وولاتـی سعوودیەی ئێستا بوو.

جێگـەی ڕوونکردنەوەیـە کـە ئـەمیروو شانـشینەکانی ئێـراق و ، ئـوردن و، سـووریا و ، کووێـت و ، ئیمـاراتی ئێـستای کەنـداو ، خـەڵکی ئـەم وولاتانـە نەبوونـە و لـە دایـك بـووی ئـەم وولاتـەش نەبوونـە ، بـەر لـە دامەزرانـدنی ئـەم دەووڵەتانـە لـە دوای کۆتـایی هـاتنی جـەنگی یەکـەمی جیهـان و هـەرەس پێهێنـانی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی ، لـە لایـەن وولاتـانی هاوپـەیمان هێنراونەتە ئەم وولاتانە و کردوویانەتە شانشین لە سەر ئەم وولاتانەدا .

ئـەم کـارەش پەیووەنـدی هـەبوو بـە مـاددەو برگـەو خاڵـەکانی ، پـەیمانی سایکس – بیکۆ ، و جێ بە جێکردنی لـــــە پەیمانی لۆزانی ١٩٢٣/٧/٢٤ دا ، بە دابەشکردنی خاکی گەلانی دیکە ، بە تایبەتی خاکی کوردسـتان ... بەلام ... کورد ... ؟ ...! .

١٩٢٠/٨/٢ کەسایەتی ناوداری کورد – حەماغای – کۆیە کۆچی دوایـی کـردو جەمیل ئاغـای حـەوێزی بـووە حـاکمی شـاری کۆیـەی سـەر بـە پارێزگـای هـەولێر لـە هەرێمی باشووری کوردستان ، دوای دامەزراندنی دەووڵەتی ئێراق ، جەمیل

ئاغا کرا بەقائیمقامی شاری کۆیە تاکوو ساڵی ١٩٣٢، لە قەزاکەدا .

١٩٢٠/٨/٦ بەرپابوونی ڕاپەڕینی جەماوەری شارۆچکەی بەعقوبەو شارەبان لەهەرێمی باشووری کوردستان ، دژی داگیرکەری هێزەکانی سووپای بەریتانیا لە ئێراق.

١٩٢٠/٨/٩ لە دوای مۆرکردنی تورکیا لە سەر پەیمانی سیڤەر ، بووە هۆی لە دەست دانی ٢,٤٠٠,٠٠٠ ملیۆن کیلۆمەتر چوارگۆشە ، لەو خاکەی کە بە زۆر داگیری کردبوو ، کە ٦٠٠ هەزار کیلۆمەتر چوار گۆشەی بۆماوە لە دوای ڕاگەیاندنی کۆمای تورکیا لەلایەن کەمال ئەتاتورک لە کێشووەرەکەدا .

١٩٢٠/٨/١٠ لە دوای گفتووگۆی بەردەوام کە ئەنجامەکەی گەیشتە مۆرکردنی پەیمانی سیڤەر ، لە لایەن وولاتانی هاوپەیمان لە کۆمەڵەی گەلان ، کە چەندین بڕگەو خالی باشی لە خۆگرتبوو سەبارەت بە مافی کورد ، لەوانە بڕگەکانی ٦٢،٦٣،٦٤ لە ماددەی/٣ لەژێر ناونیشانی کوردستان ، بەلام بە هۆی مۆرکردنی پەیمانی لۆزان پشتگوێ خرا .

ئەویش لە پێناو پاراستنی بەرژەووەندی هاوپەیمانان بەتایبەتی بەریتانیاو ئەمەریکاو فەرەنساو ئەلمانیا ، بە تایبەتی لەسەر خاکی کوردستان.

تقسيم الامبراطورية العثمانية بموجب معاهدة سيفر
– Unsal Yavuz, Ataturk imparatorluktan Milli Devlete, (Ankara:1999)

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە هۆکارەکانی مۆرکردنی پەیمانی سیڤەر لە نێوان هاوپەیمانان ، بە هۆی ئەو گۆڕانکاریانە بوون کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان سەریان هەڵدا .

لەوانــەش ڕاگەیاندنەکـەی سـەرۆکی ئەمــەریکا – وورود ولــسن – بــوو لــە ١٩١٨/١١/٨ دا ، کــە خــۆی لــە ١٤ خــاڵ دەگــرت ، کــە بەنــدی / ١٢ ی ڕاگەیاندنەکە داوای مافی سەربەخۆیی گەلانی ژێر دەستەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەکات ، کە کوردستان یەکێك بوو لەو هەرێم و ناوچەو وولاّتانەی کە لە ژێر دەسەلاّتی عوسمانیدا بوولە کێشووەرەکەدا .

هـەروا لـەو کاتەشـدا مـۆرکردنی پـەیمان لـە نێـوان بـەریتانیاو فەرەنـسا لـە ١٩١٨/١/١٨ دا ، ڕاگەیاندرا ، ئەویش داوای سەبەخۆیی گەلانی ژێر دەستەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەکرد ، کە لە هەمان پەیمانیش کورد یـەکێك بوو لـەو هـەرێم و ناوچـەو وولاّتانـەی کە کـەوتبووە ژێر دەسـەلاّتی عوسمـانی لە کێشووەرەکەدا .

هـەروا ئـەم گۆڕانکاریانـەش ڕۆڵی کـورد تێیدا بـەر چاو بوو لە هـەردوو لایـەنی شۆڕش و خەبات و ، لە لایەنی دبلۆماسی کە ژەنەراڵ شەریف پاشای خەندان

نوویّنەری کورد بوو ، لە کۆنگرەی ئاشتی لە بارەی کورد و ئەرمەن لە گەڵ لایەنە پەیووەندارەکان و هەروا لە کۆنگرەی پاریس و کۆمەڵەی گەلان ، کە توانرا مادەکانی _ ٦٢ ، ٦٣ ، ٦٤ ، – تایبەت بە دامەزراندنی دەووڵەتی سەربەخۆی کوردی تیا مسۆگەر بکات لە پەیمانی سیڤەر لە ١٩٢٠/٨/١٠ دا . ئەویش بە ئامادە بوونی – بەریتانیا ، فەرەنسا ، یۆنان ، ئیتاڵیا ، رۆمانیا ، یۆگسلاڤیا ، چیکسلۆڤاکیا ، پۆڵندا ، بەلژیکا ، یابان – و لە گەڵ بەرپرسانی تورک ، کە لە سەر پەیماننامەی سیڤەر مۆریان کرد . لە گەڵ شەریف پاشای نوویّنەری کورد بە مۆرکردنی لە سەر لاپەرەی دیاریکراو لە پەیمانەکەدا . هەروا بە مۆرکردنی نوویّنەری ئەرمەنەکانیش بووگس نۆبار لە سەر پەیمانەکەدا .

پرۆژەی کوردستان لە پەیمانی سیڤەر



نەخشەی بریارلێدراو لە پەیمانی سیڤەر . بەلاّم جێیە جێنەکرا

هۆکارەکانی مۆرکردنی پەیمانی سیڤەر ، ئەویش:-

١- لاوازی وبێ توانایی و بە بەرەو هەرەس هێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و شەرمەزاری لە سەر نەکەوتنی لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا .

٢- هەوڵە بەردەوامەکانی کورد و ئەرمەن ، لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەکانیان و بەرزکردنەوەی داواکاریان لە کۆنگرەی ئاشتی و کۆمەڵەی گەلاندا .

٣- بیروبۆچوونی رامیاریەتی نێوو دەووڵەتی و پشت بەستن بە ئاسایش و ئارامی و دامەزراندنی قەوارەی رامیاری ، کە ئەمەش بووە هۆکارێکی مسۆگەرو بەم هۆکارەش پەیوەندی کرا بە کورد لە پێناو پشتگیری کردنیان .

٤- بەپێی پەیمانی - سایکس ، بیکۆ - بەشێك لە باکووری کوردستان درا بە ڕووسیای قەیسەری دوای ئەوەی کە شۆرشی ئۆکتۆبەر سەرکەوتنی

بەدەست هێنا لە ساڵی ۱۹۱۷ بووە هۆکاری دروست بوونی پەرژینێك لە نێوان ڕووسیای نوێ و وولاتانی هاوپەیمان لە لایەك و ، لە لایەکی دیکەش هەوڵی لاوازکردنی تورکیان دەدا .

٥- بەریتانیا هەموو هەوڵەکانی لە پەیمانی سیڤەر ئەوە بوو کە کورد بگاتە ئامانجێك بەرامبەر بەو وولاتانەی کە کوردیان پێوە لکێندراوە یاخوود لەژێر دەسەلاتەکانیاندا بەردەوامن لە داگیرکردن لە ناوچەکە .

٦- بەریتانیا لەوە دەترسا کە ئەمەریکا لە کورد نزیك بێتەوە بەهۆی بوونی چاوگە نەوتیەکانی لە هەرێمی باشووری کوردستان ، بەم هۆکارە هەوڵی بەریتانیا دوورخستنەوەی ئەمەریکا بوو لە هەوڵەکانیدا .

هۆکارەکانی جێ بەجێ نەکردنی پەیمانی سیڤەر ئەویش :-

١- لاوازی و پەرت و بڵاوو دژایەتی ناوخۆیی و یەکتری کورد بوو ، بەجیاوازی لە بیروبۆچوون و بە پاراستنی بەرژەوەندی تایبەت لە دەسەلات و سامان ، کە ئەمەش بووە هۆی بەرهاویشتنی هەوڵە دبلۆماسیەکان ، بە تایبەتی لەلایەن نوێنەری کورد - شەریف پاشای خەندان - ، چ لە کۆنگرەی ئاشتی و چ لە گەڵ کۆمەڵەی گەلان و چ لەگەڵ وولاتانی پەیوەندار و چ لە گەڵ دۆستەکانی کورد لە کێشوەرەکەدا .

٢- سەرکەوتنی کەمالیە ئەتاتورکەکان بە شەرکردنیان لەگەڵ یۆنان و بووە هۆی داواکردنی وویلایەتی موسڵ ، بەم هۆکارەو بۆ ئەوەی بەریتانیا بەرژەوەندیەکانی خۆی لەدەست نەدا موسلی پڕ لە چاوگە نەوتیەکان ، بەتایبەتی لە هەرێمی باشووری کوردستان و بەکارهێنانی بیری دروستکردنی دەوڵەتی کورد ، وەك ئامانجێك دژ بە کەمالیە تورکەکان .

هەروا لەلایەکی دیکەش مەترسی کەمالیەکان لە دروست کردنی دەوڵەتی کوردی ، دەستیان لە بیری وویلایەتی موسڵ هێنا لە پەیمانی لۆزان لە ساڵی ۱۹۲۳ بەمەرجێك کە دەوڵەتی کوردی لە وویلایەتی دانەمەزرێندرێت و بەندەکانی پەیمانی سیڤەر لە گۆر بندرێت ، ئەوەی بەندن بە ماف پێدانی سەربەخۆیی گەلانی ژێر دەستەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەتایبەتی کورد و ئەرمەن لە ناوچەکەدا .

جا لێردا من لە چەندین جێگەی دیکە باسی ئەوەم کردووە کە لەکاتی

سـەركەوتنی كـورد لـە هـەموو قۆناخێـك لـە قۆناخەكانـدا ، كـورد واتـە سەركردایەتی و بەرپرسانی كورد خۆیان بەرپرسیارن لە نەگەیشتنی گەلی كوردستان بەو ئامانجانەی كە قووربانیان بۆ داوە ، ئەویش بە قووربانی كردنی خوێنی گەلی كوردستان لە پێناو بەرژەوەندی سەركردەكانی كورد ، ئەویش لە پاراستنی كورسی و سامان و پارەو بوارەكانی دیكەدا ، بەر لە پەیمانی سیڤەر و دوای پەیمانی سیڤەریش نەك وولاتانی هاوپەیمان و هاوپەیمانەكانیان لە ناوچەكەدا .



كوردستان بين معاهدات سيفر - لوزان - موصل (حسب الوثائق الفرنسية)
HasanYildiz, Fransiz Belgeleriyle sevr- lozan- musul ucgeninde kurdistan. (Istanbul: 2005) S, 302

١٩٢٠/٨/١٢ هێزە چەكدارەكانی ناوچەی ڕەواندزی سەر بە پارێزگای هەولێر لە هەرێمی باشووری كوردستان هێرشیان كردە سەر هێزو كاربەدەستانی بەریتانیا ، لە ئەنجام كابتن – های – بەرپرسی بەریتانی داگیر كەری خاكی كوردستان بریندار كرا .

١٩٢٠/٨/١٤ شۆڕشگێڕەكانی شارۆچكەی خانەقین و دەوروبەری لەهەرێمی باشوری كوردستان ، توانیان ناوچەكە ڕزگار بكەن لەژێر دەستی خاوەن كۆمپانیەكانی نەوتی بەریتانیا و فەرەنساو ئێران و پەرەیان بەڕاپەڕینەكەدا لەبواری هێزی چەكداری لە ناوچەكەدا .

١٩٢٠/٨/١٦ هێزە چەکدارە کوردەکان هێرشیان کردە سەر وێستگەی شەمەندەفەری خانەقین ، کە هێزەکانی کۆلۆنێل لاکیتی تیا بوو لە ئەنجام ١٥ چەکداری کورد شەهید بوون .
لەهەمان کات هێرشی هێزەکانی بەریتانیا بەسەرکردایەتی – ب ئەدوارد– ناردە ناوچەکەو لە ئەنجام ٢٠٠ چەکداری کورد توانیان ڕێگە لە هێزەکانی سووپای بەریتانیا بگرنو پاشەکشەیان پێبکەن لە ناوچەکەدا .

١٩٢٠/٨/٢٠ لەدوای بەسەرچوونی ماوەیەك لە مۆرکردنی پەیمانی یەکگرتن لە نێوان هەردوو وولاّتی مالیو سەنیگال ئەو یەکیەتیە بە هۆی بوونی کێە و ململانێ هەڵوەشێندرایەوە ، لە وولاّتەکانیاندا .

١٩٢٠/٨/٢٠ سەپاندنی پەیمانی سیڤەر بە سەر ڕژێمی تورکیا ، کە سێ بەندی مافی چارەی خۆنووسی بۆ گەلی کوردو کوردستان لەخۆ گرتبوو.
بەلاّم ڕژێمی نوێی تورکیا بەسەرکردایەتی کەمال ئەتاتورك ئەو کارەی جێبەجێ نەکرد بەئامۆژگاری بەریتانیاو هاوپەیمانان ، کە دەسەلاّتی بەریتانیا سەرکردایەتی بیروو بۆچوونەکانی دابەشکردنی کوردستانی گرتبووە دەست لە کێشووەرەکەدا.

١٩٢٠/٨/٢٢ ڕاپەڕینی جەماوەری شارۆچکەی کفریو دەووروبەری لە باشووری کوردستان بەسەرکردایەتی – ئیبراهیم خانی دەلۆ– کاردانەوەی کاریگەری باشی هەبوو ، لە پشتگیری کردنی هەولەکانی شێخ مەحمودی حەفید لەناوچەکەدا .

١٩٢٠/٨/٢٤ لە دوای بەرپابوونی ڕاپەڕینی ناوچەی کفری ، کە ئەنجامی بووە هۆی ڕزگارکردنی شارۆچکەکەو دەووروبەری ، کە سەر بەپارێزگای کەرکوك لە باشووری کوردستان بوو ، لەلایەن شۆرشگێرە چەکدارەکانی ناوچەکە بەسەرکردایەتی ئیبراهیم خانی دەلۆو وەیسی بەگ لە ناوچەکەدا.

١٩٢٠/٨/٢٤ کۆچی دوایی هونەرمەندی شێووەکاری ئیتال– ئەمادۆمۆدلیانی– لەشاری ئوسکانای ئیتالیادا.

١٩٢٠/٩/٨ دامەزراندنی – ئەنجوومەنی گەلانی ڕۆژهەڵات لە ، پێناو کارو ڕاگەیاندن – لە شاری باکۆ ، لە ئەنجامی گرێ دانی کۆنگرەیەك کە ئەو ئەنجوومەنە بەسترابۆوە بە لیژنەی جێ بەجێکردنی ئومەمیەی شیوعیەکان ، کە ڕاگەیاندنەکانی هەمووی بانگەوازبوو بۆ گەلانی ڕۆژهەڵات و چینەکانی هەژار لەم وولاتەو لە جیهاندا .

١٩٢٠/٩/٨ جێگری دادوەری گشتی بەریتانیا لە ئێراق – ئارنۆڵد ویلسن– لە گەڵ شاندێك بەرەو پارێزگای هەولێر لە باشووری کوردستان بەرێکەووت ، بەهۆی ئاڵۆزی باری ناوچەکە و لەپێناو هێوور کردنەوەی بارودۆخەکەدا .

١٩٢٠/٩/١٠ دوای هەرەس هێنان و ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەرکەووتنی شۆرشی بەلشەفی لە ڕووسیاو سەرکەووتنی هاوپەیمانان و تەوەری شەڕکەر و گوونجانی بارودۆخێکی نوێی دابەشکردنی جیهان لە نێوان وولاتانی سەرکەوتوو لە هەموو بوارە جیاجیاکان، بەتایبەتی لەو وولاتانەی کە بەرەو دامەزراندن هەنگاویان دەنا وەك وولاتانی عەرەبی لەوانەش – ئێراق و تورکیا و سووریاو ئێران – کە خاکی کوردستان بەرەو دابەشکردن هەنگاوی دەنا لە نێوان ئەو چوار دەووڵەتەو پێکهێنانی ئەم چوار دەووڵەتە لەسەرخاکی کوردستان بەگەل و بە خاك لە گەڵ نەتەوە دانیشتوانە ڕەسەنەکانی دیکەی خاکی کوردستان.

لەوانەش دروست بوون و دەرکەوتنی ڕێکخراوی شۆرشگێری و جەماوەری دژی ئیستیعمار. کە لە مانگی/٥/١٩٢٠ ڕێکخراوەیەکی رامیاری سەری هەڵدا کە پەیوەندی بەهێزی هەبوو لەگەڵ – سووپای سەوز – کە دروشمی تێکۆشان دژی ئیستعمار و دەرەبەگ .

ئەم رێکخراوەیەش لە برژوازی بچووك و کاسبکار و چینی کرێکارو جووتیار پێك هاتبوو. سەرەرای بوونی بروای ئیسلام وگونجانی لەوکات بەداواکانی کۆمۆنیستی و بە چەسپاندنی یەکسانی و دادپەروەری... سووپای سەوزیش– ئامانجی دەرکردنی ئیمپریالیزم بوو لە ئاسیاو تێکۆشان دژی هەموو جۆرە بیرووبۆچوونێکی ئیمپریالیزمی بوو لەم کێشووەرەدا.

هەروا سووپای سەوزیش – لە راگەیاندنەکانی چەسپاندنی هاوکاری لە نێوان خۆیی و سووپای سووری سۆڤیەتی دەرکردو داوای پێکهێنانی حکوومەتێکی جەماوەری لەتوریکا دەکرد...ئەم بیرووبۆچونانەش لە تورکیا

جێگەی خۆی کردەوە بە تایبەتی لە باکووری کوردستان.
ئەوەبوو سوپای سەوز. لایەنگرەکانی لە پەرلەمانی نیشتیمانی تورکیا کە ٨٥ نوێنەری هەبوو بەناوی – خەلق زومرسی – کۆمەڵەی میللی – دوای ئەو هەموو رووداوو گۆرانکاریانە لەناو سووپای سەوز کۆمەڵەکە لەمانگی ١٩٢٠/٦/ دەرکەووتن بەسەرکردایەتی پزیشکێکی بەیتەری – سالح حاجی ئوگلو – کە داوای جێ بەجێکردنی تیئۆری سۆشیالیستی زانستی دەکرد... لایەنگرانی سووپای سەوز پەرەی سەند هەتا لەناو سووپای نوێ رژێمی تورکیا.
دوای ئەو هەموو رووداو گۆرانکاریانە و سەرهەڵدانی جووڵانەوەیەکی بەهێز لەتورکیا چ لە نەتەوەو چ لەبیرووبۆچوونەکان و چینەکانی دیکەی تورکیا بەگشتی و باکووری کوردستان بە تایبەتی، بەهۆی مەترسی دابەشبوونی خاکی کوردستان بەشێووەو شێوازێکی نوێێ پر لە مەرگەسات.
لەم کات و ساتەدا کۆنگرەی رێکخراوە کۆمۆنیستیەکان گرێدرا لە مانگی/ ٩/١٠ بە ئامادەبوونی /٣٤ راوێژکار کە نوێنەرایەتی ١٦ رێکخراویان دەکرد... دوای ئەو کۆنگرە پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆی پارتەکەی دارشت لە سەر رۆشنایی ئۆمەمیەتی سێیەم و رێکخراوی کۆمۆنترین لە وولاتەکەدا.
سەرچاوە :– تاریخ تورکیا المعاصر...داناني كۆمەڵە توێژەنەرێکی سۆڤیەت.

١٩٢٠/٩/١٤ کۆچی دوایی شۆرەسواری ناوداری نەتەوەیی و نیشتمانی و دزەییایەتی ئیبراهیم بایز ئاغای مەخمووری... شایانی باسە ئەم کەسایەتیە بەرگری تەواوی لەناوچەی مەخموری سەر بەپارێزگای هەولێر لە باشووری کوردستان دەکرد ، لە بە عەرەبنەکردن و لە زێنەپەرینەوە بۆناوچەی مەخمور .
بەڵام بارودۆخ و کۆچی دوایی ئەو کەسایەتیە ، باری دیمووگرافیای ناوچەی مەخموری گوری و بەعەرەب کردن دەستی پێکرد ، لە لایەن رژێمی نووێی شانشینی ئێراق بەپشتیووانی و یارمەتی بەریتانیا لە قەزاکەدا.

١٩٢٠/٩/١٥ دەست پێکردنی راپەرین لەناوچەی بادینان لە باشووری کوردستان دژی هێزەکانی سووپای بەریتانیا.

١٩٢٠/١٠/١ بنەماکانی یاسای نێوودەووڵەتی دان پێنراو ، کە دەستگیر دەبێ بە بەشێکی جیاواز نەکراو لەیاسای ئەڵمانی . کە هەمان ماددە لە دەستووری نەمسادا

هاتیه.

١٩٢٠/١٠/١ دامەزراندنی – های بەریتانی– بەدادوەری گشتی لە سەر پارێزگای هەولێر بە نووێنەری بەریتانیا لە باشووری کوردستان.



السيد برسي كركس لدى اختيار الملك فيصل الاول ملكا على العراق
(١١ – ٧ – ١٩٢١)

الملك فيصل الاول

١٩٢٠/١٠/١١ نووێنەری رامیاری بەریتانیا لە ئێراق – سیربرسی کۆکس– بۆ یەکەم جار گەیشتە شاری بەغداو دامەزراندنی بە نووێنەری سامی بەریتانیا لە سەر حکوومەتی نوێی شانشینی لە ئێراق .

شایانی باسە لە ١٠/٥ هەمان ساڵ هەمووکارێکی پێشوازی لێکردنی بۆ ئامادە کرابوو لە شارەکەدا .

دوای ئەوە لەلایەن کەسایەتی و سەرەك عەشیرەتەکان پێشوازی لێکراو هەروا شاعیرو فەیلەسوف – جەمیل سدقی زەهاوی – بەوتەیەك پێشوازی لێکرد.

جێگەی ئاماژەیە کە نووێنەری بەریتانیا ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لەهێنانی بەدەیا هەزار خێزانی عەرەب لەبیابانی دوورگەی عەرەبی بۆ ئێراق و بە تایبەتی باشووری کوردستان

لە گەڵ ئەوەشدا ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری مەندووبی سامی پێك هاتبوون لە . ١- ئەلسرکارتەر- داد . ٢- کۆلۆنێل هاول – دارایی. ٣- میجەر بۆلارد- کار. ٤- مستەر فلبی- ناوخۆیی . ٥- کۆلۆنێل سلیتر- یاردەردەری دارایی. ٦- ئەلمس بیل- سکرتێری ڕۆژهەلات لە دیووانی ناوبراو پێکراوی بەرینانیا ، کە ئەمانەیە سەرکردایەتی کۆکس ڕۆڵی گرنگیان هەبوو لە باری ئێراق ، هەروا لە ١٠/٢٥/هەمان ساڵ یەکەم کۆبوونەوەیان گرێدا لە شارەکەدا.

١٩٢٠/١٠/ ١٧ نووسەرو ڕۆژنامەنووسی بەریتانی – لۆرد کیلبراکین جۆن ڕایمۆند – چاوی بە جیهان هەلهێناوە. لە ئارلەندەی باکوور ژیانی بەسەر بردووە، دوای ئەوە بروانامەی ماستری لە زانکۆی ئۆکسفۆرد بە دەست هێناوەو دوای ئەوەش لە هەمان زانکۆدا بروانامەی دکتۆرای فەخەری داوەتێ.
جێگەی باسکردنە کە لۆرد کیلبراکین سەرەتا فرۆکەوان بوو لە نێوان ساڵەکانی ١٩٤٠--١٩٤٥ و گەیشتە پلەی نەقیب لە فرۆکەوانیدا، هەروا فرۆکەوانی دەریایی و فەرماندەی هەردوو تیپی ٧١٤ و ٨١١ ی ئەو هێزە.
دوای جەنگی دووەمی جیهان دەستی لە کاری سەربازی هەڵگرت و بووە پەیامنێری ژمارەیەك لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی بەریتانیە بەناوبانگەکان، وەك ڕۆژنامەی – دەیلی میرەر لە نێوان ساڵەکانی ١٩٤٧- ١٩٤٩ داو ڕۆژنامەکەی



– سەندی تێکسپریس – لــە نێـــوان ســـاڵەکانی ١٩٤٩– ١٩٥١دا.

دوای ئــەوە لـــە نێـــوان ســـــــاڵەکانی ١٩٥١ – ١٩٦٦دا وەك رۆژنامـــــــەنووس و وێنــەگرێکی ســەربەخۆ کـــاری کـــردووەو زۆر بابـــەتی لـــە گۆڤـــارو تەلەفزیۆنـــــــەکانی بـــەریتانیا و وولاّتـــە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و وولاّتانی دیکە بەرهەمەکانی بلاّودەکردەوە. هـەروا لــە ســاڵی ١٩٤٠ ژمارەیــەك کتێبـــی بلاّوکردۆتــەوە، وەك –تەنانــەت بــۆ سەعاتێکیش بێـت کـە بریتیە لـە هونراوەکـانی – ئـەوەی دواتـرم پـێ بلـێ– نامەکانی بەرەبەیانی نیوزیلەندا– ژیان وەك لۆردێك – لەگـەڵ چەندین کتێبی دیکەدا.

دوای ئەوە کیابراکین لە ساڵی ١٩٥٣ بووە ئەندامی پارتی لیبرالی و لە ساڵی ١٩٦٦ بووە ئەندامی پارتی کرێکارانی بەریتانیا و نووێنەر لە پەرلەمان. لۆرد کیلبرکین دۆست و عا شقی کوردو کوردستان بووە،

لە ساڵی ١٩٦٦ دووجار سەردانی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانی کردووە لە هەرێمی باشووری کوردستان و لە ساڵی ١٩٧٥ بۆ ماوەی ١٥ ساڵ ئەندامی کۆمەڵەی دۆستایەتی بەریتانا– کوردبووە.

بەداخـەوە ئـەم کەسایەتیە رۆناکبیرو دۆستەی کورد لـە ٢٠٠٦/٨/١٤ کۆچی دوایی کرد.

تێبینی:– بروانە لاپەرە/٥١٠ لە کتێبی کوردوکوردستان لە بەلگەنامەکانی بە ریتانیا– کەمال مەزهەر.

١٩٢٠/١٠/١٩ لە دایك بوونی گەوورە شاعیری ناوداری نەمساو جیهان – ئارنست هێربیك

- لەشاری شتوکاروی سەر بەهەرێمی نزمایەکانی نەمسا... شایانی ئاماژە پێکردنە کە شاعیری ناوبراو لە ١٩٩١/٩/١١ ، کۆچی دوایی کردووە لە وولاتەکەیدا .

١٩٢٠/١٠/٢٠ رزگار کردنی هەردوو ناوچەی - قانگای و ، دیڤریگ - لە باشووری کوردستان ، لە لایەن هێزە چەکدارە کوردەکان لە ژێر دەستی هێزەکانی سووپای بەریتانیا لە ناوچەکەدا .

١٩٢٠/١٠/٢٠مۆرکردنی رێکەووتننامەی کۆتایی هێنان بەکێشەی نێوان فەرەنساو دەسەلاتی تورکیا ، ئەویش بە بەجێ هێشتنی ناوچەی - کلکان - لەلایەن فەرنسا بۆ تورکیا لە ناوچەکەدا .

١٩٢٠/١٠/٢٥مەندووبی سامی بەریتانیا لە ئێراق - پرسی کۆکس- یەکەم ئەنجوومەنی وەزیرانی بە سەرۆکایەتی - نەقیب عەبدولرحمان گەیلانی- لە ئێراق دامەزراند لە شاری بەغدادا .

١٩٢٠/١٠/٢٦ مەندووبی سامی بەریتانیا لە ئێراق- کۆکس- راگەیاندنێکی بۆ هەموو مەزهەب ئایین و تیرەو نەتەوەکانی ئێراق بلاو کردەوە .

کە بریتانیا گەراوەتەوەو حکوومەتێکی نیشتمانی پێك هێناوە لە هەموو گەلانی ئێراقدا.

١٩٢٠/١٠/٢٧ جەماوەری ناوچەی گەرمیان دەستیان کرد بە راپەرین بەسەرکردایەتی - ئیبراهیم خانی دەلۆ- لەدژی هێزەکانی سووپای داگیرکەری بەریتانیا لە باشووری کوردستان.

١٩٢٠/١١/٢ گرێـــدانی یەکـــەم کۆبوونـــەوەی ئەنجوومـــەنی وەزیـــران لـــە مـــاڵی کەسایەتی ناوداری کورد و ئێقی بـەرەو دامەزرانـدن ، شێخ نـەقیب گـــەیلانی، ئـــەویش بـــەهۆی نەخۆشـی و دەرچوونی لەماڵەکەی بە دەگمەن نەبێت .
دوای ئەوە عەبدولرەحمان نەقیب گـەیلانی وتەیـەکی خوێندنـەوە ، بـە داوا کـردن لـە ئەنجوومـەنی وەزیـران بەراپەڕانـدنی کاروبـاری ئێراقی نوێ ، بەسەرپەرشتی نووێنەری سامی بەریتانیا کۆکس لە ئێراقدا.

١٩٢٠/١١/٧ یەکـەم راگەیانـدنی منـدووبی سـامی بـەریتانیا - کـۆکس - بـوو لـەدوای دامەزراندن و دابین کردنی و ئاگادارییەکان ، ئەویش بە ئاگادار کردنـی هەموو گـەلانی ئێـراق ، لـەپێناو دامەزرانـدنی حکوومـەتێکی ئێراقـی بەسەرپەرشـتی بەریتانیا ، لەرێگای کۆنگرەیەکی گشتی گەلی ئێراق... بەڵام مافی کورد تەنیا لەسەر لاپەڕەکان تۆمار دەکرا.

١٩٢٠/١١/٩ بـاوکی پاپـای فاتیکـان پاپـا بیندیکتی شانزدەهەم ، لە رێگای بڵاوکردنـــەوەی ئاگـــاداری . لـــە رۆژنامەکانی ئەڵمانیا ، کە سەر بە کاســـۆلیکەکان بـــوو ، ئـــەویش بەدووجار لەپێناو بەدەستهێنانی ئافرەتێکی لێهاتوویۆ ئەوەی ببێ بـە هاوسـەری . بـەپێی هـەواڵی رۆژنامەکـە - بیلـدام زونتـاژ - دووپاتی کردۆتەوە کە جۆزێف رابسینگری باوکی پاپا .
کـە دوو راگەیانـدنی بڵاوکردۆتـەوە بەگـەڕان بـەدوای ژنێـك تـاکوو لـە سـاڵی

١٩٢٠ توانی – ماریا باینتز– بدۆزێتەوەو دوای ئەوە بووە خێزانی ، ئەویش لە راگەیاندنی دووەمی لەگەڵ ماریای دایکی پاپا یەکتریان ناسیی و لەم رۆژەدا بوونە هاوسەری یەکتری ، دوای ئەوەی بەردەوام بوون لە ژیانی هاوسەریەتی بوونە خاوەنی – ٣ – منداڵ یەك لەوانە پاپای ئێستای فاتیکانە .

کە تاکو ئێستا پاپا بیندیکتی شانزدەهەم ئەو راگەیاندنانەی کە باوکی بڵاوی کردۆتەوە بەبەردەوامی دەیخوێنێتەوە.

١٩٢٠/١١/٩ لە دوای سەرکەووتنی شۆڕشی بەلشەفیەکان لە ڕووسیای قەیسەری، بە لشەفیەکانی ئەرمەنستان دەسەڵاتیان گرتە دەست و کەووتنە ڕاست کردنەوەی هەڵەکانی ڕابردویان لە وولاتەکەدا ، هەر ئەو ساڵە ئەلف و بێی تایبەتیان بۆ زمانی کوردی داناو یەکەم کتێبی کوردی بۆ خووێندن لە قوتابخانەکەیان بەناوی – شەمس– بەچاپگەیاند.

١٩٢٠/١١/١٠ بڵاوکردنەوەی پرۆگرامی رێنماییەکانی دەستەی کارگێری ئێراق لەلایەن دووەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران بەسەرپەرشتی کۆکس ، کە پرۆگرامەکە لەلایەن – مستەر فلبی– ئامادە کرابوو ، کە لە ١٤ خاڵ پێکهاتبوو ، لە دوای پەسەند کردنی پرۆگرامەکە لە گەڵ چەند دەستکاریەکی ورد وەك یاسایەکی بنەڕەتی رژێمی نوێێ ئێراق دەستگیر بوو پێی تاکوو کۆتایی هاتنی ئینتدابی بەریتانیا لە سەر ئێراق لە ١٩٣٢/١٠/٣ ، ئەویش بەراگەیاندنی سەربەخۆیی ئێراق بەدەرچوونی لەژێر ئینتدابی بەریتانیادا.

١٩٢٠/١١/١١ لە ئاهەنگی یادکردنەوە بە سەر تێپەر بوونی دوو ساڵ بەر کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی . وەزیری بەرگری فەرەنسا – مسیۆ ماگینۆ – خاوەن هێڵی بەرگری بەناوبانگ – هێڵی ماگینۆ – لە نێوان فەرەنساو

ئەلمانیا، داوای لە یەکەی سووپا کرد بە هێنانی تەرمی هەشـت سـەربازی فەرەنسا کە نە ناسراوبن و لـە جـەنگ کووژرابن و بە بەکۆمەڵ بنێـژرێن لـە قەلای فەردان، بۆ رێزگرتن لەو کارە پیرۆزەدا چەندین سەربازیان لەوێ ئامادە کرد و بە رێزبوونیان بۆ ئەوەی سلاوی سەربازیان بۆ ئەنجام بدرێت.

لەوکاتەشدا ماگینۆ بە خۆی ئامادە بوو و بچووکترین سـەربازی خۆبەخشی دەسـت نیـشان کـردوو تاجـە گولینەیـەکی جوانی دایـە دەسـت بـۆ ئـەوەی بـە ئارەزووی خـۆی لـە سـەر لـە تابووتـەکانی سـەربازە نەناسـراوەکان دابنێـت و پێـووت :- ئـەو تەرمـەی تاجـە گولینەکـەی لەسـەر دادەنێیـت بـۆ هەتهەتایـە دەبێتە تەرمی - سەربازی وون - واتە دەبێتە هیمای پاڵەوانیـەتی یـەك ملیـۆن وونبـووی سـەربازی فەرەنـسا کـە گیـانی خۆیـان لـە پێنـاو نیـشتیمانەکەیان بەخت کرد.

لـە دوای ئـەکارە نـشتیمانپەروەرەیە و چـاولێکردنی بـەریتانیاو ئەمـەریکا لـە یادکردنـەوەی رۆژی ١١/١١ی هـەموو سـالێك چاویان لـە فەرەنـساکرد، کـە لـە ئینکلتـەرەوە شـاژنی بـەریتانیا لـە کاتـژمێر ١١/ لـە رۆژی ١١/١١ ی هـە مـوو سـالێك بـە جـل وبـەرگی سـەربازی لـە گـەڵ شـازادەو وەزیـرو سـەرکردەکانی سـەربازی وگەلەکەشـتی بـەریتانیاو پیـاوانی کلێـساو نووێنـەرانی هـەموو وولاّتان و جەماوەرێکی زۆر لە شاری لەندەنی پایتـەختی بـەریتانیا لەبەردەم پەیکەری یادەوەری رێزدەبن.

لەو رێورەسمەدا شاژن بە خۆی تاجە گولێنە لە سەر گـۆڕی - سەربازی وون- دادەنێـت. دوای ئـەو هـەنگاوە پـیرۆزەی فەرەنـسا چـەندین وولاّتـی دیکـە لـە جیهـان روویـان تێکـرد، وەك یەکییـەتی سـۆڤیەت و ئـەلمانیا وولاّتـانی دیکـە، لەوانـەش لـە ئێـراق، کـە لـە سـالّی ١٩٦٠ لـە لایـەن دەسـەلاّتی کۆمـاری ئێـراق پەیکـەرێکی یـادەوەری بـۆ - سـەربازی وون - ی ئێراقـی لـە ژێـر کوانەیـەکی گەوورە لە گۆرەپانی شەقامی سەعدوون - فردۆسی ئێتا - دروستکرد.

ئەویش بـە مەشـخەلێکی داگیرسـاوی بـەردەوام لـە نـاوە راسـتی گۆرەپانەکـەدا، بەلاّم ئەو پەیکەرە لە لایەن رژێمـی بـەعس لـە ئێـراق رووخێنـدرا و لـە شـووێنی ئەوپەیکەرە، پەیکەرێکی گەوورەی دیکەی لەسەر شێووەی گـۆرێکی کـراوە لـە دوو لاوە دروسـتکرا بـە نـاوی پەیکـەری شـەهید لـە شـاری بەغـدای پایتـەختی

ئێراق.

سەرچاوە:- www.algeeran.net

١٩٢٠/١١/١٥ مەندووبی سامی بەریتانیا لە ئێراق – بیرسی کوکس– خۆی سەرپەرشتی کاروباری کوردستانی گرتە دەست ، بە جیا لە گەڵ وویلایەتەکانی دیکەی بەغداو بەسەرە ، ئەویش بە هۆی بوونی جیاوازی لە بوارەکانی :– مێژوو زمانو خاکو دابو نەریتو کەلتوور ، لەگەڵ نەتەوەی عەرەبی هاوردەو نیشتەجێ کردنیان لە ئێراق بە زۆری زۆردار بەرەو دورستکردنی دەووڵەتی ئێراق لە هەرێم و ناوچەکەدا .

١٩٢٠/١٢/٣ بەپێی رێکەووتنامەی – ئەلیکسەندەر پۆڵ – رژێمی تورکیا پارێزگای قارسو ئەردەهانی خستەوە ژێر دەسەلاتی خۆی ، بەڵام پارێزگای باتۆمی لە دەست داو ، ئاواتی ئەرمەنەکان لە پەیمانی سیڤەر دیاریکرا ، بە لە گۆڕنانی مافەکانی کورد لە باکووری کوردستان .

١٩٢٠/١٢/٩ لە دوای مۆرکردنی پەیمانی سیڤەرو پێدانی شێووەی یاسایی دیاری کرد ، لە رێکەووتنامەی – سان ریمۆ– لە ٤/٢١ ی هەمان ساڵ بە رژێمی ئینتداب ، جا بەپێی ئەو رێکەووتنە ناوچەی وولاتی نێوان دوو زێ – میزۆپۆتامیا – و دوایی ئێراقی دروست کراو لە ژێر ئینتدابی بەریتانیادا .

ئەویش بەپێی راپۆرتەکە لەم رۆژەدا بەدیاری کردنی ماددەی/٦ لە رێکەوتننامەکە ، کە بەندە بەمافی کورد لە هەرێمەکەدا... کە هیچ برگەو مادەکە ، کە رێگەگر نییە لە پێش دامەزراندنی دەووڵەتی سەربەخۆی کارگێری کوردی لە هەرێمەکانی کوردستان. ئەویش بەر لە دامەزراندنی وولاتە دامەزرازەکان .

١٩٢٠/١٢/٢٠ سەرکردەی پارێزگای دەرسیمو دەووروبەری – دێرسیمی– لەباکووری کوردستان لەلایەن هێزەکانی سووپای تورک دەستگیر کرا.

١٩٢٠/١٢/٢٢ بەریتانیاو فەرەنسا گەیشتنە رێکەووتن ، ئەویش بە دارشتنی نەخشەی دیاریکردنی سنووری نێوان سووریاو ، لوبنانو ، فەلەستینو ، ئوردنو ، ئێراق .

ئەویش بەپێی ناوەرۆکی پەیمانی سایکس – بیکۆ ، بەجێ بەجێکردنی سەر لە نوێ لە سەر وێنەی ناوچەدا ، کە لە لایەن هەردوو وەزیری دەرەوەی بەریتانیا – هاودنگ– و فەرەنسی – بیج – ئەنجام درا لەسەر خاکی

رەسەنی گەلانی کێشوەرەکە ، بە تایبەتی لە سەر خاکی گەلی کوردستان .

١٩٢٠/١٢/٢٣ رابەرو دامەزرێنەری یەکیەتی سۆڤیەت– لینین – دەڵی:–
لەو کاتەی کە ڕووسیا تۆڕێکی چڕ لە مەڵبەندەکانی کارەبا لە وولات دابپۆشێ بە دامەزراوەکانی تەکنیکی بەهێز ، ئەو کاتە ژێرخانی ئابووری کۆمۆنیستی دەبێتە نموونەیەك لە ئەوروپا لە داهاتوودا ، نموونەیەك لە ئاسیای سۆشیالیستی لە داهاتوودا .
لە دوای راپەرینی بەهاری ١٩٩١ ، باری کوردستانی ئێمەش زۆر لەبارو گوونجاوە بۆ بەکارەباکردنی کوردستان ، نەك شارو شارۆچکەو گوندو دۆڵەکان ، بەڵکوو هەتا شاخە بەرزەکانی وڵاتەکەمان.

١٩٢٠/١٢/٢٣ مۆرکردنی رێکەووتننامەی نێوان فەرەنساو بەریتانیا ، کە هەردوو وولات دامەزرێنەری وولاتەکانی سووریاو ئێراق و وولاتانی دیکە بوون لە سەر خاکی کوردستان .
ئەویش بە مەبەستی چۆنیەتی رێکخستنی ئاوی دیجلەو فورات و چۆنیەتی بەکارهێنانی ئاوەکەی لە پرۆژەکانی کشتووکالی ، ئەویش بە پێکهێنانی لێژنەی تایبەت بە بڕیاری بەریتانیاو فەرەنسا لەم بوارەدا .



جێگەی ئاماژە پێکردنە کە ئێراقی نوێی دروست کراو لە سەر خاکی گەلانی ئێراق بەتایبەتی گەلی کردستان و خاکی کوردستان ، هیچ رووباروو زێیەکی نێوودەوڵەتی تیا نەبووە ، بە هۆی بوونی دەسەلاّتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ، کە هەمووی لە ژێر دەسەلاّتی سنوورەکەی بووە بە کوردستانیشەوە .

بەلاّم لەدوای دروستکردنی دەوڵەتی ئێراق ، بە تایبەتی هەردوو زێی دیجلەو فوورات بوونە زێی نێوودەوڵەتی... جگە لە زێیەکانی زێی گەورەو زێی بچووک ودیالە . کە ئەمانەش بە ناو خاکی کوردستان و لە خاکی کوردستان هەڵدەقوڵێن.

بەلاّم هەردوو زێی دیالە و زێی بچووک ، لە خاکی ئێران هەڵدەقوڵێن و بە خاکی کوردستاندا دێنە خوارێ بۆناو خاکی ئێراق .

واتە لە ناوەراست و باشووری ئێراق تێ کردنەوەی لە هەردوو زێی دیجلەو فورات ... کە زێی فورات لە شاخەکانی ئارارات لە باکووری کورستان لە

ناوچەی – فوورات سوو – و – موراد سوو – لە ناو خاكی شاری – كیان – دێتـە خـوارێ و مـاوەی ٤٢٠ كیلۆمـەتر بـەناو خـاكی توركیـادا دەروات و دەچـێتەوە نـاو خـاكی دەوڵـەتی سـووریای دروسـتكراو بـە هـەمان شـێوەی ئێراق لە نزیك شاری – جرابلس – لەماوەی ٤٨٠ كیلۆمەتردا .

هەروا لەم نێوانەش سێ لقی لێدەبێتەوە ئەویش – ساچور و بەلیخ و خابوور – و لە تەك شاری – حەسیبە – دەكەوێتە ناو خاكی ئێراق بە درێژی ١٢٠٠ كیلۆمەتر ، كە نزیكەی ١,٥٢ ی درێژی زێیكەیە . لە ناوچەكەدا ، هەروا ئەم زێیـەش بـە باشـی بـەكار نەدەهێنـدرا ، بـەڵام دوای هەڵوەشـاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دامەزراندنی هەرچوار دەووڵەتی توركیاو ئێران و سووریاو ئێراق بە هۆی جەنگی یەكەمی جیهان .

ئەم زێیانەش لە نێوان سێ دەووڵەت دابەشكران ئەویش :– توركیا سووریا و ئێراق بوون ... كە ئەمەش بووە هۆی گۆڕینی شێوەی زێی فوورات ، دوای ئەوە لە ساڵی ١٩١٨ بووە زێیەكی نێوودەووڵەتی و بووە زێیەكی گرنگ ، ئەویش بە سەر هەڵدانی كێشە لە سەر ئاوی زێی فوورات ، بە تایبەتی لە نێوان ئەو سێ دەووڵەتە لە ناوچەكەدا .

هەروا لە ماددەی /٣ ی ئەم ڕێكەووتنە ، كە فەرەنسا هەڵسا بە ئاودێر كردن و پرۆژەئاو لە سەر ئەو زێیە ، دەبێتە هۆی كەم كردنەوەی ئاوی فوورات لە دوای چوونە ناو خاكی ئێراق . ئەویش بە پێك هێنانی لیژنەی تایبەت بەم كـارە كـشتووكالیە و ئاودێریـە لـە نێـوان ئێـراق و توركیـا و سـووریا بـە لێكۆڵینەوە لە سەر پرۆژەی فەرەنسادا .

هـەروا دوای دروسـتكردنی ئـەم دەووڵەتانـە بـە تایبـەت ئێـراق و سـووریا ڕەزامەنیان لە سەر بەندەكانی پەیمانی لۆزان ١٩٢٣/٧/٢٤ ، كرد بە تایبەتی بەندی /١٠٩ لە ڕێكەوتننامەكەدا .

١٩٢١

١٩٢١/١/٦ لـە دوای دامەزرانـدنی دەووڵـەتی ئێـراق ، دامەزرانـدنی سـووپای ئێـراق لـە پێكهاتـەكانی گـەلانی ئێـراق ، بـەڵام دوای ئـەوە ئـەو سـووپایە بـووە سـووپای دەسـەڵاتە یـەك لـە دوای یەكـەكانی ئێـراق ، بـە تایبـەتی لـەدوای كودەتـای بەعسیەكان لە ١٩٦٣/٢/٨ ، كە بووە هێزێكی دژ بەگەلانی ئێراق ، بەتایبەتی گەلی كوردو خاكی كوردستان ، تا ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣/٤/٩ ،

بە هەڵووەشاندنەوەی هێزی سووپاو هێزە ئاسایشەکانی دیکەی ڕژێمی بەعسی لە ئێراق ، لەلایەن دادوەری گشتی هاوپەیمانان – پۆڵ پریمەر – لە ئێراقدا .

١٩٢١/١/١٠ بڵاو بوونەوەی وتاری هەندێ لە وردبوونەوەو سەرنج ، لە سەر باری کورد لە کوردستان لەلایەن – ب –نیکتن- لە گۆڤاری Mercure De Erahce لە پێناو بەرەو چارە سەر کردندا .

١٩٢١/١/٢٤ ئەنجوومەنی ئاشتی وولاتانی هاوپەیمان لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا ، کۆبوونەوەو بڕیاری داواکردنی نووێنەری تورکیای بلاو کردەوە ، بۆ بەشداری کردن لە کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجوومەنەکەدا ، ئەویش لەپێناو یارمەتی دانی ڕژێمی نوێی تورك و چەسپاندنی و بە ئازاردانی کوردو دابەش کردنی نیشتمانەکەیان لە سەر خاکی کوردستاندا .

١٩٢١/٢/٦ هەرێمی ئێرلەندی باشوور سەربەخۆیی خۆی بە جیابوونەوە لە ئێرلەندەی باکوور ڕاگەیاندو ئیرلەندەی باکوور لە ژێر دەسەلاتی شانشینی بەریتانیا مایەوە تاکۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ دا لە کێشووەرەکەدا .

١٩٢١/٢/١٢ گرێدانی کۆنگرەی لەندەن ، بەڵام دوای دوو هەفتە کۆنگرەکە هەرەسی هێنا ، ئەویش بە هۆی هەلوویستی شۆڤێنی نووێنەری ڕژێمی تورکیا- بکر سامی- و گەڕانەوەی نووێنەری تورك بۆ تورکیا و ڕاگەیاندنی هەلوویستیان بەرامبەر بە کۆنگرەی لەندەن.

١٩٢١/٢/١٦ لە دوای دەست کێشانەوەی مشیر دەولە لە حکوومەتەکەی لە ئێران سەیاهدار حکوومەتێکی نوێی لە ئێران دامەزراند ، لە سەر ئەو وەزیرانەی پێشوو ، بەڵام ئەو حکوومەتە چەند ڕۆژێکی خایاندو رووخێندرا . بەهۆی کودەتا بەناوی –حووت- بەپێی ڕۆژنامەی فارسی لە٢/٢١ هەمان ساڵدا .

ئەو کودەتایەش زیاتر بووە هۆی بەهێز کردنی دەسەلاتی شارەزا بەهلەوی لە سەر گەلانی وولاتی فارسی لە ئێران .

بەتایبەتی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و مامەلە کردن بە ئارەزووی خواستەکان لە دەسەلاتدا .

١٩٢١/٢/٢١ بەستنی کۆبوونەوە لە نێوان نووێنەری بەریتانیا- سەن جێمس-و نووێنەری ڕژێمی تورکیا لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا ، لە پێناو دژایەتی کردنی

کـورد لـە بـاکووری کوردسـتان و داهـاتوی ناوچـەکە بـەهۆی ترسـی دوا ڕۆژی ڕژێمی تورك لە بەهێز بوونی بزووتنەوەی ڕزگایخوازی کورد لە کوردستاندا .


شاری سلێمانی لە سەردەمی بزووتنەوەی شێخ مەحمود

١٩٢١/٢/٢٢ بـەپێی نووسـراوی سـکرتێری منـدووبی سـامی لـە ئێـراق کـۆکس بـە ژمـارە/٣٣٣٠ بەنـد بـوو بـە کاروبـاری کـارگێری لـە شـاری سـلێمانی لـە باشووری کوردستان ، کـە ئەنجوومـەنی وەزیرانی ئێراق بەکۆی دەنگ بڕیاریـدا بـەژێر خستنە پارێزگای سلێمانی بۆ ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی شایەتی لە ئێراق .
ئـەویش بـەهۆی گرنگـی جێگـەو هەڵکەوتـەی جـووگراف شـاری سـلێمانی و بەسـتنەوەی پەیووەنـدی ئـابووری و رامیـاری کـە بـە ئێـراق دەبەسـترێتەوە . ئـەویش بـەداوا کردنـی لەمنـدووبی سـامی بـەریتانیا ، بۆ ڕەزامەنـدی کـردن لەسەر ئەو بڕیارە بۆ پتەوکردنی داهاتوویی ڕژێمی ئێراق و بەستنەوەی بە وولاّتانی دیکەی عەرەبی و بوونی بە نیشتیمانی عەرەب لە کێشووەرەکەدا .

١٩٢١/٢/٢٢ گرێدانی کۆنگرەی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست ، لـە کاتژمێر دوانزەی شـەو کـە لـە قاهرەی پایتـەختی میسر ئەنجامدرا ، بەسـەرۆکایەتی نوێنـەری بەریتانیا – کیرزن– لەنووسینگەی وەزارەتی دەرەوە ، کە سێ پێشنیاری تیا دیاریکرابوو ، لەوانە خالی سێیەم :–

لە ناوەند – چرچل – و لە لای چەپ – برسی کۆکس – و لە دواوە جەعفەر پاشای عەسکەری ، و ساسۆن عەقیل .

بەڕازامەندی کردنی لە سەر کۆنفدرالی بۆ کورد لەکورستان بە تایبەتی لە باشووری کوردستان. کە ئەو پێشنیارەش لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی هیندستان بەرز کرابووەوە . بۆ بڕیار لەسەردان و چارە سەرکردنی کێشەکان لە ناوچەکە بەتایبەتی لە کوردستاندا .

١٩٢١/٢/٢٣ بەردەوام بوونی کۆنگرەی لێژنەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە قاهرەی پایتەختی میسر ، بە سەرکردایەتی – لورد کیرزن – لەسەرئەو سێ خالەی کە لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی هندستان بەرزکرابووەوە بە دامەزراندنی کۆنفدرالی بۆ کوردو باری کوردستان بەگشتی لە کێشووەرەکەدا ، کە هەر چەندە تاووتۆی کێشەکانی کورد دەکرا ، کێشەی نوێی دیکە سەریهەڵدەدا ، بەهۆی هەلوویستی ، یەکەم :– وولاتانی هاوپەیمانو ، دووەم :– وولاتانی بەرەو دامەزراندن لە ناوچەکەدا لە سەر خاکی کوردستان.

١٩٢١/٢/٢٥ شارەزا پەهلەوی داوای لە زیائەدینی تەباتەبائی کرد ، بەپێك هێنانی حکوومەتی نوێ ، شا ڕەزاشاش سەرکردایەتی فرقەی فوزاتی گرتە دەستو بۆ یەکەم جار سەرەك وەزیرانی ئێران زیائەدین تەباتەبائی لە گەڵ بالوێزی

بەریتانیا کۆبۆوەو ، داوای لێکرد کە حکوومەتەکەی ناتوانێ کارەکانی ئەنجام بدات گەر ڕێکەووتننامەی ئەنگلۆ- ئێرانی هەڵنەوەشێندرێتەوە... لە هەمان ڕۆژ بالوێزی بەریتانیا ، وەزیری دەرەوەی بەریتانیای ئاگادار کرد ، لەو کۆبوونەوەیەو چی باسکراوەو لەهەمان کات حکوومەتی شانشینی بەریتانیا ڕەزامەندی لەسەر داواکاری ئێران کرد لە وولاتەکەدا .

١٩٢١/٢/٢٦ گرنگترین ئەو ڕێکەووتنانەی کە لە و پەیوەندیانەی نێوان ئێران و سۆڤیەتدا مۆرکرا، ئەویش بە هاتوو چۆی پاپۆڕەکان و بازرگانی سالی ١٩٤٠. لە بەشی /١١ ڕێکەووتنی ١٩٢١دا،



کە مافی وەك یەك بۆ هاتوو چۆی پاپۆڕەکانی شەڕو پاپۆڕەکانی بازرگانی لە بەر چاو دەگیرا.

هەروا مادەی /١٣ ی ڕێکەووتنی هاتووچۆی پاپۆڕەکان وبازرگانی سالی/ ١٩٤٠ بە ڕوونی باس لەوە دەکات کە – هەردوو لایەنی ڕێکەووتنەکە، واتە ئێران و سۆڤیەت بە پێی ئەو پرنسیپانەی کە لە ڕێکەووتنەکە ڕایانگەیاندوە کۆکن لە سەر ئەوەی کە تەنیا پاپۆڕەکانی ئەو دوو وولاتەو ئەو پاپۆڕانەی وولاتانی دەرەوە، کە کار بۆ بازرگانی دەکەن و لە ژێر ئالای ئەواندا هاتووچۆ دەکەن، بتوانن لە دەریای خەزەردا – قەزوین – هاتووچۆ بکەن.

جێگەی باسکردنە کە دوای هەڵووەشاندنەوەی یەکییەتی سۆڤیەت و سەربەخۆیی وولاتانی دەرەوەی دەریای خەزەر – قەزوین – کێشەی سوود وەرگرتن لە سەر چاوەکانی ئەو دەریایە، کە گرنگیەکی تایبەتی پەیدا کردوو ئەم دەریایە خالی بە یەك گەیشتنی پێنج وولاتی گرنگ.

واتـە ئێران، رووسـیای یـەکگرتوو، کازاخستان، تورکمانـستان، ئازربایـنجان، دوای ئـەوە ناوچـەی خـاوەن نـەوتی کەنـداوی فـارس و سـیبیریا، کـە بـە گـەورەترین سەرچـاوەی نـەوت و گـازی جیهـان ناسـراوە. هـەروا یـەکێك لـە کیشەکانی پەیوەندار بەدەریای خەزەر، چۆنیەتی دیاریکردنی باری یاسایی ئەو دەریایەیە کە ئەم تووخـمانـە لەخـۆ دەگـرن :-

١- کێشەی هاتوو چۆی پاپۆڕەکان.

٢- کێشەی کەڵك وەرگرتن لە سەرچاوە زیندوەکلنی ناو دەریا.

٣- کێشەی ژینگە، بۆ وێنە بەرز بوونەوەی ئاستی دەریا.

٤- کیشەی سوود وەرگرتن لە سەر چوە کانزاییەکان.

٥- دیـاری کردنـی سـنوورو ئاسـتی دەسـەلات و دەسـەڵاتی دەووڵەتـەکانی لیواری دەریای خەزەر – قەزوین – بەسەر ئەو دەریایەدا.

هـەروا دەریـای قەزویـن باریـکی تایبەتـی یاسـایی تایبەتمەنـد بەخـۆی هەبـووە، ئەم دەریایە لەرێگای کەناڵە دەستکردەکانەوە لە رێگـەی رووبـاری – ڤۆڵگـا – ی رووسـیا – دەن – دەگاتـەوە ، دەریـای رەش و پالینێـك تـەنیا پاپۆڕەکانی لیواری ئـەم دەریایە مافیان هەیە هات و چۆی تێدا بکەن، رێوو شـووێنەکانی ئێستای یاسـای نێوودەووڵـەتی گـشتی سـەبارەت بـە دەریـای ئـازادو ناوچـە دەریایـەکانی دەووڵـەتانی جیهانی ئـازاد ئـەم دەریایـە لـە خـۆ ناگرێ.

کـە سـەرەکیترین سەرچاوەی یاسایی کـە دەکـرێ لـە ووتووێژە رامیاریەکانـدا پشتی پیێ ببەسترێ، تـەنیا ئـەو رێکەووتن نامانـەن، کـە ئێستا لـە بەردەست دان. لـە بـەر ئـەوەی لـە پێناسـەی کۆنڤانـسیۆنەکانی ئێـستادا سـەبارەت بـە یاسای دەریاکان دەردەکەوێ ئەوەیە کە دەریـای خـەزەر بـە هـۆی هەڵکەووتـەی جووگرافی ناچێتە خانەی دەریا داخراوو نێووە داخراوەکاندا.

لێـرەدا بەگـشتی سـێ سـیناریۆ سـەبارەت بـە رژێـمی یاسـایی دەریای خەزەر لە ئارادایە ئەویش:-

یەکەم :- کۆنڤانسیۆنی یاسای دەریای ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لـە سـاڵی ١٩٨٢ – unlos – بۆ هـەر وولاتێکی لێواری دەریـای خـەزەر – قـەزوین – ئـاوی سـەر زەوی و چـوار چێووەی ناوچـەی تایبـەتی ئـابووری و

رۆخی دەریا لە بەر چاو گیراوە.
لە بەر ئەوەی مادەی/٣ كۆنڤانسیۆن ناوچەیەكی بە پانایی ١٢ میلی دەریایی لە هێلی سەرەكی baseline بۆ ئاوی ژێر زەوی لە بەر چاو گرت و، دەكرێ ١٢ میلی دیكە، وەك ناوچەی تەنیشت بخرێتە سەر ئەو ١٢ میلەی پێشوو – مادەی/٣٣. هەروا بە پێی مادەی/٧ ی كۆنڤانسیۆن دەكرێ ناوچەی تایبەتی ئابووری هەتا ٢٠٠ میلی دەریایی درێژەی هەبێ.
دووەم :– بە پێی ئەو سیناریۆیە، كە ئازربایجان لە هەموو لایەك زیاتر لایەنگیری لێی دەكا، دەریای خەزەر – قەزوین – سنووری ئاوی هەر وڵاتێك لە نێوو ئەو پێنج وڵاتەدا دابەش بكرێ. ئەم سیناریۆیە بە پێچەوانەی رواڵەتە دادپەروەرانەی كە رەنگە بە زیانی هێندێك لە وڵاتان لە پەیوەندی لە گەڵ سوود وەرگرتن لە سەرچاوە هیدرۆكەربۆنی تەواو بێ.
كە یەكێك لەو بابەتانەی كە گرنگی دیاریكردنی چوارچێوەی یاسایی دەریای خەزەر دوو هێندە دەكا، سوود وەرگرتن لە سەرچاوە و كانزاكانی هیرۆكەربۆنە لە دەریایەكەدا.
سێیەم :– بە پێی ئەم سیناریۆیە، چوار چێووەی یان بە شێكی دیاریكراو لە ئاوەكانی لێواری دەریا بۆ هەر وڵاتێك تەرخان دەكرێ و تایبەت بەو وڵاتە دەبێ و ئەویدیكەش بە شێووەی خاوەندارییەتی هاوبەش – res communis –سوودی لێوەر دەگرێ.
خاوەنداریەتی هاوبەش بە دەسەڵات و دەسەڵاتی هاوبەشی نێوان دوو یان چەند دەوڵەت بە سەر ناوچەكەدا دەگووترێ، دوای گرێدانی یەكەم رێكەوتننامەی دەستنیشانكردنی سنووره ئاوییەكانی نێوان رووسیاو ئازربایجان بوو لە مانگی ١٠/٢٠٠٢دا.
هەروا سێ وڵاتی – كازاخستان، ئازربایجان، رووسیا لە ١٤/٥/٢٠٠٣ دا، رێكەوتنێكی سێ لایانەیان لە كۆبوونەوەی تایبەت بە نوێنەرانی وڵاتانی لێواری دەریای خەزەر لە شاری ئەلماتی كازاخستان مۆركرد.
بەم جۆرەو بە سەرنجدان بە درێژایی لێوارەكان و بە سوود وەرگرتن لە هێلی ناوەراست، بەشی كازاخستان ٢٧ ٪ و بەشی رووسیا ١٩ ٪ و بەشی ئازربایجان ١٨ ٪ دەست نیشان كرا، واتە بە گشتی چارە نووسی ٦٤ ٪ ی ئاوەكانی دەریای خەزەر – قەزوین – یەكلاكرایەوە لە ناوچەكەدا.

سەرچاوە:- فەرهەنگی رامیاری ئارشی :- ئامادەکردنی - زاهیر محەمەدی و یاسین حاجی زادە - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە / هەولێر.

١٩٢١/٣/١ لـە ناوەنـدەکانی کـۆنگرەی لەنـدەن هەوڵـدرا چـاو بـە پـەیمانی سـیڤەردا بخشێندرێتەوە ، لـە بـارەی بـارو دۆخ و کێشەی کـوردو ئەرمـەن ، ئـەویش لـەپێناو دابین کردنـی ئۆتۆنۆمی بـۆ کـورد لـە کوردستان و دان نـان بـە مافـە سەرەتاییەکانی ئەرمەن لە باکووری کوردستان .

١٩٢١/٣/٥ دامەزراندنی یەکەم کۆمەڵـەی سەهیۆنیزم بـۆ یەکەم جار لـە مێژووی وولاتـی نێوان دووزێ ، لە ئێراقی دورستکراو لەلایەن - ئـەهروم ساسۆن ئـەلیاهۆ- لـە شاری بەغدای پایتەختی ئێراقی دروستکراوی نوێی شانشینی لەسـەر خاکی کوردستان.

١٩٢١/٣/١١ کۆمیـسەری بـاڵای بـەریتانیا- سـیر هـورای رامبۆلـد- لـە شـاری ئەسـتەمبۆڵ توركیـا ، کـە- کـیرزن- ی ئاگـادار کـردەوە بۆئـەوەی زانیـاری پێبـدا لەمـەر پەیووەندی کورد لەگەڵ یۆنانیەکاندا .

١٩٢١/٣/١٢ وەزیـــــری مـــــستەعمەراتی بـەریتانیا - مـستەر ونـستۆن چرچل- کۆنگرەیـەکی گـشتی گرێـدا لـە بـارەی کاروبـاری رۆژهـەڵاتی ناوین لـە قاهیرەی پایتەختی میسردا ، ئەوانەی کە بەشداریان لەگەڵ دا کرد - سیرپیرسی کۆکس- نووێنەری مەکتـەبی هنـدو سـیرهربرت سمۆیـــل دادوەری گـــشتی دامەزراو لە فەلەستین .

هـەروا زانـاو شـارەزاکان میجـەر لـۆرانس و میجـەر کلایتـۆن لـە موخابـەراتی سەربازی و رامیاری و مستەر کۆرنوالیس و خـاتوو جرترووبل لەموخابـەراتی وەزارەتـی مـستەعمەرات بەشـداریان لـە کۆنگرەکـەدا کـرد ، لـەئاکام بڕیاریانـدا

بەدامەزرانـدنی فەیـسەلی دەرکـراو لەسـەر دەووڵـەتی سـووریا ، دانـانی بـە شانشین لەسەر دەووڵەتی دروستکراو لـە سـەر ئێراق هـەروا شـەریف حوسێن بەشانشین لە سەر ئیمارەتی رۆژهەڵاتی ئوردن لە ناوچەکەدا .

١٩٢١/٣/١٢ گرێـدانی کـۆنگرەی قـاهرەی پایتـەختی میـسر ، لـە پێنـاو دیـاریکردنی چارەنووسـی هەرسـێ وویلایـەتی بەسـەرو بەغـداو موسـل لـە ناوچـەکەدا – میزۆبۆتامیـا – واتـە وویلایـەتی نێـوان دووزێ ، کـە ئـەو کـات دانیـشتووانی کورد لەپارێزگای ئێستای موسل لـە ٨٥٪ بوون و ، لـە پارێزگـای کـەرکووك لـە ٩٥٪ ی دانیـشتووانەکەی کـورد بـوون . لـەو مـشتوومڕەدا ، کـار بەدەسـتانی بەریتانیاو هاوپەیمانانی بوون بە دووبەش ئەویش:–

یەکەم :– پێرس کۆکس و بیل گۆرنۆ کە دەیان گووت کوردستان بخرێتە سـەر ئێراقـی دامـەزراوی نـوێ ، هـەروا بەسـراو بەغـدا بـەناوی خـۆی بمێنێتـەوە ، ئەوەی کە کورد بەرهەلستکاری ناکات لە ناوچەکەدا .

دووەم :– بە سەرۆکایەتی ئەو سای موستەعمەرات – ونستۆن چرچل– بوو ، کـە داوای ئـەوەی دەکـرد . کـە کوردسـتان بکرێتـە کیـانی ڕامیـاری سـەربەخۆو ببێتە ناوبرێك لەنێوان ئێراق و تورکیای ئەوکات لە ناوچەکەدا .

بەڵام بەختی کورد دوای تـەواو بـوونی کۆنگرەکە حکوومەتێکی نوێی پارتی پارێزگـاران لەبـەریتانیا سـەرکەووتنی بەدەسـت هێنـا لەهەڵبژاردنـەکانی ئەنجوومەنی گشتی و سەرۆکایەتی بەریتانیا... ئەمـەش بووە هـۆی ئـەوەی کە بڕیارەکانی کۆنگرەی قاهرە ئاوبەئاو بڕوات ... بەڵام ئەو پێشنیارو نەخشەی کـۆنگرەی قـاهرەو کـۆنگرەو لیژنـە تایبەتیـەکانی کۆمەڵـەی گـەلان و ڕێکەووتنەکانی ڕژێمی شانشینی ئێراق و بەریتانیا لەسـەر کوردو مافەکان ، دەتـوانرێ بخرێتـە ژێـر دەسـتی ڕێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان ، ئـەویش لەپێناو داننان بەکوردو خاکی کوردستان...؟... !.

هـەروا لـەوکات بیرۆکـەی فیـدرالیزم بـۆ گـەلی کوردسـتان زادەی بیرکردنـەوەی مـەلیك فەیـسەل و ئەفـسەرە شـەریفیەکان نـەبوو ، تـاکوو ئێـستاش و بـەڵکوو وەرگێڕانی درێژ بوونەوەی بۆچوونەکانی هەریەك لەپێرسی کۆکس مەندووبی یەکـەمی سـامی بـەریتانیا لەبەغـدا بـوو ، کـە ئـەرکی پێـك هێنـانی دەووڵـەتی ئێراقـی پـێ سـپێردرابوو . لەگـەڵ بێل گرتـۆدی سـکرتێری ڕۆژهـەڵاتی خانـەی

ماندێتی قوناخی پاش کۆنفراسەکە ، لەگەل ئەوەشدا پێش بەستنی ئەم کۆنفرانسە یەکەم ئەنجوومەنی وەزیرانی دامەزراند لە ئێراق بەسەرۆکایەتی عەبدولرحمان گەیلانی ، لەلانی خۆیەوەو بەبێ ڕاوێژکردن لە گەڵ حکوومەتی بە بەریتانیەکان ، ئەویش لە دژی خواستی دانیشتووانی ئەو هەرێمەو ناکۆکی لەگەڵ بەندەکانی پەیماننامەی سیڤەردا. لە ناوچەو کێشووەرەکەدا .

١٩٢١/٣/١٣ سەرکردەی ئوردوی ناوەندی ڕژێمی تورک – نورەدین پاشا– فەرمانی بۆهات ، بۆئەوەی ڕاپەڕینی هۆزی قۆچەگیری لە باکووری کوردستان سەرکووت بکات... ئەمەش لە تەلگرافێکی نهێنیدا لەلایەن سەرکردەی گشتی هێزەکانی سووپای تورك لەگەڵ سەرکردەی ئوردوی ناوەندیدا هات ، کە ڕووداوەکانی ئۆمراینیێ سەر لە نوێ سەریان هەڵداوەتەوەلە ناوچەکەدا .
ئەویش لە بەر گرنگی ئەم ڕاپەڕینە دەبێ بەڕێگای سەربازی چڕو سەختو لەڕێگەی سەرکردەی سووپای ئەرزنجانەوە دابمرکێندرێتەوە.
ئەمەش بەچەند ڕێنماییەکی توندرەوی شۆڤینی نوورەدین پاشا ئەنجامدرا بەرامبەر بە کورد لە باکووری کوردستان.

١٩٢١/٣/١٣ مۆرکردنی ڕێکەووتننامە لە نێوان تورکیاو ئیتالیا ، کە ئیتالیا لە ناوچەی ئەنادۆل بکشێتەوە بەرامبەر وەرگرتنی چەند دەستکەووتێکی ئابووری لەلایەن ڕژێمی تورکیا.

١٩٢١/٣/١٤ ڕژێمەکانی فەرەنساو ئیتالیاو ڕووسیای بەلشەفی نوێ ، هەلسان بە یارمەتی دانی دامەزرێنەری شۆڤێنی ڕژێمی تورکیای نوێ – کەماڵ ئەتاتورك – بە پێدانی نوێترین چەكو تەقەمەنی و پێداوویستەکانی سەربازی سەردەمی جەنگی و بەرگریدا ، بە پشت گوێ خستنی کێشەو مافەکانی کورد ، بەپێی بەندەکانی وتارەکەی سەرۆکی ئەمەریکا ویلسون ، لە بارەی کێشەی نەتەوەیی ونیشتیمانی ، بە لە گۆڕنانی پەیمانی سیڤەر ، لە ژێر دەسەڵاتی تورکیاو وولاتانی دیکەی ناوچەکەدا.

١٩٢١/٣/١٤ سەرکردایەتی رژێمی کەمال ئەتاتورك لە شاری ئەنکەرەی تورکیا بڕیاری شەڕی گشتیان لە دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ڕاگەیاند لە باکووری کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی نووێی لە ناوچەکەدا تورکیا.

١٩٢١/٣/١٥ لـه كۆبوونـەوەی رامیاری – سیر پیرسی كوكس– دژی ناوەرۆكی پاراستنی ئیـدارەی رۆژهـەلاتی ناوەراسـت وەسـتاو گـووتی:– پارێزگـای كـەركوك و سلێمانی و ناوچـەكانی باكووری موسل و موسل بەشێكی جیا نەكـەرەوەی ئێراقی نوێن و كەچی زۆربەی دانیشتووانی كوردن و زیاتر لـە ٨٥٪ پێك دێنن .. بەلام ..؟ ..!.

١٩٢١/٣/١٦ مـۆركردنی ریكەووتننامـە لـە نێوان رژێمـی نـوێی توركیاو رووسـیای بەلشـەفی نوێ ، كە ئەنجامەكەی بووە هۆی داگیر كردنی باكووری كوردستان و بە تـورك كردنی كـورد ، كـە بـووە پاداشـتی كردنـی توركیا لـە لایـەن رووسیای بەلشەفی ئەوكات .

ئەویش بە پێشكەش كردنی چەك و تەقەمـەنی بۆ توركیا بە ٣٩ هـەزار پارچە چەك و ٦٣ ملیۆن فیشەك و ٥٤ تۆپ و ٢٠ هەزار ماسكی دژ بە كیمیاوی بوون ، كە رووسای بەلشەفی كۆمۆنیستی نوێ ، یەكەم وولاتی گـەورەی جیهـان بـوو ، كـە دانبنـێ بـە رژێمـی تـوركی شـۆڤێنی و بـە كۆمـەڵ كـوژی كـوردو ئەرمـەن لەباكووری كوردستان ...؟. ئەم پیمانەش تاكوو ئێستا كاری پێدەكرێت .

جێگەی روونكردنەوەیە كە لە دوای ئارام بوونـەوەی بارو دۆخ و رێكـەووتن لـە سـەر ئامانجـە ستراتیژیەكان ، بـە تایبـەتی لـە نێوان رژێمـی نـوێی توركیـا و یەكیەتی سۆڤیەتی نـووێ ... كۆنگرەی پەمانی هاوكاری و برایەتی لە نێوان توركیـاو سـۆڤیت لـە ١٩٢١/٢/٢٦ لـە شـاری مۆسـكۆی پایتـەختی سـۆڤیەت گرێدرا.

ئەویش بە ئامادە بوونی نوێنەری توركیا بە سەرۆكایەتی وەزیـری ئابووری – یوسـف كـەمال بـەگ ... لـە هـەمان كـات كۆمارەكـانی ئـەرمینیا و ئازربایجـانی سـۆڤیەتی بەشـداریان لـەو كۆنگرەیـە كـرد ...كـە لـە ٣/١٦، رێكـەووتنەكـەیان مۆركرد .

ئەو رێكەووتنـە كـە لـە پێشەكیەك و ١٦ مـاددەو ٣ پاشـكۆ پێك هـاتبوو ،دوای ئەوەش رێكەووتنێكی دیكە لـە نێوانیان لـە ١٩٢١/٣/٢٨ مـۆركرا . ئـەویش بـە گۆرینەوەی دیلەكان لە نێوانیاندا .

ئـەم پـەیمان و رێكەووتنـەش بـووە هۆكـارێكی گـرنگ بـۆ توركیـا چ بـە بتەووكردنی دەسەلات و چ بە پاراستنی سنوورەكانی نێوان رووسیا و توركیا

و، لەوەش گرنگتر ، گەمارۆ دانی جوولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باکووری کوردستان و ناوچەکانی دیکەدا ، لە هەردوو لایەنی دەوڵەتی سۆڤیت و تورکیدا ... کە سۆڤیەتیش ئەم یارمەتیانەی پێشکەش بە ڕژێمی تورکیا کرد ...هەروا .

١٩٢١/٣/٢٣ دەسەلاتی نوویی ئەرمەنستان بڕیاریدا ، کە خووێندن لە هەردوو قۆناخی سەرەتایی و ناوەندی بەزمانی دایك بێت ، بەتایبەتی بۆ گەلی کوردو دانیشتووانەکان لە وولاتەکەدا ... شایانی باسە کۆماری ئەرمینیا زیاتر لە ١٧٠٠٠ هەزار کیلۆمەتر چوار گۆشەی لەخاکی کوردستان بە وولاتەکەی لکێنراوە ، بەتایبەتی پارێزگای یەریڤان و دەوروبەری لە ناوچەککانی دیکە بەپێی پەیمانی لۆزانی ١٩٢٣/٧/٢٤دا لە لایەن هاوپەیمانانداا .

الفريق جعفر العسكري

١٩٢١/٣/٢٥ لە ناوەندی کۆنگرەی قاهیرە ، وەزیری بەرگری ڕژێمی کاتی ئێراق جەعفەر عەسکەری داوایەکی ئاراستەی شانشین فەیسەڵ کرد، بەپێی ڕێکەووتنی لەگەڵ – چرچل ،و، کۆکس– بەپێکهێنانی سووپای نیشتمانی ئێراق بەم شێووەیە ، کە سووپاکە لە ٢٤ فەوجی پیادەو ٦ کەتیبەی ڕەشاش لەگەڵ پێداویستیەکانی دیکە وەك لاسکی و تەلەفۆن بۆ سووپای ڕژێمەی لە ئێراقدا .

١٩٢١/٣/٢٥ هەردوو سەر کردەو رووناکبیری کورد – ئەمین عالی بەگو ، کورەکەی جەلادەت بەگ – لە بالوێزخانەی بەریتانیا لە شاری ئەستەمبوڵ لەگەڵ لێپرسراوانی رامیاری بالوێزخانەی بەریتانیا کۆبوونەوەو پێیان گوتن:– کۆمەلەی تەعالی کورد– پەیوەندیو هاوکاری لەگەڵ یۆنانیەکان دا هەیەو دژی تورکەکان کار دەکەن ، ئەویش لەپێناو بەدەست هێنانی نیازەکان ، بەلام ئەو بیروو بۆچوونە بەتووندی رەتکرایەوە لەلایەن ئەمین عالی بەگ ، کە لەلایەن

تورکەکان بڵاوکرابووەوە.



الأوضاع العامة للجبهة الوطنية

١٩٢١/٣/٢٨ لە بابەتێکی مێژوو نووسی ڕووسی - چەتۆیف - نووسیویەتی و دەڵێ:- کاتێك سووپای سووری سۆڤیەتی ملەی سپیتاکی گرت و بە دوای هێزەکانی داشناکدا بەرەو گوندی کوردنشینی یاجب پێشرەوی کرد . دانیشتووانی کورد و ئەرمەن بەهانای سووپای سوورەوە چوونلە ناوچەکەدا .

سەرەڕای بەفرو سەرما ، کە ڕێگەیان بۆسووپای سووری سۆڤیەت لەبەفر پاك دەکردەوە ... هەروا نووسەر دەڵێ :- پاشان نووسەر کۆمەڵە ناوێك دەنووسێ . کە پێشرەوی چاوساخی سووپای سووربوون - هەروا گەلێك بەڵگەو سەرچاوە لە سەر بەشداری کردنی کوردەکان لەجێبەجێکردنی پلانەکەی ئابووری کە لە ناوچەکەدا بە تایبەت لە کەلخۆزو سۆفخۆزەکاندا و لەجەنگی دووەمی جیهانیدا هەیە لە وڵاتەکەدا .

١٩٢١/٤/٣ سەرکردەی هێزەکانی سووپای ڕژێمی تورك - نورەدین پاشا - چەند فەرمانێکیدا بە یەکەکانی سووپا بەم شێوەی خوارەوە. ئەویش بەگوێرەی ئەنجامەکانی ئۆپیراسیۆنە داپلۆسێنەرەکان ، فەرمان دەدرێ ، یا ئەوەتا هۆزی قۆچگیری کەم بکرێتەوە بۆ ئەوەی ڕێگەیان پێنەدرێ چیدیکە ڕاپەڕن... یا

ئـەوەتا دابەشبکرێن و لـە سـەر ئـەو زەویـەی ئێستا لێیـدادەژین بگوێزرێنـەوە بۆناوچەکانی دیکە لە هەرێمەکەدا .

١٩٢١/٤/٢٠ لـە سـەر داوای سـکرتێری کۆمەلـەی گـشتی گـەلان کـۆنگرەی بەرشـلۆنەی پایتەختی پورتوگـال گرێدرا ، ئـەویش لـەپێناو دارشـتنی یاسـای دەریـاوانی نێـوو دەوولـەتی بەشێوەیەکی گوونجـاو ، بـە کـار لێنـەکردنی لـە بـاری ئـەو وولاتەی کە لەسەر دەریاکانن ، بە سنوورێکی درێژ بەپاراستنی بەرژەووەندی یەکسانی بۆ هەموو لایەنێك لە وولاتانە جیا جیاکان لە جیهاندا.

١٩٢١/٥/١٦ مۆرکردنی رێکەووتننامە لە نێوان رژێمی تورکیا و رووسیا بە بەجێ هێشتنی چەند ناوچەیەکی باکوری کوردستان ، لەناوچەی هەرێمی قەوقاز بۆ تورکیا ، ئەویش بـەپێی رێکەووتنـەکانی رابردووی نێونایان و گۆرینـەوەی یاداشت بۆ یەکتری لە سەر خاکی باکووری کوردستان لە ناوچەکەدا .

١٩٢١/٥/٢٦ وەزیـری بـەرگری شانـشینی ئێـراق -جەعفـەر عەسـکەری - بەپاڵپـشتی نووێنـەری بـەریتانیا لـە ئێـراق ، یاسـای بەئارەزومەندانـەی - الاحتیـاط- بـۆ هاتنـە رێـز سـووپای ئێراقـی راگەیانـد ... ئەمـەش یاداشـتێك بـوو لـەپێناو گەمارۆدانی بزووتنەوەی کوردو داگیر کردنـی کوردسـتان و گـۆرینی نەخشەی دیمووگرافی لـە باشـووری کوردسـتان ، بـە تایبـەتی لەپارێزگای کـەرکوك ، کـە سەرچاوەی چاوگە نەوتیەکانە لە باشووری کوردستانی لکێندراو بە ئێراقدا.

١٩٢١/٦/٤ دامەزراندنی حکوومەتی نووێی ئێران بەسـەرکردایەی ئەحمـەد فـواتح لـە سـەر رەزامەندی بەریتانیا ، هەرچەند شای ئێران بـەو حکوومەتـە رازی نـەبووە . کـە ئەو دەیوویست رەزاخان بانی موشیر دەولە یاخوود مستوفی مـەمالیك ، ببێتـە سەرەك وەزیرانی ئێران ، بەڵام بەریتانیا رەزامەندی لەسەر ئە دووکەسە نـەکرد ، تەنیا ئەحمەد فەواتح نەبێت کە زۆر لە وەزیرەکانی حکوومەتی نـووێی کـاتی خۆی کە لایەنگیری ئەڵمانیای فاشی بوون لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا.

حکوومەتی ئەحمەد فەواتح ئامانجەکانی لە ناوبردنی جووڵانـەوەی خـوراسـان و گـیلان بـوو لەگـەڵ نزیـك بوونـەوەی لـە ئەمـەریکا ، لـەپێناو مـاوەدان بـە کۆمپانیـای ئەمـەریکی لـە تووێژینـەوەی چـاوگە نەوتیـەکان و هـەڵێنجانی بـە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی فارسدا.

١٩٢١/٦/١٣ جـەماوەری وویلایـەتی شـارەزوور- مووسـڵ ، یاداشـتنامەکیان ئاراسـتەی دادوەری گشتی بـەریتانیا لـە ئێـراق کـرد ، ئـەویش بـەدەر بڕینـی نـاڕەزایی بەلکاندنی ئەو وویلایەتە بە حکوومەتی دورستکراوی ئێراقی نوێ ، لـە سـەر خاکی باشووری کوردستان ، بە داواکردنی فیدرالی نوێ بە تایبەتی بۆ کورد لـە هـەرێمی کوردسـتان ، بـەپێی نەخـشەی مێـژووی و ڕامیـاری و جـووگرافی لەلایەن وولاتانی پەیووەندار لە ناوچەکەدا.

نەورۆزی ١٩٤٦

١٩٢١/٦/١٩ لـــە جیهـــانی پـــڕ لـــە گۆڕانکـاری و کوردسـتانی گـــەمارۆدراو لـــە لایـــەن هاوپـــەیمانان نووســـەری خامە ڕەنگینـەکان - عاسم حیـسدەری - لـــە شـــاری هـــەولێر لـــە باشـــووری کوردســـــــتان لـــــــە بنەماڵەیـــەکی نـــاوداری کورد و شۆڕشگێردا چاوی بە جیهان هەڵهێناوە.
دوای ئـەوە لـە تەمـەنی /٧ سـاڵیدا چـووەتە قوتابخانـە و قۆناخـەکانی سـەرەتایی و ناوەنـدی لـە شـاری هەولێر تەواوکردووە، دوای ئەوە چووەتە شـاری بەغدای پایتـەختی ئێراق و لـە- خانـەی زانـستی- لـە گـەرەکی- ئەغزەمیـە - وەرگـیراوە، بـەلام لـە بـەر نەخۆشـی خووێنـدنی پـێ تـەواو نـەکراوە. دوای ئـەوە گەڕاوەتـەوە شـاری هەولێر و لە ساڵی ١٩٤٤ بە فەرمانبەر دامەزراوە لە فەرمانگـەی - تـەمووین - لە شارەکەدا.
جێگـەی باسـکردنە کـە ئـەم کەسـایەتە بـە هـۆی ڕۆشـنبیری و شۆڕشـگێری بنەماڵکەی لـە یەکـەم ئاهـەنگی ئاشـکرای جـەژنی نـەورۆز لـە شـاری هـەولێر لـە ساڵی ١٩٤٦ دا و وتاری ڕێکخـراوی - پـارتی شـۆڕش - ی خووێندۆتـەوە ئـەم

کەسایەتیە تێکۆشەرە لەگەڵ هەڵووەشاندنەوەی ئەو پارتە مارکسیە لە ساڵی ١٩٤٦دا، چووەتە ریزی پارتی کۆمۆنیستی ئێراق وەك ئەندامێکی دڵسۆزو چالاك کاری ژێر زەمینی لەو پارتە تێکۆشەرەدا کردووە.

هەروا ئەم کەسایەتیە لە راپەرینەکەی مانگی ١٩٤٨/١ بەژداری کردووە لە هەموو لایەنەکان. بەلام لەو کاتەی کە رژێمی شانشینی لە ئێراق لە ١٩٤٨/٥/١٥ حووکمی عورفی راگەیاند دەستەیەك لە خەباتگێرە مارکسیەکانی هەولێر، وەك عاسم حەیدەری و جەمال حەیدەری و عادل سەلیم و هاشم عبدوللا و شێخە شەل و چەندین تیکۆشەری دیکەی هەولێرو کۆیەو رەواندوز دەستگیر دەکرێن.

دوای ئەوە درانە دادگای عورفی سەربازی لەشاری بەغدا. لە ئەنجام عاسم حەیدەری بۆ ماوەی ٧ ساڵ زیندانی و ٣ ساڵ دوور خستنەوە لە شاری هەولێر، تا هەلگیرسانی شۆرشی ١٩٥٨/٧/١٤ بە ماوەیەکی کەم ئازاد کراو گەرایەوە شاری هەولێر.

دوای ئەوە ئەم کەسایەتیە تێکۆشەرە لە دوای شۆڕش لە گەڵ شاندێکی پارێزگای هەولێر لە ٧/٢٧ دیدار لەگەڵ سەرۆك کۆماری نوویی ئێراق عەبدولکەریم قاسم ئەنجامدەدات لە گەڵ مامۆستا ئیبراهیم ئحمەد بە پێیکەشکردنی داواکانی گەلی کوردستان.

دوای ئەوە مامۆستا عاسم دەچێتە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستان و دەبێتە ئەندام لە لیژنەی ناوخۆیی لە هەولێر تا لە کۆنگرەی چوارەمی پارتی و بە هۆی هندێ کێشەی سەر هەڵداو لە پارتی دوور دەکەوێتەوە و وەك مرۆڤێکی هە ڵگری بیری مارکسی درێژە ی بە خەباتدا.

ئەم کەسایەتیە لە بیروو بۆ چوون و هەستە بوێرانەکی بەردەوام بوو تا مەرگ رێگەی لێگرت و لە ١٩٧١/٧/٢٠ لە تەمەنی ٥٠ ساڵیدا مالئاوایی لە بنەماڵەو گەڵ و نشتمانکرد لە شاری هەولێر لە هەرێمی باشووری کوردستان.

١٩٢١/٦/٢٣ بە پێی پیلانی دارێژراو فەیسەلی لە دایك بوی سعوودی کرا بەشانشینی دەوولەتی ئێراق ، لە دوای ئاگادار کردنی لە لایەن بەرپرسی بەریتانیا – لۆرانس– ئەویش بە یاداشتنامەیەك بۆ دەسەلاتدارانی بنەماڵەی ئالسعوود لە

شاری حیجاز لە دوورگەی عەرەبیدا .

١٩٢١/٦/٢٩ ئــەمیر فەیــسەڵی دامــەزراو بەشانــشین لەســەر ئێراقــی نــوێی بــەرەو دروســتکراو ، گەیــشتە شــاری بەغــدا ، ئەویش لـە ڕێگای شارەکانی حیللــەو نەجــەف و کوفــەوە بـەرەو شـاری بەغدا دەهـات ، بــەهۆی پێــشوازی لێکردنــی لەلایــەن ســەرەك عەشــیرەت و کەســــــایەتی عــــــەرەب لەناوچەکەدا...کە بە درێژایی ژیــانی نەیــدەزانی وولاّتــی نێوان دووزێ و ئێــــراق چیە لــــــــە ناوچەکەدا .

١٩٢١/٧/١١ ئەنجوومەنی دامەزراوی ئێراق لەلایەن دەسەلاتی بەریتانیا بڕیاری پشتگیری کردنـی فەیـسەڵی کـرد وەك شانـشین لەسـەر دەوڵـەتی ئێـراق بلاّو کـردەوە ، هـەروا کـورد سەربەسـتی تـەواوی هـەبێت لـە بەشـداریکردنی دەسـەڵاتی ئێـراق یـاخوود بـە جیابوونـەوە لێـی بەڕاپرسـی گـشتی گـەلی کـورد لـە باشـووری کوردستان .

بــەڵام پارێزگــای کــەرکوك دژی شانــشین وەســتان و پارێزگــاری هــەولێرو سلێمانی بەشـداریان نـەکردو پایزگای موسلیش بەهـەمان شێووە دژی ئـەو ڕاپرسیە وەستان .

کـێ بـەر پرسـیار بـوو لەسـەرکردایەتی کردنـی ئـەوکاتی کـورد لـە باشـووری کوردستان ، یاخوود دەسەلاّتدارانی ئێراقی دورستکراو لە لایەن بەریتانیا ... کورد ... ؟ .....!.؟.



١٩٢١/٧/١١ لە دوای دەرکردنی دانیـــــــشتووانە چـــــــینیەکان لەهـــــــەرێمی مـــەنگۆلیا لەلایـەن دانیـــــشتووانە ڕەســـــــەنەکانی مــەنگۆلیا ، تــوانی سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیـــەنێ لـــە هـەموو لایەنێکـەوە ، بەتایبـەتی لەلایـەنی رامیاری لەووڵاتەکـەدا. بـە نـاوی – کۆمـاری مـەنگۆلیا – کـە پایتەختەکـەی نـاوی –ئۆلان بـانور – ە و ژمـارەی دانیـشتووانەکەی ،٨٦٠,٠٠٠ هـەزار کەسـە . هـەروا ژمـارەی دانیـشتووانی ووڵاتەکـەی ، ٢,٨٧٠,٠٠٠ ملیـۆن کەســە . هــەروا ڕووبــەری ووڵاتەکــەی ،١,٥٦٦,٠٠٠ کیلـۆ مـەتر چـوار گۆشـەیە . هـەروا چڕی دانیـشتووانەکەی ، ٥ پێنج کەس لە یەك میل چوار گۆشـەدا . هـەروا نژادەکانی ، مەنگۆلیـەکان ٩٠٪ .کازاك٤٪.چینی و ڕووسی ٤٪ . لە ووڵاتەکەدا .

١٩٢١/٧/٢١ مۆرکردنی ڕێکەووتننامەی بەردەوام لە نێوان ڕژێمی تورکیاو ڕژێمی بەلشەفی نـوێی ڕووسـیا ، ئـەویش بەگەڕاندنـەوەی پارێزگاکـانی قـارس و ئـەردەهان لەباکووری کوردستان بۆ ژێر دەسەڵاتی تورکیا .

١٩٢١/٧/٢٣ بەپێی برگەو مادەکانی پەیمانی فرسـای ، ئەویش بەچاو خشاندنەوە لەسـەر یاسـای پەیووەندییـەکانی دەریـاوانی نێوودەووڵـەتی، بەگرێـدانی کـۆنگرەی پاریس لە فەرەنسا ، لەسەر دەریاکانی دانووب و راین و چەندین دەریـای دیکـە لە جیهاندا .

ئەویش لە پێناو بەرەو پێشبردنی باری دەریاوانی نێوودەوولەتی ، بەتایبەتی لـەنێوان ووڵاتـانی هاوپـەیمانان و زلهێـزی سـەربازی و ، بەتایبـەتی ئـابووری لەجیهانـدا ، کـە ئەوکاتـە ئەمـەریکاو بـەریتانیاو فەرەنـساو ڕووسـیاو چـەند ووڵاتی دیکە بوونە لە هەرێم و ناوچەو جیهاندا .

١٩٢١/٨/١٤ ڕزگار کردنی هەردوو شارۆچکەی خانەقین و مەندەلی لە باشووری کوردستان ، لەلایەن هێزەکانی کورد بە سەرکردایەتی ئیبراهیم خانی دەلۆ لەژێر دەستی هێزەکانی سووپای بەریتانیا لە ناوچەکەدا .

١٩٢١/٨/١٥ کەسایەتی دیاری کورد - فەتاح پاشا -ی ڕووناکبیرو ناوداری کورد بووە یەکەم پارێزگاری پارێزگای کەرکوك لە هەرێمە باشووری کوردستان ، کە پارێزگایەکی کوردستانیە بەخاك و دانیشتووان و ، بەقەزاکانی حەویجەو دووبزو خوورماتوو ، هەروا چەندین ناحیەی دیکەی لەخۆ گرتبوو لەپارێزگاکەدا .

١٩٢١/٨/١٦ هێزەکانی ئاسمانی سووپای بەریتانیا شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان بۆردومان کرد ، کە بۆ یەکەم جار بۆمبی /٢٢٠ پاوەندی لێبەکار هینا لەمێژووی جەنگ دا ، ئەویش بەتاقی کردنەوەی ئەو چەکە لەسەر کوردو خاکی کوردستاندا .... ؟.....!

١٩٢١/٨/١٩ یاوەری کوونسلی بەریتانیا لە شاری هەمەدان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان تەلەگرافێکی ئاراستە کرواوی بۆ وەزیری مفەوەزی بەریتانیا لەتاران کرد ، کە تێیدا دەلێت:- تەلەگرافێك لەشاری سنەوە لەلایەن- وارن- ەوە هاتووە دەلێت:-
کە سمکۆی شکاك نامەیەکی بۆسەرۆك تیرەو هۆزە کوردەکان ناردووەو داوای لێکردوون کە هەموویان هەولی ڕووخانی ڕژێمی شا لە ئێران بدەن و تیرە هۆزەکانی کورد خۆیان بۆئەم مەبەستە ئامادەکردووە لە هەرێمەکەدا .

١٩٢١/٨/٢٣ فەیسەلی یەکەم پالێورا بۆ سەرکوورسی شانشینی لە سەر دەوولەتی نوێی ئێراق ، ئەویش بەمەرجێك شانشینیەکەی دەستووری نیابی و دیموکراتی بێت بەپێی یاسا . بەلام لە دوای ئەوە دەستی کرد بەپاشگەزبوونەوە لەو ڕێنمایە.... عەرەب....؟.....!.

١٩٢١/٨/٢٥ مەندووبی سامی بەریتانیا لە ئێراق - پێرسی کوکس- توانی سەرەك وەزیرانی بەریتانیا ڕازی بکات بەپشتگیری کردنی لە گرتنەبەری ڕامیاریەتی بە تایبەتی لە هەرێمی باشووری کوردستان ، کە چرچل دووپاتی کردەوە ، کە کێشەی بنەرەتی دابین کردنی کەسایەتی شانشین فیسەل بوو لە سەر دەوولەتەکەدا ... بەلام کێشەکانی دووەم ئاساییە لە ناوچەکەدا .

بەڵام لە هەمان کات چرچل داوای کرد ، کە عەرەب لەسەر کورد رۆڵی زیاتر نەکات لە باشووری کوردستان . هەروا وەزیری مستەعمەرات ئاگاداری مەندووبی سامی کرد ، ئەویش بەجێبەجێکردنی نەخشەکەی بەدانی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لەماوەی دووساڵ تا ئەو کاتەی دەسەڵاتی شانشین فەیسەڵ توونددەبێت .

جیاوازی نێوان کۆکس و چرچل هەمان جیاوازی نێوان کیرزن و ولسن بوو لەسەر کێشەو مافەکانی کورد لەنێوان ساڵەکانی ١٩١٨- ١٩٢٠ ، کە ئەمەش وا دەردەکەوێت ، کە رامیاریەتی روون نەبوو لەسەر کێشەی کورد لە کوردستان بە گشتی و بەتایبەتی لە باشووری کوردستاندا .

١٩٢١/٩/١ گرێدانی کۆنگرەی دوانزەهەمی سەهیۆنیزم لەشاری کارلسیاری تشیکۆسلۆفاکیا ، کە یەکەم کۆنگرەی گشتی رێك پێك بوو لە دوای پچرانی کۆنگرەی یانزەهەم لە ١٩١٣ ، کە ٥٤٠ نووێنەر ئامادەی کۆنگرەکە بوون ، کە نووێنەرایەتی ٧٧٥ هەزار جوولەکەی دەکرد لە جیهاندا .

بالوێزی بەریتانیا لە براگ - سێرجیۆ چەکلارك - بەشداری بە وتارێك کۆنگرەکە کرد ، هەروا - وایزمان سلۆلۆف- راپۆرتێکی تێرو تەسەلی ئاراستەی کۆنگرەکە کرد ، ئەویش لەپێناو داهاتووی جوولەکە لە دامەزراندنی دەووڵەتی سەربەخۆیان لەفەلەستیندا .

١٩٢١/٩/١ کردنەوەی یەکەم قوتابخانەی حکوومی لە شارۆچکەی عەنکاوەی سەر بەپارێزگای هەولێر ، ئەویش بەهەول و تەقەلای مەتران ئیستفان جیری سەرۆکی ئەساقیفەی پارێزگای کەرکوك لە هەرێمە باشووری کوردستان.

١٩٢١/١٠/٣ لە دوای دامرکاندنەوەی راپەڕینی هۆزی قۆچگیری و راگوواستنەوە یان ، کە ئەمەش بووە هۆی قرتێکردنی کوردەکان وەك ئەرمەنەکان کە سەدایەکی زۆری لەسەر ئەنجوومەنی گەورەی نیشتیمانی تورك لە ئەنکەرە دایەوە... شایانی باسە شۆرشگێرە کوردەکانی عەلەوی ئەو بیرەیان بلاو کردەوە ، کە کوردەکانی عەلەوی لە باکووری کوردستان وەك ئەرمەنەکان ڕادەگوێزنەوە... ئەمە بەشداری لە پەرەسەندنی ڕاپەڕینەکە کرد لە باکووری کوردستان.

١٩٢١/١٠/٦ لە هێرشێکی هێزەکانی سمکۆی شکاك بۆ سەر شاری مەهابادو ڕزگار کردنی لەرۆژهەلاتی کوردستان ، کە شاری مەهاباد ئەوکات ٥٥٠ جەندرمەی ڕژێمی فارسی ئێرانی تێدابوو . لەوانە ٢٢٠ کەسیان کوژران ئەوانی دیکەش هەلاتن بۆ جێگاکانیتکەدا .



١٩٢١/١٠/٧ لــــە کاتـــەکانی بــــــەردەوامی سمکۆی شکاك لە راپەرینـەکانی لـە رۆژهــــــەلاتی کوردســــــتان رۆژنامەیـــــەك بـــەناوی- نــەهار کـورد لیـل عەجـەم - لــەرۆژ هــەلاتی کوردستانی ژێر دووسەلاتی فارس لە ئێران - بلاوکردەوە ، کە ئەمەش رۆلی گرنگی هەبوو لە پشتگیری راپەرین و کارلێکردنی لە رۆشنبیری نەتەوەیی و نیشتمان گەلی کوردستان .

١٩٢١/١٠/٩ جێگری پارێزگای دەرسیم لە باکووری کوردستان لە کۆبوونەوەی نهێنی کورد هەلساو گووتی :-
چۆن دەبێ کۆمەلـەی کۆمەلایـەتی کـورد کـە لایـەنێکی بزووتنـەوەی کـوردەو داوای جیابوونەوە بکات- دوای ئەوە دەستی کرد بە سزادانی ئەو کەسانەی کە بیری جیابوونەوەیان بلاو کردبووەوە لە باکووری کوردستان.

١٩٢١/١٠/١٠ لـە دوای سـەرکەووتنی دامەزرێنـەری کۆمـاری تورکیـا مـستەفا کـەمال ئـەتا تـوورك لـە شـەڕی - سـقاریا - لـە سـەر زێـی سـەقاریا، کـە مـاوەی ٢٢ رۆژی خـــــایاند دژی یۆنانیـەکان، فەرەنسا یەکـەم وولات بـوو کـە دەسـتی کـرد بـە گفتووگـۆ کـردن لـە گـەلّ مـستەفا کـەمال، و لـە هـەمان کـات بـە مـۆرکردنی رێکەووتننامەی - فرانکین بوویون - کە بووە هۆی ئەوەی هێزەکانی سووپای

فەرەنسا لە خاکی دوای هەرەس هێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، واتە تورکیای نوێ بکێشێتەوە لە گەڵ کۆمەڵێك لە وولاّتانی هاوپەیمان لە ناوچەو هەرێمەکەدا.

لەو کاتەشدا فەرەنسا دانی بەوە نا کە پەیمانی شەرعی نییە، و لە هەمان کات ۸۰۰۰۰ هەشتا هەزار سەربازی توورکی ئازاد کرد، کە لە ناوچەی مەرعەش لە باکووری کوردستان گەمارۆیدابوون، هەروا بریاریدا بە پرچەککردنی هێزەکانی مستەفا کەمال کە ٤٠٠٠٠ چل هەزار سەرباز بوون لە هێزەکانی مستەفا کەمال ئەتاتوورك.

ئەمەش بووە هۆی بەهێزکردنی جێپێگەی دەسەلاّتی مستەفا کەمال ئەتاتوورك لە شاری ئنکەرە و بە هێزکردنی سووپاکەی بە سەر بازی نوێ و چەکی نوێ. لە گەڵ ئەوەشدا دەسەلاّتی سۆڤیەتیش بەردەوام بوو لە یارمەتیدانی دەسەلاّتی مستەفا کەمال بە هۆی بوونی جمووجۆڵی ئەرمەن و کورد لە لایەك و راکێشانی ئەرمەن و کورد بۆ لای خۆیان لە هەرێمەکەدا.

هەروا دوای ئەوەش لە ۱۹۲۲/۱۰/۳ گفتووگۆی نێوان بەریتانیاو مستەفا کەمال دەستی پێکرد لە گووندی – مۆدانیا – لە سەر کەناری مەرمەرە، دوای یەك هەفتە لە گفتووگۆ کردن ، بەریتانیا بەلێنی دا بە کشاندنەوەی هێزەکانی و داواشی لە یۆنانیکان کرد بە کشاندنەوەی هێزەکانی سووپایان لە تورکیای نوێ بە مەرجێك تورکیا بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا لە تەنگەبەری – بووسفۆرو دەردەنیل بپارێزێت.

سەرچاوە:– موقف التيار الاسلامي والتيار العلماني في تركيا من القضية الكردية. دانانی دکتۆر وەلید رەزوان – چاپی یەکەم / ۲۰۰۸ .

۱۹۲۱/۱۰/۱۹ سکرتێری مەندووبی سامی بەریتانیا لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراقی بەرەو دورستکراو لەسەرخاکی باشوری کوردستان ، نامەیەکی ئاراستەی فەرماندەی پارێزگای سلێمانی کرد ، کە تیایدا هاتبوو:– سیاسەتی ئێمەی ئەمرۆ بەرامبەر بەسمکۆی شکاك و ڕۆژهەلاتی کوردستان ، بریتیە لەوەی کە هیچ دەست تێوەردانێك لە باری ئێستای ناوچەکە نەکرێت– لە هەرێمەکەدا .

۱۹۲۱/۱۰/۲۰ لەوکاتەی کە فەرەنسا ئارەزومەند بوو بە یارمەتی دانی تورکە کەمالیەکان ، هەلسا بە مۆرکردنی ڕێکەووتننامە لەگەڵ تورکیا بەناوی ڕێکەووتننامەی –

فرنکلین یۆلیۆن– که مافی تورکیای لەسەر هەرێمی سیسلیا مسۆگەر دەکردو ڕێرەوی بۆ ئاسیای بچووك ئارامدەکرد لەگەڵ داگیر کردنی سووریا و بەشێك لە خاکی رۆژئاوای کوردستان لەلایەن فەرەنسا ، کە لەسەرخاکی رۆژئاوای کوردستان بوو لە کێشووەرەکەدا .

لەهەمان کات حکوومەتی بەریتانیا نارەزایی بەرامبەر بەو ڕێکەوتنە دەربری ، کە فەرەنسا لەگەڵ تورکیا ئەنجامی داوەو دەبێتە هۆی بەهێز بوونی هەڵوویستی تورکیاو فەرەنساو ، کە پرسی بە بەریتانیا لەم بارەوە ئاگادار نەکردووە .

کەچی فەرەنسا ئەندام بووە لە کۆمەڵەی وڵاتانی کە دژی تورکیا بوون لە جەنگی یەکەمی جیهاندا.

١٩٢١/١٠/٢٠ دیاریکردنی سنووری نێوان سووریاو تورکیا لە سەر رۆژهەڵاتی خاکی کوردستان ... شایانی باسە کە سنووری نێوان تورکیاو سووریا تاکوو کۆتایی سەر دەریای سپی ناوەڕاستی ئەسکەندەرۆنە ، کە خاکی رۆژ ئاوای کوردستانە بەسنووری تەواوی ئەسکەندەرۆنەوەو کە دابەشکراوە نەك بە پێچەوانە لە ناوچەکەدا .هەروا نەك وەك ئەوەی کە عەرەب و تورك ئامارەی بۆ دەکەن لە رابردوو لە داهاتوودا.



تقسيم سورية والعراق وكردستان

۱۹۲۱/۱۰/۲۰ مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی – فرنکلین یۆلیۆن– لە نێوان فەرەنساو تورکیا ، کە کاردانەوەیەکی زۆر خراپی نواند لەسەر کێشەی داهاتووی کورد لەمافی چارەنووسیدا لەباکوورولە باشووری کوردستاندا .

۱۹۲۱/۱۰/۲۱ لە سەرچاوەیەکی بەریتانیادا لە تەلگرافێك لە ئەنکەرە هاتووە ، کە لەو تەلگرافەدا هاتبوو – سراتیژی حکوومەتی تورکیا دیاری دەکات – کە لەکاتی ئێستادا نابێ لەشکرکێشی بکرێتە سەرهۆزە یاخیبووەکان... واتە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد... بەڵکوو دەبێ هەموو هەوڵ و کۆششێك بخرێتە گەڕ بۆ ڕاکێشانی سەرەك هۆزەکان... لەچاوەڕوانی هەڵێکی لەباردابن... لە بەر ئەوەی لەشکرکێشی واپێوویست دەکات کە هێزێکی تەواو بنێردرێ بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ٤۰,۰۰۰ هەزارسوار لەناوچەیەکی

یەکجار سەختدا ، کە ئەویش باکووری کوردستانە لە کێشووەرەکەدا .

لە ڕۆبەرت ئۆلسن هەمان سەرچاوە لە ل٣٨،٣٩ .

السر برسي كوكس

١٩٢١/١٠/٢٥ نووێنــەری بـالای بـەریتانیا لــە ئێـراق – سـێر پرسـی کـۆکس- بروسـکەیەکی نهێنـی لـەژێر ژمـارە /٦١٦ ئاراســـتەی وەزارەتـــی کاروبـــاری موســـتەعمەراتی بەریتانیا لەلەندەن کرد ، لـەبارەی باری ئێراق و ناوچەکە ، بەتایبەتی بەنــد بــوو بەکێـشەی کــورد لــە باشـووری کوردســتان ، کـە ئـەم بروســـکەیە لـــەڕۆژی ١٠/٢٦ گەیـــشتە وەزارەت و باســـی گفتووگـۆی خـۆیی و یونگ دەکات بە ئامادەبوونی کۆرنوالیس کە دبلۆماتکاری بەریتانیا بوو ، لەگەڵ فەیسەلی سـعوودی و چـەندین لایـەنی دیکـەی گفتووگۆکــە ، ئـەویش لــە سـەر دورسـتکردنی دەوڵـەتی عـەرەبی بـوو لەسـەر خـاکی هـەرێمی باشـووری کوردستان .

١٩٢١/١١/١٩ لــە دایــك بــوونی هونەرمەنــدو گـۆرانی بێـژی ڕەسـەنی نـاوداری کورد لە کوردستان حەسەن زیرەك لـــە شـــاری بۆکـــانی ڕۆژهـــەڵاتی کوردسـتانی داگیر ـــکراوی ژێـر دەسـەڵاتی فارسـی لـە ئێران . لـە بنە ماڵەیەکی هەژاری کاسبکاری کورد پەروەر لە هەرێمەکەدا .

ئـەم هونەرمەنـدە دەنـگ خـۆش و بـەهرەدارە تـا کـوردو کوردسـتان وگـــەلی کـــورد مـــابێ دەنگـــە

زولالەیەکەی لـــــە گوێی هەموو منداڵ و گەنج و پیرو کچ و کورو ئافەت دەنگەداتەوە لە شاخ و دۆڵ و دەشت و ئاسمانی کوردستان .

١٩٢١/١٢/٢٢ بەر لە داگیرکردنی وولاتی نێوان دووزێ – میزۆبۆتامیا – کە لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دابوو ، دوای ئەویش کەوتە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیای مەزن ، بە کردنی زمانی تورکی بە یەکەم زمانی فەرمی وولاتەکە ، ئەویش بۆ یەکەمجار بوو لە مێژووی بوونی تورك لە ماوەی دەسەڵاتەکانی عوسمانی و تورکیادا . دووەم زەمان بە فەرمی زمانی ئینگلیزی بوولە وولاتەکەدا .

هەروا لەهەموو کارە هەمەلایەنەکانی بەرێووەبردنی دامو دەزگا حکوومیەکان... هەر بەم بۆنە دوو نووسراو لە دیوانی شاهانشینی بە ژمارە/٢٣٢/٢٢٨ لە ٢٢ – ١٩٢١/١٢/٢٧ پێشنیار دەکات بەکردنی زمانی عەرەبی بەزمانی رەسمی لەئێراقی نوێ ، لەسەرەتای ساڵی نوێی دارایی، واتە لە مانگی/ ١٩٢٢/٤ . ئەویش بەسەرپەرشتی نوێنەری سامی بەریتانیا لەئێراق و بە رازامەندی حکوومەتی بەریتانیای مەزن لەو کاتدا.

١٩٢٢

١٩٢٢/١/١٣ لە دوای ئازاد کردنی شێخ مەحمودی حەفیدو هەڤاڵانی لە دەستبەسەری لە هندستان ، بە پاپۆری – بەنگورە بۆمبێ – شێخ و حەمە غەریبی زاوای هەڵگرت لە هندستان بەرەو وولاتی کووێت بەرێکەووتن لە پێناو گەیشتنەوەیان بۆ باشووری کوردستان ، لە دوای دەستگیر کردن و دوور خستنەوەی لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەریتانیا لە باشووری کوردستان بۆ وولاتی هندستان.

١٩٢٢/١/٢٣ هێزەکانی سووپای رژێمی شای فارسی لە ئێران هێرشیان کردە سەر چەکدارانی سمکۆی شکاك ، لەناوچەکانی دەووروبەری شاری مەهاباد لەرۆژلاتی کوردستان.

١٩٢٢/١/٢٤ راگەیاندنێکی هاوبەش لە نێوان رژێمی شانشینی ئێراق و بەریتانیا بلاوکرایەوە ، بەدانانان بە مافی کورد لەو ناوچانەی کە زۆربەیان کوردن ، ئەویش بەپێك هێنانی حکوومەتی کوردی لە چوارچێووەی سنووری ئێراقی دروستکراو لەسەرخاکی باشووری کوردستان . لەو کاتە کە لە ٩٠٪

دانیشتووانی پاێزگای کەرکوك کورد بوون و لە ٨٥٪ دانیشتووانی پارێزگای مووسڵ کورد بوون لە ناوچەکەدا .

١٩٢٢/٢/٦ مۆرکردنی پەیمانی واشنتۆن لە ئەمەریکا لە لایەن وولاتانی هاوپەیمان بە قەدەخەکردن لە بەکارهێنانی مادەی گازی ژەهراوی لەجەنگەکاندا.

١٩٢٢/٢/١٠ لە بارو دۆخی ئەوکاتی تورکیا ئەنجوومەنی نیشتیمانی گەورەی تورکیا ، گفتووگۆی لە سەر پرۆژەی خوود موختاری کوردستان کرد لە باکووری کوردستان ... دەقی ئەو یاسایە لە گۆڤاری پارێزەران لە ژمارە /١٠بلاو کراوەتەوە- وەزارەتی دەرەوە/ ٧٧٨١/ ٣٧١ رۆژهەلاتی تورکیا /٦٩/٦٥-٣٥٥٣ ئەی ژمارە /٠٣٠٨٥ سیر ئیبج وەرگرتن /١٣نیسان.

١٩٢٢/٢/٢٣ شێخ ئەحمەد جابر ئەلسەباح بە ئەمیری کووێت دانرا ، کە دەسەلاتەکانی ئەمیرو شانشینەکانی وولاتانی عەرەبی هەر هەموویان سەرەك عەشیرەت و هۆزی عەرەبن ، بە رژێمی بنەماڵە دەسەلات دەگۆردرێتەوە بۆ ئەوی دیکە . ئەمیری کووێت رۆڵی گرنگی هەبووە لە پەرەپێدانی وولاتەکەی و خزمەت کردنی نەتەوەکەی و گەلانی دیکە ، کە رویان لە کووێت کردووە بۆ کارکردنی هەمەلایەنەی بازرگانی و کاری دیکە ، لەپێناو دابینکردنی بژێووی ژیان لە وانەش کورد لە وولاتەکەدا .

١٩٢٢/٢/٢٧ بەرپابوونی شۆرشی میسر لەلایەن پێك هاتەی گەلانی میسر لە ئیسلام و مەسیحی ، کە بووە هۆی راگەیاندنی سەربەخۆیی وولاتەکەیان بەدەرچوونی لەژێر دەسەلاتی پارێزگاری بەریتانیا بەشێوەیەکی فەرمی لە کێشووەرەکەدا .

بە ناوی – شانشینی میسر – کە پایتەختەکەی ناوی – قاهیر– ەیە وژمارەی دانیشتووانەکەی، ٨,٣٠٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ،٦٨,٦٠٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری خاکی وولاتەکەی ، ١,٠٠١,٤٥٠ ملیۆن کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتوانەکەی ، ١٧٨ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، رەچەلەکی حامیەی رۆژهەلات ٩٩٪ . لە وولاتەکەدا .

تێبینی :- بۆ زانیاری زیاتر دەتوانی بگەرێیتەوە سەر کتابی ئینسکلۆپیدیای کوردستان و جیهان .

١٩٢٢/٣/١٥ لە دوای بەدەست هێنانی سەربەخۆیی وولاتی میسر ڕژێمی شانشینی ڕاگەیەندرا ، بەبوونی شانشین فوئاد بەشانشینی میسرو دەسەلاتی گرتەدەست بەدامەزراندنی حکوومەت ، کە سەعد زەغلول بەسەرەك وەزیرانی حکوومەتی میسری هەلبژێردرا ، هەروا لیژنەی دەستووری داناو لە مانگی/ ١٩٢٣/٤ دەستووری میسریشی ڕاگەیاند لە وولاتەکەدا .

ئەویش بۆ یەکەم جاربوو لە مێژووی میسر... شایانی باسە کە دەسەلاتە یەك لە دوای یەکەکانی میسر لە لایەن بنەمالەی محەمەد عەلی پاشا بوونە تاکوو شۆڕشی/ ١٩٥٢ ، کە ناوداربوون بەبنەکالەی خدێووی لە میسرو جیهان کە لە نژادا کورد بوونەو خەلکی پارێزگای دیاربەکری باکووری کوردستان بوونە لە هەرێمەکەدا .

١٩٢٢/٣/٢٣ کەسایەتی ناوداری کورد بە یاوەری ٤٠ کەسایەتی کورد لەشاری سلێمانی لە باشووری کوردستان – شێخ عەلی سلێمان – بەرەو شاری بەغدا بەڕێکەوتن ، ئەویش بۆ چاوپێکەوتنان بە نوێنەری بەریتانیا کۆکس لە ئێراق ، لە پێناو دۆزینەوەی ڕێگا ی گونجاو بە چارەسەر کردنی کێشەی کورد لە ئێراقی نوێی دامەزراو لەسەر خاکی باشووری کوردستان لەلایەن بەریتانیادا .

١٩٢٢/٣/٢٦ کۆنگرەی پاریسی پایتەختی فەرەنسا لە نێوان هاوپەیمانان جیاوازی نەبوو لەگەل کۆنگرەی لەندەنی پایتەختی بەریتانیا ، لەبارەی بیروو بۆچوون لەسەر نەخشەی باری کێشەی کوردو چارەکردنی مافی کورد لە کوردستان ، چونکە لە دوای وەشاندنی تیری ژەهراوی لەگەلو نیشتمانو لەت لەت کردنی ئاسان نیە وەك دەلێن – تاسە بشکێ نەك بزرینگێ– بەلام تاسەکە شکێنداو لە هەمان کاتدا زرینگایەوەش ..؟.سەرکردایەتی ئەو کاتی کورد بەر پرسیارە لە

هەموو بوارە جیا جیاکان لە داهاتووی کوردستان .

١٩٢٢/٤/١ بوونی شاری دهۆك بە قەزای قائمقامیەتی دهۆك ڕاگەیەندراو یەکەم قائمقامی قەزای دهۆك فەتاح بەگ بوو لە هەرێمەکەدا ، چونکە ئەوشارە کوردنشینە لە باشووری کوردستان لەکاتی دەسەڵاتی ئینگلیزەکان – معاونیە- بوو، لەهەمان کات یەکەم دادوەری ڕامیاری بەریتانیا – مسترلاین- بوو لە ناوچەکەدا .

١٩٢٢/٥/١ بەپێی بنەماکانی ڕێکەووتنی ئیماراتی لاکسمبۆرگو بەلژیکا دەست کرا بەکار کردن لەیەکیەتی گومرگی لەگەڵ بەلژیکاو وڵاتانی دیکەی هاوبەش لەهەرێمە جیاجیاکان لە جیهان .

١٩٢٢/٥/٣١ سەرکردەی کورد سمکۆی شکاك نامەیەکی ئاراستەی – زەفەر دەولە- کرد لە پارێزگای تەورێز ، کە تیایدا داوای مافەکانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی فارس لە ئێران کرد ، بە هۆی چەوساندنەوەی گەلی کوردستان بە تایبەتی لە هەردوو بواری نەتەوەیی ونیشتیمانیدا .

١٩٢٢/٦/٢١ لە دوای نوێژی هەینی لە شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان مستەفا پاشا لە پێناو وشیار کردنەوەی هەستو هۆشی نەتەوەیی وتارێکی خووێندەوە ، لە هەمان کات کۆمەڵەیەکی دامەزراند بە هەڵبژاردنی نهێنی بە ناوی- کۆمەڵەی کوردستان –.

١٩٢٢/٦/٢٢ وەزیرەکانی دەرەوەی بەریتانیاو فەرەنساو ئیتالیا لەپاریسی پایتەختی فەرەنسا ، کۆبوونەوەیەکیان ئەنجام دا سەبارەت بەکێشەو مافەکانی کوردو ڕژێمی تورکیا ، کە کاردانەوەی باشی کردە سەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەتایبەتی لە باکوورو باشووری کوردستان.

١٩٢٢/٦/٢٦ عەلی شەفیق ناسراو بە- ئۆزدەمیر- بەخۆیی و کۆمەلێك سەرباز گەیشتنە شارۆچکەی ڕەواندوزی سەر بە پارێزگای هەولێر لە باشووری کوردستان ، ئەویش بەمەبەستی ئاژاوەنانەوە بە ئامۆژگاری ڕژێمی تورکیا . کە لە ڕەچەلەکدا ئەم مرۆڤە عەرەبو خەلکی وڵاتی میسر بووە لە ناو دەسەڵاتی تورکدا .

١٩٢٢/٦/٢٦ هێزە چەکدارە کوردەکان بەسەرکردایەتی سمکۆی شکاك هێرشیان کردە سەر

گوندی – ڕەهزال– لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی هێزەکانی ئێران و شەڕێکی گەوورە دەستی پێکرد ، لە ئەنجام کوردەکان پاشەکشەیان کرد لەناوچەکەدا .

١٩٢٢/٧/٢ بۆیەکەم جار لە مێژووی دامەزراندنی دەوولەتی ئێراق یاسای کۆمەلەکان بلاوکراوە ، کە بووە هۆی پێك هێنانی چەندین پارت و ڕێکخراوی نەتەوەیی و نیشتمانی و چینایەتی ، بەتایبەتی لەلایەن دانیشتووانە کوردەکانی شاری بەغدای پایتەختی ئێراق.

١٩٢٢/٧/١١ سەرەك وەزیرانی بەریتانیا – چەرچل– لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی گشتی بەریتانیا وەستاو لە ووتەکەیدا دووپاتی کردەوەو بەڵێنی بەکورد دا . ئەویش کە بەخواستی خۆیان داواکاریەکانیان جێ بەجێ بکرێت لە باشووری کوردستان.

١٩٢٢/٧/٢١ بۆ یەکەم جار لە دوای دامەزراندنی کۆمەڵەی کوردستان ، لە باشووری کوردستان کە دامەزراندنی ڕاگەیەندرا ، کە ئامانجی ئەو کۆمەڵەیە لایەنگریی کردنی دەسەلاتی شێخ مەحمودی حەفید بوو لە شاری سلێمانی لە مزگەووتی سید حسن مفتی ئەنجامدرابوو بەسەرۆکایەتی مستەفا پاشا و لە هەمان کاتدا

مـۆری هەڵکەنـدراوی بـۆ دورسـت کرابـوو بـە وێنەیـەکی ڕۆژ لـە ناوەڕاسـتی مۆرەکەدا.

١٩٢٢/٧/٤ لـە کۆبوونـەوەی کۆمەڵـەی گـەلان بریـار درا ، کـە فەلەسـتین بکەووێتـە ژێـر ئینتیدابی بەریتانیا لە دوای دابەشکردنی ووڵاتی شامو ووڵاتی نێوان دووزێ لە نێوان فەرەنساو بەریتانیاو ڕووسیادا.

١٩٢٢/٧/١٨ لـە دایـك بـوونی فەیلەسـوف زانـستی ئەمـەریکا – تۆمـاس سـامۆئیل کـۆن – لەخێزانێکی رەسەن جوولەکەی شاری سنسناتی لە وویلایەتی ئۆهایۆ چاوی بـەجیهان هـەڵهێناوە. ئـەم فەیلەسـوفە هـەر لەمنداڵیـەوە توانـای فێربـوون و گەشـەکردنی پێـووە دیـاربووە، لـە سـاڵی ١٩٤٣ بەشـی مێـژووی لـەزانکری هارڤارد تەواودەکات.
دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٤٦ بروانامەی ماجستەر لەمێژوو بەدەست دێنێ و لە هەمان زانکۆ بە پلەی مامۆستا وانەی مێژوو دەڵێتەوە تا ساڵی ١٩٤٩... دوای ئەوە بروانامەی دکتۆرای پێ دەبەخشرێت لەهەمان زانکۆدا... لە ساڵی ١٩٥٦ دەچێتە زانکۆی کالیفۆرنیاو لەبەشەکانی فەلسەفەو مێژوو وانە دەڵێتەوە... لە ساڵی ١٩٥٧ پەرتووکە بەناوبانگەکەی شۆرشی کۆپەر نیکۆس بلاودەکاتـەوە.
لە ساڵی ١٩٦١ نازناوی مامۆستای مێژووی زانستی پێدەبەخشرێ.
لەساڵی ١٩٦٢ پەرتوکی – پێکهاتـەی شۆرشـە زانستیەکان – بلاودەکاتـەوە... ئەم فەیلەسوفە لـەکارە زانستیەکانی بـەردەوام دەبێـت تـاکوو لـە ١٩٩٦/٦/١٧ بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایـی دەکات... دوا پـەرتووکیش بـەناوی – وتارە فەلسەفیەکان – لە ساڵی ٢٠٠٠ بلاودەکرێتەوە.

١٩٢٢/٧/٢٥ هەڵگیرسـانی شـەڕی لـە شـکربازی لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتانی ژێـر دەسـەڵاتی فـارس لـە ئێران ، لـە نێـوان هێزەکـانی کـوردو سـووپای شـایەتی فارسـی . لـە ئەنجام هێزی کورد توانی سەرکەووتن بەدەست بێنێ لە ناوچەکەدا .

١٩٢٢/٧/٢٧ بەچـاپگەیاندنی دوا ژمـارەی پێـشکەووتن لـە شـاری سـلێمانی لـە باشـووری کوردستان.

١٩٢٢/٧/٢٧ سەرەك وەزیرانی بەریتانیا– ونستون چرچل– نامەیەکی ئاراستەی دەسـەڵاتی شانشینی نوێی ئێراقی دورستکراو کردو تیایدا هـاتبوو:– نابێ کـورد ناچـار

بکرێت لەهەلبژاردن بەلکوو دەبێت مافی ئۆتۆنۆمی پێ بدرێت – لەچوار چێووەی سنووری ئێراق بە چاودێری بەریتانیای مەزن لە باشووری کوردستان.

١٩٢٢/٨/٢ بلاو کردنەوەی یەکەم ژمارەی هەفتەنامەی – بانگی حەق– لەباشووری کوردستان لەشاری سلێمانی لەلایەن مستەفا پاشای یاملکی لە شارەکەدا .

١٩٢٢/٨/١٤ گەڕانەوەی شێخ مەحمودی حەفید بۆ شاری سلێمانی و بەستنی کۆنگرەی گشتی بە هەلبژاردنی شێخ بە مەلیکی کوردستان لە هەرێمی باشووری کوردستان .

١٩٢٢/٨/١٨ لەدایك بوونی – ئالان رۆب گریت – نووسەرە فلیمسازو ڕۆمان نووسی ناوداری فەرەنسا ، لە شاری بریست فنستیزی وولاّتی فەرەنسا لەخانەوادەیەکی ئەندازیارو زاناو زانست پەروەر لە دایك بووە.

١٩٢٢/٨/٢٦ بە هۆی کێشە لە نێوان تورکیا و یۆنان هێزەکانی سووپای دەسەلاّتی تورکیا پەلاماری هێزەکانی سووپای یۆنانیاندا لەناوچەی – سکاریا– ی باکووری کوردستانیژێر دەسەلاّتی تورکیا.

١٩٢٢/٩/٥ بە هۆی جمووجۆلّی و خۆڕاگری جەماوەری شاری سلێمانی و شارۆچکەی کۆیە لە باشووری کوردستان ، ئەویش بە بەرگری کردن لەگەل و نیشتمان ، کە بووە هۆی ناچارکردنی هێزەکانی سووپای هێرش بەری بەریتانیا بە کشانەوەیان لەپارێزگای سلێمانی وشارۆچکەی کۆیە لە باشووری کوردستان و لە ئەنجامدا کابتن – بوند– کوژرا لە شەڕەکەدا .

١٩٢٢/٩/٩ هێزەکانی سووپای تورك و جەندرمەکانی هەلّسان بەوێران کردنی گەڕەکی ئەرمەنەکان لە شاری ئەزمیری ڕۆژئاوای ئەنازۆل لە باکووری کوردستان ، بە هۆی داگیرکردنی یۆنانیەکان بەهاوکاری ئەرمەنەکان ، کە هەموو دانیشتووانی گەڕەکەکەیان لەناوبرد بەکووشتنی بەکۆمەلّ و زیندەبەچالّکردنیان و دەر بەدەر کردنیان ، بۆ وولاّتانی دیکەی وەك :– ڕووسیا سووریا و لوبنان .

١٩٢٢/٩/٩ لە ئەنجامی پەلاماردانی هێزەکانی سووپای یۆنان لەلایەن هێزەکانی سووپای تورك و ئاکامی بووە هۆی داگیر کردنی پارێزگای ئەزمیر... کە کەووتنە پەلاماردانی کوردو ئەرمەن و داگیر کردنی ناوچەکانی باکووری کوردستان ، بە بەتورککردن و گۆڕنی دیموگرافیای جووگرافیای هەرێمی باکووری

کوردستان.

١٩٢٢/٩/١٠ مۆرکردنی ریکەووتننامەی هاوکاری لە نێوان بەریتانیاو ڕژێمی شانشینی دورستکراوی ئێراق ، لە پێناو بەهێز کردنی جێپێگەی خواستەکانی بەریتانیاو گەمارۆدانی بزووتنەوەی ڕزگاری کورد لە کوردستان بەتایبەتی لە باشووری کوردستان.

١٩٢٢/٩/١٢ شێخ مەحمودی حەفید بەفەرمی کرا بە مەلیکی کوردستان لە باشووری کوردستان بەپێی رێکەووتنەکانی نێوان ڕژێمی ئێراق‌و بەریتانیاو کۆمەڵەی گەلان .

١٩٢٢/٩/١٤ گرێدانی یەکەم کۆنگرەی گشتی نەتەوەیی کورد لە باشووری کوردستان ، لە شاری سلێمانی کە شێخ مەحمود وەك مەلیکی کوردستان بەشداری تێدا کرد لە شارەکەدا .

١٩٢٢/٩/١٨ دامەزرێنەری دەووڵەتی تورك مستەفا کەماڵ ئەتاتورك – باوکی تورکمان – سەرکەووتنی هێزەکانی سووپای تورکی بەسەر هێزەکانی سووپای یۆنان لە باکووری کوردستان و ناوچەی ئەنادۆڵ ڕاگەیاند، کە لەو کاتەی کورد هاوکاری تەواوی سووپای داگیرکەری تورکی دەکرد، بەڵام یارمەتی کورد لە لایەن تورکە کەمالیەکان بە تورککردن‌و ڕاگواستن‌و داگیر کردن دەداوە لە باکووری کوردستان .

١٩٢٢/٩/٢٠ هێزەکانی سووپای تورك پارێزگاو ناوچەکانی ئەنادۆڵی داگیر کردو بەویستی خۆی مامەڵەی لەگەڵ کورد دەست پێکرد ، لە بەتورککردنی باکووری کوردستان‌و گوواستنەوەی خێزانە کوردەکان‌و هێنانی خێزانی تورکی هاوردە بۆ باکووری کوردستان.

١٩٢٢/٩/٣٠ دروست بوونی بارو دۆخێکی دڵخۆش ، کە بە گەیشتنەوەی سەرکردەو ڕابەری کورد لە هەرێمی باشووری کوردستان شێخ مەحمودی حەفید بۆ شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان ، لە کاتێکدا کە بەریتانیەکان سزای دوورخراوەیی هندستانیان لە سەر هەڵووەشاندەوە.

١٩٢٢/١٠/١٠ یەکەم رێککەووتن لە نێوان ڕژێمی شانشینی ئێراق‌و بەریتانیا مۆر کرا بە پاراستنی ڕژێمی شانشینی لە هەموو بوارە جیاجیاکانی دەووڵەت‌و دەسەڵات لە سەر ئێراقدا .

١٩٢٢/١٠/١٠ دامەزراندنی یەکەم ئەنجوومەنی شارەوانی لە مێژووی کورد لە پارێزگای سلێمانی لە باشووری کوردستان ، لەلایەن شێخ مەحمودی حەفید لە مێژووی کورد ، لە دوای پێك هێنانی یەکەم کابینەی حکوومەتی کوردستان .


شاری سلێمانی لە سەردەمی بزووتنەوەی شێخ مەحمود

که ئەو حکوومەتە لە ٨ ئەندام پێك هاتبوو ، کە وەزیرەکان ئەمانە بوون .
١- ژەنەراڵ مستەفا پاشای یامولکی وەزیری مەعاریف . ٢- سەرهەنگ سالح زەکی وەزیری بەرگری . ٣- عەبدولکەریم عەلەکە وەزیری دارایی. ٤- شێخ محەمەد غەریب وەزیری ناوخۆ. ٥- ئەحمەد بەگ فەتاح وەزیری ئابوری . ٦-حەمەی ئاورەحمان ئاغا وەزیری نافیعە . ٧- حاجی مەلا سەعید وەزیری دادپەروەری . ٨- ژەنەرال سەدیق قادری پشکێنەری گشتی هێزەکانی کوردستان و ، سەید ئەحمەد بەرزنجی بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش و پۆلیسی کوردستان.
لەهەمان کاتدا ئالأی کوردستان بەرز کرایەوەو بڕیار درا سلێمانی ببێتە پایتەختی کوردستان . کە لە هەمان ڕۆژ حکوومەتی کوردی لەپارێزگای سلێمانی ڕاگەیەندرا لە لایەن شێخ مەحمود لە هەرێمەکەدا .

١٩٢٢/١٠/١١ مۆرکردنی ڕێکەووتننامەی – مۆداتیا– لە نێوان ڕژێمی تورکیا و حکوومەتی یۆنان ، کە هێزەکانی سووپای یۆنان بە تەواوی خاکی تورکیا بەجێ بهێڵن ، بەڵام لەڕاستیدا ئەو خاکەی هێزەکانی سووپای یونانی لێ بوو خاکی باکووری کوردستان بوولە ژێر دەسەڵاتی کەمالیەکان لە هەرێمەکەدا .
١٩٢٢/١٠/٢٣ هەڵبژاردنی پەرلەمانی ڕژێمی شانشینی ئێراق ، کە بەرەی کورد لە باشووری کوردستان بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمودی حەفید دژی ئەو پەرلەمانە

وەستان.

١٩٢٢/١٠/٢٥ مۆرکردنی ڕێکەووتننامەی هاوکاریو دۆستایەتی لە نێوان ڕژێمی تورکیاو فارسی لە ئێران ، دژی کوردو تیرۆر کردنی سمکۆی شکاك لە ڕۆژهەڵاتو باکووری کوردستانی ژێر دەسەڵاتەکانی هەردوو ڕژێمی شۆڤینی ئێرانو تورکیا لە کێشووەرەکەدا .

١٩٢٢/١٠/٢٥ دەست پێکردنی گفتووگۆ لە نێوان ڕژێمی ئێرانو ڕژێمی تورکیا لەسەر ڕاپەڕینەکانی سمکۆی شکاك ، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە مەبەستیش ئەوەبوو . کە تورکەکان هەولیان دا یارمەتی سمکۆ بدەن دژی ڕژێمی ئێران نەك کوردو کوردستان.

١٩٢٢/١٠/٢٧ بەچاپکەیاندنی دوا ژمارەی ڕۆژنامەی بانگی کوردستان لەشاری سلێمانی لە باشووری کوردستان.

١٩٢٢/١٠/٢٨ شانشینی ئیتالیا لە بڕیارێکیدا – بنینۆ مۆسۆلینی– بە سەرەك وەزیرانی ئیتالیا دامەزراند ، لەدوای ئەوە مۆسۆلینی پارتی فاشی دامەزراند ، کە ئەم مرۆڤە لە مرۆڤێکی دیموکراتی سۆشیالیستی هەلگەڕایەوە بەرەو مرۆڤێکی فاشیو هەنگاوینا دژی جووڵانەوەی دیموکراتی لە هەموو بوارە جیاجیاکان شان بەشانی ئەلمانیا.

١٩٢٢/١١/١ تورکە کەمالیەکان ڕایان گەیاند ، کە ئەوان دەسەڵاتداری ڕەوان لەسەر تورکیاو دەسەڵاتی سەلتەنەتیان هەڵووەشاندەوە. واتە دوا دەزگای ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەکان .

١٩٢٢/١١/٤ دۆزینەوەی گۆڕی - تووت جنخ ئاموون- لە دۆڵی شانشینەکان لە دەشتایەکانی ڕۆژئاوای کۆشکەکە لە وولاتی میسر.. کە ئەمەش بە یەکەم دۆزینەوە دادەنرێت لە مێژوودا ، کە بە تەواوی کنوزەکانی - خەزنە ، کۆگا - بنەماڵەی هەژدەمی فرعەونەکان لەگەڵ کوورسی عەرشی و پەیکەری پاسەوانەکان ، لەگەڵ سندوقێکی شانشینی و پەیکەری فرعەونەکان - ئەخناتوون و خێزانەکەی- لە میسر .

شایانی باسە کە شووێنەوارو شارستانیەتی فرعەونەکانی میسر دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ٧٠٠٠هەزار ساڵ بەر لە مێژووی زاین لە ناوچەکەدا .

١٩٢٢/١١/١٠ لە دوای تەواو کردنی پۆستەکان شێخ مەحمودی حەفید کابینەی حکوومەتی کوردی لە نۆ وەزیر پێك هێناو سەربەخۆی کوردستانی لە باشووری کوردستان ڕاگەیاند.

١٩٢٢/١١/١٢ دامەزراندنی هەرێمی ئۆتۆنۆمی قەرەچایڤ - چەرکەس - لە ژێردەسەلاتی یەکێتی سۆڤیەتی نویێ ، بە سەرکردایەتی ڕابەری شۆڕشی ئۆکتۆبەر ، لینین... شایانی باسە کە قەرەچایڤەکان بەپێی سەرژمێری ١٩٨٩ لە یەکێتی سۆڤیەت ژمارەیان ١٥٥،٩٠٠ کەس بووە، زمانەکەیان لە دەستەی زمانەکانی کیمچایڤە ، یا زمانی قەرەچایڤ . یا بالکار ، یا بنەماڵەی زمانەکانی باکوورو ڕۆژئاوای ئالتایەو پەیووەندیەکی زۆرو نزیکی لەگەڵ زمانی ئەسەنتیندا هەیە ولە ئایین موسلمانی مەزهەب سونەن.

هەروا بەپێی بڕیاری پەرلەمانی یەکێتی سۆڤیەت لە ١٩٤٣/١٠/١٢ ئەم ئۆتۆنۆمیە پشت بە سنوور بە تاوانە هەڵبستراوەکانی ڕژێمی ستالینی

هەڵووەشـاوەیە ، تـەواوی دانیـشتووانەکەی بـەزۆر بـۆ شـووێنەکانی دیکـەی سۆڤیەت دوورخرانـەوە ، دوای ئەوە ئەم کۆمارە سەرلە نـوێ لـە ١٩٥٧/١١/٩ دامەزرایەوەلە ناوچەکەدا.

دوای دەرچوونی بریارو دەستوورەکانی دەوڵـەت و پارت و پەرلـەمان و دام و دەزگـا یاسـادانانەکان پێـشنیارکرا ، کـە گـەلانی ژمـارە کـەم پێوویـست بـە قـەوارەی ئۆتۆنـۆمی ناکـات ، کە ژمارەیـان لـە ٢٠٠ هەزارکـەس کـەمتر بێـت لـە ناوچەکەیدا .

بـەڵام کـورد ئـەو کـات ژمـارەی دانیـشتووانەکەی لـە ٧٥٠,٠٠٠ هـەزار کـەس زیاتر بوون ، هـەر وەك ئـەم کەمـە نەتەوایەتیانـە مامەڵەی لەگەڵ کراو هەرێمـە ئۆتۆنۆمیەکەی هەڵوەشێندراوەودانیشتووانە رەسـەنە کوردەکان لـە پارێزگای یـەریڤان و دەورووبـەری دابەشـی سـەر کۆمارەکـانی یـەکێتی سـۆڤیەت کـرا لەلایەن ستالین.

١٩٢٢/١١/١٢ سـەرکردەو قارەمـانی تێکۆشـەری کـورد سمکـۆی شـکاك لەگـەڵ نووێنـەری بەریتانیا- وای- لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان کۆبـۆوە ، بەڵام ئـەو کۆبوونەوەیـە هـیچ ئاکـامێکی لـێ نەکەوتـەوە لەچارەسـەری مافـەکانی کـورد لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردستاندا .

١٩٢٢/١١/١٥ بڵاو کردنـەوەی یەکـەم ژمـارەی ڕۆژنامـەی کوردسـتان لـە شـاری سلێمانی لـە باشووری کوردستان به سەرپەرشتی نوری عەلی و کەمال بوو لە شارەکەدا .

١٩٢٢/١١/١٦ دامەزرێنـەری دەووڵـەتی تـورك مستەفا کـەمال ئـەتاتورك بـە فـەرمی دەسـەڵاتی رژێمـی تورکیـای گرتـە دەست لەسـەر تورکیـای دورسـتکراوی دوای ڕووخـانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەسەر خاکی باکووری کوردستان لە هەرێمەکەدا .

١٩٢٢/١١/١٦ نووسەرو ڕووناکبیرو ڕۆمان نووسی بەناوبانگی پورتووگالی و جیهان -خۆزێ سـاراماگۆ- لـە گونـدی ئەزبنیاکـەی هـەرێمی ریبـانیگۆی بـاکووری شـاری لـشبۆنە لەچـاوی بـە جیهـان هـەلهێناوە و لەسـالی ١٩٨٨ خـەڵاتی نـۆبلی پـی بەخشراوە لە وولاتەکەدا .

١٩٢٢/١١/٢٠ مۆرکردنی ڕێکەووتننامەی ئاشتبوونەوە لە نێوان ڕژێمـی تورکیـاو فەرەنسا ، ئـەویش بـە دەرچـوونی هێزەکـانی سـووپای ئیتالیـا لـە باشـوورو ڕۆژ ئـاوی کوردستانی داگیرکراوو ، لەهەمان کات ئەوانەی کە دووژمنـی ڕژێمـی تورکیـا و

تورك بوون ، لە شاری لۆزان لە گەلیان کۆبوونەوە . ئەویش لەپێناو دژایەتی کردنی مافی کوردو خاکی کوردستان لە کێشووەرەکەدا .

هەروا ئەویش بە بەکارهێنانی ڕامیاریەتی جینۆساید بەرامبەر بە گەلی کوردستان ، ئەمەش لە سەر داوای وولاتانی سەرکەوتووی جەنگی یەکەمی جیهان.- لۆرد کیزن - نووێنەری بەریتانیاو - عسمەت ئینوونوو- نووێنەری تورکیا بوو ، ئەویش بەکۆتایی پێ هێنانی خەونەکانی کورد لەپەیمانی سیڤەر لە ١٩٢٠/٨/١٠ ، بەچارەسەرکردنی کێشەی کورد لە کوردستاندا .

١٩٢٢/١١/٢٥ لە سەرەتای دورستکردنی ڕژێمی شانشینی ئێراق ، هەردوو حکوومەتی ئێراق و بەریتانیا ڕاگەیاندنێکی هاوبەشیان بلاو کردەوە - بڕیار- لەو بڕیارە هاتووە:-

که هەردوو حکوومەتی بەریتانیاو ئێراق هیوادارن کە کوردەکان سەرەڕای جیاوازیان بەزووترین کات لەسەر شێووەی ئەو حکوومەتەی کە دەیانەوێ دورستی بکەن و سنوورەکەش تاکوو کوێ بێت - لە باشووری کودرستان لە سەری ڕێککەوون ،عەروا لە ئەنجامەکەی ئاگادارمان بکەنەوە بۆ بە ئەنجام گەیاندن.

١٩٢٢/١٢/٢ ڕژێمی شانشینی لە ئێراق و حکوومەتی بەریتانیا دانیان نا بە مافی کورد لە باشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق ، لەناو چوار چێووەی سنووری ئێراقی دورستکراو .

ئەویش بەدامەزراندنی حکوومەتێکی کوردی لە تەواوی سنووری کوردستان ، کە پارێزگاکانی کەرکوك و هەولێرو سلێمانی دەگرتە خۆی لە هەرێمەکەدا .

١٩٢٢/١٢/٢٢ ڕژێمی نووێی شانشینی لە ئێراق و بەریتانیا دانیان بەوە نا ، کە کورد لە باشووری کوردستان مافی دامەزراندنی حکوومەتی ناوخۆییان هەیە لەچوار چێووەی سنووری ئێراق لەسەر خاکی هەرێمی باشووری کوردستان لە وولاتەکەدا .

١٩٢٢/١٢/٢٤ ڕاگەیاندنی هاوبەشی ڕژێمی شاهانشینی لە ئێراق و حکوومەتی بەریتانیا کە دان مافی کورد دادەنێن لە پێکهێنانی حکوومەتی کوردی ، ئەویش بەم شێوەیە ، مافی کوردە دانیشتونەکانی ناو سنوری ئێراق بەپێکهێنانی

حکومەتی کوردی لەناو ئەو سنورەدا.

١٩٢٢/١٢/٢٥ بڵاوکردنـەوەی بەیاننامـەی نێـوان ڕژێمـی شانـشینی لـه ئێـراق و حکوومـەتی بەریتانیا ، له دوای ئـەوەی کـه بەگرنگترین بەڵگەنامـەی مێژوویی دادەنرێت ، که تێیدا دان بـەمافی تـەواوی ڕەوای گـەلی کورد لەسـەر خـاکی خـۆی دادەنـێ ، ئـەویش بەدامەزرانـدنی حکوومـەتی کـوردی لـەناو چـوار چێـوەی سـنووری دورستکراوی ئێراق له هەرێمەکەدا .

١٩٢٢/١٢/٣٠ یەکیەتی کۆمارەکانی سوشیالیـــــستی ســــــۆڤیەت بەرابەرایـــــــەتی دامەزرێنەرەکەیـــد – فلادیمێـــر ئیلـــیچ ، لیـــنین– دامـــەزراوو گەلانی ئـەو یەکیەتیە فیدرالیـە تایبەتیـە ، کە لـە ژێـر دەسـەڵاتی

سەنتەری پارتی کۆمۆنیـستی سـۆڤیەت بـوو ، وەك وولاتێـکی دەرگـا لـه سـەر داخراو لە پەیووەندی دراوسێیی و نێوودەووڵەتی له جیهاندا.

١٩٢٢/١٢/٣٠ کۆنگرەی سێیەمی ئەنجوومەنەکانی سۆڤیەت ڕەزامەندی کرد لـه سـەر یەکێتی کۆمارەکانی سۆشیالیستی سـۆڤیەتی و لەسـەر پـەیمانی دامەزرانـدنی یـەکێتی کۆمارەکـانی سۆشیالیـستی سـۆڤیەت ، دوای ئـەوە ورده ورده کۆمارەکـانی دیکـە لـەناو ئـەو یەکیەتیـە فیدرالیـە خۆیـان بەسـتەوەو بـەرەو هـەنگاونان بۆپێشەوە هەنگاویننا تاکوو هەڵووەشاندنەوەی یەکیـەتی سـۆڤیەت بەردەوام بوو لە کێشووەرەکەدا و جیهاندا .

١٩٢٢/١٢/٣١ ئایدۆلۆژی مارکسی سەردەمی بڕوای بە ڕووبەڕووبوونەوەی نەتەوەیی هەیە ، لە سەر مێژووی دیاریدەی و دیاریکراوو جیاوازی کردن . لە نێوان مافە نەتەوەییەکان وەك لینین ئاماژەی بەوە کردووە کە دەڵێ:-
لە نێوان نەتەوەی گەل کە نەتەوەیەکی دیکە دەچەوسێنێتەوەو نەتەوەیی گەڵ چەوساوەیەو لە نێوان نەتەوەیەك وەك نەتەوەی گەورە لەگەڵ نەتەوەی بچووکە ، هەروا ، مارکس – لینین ، جیاوازی لە نێوان نەتەوەی ژێر دەسەڵاتی وولاتانی سەرمایەداری پێشکەوتوو لەگەڵ نەتەوەی وولاتانی ژێر دەستەو چەوساوە دەکات لە بواری نیشتمانی جووگرافی و نەتەوەیی لە سەر نیشتمانەکەیدا.

١٩٢٣

١٩٢٣/١/٧ سەرکردەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ژێر دەسەلاتی رژێمی شای ئێران ، سمکۆی شکاك گەیشتە شاری سلێمانی و لەلایەن پێشەوای بزووتنەوەی ڕزگاری کورد لە باشووری کوردستان شێخ مەحمودی حەفید پێشوازی لێکرا .

ئەویش سەردانەکەی لە پێناو هاوکاری و یارمەتیدانی یەکتری لە بواری نەتەوەیی و نیشتمانیدا ، بەو بۆنەوە بازارەکانی شاری سلێمانی داخران لە هەرێمەکەدا .

١٩٢٣/١/١٤ شێخ مەحمودی حەفید کۆبوونەوەی لەگەڵ ٤٣ لە سەرۆك عەشیرەتە کوردەکان لە شاری سلێمانی ئەنجامدا ، لە پێناو دیاریکردنی کاری ڕێکخستن لە هەرێمی باشووری کوردستان .

ئەویش بە دیاریکردنی – ١٠– سەرۆك عەشیرەت لەرۆژهەلاتی کوردستان و –

١٣– سـەرۆك عەشیرەت لـە سـلێمانیو هەڵەبجەو – ٤– سـەرۆك عەشیرەت لـە هەولێرو كۆیەو–١٦ – سەرۆك عەشیرەت لەپارێزگای كەركوك.

١٩٢٣/١/٢١ بەهۆی ئاڵۆزیو ناڵەباری بارودۆخی باشووری كوردستان شێخ مەحمودی حەفید نامەی یەكەمی ئاراستەی رابەری شۆڕشی ئۆكتۆبەری سۆڤیەت – لینین – كرد .

ئـەویش لـە پێنـاو بـەهانا هاتنو یارمەتی دان ، كە لەو كاتە كوردو خاكی كوردستان بـەر شـالاوە یـەك لـە دوای یەكەكانی هێزەكانی سووپای رژێمـی شانـشینی ئێـراقو بـەریتانیاو بەتایبەتی بـەرەو دابەشـكردنی كوردسـتانو داگیر كردن هـەنگاوی پێدەنرا لـە هـەموو لایەنـە جیاجیاكـان لە كوردستاندا.

١٩٢٣/١/٢٣ نووێنەری بەریتانیا–كیرزن– لە لێدوانێكیدا بیانووەكانی لە مەڕ هەڵوێست و رامیاریـەتی بـەریتانیای خستە ڕوو ، كـە ئـەویش بـە دەرخـستنی پـەیمانی فرسایو سانڕیمۆ .

ئـەویش بەر گری كردن بوو لـە هەڵبـژاردنی– شاڤیل– بوو لەگـەڵ لكاندنی مووسڵو باشووری كوردستان بەشانشینی ئێراقی دورستكراو لەسەرخاكی كوردستاندا.

لیژنەی ویلایەتی موسڵ لە نێوانیاندا ئەدمۆندس لەلای چەپ دووەمین کەسە

١٩٢٣/٢/٢١ هێزەکانی سووپای بەریتانیاو بەرپرسانی بەریتانیا لە ئێراق کەووتنە دژایەتی کردنی مەلیکی کوردستان شێخ مەحمودو داوایان لێکرد سەردانی شاری بەغدا بکات .

ئەویش بۆ وتوویژ کردن لەگەڵ بەرپرسانی میریو هەرەشە لێکردنیو لەجەماوەری پارێزگای سلێمانی کە دژایەتی بەریتانیاو دەسەڵاتی شانشینی ئێراقی دورستکراو لەسەر خاکی باشووری کوردستان نەکەن ، گەرنا ناوچەکە بەر هێرشی بۆردومان کردنی هێزی سەربازی دەبێتەوە لە داهاتوودا .

١٩٢٣/٢/٢٣ سەرکردەی کورد ئیسماعیل خان -سمۆکی شکاک- دوای گەیشتنی سەردانی شێخ مەحمودی کرد لە شاری سلێمانیو پشتگیری تەواوی خۆی بۆ شێخ دووپات کردەوە ، لە پێناو وەدی هێنانی مافەکانی کوردو خاکی کوردستان.

١٩٢٣/٢/٢٨ سەرکردەی کورد سمکۆی شکاک شاری سلێمانی جێ هێشت لە ئەنجامی هەرەشەی هێزەکانی سووپای بەریتانیا بەبلاوکردنەوەی بەیاننامەی هەرەشەکردن بە فرۆکە بەسەر شاری سلیمانی لە هەرێمی باشووری کوردستان.

١٩٢٣/٣/١ دامەزراندنی پارێزگاری پارێزگای هەولێر کە بەرێز ئەحمەد عوسمان بوو لە شاری هەولێر لە لایەن رژێمی شانشینی و بەرپرسانی بەریتانیا لەسەر پارێزگاکەدا لە باشووری کوردستان .

١٩٢٣/٣/٤ فرۆکـە جەنگیـەکانی هێزەکـانی سـووپای بـەریتانیا شـاری سـلێمانی لـە باشووری کوردستان بۆردومان کرد، کە لە ئەنجام داگیری کردو دەسەڵاتی شـێخ مـەحمودی هەڵووەشـاندەوە بـەهێزی هێزەکـانی سـووپای بـەریتانیا ، بەهاوکاری هێزەکانی ڕژێمی شانشینی لە ئێراق بەیارمەتی کوردە خۆفرۆش وجاشـەکانی دژ بـە گـەل و نیشتیمانەکەیان بە لایـەنگیری کردنـی لایـەنگیری ڕژێمی شانشینی لە ئێراق هەرێمەکەدا.

١٩٢٣/٣/٨ بەڵگەنامـــەکانی دەســـەڵاتی یەکیـــەتی ســـۆڤیەتی تایبەتمەنـــد نـــەبوون بەبڵاوکردنـەوە، کـە هەڵوویـستێکی خراپیـان گرتبـووە بـەر بەرامبـەر کـوردو جووڵانـەوەی رزگـاری کـورد لـە باکووری کوردسـتانی ژێـر دەسـەڵاتی رژێمـی تورکیا و وولاتی دیکە.

کە کوردو خاکی کوردستانیان بەسەردابەشکرا وەك :-

ئێـران و ئێـراق و سـووریا. لـەم رۆژەدا دەسـتەی لێژنـەی مللـی بـۆ کاروبـاری دەرەوە – واتــە دەســتەی وەزارەتــی دەرەوە – بریــاردرا بــە ئــەویش :- کــە پێوویست ناکات یارمەتی کورد بە جیاکەرەوەکانی تورکیا بدرێت.

لە هەمان پشتگیری ئیمپریالیەتی تورکیا نەدرێت لە هەڵوویستەکانی بەرامبەر بـەکورد. بـەڵکوو هەڵوویـستی نـەرم بگیرێتـە بـەر بەرامبـەر بەتێکۆشـانی کـورد دژی بەریتانیا.

هەڵوویـــستی ســـۆڤیەت زۆر روون و ئاشـــکرا بـــوو لەبەڵگەنامـــەکان، وەك رێنماییەکی دەرچوو لـە لایـەن دەسـەڵاتی بـالای سۆڤیەت بەرامبـەر بەکێشەی کـورد، ئـەویش دژی بـیری سـەربەخۆیی کوردسـتان بـوو، لـە هـەمان کـات ناوزەندکرا بە بیرێکی کۆنە پەرستانە و بەڵکوو بارودۆخی ئێستا وا دەخوازێ هاوسەنگیەك بۆ کێشەکان جێگیربکرێت... هەروا بەهێزکردنی پارچەکانی کە دەووڵەتی تورکی پێێ بەهێزدەکرێت نەك بەپێچەوانەوە.

هەروا کـارگێر بەدەسـەڵاتدارەکان لـە وولاتـی رۆژهـەلاتی دیکـە پـشتگیری بیری کوردستان سـەربەخۆیان نەدەکرد. کە دەبووە گورزێك بۆ وولاتـانی سـەربەخۆو یەکیەتی نیشتیمانیەکان لەناوچەکەدا.

بەهۆی ئەوەی کە دانیشتووانی کورد دوا کەوتوون و ژێـر دەسـتەو ملکەچـی ســـەرەك عەشـیرەت و ئاینیەکانیـشن و، لــە هــەمان کــات نۆکــەری وولاتــانی

ئیمپریالیەکان... ئەمەش وا پێویست دەکات داوای پێشکەش کراوی لێژنەی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی رەتبکرێتەوە، لەژێر پارێزگاریکردنی رووسیای سۆڤیەتی، کە ئەم داوایەشی داوایەکی ناکاویە و لەگەڵ ئەوەشدا بریاری تایبەتی مەکتەبی رامیاری لێژنەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی بەلشەفی لە ساڵی ١٩٢٥ و هەڵوویستی خراپی سۆڤیەت بەرامبەر بەجووڵانەوەی رزگاری کورد لە باکووری کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەڵاتی تورکیالە هەرێمەکەدا .

هەر لە بەر ئەوەش هەڵوێستی وولاتانی رۆژئاواو یەکیەتی سۆڤیەت خراپ بوو بەرامبەر بەشۆرشی شێخ سەعید، کە تورکیای هەژاند لەناوچەکەدا. هەر لە بەر ئەوەش سۆڤیەت هەوڵیدا کێشەی نێوان رژێمی ئێران و تورکیا بەرەو ئارامی و سەقامگیری ببات نەك بەپێچەوانە دژی کورد لە کوردستان.

سەرچاوە :- لازاریف. المسالة الكردية ١٩٢٣ - ١٩٤٥.

١٩٢٣/٣/٢٤ بەهۆی هێرشەکانی سووپای بەریتانیا بۆ سەر شاری سلێمانی و دەووروبەری شێخ مەحمودی حەفیدو شۆرشگێرەکان ناچار بوون روو بکەنە ناوچەی سووررداش و شاخە بەرزەکان لە دەووروبەری شاری سلێمانی و درێژە بەخەبات بدەن لە هەرێمەکەدا.

١٩٢٣/٣/٢٩ رووناکبیری جیهانی و رۆمان نووسی بەناوبانگ- ئەرنست هەمنگوای- دووپاتی کردۆتەوە و دەڵێ:- مستەفا کەمال ئەتاتورك لەدوای نەمانی ترس لەئەرمەن و کورد لەباکووری کوردستان و یۆنان دەسەڵاتی زانستیانەی - علمانی- راگەیاندو بەو پەری شۆڤێنیانە کرداری لەگەڵ کورد ئەنجام دەدا لە هەرێمەکەدا.

١٩٢٣/٤/٢١ لە نێووەندەکانی گفتووگۆی پەیمانی لۆزان ، تورکیا لە هەموو داواکاریەکانی خاوەنداریەتی سامانەکانی خۆی ،



کـه بـەداگیر کـردن خـستبوویە ژێردەسـتی لێـی خـۆش بـوو ، کـه لـه وولاّتـانی عــەرەبی هــەیبوو . بەتایبــەتی لەباشــووری کوردســتانی لکێنــراو بــەئێراق لەسەرووی هەموویان وویلاّیەتی موسلدا له ناوچەکەدا .

١٩٢٣/٤/٢٢ هێزەکـانی سـووپای تورکیـا شارۆچـکەی روانـــــــــــدزو دەووروبـەری سـەن بە پارێزگای هـەولێر لــــه باشـــووری کوردســــتان ، جــێ هێــشت بـــه هـــۆی هەرەشەی هێزەکانی سووپای بـەریتانیاو کەوتـەوە ژێـر دەسـەلاّتی هێزەکـانی بـەریتانیاو ڕژێمـی شانشینی له ئێراق.



١٩٢٣/٤/٢٣ لە کۆنگرەی دووەمی لۆزان له سـەر کێشەی وویلایـەتی مووسڵ ، کـه لـه سـەر خـاکی باشـووری کوردسـتان بـوو... ئـەویش لـەپێناو خـستنە ژێـر دەسـەلاّتی کۆمەڵـەی گـەلاّن بـۆ بریـار دان لەسـەر ئەوکێـشەیەی کـە لـە نێـوان تورکیـاو کۆمەلەکەدا هەبوو ، لەو کاتە دانیشتووانی پارێزگای موسل لـە ٨٥٪ ی کـورد بــوون بــەپێی بەلگەنامــەی کۆمەڵــەو ڕژێمــی عوسمــانی تــورك ، بــەر لــه هەڵووەشانەوەی ئیمپراتۆریەتەکەیان ,له هەرێم و ناوچەو جیهاندا .

١٩٢٣/٤/٣٠ شـاری سلێمانی لـه هـەرێمی باشـووری کوردسـتان کـرا بـەپارێزگا بـەهاوکاری شانـشینی لـه ئێـراقو دەسـەلاّتی بـەریتانیا لەسـەر عئێـراقو بـووە یـەکێك لـه پارێزگاکــانی ئێــراق لــه ژێــر ئینتیــدابی ســەر بــه بــەریتانیاو حکوومــەتو هێزەکانی سووپای بەریتانیا لەوکاتدا.

١٩٢٣/٥/١٦ داگـیر کردنـەوەی پارێزگـای سـلێمانی لەلایـەن هێزەکـانی ڕژێمـی ئێـراقو هێزەکانی سووپای بەریتانیا .

شێخ مەحمود لەگەڵ شۆڕشگێران بەرەو شاخە بەرزەکانی کوردستانو ناوچە سەنگەربازیەکان هەلکشانو بەردەوام بوون لەشۆڕشو بەرگری کـردن لەگـەڵو

نیشتمان لە باشووری کوردستاندا .

١٩٢٣/٥/٢٠ هێزەکانی سووپای بەریتانیا ئەشکەووتی- جاسەنە - یان داگیر کرد ، کە لەو کات بارەگای سەرەکی شێخ مەحمودی تیابوو، کە ئەشکەووتەکە کەووتۆتە شاخەکانی سووورداش لەپارێزگای سلێمانی لە باشووری کوردستان .

١٩٢٣/٥/٢٤ لە دوای پەلاماردانی شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان لەلایەن هێزەکانی سووپای ئێراق و بەریتانیا ، شێخ مەحمود دووبارە دەر بەدەر کرایەوەو لە هەمان کات چاپ و چاپەمەنیەکانی لەگەڵ خۆی بردو بەردەوام بوو لە دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانی تایبەت بەراپەرینەکە لە باشووری کوردستاندا.

١٩٢٣/٥/٢٨ هێزەکانی سووپای ڕژێمی شانشینی لە ئێراق بەهۆی بەرگری جەماوەری شاری سلێمانی لەشارەکە نەیانتوانی بچنە ناو شارەکە لە ناوچەکەدا.

١٩٢٣/٥/٢٩ سەرەك وەزیرانی ڕژێمی شانشینی لە ئێراق - عەبدولمحسن سەعدوون - و ڕاوێژکاری بەریتانیا لە ئێراق گەیشتنە شاری سلێمانی لە هەرێمی باشووری کوردستان ، بەڵام باری شارەکەیان پێ هێوور نەکرایەوە بە هۆی بەردەوامی بەرگری کردنی جەماوەر لەشارەکەو دەوورووبەری لە هەرێمەکەدا .

١٩٢٣/٦/٧ ڕابەرو سەرکردەی کورد شێخ مەحمود نامەی دووەمی ئاراستەی ڕابەری شۆڕشی ئۆکتۆبەر- لینین - کرد بۆ هەمان مەبەستی ناوەرۆکی نامەی یەکەم ، بە هۆی بارو دۆخی نالەباری کوردو هەرێمی باشووری کوردستان.

١٩٢٣/٦/١٧ بە هۆی بەرگری بەرزی شۆڕشگێرە چەکدارەکانی شێخ مەحمود لە هەرێمی باشووری کوردستان هێزەکانی سووپای بەریتانیا لەشاری سلێمانی و

دەووروووبەری پاشەکشەیان کرد لە هەرێمەکەدا.

١٩٢٣/٧/٧ بـە دەستپێـشخەری ڕابـەری شۆڕشـی ئۆکتۆبـەری بـە لـشەفیەکان – لیـنین– دامەزراندنی کۆماری کوردستانی سوور لەو بەشە کوردستانەی کە کەوتبووە ژێـر دەسـەڵاتی شۆڕشـی نـوێی ڕووسـیا بـە نـاوی – کوردسـتانـسکی ئویـەزد– ڕاگەیەندرا .



جێگەی باسکردنە کە کوردستانسکی ئویەزیـــــــد – ناوچـــــــەی کوردستان – کە لە نێـــوان ســـاڵانی ١٩٢٣-١٩٢٩ ناوەندەکەی لاچین بـــوو ، لــە ســاڵی ١٩٢٩-١٩٣٠ بووە کوردستانـــــسکی ئـــــورکروگ – ناوچـــــــەی کوردستان – و لە جێی کوردستانسکی ئۆیەزید ، لەناوچەکانی کەلباجار –قوبالکی –قووتورلی –زەنگیلان– و بەشێکی ناوچەی جەبرەئیل پێك هێنرا . بەم چەشنە لەبارەی مێژوویـەوە کـوردی سۆڤیەت دووجار ناسنامەی قەوارەی نەتـەوەیی یان بۆ پێك هێنراو دانی پێدانرا.

لـەو کاتـەی کـە وڵاتـانی هاوپـەیمان بە سـەرکردایەتی بـەریتانیا لـەو کـات چـاویان بڕیبـووە خـاکی کوردسـتان و تـیری ژەهراویـان گرتبـووە دەسـت و ئامادەیی خۆیـان خستبووە گەر بۆ ئەوەی کورد و خـاکی کوردسـتان پارچە پارچە بکەن.

بەڵام دامەزرینەری ڕژێمی سوشیالیستی دانی بە مافی کورد ناو ئەو کۆمارەی بۆ کـورد ڕاگـەیان لـە کێشووەرەکەو جیهـان . دوای ئـەوە ئـەم وڵاتانـە کـوردو

خاکی کوردستانیان بە تیرە ژەهراویەکەیان وەك گورگ کردە چوار پارچەو نیوو لە نێوان خۆیان و لە هەمان کاتدا چوار دەوڵەتیان لە سەر دامەزران لە ناوچەو کێشووەرەکەدا .
ئەم وولاتانە لەوکاتەوە تاکوو ئێستاش دژی کوردن لە ئازاردان بە لە ناوبردنی کورد لە هەموو بوارە جیا جیاکاندا ....!...؟ .

١٩٢٣/٧/٧ دەووڵەتە کوردیەکەی شێخ مەحمود لە باشووری کوردستان لەلایەن دەسەڵاتی شانشینی لە ئێراق و بەریتانیا هەلووەشێندرایەوە بەهۆی بەهێزبوونی هێزی چەکداری وجمووجۆڵی ڕاپەڕینەکانی جەماوەری باشووری کوردستان ، بەتایبەتی لەپارێزگای سلێمانی و کەرکوك و دەووروبەری لە باشووری کوردستاندا .

١٩٢٣/٧/٧ لەگەڵ سەرکەووتنی شۆڕشی بەلشەفیەکان لە مانگی ١٩١٧/١٠/ بەسەرکردایەتی – لینین – ئەمەش وەکوو موژدەیەکی دڵخۆشکەر بوو بۆ گەلانی ڕووسیاو قەفقاس و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و هیوایەکی نوێ بوو لە پێناو زیاتر لە بەدیهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی ئەو گەلانە.
جێگەی ئاماژەپێکردنە کە بەدەیا نەتەوەی جیاجیا لەو هەرێم و ناوچانە ژیانیان بەسەردەبردو خەونی ئازادی و سەربەخۆیان لەهەست و هۆشدا دەخوولایەوە... هەر وەك لە ئینسکلۆپیدیادا ناویان هاتووە و جگە لەگەلانی رەسەنی ئەو هەرێمانە کە ١٠٢ نەتەوەی لێك جیای دیکەش لەو وولاتە نوێیەدا دەژیان و کاتی خۆی لە وولاتانی خۆیانەوە بە هەر هۆیەك بووبێت کۆچیان بۆ کردبوو... لەوانەش گەلی کوردی – سۆڤیەت – بوون. کە بەسێ قۆناخ کۆچیان بۆ کردبوو.
یەکەمیان :– لەکاتی حکوومرانی تزارییەکاندا بووە هۆی کۆچکردنیان بۆ شەڕی ئەوکاتی نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ڕووسیای قەیسەری دەگەڕێتەوە.
دووەمیان :– کۆچی کورد بۆ سۆڤیەت بۆ دوای سەرکەووتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەگەڕێتەوە.
سێیەمیان :– کۆچکردنیان بۆ سۆڤیەت دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی – ئاگری ئارارات لە باکووری کوردستان – دوای سەرکەووتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر کوردە کۆچەرەکان داوای مافەکانی خۆیان دەکرد... هەر وەك گەلانی دیکەی ڕووسیای نوێ... لەچوارچێووەی یەکیەتی سۆڤیەت... ئەمەش بووە هۆکاری

دروست بوونی بارێکی لەباری گوونجاو کە ناوچەیەکی ئۆتۆمیدا دروستکرا لـە ئازربایجان و ناویان نا – کوردستانی سوور – کـە پایتـەختی – شـاری لاچین – بوو لە هەرێمەکەدا .

ئەم کۆمارەش بۆماوەی شەش ساڵ بەردەوام بوو. بەڵام بەهۆی باری رامیاری و نـەمانی ئـەو هەرێمـە سـەربەخۆیە کـوردە لـە یەکیـەتی سـۆڤیەت. هـەر وەك سـکرتێری گـشتی پـارتی کۆمۆنیـستی ئازربایجـان – نـەریمان بـاگیرۆڤ – دەڵێت:–

هۆکـاری سـەرەکی نـەمانی ئـەم کۆمـارە دەگەرێتـەوە بـۆ رێکەووتنامـە سـێ قۆڵیەکەی کە لـە نێوان ئازربایجان و ئەرمینیاو ستالین مۆرکرابوو ... هـەروا هۆکارێکی دیکەی هەڵووەشاندنەوەی ئەم کۆمارە ئەوە بوو، کە لینین لـە دوای بریـاری سـەربەخۆیی کۆمـاری سـوور ٤٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیـۆن رۆبلـی بـۆ تەرخانکرد لە پێناو بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری.

بـەڵام ستالین مردنی لینینی بەهـەل زانـی و ئـەو چل ملیـۆن رۆبلـەی خستە خەزنـەی کۆمـاری ئـەرمینیا...زۆر مخـابن ئـەم کۆمـارە لـە ١٩٢٣/٥/٢٣ بـە شـێووەیەکی فـەرمی سـەربەخۆیی خـۆی لـە هـەرێمێکی ئۆتۆنـۆمی سـەر بەکۆماری ئازربایجان راگەیاند.

کـە زامـانی رەسمـی ئـەو هەرێمـە زمـانی کـوردی بـوو بـەزاراوەی کرمـانجی. هۆکـاری دیکـەی رووخـاندنی کۆمـاری کوردسـتانی سوور لـە دوای ساڵەکانی ١٩٣٧ – ١٩٣٨، کـە یـەکێك لـە سـەکردەکانی پـارتی کۆمۆنیـستی ئازربایجان کەناوی – میر جەعفەر باگیرۆڤ – بووە هەڵوویـستێکی شـۆڤینیانەی گرتـە بەر بەرامبەر کوردی کوردستانی سوور، هەرچی گۆڤارو رۆژنامـەو کتێبی هـەبوون بـەزمانی کـوردی هـەمووی قەدەخـەکردو بـووە رێگـە لـە بـەردەوام بـوونی ئـەم کۆمارە بە هاوکاری پیاوەکانی ستالین لە هەرێمەکەدا.

١٩٢٣/٧/١١ حکوومـەتی بـەریتانیا پێـشنیاری دا بـەرژێمی شاهانـشینی لـە ئێراقـی دروستکراو ، ئەویش بە دڵنیا کردنـی کـورد لە دەسـەڵاتی نوێی شاهانشینی بەرامبەر بەکورد ، ئەویش بە چەند خاڵێك:–

١– حکوومـەتی ئێـراق نیـازی نییـە هـیچ فەرمانبـەرێکی عـەرەبی لەهـەرێمی باشووری کوردستان دابمەزرێنێت ، کە تەنیا فەرمابنەری هونەری نەبێت.

٢– حکوومەتی ئێراقی نیازی نییە زمانی عەرەبی بە زاڵتر بزانێ لەسەر زمانی

کوردی لە هەرێمەکەدا .

٣- هەموو مافێکی ئایینی و مەدەنی پارێزراوە بۆ دانیشتووانی هەرێمەکەدا .



١٩٢٣/٧/٢٣ دامەزرێنەری دەوڵەتی تورکیا مستەفا کەمال ئەتاتورک بیری پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی هەڵوەشاندەوە بەهاوکاری بەریتانیاو ئەمەریکا بەهۆی مۆرکردنی پەیمانی لۆزان ، کە کوردستان لەنێوان ئێراق و ، ئێران و ، سووریاو، تورکیاو ، کۆماری ئەرمینیای سۆڤیەت دابەشکرا لە کێشووەرەکەدا.

١٩٢٣/٧/٢٤ لە ئەنجامی کۆنگرە یەك لە دوای یەکەکانی وولاتانی - بەریتانیا و ، فەرەنساو ، ئەڵمانیا و ، ڕووسیاو ئەمەریکا و ، مەلۆتکەکانیان لە ناوچەکەدا - کە هاوپەیمان بە سەرکردایەتی بەریتانیای مەزنی ئەو کات ، پەیمانی لۆزان . لە شاری لۆزان لە وولاتی سویسرا مۆر کراو حکوومەتی بەریتانیا کێشەی کوردی بە مافە سەرەتاییەکان رازی کرد ، بەڵام بێ سوود بوو بە هۆی بەرژەوەندی تایبەتی رامیاری و ئابووری و بازرگانی و سەربازیدا .

بە تایبەتی لە سەر خاکی کوردستان ، ئەویش بە هۆی لە بارەی باری هەلکەووتەی شووێنی جووگرافی خاکی کوردستان و دەروازەی سێ لایەنەو ، کەش و هەواو بەپیتی خاکەکەی لە هەرێمەکان وناوچەکە لە کێشووەری ئاسیادا.



پەیمانی لۆزان لە ١٩٢٣/٧/٢٤
هێڵێکی سوور بوو کە جەرگی کوردستانی کردە چوار پێنج لەت
"LOZAN AGREEMENT" of July 24th, 1923
ed Line Dispersed Kurdistan Liver Into Four-Five Morse

جێگـەی ئامـاژە پێکردنـە کـە لـە رێکەوتننامـەی لـۆزان نـاوی کـــورد و کوردســـتان و چـاره سـەر کردنـــی کێـشەکانی بـە هـیچ شـێوەیەك تیـــا دیـــاری نـــەکرابوو ، هـــەروا دڵنیـــا بـــوونێکی رامیـــاری و یاســـایی و رۆشنبیریـــشی تیـــا دیـــار نـــەکرابوو . هـــەروا لـــە بڕگـــەکانی مـــافی پاراســـتنی کەمەنەتەوایەتیەکانیش باسی کوردی نەکردبوو، کە ماددەی /٣ لە پەیمانی لۆزان باشترین تیری ژەهراوی بوو کە لە کوردو خاکی کوردستان درا لەلایەن دووژمنانی کوردستان.

کە راستەو خۆش سنووری نێوان سووریای ئێستاو تورکیای ئێستاش دیاریکرا . و بریاردرا کە دوای ٩ نۆ مانگ سنووری نێوان ئێراق و تورکیا دیاری بکرێت. کە ئەمە بووە هۆی دووبارە دابەشکردنی خاکی کوردستان لە کێشووەرەکەدا .

هەروا لە بارەی مافی نەتەوەی غەیرە تورك و لە سەرەوەی هەموویان کورد ، کە لە ماددەی /٣٧ تا ماددەی /٤٥ لە بەشی/٣ ی پەیمانەکە کە مافی مەنەتەوەییەکانی دیاری کردبوو ، باری کوردی تیا نەبوو و ناوی کوردیشی تیا دیاری نەکرابوو . کە تەنیا بۆ ئەو نەتەوانە بوون کە ئیسلام نەبوون ، کە کـوردیش هـەڵگری بڕوای ئاینی ئیسلام بـوو ... کـە ئەمـەش بـووە هـۆی

سەرکەووتنی داواکانی رژێمی تورکیا و بە لە گۆڕنانی پەیمانی سیڤەر ، کە چەندین برگەو ماددەی باشی لە خۆوە گرتبوو لە بارەی مافەکانی گەلی کوردستاندا .




هەرێمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
لکێندراو بە ئێران


هەرێمی رۆژئاوای کوردستانی لکێنراو بە سوریا
1- پارێزگای قامیشلی
1- قەزای بەلۆنە
2- قەزای حەسەکە
3- قەزای تەلەلیر
4- قەزای جەسایە
5- قەزای تەل تەمر
6- قەزای عەبلەری

١٩٢٣/٧/٢٥ مۆرکردنی پەیمانی سیڤەر دلخۆشکەری کوردو کوردستان بوو بەپێی مادەو برگەو خالەکانی بەتایبەتی ماددەی ٦٢-٦٣-٦٤، بەڵام مۆرکردنی پەیمانی لۆزان لێدانی تیری ژەهراوی بوو لەخاکی کوردو کوردستان ، لەلایەن هاوپەیمانانی رابردوو ئێستای تایبەتی لەلایەن کۆمەلەی گەلان بەئامۆژگاری بەریتانیا.

١٩٢٣/٧/٢٧ سەرکردەی کورد شێخ مەحمود نامەی سێیەمی ئاراستەی رابەری شۆرشی ئۆکتۆبەری بەلشەفی – لینین- کرد بۆهەمان مەبەستەکانی نامەی یەکەمو دووەم .

ئەویش لە بارەی باری کورد لە کوردستان و بەتایبەتی لە باشووری کوردستان ، ئەونامانەش هەر وەك بەڵگەیەکی مێژوویی خۆی پاراستیەو یارمەتی دەسەڵاتی نوێی کۆمۆنیست بێ سوود بوو بۆ گەلی کوردستان.

١٩٢٣/٨/١٤ لە هەوڵە بەردەوامەکانی بە دەست هێنانی دروستکردنی تەلەفزیۆن دەگەرێتەوە بۆ – دکتۆر ڤلادیمیر – کە ئیکۆسکۆبی – داهێنا کە ئامێری وێنە گرتنی تەلەفزیۆن – بوو – هەروا – فیلۆ فرانسۆرت – کامیرای ئەلکترۆنی پێشخست .

دوای ئەوەش – ئەلین ب دۆمۆنت – سەماعەکانی وەرگرتن – ی پێشخست و یەکەمین ئامێری وەرگرتنی تەلەفزیۆنی ناو ماڵی – دروستکرد.

لە دوای ئە هەموو هەولە زانستیانەدا لە ساڵی ١٩٢٨ کومپانیای – ژەنەراڵ ئەلکتریك – بەرنامەی تەلەفزیۆنی تاقیکردەوە. کە سەرۆکی ئەمەریکا – رۆزفیلت – یەکەمین سەرۆك بوو بە شاشەی تەلەفزیۆن وێنەی بلاوکرایەوە.

دوای ئەوە لە بەریتانیا لە ساڵی ١٩٢٤ لە لایەن – گۆنل بێر– تەلەفزیۆن تاقیکراوەتەوە، دوای ئەو هەولاْنە لە ساڵی ١٩٢٧ تاقیکردنەوە لەسەر رەنگ کرا لە سەر شاشەی رەشوو سپی، واتە وێنەی رەشوو سپی، بۆ وێنە و شاشەی رەنگاو رەنگ.

دوای ئەوە یەکەمین پرۆگرامەکانی کە بە رێك و پێکی بلاو کرابێتەوە ئەویش لە ساڵی ١٩٣٦ بووە.

جێگەی باسکردنە کە ئامێری تەلەفزیۆن، یاخوود شاشەی تەلەفزیۆن کاریگەری زۆری هەبووە و هەیە لە بواری راگەیاندن لە بەر ئەوەی بە وێنەو جوولەو ووتە کردن دەگاتە بینەرانی لە هەرێم و ناوچەو جیهان.

ئەمرۆش لە پاڵ ئەم ئامێرە کەناڵە ئاسمانیەکان و ئەنتەرنێت پەرەیان لە هەموو بوارەکانی راگەیاندن سەندووەو بوونەتە سەرچاوەی گرنگ لە پێدانی زانیاری بۆ بینەران لە جیهاندا.

١٩٢٣/٩/٢٨ لە دایك بوونی نووسەرو رووناکبیرو فەیلەسوف نەتەوەی کورد رەسول هەمزا تۆف لە گوندی تسادا... کوری شاعری بەناوبانگی مللی داغستانی – هەمزە تسادایە –، لە ساڵی ١٩٥٠ پلەی ئەدەبیاتی دوای شێخ بە پلەی زۆرباشە لە ئەدەبیاتی گۆرکی بەدەست هێناوە.

لە ساڵی ١٩٣٧ بەرهەم و شعرەکانی بلاْودەکاتەوەو یەکەم دیوانی بەناوی – ئەوینێکی بەهێز رقێکی بەتین –. لە ساڵی ١٩٥١ کراوەتە سەرۆکی یەکیەتی نووسەرانی داغستان، لە کۆنگرەی هەشتەمی یەکیەتی نووسەرانی سۆڤیەت هەڵبژێردراوە بە سکرتێری یەکیەتیەکە. ئەندامی کارای یەکیەتی نووسەرانی ئاسیاو ئەفریکیا بووە.

لە ساڵی ١٩٤٣ بۆتە ئەندامی یەکیەتی نووسەرانی یەکیەتی سۆڤیەت... ئەم مرۆڤە بەتواناو خەباتگێرە بەکارە هەمەلایەنەکانی بەردەوام بوو بەسەرکەوتوویی تاکوو لە رۆژی ٢٠٠٣/١١/١٣ لە تەمەنی ٨٠ ساڵی کۆچی دوایی دەکات، و گۆرەکەی لەتەك خێزانەکەیەتی فاتێمیان – لە سەر چیای – تارکیْ ئاو– لە ناو جەرگەی – مافاچکالا – نێژراوە.

١٩٢٣/٩/١٨ بلاْوکردنەوەی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی – ئومێدی ئیستیقلال– لەشاری سلێمانی لەباشووری کوردستاندا .

١٩٢٣/٩/٢٨ لە دایك بوونی نووسەرو رووناکبیرو فەیلەسوف نەتەوەی کورد رەسول هەمزا تۆف لە گوندی تسادا ... کوری شاعری بەناوبانگی مللی داغستانی – هەمزە تسادایە – ، لە ساڵی ١٩٥٠ پلەی ئەدەبیاتی دوای شێخ بە پلەی زۆرباشە لە ئەدەبیاتی گۆرکی بەدەست هێناوە

لە ساڵی ١٩٣٧ بەرهەم و شعرەکانی بڵاودەکاتەوەو یەکەم دیوانی بەناوی – ئەوینێکی بەهێز رقێکی بەتین – . لە ساڵی ١٩٥١ کراوەتە سەرۆکی یەکیەتی نووسەرانی داغستان ، لە کۆنگرەی هەشتەمی یەکیەتی نووسەرانی سۆڤیەت هەڵبژێردراوە بە سکرتێری یەکیەتیەکە . ئەندامی کارای یەکیەتی نووسەرانی ئاسیاو ئەفریکیا بووە

لە ساڵی ١٩٤٣ بۆتە ئەندامی یەکیەتی نووسەرانی یەکیەتی سۆڤیەت ... ئەم مرۆڤە بەتواناو خەباتگێرە بەکارە هەمەلایەنەکانی بەردەوام بوو بەسەرکەوتوویی تاکوو لە رۆژی ٢٠٠٣/١١/١٣ لە تەمەنی ٨٠ ساڵی کۆچی دوایی دەکات ، و گۆرەکەی لەتەك خێزانەکەیەتی فاتێمیان – لە سەر چیای – تارکیْ ئاو – لە ناو جەرگەی – مافاچکالا – نێژراوە.

١٩٢٣/١٠/٥ دوا سەربازی هاوپەیمانان لە خاکی تورکیای دورستکراو لە سەر خاکی کوردستان چوونە دەرێو – نفل هندرسن – کە نوێنەری بەریتانیای دەسەڵات پێدراو بوو ، وەك دادوەری گشتی رامیاری ، دەستکرا بە گفتووگۆ کردن بەپێی برگەی/ ٣ لە پەیمانی لۆزان لەبارەی باری ناوچەکەو کێشەی کورد لە کورستان لەگەڵ نوێنەری رژێمی نوێی تورك – عەدنان بەگ – لە وولاتەکەدا .

١٩٢٣/١٠/٢٩ لە دوای هەرەس هێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ، کە زیاتر لە ٤٥٠ ساڵ لە دەسەڵاتی داگیر کردن و داپلۆسینی گەلانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری تورکیا ، لەلایەن مستەفا کەمال ئەتاتورك ڕاگەیەندرا .

کە زیاتر لە ٢١٢ هەزار کیلۆمەتر چوار گۆشەی لە خاکی باکووری کوردستانی پێوە لکێنرا بەبێ ئارەزوو ڕەزامەندی کوردو بەزۆری زۆرداری حکوومەتی بەریتانیاو هاوپەیمانان .

١٩٢٣/١٢/٦ بۆ یەکەم جار لە مێژوو ، وتاری سەرۆکی ئەمەریکا لە ڕێگەی ڕادیۆ پەخش بکرێت ، بۆ دانیشتووانی پایتەختی ئەمەریکاو بۆجیهان، ئەویش لەکاتی وتارخوێندنەوەی بوو لەکۆنگرێسی ئەمەریکا لەلایەن سەرۆکی ئەمەریکا – کالڤین کۆلیدگ – لە شاری واشنتۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا .

١٩٢٣/١٢/٢١شاندێکی ڕژێمی تورکیا داوای لە کۆنگرەی لۆزان کرد ، کە هەرچی داوا هەیە لە سەر کێشەی کورد لە کوردستان لەو کۆنگرەیەدا باس نەکرێ ، لە ئەنجام داواکاریەکەی شاندی تورك جێ بەجێکراو مافەکانی کورد پشتگوێ خران ، لەهەموو لایەنە جۆراو جۆرەکان بەتایبەتی لەلایەنی گەل و نیشتماندا .

١٩٢٣/١٢/٢٣کۆچی دوایی کەسایەتی کورد پەروەردەو ڕووناکبیری نەتەوەیی جەمال عیرفان لە باشووری کوردستان.

١٩٢٣/١٢/٢٧کۆچی دوایی ئەندازیاری بەناوبانگی جیهانی گۆستاڤ ئیڤل لە فەرەنسا... شایانی باسە ئیڤل بەنەخشەسازیو داهێنانی دامەزراو پێکهاتە کانزاییەکان بەناوبانگە ، وەك پردو هێلی ئاسنی شەمەندەفەر.

بەلام پەیکەری سەربەستی لە نیویۆرك و تاوەری ئیڤل لەپاریس ، کە لەو کاتە لە ساڵی١٨٨٩ وە ناوی ئەوەی هەڵگرتووە لە بە ناوبانگترین داهێنانی ئەم ئەندازیارەیەو هەر بەناوی ئەویشەوەیە لە وولاتەکەو جیهاندا .



١٩٢٣/١٢/٣١ لە دایك بوونی نووسەرو
رۆژنامەنووسی ئەمەریکی —
نۆرمان میللەر — لە شاری —
لونگ برانشی — لە وویلایەتی
نیوجرسی ئەمەریکی چاوی
بەجیهان هەڵهێناوە.
جێگەی ئاماژەپێکردنە کە ئەم
نووسەرە سەرەتای کاروانی
ئەدەبی بە نووسینی کورتە
رۆمان بۆ رۆژنامەکانی
ئەمەرکا دەستی پێکرد.
بەتایبەت رۆمانی —
سەربازانی شەو — کە بەو
رۆمانە ناوبانگی دەرکرد... هەروا میللەر رویەکی وروژێنەری لە گۆرەپانی ئەدەبی ئەمەریکادا هەبووە. بەهۆی نووسین و بەرگری کردن لەمارکسیەت و دژایەتیکردنی جووڵانەوەکانی ئافرەتان و بەرهەمی زۆری ئەدەبی و ناوبانگێکی باڵای لەژیانی کۆمەڵایەتی بەدەست هێنابوو... یەکێك بوو لە رۆژنامەنووسە بەناوبانگەکانی جیهان.

میللەرلە ژیانیدا توانی رێکخراوێکی بۆ چاودێری کردنی ئاژانسی هەواڵگەری مەلبەندی دابمەزرێنیٚ لە بەرهەمەکانیدا بایەخی بەکێشە جۆراوجۆرەکان دەدا. هەر لە سووپاوە تاکوو رامیاری و کێشە هەمەلایەنەکانی ئافرەتان و شاڵاو بردنە سەر فەلەك.

هەروا لەسەر چەندین کەسایەتی بەناوبانگ وەك — مارلین مۆنرۆ و نزوالدو محەمەد عەلی کلای و هەنری میللەر و بیکاسۆ و مەسیح... ی نووسیووە. هەروا لەکارە بەناوبانگەکانیشی — ئینجیلی کور — و — سەربازانی شەو — گۆرانی ئەفسەری لە سێدارەدان — پاری — و کەناری بەربەت — و — خەونی ئەمەریکی — لە پاڵ ئەم کارانەش چەندین جار بەسەر کراوەتەوەو خەڵاتی پێبەخشراوە... لەوانە خەڵاتی — پۆلێستزەی بەناوبانگ.

ئـەم نووسـەرە لـەماوەی ژیـانی لـەکارەکانی بـەردەوام بـووە تـاکوو بـەهۆی نەخۆشـی گورچـیلە لـەرۆژی ۲۰۰۷/۱۱/۱۰ ماڵئـاوایی لـە نووسـەرو رۆژنامەنووسان و وولاتەکەو جیهان دەکات لە ئەمەریکادا.

۱۹۲٤

۱۹۲٤/۱/۳ لە دوای گەڕانی بەردەوام لە ئەنجام دۆزینـەوەی گۆڕی شانشین -تووت گنخ ئـاموون- لـە شـوێنەوارەکانی ئـەهرامات لـە وولاتـی میـسر ڕگەیانـدرا ، کـە بەگـەوورەترین دۆزینـەوە دادەنرێـت لەسـەردەمی نوێـدا، کەکفنەکـەی لـەژێر دروست کرابوو بۆیارمەتیدانی جەستەکەی مۆمیا کرابوو .
کە لەجەسنەی فیرعەون و بنەماڵەکەیان لە مۆمیا دەگیران ، کە ماوەی ۳۰۰۰ ساڵ مایتەوەو تا ئێستاش لە وولاتەکەدا .

۱۹۲٤/۲/۹ دامەزراندنی کۆماری ئازربایجان ، کە پایتـەختی نەخـچەوان بوو . کە خاکی کوردستانەو کەووتۆتە ژێر دەسەلاتی کۆماری ئەرمینیا کە زیاتر لە ۱۷۰۰۰ هـەزار کیلۆمـەتری چوارگۆشـە لـە خـاکی کوردسـتان بـە کۆمـاری ئـەرمینیا لکێندراوە ، کە پارێزگای یەریڤان و دەووروبەریەتی .
کۆمـاری نەخـچەوان دەکەوێتـە سـەر سـنووری نێـوان ئێـران و تورکیـا و سـەر بـەکۆماری ئازربایجـان بـوو ، کـە ڕووبـەری ۵۲,۰۰۰ هـەزار کیلۆمـەتری چوارگۆشەیەو ژمارەی دانیشتووانی ۱۳۹,۰۰۰ هەزار کەس بوون لـەوکات کە خاکی کوردستانە لە ناوچەو کێشووەرەکەدا .



نەخشەی ئازەربایجانی باکوور (سۆڤیەتی پێشوو)و ئازەربایجانی باشوور (ئێران) کە شارەکانی ورمێ و خۆی و سەلماس و نەغەدەو ماکۆو مەهابادو پیرانشارو سەردەشت و بۆکان و چەند شارێکی تری ڕۆژهەلاتی کوردستانی تێدا خراونەتە ناو ئازەربایجان. نەخشەکەی پێشەوەری و سەرکردایەتیی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانیش تەواوی ڕۆژهەلاتی کوردستانی تێدا کراوەتە بەشێکی ئازەربایجانی ئێران

١٩٢٤/١/٢٥ دەست پێکردنی یەکەم یاری ئۆلەمپی زستانە لە چیاکانی ئەلەبی فەرەنسا ، کە١٦ جۆر لەیاریەکان ئەنجادرا

ئەویش بە بەشداری ٣٠٠ یاریزان و کە سەرکەوتووەکان لە وولاتانی ئەسکەندنافیەو ئەمەریکابوون، ئەویش لەسەر بەستەلەکی بەفر لە شاخەکاندا

١٩٢٤/٢/٢٧ هەڵووەشـاندنەوەی ڕژێمـی خەلافـەتی ئیـسلامی لـە توركیـا لەلایـەن كۆمەڵـەی نیـشتمانی توركیـا ، لـەدوای ئـەو هـەنگاوە كـوردی كـردە دووژمنـی ئـاین و كەمالیەكانی كردە كافرو لەو كاتەش شێخ سـەعیدی پیران دژی ئـەو كردەوانـە وەسـتاو هـەوڵی ڕێكخـستنی بـاری كـورد بـوو لـە پێنـاو بـەرپاكردنی شـۆڕش لـە باكووری كوردستان.

١٩٢٤/٣/٣ ڕژێمـی خەلافـەتی ئیـسلامی لـە ئێـــــران هەڵووەشـــــایەوەو دەسـەڵات كەووتـە بـەر دەسـتی ئەحمـــەد قـــەداح ، بـــەڵام ڕەزا بەهلـەوی سـەركردەی هـەموو دام و دەزگا باڵاكانی ئێران بوو ، وەك حكوومـــەت و ســـووپاو ڕامیاریـەتی نـاوەوەو دەرەوەی وولاتەكە .

كـــە ئەمـــەش بـــووە هـــۆی دروســـت بـــوونی كێـــشەو ململانـێ لـە هەرێمـەكانی كـە ئێرانی فارسی لێ پێكهاتبوو لە نەتـەوەو هـۆزو تـیرەی جۆراوجـۆر، كـە شـەڕی نێـوان ئـەو هۆزانـە خـۆی لەجێگایەكـــدا گواســـتەوە بـــۆ جێگایـــەكی دیكـــە... جگـــە لـــە كێـــشە هەڵوواسـراوەكانی كـورد لـە ڕۆژهـەڵاتی كوردسـتانی ژێـر دەسـەڵاتی فـارس لـە ئێران .

شایانی باسە كە لەو كاتەش حكوومەتی ئێران بە دەست قاجاریەكان بوو ، كە ئەحمەد شا هەردادوەرێكی ڕەمزی بوو لەسـەر ئێران كە ئەحمـەد لـە بنەماڵـەی قاجاری بوو ، لەو كاتەی خەلافـەت هەلووەشـێندرایەوەو بـەرەو نیمچـە ڕژێمـی علمانی هەنگاوینا لە كێشووەرەكەدا .

١٩٢٤/٣/٣ زمانی كوردی خۆراگرو ڕەگ و ڕیشەی لـە نـاخی كوردسـتان چۆتـە قووڵایی لـە بووندا، بۆیە لەنێوو زمانەكانی جیهان بە چلەمین زمان لە سەر تاسەری جیهان

دادەنرێ...گەرچی لە تورکیا لەم مێژووەدا بەمەرسوومێکی کۆماری تورکیا زمانی کوردی قەدەخەکرا و لە ساڵی ١٩٣٠ ئاخاوتن و نووسین و خوێندنەوەش قەدەخەکراو هیچ کوردێك نەی دەتوانی پێنووسەکەی جووڵە بکات تا ئەوکاتەی کە لە ساڵی ١٩٦٧ بەیاسـای ژمارە/٧٦٣٥/٦ کە بەرهەمێکی بینراو یاخوود بیستراو و خوێندراو نابێ بەزمانی کوردی بێتە ناو خاکی تورکیا.

ئەمەش بەردەوام بوو تاکوو ساڵی ١٩٩١، ئەویش لە ژێر گوشاری یەکیەتی ئەورووپا بەناچاری بۆرۆکەیەکیدا، ئەمەش بڕواومتمانەی بەماف نەتەوەیەکی زیاتر لە ٢٠ ملیۆن ملیۆن نەبوو، بەڵکوو بۆ چوونە ناو یەکیەتی ئەورووپا بوو... هەروا لە ئێرانیش لە ساڵی ١٩٣٤ جگە لەزمانی فارسی زمانەکانی دیکە قەدەخەکرا بوون و هەر لە دوای لەناوبردنی کۆماری کوردستان دیسان زمانی کوردی قەدەخەکرایەوە. بەلام لە ساڵی ١٩٧٩ بواردراو لە دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێراندا زمانە خۆجێییەکان و نەتەوەکانی دیکە لە بواری بەکارهێنانی زمانەکانیان لە رۆژنامەگەری و میدیاو ئەدەبیاتیان هەیە.

گەر باسی زمانی کوردی بکەین لە سووریاش ئەوا لەدەستوورەکە تاکە زمانێك رەسمیە ئەویش زمانی عەرەبیە... بەڵام لە ئێراق لەگەڵ دامەزراندنی دەووڵەتی ئێراق لە ساڵی ١٩٢١ دان بەزمانی کوردی نرا... بەڵام دوای دەرچوونی زمانەکانی خۆجێیی ئێراق بە ژمارە /٧٤ /١٩٣١ جێ بەجێ نەکرا بەڵکوو هەر زمانی نەتەوەیی باڵا دەست بوو، کە پلەیەك بوو بەرامبەر زمانەکانی دیکە و بەنزم و کەم و خوارتر دادەنرێت.

شایانی باسە کە زمان بوونی نەتەوە دەسەلمێنێ بۆیە نەتەوەکان گرنگی و بایەخ بەزمانەکانیان دەدەن و ژمارەی ئەو زمانانەی لەجیهاندا هەیە نزیکەی ٨٠٠٠ هەزار زمانە... بەڵام ژمارەیەکی زۆریان تەنیا ئاخاوتنیان پێ دەکرێ و پیتی نووسینیان نیە.

لە بەر ئەوە ئەو زمانانە هەردوو هەفتە زمانێك بەرەو لەناوچوون دەچێ، واتە ساڵانە نزیکەی ٢٥ زمان رەش دەبێتەوە... لەگەل ئەوەشدا ئەو زمانەی کە لە بیست هەزار تا سەد هەزار ئاخاوتنی پێ دەکەن و دەنووسن ئەوانە زیاتر مەترسی لەناوچوونیان هەیە...

سەرچاوە :- زبانها مردم جهان – میشیل مالرب – وەرگێر – عفت مەلانەزەر /٢٠٠٣. الاثینیة و الدولة – الاکراد في العراق وایران وترکیا... وەرگێران عەبدوالالە

النعمیی /٢٠٠٦.

١٩٢٤/٣/٤ لــە هەوڵــەکانی دامەزرێنـــەری مـــستەفا کـــەمال ئـــــەتاتورك راگەیانـــــدنی کۆمـــاری تورکیـــا بـــوو لـــە دوای هەڵووشـــاندنەوەی ئیمپراتۆریـــــەتی عوسمـــــــانی و بـەردەام بـوونی لـە

سـەر بتـەوکردنی دەسـەڵاتەکەیدا ، ئـەویش بـە هەڵووەشاندنەوەی دەسـەڵاتی خەلافەتی ئەسلامی لە ١٩٢٤/٣/٢٤ ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا بە کۆمارێکی زانستی... واتە – عەلمانی- لەپێناو خۆ بەستانەوەی بە وولاتانی ڕۆژئاواو پشتگیری لێکردن و پشتگۆی خستنی مافەکانی کورد لە باکووری کوردستان بە تایبەتی لە هەردوو بواری نەتەویی و نیشتیمانیدا.

هەروا لە دوای راگەیاندنی کۆماری تورکیا پایتەختی وولاتەکەی لە شاری ئەستەمبڵ گوواستەوە بۆ شاری ئەنکرە کە ژمارەی دانیشتووانەکەی زیاتر لە ٣,٣٠٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . و رێژەیەکی زۆر لە کورد دانیشتوانیەتی ، بەڵام شاری ئەستەمبوڵ لە دوای ساڵی ٢٠٠٧ زیاتر لە ٣,٧٥٠٠,٠٠٠ملیۆن کەس لە کوردی تیا نیشتە جێیەو بە شاریکی کوردی دەژمێردریت ....؟...!.

هەوا ژمارەی دانیشتووانی تورکیا ٦٦,١٥٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە... لەو ژمارە دانشتووانەدا ، دانیشتووانی رەسەنی کورد زیاتر لە ٢٢,٠٠٠,٠٠٠ملیۆن کەسە لەو وولاتەدا .

کە لە گەڵ سەرەتای دامەزراندی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تاکوو کۆتایی ئەم مێژوونامەیە کورد و خاکی کوردستان بە پێی پەیمانە جۆراو جۆرەکان لە نێوان هەردوو دەسەڵاتی فارسی و عوسمانی داگیر کراوە لە هەموو بوارە جیا جیاکان لە کێشووەرەکەدا .

رووبەری خاکی تورکیا ٩١٢١ کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە ، لەو رووبەر ٢١٢,٠٠٠هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشە خکی باکووری کوردستانی ژێر دەستەو داگیر کراو بەر لە ٤٠٠ ساڵ زیاتر تاکوو ئێستا . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٢٢٠ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا ، هەروا نژادەکانی ، تورك ٤٥٪ . کورد ٣٢٪ . نژادو ڕەگەزەکانی دیکەش ٢٠٪ . واتە بە پێی ئەم ڕێژەیەدا تورك لەو وولاتەدا کەمایەتیە . لەم وولاتەدا .

تێبینی:- بۆ زانیاری زیاتر دەتوانی بگەرێیتەوە سەر کتێبی ئینسکلۆپیدیای کوردستان و جیهان . لە دانانی عەلی کەندی ، لە بارەی مێژووی تورکیا.

١٩٢٤/٣/١٢ هەلبژاردنی پەرلەمانی ڕژێمی شانشینی ئێراق ، کە لەو پەرلەمانە ١٧ کورد نووێنەرایەتی تێدا دەکرد . لەوانە – شێخ قادر، ئەحمەد تۆفیق بەگ ، سالح بەگی نەختەجی– بەلام ڕۆلێکی ئەوتۆیان نەبوو، بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی سەردەمیان مامەڵە بکەن لەپێناو بەرگری کردن و بەدەست هێنانی مافەکانی کورد لە باشووری کوردستان .

١٩٢٤/٣/١٨ بەیاننامەی شانشینی ئێراق لە بارەی یاسای دامەزراندنی – المجلس التاسیسی العراقی– بلاو کرایەوە ، کە سێ دەسەلاتی لەخۆ گرتبوو

١- پەسەند کردنی پەیمانی نێوان ئێراق و بەریتانیا.
٢- دانانی دەستووری شانشینی لە ئێراق .
٣- دانانی یاسای هەلبژاردن لە ئێراق .

١٩٢٤/٣/٢٤ ڕژێمی نوێی تورکیا بە سەرکردایەتی کەمال ئەتاتورك لەدوای دەستگیرکردنی شێخ عبدالقادر شێخ عوبێدوڵلای نەهری و هەڤالەکانی لە پارێزگای دیاربەکر لە باکووری کوردستانی ژێردەسەلاتی تورکیا .

الشيخ عبدالقادر النهري والدكتور كوچران – أورمية ١٨٨٠م

دوای ئــەوەی کــە بریــاری دادگــایی دەرکــرا لــە لایــەن پیاوانی رژێمی تورك لــە ســێدارە دران ، ئــەویش بــە هــۆی هەڵوویــستی بوێرانــەی کوردایــەتیان لــە هەرێمەکەدا.

١٩٢٤/٤/٢٠ فرۆکەیــەکی جــەنگی هێزەکــانی ســووپای بــەریتانیا لــە ئێــراق لــەکاتی هاتنەخوارەوەی لە سەر شارۆچکەی هەڵەبجە لە باشووری کوردستان لە لایەن شۆڕشگێڕەکانی شارەکە تەقێندرایەوە لە ناوژەکەدا .

١٩٢٤/٤/٢٢ زاناو پێشەوای چینی کرێکارو جووتیارو هەژاران – لینین– کۆچی دوایی کرد ، ئەویش لە ئەنجامی بریندار بوونی بەگووللەیەکی ژەهراوی بەر لەچوار ساڵ پێش مردنی .

شایانی باسە لینین لە بنەماڵەیەکی رۆشنبیری شۆڕشگێڕ بووەو هەلگری بڕوانامەی یاسای هەبووە .

ڕابەرو دامەزرێنەری یەکەم دەوڵەتی سۆشیالیستی بووە لە جیهاندا .

لـــە دوای ســالەکانی ١٩٢٠ یەکیـەتی سـۆڤیەت دامـەزرا ، ئەویش لە دوای سەرکەووتنی لەجـەنگی یەکـەمی جیهـان‌و لـــەدوای کۆچـــی لیـــنین... سـتالین جێگـەی گرتـەوە لـە سـەر دەسـەلاتی سـۆڤیەت لەسـەر هـەموو کاروبـاری یەکیەتی سۆڤیەتدا .

١٩٢٤/٥/٤ بەرپابوونی شەڕلە نێوان تورکە دانیشتووانەکانی شاری کەرکوك لە باشووری کوردسـتان و ئاشووریەکان لـەناو بـازاردا ، دوای ئـەوە شـەقامەکان‌و دوایـی پـەرەی سـەند بـۆ نـاو گەڕەکـەکان ، ئـەویش بـەفیتی سـیخوورەکانی رژێمـی تورکیـا ، دوای بـووە هـۆی شـەڕی نێـوان مەسـیحی‌و ئیسلام‌و بـە نانـەوەی ئاژاوەو ناکۆکی لە ناوەندەکانی پێك هاتەی نەتەوایەتی لـە شاری کـەرکوك لـە هەرێمەکەدا.

١٩٢٤/٥/٤ دەرچوونی یەکەم دراوی میسر بە ناوی – ژونـەی میسر – ی لـە دەوڵـەتی میسر بە سەر بەخۆیی شێوازی، کە ئەم دراوە وێنەی ئیدریس بەگی لەسەر بوو تاکوو رووخانـدنی رژێمـی شانشین لـە میسر لـە سالی ١٩٥٢. کە دوا شـاش شـا فـاروق بـوو، کـە لـە نـەوەی محەمـەد عـەلی پاشـا بـوو بـەناوی بنەماڵەی خدێوی، کە لـە بنـەرەتا کوورد بوون و لـە باکووری کوردسـتان و لـە پارێزگای دیاربەکر لە باکووری کوردستان کۆچیان بەرەو میسر کردووە.

١٩٢٤/٥/٤ پێشبڕکێی یاریـەکانی جـامی جیهـانی – ئۆلـەمپیات– لەپاریـسی پایتـەختی فەرەنسا ، ئەنجامدراو بەردەوام بوو تاکوو ٧/٢٧ ی هەمان ساڵ لە نێوان یاری زانانی وولاتانی بەشدار بوو لە جیهاندا .

١٩٢٤/٥/١٩ گرێدانی کۆنگرەی شاری قووستەنتینیەی تورکی و، ئەستەمبۆڵی ئێستا ، لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەی ویلایەتی موسڵ ، لە باشووری کوردستان ، لە کاتی دەسەڵاتی عوسمانی و ئێستا لە ناوچکەدا ، پارێزگای موسل کە بە خاوەنداریەتی خۆی دەزانی و تاکوو ئێستاش هەر بەو خەونە سەرشێتەیەدا دەناڵێنێ...!.

١٩٢٤/٥/٢٠ هێزەکانی سووپای بەریتانیا لە ئێراق بەشێوەیەکی دڕندانە بەیاننامەیەکیان بە سەر ناوچەکانی کوردستان ، بە تایبەتی لە پارێزگای سلێمانی بڵاو کردەوەو بڕیاری بۆردومان کردنی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی شێخ مەحمودیان ڕاگەیاند لە باشووری کوردستاندا .

١٩٢٤/٥/٢٥ لە ئەنجامی بۆردومان کردنی شاری سلێمانی و هەڵەبجە لەلایەن هێزەکانی سووپای ئاسمانی بەریتانیا ، کە – ٧٠٠– هاووڵاتی تیا مابوو لە کۆی ٢٠,٠٠٠ هەزار هاووڵاتی بە هۆی دەربەدەری و خۆڕاگری جەماوەری ناوچەکە لە باشووری کوردستان.

١٩٢٤/٥/٣١ لە ئاکامی بەردەوام بوونی هێزەکانی سووپای بەریتانیا لە ئێراق فڕۆکە جەنگیەکان دوبارە شاری سلێمانی و دەوورووبەری بۆردومان کرد لەباشووری کوردستان.

١٩٢٤/٦/٢ کۆچی دوایی نووسەرو ڕۆماننووس و چیرۆك نووس چیکۆ سلۆڤاکیای جاران و کۆماری چیکی ئێستاو ناوداری جیهان – کۆلۆنبی سزا – ناسراو بە –فرانز کافکا –، بەهۆی نەخۆشیەکی کووشندەو لەسەر داوای خۆی لە گۆرستانی جوولەکەکان لە براگی پایتەخت

بەخاك سپێردراوە... شایانی باسکردنە کە فرانز کافکا لەساڵی ١٨٨٣ لە شاری براگی پایتەختی کۆماری چیك لە بنەماڵەیەکی جوولەکە چاو بە جیهان هەڵدێنێ لە وولاتەکەیدا .

لە دوای مردنی هەردوو براکەی لەگەڵ سێ خوشك ژیانی بەسەر دەبرد. دوای تەواوکردنی قۆناخەکانی خوێندن چووە کۆلێژی یاسا و لەو کۆلێژە بووە برادەری ماکسی برودی، کە بڵاوکاری چاپەمەنی بوو و لەگەڵ ئەودا فلۆبێرۆی گۆتەی خوێندووە... فرانز کافکا بروانامەی دکتۆرای لە یاسا دانان هێناوەو لە کۆمپانیای کارپێکردن دەستی بەکارکردن کرد، لە پێناو بەرەو باشبردنی باری ژیانی خێزانەکەی و خۆی... لە ساڵی ١٩١٢ لەپاڵ رۆمانی – ئەمەریکا – کە برۆدی برادەری بۆی تەواوکردبوو... لەهەمان کات چیرۆکی – بەدگۆران –ی بەناوبانگی بڵاوکردەوە.

بەڵام جەنگی یەکەمی جیهان خەونەکانی فرانزی لەگۆرنا بۆ کارکردن لە بواری رۆژنامەوانی لە وولاتەکەیدا. لە ساڵی ١٩١٣ لە خزمەتی سەربازی بەخشرا نیشانکردنی فلیمی بۆ بەری هاورێی لەهەفتەیەك زیاتری نەخایاندو دوای ئەوە – دادگاییکردن– ی نووسی، دوای ئەوە لە ساڵی ١٩١٧ گەرایەوە بۆ نیشانکردنی بۆ بەرو نیشانەکانی کۆکەی خوێناوی لێدەرکەوت لە بەر ئەوە وازی لێ هێناو بەمەبەستی شووکردن بوو بەیەکێکی دیکە... دوای ئەوە – قەلای – نووسی و لەکاتی هەڵچنینی بوو و نەیتوانی کارەکانی تەواو بکات تا ماڵئاوایی لە نووسەرو رۆمانووس و چیرۆکنووسان کرد لە چیك و جیهان.

١٩٢٤/٦/١١ لە کۆبوونەوەی کۆمەڵەی گەلان گفتوگۆی هەمەلایەنە لەسەر کێشەی کوردو وویلایەتی موسڵ ئەنجامدرا.

١٩٢٤/٦/١٤ یەکەم دەستووری ئێراقی دامەزراوی شانشینی لەلایەن ئەنجوومەنی پێك هاتوو ئامادە کرا بۆ پەسەندکردن لە وولاتەکەدا .

١٠/٧/ ١٩٢٤ بە هۆی نیازی شۆڤێنی عەرەب و دەسەڵاتی نوێی ئێراقی دورستکراو لەسەر خاکی باشووری کوردستان ، نوێنەرانی پەرلەمانی یەکەمی ئێراق بەزۆرینەی دەنگ بریاری دا ، بۆ ئەوەی کە باشووری کوردستان بەتەواوی بخرێتە سەر دەسەلاتی نوێی ئێراق.

١٩٢٤/٧/١٩ هێزەکانی سووپای بەریتانیا لەئێراق دووبارە پارێزگای سلێمانی بە تایبەتی شاری سلێمانی داگیر کردەوە ، بەهێزی لیفی و هێزی سووپای ئێراق ، کە یەکەم جار بوو فەوجێك بەناوی –موسا کازم– توانی بگاتە شاری سلێمانی و، بەر پرسی رامیاری بەریتانیا ی مەزن – لیچمەن– کرا بە لێپرساوی کارگێڕی پارێزگای سلێمانی لەباشووری کوردستان.

١٩٢٤/٧/٢٥ سیاسەتمەداری نەمسا – ئەنگیلبرت دۆلفۆس– کووژرا ، کە لە ساڵی ١٨٩٢ لەدایك بووە لە وولاتەکەیدا .

١٩٢٤/٧/٣١ دەستگیرکردنی – خالید بەگ– لە گوندی شێروان لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکەی ، کەدەکەوونە بۆسەی جەندرمەکانی تورکان ، ئەمەش لەکاتی گەڕانەوەیان بوو بۆ باکووری کوردستان ، لەپێناو دەست پێکردنەوەی شۆڕش ، دوای ئەوەی دەستگیر دەکرێن دەیان بەن بۆ پارێزگای دیاربەکرو لەوێ لە سێدارە دەدرێن لە شارەکەدا.

١٩٢٤/٨/١ جێ بەجێنەکردنی رێکەووتننامەی کۆنگرەی هاوبەش لە نێوان کوردو تورك لە لایەن تورك ، کە ئەمەش بووە هۆی خێرا بوونی جمووجۆڵی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردو بەرەو ڕەتکردنەوەی خواستەکانی تورك و وەستان دژی رژێمی کەمالیەکان لە باکووری کوردستانی ژێر دەسەلاتی رژێمی تورکیا.

١٩٢٤/٨/٦ حکوومەتی بەریتانیا داوای لە کۆمەڵەی گەلان کرد . بەدانانی کێشەی سنووری لە نێوان ڕژێمی ئێراق و تورکیا ، لەکارەکانی خوولی /٣٠ی ئەنجوومەنی کۆمەلەی گەلان و داوای لە لێژنەی دامەزراو کرد . کە ئەو کێشەیە چارەبکرێت ، کە لە نووێنەری سووید– برانتیگ– ونووێنەری ئەسپانیا– دیلیۆن – و نووێنەری ئۆرگوای – گوانی– کە خاکی باکووری کوردستانی ژێر دەسەلاتی تورکیاو باشووری کوردستانی لکێنراوبە دەسەلاتی ئێراقی شانشینی، زیاتر لە٢٩٦ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەی لەخۆگرتیە لە کێشووەرەکەدا .

١٩٢٤/٨/١٦ ئەندازیاری ڕامیاری و سەربازی و خاوەن کتابی – کورد ، تورك ، عەرەب– و ئەفسەری بەریتانی – س.ج–ئەدمۆنس– دانی بەوەنا .

کە لە کتێبەکەیداو کە لەم ڕۆژە بۆ یەکەم جار لەمێژوو هێزەکانی سووپای بەریتانیا قوومبەڵەی بەکێشی ٢٢٠پاوەندی لە بۆردمان کردنی شاری سلێمان بەکارهێناوە لە هەرێمی باشووری کوردستان.

١٩٢٤/٨/١٨ بلاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی – ژینەوە– لەدوای هەرەشەو گورەشەیەکی زۆری دەسەلاتی شانشینی ئێراق و بەریتانیا لە باشووری کوردستان .

١٩٢٤/٨/٢٠ لە دوای وەرگرتنی هەر دوو پۆستی سەرەك وەزیران و وەزیری بەرگری ، یاسین هاشمی ، پاشگەزی لەجێبەجێکردنی بەلێنەکان کرد لە باشووری کوردستان .

دەستی کرد بەشالاو بردنە سەر هێزەکانی کورد ، لەرێگەی کاری سەربازی و فرۆکە جەنگیەکان ، بەپالپشتی هێزی سووپای بەریتانیا لە ئێراق.

١٩٢٤/٨/٣٠ کۆمەلەی گەلان دەستی کرد بە لێکۆلینەوە لەسەر کێشەی وویلایەتی مووسلۆ باری کورد لە کوردستان و ژێر وویلایەتی مووسلۆ لە هەرێمەکەدا .

١٩٢٤/٩/٣ لە پیناو یارمەتیدانی ڕژێمی شانشینی ئێراق ، دژی شۆڕشی شێخ مەحمود لە باشووری کوردستان ، ڕژێمی شای فارسی بە ٣٠٠ سەربازو ٧٠٠سووار

هێرشیان کرده سەر ناوچەی پشدەر ، لە ئەنجامی شەڕێکی توندو تیژ بووە هۆی کووژرانی دەیان سەربازو بەدیل گرتنی ١٥ سەربازو تۆپێكو لە ئاكام بە كشانەوەی هێزەكانی سووپای شای فارسی ، ئەویش لە ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی بۆ ناو سنووری وولاتەكەیدا.

١٩٢٤/٩/٣ سەرەتای دەست پێكردنی ڕاپەرینی كورد بە سەر كردایەتی شێخ سەعیدی پیران دژی ڕژێمی توركیا لە باكووری كوردستانی داگیر كراوی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی توركیا.

١٩٢٤/٩/٣ ئەنجوومەنی كۆمەڵەی گەلان لێژنەی سێ لایەنەی دامەزراند بۆ لێكۆڵینەوە ، لە بارەی كێشەی كورد لە سەر خاكی كوردستان ، ئەویش لە دوا ڕۆژی چارەسەری مافە ڕەواكانی بە تایبەتی لەباشووری كوردستانی لكێنراو بە ڕژێمی شانشینی ئێراق لە هەرێمەكەدا .

١٩٢٤/٩/٢٨ كۆچی دوایی كەسایەتی ناودارو ئافرەتی لێهاتووی كورد خاتوو- عادیلە خانم - خانمی وەسمان پاشای عەشیرەتی جاف لەشاری سلێمانی لەهەرێمی باشووری كوردستان.

١٩٢٤/٩/٣٠ ئەنجوومەنی كۆمەڵەی گەلان لە تەك لێژنە سێ لایەنەكەیدا لێژنەیەكی تایبەت بە كێشەی كورد لە سەر وویلایەتی موسل پێك هێنا لە پێناو یەكلاكردنەوەی

کێشە هەڵوواسراوەکان لە هەرێمەکەدا .

١٩٢٤/١٠/١ بەهۆی نالە باریو ئاڵۆزیو بێ ئومێدی کورد لە باشووری کوردستان ڕێکخراوی- جەمعیەتی کوردستان - داوایەکی ئاراستەی کۆمەڵەی گەلان کرد ، ئەویش لە بارەی مافی چارەی کێشەی کورد لە هەرێمە داگیرکراوەکاندا.

١٩٢٤/١٠/٩ سەرکردەی کورد شێخ مەحمود لەگەڵ بەرپرسانی بەریتانیا لە ئێراق کەوتە گفتووگۆ کردن لە شارۆچکەی خورمال لەگەڵ - کۆڕال والیس- بەڵام ئەو گفتووگۆیە سەرکەوتوو نەبوو ، ئەویش بە هۆی چەوتی رامیاریەتی بەریتانیا بەرامبەر بەکێشەی ڕەوای کورد لە باشووری کوردستانی لکێندراو بە ئێراقدا .

١٩٢٤/١٠/٢٧ لە شاری برۆکسلی پایتەختی شانشینی بەلژیکا ، ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان کۆبوونەوەی نا ئاسایی خۆی دەست پێکرد ، کە یەکەم کۆبوونەوە بوو لەبارەی سنوور ، بە تایبەتی لە سەر سنووری نێوان ڕژێمی شانشینی دامەزراو لە ئێراقو تورکیا لەسەر خاکی لەتکراوی کوردستان لەنێوان چوار دەووڵەت ونیوودا ، لە سەر خاکی کوردستان و لە کێشووەرەکەدا .

١٩٢٤/١٠/٢٩ لەسەر کێشەی دیاریکردنی سنوور لە نێوان ئێراقو تورکیا ئەنجوومەنی کۆمەلەی گەلان دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد لەگەڵ چاودێری کردنی باری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستان بەتایبەتی لەباشووری کوردستان.

١٩٢٤/١١/١٣ ئەنجوومـەنی کۆمەڵـەی گـەلان دووبـارە لێژنـەی پێداچـوونەوەی پێکهێنـا لـە پێناو چارەکردنی ماف و کێشەی کـورد ، کـە نووێنـەری بـەریتانیا و تورکیـا و ، هـەروا بەغداش بەشـداری تێداکرد بـەهۆی بـوونی لێژنەکـە لـە شـاری بەغـدای پایتەختی ئێراق لەوکاتدا .

١٩٢٤/١١/١٦ وەزیری فرۆکەوانی هێزەکانی سووپای بـەریتانیا- لـۆرد تۆمـسۆن- سـەردانی شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان کرد ، ئەویش بـە مەبەسـتی سـەردانی دام و دەزگاکـانی سـەربەخۆیان و ئاگـادار کردنـەوەیان لەبەرامبـەر بزووتنـەوەی شێخ مەحمودی حەفید لەناوچەکەدا .

١٩٢٤/١١/١٨ گرێدانی کۆبوونەوە لـە شـاری لەندەنـی پایتـەختی بـەریتانیا بـە سـەرۆکایەتی سەرەك وەزیرانی بەریتانیا- رەمزی مەکدۆنالد- بە ئامـادە بـوونی مەندووبی سـامی بـەریتانیا لـە میـسر ژەنـەراڵ- اللینـی- و دادوەری گـشتی بـەریتانیا لـە سـوودان – سـتاك – ئـەویش بـە رێکـەووتن لەسـەر ئـەوەی ، کـە هێزەاکنـی هەمـەجۆرەی میـسر لـە سـوودان دەرچێت و بـە پێکهێنـانی هێزێکـی بـەرگری لەسوودان ، بەتایبەتی نەك بەبەشداری لایەن ومیسریەکان .

هەروا لـە دوای گەرانـەوەی دادوەری گـشتی بـەریتانییا لـە سـوودان بـۆ شـاری قاهرەی پایتـەختی میـسر ، لـە رێگـا لەلایـەن چەکدارانـی توونـدرەوی میـسری تـیرۆر کـراو حکوومـەتی بـەریتانیا ئاگـاداری دەسـەڵاتی میـسری کـرد ، بـە کێشانەوەی هێزەکانی لە سوودان و دانی ٧٥٠ هەزار جوونـەی ، وەك خـەرجی بۆ هێزی بەرگری لەسووادن ، ئەویش بەهۆی ئەو کارە سـەعد زەغلـول دەسـتی لـە پۆسـتەکەی هـەلگرت و ئەحمـەد زەیـد پۆسـتی وەزارەتەکـەی گرتـە دەسـت و مەرجەکانی حکوومەتی بەریتانیای جێبەجێکرد ، لە جێگەی دادوەری گشتی – ستاك – و –جفری ئارچەر– بە دادوەری گشتی بەریتانیا لە سوودان دانرا.

١٩٢٤/١٢/١٦ ئەنجوومـــەنی کۆمەڵـــەی گـــەلان رەزامەنـــدی خـــۆی راگەیانـــد بـــە بریـــاری دیاریکردنی سنوور لە نێوان ئێراق و تورکیا لەسەر باکوورو باشـووری خـاکی کوردستان بەپێی هێلی برۆکسل.،



١٩٢٤/١٢/٢٠ لە دوای دامەزراندنی دەووڵەتی ئێراق و دیاری کردنی سنووری دەووڵەتەکە ، دوور لە خواست و ویستی گەلانی ئێراق و لە سەر خاکی گەلان ، بە تایبەتی لە باشووری کوردستان ، کە ئالای رژێمی شانشینی ئێراق لە شاری کەرکوك بەرز نەکرابووەوە تا تا ئەو کاتەی کە شانشینی ئێراق سەردانی شاری کەرکوکی کرد و لەم ڕۆژەدا ئالای ئێراق لە سەر دام و دەزگاکانی میری لە شاری کەرکوك بەرز کرایەوە لە هەرێمەکەدا .

١٩٢٤/١٢/٢٠ خاتوو فریدریکاما بروێکێر لە شاری ڤیەنای پایتەختی نەمسا چاوی بە جیهان هەڵدێنێ... ئەم شاعیرو نووسەرو کەسایەتیە لەگەڵ ئەوەی نەیتوانیووە لە وادەی خۆی بەبێ پچران قۆناخەکانی خوێندنی تەواو بکات... بەڵام هەر زوو بەهرەی ئەدەبی لێ بەدیار دەکەوێ، بە توانایەکی سەرنج راکێش و هەر لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا نۆبەرەی یەکەم نووسینەکانی خۆی لە گۆڤارە بەناوبانگەکەی نەمسا Der plan ی ئەدەبی بڵاودەکاتەوە.
کە لەو کاتەدا نەمسا گەوورە نووسەرەکانی لەخۆگرتبوو وەك فرانزکافکاو برتۆلدو بریخت و ئاریك فرید و سارتەرو کامۆو ئەراگۆنی، و بەدەیا کەسایەتی دیکەی بەناوبانگ.
دوای وەستانی جەنگی دووەمی جیهان کۆمەڵە بابەتێکی لەنێوو شعرو پەخشان لەم دەزگایەدا بۆ دەکرێت. بە پەرتووکێك لە ساڵی ١٩٥٠ تاقیکردنەوەی دەرەکی پۆلی شەشەم و دواناوەندی ئەنجام دەداو دوای سەرکەووتنی لە زانکۆ وەردەگیرێت و لەتەك مێژووی هونەرو زمان و ئەدەبی ئەلمانی تێر دەخووێنێ... خاتوو مایرۆیکلێرلە ساڵی١٩٤٥ بەشداری لە دامەزراندنی بازنەی – کۆمەڵەی ڤیەننا – دەکات. کە بە هەوڵی ئارتمانی شاعیر ئەم کۆمەڵەیە لەیانەی هونەر جیا دەبێتەوەو چەندان شاعیری بەتواناش دێنە ناوی لەوانە : فریدریك ئافلاینتەر – کۆتراویابەر – گیرهارد – رۆبم.

خاتوو مایرۆیکلێر تاکوو ئێستا زیاتر لـه ٥٠ بەرهـەمی هەیـه لـه نێوان شیعرو پەخشانەو رۆمان و دەقی شانۆیی و پەرتووکی تایبەت بەجیهانی منداڵان. بە هـۆی کـاره سـەرکەوتووەکانی خـاتوو مـایرۆیکلێر چـەندین خـەڵاتی بەدەست هێنـاوه لەوانـه خـەڵاتی وولاتـی نەمسا لـه سـاڵی ١٩٨٢ و خـەڵاتی فریـدریك هولـدرالین لـه سـاڵی ١٩٩٣ و بـەردەوام بـوونی لـه نووسـینه هەمەلایەنـەکانی بەسەرکەوتووانەدا.

١٩٢٥

١٩٢٥/١/١٦ ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان له دوای تـەواو کردنـی لێکۆلینـەوەی بەرژەوەنـدار بڕیاریدا ، که وویلایەتی موسل بە فەرمی و بە تـەواوی بخرێتـه ژێـر دەسـەڵاتی شانشینی نوێی ئێراقی دورستکراو لەسەر خاکی کوردو خـاکی کوردسـتان لـه باشووری کوردستان.

١٩٢٥ /٢/٨ هونەرمەنـدو دەرهێنـەری سـینەمای ئەمـەریکی -جـاك لیمـۆن- لـه شـاری بۆسـتنی وویلایەتـه یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکا چـاوی بـه جیهـان هـەلهێناوەو ئەسـتێرەیەکی کۆمیـدی سـینەمایی نـاوداری جیهـانی بـووه. لـه بـواری دەر هێنەری سینەماییدا

١٩٢٥/٢/٨ دەسـت پێکردنـی شۆڕشـی کورد له باکووری کوردستانی داگیـر کـراوی ژێـر دەسـەڵاتی رژێمی تورکیا .
لەلایـەن سـەرکردەو رابـەری کورد شێخ سەعیدو هەڤاڵانی لـه پێنـاو بـەرگری کـردن لـه مافه رەواکانی گەلی کوردستان له هەرێمەکەدا.

١٩٢٥/٢/١٠ ڕزگـار کردنـی شـاری لیـچه لـه بـاکووری کوردسـتان لەلایـەن شۆڕشـگێڕه چەکدارەکانی کـورد ، بـه سـەرکردایەتی شـێخ سـەعیدی پیران و هـەروا رزگـار کردنی شاری گەنج له هەرێمەکەدا .

١٩٢٥/٢/١٣ یەکەم شەڕی چەکداری له نێوان لایەنگرانی شێخ سەعیدی پیران و هێزەکانی

سووپای ڕژێمی تــــورك دەستی پێکرد لە باکووری کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەڵاتی تورکیا، کە ئەمەش بووە هۆی بەهێزبوون و بەرزبوونەوەی جووڵانەوەی ڕزگاری گەلی کوردستان لە بواری نەتەوەیی و نیشتیمانی، هەر چەند کەسایەتیەکی ئاینی لایەنی باڵا دەستر بوو لە ناو جووڵانەوەی ڕزگاری کـــورد، کە ئەمەش هۆکاری زوویی بوو بە لە ناوبردنی ئەم شۆڕشەدا لە باکووری کوردستان و شێوەو شێوازی دیکەش لە باشووری کوردستان.

١٩٢٥/٢/١٤ دەرکەووتنی کەسایەتی ناوداری ئێراق و کورد – میرزا تۆفیق قەزار– کە مامی سەعید ئەدیب قەزازە .
بۆ یەکەم جار لە هەڵبژاردەی کۆمەڵەی بەرگری نیشتمانی ئەم مرۆڤە لە سلێمانی دەرکەووت ، کە ئەو کۆمەڵەیە شان بەشانی کۆمەڵەی بەرگری نیشتمانی بوو لەموسڵ لە پێناو بەرگری کردن لە داواکانی کۆماری تورکیا لە ویلایەتی موسڵی عوسماندا.
هەروا ناوی بۆ دووەم جار بەرزبووەوە لەمانگی/١٩٣٠/٨ لەگەڵ کۆمەڵێك لەپیاوە ناودارەکانی شاری سلێمانی بەداواکردنیان بە ماف نەتەوەیی کورد ، بەپێی بڕیاری کۆمەڵەی گەلان . ئەویش لە کاتی گفتووگۆی گەرمی لەگەڵ سەرەك وەزیرانی ئێراق جەعفەر عەسکەری لەشاری سلێمانی لە باشووری کوردستاندا .

١٩٢٥/٢/١٤ لە ئاکامی ڕاپەرینەکانی کورد لە باکووری کوردستان بە فراوان بوونی بە سەرکردایەتی شێخ سەعیدی پیران و لەو ناوەندە ڕاپەڕینە ، شێخ شاری –دارهینی– کردە پایتەختی باکووری کوردستان.

١٩٢٥/٢/١٤ دامەزرانــدنی ئەنجوومــەنی کۆمەڵــەی بــەرگری نیــشتمانی کــورد لەشــاری سلێمانی لە باشووری کوردستان لەلایەن ئەحمەد بەگ تۆفیق لە هەرێمەکەدا .

١٩٢٥/٢/١٦ ئەفسەری پایەبەرزو کەسایەتی ناوداری کورد ماموستا – ئەمین فەیزی بەگ – کۆچی دوایی کردووە ، کە ساڵی ١٨٦٠ لە شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان لە دایك بووە لە شارەکەدا .

١٩٢٥/٢/٢١ لە دایك بوونی دەرهێنەری سینەمایی ناوداری جیهانی– سام بەکینا– لە ویلایەتی کالیفۆرنیا لە ئەمەریکا ، لە بنەماڵەیەکی رۆشنبیری تێکەڵاو لەهندی سوورو مەکسیکی ، کە لەخوێندندا دەگاتە کۆلێژی یاسا.

١٩٢٥/٢/٢٤ بە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان شۆڕشگێڕانی شێخ سەعیدی پیران و هێزەکانی سووپای تورکیا – جەمیل پاشا زادەو، دکتۆر فوئاد– دەستگیر کران ، هەر لەو شەڕەدا لە شاری – ئەلازاخ – رزگار کراو دەسەڵاتی تورکیا بریاری یاسای عوورفی لە سەر باکووری کوردستان راگەیاند لە ناوچەکەدا .

لە ١٩٢٥/٢/٢٥ ئەنجوومەنی نیشتیمانی گەورەی تورکیاو لە رۆژی ٢/٢٦ شۆڕشگێرە کوردەکان بەسەرکردایەتی شێخ سەعید دەستیان بە سەر شاری خەربووت داگرت. ئەویش بەراگەیاندنی باری ناکاوی لەو پارێزگایانەی کە شۆڕشی تیا بەر پاکرابوو لە پارێزگاکانی – مۆش – دیرسیم – ماردین – ئۆرفە – سبوورك – بەدلیس – سیرت – وان –هەکاری – ئەرگانی – ئەرزەرۆم – دیاربەکر – مەلاتیە – بۆ ماوەی یەك مانگ و دەکرێ درێژ بکرێتەوە، لەهەمان کات پارتی گەلی کۆماری هەڵووەشێندرایەوە.
لە هەمان کات یاسای ژمارە /٥٥٦ ی پەسندکرد بەقەدەخەکردنی هەموو کۆمەڵەکان و سەربەخۆیی ئایین بەنیازی رامیاری لە تورکیادا.
سەرچاوە :– لازاریف المسالە الکردیە ١٩٢٣ – ١٩٤٥ چاپی یەکەم هەولێر /٢٠٠٧.

١٩٢٥/٢/٢٥ لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی گشتی پەرلەمانی تورکیاو ، بە یەك دەنگ بە بریاری ژمارە /٥٥٦ بۆ سزادانی شێخ سەعیدی پیران و شۆڕشگێرە چەکدارەکانی کورد لەباکووری کوردستان راگەیاند.

١٩٢٥/٢/٢٥ سەرەك وەزیرانی بەریتانیا – لوید جۆرج– لە دانیشتنی ئەنجوومەنی گشتی بەریتانیا رایگەیاندو ووتی:– کورد مافی چارەنووسی خۆی هەیە لەسەر خاکی دێرینی خۆی وەك گەلانی دیکە لە هەرێم و ناوچەوجیهاندا.

١٩٢٥/٣/٣ نووێنەری تورکیا لە بەردەوامی گفتوگۆیەکانی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان– عسمەت پاشا ئەنوونوو– پۆستی سەرەك وەزیرانی ڕژێمی تورکیای گرتە دەست ، کە دووژمنی سەرەکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردو کوردستان بوو ، بەتایبەتی لە باکووری کوردستاندا.

١٩٢٥/٣/٤ حکوومەتی تورکیا بەسەرکردایەتی – عسمەت پاشا – ئەنینوو – بە دامەزراندنی دوو دادگای سەربەخۆ لە شاری ئەنکرە کە دەسەڵاتەکانی سنووردار بوو، بەڵام لە دیاربەکر بێ سنووردار بوو. ئەمەش لەدوای دەست لەکارکێشانەوەی عەلی فەتحی بەگ بوو لە پۆستی سەرەك وەزیرانی تورکیا... کە ئەمەش یەکەم کاری بوو لەدەسەڵاتەکەیدا کە دۆستی نزیکی دامەزرێنەری تورکیا مستەفا کەمال ئەتاتورك بوو. ئەم دادگایانە بەدادگای ناکاوی دانرابوو، کە هەموو دەسەڵاتێکی هەبوو هەتا لەسێدارەدانی بەرامبەر بە سەرپێچکەرانی دژ بەرژێمی تورکیا... ئەم دادگایانەش لە

١٩٢٧/٣/٢ هەڵووەشێندرایەوەو دادگای – یاسای پاراستنی رژێم – جێگەی گرتەوە بەهەمان دەسەڵاتی زیاتر و بۆماوەی دوو ساڵ لەو پارێزگا کوردیانەی باکووری کوردستان.

سەرچاوە :–لازاریف – المسالة الكردية ١٩٢٣ – ١٩٤٥ چاپی یەکەم /٢٠٠٧ هەولێر.

١٩٢٥/٣/٧ بە هۆی ئاڵۆزیو نا لە باری باری باکووری کوردستان ، شێخ سەعیدی پیران بەردەوامی شۆرشی گەلی کوردستانی لە هەرێمەکەدا راگەیاند ، ئەویش لەپێناو بەدی هێنانی مافەکانی کوردو رزگار بوونی لەژێر دەسەڵاتی رژێمی تورکیا.

١٩٢٥/٣/١٠ بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری کوردستان لە شاری سلێمانی لە هەرێمی باشووری کوردستان.

١٩٢٥/٣/١٠ رزگارکردنی ناوچەکانی سلێڤانو هازرو ئارگاوەو جۆلەمێرگ ، لە لایەن هێزەکانی شێخ سەعیدی پیران لەباکووری کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سووپای رژێمی تورکیا.

١٩٢٥/٣/١١ بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری –دیاری کوردستان– لەشاری بەغدای پایتەختی ئێراق.

١٩٢٥/٣/١١ تیمێکی چەکداری سەر بە رژێمی تورکیا چوونە ناو ریزەکانی هێزی چەکدارانی شێخ سەعیدی پیران لە باکووری کوردستان.



١٩٢٥/٣/١٤ کومپانیای–I.P.C– توانی بگاتە رێکەوتن بە بەکار هێنانی مافی خۆی بە پێی گرێبەستی ئیمتیازەکانی تایبەت بە گەران بە دوای چاوگە نەوتیەکان لە ناوچەی پارێزگای کەرکوک لە باشووری کوردستان – بابە گورگور – و لە دوای

کۆتایی ماوەی ئەو گرێبەستە کە کومپانیاکانی - i. p.c - توانی ٢٤ جێگەی بەرهەم هێنانی دیاریکراو ئەنجام بدات بە پێی ئەو گرێبەستە لە رووبەری نزیکەی ٢٤ کیلۆمەتر چوارگۆشە.

واتە کێلگە نەوتیەکانی پارێزگای کەرکوك و خانەقین و کەندیناوەو رۆژهەلاتی شاری موسل وایان کرد کە کورد بە ئامانجی خۆی نەگات بە دامەزراندنی دەوولەتێکی کوردی لە باشووری کوردستان، بە پێی بریارەکانی کۆمەڵەی گەلان و پەیمانی سیڤەر لە سالی ١٩٢٠ و رێکەووتنە هەمەلایەنەکانی نێوان رژێمی شانشینی نوێی ئێراق و بەریتانیا.

ئا لێرەدا کوردو سەرکردایەتی کورد لەو کات درکیان بەو زانیاریانە نەدەکرد بە هۆی زۆری کێشەی نێوان دەسەلاتدارانی بەریتانیاو سەرکردایەتی کورد لە لەو کات و پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی سەرکردایەتی کورد لە دەسەلات و سامانداد.

گەرنا بار لە باربوو بۆ دامەزراندنی دەسەلاتێکی کورد لە سەر داواکانی حکوومەتی بەریتانیاو کۆمەڵەی گەلان، بە پێی رێکەووتنەکانی نێوان حکوومەتی ئێراق و بەریتانیا، بە دامەزراندنی دەوولەتی کوردی لە چوارچێووەی سنووری دیاریکراوی ئێراقی بە زۆر دروستکراو لە سەر خاکی کوردستان.

سەرچاوە:- دراسات جغرافية الملنية حول الشرق الاوسط- چاپی یەکەم /١٩٨٣ .

١٩٢٥/٣/٢٠ سەرکردەی کورد شێخ مەحمود بروسکەیەکی داواکاری مافی گەلی کوردی لەباشووری کوردستان ، ئاراستەی سەرەك وەزیرانی ئێران و بالوێزی ئەمەریکاو بالوێزی تورکیا و بالوێزی رووسیاو بالوێزی فەرنسا کرد لەتارانی پایتەختی ئێران.

١٩٢٥/٣/٢١ راگەیاندنی یەکەم دەستووری شانشینی و رژێمی شانشینی لە ئێراقی دورستکراو لەسەر خاکی باشووری کوردستان.

١٩٢٥/٣/٢١ راپەرینەکانی کورد لە باکووری کوردستان بەردەوام بوو بە بەرزبوونەوەو هەنگاو نانی بەرەو پێشەوە ، هەر بەو هۆکارە شێخ سەعیدی پیران سەربەخۆیی کوردستانی راگەیاند ، بە کردنی شاری دیاربەکر بەپایتەختی دەسەلاتی کورد لە باکووری کوردستان .

سەرەتادانا شێخ سەعید، ماسکوویتێن پێشین ل بەر سێپێیان، جێ: دیاریەکی سال: ...
ی وێنەیەی پێشووی شێخ سەعید و هاوەڵانی سەعید ئایدۆکموش لەمزایەدەیەکی تر
ەتەوەو "مالمیسانژ" لەوێ خواستوتەوە.

١٩٢٥/٤/٣ کار بەکاری کاتژمێری هاوینە کرا لە تەواوی بەریتانیا ، کە ئەو ڕۆژە ڕێکەوتی ڕۆژی جەژنی فەسیحی مەسیحیەکان بوو لەجیهاندا.

١٩٢٥/٤/١٥ کۆچی دوایی هونەرمەندی شێوەکاری ئەمەریکی –جۆن سینگەر سارجنت–، لەشاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا ، بەبێ ئەوەی ژن و منداڵ لە دوای خۆیدا بەجێ بهێڵێ ، جگە لەخۆشەویستی و ڕێز گرتنی دەوروبەری ئەبێلە وولاتەکەدا .

شایانی باسە کە سارجنت لە١٨٥٦/١/١٢ لە شاری فلورەنسای ئیتالیا لە

دايك بووه ، ئەويش لە دايك وباوكێكى رەسەنى وويلايەتەكانى ئەمەريكى .. سینگەر سارجنت دیارترین هونەرمەندی شێووەکاری ئەمەریکی سەدەی نۆزدەم بووه ، کە لە سەردەمی خۆیدا پرۆترێت کیشێکی بێ هاوتا بووه لەجیهاندا.

١٩٢٥/٤/١٥ بە هۆی کاردانەوەی کاریگەری شۆرشی کورد لە سەر باری دەسەڵاتی تورك لە باکووری کوردستان ، رژێمی تورکیا لە شاری بەتلیس چوار سەرکردەی کوردی لەسێدارەدا ، کە دوویان – یوسف زەیاو سەرهەنگ – بوون ، لەهەمان کات هەوڵی دەستگیر کردنی شێخ سەعیدی پیران بەردەوام بوو. لەلایەن رژێمی تورکیا.

١٩٢٥/٤/١٨ لە ئەنجامی بەردەوامی شەڕلە نێوان چەکدارانی کورد و هێزەکانی سووپای ئێراق ، شۆرشگێره چەکدارەکانی ئێزیدی لەناوچەی سنجار لە باشووری کوردستان ، توانیان فرۆکەیەکی جەنگی سووپای رژێمی شانشینی لە ئێراق بخەنە خوارەوه لەناوچەکەدا .

١٩٢٥/٤/٢٤ شۆرشە مەزنەکەی شاری ئامەد – دیاربەکر– کۆتایی هات لەباکووری کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەڵاتی رژێمی تورکیا ، لە ئەنجامی خیانەت کردن ناپاکی – قاسم جیرۆ– و جاشە کوردە خۆ فرۆشەکان شۆرشەکە بەرەو توانەوه هەنگاوینا لە هەرێمەکەدا.

١٩٢٥/٤/٢٧ لە دوای کۆتایی هاتنی شۆرش و خیانەتی قاسم جیرۆدا لە گەڵ لایەنگرەکانیدا ، شێخ سەعیدی پیران دەستگیرکرا لەگەڵ ٥٦ لە هەڤاڵەکان و کەسایەتی ناوداری دیکە لە شۆرشگێری نەتەوەیی کورد لە باکووری کوردستان.

١٩٢٥/٥/٢ هێزەکانی سووپای ئێراق و بەریتانیا بەسەرکردایەتی – دبسی و یاسین هاشمی– لە کۆنگرەیەکی هاوبەشدا لەشاری کەرکوك ، ئەویش لە پێناو دارشتنی پیلان بۆ لەناو بردنی شێخ مەحمودی حەفید ئەنجامدرا ، لە باشووری کوردستان .

١٩٢٥/٥/٤ سەرکردەی کورد شیخ سەعیدی پیران بەیاننامەیەکی بلاو کردەوه ، کە ئەو کات فەرەنسا سووپای لەژێر دەست دابوولە ناوچەکە ، لە دوای شکاندنی شۆرشگێران و گەرانەوەیان بۆ وارتوو، لە باشووری کوردستان ژەندرمەکانی تورك هەر دێیەکیان بکەوتایە بەر دەست دەیان سووتاند لە هەرێمەکەدا .

١٩٢٥/٥/١٣ کۆماری تورکمەنستان وەك دەووڵەت لەناو سنووری نوێی یەکیەتی سۆڤیەت پێك هێنرا ، کە بەر لەو مێژوو وولاتێك نەبوو بەناوی تورکمەنستان ، تەنیا هەرێمێکی زۆرینەی دانیشتووانی تورك نەبێ لە ناوچەو کێشووەرەکەدا ...؟..!.

١٩٢٥/٥/٢٠ زاناو کیمیاناسی بەناوبانگی جیهانی – دکتۆر داڤید وارن– لە باکووری ئۆستralیا چاوی بەجیهان هەڵهێناوە... لە شارەکانی – سیدنی ولاوکۆستن قۆناخەکانی خوێندنی تەواوکردووە... هەروا لە زانکۆی سیدنی کۆلێژی زانستی تەواوکردوە بەپلەی شەرەف.

دوای تەواوکردنی قۆناخەکانی خوێندن وەك پرۆفیسۆرێك وانەی کیمیای ووتۆتەوە... لە ساڵی ١٩٥٠ وەك کیمیازانێك لەبواری سووتەمەنی رۆکێتدا لە – وۆمیرا – لە باشووری ئوسترالیا کاری کردووە... لە ساڵی ١٩٥٣ لە تاقیگەی تووێژینەوەی فرۆکەوانی کاری کردووە... ئەم مرۆڤە بوو لە ساڵی ١٩٥٨ بۆ یەکەم جار... سندوقی رەشی پراکتیزی جیهانی دروستکرد.

لە ساڵی ٢٠٠٢ دا پاداشتی – Ao – ی فرۆکەوانی ئوسترالیای پیٚ بەخشرا. جێگەی باسکردنە کە سندووقە رەشەکە بریتیە لە دوو سندووقی – سوور– یا – پرتەقاڵی – لە رووخساری دەرەوەیان هاوشێوەن و لە پێك هاتەی ناوەوەیان جیاوازن... درێژەی هەر یەکێکیان ٥٠ سم و پانیان ١٢,٥ سم و بەرزیشیان ١٧,٥ سم... کە دەکەونە کۆتایی کلکی فرۆکەکەدا .

١– سندووقی یەکەم کارەکەی بریتیە لە تۆمارکردنی زانیاری ژمارەیی و بەها فیزیاییەکانی وەك – کات , خێرایی , ئاراستەی فرین.

٢– سندوقی دەنگەکانی وەك – گفتووگۆی نێوان دەستەی فرۆکەوانی و مشتوومرەکان و هاواری فریاکەوتن... لە سندووقەکەش زیاتر لە ٣٠٠ جۆرە زانیاری لە سەر گشتی فرۆکەکە تۆماردەکات، کە بریتین لە خێرایی باو بەرزی و پێوانەی خێرایی ستوونی و ئاسۆیی و پلەکانی لادانی فرۆکەکەو پلەی گەرمی دەرەوەی فرۆکەکەو بارودۆخی ناووخۆو دەرەوەی فرۆکەکە لە ئاسماندا.

ئەم سندووقانەش بۆ ماوەی ٣٠ خوولەك بەرگری گەرمی دەگرن گەر پلەی گەرمی ١١٠٠ پلەی سەدی بیٚ.

هەروا بۆ ماوەی ۳۰ رۆژ بەردەوام نیشانەی – سیگنالی – سەروبیستن و لەرە لەری رووناکی بەرزی – ۳۷,٤ کیلۆ هێرتزی دەنێرێت، کە لە ناو بەفرو لە دووری دەیان کیلۆمەترو لە قوولایی ۲۰۰۰۰ پێی ژێر ئاوەوە هەستیان پێدەکرێت و دەناسرێنەوە. هەروا تۆمارێکی تۆمارکردنی زانیاری تیایە کە پانیەکەی ۷ سم و توانای ۲۵ کاتژمێر تۆمارکردنی هەموو گفتووگۆو کێشەو گرفت و رووداوێکی هەیە. لە کاتی کارکردنی فرۆکە لە هەلسان و تا نیشتنەوەی لە سە زەوییدا.

۱۹۲٥/٥/۲٤ رژێمی تورکیا دووبارە بەردەوام بوو لە هێرش کردنە سەر شۆرشگێرانی کورد لە باکووری کوردستانی داگیر کراوی لە ژێر دەسەلاتەکیدا ، سەرەرای بەرەو توانەوەی شۆرشەکە بەهۆی دەستگیرکردنی شێخ سەعیدو هەڤالانی لە هەرێمەکەودا ، بەهۆی خیانەتکردنی کوردە خۆفرۆشەکان لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتیان لە گەڵ رژێمی تورکیا .

۱۹۲٥/٦/۲۳ دامەزراندنی کۆمەلەی کورد لەشاری ئەستانە لە باکووری کوردستان بە ناوی – کوردستان تەعالی جەمعیەتی– لە هەرێمەکەدا .

۱۹۲٥/٦/۲۹ دادگای رژێمی تورك لە پارێزگای دیاربەکر، لە باکووری کوردستان بریاری دادگاییکردنی شێخ سەعیدو هەڤاڵەکانی راگەیاند بە لە سێدارەدانی سەرکردە شۆرشگێرە کوردەکان ، کە سەرۆکی دادگا چەند خالێکی لە بریارەکە خووێندەوە بۆ شۆرشگێران .

لە کاتی خووێندنەوەی بریارەکە گووتی:–

هەندێکتان هانی کۆمەلانی خەلکی دەدەن لە پێناو بەرژەوەندی کەسیو ، هەندێکیشتان دژایەتی کردنی رژێمتان کردووە لەرێگەی کاری رامیاری بە پالپشتی بێگانەو هەمووتان لەسەر یەك خاڵ کۆکن ، کە ئەویش دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆیەو ئێستاش سزای خووێنرشتنەکانی خۆتان وەردەگرن لە لایەن دادگای تورکیادا .

۱۹۲٥/٦/۳۰ پێشەواو رابەری کورد لە باکووری کوردستان شێخ سەعیدی پیران لە سێدارە درا لەلایەن رژێمی تورکیا لەگەڵ ٤٦ هەڤالی لە ماوەی دوو کاتژمێر... کە بووە هۆی پەلاماردانی تەواوی باکووری کوردستان بە نانەوەی ترسو تۆقاندنی جەماوەری شۆرشگێری کورد. بە تایبەتی لە هەردوو بواری نەتەوەییو نیشتمانیدا .



جێگەی ئاماژە پێکردنە کە شێخ سەعیدی پیران ناوی تەواوی – شێخ سەعید شێخ مەحمودی شێخ عەلی – یەو لە ساڵی ١٨٦٥ لە قەزای بالۆ لە وویلایەتی – ئەلازخ – لە باکووری کوردستان چاوی بە جیهان هەڵهێناوە لە هەرێمەکەدا.

هەروا شێخ سەعید خووێندنی لە سەر دەستی باوکی و لە لایەی هەندێ لە مۆریدەکانی باوکی تەواو کردووە ، دوای ئەوە بنەماکانی شەریعەت و مێژووی ئیسلامی خووێندووە... دوای مردنی باوکی رابەری تەریقەتی بۆ گۆزراوەتەوە ... هەروا لە باوکیەوە بووە رابەری تەریقەتی نەقشەبەندی لە – بالۆ – و ژمارەی مۆریدەکانی گەیشتۆتە دەیان هەزار کەس لە هەرێمەکەو کوردستاندا .

کە لە نێوانیاندا چەند تورکێکی تیا بووە ... بەڵام ئەوانی دیکە هەر هەموویان کورد بوونە . شێخ سەعید سەرەڕای شێخایەتی زانایەکی مەزن و لێهاتوو بووەو باوەری بە خوورافیات نەبووە و هەرگیز خۆی بە پیرۆز نەزانیووە لە بەردەم جەماوەردا ، شێخ سەعید هەر لە سەرەتای دامەزراندنی رێکخراوو کۆمەڵی رامیاری لە باکووری کوردستان لە نێوان ساڵەکانی ١٩٠٨– ١٩٢٣ بەشداریەکی چالاکانەی کردووە لە چالاکیە رامیاریەکان و پەیووەندیەکی بە هێزی هەبووە لە گەڵ خێزان و بنەماڵە کوردەکان وەك – بەدر خانیەکان ، شێخ عوبێدولاّ ، و سەر کردە رامیاریەکاندا

هەروا شێخ سەعید نازناوی شێخ سەعیدی پیرانی وەرگرتووە ، کە نەسەبی دەگەرێتەوە بۆ گوندی – پیران – کە گوندێکی کوردیەو لە نزیك شارۆچکەی بالۆیە ... لەم گوندەدا یەکەم رووبەروو بوونەوە لە نێوان کوردو هێزەکانی

سووپای تورك روویداوە ... شۆرشی شێخ سەعید لە ١٩٢٥/٢/٨ دەستی پێکرد و بەردەوام بوو تاکوو لە لایەن هێزەکانی سووپای تورك بە رێ نیشاندەرانی کوردی خۆفرۆش لە ١٩٢٥/٤/١٠ دەستگیر دەکرێت لە گەڵ هاوریکانیدا .

ئەوانیش – شێخ عەلی ، شێخ غالب ، رەشید ئاغا ، محەمەد ئاغا ، تەیموور ئاغا – و تا لە ١٩٢٥/٦/٣٠ بریاری لە سێدارە دانیان بۆ دەر دەچێ و شێخ و هاورێکانی لە گۆرەپانی مزگەووتی گەوورە لە شاری دیاربەکر لە باکووری کوردستان بریارەکەیان جێ بە جێکرد لە شاری دیاربەکری کوردستاندا .

١٩٢٥/٧/١١ کۆمیتەی نێوودەوولەتی سەر بە کۆمەڵەی گەلان ئاکامی لێکۆلینەوەی خۆی بلاو کردەوە ، کە وویلایەتی موسل بکەوێتە ژێر کۆنترۆلی کۆمەڵەی گەلان بۆ ماوەی ٢٥ ساڵو لە هەمان کات زمانی کوردی زمانی فەرمی بێتو وویلایەتەکەش ئیدارەی کورد بیگێرێت لە هەرێمەکەدا .



١٩٢٥/٧/١٦ مێژوونووس و نووسەرو رووناکبیرو کەسایەتی ناوداری کورد و ئێراق – محەمەد ئەمین زەکی– بەجێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نووێنەران و سەرۆکی لێژنەی سەربازی هەلبژێردرا لە ئێراق ، کە بە گرنگترین لیژنەی پەرلەمانیەکان دادەنرێت لە دەسەلاتی ئێراق.

١٩٢٥/٧/١٦ ئەنجوومەنی گشتی کۆمەڵەی گەلان کۆبوونەوەی خۆی گرێداو دوا راپۆرتی هەلسەنگاند ، لە بارەی وویلایەتی موسل ، لەو کۆبوونەوەیە رەشید بەگی نووێنەری تورکیا ووتی:–

تەنیا لە ئێرانو تورکیا کورد هەنو لە ئێراق کورد نیەو نژادیان جیاوازە

لەگەڵ نژادی تورکو عەرەبو فارس لەهەرێمە جیاجیاکان -...!. کەچی کورد لەو کاتە لەپارێزگای موسل ٨٥٪ دانیشتووانی بوون ، سەرەرای ماوەنەدان بەجێنشین بوونی کورد لەسەر خاکی دێرینی لە کوردستان بەر لە تورکو عەرەب بەسەدا ساڵ لە کێشووەرەکەدا .

١٩٢٥/٧/١٦ لە مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق بۆ یەکەم جار ئەنجوومەنی نووێنەرانی ئێراق - المجلس النیابی- کۆبۆوە لە وولاتەکەدا .

١٩٢٥/٧/١٧ مۆرکردنی رێکەووتننامەی قەدەخە کردنی بەکارهێنانی چەکی ژەهراوی دژی مرۆڤ ، کە/ ١١٣ وولات بروایان پێدراو لەلایەن دەوڵەتە هاوبەشە رێکەووتووەکاندا ، کە دەووڵەتە زلهێزەکانیشی تیا بوو مۆرکرا ، ئەمەش دوای ئەوەی کە ترسناکی ئەم چەشنە چەکانە لە کاتی بەکارهێنانیدا لە شەری یەکەم دەرکەووت ، کە کاتێك ئەڵمانەکان لەدژی فەرەنسیەکان ئەو جۆرە چەکەیان بەکارهێنابوو لەئاکامدا قوربانییەکانی گەیشتە -١٠٠- هەزار کوژراو -١- ملیۆن زامدار لە بەرەکانی شەردا .

١٩٢٥/٨/٢٣ بە هۆی بارودۆخی کوردستان کوونسلی بەریتانیا لە شاری- تەبریز- کە شارێکی ئەزەریە لە باکووری رۆژئاوای ئێران- نامەیەکی ئاراستەی بالوێزی بەریتانیا کرد لە تاران ، ئەویش بەدیاریکردنی داوای عەلی رەزا ، لە پێناو سەردانی بۆ بەریتانیا لە بارەی هەڵوویستی کورد بەرامبەر بە شۆرشی شێخ سەعیدی پیران لە باکووری کوردستانو کاردانەوەی لەسەر رۆژهەلاتی کوردستاندا .

١٩٢٥/٨/٢٧ دەست پێکردنی شالاوی دبلۆماسی لە لایەن حکوومەتی بەریتانیا دژ بە کارە نامرۆڤایەتیەکەی رژێمی تورك... کە ئەنجامی دابوو دژی ئاشووریو کلدانو کورد لە شاری موسلو دەووروبەری ئەویش بە دەرکردنیانو هێنانی نەتەوەی عەرەب بۆ جیگاکانیان.

شایانی باسە لە دوای داگیر کردنو بەعەرەبکردنی خاکی باشوورو رۆژئاوای کوردستان بە هۆی فتووحاتی ئیسلامیو دوای ئەویش ئیمپراتۆریەتی عوسمانی رۆڵی سەرەکیو بنەرەتیان هەبووە لەداگیرکردنو بەعەرەبکردن

لەباشووری کوردستان لەهەموو بوارەکاندا .

١٩٢٥/٩/٣ وەزیری موستەعمەراتی بەریتانیا لەوتارێکیدا بەرامبەر بەپەرلەمانی بەریتانیا ئاماژەی بەو بابەتە داوە ، کە سیستەمی کارگێری ئیستا یاریدەی پیادە کردنی راسپاردەکانی ئەو لیژنەیەی سنوور دەدات و حکومەتی ئێرائیش بەلێن دەدات ، کە ئەو کارانە جێبەجێ بکات کە لە راپۆرتەکە داهاتبوون . بەتایبەتی لەو شووێنانەی کە زۆربەیان کوردن لە هەرێمەکەدا .

١٩٢٥/٩/٥ رژێمی تورکیا لە شاری دیاربەکر ٥٢ شۆرشگێری کوردی لەسێدارە دا بە هۆی بەشداریکردنیان لە شۆرشەکانی شێخ سەعیدی پیران دژی رژێمی تورک لە باکووری کوردستان.

١٩٢٥/٩/٢٣ سکرتێری گشتی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان نامەیەکی ئاراستەی دادگای نێودەووڵەتی کرد ، ئەویش بە مەبەستی چارە سەری کێشەی کورد لە وویلایەتی مووسڵ ، لەناو دەسەڵاتی نوێی ئێراق ، کە تەواوی باشووری کوردستانی پێ لکێنراوە .

١٩٢٥/٩/٢٤ دەسەڵاتی ناوەندی شانشینی ئێراق ، هێزێکی لە ٢٥٠ چەکدار پێك هێنا لە ژێر سەرپەرشتی بەرێوەبەری گشتی پۆلیس ، لە پێناو دامرکاندنەوەی جمووجۆلی شۆرشگیرانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستاندا .

١٩٢٥/٩/٢٦ رژێمی تورکیا لە دوای دەستگیر کردنی هاورێو هاوکاری رابەری کورد شێخ سەعیدی پیران ، کەسایەتی ناوداری ئەرمەنی- یۆگۆس ماکار ئەسکەندەر- یان لە سێدارەدا.



١٩٢٥/٩/٢٧ لـــــه ســــێدارەدانی کەســــــــایەتی و سـەرکردەی کـورد شێخ عوبێدوڵای نەهری شێخ عەبـدولقادر شـەمدینای لــە گــەڵ یــەکێك لــە کورەکانی و کۆمەڵێك لە سـەرکردە کوردەکـان بـە بیــانووی ئــەوەی کــە پەیوەنــــدی لـــە گـــەڵ بزووتنـــــــــــەوەی رزگـــاریخوازی کـــورد هـــەبووە جێگــــەی باسکردنە کە شێخ عەبدولقادر شـەمزینی لە سـاڵی ١٨٥١ چاوی بـە جیهـان هلـهێناوە لـە باکووری کوردسـتان. ئـەم کەسـایەتیە لـە بنەماڵـەی عوبێـدوڵای نەهریـە، بەشـداری لـە جـەنگی نێـوان هـەردوو ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی و ڕووسیای قەیسەری کردووە.

هەروا یەکێك بووە لە پاڵ باوکی بەشداری لە شۆرشـی سـاڵی ١٨٨٠ کـردووە، دوای ئەوە ی کە وولاَت بەدەرکرا لـە لایـەن دەسـەلاَتی عوسمـانی و نیشتەجێ بوو لە وولاَتی ئێستای سعوودیەی عەرەبی لە سەر داوای سولتلنی عوسمـانی سولتان عەبدولحەمید لە شاری مەککەی سعوودی گـەراوە ئەسـتمبۆڵ، دوای گەرانەوە ی چووە ریزی کۆمەلـەی ئیتحـادو تـەرەقی بەشـێوویەکی نهێنـی کـە ئەمەش دوا کارەکانی بوو لە ژیانیدا.

دوای ئـەوەی کـە ئاشـکرابوو لــە کۆمەلەیـە کـار دەکـات دووبـارە سـولتانی عوسمانی سولتان عەبدولحەمید لە ئەسـتەمۆڵ دەری کـردوو چـووەوە وولاَتـی سعوودیە و لـە شـاری حیجاز نیشتەجێ بوو. دوای کودەتاکـەی سـاڵی ١٩٠٨ دووبـارە گەرایـەوە شـاری ئەسـتەمۆل و چـەند پلـەو پۆسـتی وەرگـرت لــە دەووڵـەتی عوسمـانی. لـە کارەکـانی بـەردەوام بـوو تـا لـە لایـەن دەسـەلاَتی

عوسمانی لە سێدارە دراو چووە ریزی نەمرانی کوردوکوردستان.
سەرچاوە:- گۆڤاری ژین /١٩٩٩ ل/٣٥ - ٦٥ .

١٩٢٥/٩/٢٩ ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان داخوازیەکی ئاراستەی دادگای نێوودەووڵەتی کرد لە بارەی وویلایەتی موسل و کێشەی کورد ناوچەکەدا .

١٩٢٥/٩/٣٠ ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان لیژنەیەکی لیکۆلینەوەی دامەزراند لەبارەی باری وویلایەتی موسڵ ، کە بەریتانیاو تورکیا کێشەیان لەسەری هەبوو، کە چی ناوچەیەکی باشووری کوردستان بوو لە کێشووەرەکەدا .

١٩٢٥/١٠/٦ کۆمەڵەی گەلان لە خوولی /٢٧ی ئاسایی خۆی و لە ئاکامی راپۆرتە هەمەلایەنی لیژنەکان بریاریدا ، کە وویلایەتی موسل بە دەووڵەتی ئێراقی دورستکراوی نوێ بلکێنرێ.... شایانی باسە دووژمنانی کورد لە هیچ کات و ساتێك دۆستی کورد نەبوونەو نابن گەر بەرژەوەندی خۆیانی تیا نەبێ لە هەموو بوارەکاندا .

١٩٢٥/١٠/١٦ ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان بریاریدا ، بەلکاندنی باشووری کوردستان بە رژێمی شانشینی ئێراق... لەهەمان کات کۆمەلەی گەلان بەپێی ئەو بریارەیدا ، کە حکوومەتێکی کوردی ناوخۆیی لە چوارچێووەی سنووری دورستکراوی ئێراق دابمەزرێت لە باشووری کوردستاندا .

١٩٢٥/١٠/١٧ ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان لە بریارێکیدا ، کە بەوەندە وازی هێنا کە داوا لە حکوومەتی بەریتانیا بکات بە دامەزراندنی ئیدارەی کوردی لە ناوچە کوردیەکان ، لەناو سنووری دورستکراوی ئێراق ، بەڵام ئەوانەی لەناو بەڵگە نامەکانیان هەبوو هەر هەمووی لەسەر لاپەرەکانی بەوشکی مانەتەوە لە کۆگاکاندا .

١٩٢٥/١٠/٢٥ رژێمی تورکیا یاسای جل وبەرگی راگەیاند ، ئەویش بە قەدەخەکردنی پۆشینی جل وبەرگی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی .
بە لە بەرکردنی جل وبەرگی ئەورووپی ، ئەم یاسایەش تایبەت بوو بە گەلی کوورد لە باکووری کوردستان .

١٩٢٥/١٠/٢٦ بلاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری - رۆزە ئەلیوسف - لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسر، کە بەرگەکەی بە وێنەی دەستی هونەرمەندی ئیتالی لیسیان کێشرابوو... هەروا وێنە کێشی ئەرمەنی - ساروخان - رۆڵی گرنگی هەبوو

لەوێنە جۆراوجۆرەكانی ناوەرۆكی گۆڤ رۆزا ئەلیوسف، كە تاكوو ئێستاش ئەو گۆڤارە لە بڵاوكردنەوەی بەردەوامە لە شارەكەدا.

١٩٢٥/١٢/١٣ رژێمی نوێی كۆماری توركیا بەسەركردایەتی مستەفا كەمال ئەتاتورك بریاری ژمارە /٦٧٧ ی دەركرد لە مادەی /١ ی بریارەكەدا هاتووە بەداخستنی هەموو تەكیەی ئایینی لەسەر خاكی دیاریكراوی نوێی رژێمی توركیا.
ئەو باڵەخانەو خانوو زەویانەی كە خاوەنداریەتی تایبەت و گشتی بوون گرتیەوە، لە گەڵ جێگەی پیاوانی ئایینی و دەروێشەكانیان .
كە ببووە جێگەی پەیوەندی پیاوانی ئایینی و ئایین پەرستی لەو وڵاتە دروستكراوەدا بەپێی پەیمانی لۆزانی ١٩٢٣/٧/٢٤ كە زیاترلە٢١٢ هەزار كیلۆمەتر چوارگۆشەی لە خاكی كوردستان پێووە لكێنراوە لە هەرێمەكەدا.

١٩٢٥/١١/١٥ لە دوای گفتووگۆی چڕی نێوان ئەندامانی كۆمەڵەی گەلان ، هێڵێكیان دەستنیشان كرد ، كە بە هێڵی برۆكسل ناوزەند كرا لەلایەن هەردوو حكوومەتی توركیاو بەریتانیاو هێڵەكەیان پەسەند كرد بەدانانی سنوور لە نێوان ئێراق و توركیا لەسەر خاكی باشوورو باكووری كوردستان لە ناوچەكەدا.

١٩٢٥/١١/٢١ ئەنجامدانی كۆبوونەوەی دادگای نێوودەووڵەتی ، كە یەكێك لە خاڵەكانی نامەی سكرتێری گشتی كۆمەڵەی گەلان بوو ، لەبارەی سیستەمی نوێی دەسەڵاتی تایبەت بە كورد لەباشووری كوردستان لە ویلایەتی موسل لە هەرێمەكەدا .

١٩٢٥/١١/٣٠ رژێمی توركیای نوێ بە سەركردایەتی مستەفا كەمال یاسایەكی راگەیاند بە قەدەخەكردنی رێنماییەكانی رێگەی سۆفیە ، كە بووە هۆی داخستنی دەرگای تەكیەكان و لە سێدارەدانی دەیان كەسایەتیئایینی لە شێخ و زانای ئایینی ئیسلام لە باكووری كوردستان.

١٩٢٥/١٢/٦ لێژنەی یەكلاكردنەوەی ویلایەتی مووسڵ ، ئاكامی لێكۆڵینەوەكەی بە بڕیارێك بۆ كۆمەڵەی گەلان بەرز كردەوە ، ئەویش سەبارەت بە كێشەی ویلایەتی مووسڵ بوو ، كە زۆربەی دانیشتووانی ئەو پارێزگایە كوردبوون لە هەرێمەكەدا . بە پێچەوانەی دانیشتووانە عەرەبەكان لە شارەكەدا .

١٩٢٥/١٢/١٢ سەرەك وەزیرانی ڕژێمی فارسی لە ئێران ڕەزا شا هەڵبژێردرا بە شای ئێران لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیران لە وولاتەکەدا .

١٩٢٥/١٢/١٢ بە گەیشتنی بنەماڵەی بەهلەوی بەگرتنە دەستی دەسەڵاتیان لە سەر ئێران و بە دامەزراندنی ڕەزا شا خان لەسەر ئێران ، ... کە هیچ سوودێکی نەبوو بۆ دانیشتووانە مەسیحیەکان بە کوردو ئەرمەن و ئاشووری ، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی داگیر کروای ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی فارس لە ئێراندا .

١٩٢٥/٢/١٣ یەکەم شەڕی چەکداری لە نێوان لایەنگرانی شێخ سەعیدی پیران و هێزەکانی سووپای ڕژێمی تورك دەستی پێکرد لە باکووری کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەڵاتی تورکیا ، کە ئەمەش بووە هۆی بەهێزبوون و بەرزبوونەوەی جووڵانەوەی ڕزگاری گەلی کوردستان لە بواری نەتەوەیی و نیشتیمانی ، هەر چەند کەسایەتیەکی ئاینی لایەنی باڵا دەستر بوو لە ناو جووڵانەوەی ڕزگاری کورد ، کە ئەمەش هۆکاری زوویی بوو بە لە ناوبردنی ئەم شۆڕشەدا لە باکووری کوردستان و شێووەو شێوازی دیکەش لە باشووری کوردستان .

١٩٢٥/١٢/١٦ لە دوای چەندین کۆبوونەوە دادگای کۆمەڵەی گەلان لە شاری لاهای پایتەختی هۆڵەندی ، بڕیاریدا بە لکاندنی وویلایەتی موسڵ بەحکوومەتی ئێراقی شانشینی نوێ ... سەرەڕای ئەوەی کە کۆماری نوێی تورکیا ، بە سەرکردایەتی کەمال ئەتاتورك ناڕەزایی خۆی بەرامبەر بەو بڕیارە دەربڕی و بە دەستگیر نەبوون پێی ،... بەڵام ئەوبڕیارە ئاوات و ئامانجەکانی بەریتانیای چەسپاند لەناوچەو هەرێم لەگەڵ گەورەترین دەستکەووت بۆ عەرەب لەسەرخاکی کوردستان بەتایبەتی لەرۆژئاواو باشووری کوردستان.

١٩٢٥/١٢/١٩ نووسەرو ڕووناکبیرو پرۆفیسۆری بە ناوبانگی بەریتانی- ئەرنولد فوینی- دەڵێ:- هەرچەندە مشت و مڕو وتوو وێژ قووڵ دەبوونەوە لە ناو کۆبوونەوەی کۆمەڵەی گەلان لەگەڵ دۆستە تورکەکان ، کێشەی کورد زیاتر قووڵ دەبووەوە لە سەر گفتووگۆیەکان لەم بوارەدا .ئەویش لە داهاتووی کورد لە کوردستاندا .

١٩٢٥/١٢/٢٦ لـە ئاکـامی شـەڕی یەکـەمی جیهـانی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی لەبـەر یـەك هەڵووەشـانەوە . لـە سـەر وویلایـەتی موسـل لـە نێـوان دەووڵـەتی تورکیـاو بەریتانیاو ئێراق – کە ئەو کات ئێراق لە ژێر ئینتدابی بەریتانیا بوو – کێشە پەیـدابوو، کـە ئەنجوومـەنی کۆمەڵـەی گـەلان بـەبریارێك ئـەو کێشـەیەی بـە قازانجی ئێراق یەکلا کردەووە.



خارطة قديمة لولايةالموصل موضحا فيها السناجق الثلاث

کە رژێمی نوێی تورکیا سەری نەهێنایە بەر ئەو بریارە... تا لـە ١٩٢٦/٦/٥ دا پەیماننامەیەك لە نێوان بـەریتانیاو ئێراق و تورکیا لـە ئەنکەرە مۆرکرا... کـە بـەپێی ئـەم پەیماننامەیە تورکیا لـە بەرامبـەر هەندێ بەرژەوەندی ئـابووری و رێـوو شـووێنی ئـەمنی دژ بـەکورد و خـاکی کوردسـتان دەسـتی لـە وویلایـەتی موسل هەلگرت کرد بۆ ئێراق.

هەروا مادەی/١٤ ی رێکەووتنامەکە تایبـەت بە رێژەی لـە ١٠٪ی مـافی ئیمتیـاز بـوو کـە بـە پێـی مـاددەی/١٠ ی ئیمتیازنامـەی ١٩٢٥/٣/١٤، کـە دەبووایـە کۆمپانیای نەوت بە دەووڵەتی تورکیای بدایە بۆ مـاوەی /٢٥ سـاڵ... کە ئەو

کات ئەو بەشە نەوتە بە نیوو ملیۆن پاوەندی ئیسترلینی مەزەندە دەکرا.
هەروا مادەی /١٠ی ڕێکەووتنامەکەش ماف بەهەردوو لایەنی ڕێکەووتنامەکە دەدا بۆ بەر پەرچدانەوەی هێرش و پەلاماری خێڵەکی کە ٧٥ کیلۆمەتر بێنە ناو خاکی یەکترەوە.
بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستیە کە پرۆفیسۆر – رۆبرت ئۆلسن – ی شارەزا لەبواری رامیاری ومێژووی رۆژهەڵاتی ناوەراست،پێیوایە کە تورکیا بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥ ئەو دەست هەلگرتنەی بۆ بەریتانیا کردو ئەو ڕێکەووتنامەیە سنووریەی مۆرکرد لە پێناو گەمارۆدان و دامرکاندنەوەی شۆڕشی کورد لە باکووری کوردستان.
سەرچاوە:- لازاریف – کێشەی کورد – ١٩٢٣- ١٩٢٥ – چاپی یەکەم –هولێر / ٢٠٠٧

١٩٢٦

١٩٢٦/١/٥ مۆرکردنی پەیمان لە نێوان هەر چوار دەڵەتەکانی ، بەریتانیاو فەرەنساو ئێراق و تورکیا ، لە ئەنجام رژێمی تورکیا ، دانی بەوەنا کە ویلایەتی مووسڵ بەشێك بێت لە سنووری دیاریکراوی ئێراق.
کە لەو کات ٨٠٪ دانیشتووانی پارێزگای موسل و دەوورووبەری کورد بوون ، بە تایبەتی لە پۆژئاواو باکوورو رۆژهەڵاتی پارێزگاو ناو شاری مووسڵیشدا .

١٩٢٦/١/٧ دامەزراندنی کۆمەڵەی زەردەشتی ، کە مەلبەندی سەرەکی لەشاری بەغدای پایتەختی ئێراق بوو ، لە هەمان کات لقی لە پارێزگای هەولێرو سلێمانی هەبوو لەباشووری کوردستان .
کە ئەم کۆمەڵەیە ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە بەرۆشنبیرکردنی بیری نەتەوایەتی لەهەرێمەکەو کوردستان.

١٩٢٦/١/٩ رۆژنامەی- بانگی کوردستان – مۆڵەتی لە لایەن وەزارەتی ناوخۆی ئێراق پێدرا ، بەخاوەن ئیمتیاز بۆ مامۆستا مستەفا پاشای یامولکی کە تەنیا دوو ژمارەی لیٚ بلاوکراوە.

١٩٢٦/١/١٣ باشووری کوردستانی لکێنراو بەشانشینی ئێراقی دورستکراو ئەویش بەپێی ڕێکەووتننامەی مۆرکراو لە نێوان بەریتانیاو ئێراق، دوای ئەوە بە پەسەند کردنی لەلایەن ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان لە شاری پاریسی

پایتەختی فەرەنسادا .

١٩٢٦/١/١٨ لـە دوای پەسـەند کردنـی هێلـی برۆکسل لـە لایـەن کۆمەڵـەی گـەلان بـە دیـار کردنی سنوور ، لەلایەن رژێمی تورکیا و مۆرکردنی پەیمانی نێوان تورکیاو بـەریتانیا ، ئـەویش بـە سـوودمەندی لـەو ئـاڵوو گـۆڕە گونجـاوەدا ، بـە دامرکاندنەوەی شۆرش لە باکووری کوردستان.

١٩٢٦/١/٢١ لەوکاتـەی کە سـەرەك وەزیرانـی ئێراق بەرامبـەر بە ئەنجوومـەنی نووێنـەرانی ئێراقی وەستاو گووتی:-

ئەو وولاتە زیندوو ئارام نابێت گەر هـەرتاکێك کۆمـەلانی گـەلی ئێراق نەگاتـە مـاف خۆی- ئـەویش بەدانی ماف کـورد بەگێرانی ئیدارەی خۆی لەهـەرێمی کوردستان و زمانی کوردی ببێتە زمانیفەرمی ئاخاوتن پێکردن و خووێنـدن- لە هەرێمەکەدا .

١٩٢٦/١/٢١ ئەنجوومـەنی نووێنـەرانی حکوومـەتی شانـشینی ئێـراق ، بـلاوی کـردەوە ، ئـەویش بەرەزامەنـدی کردنـی لـە سـەر بـوونی زمـانی کـوردی بەزمـانی فـەرمی لەپال زمانی عەرەبی لە ئێراقدا .

شـایانی باســە زمــانی کــوردی لەناوچـەکانی کوردســتانی ژێـر دەســەلاتی عوسمانی لە هەموو دامو دەزگاکانیدا بە زمـانی کـوردی دەنووسـرا بەشـێووە زاراوەکانی ئەوکات لە دەسەلاتەکەیاندا.

١٩٢٦/١/٢١ بلاوکردنـەوەی یەکـەم ژمـارەی رۆژنامـەی - ژیـن- لەلایـەن شـاعرو نووسـەری بـەناوبانگی کـورد پیرەمێـرد لەشـاری سـلێمانی لـە هـەرێمی باشـووری کوردستاندا.

١٩٢٦/٢/٢ داواکارییـەکانی پەرلـەمانتارانی کـورد لـە نـاو ئەنجوومـەنی نووێنـەرانی شانشینی لە ئێراق ، کە داواکەیان بەمۆری/ ٦ لـە پەرلـەمانتارانی کورد بوو . ئاراسـەی سـەرەك وەزیرانـی ئێـراق عەبدولمحسن کـرد ئـەویش بـە سـێ داوای مافی کورد لەهەرێمی باشووری کوردستان .

١- دەبـێ زمـانی کـوردی زمـانی فـەرمی بێـت لـەپاڵ زمـانی عـەرەبی لـە نـاو ئەنجوومەنی نووێنەرانی ئێراقدا .

٢- بەرپرسان لەپارێزگاکان کورد بن پێش هەموو شتێك .

٣- دەبێ یەکێك لە سێ جێگرەکەی سەرەك وەزیرانی ئێراق کورد بێ و لەهەمان کات دەبێ بەرپرسانی کورد لەدەسەڵاتی ناوەندی رژێمی شانشینی هەبێت ... لەدوای ئاراستە کردنی داواکە سەرەك وەزیرانی ئێراق بەڵێنی دا بە هەڵسگاندنی داواکەو جێ بەجێکردنی... بەڵام ...!.

١٩٢٦/٢/٢ کۆمەڵەی زانین لەلایەن شاعرو نووسەری ناوداری کورد پیرەمێرد لەشاری سلێمانی دامەزرا ، بەپێی بڕیاری وەزارەتی ناوخۆی ئێراق بەژمارە /٢٥٧١ لەو رۆژەدا.

١٩٢٦/٢/١٦ هەڵگیرسانی راپەرینەکانی جەماوەری باکووری کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەڵاتی رژێمی تورکیا ، بەهۆی باری نالەباری دانیشتووانی گەلی کورد لە ژێر هەڵوویستە شۆڤینیەکانی رژێمی تورکیا .

ئەویش بەئازارو ئەشکەنجەدان و بەردەوامی لە بەرتورککردنی خاك و گەل لە هەرێمەکەدا .

١٩٢٦/٢/١٦ کۆچی دوایی ئەفسەری پایە بەرزو زاناو ئەدیبی لێهاتووی کورد مامۆستا - ئەمین فەیزی بەگ - لە تەمەنی ٦٦ ساڵیدا.

شایانی باسە ئەم رووناکبیرە لە ساڵی ١٨٦٠ لە شاری سلێمانی لەهەرێمی باشووری کوردستان چاوی بەجیهانی خەبات هەڵهێناوە، سەرەتای خوێندنی لە حووجرە بوو لەلایەن مەلا ئاینیەکان.

دوای ئەوە خوێندنی سەرەتایی لەشاری سلێمانی تەواوکردووە و خوێندنی ناوەندیشی لە بەغدا تەواوکردووە... دوای ئەوە چۆتە شاری ئەستەمبوڵی تورکیا لە قوتابخانەی سەربازی وەرگیراوە، دوای ئەوە دەرچوونی پلەی ملازمی پێ بەخشراوە.

دوای ئەوە کراوە بە بەڕێوەبەری خوێندنگای سەربازی لە شاری بەغدا لە زانستەکانی فیزیاو بیرکاری... چەند کتێبێکی لەم دوو بوارەدا داناوە.

دوای ئەوە چەندین پلەو پایەی وەرگرتووە لە بەغداو لەشاری سلێمانی، لە ساڵی ١٩١٤ مامۆستا ئەمین فەیزی بەگ خانەنشین کراوە... دوای ئەوە لە شارەکانی ئەستەمبوڵ و حەلەبی سووریا ژیاوەو بەردەوام بووە لەنووسین و رۆشنبیرکردنی گەلەکەی تاکوو کۆچی دوایی کردووە بە ماڵئاوایی کردن

لەگەل و نیشتیمان.

١٩٢٦/٢/٢٤ دامەزراندنی– کۆمەڵەی زانستی کوردان – ڕاگەیەندرا لە دوای پێدانی مۆڵەتی کارکردنیان لەباشووری کورستان لەشاری سلێمانی کە– فائق مەعروف، ڕەفیق حلمی، ڕەمزی فەتاح – سەرپەرشتیان دەکرد لە شاری سلیمانی لە هەرێمەکەدا.

١٩٢٦/٢/٢٤ بە پێی فەرمانی وەزارەتی ناوخۆی ڕژێمی شانشینی ئێراق بە نووسراوی ژمارە ٢٥٧١ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە دامەزرا ، کە دەستەی دامەزرێنەری بریتیبوون لە – جەمال بابان ، ئەحمەد بەگ توفیق، شێخ مستەفا پاشا، غەفور ئاغا، ڕەمزی قەزاز، پیرەمێرد لە شاری سلێمانی لەباشووری کوردستان.

١٩٢٦/٣/٢ ڕاپۆرتی حکوومەتی بەریتانیا لە کۆمەڵەی گەندا هاتووە کە کورد ١٧٪. لە دانیشتووان پێك دێنن... هەروا ٤٢٪. لە پۆلیس ١٤٪. لە سووپا , ٢٣٪ لە کرێکارانی کارکەر لەهێڵی ئاسنین.
هەروا کورد لە ئەنجوومەن ١٤ نووێنەر لە کۆی ٨٨ نووێنەر... هەروا لەڕاپۆرتەکەیدا هاتبوو، کە کورد زۆربەن لە ئیدارەی ناوخۆیی لە ناوچە کوردیەکان وەك پارێزگاکانی موسل و کەرکوك و دیالە ، ئەمەش لەدوای لکاندنی هەرێمی باشووری کوردستان.

سەرچاوە :لازاریف – المسأله الکردیه ١٩٢٣ – ١٩٤٥ چاپی یەکەم /هەولێر.

١٩٢٦/٣/٢٢ بەریتانیا دەسەڵاتی ئینتیـــدابی خـــۆی لەســـەر شانـــشینی ئــــوردن هــــەلگرت بـــەهۆی لایـــەنگیری کردنـــــی ئـــــەمیر عەبـــــــــــدوڵلا ، حکوومــــــــــەتی بـــەریتانیا مـــەزن و بــــــووە هـــــۆی



راگەیاندنی سەربەخۆیی وولاتی ئوردن بە ناوی رژێمی شانشینی و ئەمیر عەبدوللا بووە شانشینی ئوردون ، کە لە بنەماڵەی هاشمی و لەدایکبووی وولاتی سعوودیە بووە لە ناوچەی دوورگەی عەرەبیدا .

کە ناوی پایتەختەکەی – عەمان – ە و ژمارەی دانیشتووانەکەی ،٥٠٠,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ڕووبەری خاکی وولاتەکەی ٨٩,٢١٠ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ،٥,٨٥٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ،٢١٥ کەس لە مبل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، عەرەب ٩٠٪ . هەروا ئاشووری و کلدانی و درووزی و کورد ١٠٪ . لە وولاتەکەدا .

١٩٢٦/٤/٢ وەزارەتی ناوخۆی رژێمی ئێراق ، مۆڵەتی دامەزراندنی کۆمەڵەی زانستی دا ، ئەندامانی دامەزرێنەر کە لە – رەفیق ئەفەندی/ پارێزەر– رەمزی ئەفەندی/ بازرگان– فائق بەگ /مەلاک– مەعروف بەگ/ لەسلێمانی– ئەویش بە هەڵبژاردنی دەستەی کارگێری لەنێوان فەرانبەران ، کە لە ئەحمەد بەگ پارێزگای سلێمانی بەسەرۆک/ جەمال بابان / دادوەر بەجێگری سەرۆک– رەفیف بەگ / پارێز بەسکرتێر– فائق بەگ/ مەلاک بەژمێریار– پێکهاتبوو لەگەڵ سێ ئەندامانی دیکە کە ئەوانیش شێخ مستەفا قەرەداغی و عزەت بەگ و عوسمان پاشاو حمە عەبدولرحمان ئاغا بوون .

ئـەویش لـە پێنـاو بڵاوكردنـەوەی زاسـتـی و زانیین لـە باشـووری كوردسـتان لـەرێگای رۆژنامـەكان بـەوەرگێران و دانـانی كتێـب و ئامادەكراوەكـان... دوای ئـــەوە لـــە ١٩٣٠/٧/٢٨ لقـــی كۆمەڵـــەی زانـــستی لـــەپارێزگای ســـلێمانی بەسەرپەرشـتی حەپـسە خـانی نـەقیب كرایـەوە كـە دەكاتـە خێزانـی شـێخ قادرحەفید.لە هەرێمەكەدا .

١٩٢٦/٤/٤ رژێمـی توركیا كۆمـەڵێك یاسـای دژ بـە ئیـسلام بڵاوكـردەوە بـە قەدەخـەكردنی چـەندین كـاری ئاینی... ئـەویش كـۆپی كـردن بـوو لـە سەرشـێووەی یاسـای فەرەنسیوسویسری و جێگە گرتنەوەی لە یاساكانی ئاینی لە توركیا.

١٩٢٦/٤/٢١ شانـشینی بـەریتانیا – ئـەلیزابێتی دووەم – لـە شـاری لەنـدەنی پایتـەختی بـەریتانیا ، كـە كـچی شانـشین جـۆرجی شەشـەم بـووە ، لـە بنـە ماڵەیـەكی نـاوداری جیهـانی چـاوی بـە جیهـان هـەڵهێناوە لـە وولاتەكـەدا و نـاوی – ئەلـسەندەر ماریـابووە ، لـە بنەماڵەیـەكی پاشـایەتی و بـەناوی – لیلـیین– ناوزەند بووە.

شایانی باسـە لـە تەمـەنی ٢١ساڵیدا لەساڵی ١٩٤٧ مێـردی بـە فلیپـی میری یۆنـانی و دانیمـارك كـرد– لەسـاڵی ١٩٥٣ لەئاهـەنگێكی ڕەسمیـدا تـاجی پاشـایەتی لەسـەركرا.هـەروا لـە ١٩٤٧/١/٢٠پلـەی دۆقئەنـدێرەی پێـدراوە ، هـەروا ئـەمیر فلیـپ لـە دوای كـۆچی دوایـی بـاوكی جیگـەی گرتـەوە لـە سـەر دەسەڵاتی شانشینی لە ١٩٥٢/٢/٦ لە سەر بەریتانیادا .

١٩٢٦/٤/٢١ بۆ یەكەم جار لە مێژی پارێزگای سلێمانی كچانی كورد روویان لە قوتابخانە كرد ، شان بەشانی كورانی كورد لە خووێندن لە باشووری كوردستاندا .

١٩٢٦/٤/٢٢ مـۆركردنی رێكەووتنامـە بـە گۆڕینـەوەی زانیـاری و هاوكـاری و هەماهـەنگی لـەنێوان رژێمـەكانی ئێـران و توركیا وئەفگانـستان ، ئـەویش لـە پێنـاو گـەمارۆ دانـی بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی كـورد بەتایبـەتی لەڕۆژهـەڵات و بـاكووری كوردستان.

١٩٢٦/٤/٢٢ مـۆركردنی رێكەووتننامـەی دۆسـتایەتی و هاوكـاری لـە نێـوان رژێمـی شـای ئێران و توركیا بـە یارمـەتی باڵوێزی بـەریتانیا – سـیرپرێس لـوزن– لـە ئێـران بەرامبەر بە دژایەتی كردنی جمووجۆڵی لایەنگرانی سەركردەی كورد سمكۆی

شکاك له ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

١٩٢٦/٤/٢٥ کۆمەڵەی دامەزرێنەر له کۆبوونەوەی خۆیدا ڕەزا بەهلەوی کردە شاهەنشای ئێران بەلابردنی ئەحمەد شاقاجاری ، بەم جۆرە ڕۆڵی ئەو بنەماڵەیە لە دەسەڵاتی ئێران کۆتایی پێ هات و هەموو دەسەلاتی ئێران کەتە ژێردەستی ڕەزا بەهلەوی بەهاتنی بنەماڵەی بەهلەوی بۆسەر وولاتانی فارس له ئێران.

١٩٢٦/٥/٢٥ بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری – زاری کرمانجی – لە شارۆچکەی ڕواندزی سەر بە پارێزگای هەولێر لە باشووری کوردستان ، لە لایەن مێژوونووس و نووسەرو ڕووناکبیری ناوداری کورد – حوسێن حوزنی موکریانی – بە خاوەنی ئیمتیازو سەر نووسەری گۆڤارەکە – عەبدولەحمان گیۆموکریانی – لە شاری ڕواندز له هەرێمەکەدا .

جێگەی باسکردنە کە گۆڤاری زاری کرمانجی ٢٤بیست و چوار ژمارەی لێدەرکرا بە دەستی خوێنەران گەیاندراوە .

کە خۆی خاوەنی چاپخانەکەو بە چاپگەیاندنی ئەنجام دەدا لە پێناو خزمەتکردنی گەل و نیشتیمانەکەیدا.

١٩٢٦/٥/٣٠ ڕژێمی تورکیا بەرامبەردیاریکردنی سنووری وولاتەکەی لە سەر خاکی باکووری کوردستان خستنیە ناو دەووڵەتەکەی هەلسا بە ڕاگەیاندنی ڕژێمی زانستی – علمانی– دژ بە ئیسلام لەپێناو ڕازی کردنی وولاتانی ڕۆژئاوای یارمەتی دەری لە جیهاندا .

١٩٢٦/٦/١ لە دایك بوونی هونەرمەندی سینەمایی ناوداری ڕووسی و جیهانی خاتوو- مارلین مۆرنۆ- لەپارێزگای مۆسکۆی پایتەختی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو ، شایانی باسە کە مارلین لەژیانیدا دووجار مێردی کردووەو هەردوو جار لەمێردەکانی جیا بۆتەوە بە هۆی بوونی کێشە لە نێوانیندا .

١٩٢٦/٦/٥ مۆرکردنی ڕێکەووتننامە لە نێوان ڕژێمی شانشینی ئێراق و حکوومەتی بەریتانیا ، دژی کوردو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەهەرێمی باشووری کوردستان کە لە ١٦ برگەی لەمەر سنوورو کۆنترۆڵکردنی کوردەکان پێك هاتبوولە وولاتەکەدا.

١٩٢٦/٦/٦ بە پێی ڕێکەووتننامەی نێوان ڕژێمی شانشینی ئێراق و حکەمەتی بەریتانیا هێلی بە ناوبانگی برۆکسل بووە سنووری نێوان ئێراق و ڕژێمی تورکیا و بە سنووری فەرمی دانی پێدانرا لەلایەن ئەنجوومەنی کۆمەلەی گەلان لە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا .

١٩٢٦/٦/٧ گرێدانی یەکەم کۆنگرەی ئیسلامی لە شاری مەککەی وولاتی سعوودیە ، ئەویش بە ئامادەبوونی نووێنەری هەموو وولاتانی عەرەب ، جگە لە ئێران و ئێراق ، کەنووێنەری ئیسلامەکانی سۆڤیەتی بەشداریان تێدا کرد... کۆنگرەکە لەلایەن حافز وهبە بەوتارێك کرایەوە بەنووێنەرایەتی کردنی بنەماڵەی ئال سعوود لە وولاتەکەدا.

١٩٢٦/٧/٨ بەپێێ ڕێکەووتننامەی مۆرکراوی نێوان ڕژێمی ئێراق و ڕژێمی تورکیا بەرازی بوونی تورکیا ، کە بەریتانیا لەسەر وویلایەتی موسل دەبێ لە١٠٪ لە بەشی کۆمپانیای نەوتی تورکیا وەرگرێت بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ ، ئەو چاوگە نەوتیانە لە خاکی باشووری کوردستان .

١٩٢٦/٧/١٨ لە دوای بە ئەنجام گەیاندنی ئاواتەکان بە ڕاگەیاندنی هێلی برۆکسل بە دیاریکردنی سنوور لە نێوان هەردوو دەوولەتی ئێراق و تورکیای دورستکراو لەسەر خاکی گەلی کوردستان... کە بووە هۆی لە گۆڕانی پەیمانی سیڤەرو هەروا کۆنگرەی قاهرەی پایتەختی میسردا.

ئەویش بە پێکهێنانی هەردوو دەوولەت بەپشتگیری بەریتانیاو ئەمەریکا و فەرەنساو ڕووسیا بە بەداگیرکردنی خاکی کوردستانلە ناوچەکەدا ... کە بووە هۆکارێکی گەوورە لە بەهێز بوونی جێ پێگەی وولاتانی هاوپەیمان لە

کیشووەری ئاسیای ناوەراستو بچووک لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا .

١٩٢٦/٩/٤ لە دوای هەولّ و کۆششیکی زۆر ئەویش بە دەست پێکردنی گفتووگۆ لە نێوان شێخ مەحمودی حەفیدو بەرپرسانی بەریتانیا لە ئێراق لەشارۆچکەی خورمال لە باشووری کوردستان ، کە زیاتر لە سێ کاتژمێری خایاندو بووە هۆی نیمچە ئارامی لە ناوچەکەدا.

١٩٢٦/١٠/١٢ بلاّو کردنەوەی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی کەرکوك لە پارێزگای کەرکوك لە باشووری کوردستان ، ئەویش بە زمانی کوردیو عەرەبیو تورکی لەلایەن شارەوانی کەرکوك لە هەرێمەکەدا .

١٩٢٦/١٠/١٥ نووسەرو رووناکبیری ناوداری جیهانی- میشیل فۆکۆ- لە شارۆچکەی -یوانیە- ی فەرەنسا لەدایك بووە.

١٩٢٦/١٠/١٨ مەندووبی سامی بەریتانیا لە ئێراق پێشنیارێکی ئاراستەی شانشین فەیسەل کرد ، ئەویش بە داەزراندنی کۆمەڵەی جۆراو جۆر لەشاری بەغدا ، لەپێناو بووژانەوەی یەکیەتی لە نێوان کوردو عەرەبو نەتەوەکانی دیکەی ئێراقی نوێ...؟...

السر هنري دوبس المندوب السامي

١٩٢٦/١٠/١٨ نووێنەری بالاّی بەریتانیا- سێر هنری دۆبس- نامەیەکی نهێنی ئاراستەی شانشینی ئێراق کرد.. . کە لە هەر لاپەرەیەك لە نامەکەید بە زمانی عەرەبیو ئینگلیزی نووسرابوو؛ چەندین پێشنیاری تیا دیاریکرد بوو لە پێناو پتەوکردنی برایەتی کوردو عەرەب ، چونکە شانشین دەیتوانێ ئەو کارە ئەنجام بداتو کێشەو گرفتەکان چارە بکات هەر وەك چۆن شانشین فکتۆریا ئەنجامیدا ... کە بووە فاکتەری سەرەکی پتەو کردنی بناخەی یەکیەتی نێوان گەلی ئینگلیزو سکۆچی لە بەریتانیای مەزندا .

١٩٢٦/١٠/٢٢ مــۆرکردنی ڕێکەووتننامــەی هاوکــاری ئـابووری و بازرگــانی و ســەربازی و یارمــەتی دۆســتایەتی لـە نێــوان ڕژێمــی ئێــران و ڕژێمــی تورکیــا لــە تــارانی پایتەختی فارس .
لە پێناو سەرکووت کردنی جموو جۆلەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەتایبەتی لە ڕۆژهەلات و باکووری کوردستان...؟؟؟.

١٩٢٦/١٠/٣٠ هەوڵدان لـە پێنـاو ڕاکێشانی زاناکانی مەزهـەب شیعەی ئیسلام و هاوکـاری کردنـی وولاتــانی ئیــسلامی و ڕووســیای ســۆڤیەتی، بـەم بۆنـە لـە تـارانی پایتەختی وولاتی فارس ، کۆمەڵەیەك پێك هێنرا بەناوی – یەکێتی زاناکان – لە سـەر داوای شێخ عەبدولکەریم ئەلیەزیدی لـە شاری قووم لـە ئێران ، ئـەو کۆمەڵەئــەش لقــی هــەبووە لــە شــارەکانی تــەبرێزو خوراســان و قــووم و پەیووەنـدی لەگـەڵ زاناکـانی شـاری نەجـەف و کەربـەلا و گەرەکـە کازمیـە لەشاری بەغدا لە ئێراق بەست و هەروا پەیووەندی هەبووە لەگەڵ کۆمەڵەی – بیت النهرین .
شایانی باسە پرۆگرامی ئەم کۆمەڵەیە لە ڕۆژی ١١/٧ی هـەمان سـاڵ گەیـشتە گـەڕەکی کازمیـە لـە شـاری بەغدا و درا بـە دەسـت شێخ جـەواد جـەواهری ، هــەروا لــە ڕۆژی ١٩٢١/١١/١٣ گەیــشتە دەســت محەمــەد باقرئەلحــەکیم لــە شارەکەدا .
ئەویش لەپێناو پەیووەنـدی کردنـی بەهێز لەنێوو زاناکـانی ئێـراق و ئێـران ، بەدامەزراندنی کۆمەڵەی ئاینی بە بووژاندنـەوەی ئـاینی ئیسلام و باشـکردنی پەیووەندی لەگـەڵ تورکیا و ڕووسیای بەلشەفی ...شایانی ئامـاژە پێکردنـە کـە بەلاشیفەکان ڕۆڵـی سـەرەکیان هـەبووە لـە دامـەزرانـدنی ئـەم کۆمەڵەیـە لـە وولاتەکەدا .
هـەروا لـەو کاتـدا سـەرۆکی پـارتی نیـشتیمانی ئێـراق جەعفـەر ئـەبوو تمـەن پـشتگیری خــۆی بــۆ کۆمەڵەکــە دەربــڕی ... هــەروا لــەو کاتــەی کــە – ج.س.ئاگـابیکۆف – لــە نێــوان ســاڵەکانی ١٩١٨ – ١٩٢٩ ســەرۆکی بەشــی ڕۆژهەلات بوو لە کارگێڕی ڕامیاری دەووڵـەتی یـەکێتی سـۆڤیەت لـە وەزارەتـی دەرەوە ، کــە لــە ســاڵی ١٩٣٠ بابـەتێکی بلاوکـردەوە بـە دڵخۆشـکەری ئـەو یەکێتی زانانیانەی کە لە وولاتانی دراوسـێ و گـرنگ پێـك هـاتووە لـە ناوچـەو کێشووەرەکەدا ._



دیاریکردنی جێنزرگەی شۆڕش و سەرهەڵدانەکانی کوردستان

لە ١٩٢٥-١٩٣٧

١٩٢٧

١٩٢٧/١/١٥ بەرپابوونی راپەرینی ئاگری داخ لە باکووری کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسـەڵاتی ڕژێمـی تورکیـا ، لەلایـەن چـەکدارە شۆرشـگێرەکانی کـورد لەناوچەکەدا .

١٩٢٧/١/١٩ بە هۆی بارینی باران و بەفرێکی زۆر لە یەکیەتی سۆڤیەت بە تایبەتی لە شاری مۆسکۆو دەوورووبەری ، کە بووە هۆی وەستانی کارکردن لەدام و دەزگاکانی دەوڵەت بەگشتیو پچرانی پەیووەندی لە نێوان شارو شارۆچکەو بە کوشتنی بەدیان هاوولاتی کە پلەی ساردی گەیشتە زیاتر لە ٢٠پلەی ژێر سفری لە ساردیدا.

١٩٢٧/٢/١١ گرێدانی یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی – ڕایەڵەی دژ بە ئیمپریالیەت و داپلۆسینی ئیستیعمار ، لە پێناو سەربەخۆیی نیشتیمانی لە شاری بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا .

کە ئەم ڕایەڵە بووە هۆی گرێدانی پەیووەندی لە نێوان هندستان و چین و وولاتانی ئیسلام ، لە و وولاتانەو پاڵپشتی کردن لە جوولانەوەی نیشتیمانی لە جیهاندا.

١٩٢٧/٣/١٠ گرێدانی کۆنگرەی ڕایەڵەی وولاتانی جیهان لە شاری برۆکسل ، کە ١٧٥ نووێنـەر و ١٣٤ ڕێکخـراو ٣٧ وولات لـە ئاسـیاو ئەفریکیا و ئـەورو پا و ئەمەریکا بەشداریان تێدا کرد .

بەڵام لە وولاتانی عەرەبی تەنیا میسرو سووریا و فەلەستین بەشداریان تێدا نەکرد ... لەو کۆنگرەیە هەوڵی دامەزراندنی – سکرتاریەتی وولاتانی عەرەبی – لەو ڕایەڵەیە درا و لەلایەکی دیکە ئەنجوومەنی کۆمۆنترێن ، کە ئەنجوومەنێکی پارتە کۆمەنیستەکانی جیهان بوو.

هەوڵی پەیووەندی کردنی بوو لەگەڵ جوولانەوەی نیشتیمانی عەرەبی لە کێشووەری ئاسیادا .

١٩٢٧/٣/٣١ بەرپابوونی شەڕلە نێوان کوردو تورک لە باکووری کوردستان لە ناوچەی دەربەندی بەتلیس ، لە ئەنجام چەکدارە کوردەکان سەرکەووتنیان بەدەست

هێنا بەسەر هێزەکانی سووپای تورك لە هەرێمەکەدا .



١٩٢٧/٤/١٨ لە دایك بوونی نووسەرو رووناکبیرو پرۆفیسۆری ناوداری ئەمەریکی و جیهانی – ساموئیل فیلیپ هانتینگتۆن – لە شاری نیورۆك لە ئەمەریکا.

ناسراو بە ساموئیل هانتکتۆن، ئەم کەسایەتیە خووێندنی لە زانکۆی بەناوبانگی بەیلْ yale university uni- uni- بە پلەی نایاب تەواو کردووە.دوای ئەوە لە ریزەکانی سووپای ئەمەریکا خزمەتی سەربازی کردووە. دوای ئەوە بروانامەی ماستەری لە زانکۆی شیکاگۆ بە دەست هێناوە و هەروا بروا نامەی دکتۆرای لە زانکۆی هارڤارد بە دەست هێناوە لە وولاتەکەیدا.

ئەم رووناکبیرە لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا دەستی بە وانە ووتنەوە کردووە لە زانکۆی هارڤارد، بە گوێرەی ئەم بەیاننامەیەی کە زانکۆی هارڤارد، ساموئێل لە ٢٤/ ٢٠٠٨/١٢ ماڵئاوایی لە وولاتەکەو جیهان دەکات.

جێگەی باسکردنە کە ئەم کەسایەتیە لە ماوەی ژیانیدا زیاتر لە ١٧ کتێبی بە تەنیا و بە هاوبەش نووسیووە. هەروا زیاتر لە ٩٠ ووتاری زانستی دەربارەی رامیاریەتی ئەمەریکا بلاوکردۆتەوە لە گەڵ بابەتی هەمە جۆر لە سەر دیموکراسی و رامیاری و سەربازی و ستراتیژی و گەشە پێدان لە جیهاندا بلاو کردۆتەوە. دوای ئەوە ٥٨ ساڵ لە زانکۆی هارڤارد خزمەتی زانستی کردووە لە هەموو بوارەکانیدا.

هەروا پێکدادانی شارستانیەکان، دیارترین بەرهەمی سامۆئیل هانتینگتۆن بووە و درەوشاوەترین زانای زانستی رامیاری بووە. پرۆفیسۆر هانتینگتۆن لـــە نێـــوان ســـاڵەکانی ١٩٢٧ – ٢٠٠٨ دا، زۆر لـــە بیرۆکـــە وتێـــزو پێشبینیەکانیشی بوونەتە راستی، ئەم رووناکبیرە ئاماژەی بەوە داوە کە مرۆڤ خاوەنی کەلتوورو دیدگەی جیاوازن لە بارەی مرۆڤ و کۆمەڵگەدا، هاوولاتی و دەوڵەت، هەروا تێگەیشتنە رێژەییەکان بۆ مان و ئەرك، ئازادی و دەسەلات، یەکسانی و نایەکسانیدا.

ئەم کەسایەتیە توانیوویەتی ئەم بەرهەمانە بێنێتە دی ئەویش:-

دەوڵەت و سەربازان، تیئۆرو رامیاریەت و پەیوەندی مەدەنی سەربازی... ٢- سیستەمی رامیاری لە کۆمەڵگای گۆراودا – لە ساڵی ١٩٦٨... ٣- قەیرانی دیموکراتیەت، دەربارەی توانای حووکم بۆ دیموکراسیەتەکان. لە ساڵی ١٩٧٦... ٤- شەپۆلی سێیەم :- بۆ دیموکراسی کردن لە کۆتایی سەدەی بیستەم. لە ساڵی ١٩٩١... ٥-پێکدادانی شارستانیتەکان لە ساڵی ١٩٩٦... ٦- ئێمە کێین. ٢٠٠٤.

١٩٢٧/٤/١٩ بە هۆی بوونی سلێمانی بە پارێزگاو ئەحمەد عوسمان کە لەدایك بووی شاری هەولێر بوو بووە پارێزگاری پارێزگای سلێمانی لەهەرێمی باشووری کوردستان.

١٩٢٧/٤/٢٠ داگیر کردنی شارۆچکەی پێنجوینو دەوورووبەری لەلایەن هێزەکانی سووپای بەریتانیا بە هۆی راپەرینی جەماوەری شارەکەو کاردانەوەی لەسەر ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستان.

١٩٢٧/٤/٢٨ سەرەك وەزیرانی رژێمی شانشینی لە ئێراق ، سەردانی پاریزگای سلێمانی لە باشووری کوردستان کردو لەگەڵ شێخ مەحمودی حەفید بیروو بۆچونیان لەبارەی کێشەی کورد ئالۆگۆر کرد ، داوای لەشێخ کرد کە سەردانی شاری بەغدا بکات لەپێناو گفتووگۆ کردن لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی شانشینی لە ئێراق.

١٩٢٧/٧/٤ لە پێناو دۆزینەوەی رێگە چارە سەر کردنی مافەکانی کورد لە باشووری کوردستـــان و لـــە ســـەر داوای حکوومـــەتی ئێـــراق شـــێخ مـــەحمودی حەفیـــد

بـەیاوەری بابـا عـەلی کـوری سـەردانی شـاری بەغـدایان کـردو بـووە هـۆی دلخۆشی جەماوەری ناوچەکە.

١٩٢٧/٧/١٠ دامەزراندنی کۆمەڵەی پشتیووان لەلایـەن مستەفا شـەوقی لەشـاری سلێمانی لە باشووری کوردستان.

١٩٢٧/٧/١٠ ئەحمـەد خواجـە لـە بەشـی سـێیەمی یاداشـتەکەیدا دەڵـێ :- بریـاردرا کـە لـە شـاری بەغـدای پایتـەختی ئێـراق کۆمەڵەیـەکی رامیـاری بـە نهـێنیێ دابمـەزرێت... بـۆ ئـەو مەبەسـتەش کۆبوونەوەیـەك لەماڵەکـەی گرێـدراو کۆمەڵەکە بەناوی - کۆمەڵـەی پشتیووانی کـوردان - دامـەزراو سـەرۆکی ئـەو کۆمەڵەش مامۆستا - مستەفا شـەوقی - بـوو... بـەڵام مامۆسـتا عەبدولرەزاق حەسـەن لـە - مێـژووی پارتـە رامیاریـە عەرەبیەکانیـدا نـاوی ئـەو کۆمەڵەیـەی هێناوەو دەڵێ :-

ئەو کۆمەڵەیە لە ١٩٢٧/٧/١٥ دامەزراوە.

ئـەو کۆمەڵەیـەش لـە پێنـاو پشـتگیری جووڵانـەوەی رزگـاری گـەلی کوردسـتان بوو... دوای ئەوەش ئەم کۆمەڵەیە لە ١٩٣٠/٧/٩ بەیاننامەیـەکی بڵاوکـردەوە کە تیایدا داوا لە ئەندامانی دەکات بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومـەنی نوێی پەرلەمان نەکەن، کـە دیـارترین ئەندامەکانیـشی بریتیبـوون لـە - مـولازم کامـل حەسـەن - مـولازم رەئـوف ئەفەنـدی - رەئیـسی یەکـەم محەمـەد عـەلی عەبدوللا - رەئیس ئەحمەد فەخری - رەئووف - بەشیر موشیر. واتە هـەردوو بۆ چووەنەکانی راست و دروستن.

چـونکە بەڵگـە بەریتانیـەکان لـە برگەیەکـدا ئامـاژە بـە پێکهێنانـەوەی کۆمـەڵی پشتیووانی کوردان دەکات... کەواتە ئـەو کۆمەڵەیـە لـە سـاڵی ١٩٢٧ دامـەزرا بۆ جاری دووەمی بووە لەلایەن کەسایەتیەکانی کورد لە کوردستان.

سەرچاوە:- لازاریڤ - کێشەی کورد - ١٩٢٣ - ١٩٤٥. چاپی یەکەم - هەولێر/ ٢٠٠٧

١٩٢٧/٧/١٤ سـەرەك وەزیرانی رژێمی شانشینی لە ئێراق جەعفەر عەسكەری .
لە پێناو گەمارۆ دانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد بریاریدا بە دامالینی دیاردەی چەك هەلگرتن لە هەموو ئێراق بە تایبەتی لە هەرێمی باشووری كوردستانی لكێنراو بە ئێراق ئەویش لە پێناو بەهێز كردنی جێپێگەی هێزی سەربازی لە هەرێمی باشووری كوردستان.

١٩٢٧/٧/١٩ بریاردانی یاسایەكی شۆڤێنیانەی رژێمی توركیا بەناوی یاسای ژمارە ١٠٩٧/ كە ئەو یاسایە ڕێگە بەداگیركەری توركیا دەدا بەگوواستنەوەی ١٤٠٠ خێزانی كورد لە باكووری كوردستان بۆ باكووری توركیا ئەویش بە مەبەستی بەتوركردن كردن و گۆرینی دیمۆگرافیای هەرێمەكە لە باكووری كوردستان.

١٩٢٧/٨/١٣ لەدایك بوونی سەرۆکی کووبا دکتۆر- فیدل کاسترۆ- کە لە ڕەچەلەکدا ئەسپانیەو لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی کشتووکاڵی چەوەندەری شەکر بووە،.

شایانی باسە کاسترۆ دەرچووی کۆلێژی یاسایەو دوای ئەوە دەستی کرد بە خوێندنی ئابووری زانستی رامیاری .

لە ساڵی ١٩٥٠ بەلگەنامەی دکتۆرای وەرگرتووەو هاوڕێی خەباتگێرو تێکۆشەری ناوداری جیهان دکتۆر گیڤارا بووە لە کێشووەرەکەدا.

١٩٢٧/١٠/١ لە دوای هەڵ و ماندوبوونێکی زۆر کۆمەلەی خۆیبوون بووە ڕێکخراوەیەکی راستەقینەی نووێنەرانی کوردو ئەرمەن لە کوردستان بە تایبەتی لە باکووری کوردستان.



دروشمی خۆیبوون

١٩٢٧/١٠/٥ یەکەم دانیشتنی کۆنگرەی نەتەوەیی لە نێوان کوردو ئەرمەن ئەنجامدرا لە ماڵی کەسایەتی ئەرمەنی لە هەرێمی باکووری کوردستان - رۆهان پاپا زیان- کە پێنج رۆژی خایاند بە ئاشت بوونەوە لە پێناو وەدی هێنان و بەرگری کردن لە

گەل و نیشتمانەکەیاندا .

هـەر لـە هـەمان کـات لـە هاوینـە هـەواری – بحمـدوون– ی کۆمـاری لوبنـان کۆمـەلێك رۆشـنبیرو رووناکبیری نـاودارو چـەند رێکخراوەیـەکی کـوردی ئـەوانیش – کۆمەلـەی پێـشکەووتنی کوردسـتان ، کۆمەلـەی کوردسـتان، کۆمەلـەی نەتـەوەیی کـورد ، کۆمەلـەی سـەربەخۆیی– کۆنگرەیـان گرێـدا بـە مەبەستی دامەزراندنی کۆمەلەی –خۆییبوون–و راگەیاندنی، کە کاردانەوەی کاریگـەرو گرنگـی هـەبوو لەشـەقامی کـوردی لـە لـە هـەموو هەرێمـەکانی کوردستان.

١٩٢٧/١٠/١٢ دامەزرانـدنی پـارتی گـەلی کۆمـاری کـە پـارتێکی چـەپی ناوەنـــدەو لەلایـــەن دامەزرێنـــەری کۆمـــاری تورکیـاو رژێمـی علمانیـەت مـستەفا کـەمال ئـەتاتورك راگەیەنـــدرا... لـــەکۆنگرەی یەکـەمی ئـەو پارتـە شـەش پرەنـسیپە بەناوبانگەکـەی – نەتەوایـەتی، کۆمـارخوازی، گـەل پەرسـتی، عەلمانیـەت، دەسـت پێـشخەری دەوڵـەت، شۆرشـگێری – خرایـە نێـوو پـەیرەوی نـاوخۆو پرۆگرامی پارتەکەو رەوتی ژیانی رامیاری تورکیا لە سەر ئاراستەکراوی ئەو شەش پرەنسیپە کەلە ساڵی ١٩٣٧ خرایە ناو دەستووری ... جێگەی ئاماژەپێکردنە کە تورکیا ... ئەمەنێك لە ئەزموونی ...ژاردن و

دەستاودەستەکردنی دەسەڵات تاکوو مانگی /٣/١٩٥٠... کە ئەم دەستوورەش تاکوو ئێستا کاری پێ دەکرێ و دامەزراوەی سەربازی و پۆستی سەرەك کۆمار خۆیان بە پارێزەری ئەو پرەنسیپانە دەزانن کە فەرمانداریەتی تورکیای کردوو دەرفەتی بە دامەزراندنی هیچ پارتێکی دیکەی رامیاری نەدا.

دوای مردنی کەمال ئەتاتورك و هاتنە سەرکاری عیسمەت ئینونوو وەکوو دووەم سەرۆك کۆماری تورکیا لە ساڵی ١٩٤٣ بە مەرسوومێکی فەرمی دەرفەتی دامەزراندنی پارتی رامیاری والآکردو سەرەتای ژیانی فرەیی رامیاری دەستی پێکردوو لەمانگی/١/١٩٤٦ دوای دەست لەکارکێشانەوەی لە پۆستی سەرۆك وەزیران جەلال بایارو عەدنان مەندریسی پارتی دیموکراتی یان دامەزراند کە بە دووەم پارتی دیموکراتی یان دامەزراند، کە بە دووەم پارتی رامیاری لە کۆماری تورکیا دەژمێردرێت و یەکەم پارتیش کە جلەوی فەرمانرەوایی بەدەنگدان لە پارتی گەلی کۆماری وەربگرێتەوەو یەك لایەنە ماوەی ٢٣ ساڵ فەرمانرەوایی تورکیای کرد.

لەگەل ئەو هەموو گۆرانکاریە یەك لەدوای یەکانە بەپێی قۆناخە یەك لە دوای یەکەکان کێشەی کورد رۆژ لە دوای رۆژ بەرەو ئاڵۆزتر لە ژێر دەسەڵاتی ئەو رژێمە نەژاد پەرستانە هەنگاوی دەنا لەهەموو بوارە جیاجیاکان. ئەمەو چەندین رووداوی دیکە لە ناوەرۆکی مێژوونامەکە بخووێننەوە...

سەرچاوە:- لازاریڤ - کێشەی کورد - ١٩٢٣ - ١٩٤٥. چاپی یەکەم -هەولێر/٢٠٠٧.

١٩٢٧/١٠/١٤ دۆزینەوەی یەکەم بیری نەوت لە بابە گورگوری پارێزگای کەرکوکی کوردستان لە باشووری کوردستان لەلایەن

ئینگلیزەکـان،... لـە هـەمان کـات لـە گونـدی سەربەشـاخی کەنـدیناوەی مەلبەندی عەشیرەتی سیان بیری نەوت دۆزرایەوە ، کە هەردوو بیرە نەوتی بابە گورگوڕو سەربەشاخ بەناوی بیری- نەمبەر وەن- بوو ، کە بووە هۆی زیـاتر چەوسـاندنەوەی کـوردو خـاکی کوردسـتان، بـەرەو زیـاتر لـە بەعەرەبکردن و داگیر کردنی باشووری کوردستان.

١٩٢٧/١٠/٢١ دووبـارە لـە هاوینـە هـەواری – بحمـدوون- لـە کۆمـاری ئێسـتای لوبنـان کـۆنگرەی ڕێکخـراوە کوردیـەکان دەسـتی پێکـرد ، کـە ئـەوانیش کۆمەڵـەی تەشـکیلاتی ئیجتمـاعی کـوردو ، کۆمیتـەی ئیسـتیقلال و کۆمەڵـەی کـوردو، کوردستان بەشداریان تێدا کرد ، بە پێك هێنانی کۆمەلەی خۆیبوون و بەهێز کردنـی کـە کۆمەڵـەی هـەموو کوردسـتان بـوو لـە هـەردوو بـواری نەتـەوەیی و نیشتیمانی لە کێشووەرەکەدا .



١٩٢٧/١٠/٢٨ هەڵگیرسـانی ڕاپـەرینی ئـاگری داخ لـــە هـــەرێمی بـــاکووری کوردســـتان بـــە ســـەرکردایەتی ژەنـــەرالی نـــاوداری نەتـــەوەیی کورد – ئیحسان نوری پاشا – کـــە ســـەرۆکی کۆمەڵـــەی خۆییبوون بوو لە کوردستان . لـە هـەمان کـات سـەربەخۆیی کوردسـتانی ڕاگەیانـد بـەپێی برگـەکانی پـەیمانی سـیڤەر لـە باکووری کوردستان.

١٩٢٧/١١/٢٥ کۆمەڵـەی گـەنجانی موسـڵمان لـە قـاهرەی پایتـەختی میـسر لەلایـەن عەبدولحەمیـد سـەعید پێکهـات ، ئـەویش لـەپێناو پـەروەردەکردن و بەرگریکردن لە باری کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری بەداب و نەریتی ئیسلامی... ئەو کۆمەلەیە لەماوەی تەمەنی توانی ٤٧ لقی هەبێ لە میسرو ، هەروا ١٨

لقی هەبێ لەووڵاتانی ئەفریکیاو ئاسیاو ، هەروا ٣ لقی لە هەموو ئەورووپاو یەك لقیش لە ئەمەریکا.

١٩٢٨

١٩٢٨/٢/٤ خستنە خوارەوەی دوو فرۆکەی جەنگی هێزەکانی سووپای تورك لە باکووری کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەڵاتی تورکیا لەلایەن شۆرشگێرانی راپەریووی کورد لە ناوچەی ئاگری لە هەرێمەکەدا .

١٩٢٨/٢/٢٨ مۆرکردنی رێکەووتننامەی – هافانا– لە پایتەختی کۆماری کووبا کە بەڵگەنامەیەکی ناوزەندە لە کۆنگرەی شەشەمی ئەندامانی رێکخراوی ووڵاتانی ئەمەریکا ، کە لەشاری هافانا گرێدرا ، کە هەموو ووڵاتانی ئەندام کەپێك هاتبوون لە ٢١ ووڵات مۆریان لە سەر بەلگەنامەی هافانای پایتەختی ووڵاتی کووبا کرد لە جیهاندا.



١٩٢٨/٣/٤ لە شاری نووسەرو شاعرو رووناکبیرانی نەتەوەیی و ئەدەب و هونەر شاری کۆیەی سەر بە پارێزگای هەولێر لە باشووری کوردستان مامۆستا – کەریم شارەزا – لە گەرەکی هاواران لە شارەکەدا چاوی بە جیهان هەلهێناوە ، کە برای شاعری گەوورەی چینایەتی و نەتەوەیی ئەحمەد دلزارە ـــ لە باشووری کوردستان.

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە مامۆستا کەریم شارەزا ناوی تەواوی –کەریم مستەفا محەمەد حەوێز– یە و ناسراو بووە بە کەریم شارەزا ، لە ساڵی

١٩٣٥ چووەتە بەر خوێندن لە قوتابخانەی سەرەتایی لە شاری کۆیە ، هەروا لە ساڵی ١٩٤٣ چووەتە قوتابخانەی ناوەندی . دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٤٦ روولە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق دەکات و لە خانەی مامۆستایانی سەرەتایی لە گەرەکی ئەعزەمیە وەردەگیریٚ و تا ساڵی ١٩٥٠ خوێندن تەواو دەکات .

لە دوای تەواو کردنی خوێندن لە ١٩٥٠/١٠/٩ بە مامۆستای قوتابخانەی یەکەمی سەرەتایی لە شارۆچکەی کۆیە دادەمەزرێت و وانەکانی کوردی و عەرەبی گووتۆتەوە ، لەو کاتەدا بە هۆی هەڵوێستی بوێرانەیدا لە ساڵی ١٩٦١ لە شارەکەی دوور خراوەتەوە بۆ پارێزگای ناسریە لە باشووری ئێراق ، دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٦٦ گەراوەتەوە شاری هەولێر لە هەرێمەکەدا.

ئەویش بە رێگە پێدانی و لە قەتابخانەی سەرەتایی قەزای مەخمور دانراوە ، لە ساڵی ١٩٦٨ گەراوەتەوە شاری هەولێر لە قوتابخانەی سەرەتایی نموونەیی دانراوە . لە دوای مۆرکردنی رێکەووتننامەی ١٩٧٠/٣/١١ دا ، کراوە یە بەرێوەبەری قوتابخانەی – کۆرەك – ی سەرەتایی کوران لە شاری هەولێر و بەردەوام بووە لە کاری مامۆستایەتی تا راپەرینی بەهاری/ ١٩٩١ ، دوای ئەوە کراوەتە وەرگێر لە ئەنجوومەنی وەزیران لە ساڵی ١٩٩٢ ، تا تەواو بوونی ئەم مێژوونامەیە لە کارەکەی بەردەوام بووە .

هەروا مامۆستا کەریم سارزا لە کارە رامیاریەکانی لە دوای ساڵی ١٩٤٦ پەیووندی بە پارتی دیموکراتی کورد کردووە تا ساڵی ١٩٤٨ . دوای ئەوە چووەتە رێزی پارتی رزگاری نیشتیمانی ئێراق ، کە ئەوکاتە باڵێکی نیمچە ئاشکرای پارتی کۆمۆنیست بوو ، دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٤٩ چووەتە رێزی پارتی کۆمۆنیستی ئێراق ، دوای ئەوە مامۆستا کەریم شارزا لە ساڵی ١٩٥١ وەك کەسایەتیەکی کورد پەروەر و نووسەر و شاعیر و رووناکبیر ، ئەویش بە راگرتنی هەڵوێستی بوێرانەی بەردەوام بووە لە کارو لە ژیاندا .

١٩٢٨/٣/٢٩ بەرپابوونی شەرێکی توونـد لە نێوان چەکدارە کوردەکان و هێزەکانی سووپای تورك ، لەناوچەی بایەزید لە باکووری کوردستان ، لە ئەنجام هێزەکانی سووپای تورك پاشەکشەیان پێکرا.

١٩٢٨/٣/٣١ پشکێنەری ئیدارەی پارێزگای موسڵ - میجەر ویلسن- چاوی کەووت بەشێخ ئەحمەد بارزانی لە گوندی بلێ لە ناوچەی بارزان لە باشووری کوردستان.

١٩٢٨/٥/١٧ پێشبرکێی پاڵەوانی جامی جیهانی- ئۆلەمپیات- لە نێوان یانە وەرزشیەکانی وولاتانی بەشدار بوو لە شاری ئیستردام - هۆلەندا ئەنجامدراو بەردەوام بوو تاکوو ٨/١٢ هەمان ساڵ.



١٩٢٨/٦/٢٠ کۆمەڵەی خۆییبوون ڕاگەیاندنی ژمارە /٧١ی بلاو کردەوە ، ئەویش بەداواکردن لە کوردەکانی دانیشستووی ئەمەریکا . لە پێناو خەبات کردن و هێنانەدی مافەکانی کوردو چارەسەری کێشە ڕەواکانی لەکورستان . بەتایبەتی لە باکووری کوردستان دژی داگیرکەری ڕژێمەکانی تورکیا و ، ئێران و ، ئێراق و ، سووریا ، کوردو کوردستان.



١٩٢٨/٦/٢٠ دۆزینەوەی ئەشکەووتی هەزار مێر لەلایەن خانمە شووێنەوارناسی ئەمەریکا - دوروسی گارود. ئەشکەووتی هەزار مێرد یەکێکە لەشووێنەوارە

هــەرە گرنگــە دێرینــەکانی کوردســتان و کەوتۆتــە نــاو ســنووری پارێزگــای سلێمانی لە باشووری کوردستان ,. هەروا ئەشکەوتی هــەزار مێرد کەوتۆتە سەر زنجیرە شاخی گلەزەردە. نزیکەی ١٨ کیلۆمـەتر لـە باشـووری رۆژئاوای شاری سلێمانیەوە دوورە... مێژووی دروستکردنی ئەشکەوتی هـەزار مێرد دەگەرێتەوە بۆ ٥٠٠٠٠ پەنجا هەزار ساڵ بۆ قۆناخی بەردینی کۆن.

لــەم ئەشــکەوتەدا چــەندەها کــەل و پــەل و ئـا مێــری لەبــەردو ئێــسک دروســتکراوی تێــدا دۆزراوەتــەوە. هەنــدێکیان لەلایــەن شــووێنەوار ناسـە بیانیەکانــەوە براونەتــە دەرەوەی کوردســـتان و هەندێکیــشیان ئێــستا لــە مۆزەخانەی شاری سلێمانی پارێزراوە. هـەروا پەیکـەری مرۆڤـی – نیانرتالی – تیادا دۆزراوەتەوە... کە یەکەم جۆری مرۆڤە لەسەر گۆی زەویدا.

سەرچاوە:– سـوود لـە ئینسایکلۆپیدیای گـشتی , یاسـین سـابیر – دەزگـای چـاپ و سـەردەم – سلێمانی /٢٠٠٥ ل/١١٢٠ وەرگیراوە.

١٩٢٨/٦/٢٣ کۆمــەڵێ" لــە رۆشــنبیران و ســەرەك تیرەکــانی کــورد لــەرۆژئاوای کوردســتانی لکێدراو بەدەووڵەتی سووریا سکالایەکیان ئاراستەی کۆمەڵـەی دامەزرێنـەری ئینتیــدابی فەرنــسی کــرد ، لــەبارەی کێــشەی چارەســەری مافــەکانی کــوردو خاکی رۆژئاوای کوردستان.

١٩٢٨/٧/٢٨ گرێــدانی یەکــەم کــۆنگرەی جوولانــەوەی ســەهیۆنیزمی جیهــانی لــە شــاری زیورخی سویسرا، ئەویش بە ئامادە بوونی نووێنەرانی جوولەکە لە هەموو وولاٌتە جیا جیلکانی جیهان کە گرنگترین بریاریان بوونی دەسەلاٌتیان لەسەر دیواری پرشنگدرای قوودس بوو لە فەلەستین.

١٩٢٨/٨/٢٦ لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نووێنـەرانی رژێمـی شانشینی لـە ئێـراق– عـەتا خەتیب– نووێنەری پارێزگای کووت باسـی موچەی مانگانەی سـەید تـەهای نــەهری قائمقــامی روانــدزی کــرد لــە باشــووری کوردســتان ، لەهــەمان کــات مــەحمود رامــزی نووێنــەری پارێزگــای بەغــداش پــشتگیری لێکــرا لــە نــاو کۆبوونەوەکەدا .


سيد طه النهري

هەروا لە گەرمەی مشتوومڕی کێشەی موسڵدا ، کە ئینگلیزەکان سەید تەهایان کردە قائمقامی ڕواندوز ، چونکە دژی کەمالیەکانی تورکیا دەوەستاو سەر بە بنەماڵەی شێخ سەعیدی پیران بوولە باکووری کوردستان ، کە کەسایەتیەکی لێهاتوو بووە ، لەگەڵ ئەوەشدا دژی ڕژێمی کەمالیەکان دەوەستاو کێشەی موسڵی کردبووە مەهانەی دژایەتی کردنی تورکە کەمالیەکان.

١٩٢٨/٨/٢٧ مۆرکردنی بەڵگەنامەی پاریس لە فەرەنسا ، ئەویش بە قەدەخەکردنی جەنگ لە نێوان وولاتانی مۆرکردو لە سەر ئەو بەڵگەنامەیەدا ، کە ببێتە ئامرازێکی کۆتایی هێنان بە ململانێلە نێوان وولاتانی ئەندام ، هەر وولاتێك گوێ ڕایەڵ و دەسگیر نەبێت بەو بەلگەنامەیە ، ئەوا بێ بەش دەکرێت لە مافەکانی جەنگ بەپێی ماددەو برگەکان لەدەستکەووت و یارمەتیەکان لە جیهاندا .

١٩٢٨/٩/٣ لە هێرشێکی چەکدارە شۆرشگێرەکانی کورد لە باکووری کوردستان لەناوچەی جوولەمێرگدا ، کە تیپێکی ژەندرمەی سەر بە هێزی سووپای تورکیان لەناو بردو بەرپرسی یەکەمی بایەزیدیان لەگەڵ چەندین ژەندرمە بەدیل گرت.

١٩٢٨/٩/١٠ لە هێرشێکی هێزەکانی سووپای تورك بۆ سەر ئارارات لە باکووری کوردستان ، لە ئەنجام داگیریان کردو بەویستی ڕامیاریەتی ڕژێمی تورك مامەڵەیان لەگەڵ دانیشتووانی ناوچەکە دەکرد ، بەتایبەتی لەبواری ڕاگواستن و بەتورککردن لە هەرێمەکەدا .

١٩٢٨/٩/١٦ کۆمەڵەی زەردەشتی نامەیەکی ئاراستەی شێخ مەحمود کردو لەنامەکەیدا هاتبوو... لە بەر ئەوەی بەرێزتان لەنێوو کوردا کەسایەتیەکی دیارو بەرچاون

بۆیە ئێمە بەناوی کوردایەتی حەزدەکەین هەندێ ترس بخەینە بەر دەستان کە هیوادارین بەچاوی بایەخەوە سەیریان بکەن. چونکە ئەوەی دەخرێتە بەر دەستتان تەنیا کێشەیەك نیە تایبەت بێ بەتاکە کەسێك بەڵکوو بەتەواوی گەلی کورد.

جێگەی بایەخە. ئەم داوایەش لە پێناو رێکەووتن لەگەڵ حکوومەت ئەنجام نەدرێن. چونکە نیازەکانی حکوومەت بەرامبەربە کورد باش نیە... هەروا لە ١٩٢٨/٩/٢٦ بەهەمان شێووە نامەیەکی ئاراستەی کەسایەتی کورد مەحمود خانی کانی سانان کردو لە ١٩٢٨/١٠/٢٥ وەڵامی نامەی شێخ مەحمودی حەفید بە کۆمەڵەی زەردەشت گەیشتەوە.

١٩٢٨/١١/١ رژێمی تورکیا یاسای بەکار نەهێنانی پیتی عەرەبی لە زمانی تورکی راگەیاند ، لە نووسینەکانی رۆژانە بە هەڵسووراندنی کاروباری دەووڵەت و خووێندن ، بۆ ئەم مەبەستەش مستەفا کەمال چەند رۆژهەڵاتناسێکی جوولەکەی ئامادەکرد ، بۆ نووسینەوەی پیتەکانی زمانی تورکی لەسەر شێووەی پیتەکانی زمانی ئینگلیزی ، چونکە تاکو ئێستاش تورکیا نەخاوەنی پیت و وشەو نەخاوەنی جل و بەرگ و نەخاوەنی شارستانیەتی خۆیەتی... ئەمەش بەلگەیەکی زیندووە بۆ ئەو بیروو بۆ چوونانەی تورکەکان لە هەموو بوارەکاندا.

١٩٢٨/١١/٢٨ کۆمەڵەی خۆیبوون لقەکانی لە هەرێمی باشووری کوردستان کرایەوە، وەك شاری موسڵ ، کە بەرپرسی لقی کۆمەڵەی خۆیبوون بەرێز عەبدولرەحمان گارسی بوو . هەروا لەپارێزگای سلێمانی. وەك لە راپۆرتی حکوومەتی بەریتانیا دا هاتوو دەڵێ:-

ئەندامانی کۆمەڵەی خۆیبوون لە/١٨ ئەندام پێکهاتووەو سەرۆکەکەیان مستەفا سائیب و ئەندامەکانی – عەلی عرفان ، عوسمان فائق ئەفندی ، کەریم سەعید بەگ ، مستەفا شەوقی .

ئەوانی دیکەو هەروا لقەکانی هەولێریش کرایەوە ، کە سکرتێرەکەی مامەند رەمزی بوو کە مامۆستا بوو . لە یەکێك لەقوتابخانەکانی ناحیەی شەقلاوەی سەر پارێزگای هەولێر.

لەو کاتەشدا کۆمەڵە پەیووەندی بەشێخ مەحمود حەفیدو شێخ ئەحمەد

بارزانی و ئیسماعیل بەگی ئێزدی کرد ناوچە جیا جیاکانی کوردستاندا .

١٩٢٨/١٢/١٧ لە دایك بوونی نووسەری ناوداری کورد خاتوو سەبری نوری خەفاف ناسراو بە دایکی سۆلاڤ. لە شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان .

١٩٢٩

١٩٢٩/٢/١٠ دامەزراندنی کۆمەڵەی لاوانی موسلمان لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراقی دروستکراو، کە بارەگاکەی لەگەڕەکی مەنسوو ر لە کەرتی کەرخ بوو. دوای ئەوە لقی لە شارەکانی بەسرە – موسل – دهۆك کردەوە. یەکەم رۆژنامەی لە ١٩٢٩/١١/٧ بە ناوی سەدای ئیسلام بلاوکردەوە هەروا لە ١٩٣٤/٤/٩ گۆڤارێکی بەناوی لاوانی موسلمان بلاوکردەوە لە شارەکەدا.



١٩٢٩/٢/١١ مۆرکردنی رێکەووتننامە لە نێوان پاپاو دەسەڵاتی شانشینی ئیتالیا بەناوی – پەیمانی لاتران – و بەناوی – کۆنکۆردات – کە بە کێشەی دۆمانیا ناو برا ، کە سێ رێکەوتن بوو ، ئەویش لە بواری دارایی و ئایین و پەیوەند لە نێوان ئیتالیاو دەسەڵاتی پاپا ... پاپاو وولاتانی بیانی تاکوو ئێستاش ئەو رێکەووتنە لە ماددەی /٧ی دەستووری ئیتالی دا جێگیر کراوەو کاری پێدەکرێ ، کەخۆی لە ٢٧ مادده دەگرێت بەناوی پەیمانی – لاتران – لەجیهاندا.

١٩٢٩/٤/٤ شەش نووێنەری کورد لە ئەنجوومەنی نووێنەران لە پەرلەمانتارانی کورد ، بە نووێنەرایەتی کردنی پلرێزگاکانی هەولێرو، سلیمانی و ، کەکوك و ، مووسڵ ، یاداشتێکی گرنگیان ئاراستەی سەرەك وەزیرانی رژێمی شانشینی لە ئێراق کرد ، لەبارەی مافە ڕەواکانی کورد کە کاربەدەستانی ئینگلیزو رژێمی ئێراق .

بەر لەوە زۆر جار بە ووتە گفتی جێ بەجێکردنی مافی کوردیان دابوو- ئیسماعیل بەگ رواندوزی نووێنەری پارێزگای هەولێر- حەمە سالح بەگی نووێنەری پارێزگای سلێمانی- جەمال بابان نووێنەری هەولێر- حازم بەگی شەمدین ئاغا نووێنەری پارێزگای مووسڵ- سەیفوڵلا خەندانی نووێنەری سلێمانی- محەمەد فائق نووێنەری پارێزگای کەرکوك. لە باشووری کوردستاندا .

١٩٢٩/٤/٢٠ لە میانەی بەهێز کردنی پەیووەندیەکان و بەرگری کردن لە رژێمەکانیان ، رژێمی شاهەنشاهی فارسی لە ئێران بە فەرمی دانینا دەووڵەتی دورستکراوی نوێی شانشینی ئێراق.

١٩٢٩/٥/٦ کۆچی دوایی ئەمین فەیزی بەگ کە کوڕی دەروێش عەبدولقادر ئاغای شاری سلێمانیە لە باشووری کوردستان لە – دارالعجزە- لە شاری ئەستەمبۆڵی تورکیا.

١٩٢٩/٦/٢٠ لە دایك بوونی فەیلەسوف و کۆمەڵزانی بەناوبانگی فەرەنسی و جیهان – ژاندبۆدریلا – لە شاری ریمزی وولاتی فەرەنسا چاوی بەجیهان هەڵهێناوە.

شایانی باسە ژاندیە بە دیارترین فەیلەسوف و کۆمەڵزانی نیوەی دووەمی سەدەی رابردوو لەفەرنسا دادەنرێت، کە لە سەنتەرە فەلسەفیەکان بەشێووەیەکی چر گفتووگۆ لەسەر تیئۆریەکانی دەکرا... ئەم فەیلسوفە لە ژیانیا تەنیا بایەخی بەهزرو فەلسەفە نەدەدا... بەڵکوو وەك شێکەرەوەیەکی رامیاری و رێکخەرێکی دیاری رەوتەکانی – پۆست مۆدێرینزم – و قۆناخی دوای بونیادگەری – ناسراوبوو... کە ناویشی بەجەمکی – سەرووەری حەقیقەت – لکابوو. لە هەمان کات ئەندامی کۆمەڵەیەکی بچووکی هزری فەرەنسی بەناوبانگ و کاریگەربوو.

لەدوای تەواوکردنی پلەکانی خووێندن لە ساڵی ١٩٦٦ بروانامەی دکتۆرا بەدەست دێنێ. لە ساڵی ١٩٦٨ دکتۆراکەی دەکات بە بە

پەرتووکێکی چاپکراو , لە ساڵی ١٩٧٢ پەرتووکێکی گرنگی کاریگەر بەناوی – کۆتایی – بڵاودەکاتەوە. لە ساڵی ١٩٨٦ پەرتووکێك بەناوی ئەمەریکا بلاو دەکاتەوە. ئەمەو جگە لە دەیا پەرتووکی دیکە بەتایبەتی لەدوای ڕووداوەکەی ٢٠٠١/٩/١١ کە دوو پەرتوو ك بڵاودەکاتەوە یەکەمیان –:

بەناوی – گیانی تیرۆر – و دووەمیان:- بەناوی – فانتازیا – بڵاودەکاتەوە. کە ژمارەی بڵاوکراوەکانی ژاندبۆدریلا نزیکەی ٥٠ بەرهەم دەبێت کە بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ قۆناخەکانی پەرەسەندن و پێشکەوتن تاکوو لە ٢٠٠٧/٣/٦ بە هۆی نەخۆشیە کووشندەکەی کۆچی دوایی دەکات لە گەڵ و نیشتمان و جیهاندا.

١٩٢٩/٦/٢٢ مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی ژنێف لەبارەی هەڵس و کەوتکردن بەرامبەر بەدیلەکانی شەڕە هەمە جۆرەکان لە نێوان وڵاتە جیا جیاکان لە جیهاندا .

١٩٢٩/٦/٢٧ دووبارە پالپشتی لە ڕێکەوتننامەی ژنێف کرایەوە لەلایەن وڵاتانی پەیووەندار لە بارەی خۆ بە دەستەوەدانی سەرباز لە ناوەندەکانی شەڕی نێوان وولاتانی جیهان و ناوخۆییەکان ، لەلایەن پەیووەندارەکانی جەنگدا .

١٩٢٩/٨/٢٤ سەرۆکی بزووتنەوەی ڕزگای فەلەستین – یاسر عەرەفات – لە میسر لە دایك بووەو باوکی دانیشتووی قوودس بووە لە شاری جنین .

بەڵام بە هۆی بارو دۆخی ئەوکاتی فەلەستین بەرەو میسر کۆچیان کردووە ، ئەویش لە پێناو دابینکردنی بژێووی ژیاندا .

١٩٢٩/١٠/٢٤ سەرەتای دەستپێکرنی قەیرانی قاڵ ستریت بوو کە بازارەکانی وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە توونـدی شلەژاند. ئەو هەولانەی کە بۆ بووژاندنەوە و گەرانەوەی متمانە هاتنە ئاراوە، هیچ بەرهەمێکی نەبوو و -

vaiue stocke – كە لە رۆژی سیٚ شەممەی ١٠/٢٩ دا گەیشتە پلەی ستفر.
ئەم قەیرانەش لە ئاكامدا بوو بە هۆی دابەزینی بەناوبانگی دەیەی ساڵی ١٩٣٠ لە ئەمەریكادا.

١٩٢٩/١١/١٣ سەرەك وەزیرانی رژێمی شانشینی لە ئێراق عەبدولمحسن سەعدون بە دەستی خۆی كووشت بەهۆی باری دەسەلآتو كاردانەوەی لە سەر دەروونی لەشاری بەغدای پایتەختی ئێراقدا .

١٩٢٩/١١/٢٠ هێزەكانی سووپای سووری سۆڤیەت پەلاماری وولآتی فیلەندەی دا، بەلآم بە پێی پەیمانی مۆسكۆ هێزەكانی سووپای سوور بۆ وولآتەكەیان كشانەوە بەرامبەر بە پێدانی ١٤٤٠ كیلۆمەتر چوارگۆشە لە خاكی فیلەندە ، كە بۆ یەكیەتی سۆڤیەت بێت لەخاكی فیلەندە ... ئەمەیە قازانج بەهێزی چەكداری لەسەردەمی نوێی جیهان.

١٩٢٩/١١/٢٦ لە دانیشتنی خوولی/١٦ی ئەندامانی ئەنجوومەنی كۆمەڵەی گەلان كە جێگری مندووبی سامی بەریتانیا لە ئێراق – بۆردیلۆن– باس لە باری كورد لە ئێراق كرا .
لەو كاتەش یەكێك لە ئەندامانی ئەنجوومەن بەناوی – مستەر ماركۆتیودولی– بوو ، چەند پرسارێكی كرد لەبارەی چۆنیەتی پەیوەندی لە نێوان كوردو عەرەب لە ئێراق ، لەچەند لایەنی بەیەكەوە ژیانیاندا .
لەگەڵ چەند لایەنی دیكە لە بارەی راگەیاندنی سەربەخۆییو ئەندامانی پەلەمانی ئێراقو بەرەو باش چوونی بارودۆخەكەو چۆنیەتی پەیوەندی ناوخۆی كورد لەلایەكو ، پەیوەندی لە نێوان نوێنەرانی كورد لە پەرلەمان ، هەروا لە بارەی جووڵانەوەی رزگاری كورد لەهەرێمی باشووری كورستان . هەر یەكەو بەپێی خواست و ویستو داهاتوو گفتووگۆكانیان بەرێووە دەبرد لەناو كۆبوونەوەكانی ئەنجوومەن لە فەرەنسادا .

١٩٢٩/١٢/١٨ كۆچی دوایی زانای هەمە جۆری زانستەكان – لامارك– ، كە مرۆڤێكی زانای هەمەجۆری زانست بووە لە بواری نەباتو ئاژەڵو ماوەی سی ساڵ كاری لەم بوارەدا كردووە ، هەروا زانایەكی بەناوبانگو لێهاتوو بووە، چەندین دانراوەی هەیە ، یەك لەوانە – نظام الحیوانات اللافقریة – وفەلسەفەی ژیان

١٩٢٩/١٢/٢٤ ئاوارەبوونی عوسمان سەبری ناسراو بە – ئاپۆ عوسمان– بەهۆی فشارو هەرەشەی سیخوورو دەسەڵاتی تورک لە باکووری کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەڵاتی تورکیا، بەو هۆکارە بەرەو وولاتی سووریا بەرێکەووت... کە ئەویش رۆژئاوای کوردستانی پێ لکێنراوە بەدەووڵەتی سووریا.

١٩٣٠

١٩٣٠/١/٣٠ سەرکردەو شۆرشگێری هندستان – مەهاتماگاندی– لەلایەن بەرهەڵستکارانی لەشاری نیوودەلهی پاریتەخت تیرۆر کرا.

١٩٣٠/٣/١٢ سەرکردەی شۆرشگێری هیندستانی سەرکردایەتی بە دەیا هەزار رێپێوانکەرانی وولاتەکەی کرد بەرەو دەریا ، ئەویش بە دەربرینی نارەزایی دژی بەریتانیا ، کەناوچە خێدارەکانی داگیرکردبوو، کە ئەمەش یەکەم رێپێوانی ئاشتیانە بوو لەمێژوو دژی داگرکەران و بەدەستهێنانی داواکەیان لەناوچەکەدا.

١٩٣٠/٣/٢٠ لە چاوپێکەووتنێك لە نێوان مندووبی سامی بەریتانیا – فرنسیس همفریز– لەگەڵ شاهانشین فەیسەڵ گفتووگۆیان ئەنجامدا لە بارەی کێشەی کورد و هەروا لەسەر یاسای زمانەکان بەپێی یاسا زمانی کوردی دەبێ زمانی فەرمی بێ لەهەرێمی باشووری کوردستان .

بەڵام هەردوو لایان ئەوەی لا باش بوو ، کە ئەو لایەنە دوا بخرێت تاکوو یاساکە جێ بەجێ کردنی ئەنجام دەدرێت لە وولاتەکەدا .

١٩٣٠/٣/٢٥ لە دوای هەوڵ و ماندوو بوونێکی زۆر ئەویش بە بلاو کردنەوەی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی – ریاتازە – لە پارێزگای یەریڤانی کوردستانی لکێندراو بەکۆماری ئەرمینیای سۆڤیەتی ، کە لەو کات رۆڵی کاریگەری هەبوو لە سەر باری نەتەویی لە هەرێمەکەدا .

١٩٣٠/٣/٢٨ هەردوو شارەکانی قووستەنتینیەو ئەنگۆرای نوری ، ناویان گۆرا بۆ ئەستەمبۆڵ و ئەنکەرەی تورکیا.

السيد نوري السعيد رئيس وزراء العراق الاسبق

١٩٣٠/٣/٣٠ کەسایەتی ناو داری ئێراقی و عــەرەبی و جیهــان نــووری سەعید یەکەم پۆستی سەرەك وەزیرانی رژێمی شانشینی لە ئێراق گرتە دەست لە دوای چەندین پۆستی وەزاری لە رژێمی شانشینی لە ئێراقدا.

١٩٣٠/٤/٥ بەبۆنەی گفتووگۆی بەردەوام لە نێوان رژێمی شاهانشینی لە ئێراق‌و بەریتانیا... نووێنەری شاری کەرکووك محەمەد جاف بە هاوبەشی لە گەڵ مەعروف چاووك یاداشتێکیان ئاراستەی مندووبی سامی بەریتانیا لە ئێراق کرد ، ئەویش لەبارەی پەیمانی نێوان ئێراق‌و بەریتانیاو ، هەڵوویستی کورد لە باشووری کوردستان بەرامبەر بە پەیمانەکە . کە بڕیارە لە ١٩٣٠/٦/٣٠ مۆر بکرێت ، لە نێوان هەر دوو وولاتدا .



١٩٣٠/٤/٢٢ مۆرکردنی پەیمانی لە ندەنی دەریایی... ئەو کۆنگرەیە لە ئاکامی کــــــــۆنگرەی نێوودەوولەتی بوو ، کە هەر پێنج وولات بەشداریان تێدا کرد ، تــــەنیا رووســـــیاو ئەڵمانیا نەبێت... کە بەریتانیاو ئەمەریکاو یابان‌و فەرەنساو ئیتالیا بەشداریان تێدا کرد ، ئەنجامدانی ئەو کۆنگرەیەش بە هەولەکانی گفتووگۆی نێوان سەرەك وەزیرانی بەریتانیا رامزی ماکدۆنالدو سەرۆکی ئەمەریکی هۆفۆ بوو ، ئەویش بەمۆرکردنی لە سەر چەندین خالی گرنگ لە بارەی دامەزراندنی بنکە کەشتیەکانی دەریایی جەنگی و، بە دورستکردنی کەشتی جەنگی کە کێشی هەلگرتنیان زیاتر بێت لە ٣٥ هەزار تەن لە جیهاندا .

١٩٣٠/٥/١١ کەسایەتی ناوداری کورد تۆفیق وەهبی کرا بە پارێزگاری پارێزگای سلێمانی تاکوو ٨/٢٥/ هەمان ساڵ لە باشووری کوردستان .

١٩٣٠/٥/٢٥ بڕیاردانی تەواو سەبارەت بە کێشەی دروستکردنی ئۆکروگی لە -ناوچە-ی نەتەوەیی کوردستان ،. کۆمیتەی ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی ئازەربایجان لەبارەی راکاتاڵو نۆخین و کوردستانەوەی دەرکرد لە ناوچەو هەرێمەکەدا .

١٩٣٠/٥/٣٠ دامەزراندنی یانەی - سەرکەووتنی کوردایەتی- لە لایەن شاعری ناودار جەمیل سدقی زەهاوی و توفیق وەهبی و مارف جاووك لە هەرێمی باشووری کوردستان.

١٩٣٠/٦/١٣ بەرپابوونی راپەرین لەناوچە شاخەویەکانی ئارارات لە باکووری کوردستان ، بە سەرکردایەتی ئیحسان نوری پاشا دژی رژێمی تورکیا کە کاردانەوەی باشی کردە سەر ناوچەکە و تاکوو سنووری سووریای گرتەوە ، کە ئەم راپەرینە بەردەوام بوو لە پەرەسەندن و پێشکەووتن و گەشەکردن لە لایەن گەلی کوردستاندا .

١٩٣٠/٦/١٥ هەڵگیرسانی راپەرینەکانی ئاگری داخ لە باکووری کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەڵاتی رژێمی شۆڤێنی تورکیا.

١٩٣٠/٦/٢٠ مۆرکردنی پەیمانی نێوان ئێراق و بەریتانیا ، کە نوری سەعیدو وەزیری دەرەوەی ئێراق و مەندووبی سامی بەریتانیا ، پەیمانەکەیان مۆرکرد بۆماوەی ٢٥ساڵ لە نیوانیاندا .

١٩٣٠/٦/٢١ تیرۆرکردنی سەرکردەی شۆڕشگێرو چاونەترس و ناوداری کوردی رۆژهەلاتی کوردستانی لکێنراو بە ئێران - سمکۆی شکاك - لەلایەن تیرۆریستەکانی سەر بە رژێمی شایەتی لە ئێران ، کە سەرکردایەتی بەدەیا داستانی سەرکەووتن و رێکەووتن و بەرگری کردن بوولە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە کوردستان.

١٩٣٠/٦/٢٨ دامەزرانـــــدنی کۆمەڵــــەی ئافرەتـــــانی کوردســـــتان لەشـــاری ســـلێمانی لـــە باشـــووری کوردســـتان ، لــە لایەن حەبسەخانی نەقیب - کە بارەگای خۆی هەبوو ،... ئـــــەویش بەمەبەســـــتی یەکخستنی ئافرەتی کوردو رۆشنبیر کردنی بەجیاوازی نەکردنی رەگەزی هاوبەش لەنێوان ئافرەتو پیاو لە هەموو بوارە جیاجیاکانی کارکردن.

١٩٣٠/٦/٣٠ مۆرکردنی رێکەوتننامە لە نێوان رژێمی شانشینی لە ئێراقو بەریتانیا ، لە پێناو بە ئەندام بوونی ئێراق لە کۆمەلەی گەلانو فراوانتر بوونی دەسەڵاتی بەسەری گەلانی ئێراق ، بە تایبەتی گەلی کورد لە باشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق.

١٩٣٠/٧/١١ پێکهێنانی - لیژنەی رزگارکردنی کەمە نەتەوایەتیەکانی غەیرە ئیسلام لە ئێرق- بەسەرۆکایەتی نەقیب هرمز رسام ، کە خۆی دانا بەنووێنەری راستەقینەو جێگەی بڕوا بوو لەلایەن کەمە نەتەوایەتیەکان ، ئەویش لەپێناو دەست پێکردنی گفتووگۆ بەنووێنەرایەتی کەمە نەتەوایەتیەکان لەگەڵ ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلانو ئەو حکوومەتانەی پەیوەندارن.

شایانی باسە هرمز رسام ئەفسەرێکی خانەنشین بوو لە سووپای بەرینانیا ، لەمانگی/١/ ١٩٣٠ سەردانی ئێراقی کرد ، دوای ئەوە پەیووەندی بە ئەفسەرێکی سووپای بەریتانیا بەناوی کاپتن - ماتیۆ کۆپ- لە ئێراق وداوای لێکرد ... کە دوای ئەوەی هەردووکیان بەیەکەوە پەیووەندیان بەسەرۆک کەسایەتیەکانی مەزهەب ئایینیەکان کرد ، واتە — مەسیحیەکان - دوای ئەوە هرمز رسام لە ١٩٣٠/٦/١٢ گەڕاوە شاری لەندەن .

بەڵام دوای ئەوە ماتیۆ کۆپ لە ١٩٣١/٤/١٩ لە ئێراق دەرچوو... ئەو لیژنەی کە کاپتن هرمز پێکی هێنابوو لە شاری لەندەن . هەڵسا بەپروپاگەندە کردن لە پێناو ئەم مەبەستەدا ، دژی ئێراق و دووپانی ئەوەی کردەوە کە بەریتانیا دەوڵەتێکی مەسیحیە وپێویستە یارمەتی ئاشووریەکانی ئێراق بدات ، دوای ئەو بیروو بۆ چوونە رووی لە فەرەنسا کرد ، بەیارمەتی دانی ئاشووریەکانی ئێراق.

١٩٣٠/٧/١٥ دەستپێکردنی هێرشێکی بەرفراوانی چەکدراە کوردە شۆرشگێرەکان بۆسەر ناوچەکانی ئارارات و پارێزگای دەرسیم و پارێزگای دیاربەکرو پارێزگای وان و شارۆچکەکانی دیکە لە باکووری کوردستانی داگیر کراو لە ژێر دەسەلاّتی تورکیا .

ئەویش بۆ سەر هێزەکانی سووپای تورک و دام و دەزگا میریەکان .

لە ئەنجام ٩٠٠ چەکداری کورد شەهید بوون و ٢٤٠٠ چەکداریش زامدار بوون ، هەروا لەو شەرەدا ٢٨٠٠ سەربازی سووپای تورک کوژران و ١٧٠٠ سەربازیش زامدارو بەدیل گیران لەگەڵ دەست بەسەرا گرتنی ٢٤ تۆپ و ٦٠ مەترەلۆزو ٦٠ هەزار فیشەك لەگەڵ خستنە خوارەوەی ١٢فرۆکەی جەنگی هێزەکانی سووپای ئاسمانی تورك لە باکووری کوردستان .

شایانی باسە گەر شۆرشەکانی کورد بەو شێووەو شێوازو ناوەرۆکە بەردەوام بوونایە بوونی کوردو رۆڵی کوردو کاردانەوەی لەقۆناخێکی دیکەدا خۆی دەنواند لە سەر خاکی کوردستاندا .

١٩٣٠/٧/١٦ دەستەی نیشتمانی لە پارێزگای سلێمانی لە باشووری کوردستان هەڵسا بەراگەیاندنێك بە بەشداری نەکردنی لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی لە ئێراق ، هەروا لە پارێزگای هەولێریش بەهەمان هەڵوویست بریاری بۆ درا... لەگەڵ چەندین هەڵوویست و داواکاری دیکە لەبارەی مافی کوردو چارەی کێشە هەمەلایەنەکان بەتایبەتی لەبواری گەل و نیشتمان.

١٩٣٠/٧/٢١ شـێخ ئەحمـەد بـارزانی لـە باشـووری کوردسـتانی لکێنراو بەرژێمی شانشینی لـە ئێـراق ٢٠٠ چەکداری ڕەوانە کـرد بـۆ

یارمەتیدانی ڕاپەرینەکانی ئاگری لە ناوچەی ئۆرمار لە باکووری کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی تورکیا ، کە ئەو کات سەرکردەی کورد ئیحسان نوری پاشا ڕابەرایەتی ڕاپەرینەکانی دەکرد لە باکووری کوردستان دژی داگیرکـەری ڕژێمـی تـورك ، کـە زیـاتر لـە ٢١٢٠٠٠ هـەزار کیلۆمـەتر چوارگۆشـەی لـە خـاکی کوردسـتانو زیـاتر لـە ٢٠٠٠٠٠٠٠ بیـست ملیـۆن کوردی کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی ، کە بەخواستو ویستی بیری شۆڤێنی پێك هێنانی نەتەوەی تورك مامەڵە لەگەڵ کورد دەکات.

١٩٣٠/٧/٢٦ ڕژێمی تورکیا بە فەرمی بالوێزی بەریتانیای لە تورکیا ئاگادار کرد لە شاری ئەنکەرەی پایتەختی تورکیا ، کە ڕژێمی تورکیا نارەزایی خۆی بەرامبەر بەو یارمەتیەی بارزانیەکان دەربری ، کە بۆ شۆڕشی ئاگری ڕەوانەی کردبوو بۆ باکووری کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکیا لە هەرێمەکەدا .

١٩٣٠/٨/١ سـەرکردەی کـورد شـێخ مـەحمودی حەفیـد بـەیاوەری ٣١ نیشتمانپەروەرو کەسـایەتی کـورد لەباشـووری کوردسـتان ، لـە ریفراندۆمێکـدا داوای دامەزراندنی حکوومـەتی کوردیـان کـرد ، کـە بـەریتانیا خـۆیو هاوپـەیمان دابەشکەری کوردو خاکی کوردستان بوون ... بەڵام هەولـەکانیان جێ بەجێ نـەکرا سـەرەرای بـروا پـێ بـوون بەکێـشەی کـوردو خـاکی کوردسـتانو مەرگەساتەکان.

١٩٣٠/٨/٥ بەرپابوونی راپەرین و شۆرش لە باکووری کوردستان بەسەرکردایەتی سەرکردەی کورد -حاجۆ ئاغا- کە لەو کات کۆمەلەی خۆیبوون یارمەتی دەدا دژی رژێمی تورك و شەرەکەش لەناوچەی نوسەیبین بوو لە باکووری کوردستان.

١٩٣٠/٨/٧ حاجی ئاغای هەڤێرگی و سێ کەسایەتی کورد لە ناوچەی پارێزگاری یەریڤانی کوردستان ، لەگەڵ پەنجا سووارو دووسەد پیادەی هەڤێرگی و سەد چەکداری هۆزی گیلان بە سەرۆکایەتی رەسول ئاغاو عەگید ئاغا ، لە ئاستی ئەزنێردای سنووری نێوان سووریاو تورکیا دەبرن و لەوێ چەندین چاوپێکەووتن لەگەڵ کەسایەتی ناوچەکە ئەنجام دەدەن ، بەتایبەتی لەگەڵ سرحان- سۆران ئاغاو سۆران بەگ- کە دەبێتە هۆی نارەزایی تورك و داوا لەهێزەکانی فەرەنسا دەکات گەمارۆ بدرێن ، لەئەنجام بەرەو بەیروتی پایتەختی لوبنان هەنگاو دەنێن و دوای ئەوە دەستگیر دەکرێن و رەوانەی دادگای دیاربەکر دەکرێن و دوای دادگایکردنیان لەسێدارە دەدرێن.

١٩٣٠/٨/١١ نوێنەری بالای بەریتانیا لە پارێزگای سلێمانی لە باشووری کوردستان ، وتارێکی بۆ کەسایەتی و پیاوانی ئایینی و ئاغاکان خووێندەوەو تیایدا ووتی:- حکومەتی بەریتانیا بە هیچ جۆرێك هانی نەتەوەی کورد نادات لەپێناو سەربەخۆیی لەپارچەیەك لە پارچەکانی دیکەی خاکی کوردستان بەهۆی بەرژەوەندی تایبەتی بەریتانیاو هاوپەیمانان لەو بارو دۆخانەی کە نەگونجاو بێت لە کێشووەرەکەدا .

١٩٣٠/٨/١٣ لە بابەتێکی دیار رۆژنامەی باری بەیروتی بلاوکردۆتەوەو دەلێت :- تۆرانیە تورکەکان تاوانی کووشتنیان بەکۆ ئەنجام داوەو سەدان گوندیان سووتاندووە لە ناوچەیەکی نزیك لە شارۆچکەی، ئاکرێ، ئارارات، کە ٢٢٠ گوندی کورد خاپوور کراوەو پاش ماوەی دانیشتووانی ئەو گوندانە کە نزیکەی ١٠٠٠٠٠ کەس دەبوون لە نێوان راگوواستنی کوردەکان بۆ ناوچەکانی دیکەی تورکیا. شایانی باسە رژێمی تورکیا لە سالی ١٩٤٦ رایگەیاند کە تورکیا کەمینەی کووردی تێدانیە و بەم راگەیاندنە هێلێکی راست و چەپی بەسەربوونی گەلێك بەتەواوی داهێنا.

١٩٣٠/٨/١٧ لە دایك بوونی شاعیرو ڕووناكبیری بەناوبانگی سەدەی ڕابردوو ئینگلترا – ئێدوار رجیمس تیدهیوز– لە ڕۆژ ئاوا هەرێمی بۆركشایەر لە ئینگلتەر.
شایانی باسە تیدهیوز بەناوبانگترین شاعیری سەردەمی بیستەم بووە لە بەریتانیا ،هەروا لەهەموو شاعیرێكی دیكەی ئەم وولاتە زیاتر هەواڵی لەسەر لاپەڕەكانی ڕۆژنامەو گۆڤارەكان دەبینرا... تەنیا لەبەر ئەوە نا كەشاعیر بوو هەر چەندە لەلای ڕەخنەگرانەوە لەهەموو شاعیرە هاوچەرخەكانی وولاتەكە بەتواناتر بوو... شایانی باسە شاعیری ناو دار لە ١٩٩٨/١٠/٢٨ كۆچی دوایی كردووە لە وولاتەكەیدا .

١٩٣٠/٨/٣٠ گرێدانی كۆبوونەوەی ئەنجوومەنی كۆمەڵەی گەلان لە شاری زیورخ لە سەرداوای نووێنەرانی ئەرمەن لە باكووری كوردستان ، لە سەر بەردەوام بوون لە ئیش و ئازاردانی نەتەوەی كوردو دەربەدەركردنی لەخاكی خۆی كە لەلایەن ڕژێمی تورك ئەنجام دەدرێت لە هەموو بوارەكان ، بە تایبەتی لە بواری بە تورككردن و ڕاگواستن و هێنانی خێزانە توركەكان بۆ باكووری كوردستان و نیشتەجێ كردنیان لە پێناو گۆڕینی دیمۆگرافیای باكووری كوردستان.

١٩٣٠/٨/٣١ دەستەی نیشتمانی ناوەندی لە باشووری كوردستان یاداشتێكی ئاراستەی كۆمەڵەی گەلان كرد ، لەبارەی چەند داوایەكی دیاری كراو لەبارەی مافی كورد لە ئێراق و ڕامیاریەتی ڕژێمی شاهانشینی لە ئێراق . بەرامبەر بە كورد لەگەڵ دامەزراندنی حكوومەتی كوردی لەژێر پارێزراوی ڕاستەوخۆی كۆمەڵەی گەلان ، ئەویش بۆ سكرتێری لیژنەی ئینتدابی هەمیشەیی لە كۆمەڵەی گەلان لەشاری ژنێف لەسویسرادا بەرز كرایەوە .

۱۹۳۰/۹/۲ لەو کاتەی کە سەرەك وەزیرانی ئێراق نوری سەعید بە سەر دانێکی فەرمی لە شاری ئەنکەرەی پایتەختی تورکیا بوو ، سەرەك وەزیرانی تورکیا عیسمەت ئەنوونوو داوایەکی ئاڕاستەی نوری سەعید کرد، بە پەڕینەوەی هێزەکانی سووپای تورك لە سنووری ئێراق ، ئەم داوایەش لە پێناو گەمارۆدان و دامرکاندنەوەی شۆڕشگێڕە کوردەکان لەچیای ئاراراتدا لە باکووری کوردستان ، نوری سەعیدیش ڕەزامەندی لە سەر داواکەی سەرەك وەزیرانی تورکیا کرد .

السيد نوري السعيد رئيس وزراء العراق الاسبق

بەلاّم سەرەك وەزیرانی تورکیا داواکەی بەدەستنووس بوو نەك بەوتەی سەر زاری ، بەلاّم نوری سەعید لە هەمان کات ئاگاداری بەریتانیەکانی کردو ئەوانیش لە وەلاّمدا وتیان... تورکیا تووشی گێژاو بووە بەهۆی لە ناوبردنی کوردو ئەرمەن ، ئەمەش دوا ڕۆژی بەپێچەوانە هەڵدەگەڕێتەوە لە وولاّتەکەیان و لە ناوچە و لە جیهاندا .



شاری سلێمانی لە سەردەمی بزووتنەوەی شێخ مەحمود

١٩٣٠/٩/٦ راپــەرینی جــەماوەری كــورد لــە پارێزگــای سـلێمانی لـە هـەرێمی باشووری كوردستان ، دژی داگیركـــــــەری رژێمـی شانـشینی لـە ئێـراق بـە پـشتگیری بەریتانیا بەرپابوو. لە ئـەنجام ٤٥ هـاوولاتی كورد بە گوللەی دوژمن شەهید كران ، كە ئەو رۆژە ناوزەند كرا بە رۆژی رەشی /٦/ئەیلول ، كە لە بەر دەرگای سەرای سلێملنی بوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی كە شێخ مەحمودی حەفید هاتەوە گۆرەپانی تێكۆشان و دەستی لەو رێكەووتننامەیە هەلگرت ، كە بەناچاری مۆری كردبوو لە گەڵ رژێمی شانشینی لە ئێراق و نووێنەری بەریتانیا.

١٩٣٠/٩/٦ نووێنەری ئافرەتانی كورد حەبسەخانی نەقیب لە راپەرینەكەی دژی پەیمانی بەریتانیاو بە گەیاندنی دەنگی ئافرەتی كورد بەكۆمەڵەی گەلان ، ئەویش بە پێـشكەشكردنی داخوازیـەكانی لـە پێنـاو چارەسـەركردنی بـاری سـەختی خەڵكی كوردستان.

١٩٣٠/٩/١٠ هێزەكانی سووپای تورك لە ئەنجامی هێرشێكی بەرفراوان توانی چیای – رینـویَ–ی نێـوان هـەردوو ئـاراراتی كـەلی سـەردار بلاخـی لـە بـاكووری كوردستان داگیر بكات لە باكووری كوردستان .

١٩٣٠/١٠/١٠ لە دایك بوونی نووسەری شانووی ئینگلیزی– هارۆلد پیتەر– لەرۆژئاوای شـاری لەنـدەنی پایتـەختی بـەریتانیا ، لـە گـەرەكێكی جوولەكـە نـشین لـە وولاَتەكەدا .

شایانی باسە كە لە دوو مانگی/ ١٩٩٩دا ٦٠ نووسەرو رۆشنبیری كوردو جیهانی– یەشاركەمال ، محەمەد نوزون ، ئەحمەد تالَتان ، ئۆرهان یاموك ، گۆتنەر گراس ، كۆستا گاڤرای ، هارۆلد پیتەر، ئینگمار بێرگمان ، ئاسەر

میللەر- سەردانی تورکیایان کرد، لەشاری ئەستەمبوڵو لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا بانگەوازێکی تەباییان ئاراستەی تورکیا کرد... ئەو ٦٠ نووسەرو ڕۆشنبیرەی کە ویژدانی جیهان گووتیان لەدەستپێکی سەدەی نوێدا بەشێووەیەکی دیموکراسیانە پرسی کورد چارەسەر بکات بەتایبەتی لە باکووری کوردستان لە تورکیادا .

١٩٣٠/١٠/١٦ ئەنجوومەنی وەزیرانی ڕژێمی شانشینی لە ئێراق لە بریارێکیدا رایگەیاند ، کە بەهێزی سووپا شۆرشی شێخ مەحمود سەرکووت دەکات لە هەرێمەکەدا .



١٩٣٠/١١/١ لە دایك بوونی نووسەرو ڕووناکبیری نەتەوەی کورد، پرۆفیسۆر – مەعروف عەبدولقادر مەعروف عەزیز ئاغا خەزنەدار – ناسراو بە – مارف خەزنەدار – لە شاری هەولێر لە هەرێمی باشووری کوردستان، مامۆستا مارف خەزنەدار لە ساڵی ١٩٥١ قۆناخەکانی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری هەولێر تەواو کردووە و پۆلی چوارەمی وێژەیی لە ئامادەیی کەرکوك و هەولێر تەواو کردووە.دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٥٢ بە مامۆستای سەرەتایی لە هەولێر دامەزراوەو دوای ئەوە بۆتە فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتی – معارف – لە پەروەردەی هەولێر. و بەردەوام بووە لەو کارەی لە شارەکانی کووت و بەغدا تا ساڵی ١٩٥٧، دوای ئەوە چۆتە کۆلێژی ئاداب و زانست لە زانکۆی بەغدا لە ساڵی ١٩٥٧، بە بەدەست هێنانی بروانامەی – BA – لەزمانی عەرەبی، لە هەمان کاتیش کاری فەرمانبەری کردووە، واتە خووێندن و کاری فەرمانبەریەتی بەیەکەوە کردووە.

دوای ئەوە لە سەر داوای خۆی بۆتە مامۆستای زمانی عەرەبی لە

قوتابخانـــەی ناوەنـــدی ڕۆژهـــەڵات و لـــە هـــەمان کـــات وانـــەی ووتۆتـــەوە لـــە قوتابخانەی ناوەندی کەرکوکی ئێواران لە نێوان ساڵەکانی ١٩٥٧ – ١٩٥٩، دوای ئەوە لە مانگی/٥/١٩٦٠ پەیووەندی کردووە بە تووێژینـەوەی زانستی ئێـراق، بـۆ مـاوەی نـۆ مـانگ لـە مۆسـکۆی پایتـەختی سـۆڤیەت بـووە لـە پەیمانگای فێربوونی زمانی رووسی بیانیەکان .

دوای ئەوە لە شاری پترۆسبۆرگ جێگیر بووە وەك قوتابییەکی خوێنـدنی باڵا لە بەشی لێکۆڵینـەوەی زمـانی کوردی لە پەیمانگای خوێنـدنی ڕۆژهـەڵاتی سـەر بـە ئـەکادیمیای زانـستەکانی ڕووسـیا، دوای تـەواوکردنی خوێنـدن بڕوانامـەی دکتـۆرای بـە دەسـت هێنـاوە لـە زمـان و ئـەدەب لـە مـانگی /١٩٦٣/١٢.

لە نامـەی دکتۆراکەشـی جێگـەی گرنگـی پێدان بووە کە لـە سـەر – مێژووی ئەدەبی کوردی نوێ – بووە لە نێوان ساڵەکانی ١٨٩٠ – ١٩٦٠. و لیژنـەی گفتووگۆکـە بڕیاریـدا بـە چـاپ کردنـی لـە کتابێـك و لـە لایـەن خانـەی بلاوکردنەوەی ئەکادیمیای مۆسکۆ لە ساڵی ١٩٦٧ بلاوکراوەتەوە، کە ئەمە یەکـەم کتـاب بـووە ، کـە چـاپ بکرێـت لـە سـەر ئـەدەبی کـوردی بـە زمـانی ئەوروپی. هەروا لە ماوەی خوێندنی لەو دەزگایەدا دکتـۆر مـارف خەزنـەدار توانیوویەتی فەرهـەنگی کـوردی – رووسـی دابنـێ و ئەو فەرهەنگە لە سـاڵی ١٩٨٣، بە چاپگەیەندرا.

هەروا لە ماوەی بوونی لەو کارانەدا بەشداری لە چـەندین کـۆڕو کۆبوونـەوەو کـۆنگرە کـردووە، و بەشـداری لـە کـۆنگرەی جیهـان بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە سـەر ئەدەبی رۆژهەڵات، کە لە وەرزی پایزی ساڵی ١٩٦٧ گرێدرا.

دوای ئەوە گەڕاوەتەوە ئێراق و لە کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی بەغدا لە ساڵی ١٩٦٨ دامەزراوەو بۆتە بەرپرسیاری بەش، بەردەوام بووە تا ساڵی ١٩٨١، لە دوای ئەوە خانەنشین کراوە.

هەروا بەر لەوەش لە ١٩٦٩/١٢/١، پلـەی مامۆسـتای پێدراوە – المـدرس – و دوای ئـەوە لـە ١٩٧٣/١٢/١، پلـەی مامۆسـتای پـێ بەخـشراوە، هـەروا دوای ئەوە پلەی مامۆستا – پرۆفیسۆر – لە ١٩٧٩/١٢/١٨، پـێ بە خشراوە، هـەر لـەو کاتەشـدا مامۆسـتا مـارف خەزنـەدار بەشـی زمـانی کـوردی لـە کۆلێـژی

پـەروەردە لـە زانکـۆی بەغـدا لـە سـاڵی ۱۹۷۳،کردۆتـەوەو دوای ئـەوە بۆتـە سەرۆکی بەشی زمانی کوردی لەم کۆلێژەدا.
هەروا مامۆستا مارف خەزنەدار وەك تووێژەرو سەر نووسەر لە رۆژنامەو ئەو گۆڤارانەی خوارە کاری کردووە. وەك :-
١- رۆژنامەی هەولێر، کە بە زمانی کوردی و عەرەبی دەردەچوواندرا. لە نێوان ساڵەکانی ۱۹۵۰ - ۱۹۵۳.
٢- گۆڤاری - رۆژنامە - کە هەفتانە بوو بە زمانی عەرەبی لە شاری بەغدا لە نێوان ساڵەکانی ۱۹۵۳ - ۱۹٥٤.
٣- رۆژنامەی رای گشتی رۆژانە کە بە زمانی عەربی دەردەچوواندرا لە ساڵی ۱۹۵۵ لە شاری بەغدا.
٤- گۆڤاری - شەفەق - کە ماگانە بوو بە زمانی عەرەبی و کوردی لە شاری کەرکوك دەردەچوواندرا لە نێوان ساڵەکانی ۱۹۵۸ - ۱۹۵۹.
٥- هەروا بەشداری لە دەرچوواندنی گۆڤاری- پرشەنگ - کردووە کە لە لایەن کۆمەلێك رۆشنبیری کورد لە ئەورپا بە زمانی کوردی لە ساڵی ۱۹٦٦ - ۱۹٦۷ دەردەچوواندرا.
٦- گۆڤاری - دەفتەری کوردەواری - بە هاوکاری براکەی جەمال خەزنەدار دەری کرد لە شاری بەغدا لە ساڵی ۱۹۷۰.
٧- دامەزراندنی گۆڤاری - نووسەری کورد - کە گۆڤاری یەکیەتی نووسەرانی کورد بووە بە زمانی کوردی لە شاری بەغدا لە ساڵی ۱۹۷۱ - ۱۹۷۲ دەرچوواندرا.
٨- بەشداری کردووە لە دامەزراندنی گۆڤاری - رۆژی کوردستان - کە گۆڤاری کۆری رۆشنبیری کورد بوو کە بە زمانی عەرەبی و کوردی دەرچوواندرا.
لە گەڵ ئەوەشدا مامۆستا مارف خەزنەدار بەشداری کردووە لە دامەزراندنی یەکیەتی ئەدەبیاتی کورد و کۆری رشنبیری کورد لە شاری بەغدا.
هەروا مامۆستا مارف خەزنەدار ئەندامی سەندیکای رۆژنامە نووسانی ئێراق بووە لە رۆژی دامەزراندنیەوە لە ساڵی ۱۹۵۹، دوای ئەوە لە ساڵی ۱۹۷۸ لێی کشاوەتەوە . هەروا ئەندامی یەکیەتی رۆژنامە نووسانی جیهانیە لە

ساڵی ١٩٦٠ تاکوو تەواو بوونی ئەم مێژوونامەیە. هەروا ئەندامی کۆڕی ئارەزومەندانی بوو لە کاتی ئێراق بووە لە ساڵی ١٩٧٠ وە. هەروا بەشداری لە پێنج کۆنگرەی زانستی کردووە چ لە ناوخۆو چ لە دەرەوە، کە لەوکاتەی لە وولاتی جەزائر کاری کردووە.

هەروا مامۆستا مارف خەزنەدار ئەندامی بە دەیان لیژنە پێدانی ماستەرو دکتۆرای کردووە. دوای ئەو هەموو کارە گرانانە مامۆشتا مارف خەزنەدار دووبارە گەڕاوەتەوە زانکۆی سەلاحەدین لە ساڵی ١٩٨٨ لە شاری هەولێر بە ووتنەوەی وانە بۆ هەر سێ قۆناخی بەکالیۆڕۆس و ماستەرو دکتۆرا. و هەروا ئەندامی ئەنجوومەنی زانکۆ بووە. دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٩٢ لە ڕێگای هەڵبژاردن سەرکەووتنی بە دەست هێناوە بە پلەی مامۆستای یەکەم لە زانکۆی سلاحەدین لە لایەن وەزارەتی خووێندنی باڵای ئێراق.

هەروا مامۆستا مارف خەزنەدار ئەندامی کارای کۆڕی زانستی کوردستانە لەو کاتەی کە دامەزراندراوە لە ساڵی ٢٠٠٠، لە گەڵ چەندین کاری دیکەی وێژەیی و زانستی و زمانەوان.

هەروا مامۆستا مارف خەزنەدار لە ماوەی ژیانی زیاتر لە ٣٢ بەرهەمی خستۆتە بەردەستی خووێنەری کورد لە خووێنەرو ڕۆشنبیرو ڕووناکبیری گەلەکەمان و کتیبخانەی کوردی لە کوردستان و ئێراق و وولاتانی دیکەی جیهان.

دوای ئەو هەموو کارانە ئاواتە خوازین کە مامۆستا مارف خەزنەدار، تەمەن درێژ بێ و لە ژیان ماوەو بەردەوامە لە کارە پیرۆزەکانی لە پێناو خزمەتکردنی گەل و نیشتیمانەکەیدا، هیوای تەمەن درێژی و لەش ساغی بۆ دەخوازین لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا.

١٩٣٠/١١/١ نووێنەری پارێزگاکانی هەولێرو مووسڵو کەرکوكو سلێمانی بەشداریان لە ئاهەنگی کردنەوەی پەرلەمانی ئێراق کرد لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق.

١٩٣٠/١١/٣ هێزە چەکدارەکانی شێخ مەحمودی حەفید کە ژمارەیان زیاتر لە ٣٠٠ چەکدار دەبوو ، توانیان شارۆچکەی پێنجووین لە هەرێمی باشووری کوردستان رزگار بکاتلە ژێر دەستی هێزەکانی سووپای هاوبشی ئێراق و

بەریتانیا لە هەرێمەکەدا .

١٩٣٠/١١/٨ یەکێك لە رووداوە دڵخۆش و گرنگەکان گەیشتنی رووناکی وزەی کارەبا بوو بۆ ئێراق... کە لە کۆتایی بیستەکانی هەمان سەدە وەزی کارەبا گەیشتە شارەکانی ئێراق... سەبارەت بەگەیشتنی وزەی کارەبا بۆ هەولێر بە هەوڵ و تواناو کۆششی – ئەحمەد چەلەبی – بوو... ئەویش دوای ئەوەی کە داوایەکی بەپشتگیری ئەنجوومەنی شارەوانی هەولێرو موتەسەرفی هەولێرو وەزیری کاروباری ناوەخۆ پێشکەش بەحکوومەت کرد، بەمەبەستی دامەزراندنی مۆلیدەیەکی کارەبا لە پێناو رووناککردنەوەی ماڵ و شەقام و دام و دەزگاکانی شاری هەولێر لەوکاتدا.

دوای وەرگرتنی رەزامەندی حکوومەت بەدانانی مۆلیدەی کارەبا لەناو شارەکە لەم رۆژەدا پرۆژەی دامەزراندنی کارەبای ناو شاری هەولێر تەواوبوو و لەگەڵ تەواوبوونی گەیشتە چوار ماڵ لەدانیشتووانی شاری هەولێر.ئەوانیش ماڵی عەبدولحەمید بەگ – ماڵی موتەسەرف... واتە پارێزگار – بەڕێوەبەری پۆلیس زیا ئەدهەم... دوای ئەوانەش بۆ چەند ماڵێکی دیکە وزەی کارەبا فراوان بوو... واتە لە ساڵی ١٩٣٠ وزەی کارەبا گەیشتە ناو شاری هەولێرو رووناکی گلۆپەکانی ماڵ و کۆڵانەکانی رووناککردەوە لە هەرێمی باشووری کوردستان.

١٩٣٠/١١/١٤ زۆربەی کالمیکەکان لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم ، لەناوچەکانی گۆبیرنی – پارێزگای – ئاستراخان نیشتەجێ بوون ، کالمیکەکان کاربەدەستی زۆرباش بوون ، و کاربەدەستی زۆرباشیان لە ناو دەسەڵاتداریەتی دەوڵەتی رووسیا دا هەبوو ، کە پرسیاری پێك هێنانی هەرێمی ئۆتۆنۆمی کالمیك دەرچوو، لە ١٩٣٥/١٠/٣٠ ئەم هەرێمە ئۆتۆنۆمیە بووە کۆمارێکی ئۆتۆنۆمی.

دوای ئەوە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی کۆمارەکە لە ١٩٤٣/١٢/٢٧ درا، بە تاوانی هاوکاری کردنیان لەگەڵ ئەڵمانیای نازی و ڕاپەڕین دژی دەسەڵاتی سۆڤیەتدا ، تەواوی دانیشتووانی بە زۆر بۆ ناوچەکانی دیکەی سۆڤیەت ڕاگوێزران ...لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٧ دەستووری گەڕانەوەی کالمیکەکان و پێك هینانەوەی کۆمارەکەیان درا ، دوای شەش مانگ واتە لە ١٩٥٨/٧/٢٩

دا ئەم کۆمارە لە ١٨/١٠/١٩٩٠ دامەزرایەوە و لە ١٨/١٠/١٩٩٠ پەرلەمانی کامیلك بڕیاری گۆڕینی کۆماری ئۆتۆنۆمید ، بە کۆمارێکی سەربەخۆ لە چوارچێوەی سنووری ڕووسیای فیدرال .

شایەنی باسە کە کامیلکەکان بە پێی سەرژمێری سالّی ١٩٨٩ ی یەکێتی سۆڤیەت ژمارەیان ١٧٣،٥٠٠ هەزار کەس بووە و زمانیان لە بنەماڵەی زمانە مەگۆلیەکان و لەچەند زاراوەیەك پێك هاتبوو، کالمیکەکان لەسەدەی ١٦ دا کەووتنە بەر پەلاماری خانی، مەگۆلیەکان و چینیەکان و کازاخەکان ، کە ئەمەش بووە هۆی هەلاّتن و ئاوارەبوونیان ، لە سالّی ١٦٠٨-١٦٠٩ بەپێی بەیاننامــەو بەلّگەنامــەکان ، بەشــێوەیەکی ئارەزوومەندانــە هاتنــە نــاو ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا .

کامیلکەکان لە تەواوی شارەکانی ڕووسیا داو لە بزووتنەوەی جووتیاریدا بەشداریان کردبوو، لەکاتی لەشکرکێشی پیتر – قەیسەر – ی یەکەم بۆ سەر ئێران و چالاکانە بەشداریان کردووە ، لە سالّی ١٨١٢ لە ڕیزی لەشکری ڕووسیادا گەیشتنە پاریس ... بەلاّم بۆ کورد دەسەلاّتی سۆڤیەت لەدوای کۆچی لینین بە ناشرینترین شێوە پەلاماری کوردیان دا لەسەر خاکی خۆی لە کوردستان.

١٢/١٢/١٩٣٠ بۆ یەکەم جار لە مێژووی جیهانی سینەما فلیمی سینەمای بێ دەنگ بەناوی – ئابی و رابی– لەتارانی پایتەختی ئێران پەخشکرا.

٢٢/١٢/١٩٣٠ بڕیاری لیژنەی ئینتدابی هەمیشەیی لە ئەنجوومەنی گشتی کۆمەلّەی گەلان لەسەر یاداشتەکەی دەستەی نیشتمانی ناوەندی لە باشووری کوردستان ، بەم جۆرە وەلاّمی یاداشتەکەی داوەتەوە:– هیچ بڕیارێك نییە لەکۆمەلّەی گــەلان دەرچــوو بێــت ، بەپاکانــەکردن لــە داوای پێــشکەش کــراو ، بــە دامەزراندنی حکوومەتی کوردی لەژێر چاودێری کۆمەلّەی گەلان ، کە ئەو داوایەش هیچ بنەمایەکی نییە لەبەندەکانی یاساى کۆمەلّەی گەلاندا .

١٩٣١

١٧/٣/١٩٣١ بــە هــۆی بــاری ناوچــەی بــارزان لــە باشــووری کوردســتان و جمووجــوّلی جەماوەرەکە ... لەکۆشکی شانشینی لە ئێراق فەیسەلی یەکەم کۆبوونەوەی

لە گەڵ مەندووبی سامی بەریتانیاو سەرکردەی گشتی هێزەکانی سووپای بەریتانیا لە ئێراقو سەرەك وەزیران نوری سەعیدو وەزیری بەرگری تەها هاشمیو سەرۆکی ئەرکانی سووپای ئێراقو راوێژکاری وەزارەتی ناوخۆو چاودێری گشتی بەریتانیا لە سەر سووپای ئێراق – کۆرنوالیس– ئەنجامدا،... بۆ تاوتۆ کردنی باری ناوچەی بارزان لە هەرێمی باشووری کوردستان و چارەسەر کردنی ... بەڵام کۆبوونەوەکە هیچ ئاکامێکی لێ رانەگەیەندرا. لە لایەن ئەنجامدەرانی کۆبوونەوەکە لە ئێراق .

١٩٣١/٣/٢١ سەر کردەی کورد شێخ مەحمودی حەفید نامەیەکی ئاراستەی سەرۆکی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا کرد ،... لەبارەی باری کوردو لکاندنی باشووری کوردستان بەرژێمی شانشینی ئێراقی دورستکراو، لەنامەکەیدا داوای دامەزراندنی حکوومەتی کوردی لە باشووری کوردستان کرد ، لە ژێر ئینتیدابی کۆمەلەی گەلآن لە هەرێمەکەدا

١٩٣١/٣/٢٨ ئەندامی ئەنجوومەنی نووێنەران سەعد سالحی ناوبراو لەناو هۆڵی پەرلەمانی ئێراق هاواری کردو گوتی:– یادەبێ شێخ مەحمود لەناوبەرین . یاخوود دەبێ ئەو مافانەی داوای دەکات لە باکووری ئێراق بۆی جێبەجێ بکرێت لە هەرێمەکەدا .

١٩٣١/٤/١ بۆ یەکەم جار لەمێژووی ئێراقی دورستکراو ، دراوی ئێراقی بە ناوی– دینار– بلاوکرایەوەو بووە هۆکارێکی گرنگ لە پەیوەندی



ئابووریو بازرگانی لە کۆمەڵگای بەیەکەوە نووساندنی بە زۆری گەلانی ئێراق ، بە تایبەتی گەلی کوردستان بە ئێراق بەپێی پەیمانە بەدناوەکەی لۆزانی ١٩٢٣/٧/٢٤ی هاوپەیمانان بەسەرکردایەتی بەریتانیادا .

١٩٣١/٤/٥ بەرپابوونی شەڕی ئاوباریك لە نێوان هێزەکانی سووپای رژێمی شانشینی لە ئێراقو چەکدارانی کورد لە باشووری کوردستان.

١٩٣١/٤/١٢ بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەسپانیا کۆمارییەکان سەرکەووتنیان بەدەست هێنا ، بەرامبەر شانشینییەکان لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی شارەوانیدا ، کە زۆربەی دەنگدەران لە شاری مەدریدی پایتەختو شارە گەورەکانی ئەسپانیاو بەرشلۆنە بوو، بەو هۆکارە شانشین دەستی لە کاری رامیاری کشاندەوەو لەووڵات دەرچووە دەرەوە .

بەڵام وەزیرەکانی شانشین – ئەلفونس– سیازدەهەمی هەڵاتوو دەستیان لە پۆستەکانیان هەلگرت ، بێ ئەوەی چاوەروانی پێك هێنانی حکوومەتی نوێ بکەن لە ئەسپانیادا .

١٩٣١/٤/١٤ لە دوای هەڵاتنی شانشینی ئەسپانیا ئەلفۆنسی سیانزەهەم بەهۆی هۆکاری سەرنەکەووتنیان لە هەڵبژاردنەکان ، بۆ یەکەم جار لەمێژووی ئەسپانیا رژێمی کۆماری راگەیەندرا ، بەهەڵووەشانەوەی رژێمی شانشینی لە هەموو بوارە جیاجیاکان..

١٩٣١/٤/٢٤ سەرکردەی کورد لە باشووری کوردستان شێخ مەحمودی حەفید نامەیەکی لە بارەی کێشەو مافی کورد لەباشووری کوردستانی لکێدراو بە ئێراق ، ئاراستەی کۆمیسەری بەریتانیا کرد ، لە خۆرهەڵات لەپێناو دەست پێکردنی گفتووگۆ لە نێوان کوردو بەریتانیاو ئێراق لە ووڵاتەکەدا .



١٩٣١/٥/٥ کتێبەکەی محمد ئەمین زەکی بەناوبانگی - کوردو کوردستان- لە یەك بەرگی قەشەنگ بەچاپگەیەندرا ، کە مێژووی کوردو کوردستان بەشێوویەکی لەبار هەلدەسەنگێنێ لە هەموو بوارەکان بەتایبەتی لە بوارەکانی نەتەوەیی و نیشتمانیو داب و نەریتو زمانو مێژوو کەلتوورو شووێنەوارو پەیووەندییەکان ، لەگەڵ گەلانی دیکەی ناو کوردستانو دەرەوەی کوردستانو شۆرشو

راپەرینەکاندا

١٩٣١/٥/١٣ ڕژێمی شاهانشینی لە ئێراق راپۆرتێکی ئارەزوومەندانەی نوێی ئاڕاستەی سکرتێری گشتی کۆمەڵەی گەلان کرد . لە پێناو بوونی بە ئەندامی کۆمەڵە ، کە راپۆرتەکە بەسەر ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمەڵە دابەش کرا ، ئەویش لەپێناو گفتوو گۆکردن لەسەر بەجێبەجێ کردنی داواکەی رژێمی ئێراق.

شایانی باسە کە ناوەرۆکی ئەو راپۆرتە بوارەکانی رامیاری و کارگێری و ئابووری و بازرگانی و کۆمەلایەتی و سەربازی لە خۆ دەگرت، و لەلایەکی دیکە بەدەرخستنی هەندێ زانیاری لەبارەی کورد لەباشووری کوردستان ، بەپێی زنجیرەیی مێژوویی .

هەروا لەبارەی راپەرین و خۆپیشاندانەکانی کوردو باری کورد لەهەموو بوارەکان لەژێر دەسەلاتی رژێمی شاهانشینی لە ئێراق ، هەروا لەبارەی نەتەوەکانی دیکەی وەك تورکمان و ئاشوورو سابیئەو خواست و ویست و بەرژەوەندی داهاتووی رژێمی شاهانشین لە ئێراقدا .

١٩٣١/٥/١٣ لە ئەنجامی رووبەرووبوونەوەی هێزە چەکدارەکانی شێخ مەحمودو هێزەکانی سووپای رژێمی شانشینی لە ئێراق و بەریتانیا ، ئەویش بە بۆردومان کردنی



فرۆکەکەی A.T. Wilson

شاری سلێمانی و دەوروبەری و شاری کەرکوك بە فرۆکە جەنگیەکان لە باشووری کوردستان ... کە بووە هۆی شکانی هێزەکانی چەکداری کورد ، لە ئاکام بووە هۆی خۆ بەدەستەوەدانی – شێخ مەحمودی حەفید – بە هێزەکانی سووپای ئێراق و بەریتانیا و بە دروست بوونی بارو دۆخێکی نا لەباری ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی و کەرکوك لەباشووری کوردستانی لکێدراو بە ئێراق.

١٩٣١/٥/١٩ هێزێکی چەکداری کورد لە باکووری کوردستان هێرشیان کردە سەر سەربازگەیەکی سوپای فارسی لە ئێران لە رۆژهەلاّتی کوردستان لە ئەنجامدا ١٢٤ سەرباز کوژران و زیاتر لە ٢٥٠ سەربازیش بریندار کران لە ناوچەکەدا .

١٩٣١/٥/٢١ هێزەکانی ئاسمانی سووپای جەنگی بەریتانیا بۆردومانی ناوچەی رواندزی سەر بەپارێزگای هەولێر کرد لە باشووری کوردستان... کە بووە هۆی وێرانکردنی ١٣٦ مال و ٧٩ گوند، کە ئەم کارەش لە رۆژنامەی – تایمزی–ی لەندەنی بلاوکرایەوە.

١٩٣١/٦/٣ بالوێزی رژێمی شاهەنشاهی ئێران ، لە شاری ئەستەمبوڵ تورکیا بیرخەرەوەیەکی ئاراستەی بالوێزی بەریتانیا – سێرکلێرك– لە تورکیا کرد ، کەتیایدا نووسرابوو :– دەبێ کێشەی شێخ مەحمود بەکێشەیەکی گرنگ وەربگیرێ لەپێناو چارەسەری بارو دۆخەکە بە هۆی مەترسیداریەتی دوا رۆژی ناوچەکەو بزووتنەوەی کورد لە کوردستان بەتایبەتی لە باشووری کوردستاندا .

١٩٣١/٦/٤ کۆچی دوایی شاحوسێن عەلی بە هۆی نەخۆشی لە عەمانی پایتەختی ئوردن.. شایانی باسە شاحوسێن عەلی محەمەد عەبدولمعین لە شاری ئەستەمبۆلی تورکی لەدایك بووە ، لە سالّی ١٨٥٣ ، کە دایکی شەرکەس بووەو لە دایك بووی باکووری کوردستان بووەو ناوی وەسیلە خانم بووە... بەم هۆکارەوە ئەو بنەماڵەیە لە ئەستەمبوڵ دەژیان .

١٩٣١/٦/١٧ لێپرسراوی کاروباری پەروەردەو فێرکردنی هەرێمی کارگێری کوردستان – ئەلباسۆڤیتش–ی لە ئازربایجان ، لە بەردەم بەشدار بووانی کۆبوونەوەی تایبەت بە کەمەنەتەوایەتیەکانی کۆماری ئازربایجان.

باسی ئەوەی کردووە ، کە ئەو ئەلف و بێیەی کتێبی خووێندنی کوردی سالّی ١٩٢٢ی کە پێشنیار کراون بۆ خووێندنی زمانی کوردی چۆن خراوەتە پشت گوێ لە وولاّتەکەدا .

١٩٣١/٦/٢٨ لە دوای راگەیاندنی رژێمی کۆماری لە ئەسپانیاو هەلّووەشاندنەوەی رژێمی شانشینی لە ١٩٣١/٤/١٤ هەلّبژاردنی گشتی کۆمەلّەی دامەزرێنەر ئەنجامدراو – ئۆرتیجا – خۆی پالاّوت و لە ئاکام بووە ئەندامی هەلّبژێردراوی ئەو کۆمەلّەیە لەکەرتی لیۆن.

هەروا پارتەکەی ١٢ کورسی بەدەست هێناو لە هەمان پارتی سۆشیالستی ١١٧ کورسی بە دەست هێناو رادیکالیەکان ٩٣ کورسی، کە ژمارەی کورسیەکانی کۆمەڵەکە ٤٧٠ کورسی بوون لە ئەسپانیا.

بەڵام بەهۆی لەبارچوونی بارودۆخی ئیسپانیا و بەرپابوونی شەڕی ناوەخۆی ئەسپانیا لە ١٩٣٦/٧/١٧، ئورتیجا ئەسپانیای جێهێشت و بەرەو وڵاتەکانی فەرەنساو هۆلەنداو پورتووگال و ئەرژەنتین دەسووڕایەوەو ژیانی پەنابەری بردەسەر تاکوو کۆتایی جەنگی دووەمی جیهان لە ساڵی ١٩٤٥ و ئەویش گەراوە ئەسپانیاو وازی لە هەموو بوارەکانی رامیاری هێنا لە وڵاتەکەیدا.

١٩٣١/٧/١٤ لە هێرشێکی شۆرشگێرانی کورد لە باکووری کوردستان بۆ سەر ناوچەی- قەرەئین- لە رۆژهەڵاتی کوردستانی لکێدراو بە ئێران، لە ئەنجام بووە هۆی کوژرانی ٥٠ سەربازی سووپای فارس، لەئاکام بووە هۆی دورست بوونی کێشە لە نێوان رژێمی فارس و تورك لە سەر خاکی کوردستان، بەناوی ئەوەی کە رژێمی تورك یارمەتی چەکدارە کوردەکان دەدات دژی رژێمی ئێران.

١٩٣١/٨/٢ لە نووسینەکانی- بۆکشپان، ئایاکۆ- نامیلکەیەکی ٩٢ لاپەڕەیی و یاداشتەکانی لە ٣٦ ڕۆژی سەردانەکانی بۆناوچەکانی - ئۆیەزدی- کوردستانی ئازربایجان و- لاچین و کەلباجار- و ناوچەی نەخجەوان کە لەلایەن بەشی زانیاری سەر بەوەزارەتی پەروەردەی ئازربایجان و هەروا پەیمانگای زانستی- تووێژینەوەی دەوڵەتی ئازربایجان لە - بەشی ڕۆژهەڵاتدا.

ئەویش بە مەبەستی لێکۆڵینەوەی ئەو کێشە کەلپووریانەی کە پەیوەندیان بەناوچەی کوردنشینەکانی ئازربایجانەوە هەیە، سەردانێکی کورتی ناوچەکەی کرد، کێشەکانی زمان و جیاوازی زاراوەکانی کوردی ئازەربایجان و ئەرمەنستان و کێشەی ئاستی پەروەردەو بارهێنانی کە مەبەستی سەرەکی گەشتەکەی بووە بۆناوچەکاندا.

١٩٣١/٨/١٤ لـه دایـك بـوونی رووناكبیرو نووســـەرو رۆژنامەنووســـی نــاوداری كــورد مامۆســتا – محەمــەد مــەلا عەبدولكــەریم موودەرس – لـه گوندی بیره، ئـەم گونـده كەوتۆتـه نێـوان سنووری ئێراق و ئێران، كه له ســەر خــاكی كوردســـتانی دابەشـكراو داگیر كـراوه، لـه سـەر شـاخەكانی هـەورامانی سـەر بـه ناحیـەی خوورمـاڵ و قەزای هەڵەبجەیه.



جێگەی باسكردنه كه مامۆستا محەمەد سەرەتای خوێندنی به خوێندنی ئـاینی بـووه لـه لایـەن بـاوكی تـەنیا دوو سـاڵ نـەبێت كـه خـەریك بـووه بـه خوێنـدنی قورئــان و چــەندین كتێــب بــه زمــانی كــوردی و فارســی و مەبدەئـەكانی هێـل لـه لایـەن مەلایـەكی گوندەكـەدا. دوای ئـەوه خێزانـەكی چوونەته شاری سلێمانی و باوكی بۆته مامۆستا له قوتابخانه حاجی حانی ئاینی و به خوێندنی له لایەن باوكیەوه بەردەوام بووه تاكوو گەیشتۆته پلـەی زانـای ئـاینی لـه شـارەكەدا. دوای ئـەوه بەهۆی بیری نەتـەوەیی و نیشتمانی كەوتۆتـه بـواری رامیـاری بـەم هۆكـارەش تووشـی زینـدان و خۆ حەشـاردان بـووه لـه ژێـر دەسـتی پیـاوانی لـه دەسـەڵاتدار لـه ئێـراق و بەتایبەتی له باشووری كوردستان.

هەروا له سەرەتادا دەستی به خوێندنەوەی رۆژنامەو گۆڤارەكانی ئه و كات كـردووه لـه هـەردوو بـواری ئـاینی و رامیاریـدا. ئـەم كەسـایەتیه رووناكبیره نیشتمانپەروەره رۆژێـك لـه رۆژان لـه هـیچ قوتابخانەیـەك نـەی خوێندووه و خـاوەنی بروانامـه نیـه ، تـەنا بروانامـەی ئـاینی نـەبێت بـه هـۆی بـوونی بنەماڵەكەی به بنه ماڵەیەكی ئاینی و زانای ئاینی و نەتەوەیی و نیشتمانی كـه باوكـه بـەرێزو ناودارەكـەی زیـاتر لـه ٥٠ دانـراوی ئـاینی هەمـەجۆری

بەرهەم هێناوە، بە زمانی کوردی و عەرەبی و کۆتایەکانی ژیانی لە مەزارگەی شێخ عەبدولقادر گەیلانی لە شاری بەغدا لە گەڕەکی شێخ عومەر بردۆتە سەر تاکوو کۆچی دوایی کردووە بە مالئاوایی کردنی لە گەلٚ و نیشتمان لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق.

هەروا بروانامەکەی بەرامبەر بروانامەی ئامادەیە ، لە بەر ئەوەی تا پۆلی ١٢ ئاینی خووێندووە، دوای ئەوە بە هۆی هەلوێست و بروای چەپرەوی چۆتە ناو ریزەکانی جوولانەوەی نیشتمانی پێشکەوتوو و یەکێك بووە لە تێکۆشەرەکانی جوولانەوەی ئاشتی لە نێوان سالەکانی ١٩٥٣—١٩٥٤ لە ئێراق بە تایبەتی لە هەرێمی باشووری کوردستان.

هەروا یەکێك بووە لە دامەزرێنەری یەکیەتی قوتابانی زانستی ئاینی – فەقێ – و هەروا دامەزراندنی گۆڤاری – دەنگی فەقێ – بە دەست نووسی کە مانگانە دەردەچوواندرا و لە زۆر جێگە لە شاری سلێمانی بلاو دەکرایەوەو هەروا رەوانەی پارێزگاکانی کەرکوك و دیالەو هەولێر دەکراو رۆلی گرنگی هەبوو لە لایەن خووێنەرانی ئەوکات لە هەرێمەکەدا.

مامۆستا محەمەد لە سالی ١٩٥٤ لە لایەن رژێمی شانشینی ئێراق دەستگیر کراوە بە تایبەتی لە کاتی سەرەك وەزیرانی ئەو کاتی ئێراق نووری سەعید کە دژ بە چەپرەوەکان و پارتی کۆمۆنیستی ئێراق بوو لە گەلٚ پارتی دیموکراتی کوردستان و جوولانەوەی ئاشتی لە ئێراق.

هەروا مامۆستا مجەمەد لە سالی ١٩٤٩ دەستی کردووە بە نووسینی بابەت و بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی – الندا – لە شاری بەغدا و ئیتر بەردەوام بووە لە نووسین و بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەو گۆڤارەکان قۆناخ لە دوای قۆناخ بە پێی گۆرانکاری باری رامیاری و نەتەوەیی و نیشتیمانی و کۆمەلایەتی، هەروا لە سالی ١٩٥٢ بابەتی لە رۆژنامەی ژین بلاوکردۆتەوە و لە سالی ١٩٥١ توا نی یەکەم کتاب دابنێ بە شێووەی رەخنەگرتن.

ئەم کەسایەتیە لە ماوەی نووسینەکانیدا بە دەیا بابەت و دانراو وەرگێران و لێکۆلینەوە و توویژینەوەی هەبووە لە هەموو بوارەکانی ئاینی و رامیاری و نەتەوەیی و نیشتیمانی و شیعرو ئەدەب و چەندین بواری دیکە.

سەرچاوە:– گۆڤاری سەردەمی عەرەبی – ژمارە / ٢١

١٩٣١/٩/٨ لـــــــــــه دوای هەڵووەشــــــاندنەوەی کۆمـــاری کوردستانــسکی ئۆیەزید لەلایـەن سەرۆکی یەکیـــــەتی ســـــۆڤیەت جۆزیـــــف ســــتالین... لیژنەیـــەکی تایبـــەت بـــۆ لێکۆڵینــەوەی بـارودۆخی نەتـــــەوەیی لــــه ناوچـــه کوردەواریـەکانی کۆمـاری ئازربایجان بەسەرۆکایەتی – یۆکـــــشپان– پێـــــك هێنــرا... کـه ئەنـدامانی ئـەو لیژنەیـه لـه کوردناسـی – ی . مـارەگۆلف– و مامۆسـتای فێرگـەی سـەرەتایی گونـدی مینکەنـد ، کـه دانیـشتووانەکەی کـوردن، سـەمەد شاسـووارو پسپۆری زمـانی تـورکی ئیـدریس حەسـەنۆف و پسپۆری ئەتنۆگرافی عـەلی ئەکبەرۆف پێك هـاتبوو .. کە کـاری لیژنەکـه ٣٦ رۆژی خایانـدو لـه ئاکـام راپـۆرتێکی تێـرو تەسـەلی لەسـەر کێشەی کـوردی ئازربایجان بلاو کردەوە ، لە کتێبێکی سەربەخۆی ٩٢ لاپەرە بەناوی کـوردی ئازربایجان بەچاپگەیاند.

١٩٣١/٩/١١ هێزەکـانی سـووپای ئیتاڵیا سـەرکردەی شۆڕشـی وولاتـی لیبیاو تێکۆشـەرو کەسـایەتی نـاوداری عـەرەبیان– عومـەر موختـار– بەزامـداری دەسـتگیر کـرد لەبەرەکانی شەڕدا.

جێگەی باسکردنە لە دوای دەسـتگیر کردنـی عومـەر موختـار بـه زامـداری لـه گۆڕەپانی جەنگی دژی هێزەکانی سوویای ئیتاڵیا لە سێدارەدانی ئەو رابەرو پێـشەوا قارەمانــەی گــەلی لیبیـا لەلایــەن دەســەڵاتی شانــشینی ئیتاڵیــای داگیرکەری ئەوکات لە ٩/١٥ /١٩٣١ ئەنجامدرا

١٩٣١/١١/٢٦ سـەرۆك عەشـیرەتی برادۆسـتەکان بەسـەرکردایەتی شـێخ رەشـیدی لـۆلان هێرشیان کـردە سـەر عەشـیرەتی بارزانیەکان ، لـه ناوچـەی بـارزانی سـەر بـه پارێزگای هەولێر لە باشووری کوردستان ... کە ئەم هێرشەی برادۆستیەکان

بەپشتیووانی هێزەکانی سووپای رژێمی شانشینی لە ئێراق بوو لە هەرێمەکەدا .

١٩٣١/١٢/٨ لە ئەنجامی بەردەوام بوونی پیاوە بەکرێ گیراوەکانی رژێمی شانشینی لە ئێراق دژی کوردو کوردستان ، هێرشی بارزانیەکان بۆ سەر قەزای ئاکرێ دەستی پێکردو لەئەنجام قائمقام و چەند پۆلیس دەستگیر کران لە هەرێمەکەدا .



١٩٣١/١٢/٩ لە راپەرینی یەکەمی بارزاندا لە هەرێمی باشووری کوردستانی لکێندراو بەرژێمی شانشینی لە ئێراق .

ئەویش بە سەرکردایەتی مستەفا بارزانی لە شەڕی - بەفری بەگ - بە هەشت چەکدارەوە سووپای رژێمی شانشینی پاشەکشەی پێکراو لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا ١٢٦ کوژراو لە هێزەکانی سووپای ئێراق بەجێ ماو راپەرینەکە پەرەی سەندو لە ئەنجام بەرێوەبەری ناوچەی بلە بەدیل گیرا.

١٩٣٢

١٩٣٢/١/١٢ هێزەکانی سووپای رژێمی شانشینی لە ئێراق بریاری پەلاماردانی ناوچەی بارزانی دا ، لە دوای ئەوە ئیدارەی ناحیەی شێروان و مزوری بالاو بارزانی دامەزراند لەباشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق... لەپێناو گەمارۆدانی جموجۆڵی چەکدارانی کورد لە ناوچەکەو لەچەندین لایەنی جۆراو جۆردا.

١٩٣٢/١/٢٣ مۆرکردنی رێکەووتننامە لە نێوان رژێمی شای ئێران و رژێمی شۆڤێنی تورکیا ، لە پێناو گەمارۆدان و لێدانی راپەرینەکانی ئارارات... هەر لە هەمان کات رژێمی شای ئێران چیای ئاراراتی بچووکی پێشکەش بە تورکیا

کرد ، بۆ ئەوەی هێرشکردنە سەر چیای ئاراراتی گەوورە ئاسانتر بێت لە ناوچەکەدا .
کە ئەویش بووە هۆی کۆتایی هێنان بە کێشەی سنووری لە نێوانیاندا ...شایانی باسە کە درێژایی سنووری نێوان هەردوو رژێمی ئێران و تورکیا لەسەر خاکی کوردستانی دابەشکراو داگیراوە لەلایەن هەردوو دەسەلاتی دژ بە یەکتری لە هەموو لایەنێك تەنیا لەسەر کێشەی کورد نەبێت لە باکوورو رۆژهەلاتی کوردستان ، بە پێی پەیمانی لۆزانی ١٩٢٣/٧/٢٤ لە نێوان وولاتانی هاوپەیمان بە سەرکردایەتی بەریتانیا .

٢٣ /١/١٩٣٢ مۆرکردنی رێکەووتننامەی نێوان هەردوو دەوولەتی دروستکراو لە سەر خاکی کوردستان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان کە ئێران ١٩٤٠٠٠هەزار کیاۆمەتر چوارگۆشەی لە خاکی رۆژهەلاتی کوردستان پێووە لکێندراوەوو تورکیاش زیاتر لە ٢١٢٠٠٠ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەی بە دەوولەتەکە ی لە خاکی باکووری کوردستان پێووە لکێندراوە.
جێگەی باسکردنە کە ئەم رێکەووتننامەیە لە نێوان تورکیاو ئێران بە پێدانی هەندێك زەوی بوو لە ناوچە سنوورییەکانی نێوانیان کە خاکی کوردستانە، دەسەلاتی شای ئێران دای بە دەسەلاتی

تورکیا بە بەدەستهێنانی ئێرانیش بە بەشێك لە ناوچەکانی دەوڵەتی تورکیا ، ئەم ئاڵووگۆڕە بە زەوی لە نێوان هەردوو وولاتی دژ بە یەکتری و کۆك بوونیان لە سەر نەدانی مافی کورد بە پێی بەرژەوەندیەکانی نێوانیان بووە، کە بە پێی هەلکەوتەی جووگرافی لە پێناو پاراستنی سنوورەکانیان و کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان دژ بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان.

١٩٣٢/١/٢٧ لە دوای وەرگرتنی رژێمی شانشینی لە ئێراق بە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان ، دانینا بە مەرجەکانی رێکەوتنەکەو دەرنەچوونی لێی بەبێ رەزامەندی ئەنجوومەنی کۆمەلەی گەلان ، لەبارەی چارەسەری کێشەی کورد لە چوار چێوەی سنووری ئێراقی دورستکراو لەسەرخاکی باشووری کوردستان.

١٩٣٢/٢/١ لە دوای گفتووگۆ لە نێوان ئەحمەد بارزانی و شێخ رەشیدی لۆلان ئەویش بەناوبژیوانی هەردوو پارێزگاری موسل و هەولێرو قائمقامی رواندوزو زێبار ، شێخ ئەحمەد بارزانی ٦٠٠ چەکداری ئامادەکرد ، لەپێناو پەلاماردانی ئەو گوندو ناوچانەی کە دەکەوتنە ژێر دەستی عەشیرەتی شێخ رەشیدی لۆلان .

ئەویش بە هۆی پەیوەندی بوونی پەیوەندی لەگەڵ رژێمی شانشینی لە ئێراق و وەستانی دژی راپەرینەکانی کورد ، لە هەرێمی باشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق لە ناوچەکەدا .

١٩٣٢/٢/٩ هێزەکانی سووپای رژێمی شانشینی لە ئێراق هێرشیان کردە سەر ناوچەی بارزان لە باشووری کوردستان... لەئەنجامدا هێرشەکە شکاو بەدەیان چەکدار لە هەردوو لا گیانیان لەدەست داو بریندار بوون لە هەرێمەکەدا .

١٩٣٢/٢/٢٥ بە هۆی بارینی باران و بەفرێکی زۆری بێ وێنە لەهەرێمی باشووری کوردستان... کە بووە هۆی وەستانی هەموو جۆرە کارو هاتووچۆیەك لەشاری سلێمانی و دەووروبەریدا.

١٩٣٢/٣/١١ گرێـــدانی یەکـــەم کـۆنگرەی مۆزیکـای عـەرەبی لـە شـاری قـاهیرەی پایتـەختی میـسر، بـە ئامـادە بـوونی مۆزیکـا ژەنـەکانی عـەرەب بـە



هـەموو ئامێرەکـانی مۆزیکـای ئـەو سـەردەمە لـە پێنـاو بەرەوپێـشبردنی لـە بووارەکانی هونەری مۆزیکاو گۆرانیە هەمەجۆرەکان لە حەیران و بەستە و مەقامی ئێراقی و وولاتانی دیکەی عەرەبی لە رۆژهەلاتی ناوەراست.
دوای ئـەوە بارگاکـەی لـە شـاری قـاهیرەی پایتـەختی میـسر گوواسـتراوە بـۆ شاری بەغدا لە سالی ١٩٧١، بەلام لـە دوای داگیرکردنـی وولاتـی کوویـت لـە سـالی ١٩٩١ بارەگـای کـۆنگرەی مۆزیکـای عـەرەبی گوواسـترایەوە بـۆ شـاری عـەممانی پایتـەختی ئـووردن و تـاکوو ئێـستاش بارەگاکـەی لـە شـاری عەممانـە. کـە هـەر وولاتێـك بەشـداربوونی بـە ئەنـدامێك کـردووە لـەو کۆمەلگایەدا.

سەرچاوە رۆژنامەی – حەیات – ٢٠٠٧/٣/١.

١٩٣٢/٣/١٢ رژێمی شانشینی لە ئێراق بیرخەرەوەیەکی ئاراستەی شێخ ئەحمەد بارزانی کرد کە تێیدا مۆلەتی ٤٨ کاتژمێری پێدا ، بۆ ئەوەی ماوە بەدەسەلاتی میری بدات و بتوانێ لەناوچەی بلێ دەسەلاتی خۆی دابمەزرێنێ .
بـەلام شـێخ ئەحمـەد بـارزانی ئـەو داوایـەی رژێمـی شانـشینی رەتکـردەوە ، ئـەویش بـە هـۆی لـەناو بـردن و گـەماروٚدانی کـوردو مـافی نەتـەوەیی نـەك یارمەتی دان و چارەی کێشەکان.

١٩٣٢/٣/١٥ بلاو کردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری هـەتاو لـە وولاتـی سـووریا لـە هـەمان رۆژوکات گۆڤاری هاوار لەشام بلاو کرایەوە لەلایەن بنەمالەی بەدرخانیەکان.

١٩٣٢/٣/١٥ هێزەکـانی سـووپای رژێمـی شانـشینی لـە ئێـراق لـە دوای نەگەیـشتن بەرێکـەووتن لەگـەل ئەحمـەد بـارزانی هێرشـی کـردە سەرناوچـەی بـارزان و

ناوچە جیاجیاکانی دیکەی باشووری کوردستان.

١٩٣٢/٤/٤ بە هۆی بەردەوام بوون لە شەڕی نێوان هێزە چەکدارەکانی مستەفا بارزانی و هێزەکانی سووپای رژێمی شانشینی لە ئێراق لە دۆڵی – ڤاژی– لە ئەنجام سووپای ئێراق پاشەکشەیان پێکراو ٢٥٣ کوژراویان لێ بەجێ ما لە گەڵ ١٢ شەهیدی هێزە چەکدارەکانی مستەفا بارزانی لەباشووری کوردستان.

١٩٣٢/٤/٤ لە دایک بوونی تاراکوڤسکی ئارینی تاژاکوڤسکی لەشاری مۆسکۆی پایتەختی رووسیای یەکگرتوو – شایانی باسە ئەم دەرهێنەرە لە ١٩٨٦/١٢/٢٩ بەهۆی نەخۆشی شێر پەنجە کۆچی دوایی دەکات. ئەم دەرهێنەرە لەماوەی ژیانی زیاتر لە ١٠ بەرهەمی سینەمایی بە فلیم بەرهەم هێناوەو رۆڵی گرنگی لە بواری سینەما هەبوو لە وولاتەکەیدا.

١٩٣٢/٤/٦ بە هۆی هێرشی بەرفراوانی هێزەکانی سووپای رژێمی ئێراق بەپالپشتی هێزەکانی سووپای بەریتانیا بۆ سەر ناوچەی بارزان و دەووروبەری لە هەرێمی باشووری کوردستان ، بووە هۆی شکانی هێزی بارزانیەکان ، کە بووە هۆی ئەوەی هێزەکانی سووپای ئێراق ناوچەی ئاکرێی مەلبەندی بارزان بگرێتە دەست لە هەرێمەکەدا.



١٩٣٢/٤/٢٣ بە مەبەستی رێکخستنی کاروباری ئەدەب و هونەر، پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت بە بریارێکی فەرمی یەکیەتی نووسەرانی سۆڤیەتی دامەزراند. لەو سەردەمدا کە جۆزێف ستالین سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیست و سەرۆکی حکوومەتی سۆڤیەت بوو، کە سەر قاڵی کووشتن و لە ناو بردنی هەموو ئەو نەیارانە بوو، کە سمێلیان دەلستەوە بۆ داگیر کردنی جێگەی ئەو، لە سەر دەسەڵاتی سۆڤیەتدا.

بێگومان ستالین له هەموو کاروبارەکانیدا لەم رووەوە سەرکەوتوو بوو، وەك دکتاتۆرێك مایەوە لە سەر دەسەلآت تا سالّی ١٩٥٣. ئەویش بە مردنی سرووشتی خۆی له شاری مۆسکۆی پایتەختی یەکیەتی سۆڤیەتدا.

یەکیەتی نووسەران وەك دەزگایەکی دەوولّەت بەر پرسیاری هەموو کارو بارێکی ئەدەب و داهێنانی ئەدەبی بوو لە وولآتدا.

لە رۆژی دامەزراندنیەوە لە کاردا بوو تا کۆتایی هاتنی دەسەلآتی کۆمۆنیستەکان و رووخاندنی دەسەلآتی سۆڤیەت له لایەن سەرۆکی سۆڤیەت میخائیل گۆرباتشۆڤ. مەبەستی سەرۆکی یەکیەتی نووسەران، وەك پارتی کۆمۆنیست بۆی دیاری دەکرد بۆ دروستکردنی رۆشنبیری و خوێندەواریەکی سۆشیالیستی و پشتگیری کردنی بەرنامەی دەسەلآت ئامادە بوو، دەست بە سنگەوە بووەستیّ بۆ هێنانەدی هەموو فەرمانێکی پارتی کۆمۆنیست کە دەری دەکرد لە ناو وولآتەکەدا.

لە بەر ئەوەی یەکیەتی نووسەرانی سۆڤیەت وەك دەزگایەکی دەووری تەواوی – کاگیّ بیّ – و – گلاڤلیت – ی k,g,b، دەبینی لە بەر ئەوەی چاوی بریبووە کردەوەو هەست و نەستی شاعیر و نووسەران، هەروا بە رەزامەندی بوونی ئەویش نەبووایە بەرهەمیان بلآو نەدەکرایەوە، بەم جۆرە یەکیەتی بنکەی پروپاگەندە بوو بۆ دەوولّەتی سۆڤیەت.

هەروا لە پاش جەنگی دووەمی جیهان فرمانڕەوایی ستالین بە هۆی یەکیەتی نووسەرانەوە دەستی لە قورقوڕاگەی شاعیرو نووسەرانی گیر کرد بوو، رامیاریەتێکی سەیری بە کار دەهێنا، بە پێی بەرنامەیەکی ژیرانە بەربەرەکانی شاعیرو نووسەرانی دەکرد.

هەروا بەوەی گووزەرانی نەمری و نە ژیانی بۆیان دەرەخساند. هەندیّ جار برسیشیان دەکردن، وایان بەسەر دەهێنان کە هیچ ئومێدێکیان نەبیّ لە بابەت بلآو کردنەوەی بەرهەمەکانیان. بۆیە زۆربەیان بیّ دەنگ دەبوون وەك بلّێی لە بیر دەچوونەوە، هەندێکیشیان لە رەسەنەکان لە نووسین نەدەچوونەوە و چاوەروانی دەرفەت دەبوون بۆ بلآو کردنەوەی بەرهەمەکانیان، مێژووی ئەدەبی رووسی ئەم سەردەمە ناریّکی زۆرمان بۆ دەوور دەکاتەوە لە شاعیرو نووسەرە سەربەستەکان.

١٩٣٢/٤/٢٩ چەكدارە بارزانییەكان لەناوچەی بارزانی سەر بە پارێزگای هەولێر لە باشووری كوردستان توانیان فرۆكەیەكی جەنگی هێزی ئاسمانی سووپای رژێمی ئێراق بخەنە خوارەوەو فرۆكەوان و یاریدەدەرەكەی بەدیل بگرن لە ناوچەكەدا .

١٩٣٢/٥/٥ رژێمی شۆڤینی توركیا بلاویكردەوە ، بەوەی كە پەرلەمانی توركیا یاسای ماوەدان بەتورك دەرچووە... ئەویش كە رێگە بە توركەكان دەدات خێزانەكانی كورد لە باكووردا بگوازێنێتەوەو هەرچی دیاردەی كوردەواری هەیە تیایدا بسرێتەوەو جێگەیان بە خێزانە توركەكان پر بكاتەوە لەباكووری كوردستان... ئەمەش كە دوو مەبەستی سەرەكی تیا جێ بەجێ دەكات ، ئەویش یەكەم بە توركردن و دووەم بە گۆرینی دیمۆگرافیای جووگرافیای باكووری كوردستان.

١٩٣٢/٥/٥ كۆچی دوایی نووسەرو رۆژنامەنووسی ناوداری كورد حوسێن نازم لە شاری سلێمانی لە باشووری كوردستان لە تەمەنی ٦٠ سالیداو گۆرەكەی لە گورستانی گردی سەیوانە لە شارەكەدا .

١٩٣٢/٥/١٥ بلاو كردنەوەی یەكەم ژمارەی گۆڤاری –هاوار– لەلایەن جەلادەت عالی بەدرخان لە دیمەشقی پایتەختی سووریاو نزێكەی ١٥ سال بەردەوام بوو لە بلاو كردنەوەیدا .

١٩٣٢/٥/٣٠ وەرگرتنی رژێمی شانشینی لە ئێراق لە ئەنجوومەنی كۆمەڵەی گەلان، هەروا بەند بوونی بەو مەرجانەی كە راگەیاندراو بوون بە دەستگیر بوون بە بریارەكانی كۆمەڵە ، بە دابین كردنی مافی كورد لە هەرێمی باشووری كورستان... كە رژێمی شانشینی دامەزراو لە ئێراق ناتوانێت هەلی بووەشێنێتەوە گەر بە رەزامەندی كۆمەلەی گەلان نەبێت بەپێی برگەی /١٠ لە بریارەكەدا .

١٩٣٢/٦/١ لە دوای بێ ئومێدی هێزەكانی چەكرداری ئاشووریەكان... بە وەلام نەدانەوەیان لەلایەن بەرپرسانی بەریتانیا ، بریاری هەلووەشانەوەی هێزی چەكداری ئاشووریەكان راگەیەندرا ، ئەویش بە هۆی رێكەووتننامە لە نێوان بەریتانیاو ئێراق و بالوێزی بەریتانیا– فرنسیس هیمفریز– كە داوای لە ئاشووریەكان كرد ، كە ئەفسەرەكان بگەرێنێتەوە جێگەی پێشووی خۆیان.

١٩٣٢/٦/٢١ لەئاكامی هێرشی هێزەكانی سووپای رژێمی شانشینی لە ئێراق و بەریتانیا ، بۆ سەر ناوچەی بارزان و دەوورووبەری لە باشووری كوردستان ، شێخ ئەحمەد بارزانی بەخۆیی و ٤٠٠ چەكدار پەنایان بردە بەر توركیا كە ١٠/ چەكدار لەوانە بەشداری شەڕی ئاگریان لە باكووری كوردستانی داگیر كراو لە لایەن رژێمی توركیا كرد بوو... لەئەنجامدا لەلایەن هێزەكانی سووپای توركیا دەستگیر كران و لە سێدارە دران لە هەرێمەكەدا .

١٩٣٢/٦/٢٢ دادگای سەربازی هێزەكانی سووپای رژێمی توركیا لەشاری دیاربەكر لە باكووری كوردستانی داگیر كراوی ژێر دەسەلاٌتی رژێمی توركیا بریاری لە سێدارەدانی بۆ ٣٠ شۆڕشگێر لە بەشداربووانی شۆڕشی ئاگری دەركرد لە هەرێمەكەدا.

١٩٣٢/٦/٢٢ ئیمپراتۆر سریا خەلیل ئەسفندیاری سەردار ئەسعەد بەختیاری لە نێوان شاری ئەسفەهان و باشووری رۆژئاوای ئەهواز چاوی بە جیهان هەڵهێناوە . لە باوكێكی ئیسلامی مەزهەب شیعە ، كە لە سەركردەكانی كوردی بەختیاری بووە ... باوكی سریا لە ساڵی ١٩٢٤ بەرەو ئەڵمانیا كۆچ دەكات و لەوێ نیشتەجێ دەبێ .

سریا لەگەڵ ئافرەتێكی ئەلمانی بەناوی – ئیفاكارل – شارەزای رۆژهەلات و رۆژئاوا دەبێت ... كە قوتابیەكی گەنج دەبێت و لە سویسراو ئینگلتەرا دەخوێنێ ، كە چوار زمان بەباشی دەزانێ ، ئەویش :– زمانەكانی فارسی و فەرەنسی و ئینگلیزی و ئەلمانی .

هەروا شای ئێرانیش ئەشقی جوانی و شۆخ و شەنگی ئەو كچە كوردە جوانە دەبێت و هیوای ئەوە دەخوازێت كە چاوی بەو كچە بكەوێت ئەویش بەرەزامەندی دایكی ... سریا كچە كورد رەزامەندی لە سەر داوەتەی شا كرد كە سەردانی تاران بكات و بەگەیشتنی سریا و چاوپێكەووتن لە ماوەی سێ رۆژ رێكەووتن لەسەر بوونی بەهاوسەری محەمەد رەزا شا .

شای ئێران بەو هۆكارە خاتوو سریا لە سەر گۆرەپانی رامیاری جیهانی دەركەوت بە بوونی هاوسەری محەمەد رەزا شا لە مانگی/٢/١٩٥١ . بەو هۆیە بووە ئیمپاتۆری ئێران كە تەمەنی لە ١٨ ساڵ زیاتر نەبوو .

واتە شاژنی ئێران – لەو ڕێگە هەوڵی بەرەو باشبردنی باری گوزەرانی گەلانی ئێرانیدا بۆ ئەوەی بیگوازێتەوە بۆ قۆناخێکی دیکە ... بەڵام دوای ماوەیەك کێشەی نێوانیان سەری هەڵداو تا گەیشتە ئەو ئاستەی کە لە مانگی ١٩٥٨/٣/ لێك جیابوونەوەو سریا بەرەو ئەوروپا گەرایەوە لە ژیانێکی پڕ لەخۆشی ژیانی بردە سەرو لەهەمان کات یاداشتەکەی بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی – الرای – ئوردنی لە ساڵی ٢٠٠٠ بلاّودەکردەوە .

جێگەی باسکردنە کە محەمەد ڕەزا شا خوشکی شانشین فارووق شانشینی میسر کە کوردەو لە بنەماڵەی خدێویە بەناوی – فەوزیە – بووە هاوسەری محەمەد ڕەزا شا و دوایی ئەویش تەلاق درا.

١٩٣٢/٧/٦ بە هۆی هێرشە یەك لەدوای یەکەکانی هێزی سووپای ئێراق بۆ سەر بزووتنەوەی ڕزگاری کورد لە ناوچەی بارزان و دەووروبەری لە باشووری کوردستان ، بەرەو لاوازی هەنگاوینا سەرەرای بەهێز بوونی ڕەگەکانی تاکوو دوای ساڵەکانی ١٩٤٠ لە هەرێمەکەدا.



١٩٣٢/٨/١٨ بۆ یەکەم جار ووروژاندنی بیرۆکەی پرۆژەی بەنداوی بێخمە لەلایەن ڕۆژنامەنووسێکی ئەمریکیەوە بوو کە لە ڕۆژنامەی – ئەوقاتی بەغدا – ی بە زمانی ئینگلیزی بلاّوکردەوە. ئەویش بەهۆی شیاوی ناوچەی بێخمە لە پێناو دروستکردنی بەنداوێك.

ئەویش وای لە هۆبەی پرۆژەکانی ئاودێری دەزگای – کودویلسونی بەریتانی – کرد کە لە ساڵی ١٩٣٧ بەسەرپەرشتی ئەندازیار ریشارد راپۆرتێك ئامادەبکات سەبارەت بەگوونجاوی و لە باری دروستکردنی بەنداوێك لەسەر زێی گەوورە. بەتایبەتی لەسەر دەربەندی بێخمە.

بەڵام بە هۆی سەختی گەیشتنی بەناوچەکە کە بەتاکە ڕێگر دەزانیٚ... دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٣٨ یەکێك لە جیۆلۆجیەکانی حکوومەت مستر – کوبنز – دووجار سەدانی ناوچەی بێخمەی کردوو دوو راپۆرتی ئامادە کردوو لە هەردوو راپۆرتەکەیدا پێی لەسەر ئەوە داگرت، کە دروستکردنی بەنداوێك لە سەر زێی گەوورە لەو دەربەندە گوونجاو ترین شووێنە بۆ ئەو پرۆژەیە. بەڵام دوای لافاوی ١٩٤١ دووبارە راپۆرتەکەو توویژینەوە سەبارەت بەم پرۆژەیە سەری هەڵدایەوە – مستەر وورد – ئەندازیاری پرۆژە گەوورەکان لە ساڵی ١٩٤٢ راپۆرتێکی سەبارەت بەشیاوی بێخمەی بۆ گلدانەوەی ئاو دووپات کردەوە.

هەروا دکتۆر – هەیگن –ی جیۆلۆجی ناس لە نێوان ساڵەکانی ١٩٤٥ – ١٩٤٩ دوو راپۆرتی خستە روو بەشیاوی ناوچەی بێخمە بۆ دروستکردنی بەنداوێك کە بە باشترین شووێنی دانا لە هەرێمەکەدا. شایانی باسە دوای ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٥٠ ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوەی ئێراق دامەزراو لەمانگی ١٩٥٢/٥/ کۆمپانیای – هارزا – ی ئەمەریکی راسپارد کە پشکنین و لێکۆڵینەوەی وورد لەسەر ئەو پرۆژەیە بکات بۆ دەست نیشانکردنی باشترین شوێن بۆ بەنداوەکە

، هەروا دەیزانی کە کۆتایی بەنداوەکە لەگەل مەرجەکان و مواسەفاتی تەندەری پرۆژەکە ئامادەبکات.

ئەوەبوو کۆمپانیای ناوبراو لەمانگی ١٩٥٣/٨/ راپۆرتی کۆتایی خۆی خستە روو... کە تیایدا بەرزی بەنداوەکەی بە ١٨٦ مەتر خەملاند , کە دەتوانیٚ نزیکەی ٩ ملیار مەتر سیٚ جا ئاوبگریٚ... هەروا گوژمەی خەرجیەکانی پرۆژەکە بە ٦٧ ملیۆن دیناری ئەوکاتەی ئێراقی تێدەچیٚ.

هەروا جیٚ بەجیٚ کردنی پرۆژەی بێخمە بە ٤ ساڵ تەواودەبیٚ... بەڵام بەهۆی سەرقاڵی دەووڵەتی ئێراق لەوکاتدا بە دروستکردنی بەنداوەکانی دوکان و دەربەندیخان و دوایی بەنداوەکانی حەمرین و پرۆژەی سەرسار بووە هۆی دوواخستنی پرۆژەی بەنداوی بێخمە لە هەرێمی باشووری کوردستان کە سەر بەپارێزگای هەولێری پایتەختی هەرێمەکە.

لەساڵی ١٩٧٠، دووبارە پرۆژەی بەنداوی بێخمە خرایە نێوو پرۆژەکانی پلانی گەشەپێدانی نەتەوەیی رژێمی ئێراق لەسالانی ١٩٧٠ – ١٩٧٤ کە

دووبارە کۆمپانیای – هارزا – ی ئەمەریکی بانگهێشت کرایەوەو دیسان پشت گوێ خرایەوە... بەڵام لەساڵی ١٩٧٩ پرۆژەی بەنداوی بێخمە بەتەوایی خرایە بەرنامەی کاری حکوومەتی بەگداو سەرەتایەك بوو کە قالبی بیرۆکەکەو خەون جێبهێڵێ و بکەوێتە بواری جێ بەجێ کردن... ئەویش دوای راسپاردنی دێت بەکۆمپانیای – EPDC– یابانی کە بە هەمان شێوەی کۆمپانیای – هارزا – دەستی پێکردو بەردەوام بوو لە پێناو بەئەنجام گەیاندنی پرۆژەکە... کاتی دەست پێکردنی پرۆژەکە لە ساڵی ١٩٨٦ بوو لە هەرێمی باشووری کوردستان.

١٩٣٢/٩/٢٣ دوای جێگیر بوونی دەسەڵاتی شانشینی وولاتی نوێی سعوودیە لە بیابانی دوورگەی عەرەبی دووبارە ناوی حیجازو نەژدی گۆری بۆ ناوی شانشینی عەرەبی سعوودی... ئەمەش لە دوای کۆتایی هاتنی دژایەتی کردنی یەکتر بوو لە نێوان بنەماڵەی ئالسعوودو شەریف حوسێن تاکوو دەرکردنی شەریف حوسێن لە حیجاز لە وولاتەکەدا .

١٩٣٢/١٠/٣ لە دوای هەوڵێکی بەردەوام رژێمی شانشینی ئێراق لە کۆمەڵەی گەلان بە ئەندامی کۆمەڵە وەرگیرا ، کە بووە هۆی راگەیاندنی سەربەخۆیی ئێراق ، بە ناوی شانشینی ئێراق لە ناوچەو کێشوورەکەدا ، بە مەرجێ مافەکانی کورد جێ بەجێ بکات لە باشووری کوردستان بەپێی رێکەووتننامەو مافە مرۆییەکانو کەمە نەتەوایەتیەکانی دیکە لە ئێراق .

دوای ئەوە لە ١٩٥٨/٧/١٤ رژێمی شانشینی رووخێندراو رژێمی کۆماری لە

ئێـراق راگەیانـدرا لـە شـاری بەغـدای پایتـەختی ئێـراق . کـە ژمـارەی دانیـشتووانی شـاری بەغـدا ،٥,٧٠٠,٠٠٠ ملیـۆن کەسـە . لـەو ژمـارە دانیشتووانەی کە لە شاری بەغدا هەن زیاتر لە ١,٣٥٠,٠٠٠ ملیۆن کەس کـوردن ، هـەروا ژمارەی دانیـشتووانی ئێـراق ٢٦,٩٥٠,٠٠٠ ملیـۆن کەسـە ، لـەو ژمـارە دانیـشتووانەی کـە لـە ئێراقـدا هەیـە ٦,٨٧٥,٠٠٠ملیـۆن کەسـە کـوردە . هـەروا رووبـەری خـاکی ئێـراق ٤٣٨,٣٢٠ هـەزار کیلـۆ مـەتر چـوار گۆشەیە ، کە لەو رووبەرەش ٨٤٠٠٠ هەشتاو چوار هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشــە خـاکی هـەرێمی باشـووری کوردسـتانی بـە پێـی پـەیمانی لـۆزانی ١٩٢٣/٧/٢٤ ی پێیَ لکێندراوە . هەروا چڕی دانشتووانەکەی ١٥٩ کـەس لـە یـەك میـل چـوار گۆشـەدا . هـەروا نـژادەکانی ، عـەرەب ٦٥٪ . کـورد ٢٨٪ . تورکمان و ئاشووری و کلدان و ئارامی ٧٪ . لە وولاّتەکەدا .

١٩٣٢/١٠/٥ لـە کۆبوونـەوەی ١١/ لـە خـوولی ٦٩ی ئەنجوومـەنی کۆمەڵـەی گـەلان لـە سـەر خاڵی بنـەرەتی کێـشەی ئاشـووریەکان لـە ئێـراق کـە شـتێکی بەرچـاو لەسـەر چارەی کێشەی ئاشووریەکان لە ئێراق دیاری نەکرا.

١٩٣٢/١٠/١٢ کورسـی پاپـاوی ، واتـە دەسـەلاّتی ڤـاتیکـان چـەندین ڕێکەووتننامـەی جـۆراو جۆری لەگـەڵ وولاّتـانی بیـانی مۆر کرد ، ئـەویش لـە دوای پـەیمانی لاتـران ، بـەناوی پـەیمانی کونکـۆردات و ، یەکـەم ڕێکـەووتنی لەگـەل وولاّتـی هۆڵەنـدا مۆر کرد لە کێشووەرەکەدا .

١٩٣٢ /١٠/١٩ کەسایەتی ئاشـووریەکان بـەتریرك مارشـەمعون لـە ژنێـف بـەرەو بـەیروتی پایتەختی لوبنان بەڕێکەووت ، دوای ئەوە بەرەو شاری دیمەشقی پایتەختی سـووریاو لەگـــەڵ نووێنـــەری ئاشـــووریەکان کۆبـــۆوەو دوا رامیاریـــەتی حکوومەتی بەریتانیا سەبارەت بە ئاشووریەکانی پێ راگەیاندن ، ئەویش بە هەرەس هێنانی گفتوو گۆی نێوانیان لە سەر باری ئاشووریەکان.

١٩٣٢/١٠/٢٣ ڕێکەووتننامـەی سـنووری لـە نێـوان ڕژێمـی شـایەتی ئێـران و ڕژێمـی تورکیـا مـۆرکرا ، لـە چـیای ئـارارات , ئـەویش لـە سـەر حیـسابی کـوردو خـاکی رۆژهـەلات و بـاکووری کوردسـتان بـوو ، بەپـشتیووان و ئاموژگـاری بـەریتانیا لەهەرێمەکەدا.

١٩٣٢/١٠/٣٠ وەرگرتنی رژێمی شانشینی ئێراق لەکۆمەڵەی گەلان بەمەرجی دەستگیر بوونی خۆی بە هەموو بەندەکانی چوونە ناو کۆمەڵەی گەلانو رێزگرتن لە مافی مرۆڤ و رۆشنبیریو کارگێری بۆ کوردو کەمەنەتەوایەتیەکانی دیکە ، لە هەرێمی باشووری کوردستان .

لە دوای چەندین جار دووپات کردنەوەی لەسەر رژێمی شانشینی لە ئێراق ، کە هەر هەرهەمووی تەنیا لەسەرپەر مانەوەو لە ئەرشیفەکان تا مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە لە کێشووەرەکەدا .

١٩٣٢/١١/٢٩ کۆچی دوایی تێکۆشەرو نووسەرو رووناکبیری کورد دکتۆر عەبدوللا جەودەت لە باکووری کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەلاتی رژێمی تورکیا... کە ناوبراو خاوەنی دانراوی ٢٤ کتێبو ٣٠ وەرگێری کتێبی دیکە بوو بۆ زمانی تورکیو زمانەکانی دیکە لە تورکیاو ناوچەکەدا .

١٩٣١/١٢/٩ تورکمانە شۆڤینیەکانی تورکیا بارودۆخی ناوخۆو ناوچەو هەرێمەکەیان کرد بوو لە باری بیروبۆچوونەکانیان بەکەم کردنەوەی رۆڵ و ژمارەی کوردو، وایان بڵاودەکردەوە کە کورد لە تورکیای دروستکراوی دوای جەنگی یەکەمی جیهان بەسەرکردایەتی مستەفا کەمال ئەتاتورك، کە کورد لە تورکیا بوونی نیە هەر وەك لە راپۆرتێکی بڵاوکراوە لە رۆژنامەی – میللیپ – ی تورکی لەم رۆژەدا، کە نووێنەری ئەنجوومەن مەحمود کە لەوکاتەی یاوەری وەزیری ناوەخۆی تورکیا – شوکری کایا – بوو بیروبۆچوونی بەم شێووەیە بوو :– کە گوتی :–

دانیشتووانی هەرێمی باکووری کوردستان بە تایبەتی لە پارێزگای دیاربەکر تورکمانن و، هەروا گوتی :– دانیشتووانەکە خۆیان وا دەڵێن و بەچەندین زمان ئاخاوتن دەکەن وەك عەرەبی و کوردی و تورکی.

هەروا لەناوچەی شاری ئۆرفە ژیانێکی هۆزەوانی بەسەردەبەن... بەڵام ئەو بیروبۆچوونە لەلایەن ئەندامێکی پەرلەمانی تورکیا و پەرلەمانی تورکیا بە هەڵە چوونە، لە بەر ئەوەی لە هیچ بەڵگەنامەیەکی سۆڤیەتی، یاخوود تورکی بەم شێووەیە بیرناکرێتەوە لە بەر ئەوەی شارەکانی دیاربەکرو وان و ئەرزەرۆم و بەتلیس و ئۆرفەو ماردین و سیرت و هەکاری ٣\٤ دانیشتووانەکەی کوردن.

لە دوای بەتورککردنی هەرێم و ئەوانی دیکەشی ئەرمەنن و ژمارەیەکی کەم

تورکن که له رێگەی بەتورککردن گەیشتوونەتە ئەو هەرێمە بەپێی مێژوو و دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی له هەرێمەکەدا.
سەرچاوە :- المساله الكرديه ١٩٢٣ - ١٩٤٥ - لازاریف -چاپی یەکەم دەزگای ئاراس /هەولێر

١٩٣٢/١٢/١٣ یەکەم بەیاننامەی کۆمۆنیستی له ئێراق بلاوکرایەوە بەدەست نووسی یوسف سلمان یوسف - فهد - بوو ، که بەدەستی خۆی نووسیبووی و له شاری ناسریه توانی له ١٨ جێگا هەڵی بواسێ بەناوی - کرێکارانی شیوعی- که دروشمی چەکوچ و داسی لەسەر بوو له شارەکەو له ئێراقدا .

١٩٣٢/١٢/١٤ جوولانەوەی ئاشووری له ئێراق داوایەکیان ئاراستەی کۆمەڵەی گەلان کرد ، به ناوی - بەڵگەنامەی نیشتمانی ئاشووری- بەڵام ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان له بریارێکیدا رەزامەندی لەسەر داوای ئاشووریەکان نەکرد ، ئەویش به پێدانی مافی ئۆتۆنۆمی لەچوار چێوەی سنووری ئێراق.
هەروا رژێمی شاهانشینی له ئێراق داواکەیانی رەتکردەوە ، بەو هۆکارە که ئاشووریەکان بوون بەدوو بەش:- یەکەمیان لەگەڵ رژێمی شاهانشینی له ئێراق مانەوە . دووەمیان لایەنگیری مارشمعون بوون... سەرەرای چەندین کێشەو گرفتی دیکە ، دوای ئەوە بووە هۆی پەلاماردانی ئاشووریەکان لەگوندو شارۆچکەکانی ئێراق بەتایبەتی لەباشووری کوردستان.

١٩٣٣

١٩٣٣/١/٣ لەدوای گەرانەوەی ئیشا مارشەمعون بۆ ئێراق گەیشتە شاری بەغداو لەگەڵ بالوێزی بەریتانیا - ف هیمفریز - و سەرەك وەزیرانی رژێمی شانشینی له ئێراق نجیب شەوکتو شانشین فەیسەلی یەکەم کۆبۆوەو باری ئاشووریەکانی ئێراقی لەو کۆبوونەوە دیاریکرد بەچارەسەرکردنی کێشە هەڵوواسراوەکان.

١٩٣٣/١/١٦ له دایك بوونی خانمە ئەسمەری ئەمەریکی سۆزان سونتاك له شاری نیورۆکی ئەمەریکا.
که دوای ئەوە بووە ئافرەتێکی بەهرەدار له نووسینە جۆراو جۆرەکانیدا له بوارەکانی ژیانو رۆشنبیرکردنی گەلانی ئەمەریکا.

١٩٣٣/١/٣٠ سەرۆکی ئەلمانیا- هندنیورگ - ئەدلف هتلەری کردە راوێژکاری ئەلمانیاو

سەرەتا هتلەر دەستی کرد بە نەهێشتنی بیکاریو ئاوەدان کردنەوەو بەرەو پێشبردنی ئەڵمانیا لەهەموو بوارەکان .
لەپێناو بەهێزکردنی جێ پێگەی خۆی لە پێناو جێبەجێکردنی بیروو بۆچوونە نهێنیەکان بەتایبەتی لە باری فراوانکردنی سنووری ئەڵمانیا و خۆزالکردنی بە سەر جیهاندا .

١٩٣٣/٢/٢٤ پچرانی پەیووەندی چینی مللی لە گەڵ یابانو چەندین وولاتانی دیکەی عەرەبی، ئەویش بە هۆی پشتگیری کردنیان لە کۆمەڵەی گەلان بۆ فەرەنسا و داگیر کردنی جەزائر لەلایەن فەرەنسا... کە بووە هۆی لێک ترازانی پەیووەندی چەندین وولاتو دورست بوونی بارو دۆخێکی نوێی ناوچەکەو مەرگەساتی شەڕی نێوان هێزە چەکدارەکانی گەلانی جەزائیرو هێزەکانی سووپای داگیر کەری فەرەنسا.

١٩٣٣/٣/٥ لە هەڵبژاردنەکانی نێوان پارتە رامیاریو نەتەوەییو کۆمەلایەتیەکانی ئەڵمانیا ، کە پارتی نازی بەسەرکردایەتی راوێژکاری ئەڵمانیا هتلەر سەرکەووتنی بەدەست هێنا و ئەلمانیای بەرەو دژایەتی کردنی وولاتانی جیهان برد ، بە دورستکردنی بیانووی هەلگیرسانی جەنگ بەتایبەتی دژی یەکیەتی سۆڤیەتو وولاتانی دیکەی هاوپەیمانی سۆڤیەت لە ئەورووپای رۆژهەلاتدا .

١٩٣٣/٣/٢١ لە دوای سەرکەووتنی پارتی نازی لە هەڵبژاردنەکان بە سەرکردایەتی هتلەر ، رایخی سێیەمی لە شاری بۆتسدام لە باشووری رۆژئاوای بەرلین راگەیاند ، بە تایبەتی لە دوای مردنی - هند نیورك- لەمانگی/٨ /١٩٣٤ ، کە هتلەر پەیمانی فرسای هەلووەشاندەوە لە پێناو بەدی هێنانی بەرژەووەندیەکانی خۆی لەداهاتووی ئەلمانیا لەسەر هەموو وولاتانی دیکەی جیهاندا ... لە بەر ئەوەی هتلەر نژادی ئەلمانی لەسەر هەموو نژادەکانی دیکەی جیهان دادەنا.

١٩٣٣/٥/٨ رابـەرو دامەزرێنـەرو پێـشەوای هندستان جەواهر لال نەهرۆ لـە وتەیەکیـدا گـوتی تۆرانیـەکان شـەڕی کوردانیـان بـە کـوردان دەکـرد، کـە سـەرکەوتنیان بەدەسـت دەهێنا ، کـە ئـەویش بـووە هـۆی رەشـکردنەوەی پێناسـەی نەتـەوەیی کـوردو ئەرمـەن ... شـایانی باسـە لال نەهرۆ راستی کردیە لـە هـەموو لایەنە جۆراو جۆرەکان ، لـە بەر ئـەوەی کـورد بـەهۆی لاوازی هەڵوویـست لـە نێـوان سـەرکردەکانی کـوردو بـەهۆی پاراسـتنی بەرژەوەنـدی تایبـەتی و بنەماڵـەو عەشـیرەتەکەو مزگەوتـەکان و تەکیـەکانیان ، ئاسـانکاری زۆریـان کـردووە بـۆ سـەرکەوتنی دووژمنـانی کـورد بەسـەر کـوردو خـاکی کوردسـتان لەلایـەنی ئـاینی و نەتەوەیی و دەسەلات...؟...!

جواهر لال نهرو

١٩٣٣/٦/٥ کورسـی پاپـاوی ، واتـە دەسـەڵاتی فاتیکـان چـەندین پـەیمانی جـۆراو جـۆری لەدوای پەیمانی لاتران مۆر کرد ، کە دووەم پەیمانی لەگەڵ شانشینی نەمسا مـۆر کـرد ، ئـەویش لـەپێناو بـەهێزکردنی پەیوەنـدی ئـاینی و کۆمەلایـەتی و ژیان و ئاوەدان کردنـەوە ، بەتایبـەتی کەنیسەکانی هەمەلایـەنی مەسیحیەکان لەجیهاندا.

١٩٣٣/٧/٢٠ کورسی پاپاوی ، واتە دەسەڵاتی فاتیکان چەندین پەیمانی جۆراو جۆری لـە دوای پـەیمانی لاتـران مـۆر کـرد ، لـە گـەڵ وولاتـانی جیهـان کـە پـەیمانی سـێیەمی لەگـەڵ وولاتـی ئـەڵمانیای نـازی مـۆر کـرد. لـە پێنـاو بـەهێز کردنـی پەیووەندیەکاندا .

١٩٣٣/٨/٧ رۆژی شـەهیدی ئاشـووریەکانە ، کـە لـەم رۆژەدا شارۆچـکەی سمـێڵ و دەووروبـەری سـەربەپارێزگای دهـۆك لـە باشـووری کوردسـتان کەوتـە بـەر پەلاماردانی هێزەکـانی سووپای شانشینی لە ئێراق و بەریتانیا بەیارمـەتی فرۆکە جەنگیەکان ، کە نزیکەی ٥٠٠٠ هـەزار هـاوولاتی لـە منداڵ و ئافرەت و

گـەنجی ئاشـووریەکان ، واتـە مەسـیحیەکان بـە شـێوەیەکی گـشتی شـەهید کرد. لەشارەکەدا.

١٩٣٣/٨/٩ لـە دوای پـەلاماردانی شارۆچکەی سمێلٚو دەووروبەری بە هـەمان شـێوە هێزەکـانی سـووپای رژێمـی شانـشینی لـە ئێـراق بـە پـشتگیری هێزەکـانی ئاسمانی بەریتانیا ، پەلاماری شارۆچکەی بێجیو دەووروبەری دا ، بەسەدا کـوردو مەسـیحی شـەهید کـردو لـەم رۆژەدا لـە هـەموو ئێـراق دەسـت کـرا بـە پەلاماردانو کووشتنو گرتنو وێرانکردنو دەربەدەرکردن لە ئێراقدا .

١٩٣٣/٨/١٧ نووسـەری ئەرمـەنی بـەناوبانگی لوبنـانی- م-یوسـف- بـلاٚوی کـردەوە کـە بروسکەی نارەزایی لەلایەن- ئیشا مارشەمعون- ئاراستەی کۆمەلەی گـەلانو شانـشینی بـەریتانیاو سـەرۆکی فەرەنـساو شانـشینی بەلـژیکاو شانـشینی هۆلەنداو حکوومەتی ئیتالیا کراوە، کە لە بروسکە کەدا هاتووە:-

داوا لـە کۆمەلـەی گـەلانو ئـەو حکوومەتانـە دەکـات بـە مـاوە نـەدانی رژێمـی شانـشینی لـە ئێـراق ، ئـەویش بـە پـەلاماردانو کووشـتنی منـدالٚو ئـافرەتو گـەنجو پـیری ئەرمـەنیو ئاشـووریەکان لـە ئێـراق ، بەتایبـەتی مەسـیحیەکان بەگشتی سەرەرای بیری جیاوازی مەزهەبیو کنیسەیی لە ئێراقدا.

١٩٣٣/٩/٨ کۆچی دواییشانشین فەیسەلٚ ، شانشینی ئێراق شانشین فەیـسەلٚی یەکـەمو لە دوای ئەو ئەمیرغازی بەشانشین لە سەر ئێراق دامەزرا.

١٩٣٣/١٠/٩ زۆر لەدانیشتووانی ئـەلمانیاو بەلـژیکا بەچـاودیتیان کـە ژمارەیـەکی زۆر لـە - شـــهب - لـــە ئاسمـــــــانی وولاٚتـــەکانیان کـــە کەوتۆتـە سـەر زەوی بەرێـــــژەی ٦٠٠٠

هەزار – شهب – لە کاتژمێرێکدا.

جێگــەی روونکردنەوەیــە کــە – شــهب – کۆمەڵــە ئەســتێرەیەکی بــچووکە لەگــەردوون و دەســووتێ و لــەناو دەچێت , لــە دوای ســووتان و ووردبــوونی بــەرەو ســەر رووی زەوی دێتــە خــوارێ بــەخێرایی ۲۵۰ کیلۆمــەتر لــە یــەك چرکەدا. ئەمەش دەتوانرێ ببینرێت لــەماوەی بەرزی ۱۵۰ کیلۆمــەتر لــە ســەر رووی زەوی , لە دوای سووتانی دەگۆرێ بۆ خۆڵەمێشێکی لمی لــە کەشێکی تۆزوبایی دەچێت و زۆر نابا دەکەوێتە ســەر زەوی لەشێوەی تۆزو بایــەکی چرێ خۆڵاوی... بەتوانای کامێرای تلسکۆب دەتوانرێ کە لەپــەردە، یاخوود لە بەرگی زەوی چەندەتیەکی زۆر لەو خۆڵە نەرمە هەیە... هــەروا دەزانرێ کە – شــهب – بەشــێووەیەکی زۆر لــە شــەوی دیــاریکراو دەکەوێتــە خــوارەوە کــەزیاتر دەبــێ لــە ۸/۱۰ – و ۱۱/۲۷ و کــەم دەبێتــەوە لــە ۴/۲۰ – ۱۱/۲۸ و ۱۰/۱۲.

هــەروا لــەم دواییانــەدا دۆزراوەتــەوە کــە – شــهب – پێکهــاتووە لەهــەمان شمەکەکانی کە لە سەر زەوی هەن. بەڵام رێژەی تێکەڵاوی سەرسوورهێنەرە و وەك پارچەیەك لەئاسن و وەك لاستیك دەکەوێتە سەر زەوی و خۆی پێووە دەنووســێ، ئەمــەش شــێووازێکی مووگناتیــسیە لــە – شــهب – کــە دەکەوێتــە سەر گۆی زەوی لەگەردووندا.

سەرچاوە:– الموسوعة العلمية في الاعجاز العلمي – سمير عبدالسلام / ٢٤ – ٢٥.

۱۹۳۳/۱۰/۲۹ بەبۆنــەی دەیــەمین ســاڵرۆژی دامەزرانــدنی رژێمــی کۆمــاری تورکیــا لــە ســەر خاکی گەلانی ناوچەکە ، تورکە کەمالیەکان بریاری لێخۆشبوونیان راگەیاند، کــە کــوردی بــاکووری کوردســتانی داگــیر کــراوی ژێــر دەســەڵاتی تورکیــای نەدەگرتەوە لەم راگەیاندنەدا .

۱۹۳۳/۱۲/۱ لــە دایــك بــوونی روونــاکبیرو زانــای نــاوداری کــورد دکتــۆر جــەمال نەبــەز لــە باشووری کوردستان لە شاری سلێمانی لە هەرێمەکەدا .

١٩٣٣/١٢/٣ جمووجـۆڵی کرێکـاران بـەرەو دژایـەتی کردنـی سـەرمایەداری دەرەکـی هـەنگاوی دەنـا لـە ئێـراق ، بەتایبـەتی لـەکۆمپانیای کارەبا لەشـاری بەغـدا کەخاوەنداریـەتی بـۆ سـەرمایەدارەکانی بـەریتانیا دەگـەڕاوە ، لەوکاتـەی کـە یەکیەتی کرێکارانی ئێراق .

داوای پچڕانی پەیووەندیان لەگەڵ کۆمپانیاکە دەکرد، لەدوای هەرەسهێنانی گفتووگۆکانیـان ، ئـەویش بە کـەم کردنـەوەی نرخـی یەکـەی کارەبا، لەگـەڵ ئەوەشدا پچڕانی پەیووەندی لەرۆژی ١٢/٥ هەمان ساڵ دەستی پێکرد ، کە لەوکاتـە رژێمـی شانشینی هەنـدێ جار بەکرداری دژایـەتی کـردنو هەنـدێ جاریش بەپێچوو پەناکارەکانی ئەنجام دەدا لە وولاتەکەدا .

١٩٣٤

١٩٣٤/١/٢٢ ڕاگەیانـدنی – خـەتیب – بەسـەرەتای بـیری کۆمۆنیـستی دادەنرێـت ، کـە



مامۆسـتای قوتابخانـەی فارسـی بـوو لـە شـاری موحەمـەرەی ئێـران و هـەروا محەمـەد گلـووم لـە قوتابخانـەی ئێـراق ، کـە پەیووەنـدیان لـە ڕێگـای کوونـسلی سۆڤیەتی هـەبوو لـە ئـەهواز– بیـالۆتکین – لەوڕاگەیاندنـە نـاوی سـێ کەسـی هێنـا ئـەویش – یوسف سەلمان یوسف – واتە – فهد – و داود سلمان و گالی زوید بوون ، کە زانیاریـان لەسـەر کۆمۆنیـستی پەیداکردبوو لە ڕێگـای – پیتر ڤاسیلی – کە هەرسێ کیان دانیشتووی ناسریە بوون لە باشووری ئێراقدا.

بەڵام لەبەسـرە کاریـان دەکـردو ، دوای ئـەوە کۆمـەڵێك لە ڕێکخـراو لە بەسـرە دامـەزرا ، لەلایـەن چـەند کەسـانێکی ناسـراو ، ئـەویش یوسـف سـەلمان و هەڤاڵەکانی بوون . کە سەرەتای دەرکەووتنیان دەگەڕاوە بۆ ساڵی ١٩٢٨ ، و

بەردەوام بوون لەو کارە ، کە لە ئێراق دەگمەن بوو، بەڵام لەلایەکی دیکە تۆی پەیدابوونی کۆمۆنیست لە ئێراق دەگەڕێتەوە بۆ ڤاسیلی و لە ڕێگای یوسف سلمان یوسف بوو ، کە لە دوای ئەوە بووە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی پارتی کۆمۆنیستی ئێراق و سکرتێری گشتی لە ساڵی ١٩٤١ تاکوو لە سێدارەدانی لە مانگی ١٩٤٩/٢ لە لایەن رژێمی شانشینی لە ئێراقدا .

تێبینی :- بۆ زانیاری زیاتر دەتوانی بگەڕێیتەوە سەر کتێب- ئێراق - لە نووسینی حەنا بەتا توو.

١٩٣٤/٣/٣١ دامەزراندنی پارتی کۆمۆنیستی ئێراق لەلایەن یوسف سەلمان یوسف - فەهد- لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق لەدوای ڕێکەووتنی گروپە مارکسیە -لینینیەکان لە باشوورو ناوەندو باکووری ئێراق.

١٩٣٤/٤/١٦ نووسەرو رووناکبیرو زانای پۆڵەندی و کێشووەرەکەو جیهان خاتوو - مەدام مۆری - بە هۆی تووشبوونی بە نەخۆشی - لۆکیمیا - ماڵئاوایی لە گەل و نیشتیمان و بواری زانست و جیهان کرد. جێگەی روونکردنەوەیە کە مەدام کۆری ناوی تەواوی - ماریا سکلۆدۆڤسکی - یەو لە شاری وارشۆی پایتەختی



پۆڵەندا لە ١٨٦٧/١١/٧ چاوی بە جیهان هەلهێناوە لە وڵاتەکەیدا. خاتوو ماریا دایك و باوکی مامۆستا بوون، ماریاو خوشك و براکانی لە خوێندندا هەموو ساڵێك بە یەکەمی پۆڵەکانیان دەردەچوون لە قوتابخانە، ماریا هەر لە تەمەنی منداڵیەوە بەهرەو تواناکەی دەورووبەری سەرسام کردبوو.

هەروا خێزانی سکلۆدۆڤسکی بنەماڵەیەکی رۆشنبیر بوون، سەرەرای ئەوەش باری ئابووریان باش نەبوو. لە بەر ئەو هۆکارە ی کە پۆڵەندا لە

لایەن هێزەکانی سووپای سووری سۆڤیەت و دەسەلآتی سۆڤیەت داگیرکرا بوو و زۆربەی هەلی کارکردن و بازرگانی بۆ توانادارە بیانییەکان بوو، هەر چەندە باوکی ماریا مامۆستای فیزیا بوو.

بەلآم بە هۆی هەلوێستی نیشتیمانپەروەری بێ کاربوو. بەم هۆکارە باوکی ماریا خانووەکەی خۆی کردبووە بەشی ناوخۆی قوتابیان بەرامبەر کرێەکی کەمدا.

هەر لەوکاتەشدا خاتوو ماریا لە تەمەنی ٩ سالیدا دەبێ کە دایکی بە نەخۆشی - سیل - کۆچی دوایی دەکات و ماریا بێ دایك دەمێنێتەوە، دوای ئەوە ماریا لە تەمەنی ١٨ سالیدا وەك مامۆستا دەست بەکار بوو لەو کاتەش لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا لە خووێندن بەردەوام بوو.

سەرەرای باش بەبوونی باری دارایی خاتوو ماریا کە ئامۆزاکەی - جۆزێف بۆگسکی - کە بەرێوەبەری مۆزەخانەی پیشەسازی وارشۆ بوو هانی خاتوو ماریای دەدا، کە لە بەشی فیزیا بخووێنێت. ماریا لە تەمەنی ٢٤ سالیدا لە سالی ١٨٩١ لە زانکۆی - سۆربۆنی پاریس - وەرگیرا، کە یەکێك بوو لەو ٢٣ ئافرەتەی کە لە قوتابخانەی زانست وەرگیرا لە کۆی ١٨٢٥ قوتابی و هەر لەوێش - بێر کۆری - فیزیاوانی ناسی و لە سالی ١٨٩٥ بوونە هاوسەری یەکتری. لە سالی ١٩٠٣ خاتوو ماریا و هێنری بێکوێرلدا خەلآتی نۆبلی فیزیایان پێ بەخشرا.

دوای ئەوە هاوسەری خاتوو ماریا لە سالی ١٩٠٦ کەوتە ژێر گالیسکەو کۆچی دوایی کرد و کاری کردە سەر هەست و نەستی خاتوو ماریاو سەرەرای بەردەوام بوونی لە کارەکانیدا.

دوای ئەوە خاتوو - مەدام کۆری - یەکەم ئافرەت بووە کە خەلآتی نۆبلی پێ ببەخشرێ لە بواری فیزیا، هەروا یەکەم ئافرەت و کەسیش بووە کە بۆ جاری دووەم خەلآتی نۆبلی لە بواری کیمیا پێ ببەخشرێ. ئەم ئافرەتە توانی - تووخمی تیشکاوەری رادیمی- بدۆزێتەوە. هەروا خاتوو کۆری یاخوود ماریا خان لە دوای خۆی چەندین کاری زانستی و لە هەمان کاتدا دوو کچەکەی بە ناوی - ئێرینا و ئیڤا - و بەردەوام بووە لە کارەکانی تاکوو مالئاوایی کرد لە جیهان.

١٩٣٤/٥/٢٢ بۆ یەکەم جار لە ئێراق کۆمپانیای نەوت رەوانەکردن بۆ دەرەوەی ئێراق دامەزرا لە شاری کەرکوکی باشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق، واتە نەوتی کوردی داگیر کراو لەپارێزگای کەرکوك و کەندێناوەو خانەقین لە هەرێمی باشووری کوردستان.

١٩٣٤/٦/٢٩ کۆچی دوایی زارۆ ئاغای رابەری سیمرئامێزیان لەیەکێ لە نە خۆشخانەکانی تورکیا... جێگەی ئاماژەپێکردنە کە ئەم مرۆڤە کورد بووەو تەمەنی زیاتر لە ١٦٠ ساڵ بووە... شاری ئەستەمبوڵ وەك مەڵبەندێکی رامیاری. جفاکی، رۆشنبیری و کەلتووری کە پایتەختی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بووەو بە درێژایی مێژوو پێگەی مەکانەتێکی گرنگی هەبووە.

هەروا ئەو هزرە نەتەوە خوازیە مۆدێرنەی لە بەرایی سەدەی نۆزدەمدا رووناکبیرە کوردانەتەکانیان پێداوە وەك دروستکردنی کەناڵەکانی راگەیاندن و رێکخستن و ئۆگاتیزاسیوونە سڤیل ودیموکراتەکان.

هەروا ئەو کوردانەی لە زووەوە بۆ بازرگانی هاوشانی عەرەب و رۆم و گریك و ئەرمەن و ئێرانیەکان لەوێدا جێنشین بوونە، کە کوردیش وەك زارۆغای کەسانی دیکە رۆڵی بالأیان هەبوو لە شاری ئەستەمبوڵ کە شارێکی گەورەی کوردانەو زیاتر لە ٣,٥٠٠ ملیۆن کورد لەو شارەدا دەژین.



١٩٣٤/٧/١ لەم رۆژەدا کەسایەتی ناوداری کورد و شاعیری شۆرشگێران و چینە چەوساوەکان – مەدحەت خدر عەبدوڵلا – ناسراو بە مەدحەت بێخەو.

لە گوندی – جاستان – لە ناوچەی کەندیناوەی سەر بە ناحیەی دیبەگەی سەر بە قەزای مەخمور لە پارێزگای هەولێر لە هەرێمی باشووری

کوردستان چاوی بە جیهان هەڵهێناوە لە دەڤەرەکەدا.
جێگەی ڕوونکردنەوەیە کە مامۆستا بێخەو لە دوای لە دایك بوونی بە شەش مانگ خێزانەکەی ماڵیان دەگوازێتەوە شاری هەولێر، هەر دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٤١ لە قوتابخانەی - ئەمەل - خوێندنی سەرەتایی تەواو دەکات و لە ساڵی ١٩٤٩ قۆناخی ناوەندیش تەواو دەکات.
هەروا بە هۆی بیری ڕامیاری چەپڕەوی و شیعرەکانی سێ جار تووشی زیندانی کردن دێت لەلایەن دارو دەستەکانی ڕژێمی شایەتی لە ئێراق. لە دوای شۆرشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ بە فەرمانبەری تەندروستی دادەمەزرێ.
لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٣ تا ١٩٨٠ دیسان سێ جار دەستگیر دەکرێت، هەروا لە ساڵی ١٩٨٧ خانەنشین دەکرێت و دوای ڕاپەرینەکەی بەهاری ١٩٩١/ دووبارە لە ساڵی ١٩٩٣ گەڕاوەتەوە سەر کاری فەرمانبەریەتی لە بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن لە وەزارەتی گوواستنەوەو گەیاندن.
لە ساڵی ١٩٩٦ کراوەتە راوێژکار لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لە حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان، و دوای ئەوە بۆتە راوێژکار لە وەزارەتی رۆشنبیری.
سەرەتای دەست پێکردنی شیعر لەلایەن مامۆستا بێخەو دەگەرێتەوە بۆ ساڵی پەنجاکان و یەکەم شیعری لە ساڵی ١٩٥٣ بۆ ڕاپەرینی جووڵانەوەی جووتیارانی دەشتی هەولێر بووە.
دوای ئەوە دەستی کردووە بە نووسینی شیعرو بڵاوکردنەوەی لە گۆڤارەکانی هەتاو - شەفەق - هیوا - ژین - پەیام. لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام بووە لە بڵاوکردنەوەی شیعرو نووسین و بڵاوکردنەوەی لە گۆڤارو رۆژنامەکان لە ئێراق و لە کوردستان. هەروا مەدحەت بێخەو یەکێك بووە لە دامەزرێنەری - بزووتنەوەی رۆشنبیرانی ئاشتیخواز - لە هەرێمی باشووری کوردستان لە پێناو وەستاندنی شەڕی خۆکوژی و براکوژی لە ساڵی ١٩٩٤ لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان کە خۆی سەرۆکی ئەم بزووتنەوەیە بووە.
مامۆستا بێخەو لەگەڵ دانانی شیعرو نووسینەکانی دیکەی ئەندامی چەندین رێکخراو سەندیکای کردووەو رۆڵی باڵای لەم رێکخراوانەدا هەبووە

ئەوانیش:-

١- ئەندامی یەکیەتی نووسەرانی کورد لە یەکەم رۆژی دامەزراندنیەوە.

٢- ئەندامی فەخری کۆمەڵەی هونەری هەولێرە.

٣- ئەندامی کۆمەڵەی رۆشنبیرانی کوردە.

٤- ئەنــدامی دەســتەی بەرێوەبــەری کۆمەڵــەی بــەرگری لــەماف نــەوەی ئەنفالکراوەکان.

مامۆســتا مەدحــەت بێخــەو بەشــداری بــە دەیــا کۆبوونــەوەی شــێکردنەوەی شــیعری کــردووە لــە دەزگــا راگەیاندنــەکان و لــە رۆژنامــەو گۆڤــارو رادیــۆو تەلەفزیۆنــەکان لــە شــارە جیــا جیاکــانی ئێــراق، بــە تایبــەتی لــە شــارەکانی هەرێمی باشووری کوردستان.

هەروا بێخەو لەماوەی ژیانیدا بە دەیا بەرهەمی شیعری بە دەست خووێنەرو شیعر دۆست و ئەدەب دۆست گەیشتووە لەوانەش :

١- کۆمەڵە شیعری – زەنگی کاروان – لە ساڵی ١٠٥٩ بلاوکردۆتەوە.

٢- کۆمەڵە شیعری – رابەری ژیان – لە ساڵی ١٩٦٨ بلاوکردۆتەوە.

٣- کۆمەڵە شیعری – ورتەی ئاوات – لە ساڵی ١٩٧٣ بلاوکردۆتەوە.

٤- کۆمەڵە شیعری – داربەروو – لە ساڵی ١٩٧٨ بلاوکردۆتەوە.

٥- کۆمەڵە شیعری – رەگەکان – لە ساڵی ١٩٨٧ بلاوکردۆتەوە.

٦- کۆمەڵــە شــیعری – دیــاری بــۆ منــدالانی کوردســتان – لــە ســاڵی ٢٠٠٣ بلاوکردۆتەوە.

٧- کۆمەڵە شیعری – کە خاك ئەدوێ – ئامادەیە بۆ چاپ کردن.

٨- کۆمەڵــە شــیعرێکی دیکــەی گــرنگ کــە بــەناوی – داســتانە شــیعری هەولێری دێرین – کە باس لە مــاوەی ٥٠٠٠ هــەزار ســاڵ بــەر لە ئێستا دەکات کە ئامادەیە بۆ چاپ کردن.

٩- نووســینی – مێژووی عەشــیرەتی ســیان – کــە ئــەویش دەســت نووســەو ئامادەیە بۆ بە چاپگەیاندنی.

هــەروا جگــە لــەو بەرهەمــە بــەپێزو گرنگانــە مامۆســتا بێخــەو شــیعرەکانی کراونەتــە گــۆرانی لەلایــەن گــۆرانی بێــژانی رەســەنی کوردی، وەك مامۆســتا عــەلی مــەردان و فوئــاد ئەحمــەد و تــاهیر تۆفیــق و چــەندین گــۆرانی بێــژی

رەسەنی دیکەی کورد، لەوانەش :- سرودی پێشمەرگە، کە لەمانگی ١٩٦١/١٠/ لەلایەن هونەرمەند فوئاد ئەحمەد گووتراوەو بۆتە مارشی دەزگا راگەیاندنەکان، بەتایبەتی لەگەڵ کردنەوەی رادیۆی دەنگی کوردستان لە ١٩٦٣/٩/٢٨ و تاکوو ئێستاش لە لێدانی بەردەوامە.

هەروا زیاتر لە ٤٠ شیعرو سروودی ئافرەتان و وەرزش و چەندین شیعرو سروودی دیکەی کە بۆتە هێمای گۆرانی و سروودی رەسەنی کوردی لە کوردستان.

ماموستا بێخەو لە ژیان ماوەو هیوای بەردەوامی ژیان و تەمەن درێژی و سەرکەوتووی بۆ دەخوازین لە هەموو بوارەکانی ژیان و کارو تەمەندا.

١٩٣٤/٧/٩ یەکەم کۆنفرانسی سەرتاسەری کوردناسی لە مالی کەسایەتی کورد فەرهەنگ- معارف- لە شاری یەریڤانی کوردستان بەسترا لە سەرئاستی یەکیەتی سۆڤیەت ،. لە سەر داخوازی پەیمانگای مێژووی کەلتووریەکانی ئەرمینیا و کۆمیتەی ئەلف وبێی نوێی سەر بە دەوولەتی ئەرمینیا دەستی پێکرد.

شایانی باسە لەم کۆنفرانسەدا ٣٠ نووێنەری زەحمەتکێشانی کوردی ئەرمینیاو ئازەربایجان و جۆرجیاو هەرێمی نەخجەوان و ئامارستان و کوردناسی شارە ناوەندیەکانی یەکیەتی سۆڤیەت بەشداریان تێداکرد... کۆنفرانسەکە بۆ تاوتۆکردنی کێشەکانی دروستکردنەوەو دارشتنی پیت و وشەکانی زمانی نەتەوەیی کوردی و رێنووس و گراماتیک و... زمانی کوردی پێك هاتبوو... کۆنفرانسەکەش تاکوو ٨/١٤ ی هەمان سال بەردەوام بوو کەچوارخالی لەخۆگرتبوو ئەویش.

١- رێکخستنی زمانێکی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی لە کوردستان .

٢- رێك وپێك نووسینی زمانی کوردی و ئەلفوبێ بۆ ئەم زمانە.

٣- رێزمان.

٤- چۆنیەتی زاراوەسازی و رێنووس بەرێك وپێکیلە زمانی کوردیدا.

١٩٣٤/٩/١٤ گرێدانی کۆنگرەی چەك داماڵین ، کە لە سالی ١٩٣٣ لە ژنێڤ مۆرکرابوو .

کـە کۆمەڵـەی گـەلان لـەم ڕۆژەدا بڕیـاری بـۆ دا بـە دووپاتکردنـەوە بەرەنگـە هێستریای سرینەوەو ئیبادەکردنی کورد لەباشووری کوردستانی لکێندراو بە ئێراق ، کە وای لە ڕژێمی شاهانشینی لە ئێراق کرد .

کـە ئـەویش سەرپێچی هـەموو بەڵگەنامـەکان بکاتو هـەموو پابەنـدبوونێکی یاسایی نێوو دەوڵـەتیو ئـەخلاقی بـەلاوە بنێتو ئابڕوی مرۆڤایەتی ببات بەزیندووکردنەوەی وێنەی لەناوبردن و قڕکردنی چاخە تاریکەکانی بەدەیان سەدەی لەمەوبەر لەمێژوودا لەجیهان.

١٩٣٤/١١/١٥ دامەزرانـدنی کۆمـاری ئۆتۆنـۆمی لـە هـەرێمی چیـچانی ئینگۆشـی و لـە ١٩٣٤/١٢/٥ بووە کۆماری ئۆتۆنۆمی ، لە چوارچێوەی ڕووسیای فیدرالی ، لە ١٩٤٤/٣/٧ ئەم کۆمارە هەڵوەشێندرایەوە و تەواوی دانیشتووانی هـەرێمی چیچانی و دەوورووبەری کۆمارەکە بە زۆرەملێ دوورخرانەوە لە ناوچەکەدا . دوای ئەوە پەرلەمانی چیچاندا – ئەنگۆشی بڕیاری لەسـەر سـەربەخۆیی دا و لـە ١٩٩٢/٣/٣١ بـە پێـی پـەیمانێك لـە نێـوان دەوڵـەتی ناوەنـدی ڕووسـیاو کۆماری چیچیندا سنوورو دەسەڵاتی نێوانیان دیاری کرا ، بەڵام نووێنـەرانی چیـچان ئـەم پەیمانـەیان مۆرنـەکرد، گەرچـی ڕووسـیا ئـەم کۆمـارەی بـە کۆمـارێکی سـەربەخۆ لـە چوارچـێوەی ڕووسـیای فیدرالیـدا ناسـاند و، بـە پێچەوانەی کۆمارەکانی دیکە دەسەڵاتی زیاتری پێدا .

لەگـەڵ ئەوەشـدا زۆربـەی زۆری چیـچانیەکان گووازرانـەوە بـۆ کۆمـاری کازاخـستان و قرقیزسـتان ، پـاش مردنـی سـتالین بڕیـاری ئـازادکردن و گەڕانـەوەو ماوەیـان پێدرا ، بـە درووسـت کردنـەوەی قەوارەکـەیان بۆئـەوەی نەگەڕێنـەوە لای کاربەدەسـتانی نـوێ و ناشـەرعی و نـا چیـچانی ، هـەروا چـەندین کێشەو گرفتیـان بـۆ درووسـت کـرا ، لـە نێـوان هـەردوو کۆمـاری قرقیزستان و کازاخستان لە گەل ڕووسیاو ناوچەی چیچانیەکان و چەندین کـاری دیکـە ، کـە تـاکوو ئێـستا کێـشەی چیـچانیەکان بەتـەواوی چارەسـەر نەکراون لە ناوچەکەدا.

١٩٣٤/١٢/٧ کۆچی دوایی کەسایەتی گـەورەی نـاوداری کـورد مـەلا ئـەحمـەدی گـەورە – ڕۆژبیانی فروقاتی–.

١٩٣٥

١٩٣٥/٢/٦ شاعیرو نووسەری ناوداری کورد- ئەحمەد موختار جاف- لە سەر زێی سیروان لە پارێزگای سلێمانی لە باشووری کوردستان تیرۆر کرا لە ناوچەکەدا.

١٩٣٥/٣/١٦ راوێژکاری ئەلمانیا هتلەرو دەسەلاتەکەی رازی نەبوونی خۆیان لە سەر پەیمانی فرسای راگەیاند ، داوای بەچەککردنی وولاتەکەی کرد بە گەراندنەوەی ئەو زەویانەی کە بەپێی ئەو پەیمانەی کە لە دەستی دابوو لەدوای جەنگی یەکەمی جیهان بۆی بگەڕێندرێتەوە سەر خاکی وولاتەکەیدا .

١٩٣٥/٣/١٦ شانشینی سعوودی شانشین ئیبن سعوود لەلایەن پیاوێکی یەمەنی بەخەنجەر کوژرا... شایانی باسە ئەو بنەماڵەیە حووکمڕانی حیجازو نەژدو دوای سعوودیەیان کردووەو هەموو کات ئەو بنماڵەیە بالادەست بوونە لەهەموو بوارە جیاجیاکان ، کە بەئارەزوو خواستو ویستی خۆیان کاریان کردووەلە سەر ئەم وولاتەدا.

بۆنموونە ئیبن سعوود تاکوو سالی ١٩٣٠ ، -١٠٠- ژنی هێناوەو تەلاقی داوە بە ئارەزووی خۆی ، تا لە سالی ١٩٣٠ بڕیاریدا کە سالی دوو ژن بێنێ ، ئەویش بەئارەزووی خۆی...؟..! .

لەوەش سەیرتر ٤٥ کوڕی هەبووە . جگە لەکچەکان کەنازانرێ ژمارەین چەندن ، بەلام بەهەر حالْ نەوەی دوای خۆی گەیشتۆتە ٣٠٠ کەس لەکوڕو کچو چەندین خێزان لە وولاتەدا...ئای لەو ئیسلامەتیە...!؟.

١٩٣٥/٥/١ رووناکبیرو کەسایەتی کوردو پارێزگای سلێمانی سالح زەکی ساحێبکران پۆستی پارێزگاری پارێزگای سلێمانی گرتە دەست لەباشووری کوردستاندا.



١٩٣٥/٥/٢ لــه دایــك بــوونی فەیــسەڵ دووەم بــە دوو ســاڵ بــەر لــە مردنــی بــاوكی كورســی دەســەڵاتی شانــشینی گرتــە دەست ، لـە ژێـر ئامۆژگـاری خالەكـەی عەبدول ئـیلا ، كـە ئـەویش دایانـەكی ئینگلیـزی بۆ دانرا بە پـەروەردەكردنی ، واتـە بـەخێووكردنی فەیـسەڵی دووەم لەلایــــەن ئینگلیــــزو بەشــیری ئینگلیــز گــەوورە بــووە... لــە ١٩٤٣/٥/٢ بــۆ یەكەم جار وتارێكی بە زمانی ئینگلیزی خووێنـدەوە بە پشتگیری كردنی لـە بـەریتانیا لـە كۆتاییـەكانی جـەنگی دووەمـی جیهـان... لـەپێناو یارمـەتی و بەهێزكردنی دەسەڵاتەكەیدا لە سەر ئێراقدا.

١٩٣٥/٥/٢٨ كۆنفرانسی كوردناسی لە شاری ئیریڤان بووە مایـەی بێزاری ڕژێمی توركیا، گەرچی كۆنفرانسەكە هیچ مەراموو مەبەستێكی ڕامیاری تیانەبوو... بەڵكوو تــەنیا بۆدروســـت كردنـــی ئـــەلفوبێی زمـــانی كـــوردی‌و نەهێـــشتنی نەخووێندەواری بوو لە ناو دانیشتووانی كورد لە یەكیەتی سۆڤیەتدا.

كەتوركەكان ئەم كۆنفرانسەیان بەمەترسیەكی گەوورە دانا بۆ بـەڕێووەبردنی ڕامیاریــەتی ناونەتــەوەو – ســڕینەوەی ناســنامەی كــورد– ی كوردەكــانی باكووری كوردستان لە توركیا ، تەماشایان كرد كە توركەكان لـەوە دەترسـان ، كە ئایا هەنگاوێكی سیاسی لە ژێر پەردەی ئەم چالاكیە زمانناسیەدا هەیە بۆ یەكگرتنی كوردەكانی دانیشتووی توركیا بەدواوە نابێ...؟.

لەبـەر ئـەوە دەســەڵاتی سـۆڤیەت بڕیاریـدا لـە كاروباری پـەروەردە كردنـی كوردەكــانی ســۆڤیەتی بــە زمــانی خۆیــان بــێ لەچوارچـێووەی تــەنگ‌و سنووردارادا بەڕێووە بچێ لە وولاّتەكەیدا.

١٩٣٥/٥/٣١ ڕوودانــی گومــە لــەرزەی زەوی بــەهێزی ٧/٥ پلــە لەســەر پێــووەری ڕێختــەر لەناوچەی كووێتە لە بەشی ڕۆژئاوای پاكستان ، كە زۆربـەی دانیشتووانی

کوردن‌و بووە هۆی گیان لە دەست دانی ٥٥٠٠٠ هەزار تا ٦٥٠٠٠هەزار هاوولاتی ناوچەکە و ویران بوونی بە دەیا خانوو و باڵەخانەو کێڵگەی کشتووکاڵی لە ناوچەکەدا .

١٩٣٥/٦/٢١ خانمە نووسەری هاوچەرخی فەرەنسی – فرانسواز ساگان– لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا لە دایك بووە لە شارەکەدا.

١٩٣٥/٧/٢٥ کورسی پاپاوی ، واتە دەسەلاتی دەووڵەتی فاتیکان چەندین پەیمانی جۆراو جۆری لەدوای پەیمانی لاتران مۆر کرد ، لەگەڵ وولاتانی جیهان... کەچوارەم پەیمانی لەگەڵ کۆماری یۆگسلافیا مۆر کرد.لە پێناو بەهێزکردنی پەیوەندیەکان .

١٩٣٥/٨/٨ لە هەڵبژاردنەکانی خوولی شەشەمی ئەنجوومەنی– الام – ناوی نوێنەرانی هەموو پارێزگاکانی ئێراقی تیابوو ، تەنیا ناوی نوێنەری پارێزگای کەرکوك لە باشووری کوردستان نەبێت ، کە پارێزگای کەرکوك کێشەی سەرکی بووە لە نێوان دەسەلاتی ئێراق‌و سەرکردایەتی کورد تاکوو تەواو کردنی ئەو مێژوو نامەیە.

١٩٣٥/٨/٢٠ رووداني گومە لەرزەی زەوی بەهێزی ٦/٦ پلە لەسەر پێووەری رێختەر لە رۆژهەلاتی هند ، کە بووە هۆی گیان لەدەست دانی ١٤٥٠ هاوولاتی‌و وێران بوونی بەدەیان خانووباڵەخانەو کێڵگەی کشتووکالی لە ناوچەکەدا .



١٩٣٥/٩/١٩ لە دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کوردی ئێزیدی لەناوچەی سنجار، پارێزگای موسڵ عومەر نەزمی سەردانی چیای سنجاری کردو لەگەڵ کەسایەتی‌و پیاوانی ناوداری کوردە ئێزیدیەکان کۆبۆوە، لە دوای گەڕانەوەی بۆ پارێزگای موسڵ ، لە شاری موسڵ بروسکەیەکی ئاڕاستەی

وەزارەتــی نــاوخۆی ڕژێمــی شاهانــشینی لــە ئێــراق کــرد لــە بــارەی جــێ بەجێکردنی یاسای بەرگری نیشتمانی لە سەر ناوچەی سنجار لە باشووری کوردستان .

لەلایەنی داودی داود سەرەك عەشیرەتی مهرکان لەگوندی زیرولن و ڕەشۆ قوولــوو ســەرەك عەشــیرەتی مالاخــالتی لەگونــدی عالــدلینا . کــە نــاوەڕۆکی بروســکە دووپــانی ئــەوە دەکاتــەوە کــە ئــەو دووســەرەك عەشــیرەتە یاخینــەو یاســای بــەرگری نیــشتمانی جــێ بــەجێ ناکــەن دژی مــیری لەچــەندین لایــەن وەستاون لە ناوچەکەدا .

١٩٣٥/١٠/١ دەست پێکردنی هێرشی هێزەکانی سووپای ڕژێمی شاهانشینی لە ئێراق بۆ سەر بزووتنەوەی کوردە ئێزیدیەکان لە ناوچەی سنجار لە باشووری کوردستان ، بەسەرکردایەتی لیوا ڕکن حوسێن فەوزیو هێرشەکە تاکوو ١٠/١٧ هەمان ساڵ بەردەوام بوولە ناوچەکەدا لە باشووری کوردستان .

شــایانی باســە هێــزە شۆڕشــگێرە کــوردە ئێزیدیــەکان لــە –٧٠٠– چــەکدار پێکهاتبوو، لەئەنجامی ئەو هێرەشە سەربازییە –٢٠٠– چەکدار شەهید کران و زیــاتر لــە ١٠٠ چــەکدار زامــدار کــران ، هــەروا ٣٩٥ چــەکداریش خــۆی دا بەدەست هێزکانی سووپای ڕژێمی شاهانشینی لە ئێراق .

بەڵام زیانی هێزەکانی سووپا زیاتر لە ٢٠٠ کووژارو زامداریان لــێ کەوتــەوە . دوای ئــەوە ڕژێمــی شاهانــشینی یاســای عــورفی لەقــەزای ســنجارو دەووروبەری ڕاگەیاند لەڕۆژی ١٠/١٢/ هەمان ساڵ لە ناوچەکەدا .

١٩٣٥/١٠/٧ هێزەکانی سووپای ڕژێمی شانشینی لە ئێراق لە هێرشێکی ناکاوی بۆسەر شــەنگالودەووروبەری ئەنجامــدا لــە هــەرێمی باشــووری کوردســتان... کــەداودی دوادو هــەزاران ئێــزدی لــە ڕووی ئــەو هێرشــە وەســتانو زیــانێکی زۆریان لێدان... شایانی باسە قەڵای شەنگال لەهەرێمی کوردستان .

جێگەی باس کردنە کە لەکاتی خۆی بۆ بەرگریکردن لەهێرشەکانی دوژمن دروستکراوە ، لە بەر ئەوەی بە درێژایی مێژووی کۆنی ئەم شارە تووشــی بــە دەیا هێرشــی هێزەکانی سووپای دووژمــن بووتــەوە. لەســاڵی ١٣٠٩ی زایــنی بــەرەو ڕووی هێرشــی داگــیر کــەری تــەیمورلــەنگ بــووە ، لەســاڵی ١٧٥١یــشدا بــەرەنگاری هێرشــی داگــیر کــەری شــای ئێــران بــووە ، لەســاڵی ١٧٥٢یــشدا سووپای سلێمان پاشای والی بەغدا هێرشی کردۆتە سەر ناوچەکەدا.

دوای ئەویش لەساڵانی ١٧٩٢–١٧٩٤ تووشی هێرشی عومەر وەهبی پاشا

بۆسەر ئێزیدیەکان لەچیای شەنگال و قەڵاکەی بووە ، لەساڵی ۱۸۳۱دا سووپای داود پاشای والی بەغدا هێرشی کردەسەر، لەساڵی ۱۸٤٦ والی موسڵ هێرشی کردەسەر و لەساڵی ۱۹۱۸ بەریتانیا داگیری کردووە ، لەدوای ئەوانیش رژێمی بەعس لە ئێراق درێخی نەکردوە بەرامبەر دانیشتووانە ئێزیدیەکان لە ناوچەکەدا .

۱۹۳٥/۱۰/۳ شانشینی ئەسیووبیا هیلاسیلاسی لەلایەن رژێمی شانشینی ئیتالیا ناچار کرا بەرەو هەندەران کۆچ بکات ، لەدوای داگیر کردنی وولاتی ئەسیوبیا لەلایەن هێزەکانی سووپای ئیتالیا.

۱۹۳٥/۱۰/۲٤ بلاو کردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری رۆناکی لەشاری هەولێر لە هەرێمی باشووری کوردستا ، لە لایەن مێژوونووس و رووناکبیر ناوداری کورد مامۆستا حسێن حوزنی مورکیانی و بەردەوام بوو تاکوو ژمارە /۱۱ی گۆڤارەکە لە شارەکەدا .

۱۹۳٥/۱۱/۲۲ گۆرانی بێژی ناوداری بەناو عەرەبی و جیهانی خاتوو – فەیرۆز– لە شاری بەیروتی پایتەختی لوبنان لە خێزانێکی هەژار لەچاوی بە جیهان هەڵهێناوە .

شایانی باسە خاتوو فەیروز ناوی رتەواوی خۆی خۆی– نهاد حەداد– ە و بنە ماڵەی باپیری ناوی – ودیع – بووەو لە سریانیەکانی پارێزگای ماردین لە باکووری کوردستان بووونە ، بەلام بە هۆی ئەو کۆمەل کووژیە بێ وێنەکەی رژێمی عوسمانی ، کە بەرامبەر ئەرمەن و کورد لە ساڵی ۱۹۱٥ ئەنجامی دابوو کەووتنە وولاتی شامی ئەوکات،.

ئێستاش تەمەنی ۷۰ساڵەو کچێکی بە ناوی ریمای هەیەو بەیەکەوە ژیان دەبەنە سەر لە شاری لوبنان .

جانازانم خاتوو فەیروز کوردە یاخوود ئەرمەنە گرنگ ئەوەیە عەرەب و تورک

نیە لە خوا بەزیاد بێ.

١٩٣٥/١٢/٢٥ ڕوودانـی گومەلـەرزەی زەوی بەهێزی ٦/٢ پلـە لەسـەر پێـوەری ڕێختـەر کـە بووە هۆی گیان لەدەست دانی زیاتر لە ٥٣٠٠ هەزار هاوولاتی و وێرانکردن و لـە نـاوبردنی بـەدیا خـانوو کێلگـە کـشتوکاڵیاکان لەناوچـە شـاخاوییەکانی باکووری پاکستاندا .

١٩٣٦

١٩٣٦/١/٢٥ کۆچـی دوایـی سـەرکردەی سـووپای عوسمـــانی و کەســـایەتی نـــاوداری ڕۆژنامـەنووس و وەزیـری کـورد - میـر لیوا روکن مستەفا پاشای یامولکی- کـوری مـەلا عـەزیز - لـە تەمـەنی ٧٠ ساڵیداو گۆڕەکەی لەگۆڕستانی گردی سـەیوانە لـە شـاری سـلێمانیە لـە باشووری کوردستان.

١٩٣٦/٣/٧ هێـزە هاوبەشـەکانی سـووپای ڕژێمـی شانشینی لـە ئێـراق و ڕژێمـی تورکیا هەوڵیانـدا جێگـەو شـوێنی خـەلیل خۆشـەوی لـە دەرگاکـانی چیای کاونـد دیاری بکەن ، لە ئەنجام هێرشی هاوبەشی هەردوو ڕژێمی دژ بەکورد لـەدوای چەندین شەهیدو زمدارکردنی چەکدارەکانی خۆشـەوی ، خێزانـی خۆشـەوی داستگیر بکەن ، دوای ئەوەی لە ٣/١٣/ هەمان ساڵ خەلیل خۆشـەوی شـەهید کـراو بـەو هۆکارانـە توانیـان بزووتنـەوەی خـەلیل خۆشـەوی و لایـەنگرانی کۆتایی پێ بێنن لەهەرێمی باشووری کوردستانی لێکدراو بە ئێراقدا.

١٩٣٦/٤/٢٦ دانیشتووانی شارۆچکەی - ژرینکای - سـەر بە هـەرێمی باسك لـە باکووری ئیسپانیای سەر لە بەرەبەیان فرۆکەکانی ئەلمانیای هتلـەری بۆردومـانی ئـەو شارۆچـکەی کـردو دانیـشتووانەکەی لـە زرینگـەی دەنگـی مووشـەکەکانی بۆردومـان کردنـی شارۆچـکەکە بە ئاگاهـاتن... جەماوەرەکـە لـە هـیچ شـتێك حـاڵی نـەدەبوون تـەنها ئـەوەیان دەزانـی کـە شارۆچـکەکەیان لـەماوەی سـێ کاتـژمێرو نیـوودا تووشـی ڕووخـان و وێرانکـردن هـات. لـە ئـەنجامی ئـەو

بۆردومانەدا، کە دوو هەزار کەس لەدانیشتووانی ئەو شارۆچکە گیانیان لەدەستدا و بەهەزاراش زامداربوون و لە ئاکامدا خووێن و ئێسکان و خۆڵ و ئاو تێکەڵ بەیەك بوون و ڕووداوێکی سەرسوورهێنەربوو وەك ڕووداوەکانی دیکە خۆی خستە ناو لاپەرەکانی مێژوو لەتاوانەکانی هیتلەری فاشی و هاوبەشەکانی لەجیهاندا.

سەرچاوە :- گۆڤاری هلال – ٢٠٠٧/١١/١١.

١٩٣٦/٥/١٣ کۆچی دوایی کەسایەتی کوردی پارێزگای سلێمانی شێخ عومەر شێخ ئەمینی قەراخی لەشاری سلێمانیدا.

١٩٣٦/٦/١٠ کۆچی دوایی نووسەرو ئەدیبورۆمان نووس و ڕووناکبیری ناوداری ڕووسیجیهانی – مەکسیم گۆرکی- لە شاری مۆسکۆی پایتەختی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو کە ناوی تەواوی – ئەلیکسی ماکسماریتشی- یەو کە گەوورە نووسەرو دارێژەری ڕێبازی ریالیزمی سوشیالیستی بووە لە لە وولاتەکەیی و کێشووەری ئەوروپادا .



١٩٣٦/٧/١ بۆ یەکەم جار لە مێژووی وولاتی نێوان دووزێو ئێراقی دورستکراو لەسەر خاکی گەلانی ئێراق ، بە تایبەتی خاکی کوردستان وێستگەی رادیۆی شانشینی لە ئێراق لەشاری بەغدای پایتەختی ئێراق پەخشی خۆی بەجیهان بڵاو کردەوە لە شارەکەدا .

١٩٣٦/٧/١٨ لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ناوەخۆی ئیسپانیا شۆرشی ئیسپانیا دەستی پێکرد بە سەرکردایەتی ژەنەڕاڵ فرانکۆ لە شاری مەراکشی ئیسپانی دژی حکوومەتی کۆماری میللی ، کە دەسەڵات وەرگیرا لە دوای هەڵووەشاندنەوەی ڕژێمی شانشینو ئەو کۆمارە چەندین یاسای سۆشیالیستی ڕاگەیاندن.

کە ئەویش بووە هۆی بەرزبوونەوەی ناڕەزایی لە لایەن پیاوانی ئاینی لە کەنیسەکان و دەرەبەگەکان ، فرانکۆ لە دەریا بەڕێووە بەرەو ئیسپانیا دەستی بەسەر باشوور داگرت ، دوای ئەوە بەرەو باکووری ڕۆژئاوا ، بەڵام دەسەڵاتی میللی کرێکاری توانی بەسەر شۆڕشی فرانکۆ سەرکەوێت لە شاری مەدریدو بەرشلونەو بلباو ناوچەکانی دیکە لەووڵاتەکەدا .

جێگەی باسکردنە کە فرنسیسکۆ فرانکۆ پارێزەر لە سووپا سەرکردایەتی ڕاپەرینی دژ بە دەسەڵاتی ئەسپانیای کرد ، لە ئاکامی هەڵبژاردنی حکوومەت وشەڕی ناوخۆی ئەسپانیا ، کە سەرەتای دەستپێکردنی بوو لە نێوان نەتەوەییەکان بەسەرکردایەتی فرانکۆ بەپشتیووانی گەوورە پیاوانی ریتالیەت و ئەلمانیەکان لەگەڵ کۆماریە چەپڕەوەکان کە شەڕەکە ماوەی سێ ساڵی خایاند لە ووڵاتەکەدا.

١٩٣٦/٨/١ پێشبڕکێی یارییەکانی جامی جیهانی – ئۆلەمپیات- لەبەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا ئەنجامدراو بەردەوام بوو تاکوو ٨/١٦ ی هەمان ساڵ لە نێوان یاری زانەکانی ووڵاتانی بەشدار بوو لە جیهاندا .



١٩٣٦/٨/١٨ کــوژرانی ڕوونــاکبیرو ئەدەبی ناوداری ئیسپانیا – فــدریکۆ لۆرکــا –کــە لەوکاتــەی لــە غەرناتــەوە ڕاپێــچیانکرد و هــەر لــەو شــەوە لەســێدارەیاندا. جێگــەی باســکردنە کــە ئەمــەش لەوکاتە بــوو کــە شــەڕی ناوەخۆی ئیسپانیا بەرەو کۆتایی هەنگاوینا. بــە پێــی ڕاپــۆرتی فــەرمی کــووژرانی لۆرکــا. کــە تووێژێنەری بەرەگەز ئیرلەندی – ئایان جیبسۆن – لە ساڵی ١٩٣٩ تاکوو ئەم ساڵانەی دواییش هەر بەردەوام بوو لە پێناو دەستکەووتنی زانیاری لەسەر

چۆنیەتی کووشتنی لۆرکا... بۆیە لە هەموو لایەنەکانی ژیان و رۆشنبیری کۆلیوەتەوە و چەندین کتێب و بلاوکراوەی دەربارەی ژیاننامەی شیعرو بەرهەمەکانی خۆی و هاورێکانی وەك ئەنتۆنیۆ ماچادۆو سلڤادۆردالی بلاوکردۆتەوە.

دوای ئەوە بەماوەیەکی زۆر گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە نووسیویەتی :- ئەوەی روونکردەوە کە بکوژی ئەدەبی ناوداری ئیسپانی پیاوێکە کە ناوی - رامۆن رویس ئەلۆنسۆ - یە کە لە سالی ١٩٦٧ چاوپێکەوتووەکە لەوکاتە سەرقالی نووسینەوەی کتێبێك بووە سەبارەت بەچۆنیەتی کووژرانی لۆرکا. دوای ئەوە کە گەیشتە ئەو بروایە کە - رۆیت ئەلۆنسۆ - دەستی لە کووشتنی لۆرکا هەبووە.

دوای ئەوە کاربەدەستانی هانداوە بۆ ئەوەی لۆرکا بکووژرێ... کە رویس کالۆنسۆ پیاوێکی رامیاری بووە لەبواری وێنەکێشانی نەخشە لە شاری غەرناتە کاری کردووە... کە شارەکەی لۆرکا بووە... دواتر بە ئەندامی ئەنجوومەنی نووێنەران هەلبژێردراوە... بەلام لە سالی ١٩٣٦ لەو شووێنە لادراوە لە وولاتەکەدا.

سەرچاوە :- رۆژنامەی - شرق الاوسط -.

١٩٣٦/١٠/٢٩ لە کودەتایەکی سەربازی ناوداری کورد بەکر سدقی دەسەلاتی ئێراقی گرتە دەست. هەولی دا کورد بەرەو قەزای حەویجە کۆچ بکەن و نیشتەجێ بن.

لە بەر ئەوەی ئەم سەرکردە کوردە هەولی دامەزراندنی دەوولەتێکی کوردی لە هەست و هۆشدا بوو، چ لە ئێراق و چ لە کوردستان .

بۆ نموونە سەعید قەزاز کە لە کاتی شۆرشی ١٤/تەمووزی/١٩٥٨ وەزیری ناوخۆی ئێراقی کۆماری بوو، هەولی زۆری دا بە دامەزراندنی کورد لەکۆمپانیای نەوتی کەرکوك و نیشتەجێکردنی کورد لە قەزای حەویجە. لە بەر ئەوەی خاکی کوردستان بوو. بەلام ئەو سەرکردە کوردانە لە سێدارەدران بەتایبەتی بەکر سدقی لە ١٩٣٧/٨/١١ بە پلانی ئینگلیز و عەرەبە شۆڤینیەکان لە شاری مووسل.

١٩٣٦/١٠/٢٩ بەرپابوونی کودەتای سەربازی لە لایەن بەکر سدقی لە شاری بەغدا دژی رژێمی شانشینی لە ئێراق.

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە بەکر سدقی شەوقی عەسکەری لە بنە مالەیەکی

کـورد لـە ناحیـەی ئاخجەلـەر چـاوی بـە جیهـان هـەڵهێناوە لـە باشـووری کوردسـتان ، لـە دوای تـەواو کردنـی قۆناخـەکانی خوێنـدنی ئامـادەیی – روشدیە – لە ساڵی ١٩٠٨ چۆتە قوتابخانەی سەربازی لە شاری ئەستەموڵی تورکیـا ، دوای تـەواو کردنـی خوێنـدن چـۆتە کۆلیـژی ئـەرکانی سـووپای عوسمـانی . دوای ئـەوە لـە بـەرەکانی جـەنگی یەکـەمی جیهـانی بەشـداری جەنگی کردووە .

دوای تـەواو بـوونی جـەنگ چـۆتە نـاو سـووپای سـووریا ، دوای ئـەوە گەراوەتەوە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق ، لە سووپای ئێراق بە پایەی – رەئیس – وەرگیراوە ، لـە ساڵی ١٩٢٨ بووتـە – عەقیـد – و لـە سـاڵی ١٩٣١ پایەی – زەعیمی – وەر گرتووە و کراوەتە سەرکردەی سووپای باکوور ، لە ساڵی ١٩٣٢دا بووەتە–ئامر لیوا – دوای ئەوە کراوەتە فەرماندەی باشوور .

جێگەی باسکردنە کە هەوڵەکان بەردەوام بوون بۆ لە ناوبردنی بەکر سدقی ، تا لە ١٩٣٧/٨/١١ دا لە کاتێکدا کە سەرۆکایەتی شاندێکی سەربازی دەکرد بۆ تورکیا لە بنکەی ئاسمانی مووسڵ .

بە یاوەری محەمەد عەلی جەواد ، کە سەرۆکی هێزی ئاسمانی بوو پیلانی کووشتنەکەیان جێ بە جێکرد ، دوای ئەوە حکمەت سلێمان دەست لە کار کێـشانەوەی خـۆی لـە ١٩٢٧/٨/١٧ دا پێـشکەشی کـردو بـەم شـێوەیە حکوومەتی کودەتا کۆتایی پێهات لە ئێراقدا .

١٩٣٦/١١/١٢ کۆچی دوایی کەسایەتی ناوداری کورد هۆزانەوان – حەمد– ی لە تەمەنی ٦٠ سـاڵیدا لەباشـووری کوردسـتان لـە شـاری سـلێمانی و گۆرەکـەی لـە گۆرستانی گردی سەیوانە لە شارەکەدا .

١٩٣٦/١١/١٦ مۆرکردنی پەیمان لە نێوان سووریاو فەرەنسا ، کە مەندووبی سامی فەرەنسا – مسیۆ دی مارتل– و نووێنەری سووریا ئەو پەیمانەیان مۆر کرد.

شایانی باسـە کـە سـووریا زیـاتر لـە ١٧٠٠٠هـەزار کیلۆمـەتر چوارگۆشـەی لـەخاکی رۆژئـاوای کوردسـتانی کەوتۆتـە ژێـر سـنووری دروسـتکراوی دەووڵەتەکـەی بـەپێی پـەیمانی لـۆزانی مـۆرکراو لـە ١٩٢٣/٧/٢٤ لـە لایـەن وولاتانی هاوپەیمانانا.

١٩٣٦/١١/٢٥ لــە راگــەیانێکی ســەرۆکی یەکیــەتی ســۆڤیەتی- ســتالین – ئــەویش بەســەرکەووتنی سۆشیالیــستی لــە یەکیــەتی ســۆڤیەت ، دوای ١٩ســاڵ لــە ســەرکەوتنی شۆڕشــی ئۆکتۆبــەر. دوای ئــەوە لــەمانگی/ ٤/١٩٦٠ تــشیکۆ سلۆڤاکیا لەدەستوورەکەی ڕایگەیاند ، کە ناوی دەوڵـەتی نوێ سەرهەڵدا ، ئــەویش بــە- کۆمــاری تیــشکی سۆشیالیــستی- ئــەم هۆکــارە بــووە هــۆی ڕاگەیاندنی سەرکەووتنی سۆشیالیستی، لە دوای قۆناخی گواستنەوە ، کە ماوەی ١٥ ساڵی خایاند.

بەڵام بەڕایەکانی کە تواناى بۆ دەرەخسا لە ڕاپۆرتەکانی گەیشتنی کۆمەڵگا بەقۆناخی سۆشیالیستی... شایانی باسە ئەمەیە پەلەکردن لەڕاگەیانـدنی بنــەمای سۆشیالیــستی لــە بەرامبــەر ناوەنــدەکانی ڕژێمــی بــە هێــزی ســەرمایەداری ، کــە هۆکاری پەرەسەندنو پێشکەووتنی نەبوو بە تایبەتی لـەبواری پێشبڕکێیرامیاری و سـەربازی و ئـابووری و ژێرخـانی ئـابووریو بازرگانیو پیشەسازیو کشتووکاڵ لە کێشووەرەکەدا .

١٩٣٦/١٢/٥ دەووڵــەتی عەلەویــەکان بــە پێــی بڕیــاری ژمــارە/٢٤٧/٤٠٣. لکێنــدرا بــە دەووڵــەتی ســووریا ، کــە لەلایــەن دادوەری ســامی فەرەنــسا –د.دی.مرتــل- مۆرکرابوو. ئەمەش بەپێی ئەم دوو مەرسوومەی کە لە٢-١٢/٥ی هـەمان سـاڵ دەرچــوو بــوون بەگەڕاندنــەوەی هــەردوو هــەرێمی دروزو عەلەویــەکان بــۆ ژێــر دەسەڵاتی ڕژێمی شانشینی لە سووریادا.

١٩٣٦/١٢/١٠ شانشینی بەریتانیا ئەدواردی هەشتەم دەستی لـەکاری شـانشینی کێشاوەو بـۆ دایکـی جێهێـشت کـە ئەلیزابێتـە... تـاکوو ئێـستاش پۆسـتی شـانشینی بەریتانیای بە دەستە.

شـایانی باسـە ئـەدوارد بەشداری لـە شـەڕی یەکـەمی جیهـانی کـردووەو ڕۆڵی بنەڕەتی و سەرەکی هەبووە لە پەیمانەکانی سایکس- بیکـۆو سیڤەرو لـۆزان بــە دابەشــکردنی کوردســتانو بــەدەیا کێــشەی دیکــەی جیهــانی ، لــە پێنــاو بەرژەوەنـدی تایبـەتی وڵاتەکـەی ، بـەهاوکاری ئەمـەریکاو هاوپـەیمانان لـە جیهاندا .

١٩٣٧

١٩٣٧/٢/٢٠ کۆچـی دوایـی دبلۆماتکـارو سیاسـەتمەداری بـەریتانی – سـێر پـرێس کـۆکس – لـە شـاری لەنـدەنی پایتـەختی بەریتانیا.

جێگـەی باسـکردنە کـە ئـەم کەسـایەتیە نێـوو دەوڵەتیـە لـە ١٨٦٤/١٠/٢٠ چـاوی بـەجیهان هـەڵهێناوە... لـە دوای تـەواوکردنی قۆناخـە یـەك لـەدوای یەکـەکانی خوێنـدنی و لـە تەمـەنی ٤٠ سـاڵیدا واتـە لـە سـاڵی ١٩٠٤ بووەتـە کونسڵی گشتی لە شاری بووشەهری ئێستای ئێران.

هەروا لە ساڵی ١٩٠٩ بووەتە موقیمی رامیاری لەکەنداوی فارس... لە ساڵی ١٩١٤ بووەتـە سـکرتێری هەنـدەرانی حکوومـەتی هندسـتان... دوای ئـەوە بووەتە سەرۆکی ئەفسەری رامیاری لە هێزی لەشکرکێشی کوردستان... لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٨ –١٩٢٠ بووەتە وەزیری بەریتانیا لە ئێران.

لە دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٢٠ وەکوو کۆمێسری بەریتانی لەبەغدا جێگەی سێر ئارنۆڵـد وویسلنی گرتـەوە... تـا سـاڵی ١٩٢٣ هـەر لـەو پۆسـتەدا مایـەوە. بـە دامەزرێنـەری سـووپاو دەسـتووری ئێراقـی شانـشینی دادەنرێـت...ئـەم کەسـایەتیە رۆڵـی بـاڵاو کاریگـەری هـەبوو لـە دروسـتکردن و چارەسـەرکردنی هەمەلایەنەی جۆراوجـۆر لـە کێـشە هەڵوواسـراوەکان، بـە تایبـەتی لەهـەرێمی باشووری کوردستان لـەکاتی راپـەرین و شـۆرش و دەسـەڵاتی شـێخ مـەحمودی حەفید لە هەرێمەکەدا.

١٩٣٧/٣/١٠ دامەزرانـدنی کۆمەڵـەی برایـەتی لەلایـەن شـێخ لـەتیفی کـوری شـێخ مـەحمودی حەفید لەشاری سلێمانی لە باشووری کوردستان.

١٩٣٧/٣/١٩ ڕاگەیاندنی مەرسوومی فاتیکان لەلایەن پاپا بیوسمی یانزەهەم بڵاوکرایەوە دژی کۆمۆنیستیەت... کە کۆمۆنیستی دژی هەموو ئاینەکانی جیهانەو بڕوای بە خالق نیەو هەلگری تێئووری مادیەو بڕوای بەهەبوونو بینینی بەرچاو هەیە....!...؟.



١٩٣٧/٤/٢٤ بە پێی ماددەی /١ی یاسای ڕێکەووتننامەی مۆرکراوی دراوسێیەتی لە نێوان وولاتان .
بە تایبەتی لە نێوان ڕژێمی شانشینی لە ئێراقو سووریاو ئوردنو سعوودیەو کووێت... ئەویش کە ماوە بە بەدووە عەرەبەکانو مەڕ لەوەڕێنەکانو دانیشتووانەکانی دیکەی بیابانی عەرەبی سعوودیو ئوردنو کووێت دەدا... کە بە ئارەزووی خۆیان دەتووانن لە نێوان خاکی ئەو وولاتانەو سنوورەکانیاندا بسووڕێنەوە بە ئارەزووی خۆیان .
لە بەر ئەوەی کە عەرەبن لەسەر خاکی گەلانی دیکە ، بەتایبەتی خاکی کوردستانو نیشتەجێ بن ، کەئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بوو لەپێناو بەعەرەبکردنو داگیر کردنی رۆژئاواو باشووری کوردستانی لکێنراو بە ڕژێمە بۆگەنە داپلۆسێنەرەکانی سووریاو ئێراق لە ناوچەکەدا .

١٩٣٧/٥/٢٣ ڕژێمی تورکیا رۆژنامەی – سۆن تەلەگرافی – لە شاری ئەستەمبوڵ داخست ، ئەویش بەهۆی نارەزایی بابەتە بڵاو کراوەکان تیایدا لە سەر هەڵسوو کەووتی دەسەلاتەکەیاندا .

١٩٣٧/٦/٧ شاعیرو ڕووناکبیری بەناوبانگی ئێراق و عەرەب و جیهان – مەعروف ڕەسافی – دووبارەی دەنگەکانی عەبدولرەحمان کەواکبی دەکردەوە کە لەئەنجوومەنی نووێنەرانی ئێراق ، بە ئاشکرا ڕایگەیاند و ووتی:– من شیوعیم و بەلاّم

شـیوعیەتەکەم ئیـسلامیە ، لەبـەر ئـەوەی لـە قورئـانی پـیرۆزدا هـاتووە :– وفي اموالهم حـق للـسائل والمرحـوم – الـذاريات/١٩ ، هـەروا محەمـەد – د.خ – گویەتی:– تؤخذ من اغنيائهم فترد على فقرائهم – البخـاري ١٤٢٥، ئایە ئەوە شیوعیەت نییە کێ دەتوانێ بەرگری ئەوە بکات ، تەنیا هەژاری دواکەوتوو نەبێت لە ئێراق و جیهاندا .

١٩٣٧/٦/١٤ سـەرکردەی ئەرمەنیـەکان – ئارسـین کیـدۆرم– لەسـەرکردەکانی هنـشاق– نامەیـەکی ئاراستەی کۆمـەڵێ قوتـابی ئەرمـەنی کـرد لـە زانکـۆی ئەمـەریکی لـە بـەیروتی پایتـەختی لوبنـان ، کـە نامەکـە بلـۆلکراوە لـە دۆسـیەی وەزارەتـی پۆلیس لە ئێراق لە ژێر ژمارە /١١٥٨ پارێزراوە لە وولاتەکەدا .

شایانی باسە جوولانەوەی – الهنشاق– بەدەست پێشخەری چەند قوتابیەکی ئەرمەنی دامەزرا ، لەپێناو بلاوکردنەوەی رۆژنامەیەك لەشاری ژنێف لـە سـاڵی ١٨٨٧ ، ئامـانجیش یـەك گرتنـی هـەموو خـاکی ئەرمـەنی بـوو لـە وولاتێکـی سۆسیالستیدا.

هـەروا لـە سـەدەی بیـستەم ئـەم جوولانەوەیـە ناسـرا بـەناوی رێکخـراوی – سۆسیالیـستی دیمـوکراتی – کـە لەهـەرێمی قـەوقاز هاوکاریـەکی گـەرمیان دروست کرد لەگەڵ بەلشەفیەکان دژی – فیدرالیـەتی شۆڕشگێڕی ئەرمـەنی– ئەوانەی کە بیری نەتەوەییان هەبوو بەناوی – تاشناکنزونیان– کە قوتابیـەکان ئەنـدامانی زۆرینـە بـوون لـە رێکخراوەکـەدا ، ئـەم رێکخـراوەش لـەدوای سـاڵی ١٩١٠ بەهێزبوون و دژی دەسەلاتی عوسمانی وەستان.

١٩٣٧/٦/٢٣ دەووڵەمەنـدی نـاوداری ئەمـەریکی و لایـەنگیری دەووڵـەتی ئیـسرائیل ئـەدوارد ئۆرمـان بـە هاوکـاریو رێگـە خۆشـکەری موحـسن هەلـسان بـەگفتووگۆ کـردن لەگـەڵ رژێمـی شانـشینی لـە ئێـراق ، لـە پێنـاو گەیـشتن بەرێکەووتننامـەی گوواسـتنەوەی عەرەبـە فەلەسـتینیەکان بـۆ ئێـراقو نیـشتەجێکردنیان لـە و وولاتەدا .

بـەلام ئـەو کـارە بـە تـەواوی جێبـەجێ نـەکرا ، ئـەویش بەهەوڵـدانیان بـۆ نیشتەجێکردنیان لـە باشووری کوردستانی لکێنـراو بـە ئێراق بەتایبـەتی لـە پارێزگـای کـەرکوك و دوای ئـەوە لـە پارێزگاکـانی دیالـەو موسـل لـە باشـووری کوردســتان ، لــەپێناو چارەســەرکردنی دوو کێــشەی دژ بــەکوردو خــاکی

کوردستان.
یەکەمیان :- دوورخستنەوەی دانیشتووانی عەرەب لەفەلەستین و کەم کردنەوەی دانیشتووان عەرەب لە فەستین .
دووەم :- ئاسانکاری کردن لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل و بەعەرەبکردنی ناوچە کوردیەکان لەپێناو گۆڕینی سنووری جووگرافیای کوردستان .

١٩٣٧/٧/٧ هێزەکانی سووپای ڕژێمی شانشینی لە یابان لە هێرشێکیدا چینی مللی بە تەواوی داگیر کرد ، بەڵام دوای ئەوە بەهۆی سەرنەکەووتنی لەجەنگی دووەمی جیهان ، لەخاکی چین بە تەواوی کشانەوە و بووە هۆی دورست بوونی کێشەو ململانێ لە نێوان ماوتسی تۆنگ و شیانگ کای شك ، کە شینگ سەرکردایەتی پارتی نیشتمانی چینی دەکردو ، ماوتسی تۆنگیش سەرکردایەتی کۆمۆنیستەکان دەکرد ، ئەمە لەلایەك و لایەکی دیکەش دورست بوونی بە دەیا کێشە دیکە لە نێوان چین و یابان ، بەهۆی دەستکاری کردن لە بەلگەنامە کۆنە بەنرخەکانی ، لە زمان و مێژووی چین و کۆریای باکوور لەکاتی داگیرکردنەکاندا.

١٩٣٧/٧/٨ مۆرکردنی پەیمانی سەعد ئاباد لە نێوان ڕژێمی شانشینی لە ئێراق و ڕژێمی شایەتی لە ئێران و ڕژێمی تورکیا و ڕژێمی شانشینی لە ئەفگانستان ، کە ئامانجی ئەو پەیمانە بۆ گەمارۆدان و پەلاماردانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بوو لە کوردستان .
بەتایبەتی لەو کاتەی بەدورست بوونی هەر دەووڵەتێکی کوردی لەسەر هەر پارچەیەك لەپارچە دابەشکراوەکانی لکێنراووداگیر کراو بە دەووڵەتکانیان ، ئەویش لەسەر ڕۆشنایی و ڕێنمایەکانی پەیمانی لۆزانی ١٩٢٣/٧/٢٤ لە لایەن وولاَتانی هاوپەیمانانیدا .
جێگەی ئاماژە پێکرنە کە مۆرکردنی پەیمانی سەعد ئاباد لە کۆشکی سەعد ئاباد- لە شاری تارانی پایتەختی ئێران لە نێوان ئەو دوولەتانە مۆرکرا , ئەویش بە پشیووانی بەریتانیا ، بە ناوی پەیمانی - بەگژ یەکدا نەچوون - یان مۆرکرد ، لە دوای ئەوە ناوەکەی گۆڕدرا بە سەعد ئاباد .
هەروا ئەو کەسانەی کە وەزیرەکانی دەرەوە بوون کە پەیمانەکەیان مۆرکرد بریتی بوون لە ، وەزیری دەرەوەی تورکیا تۆفیق ڕەشید ئاراس . وەزیری

دەرەوەی ئێـران عینایەتوولاسـەمیعی . وەزیـری دەرەوەی ئەفگانـستان فـەیز محەمەدخان . وەزیری دەرەوەی ئێراق ناجی ئەسیل .

هـەروا بـە پێـی ئـەم پەیمانـە کێشەکانی نێوانیـان چارەسـەر کـردوو چـوونە سـەنگەری بەرگریـەوە دژ بە شۆڕشـی کـورد ، لـە هـەمان کاتـدا ئەنجوومـەنێکی راوێژکاریان پێك هێنا لە وەزیرەکانی دەرەوەو بڕیاریانـدا ، کە گفتووگۆ بکـەن دەربارەی ئـەو بابەتانـەی کـە پەیوەنـدیان بـە بەرژەوەنـدی هاوبەشـەوە هەیـە ، هـەروا ئـەو ئەنجوومەنـە هـەموو سـاڵێك کۆبوونـەوە ئـەنجام بـدەن ، کـە ئـەو ئەنجوومەنە بڕیارەکان دەدا لە چۆنیەتی باری پیووەندی لە نێوانیاندا

سەرچاوە:- زمووئەرخین-مێژووی سەردەمی ئێران - تاران-١٣٦٨-هـ ل /١٥٣ .

١٩٣٧/٧/١٧ کۆمیتـەی ناوەنـدی بەڕێوەبەرایـەتی و شـووراى وەزیرانـی یەکیـەتی سـۆڤیەت بڕیـاری ژمـارە/١٠٣/١٢٧/٢٦٧ یـان سـەبارەت بەدروسـتکردنی پـشتێنەی ئاسایش- پاراستن - دەرکرد، کە بووە هـۆی گوواستنەوەی زیاتر لـە ١٣٢٥ هـاوولاتی کـورد لـە ناوچـە سـەر سـنوورەکانی ئەرمەنـستان و ئازربایجانـەوە ، ئەویش بۆ قووڵایی وولاتی سۆڤیەت ، کە٨١٢ یان بۆ کرکیزستان و ٥١٣ یان بۆ کازاخستان بوو، ئەمە بەپێی بڕیاری بەڕێوەبەرایـەتی چوارەمی وەزارەتـی پارێزگـاری یەکیـەتی سـۆڤیەت و بـەئیمزاری - کوروچـکین- ی سـەرۆکی ئـەم بەڕێوەبەرایەتیە بوو لە ناوچەکەدا .

١٩٣٧/٧/١٨ دوای مـۆرکردنی پـەیمانی سـەعدئاباد ، مـۆرکردنی رێکەووتننامـەی دووقـۆڵیٚ دۆستایەتی و هاوکاری لە نێوان رژێمـی شانـشینی لـە ئێراق و شاهەنشاهی لـە ئێران ، ئـەویش بـەپێی پـەیمانی سـەعد ئاباد مۆرکرد ، بەلێدان و گـەمارۆدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە رۆژهەلات و باشووری کوردسـتانی لکێنـراو بە وولاتەکانیان.

١٩٣٧/٧/٢٠ کۆچی دوایی داهێنانی رادیۆو زانای ئیتالی مارکۆنی ساڵیۆ لـە شاری رۆمـای پایتـەختی ئیتالی لەخانەوادەیەکی دەوولەمەند. شایانی باسە ئەم زانایە لـە سـاڵی ١٨٧٤ لـە شـاری پۆلۆنیـای ئیتالیـا لـەدایك بـووە... مـارکۆنی تـوانی ئامێرێکی تایبەت دابهێنیٚ و دوایـی چـووە ئینگلتـەراو ئامێرەکـەی پێشانداو لەویٚ تۆماری کردوو کۆپمانیایەکی دامەزراند.

مارکۆنی یەکـەم کـەس بـوو ئیشارەتەکانی تیشکی لـە سەر مادە جیاوازەکـان

بەسەرکەوتوویی هەناردو وەرگرت... ساڵی ١٩٠١ لە میانی ئەتلەسیەوە ئیشارەتەکانی هەنارد... کە رۆژێکی مەزن بوو لە مێژووی پەیوەندیە بێتەلەکان و ئەو کەشتیە جەنگیانەی کە بە دەست گرفت و تەنگ و چەلەمەوە دەیانالاند. توانیایان بەخێرای داوای یارمەتی بکەن لەدوا ساڵەکانی ژیانیدا بە بەکارهێنانی شەپۆلە کورت و یەك جار کورتەکان پەرە پێبدات و ئەمڕۆش رادیۆ بۆتە یەکێك لە دەزگا راگەیاندنکان لە هەموو بوارە جیاکان لە جیهاندا.

١٩٣٧/٨/٦ کۆچی دوایی گۆرانی بێژو هونەرمەندی ناوداری کورد سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

١٩٣٧/٨/٢٦ مۆرکردنی پەیمانی عەرەبی بەناوی- برایەتی عەرەب- لە نێوان شانشینی سعوودیەو شانشینی ئێراقو شانشینی یەمەن .
کە لە سێ خاڵ پێك هاتبوو، لە پێناو بەهێز کردنی پەیووەندنی رامیاریو بەرگریو ئابووریو بازرگانی و نەتەوەییو نیشتمانیو چەندین لایەنی دیکە لە نێوانیاندا .

١٩٣٧/٩/٥ لە سەرداوای رژێمی تورك رابەری شۆرشی دەرسیم لە باکووری کوردستان سەید رەزا بۆ گفتووگۆ کردن دچێتە شاری ئەرزەرۆمو لەوێ بەرپرسانی سەربازی بە فەرمانی بەر پرسانی رژێمی تورك بەفێڵ دەستبەسەری دەکەن شارەکەدا .

١٩٣٧/٩/١١ بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی - ژیان- لە شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان ، لەلایەن مامۆستا سالح قەفتان کە سەرۆك نووسەری رۆژنامەکە بوو لە شارەکەدا .

١٩٣٧/٩/١٢ بڵاو کردنەوەی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی - زبان- لەلایەن شارەوانی شاری سلێمانی لە باشووری کوردستاندا.

١٩٣٧/٩/٢٩ مۆرکردنی پەیمانی میونخ ، لە نێوان ئەڵمانیای نازیو شانشینی بەریتانیاو فەرەنساو ئیتالیا ، ئەمەش بەهۆی بەرەو لێك ترازانی بارودۆخی پەیووەندی نێوودەووڵەتی بوو ، بە تایبەتی بە دەست پێشخەری هتلەری نازی .
لە پێناو گەیاندن بەئامانجەکانی خۆی لە فراوانکردنی دەسەڵاتو سنووری ئەڵمانیا لەسەر جیهان.

١٩٣٧/١١/٩ لە ئەنجامی خۆپیشاندانی رێکخراوی نازیەکانی ئەلمانیا لە دژی جوولەکەکان

بوو بە هۆی کووژرانی زیاتر لە ٧٤ جوولەکە و دەستگیرکردنی زیاتر لە ٢٠٠٠٠ هەزار جوولەکە و رووخاندنی زیاتر لە ٨٥٠ دووکان و ١٧١ خانووو سووتاندنی ١٩١ کەنیسەی جوولەکەکان لە ئەلمانیا. رێژەی زیانەکانی ئەم کارە بە ٥٢ ملیۆن مارکی ئەلمانی مەزەندە کرا. کە تەنیا زیانی شیشە شکاوەکان بە ٥ ملیۆن مارک مەزەندە کرا.

هەروا شەوی شوشەیی رایخ بە بیانووی کووژرانی – ئەرنێست فۆم راس – ی سکرتێری سێیەمی بالوێزی ئەلمانیا بوو لە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا لە لایەن ئاوارە جوولەکەکان، کە لە راستیدا بە تەمای کووشتنی بالوێزی ئەلمانیا لە فەرەنسا بوو، کە ئەم کارە روویدا.

١٩٣٧/١١/١٢ کۆچی دوایی شاعیری ناوداری کورد- ئەحمەد حەمدی ساحێبکەران- لە شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان ، گۆڕەکەی لە گۆڕستانی گردی سەیوانە ... شایانی باسە ئەو شاعیرە لە ساڵی ١٨٧٦ لە بنەماڵەی ناوداری ساحێبکەران لە شاری سلێمانی لەچاوی بە جیهان هەڵهێناوە ...خووێندنی ئایینی تەواوکردوەو دوای ئەوە چووەتە قوتابخانە ، دوای ئەوە پەیووەندی بە بزووتنەوەی رزگاریخوازەکەی شێخ مەحمود حەفید دەکات . لەخەبات و شیعر بەیەکەوە بەردەوام دەبێت و رۆڵی کاریگەری دەبێت لە رۆشنبیر کردنی گەلی کوردستان تا کۆچی دوایی دەکات لە هەرێمەکەدا .

١٩٣٧/١١/١٩ لە دوای لە سێدارەدانی سەید رەزاو هەڤاڵەکانی لەلایەن رژێمی تورکیا پرسەیان لە مزگەووتی کوردەکانی دانیشتووانی شاری دیمەشقی پایتەختی سووریا دانا ، سەرەرای نارەزایی رژێمی سووریا... لە بەر ئەوەی جیاوازی لە نێوان وولاتانی داگیر کەری کوردستان بەردەوامە تەنیا لە سەر کێشەی کورد نەبێت کە هیچ لایەنێك جیاوازیان لە نێواندا نیە بەرامبەر بەکوردو خاکی کوردستان ، بە تایبەتی لەلایەنی نەتەوەیی و نیشتمانیدا.

١٩٣٧/١٢/٣ بەپێی فەرمانی بەرێوەبەرایەتی پاراستن- kgb – سەر بە وەزارەتی ناوەخۆی یەکیەتی سۆڤیەت کە ١٤١ خێزانی کورد لە دانیشتووی ناوچەکانی سەرسنووری ئازەربایجان بەقافڵەی واگۆی شەمەندەفەر بۆ کازاخستان گوازرانەوە... شایانی باسە ئەم بنەماڵانە لە کورد وەك کەسانی دژ بەشۆرش تاوانبارکرابوون.

١٩٣٨

١٩٣٨/٢/٢٥ بڵاو کردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری- زانستی- لە باشووری کوردستان لەلایەن مامۆستا سالح قەفتان لەشاری سلێمانی لە شارەکەدا .



١٩٣٨/٣/٧ دەرچوونی چەند یاسایەك لەلایەن سەرۆکی دەسەڵاتی باڵای یەکیەتی سۆڤیەتو پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت ستالین ، بەگۆڕینی بنەماکانی بنەڕەتی لە باری سووپا ، ئەویش بەدانانی سنووری ڕزگاری نەتەوەیی لەناو سووپا ، کە لەکاتی خۆی لەساڵی ١٩٢٤ ڕێکخرا بوو ، کە هەموو هاوڵاتیەك لەنێر لە یەکیەتی سۆڤیەت بەبێ جیاوازیو دووبەرەکی نەتەوەیی یاخوود ڕۆشنبیری دەبێ ملکەچ بێ بەرامبەر بە ئەرکی سەربازی بەیەکخستنی سووپا، بەهەڵووەشاندنەوەی یەکەی نەتەوەیی لە بەرژەوەندی یەکەکانی جۆراو جۆری ڕەگەزیدا ، لە ناو سنووری دەسەڵاتی یەکیەتی سۆڤیەتدا .

١٩٣٨/٣/٨ لە دایك بوونی نووسەر و ڕۆژنامە نووسی نیشتمانپەروەری کورد — ممتاز حەیدەر عاسم حەیدەری—ناسراو بە ممتاز حەیدەری، لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێری ناسراو لە هەرێمی باشووری کوردستان.



جێگـــەی باســـکردنه کـــه مامۆســتا ممتاز حەیدەری له تەمەنی دیاربووی خۆی رووی لـــــه قووتابخانـــــه کردووه و تا پۆلی سێیەمی ناوەنـــدی لــــه خوێنـــدن بـــەردەوام بـــووه، ئـــەویش بەهۆی چالاکی رامیاری له ١٩٦١/٥/١ بەنـــــدکراوه و وازی له خوێندن هێناوه، هـەروا لـه پـۆلی دووەمـی ناوەندی لـه سـاڵی ١٩٦٠ پـــەیامنێری رۆژنامــــەی ئازادی بووه، دوای ئەوه لـه نێوان سـاڵەکانی ١٩٦٢ تـا ١٩٦٤ بـه نهێنی لـه شاری کەرکوك و له شاخ له دەزگاکانی راگەیاندنی پارتی کۆمەنیست لقی / هەرێمی کوردستان له رۆژنامەی رێگای کوردستان کاری کردووه.

دوای ئـەوه لـه سـاڵی ١٩٦٤ لـه شـاخەوه بەرەو شـاری بەغدا گەراوەتـەوەو تـا سـاڵی ١٩٦٦ لـه شـاری بەغـدا بـه نهێنی لـه دەزگـای چاپەمەنی پارتەکـه – رۆژنامـەی، طريـق الـشعب – کـاری کـردووه... هـەروا لـه سـەرەتای مـانگی ١٩٦٦/١٠/ چـۆته مۆسـکۆی پایتـەختی سـۆڤیەت و بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ ماوەتـەوه، ئـەویش بـه خوێنـدنی لـه پـەیمانگای زانستی کۆمەڵایـەتی و بـه پلەی زۆرباشه له خوێندن سەرکەوتنی بەدەست هێناوه.

دوای گەرانـەوەی لـه یەکیـەتی سـۆڤیەت یەکـەم بابـەتی ئـەدەبی – کورتـه لێکۆڵینـەوه – لـه بـارەی دڵداری شـاعیر لـه گۆڤـاری دەفتـەری کوردەواری لـه مـانگی ١٩٧٠/٤/ بڵاوکردۆتـەوه... هـەر دوای بڵاوکردنـەوەی ئـەم بابەتـه لـه وەرزی هاوینی ساڵی ١٩٧٠ بۆته ئەندامی یەکیەتی نووسەرانی کورد.

هەروا دوای ئەوه له ١٩٧٠/٦/١ تا مانگی ١٩٧٦/١٠/ له رۆژنامـەی هاوکاری کـاری کـردووه و بـه دەیا بابـەتی هەمـەجۆری بڵاوکردۆتـەوه، بـه هـۆی ئـەم

بابەتانەو هەڵوویستی بوێرانەی کوردایەتی لەکاری رۆژنامەکە دوورخراوەتەوە.
دوای ئەوە لە ١٩٧٦/١١/١ لە رۆژنامەی ئێراق و پاشکۆ کوردیەکەی بە نووسەر کاری کردووەو تا ساڵی ١٩٧٩، دووبارە بەهۆی هەڵوویستی دوورخراوەتەوە، دوای ئەوە لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ دەزگایەکی فۆتۆکۆپی وکتێبخانەیەك دەکاتەوە بەناوی کتێبخانەی حەیدەری لە شاری هەولێر لە باشووری کوردستان.
هەروا لە کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتی نووسەرانی کورد، وەکوو نووسەرێکی سەربەخۆ بە ئەندامی مەڵبەندی یەکیەتی نووسەرانی کورد هەڵدەبژێردرێ، و هەر دوای ئەوە بە سەرنووسەری گۆڤاری نووسەر کاردەکات تاکوو گۆڤارەکە لە دەرچوواندنی دادەخرێت... هەروا دوای راپەرینی بەهاری ١٩٩١ لە چەندین رۆژنامەو گۆڤار کاری کردووە، وەك کوردستانی نوێ و هەروا ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری سەندیکای رۆژنامەنووسان بووە.
هەروا ئەم کەسایەتیە کورد پەروەرە خاوەن هەڵوویستە لە ماوەی ژیانی لە سەرەتای دەستکردنی بە کاری نووسین تا تەواوبوونی ئەم مێژوونامەیە بە دەیا بابەتی هەمەلایەنی لە هەموو بوارە جیاجیاکان لە رۆژنامەو گۆڤارەکان بلاوکردۆتەوە، دوای ئەم کارانە چوار کتێبی بە چاپ گەیاندووە ئەویش :-
١- مەلای گەورە لە ساڵی ١٩٧٥... ٢- مستەفا شەوقی و گۆڤاری پایزە.
٣- داری ماوەران... ٤- کورد و حکوومەتی قاسم و شۆرشی ئەیلول.
٥- لە بارەی ژیانی سی و دوو گەورە پیاوانی کورد پاش کۆچ کردنیان لە کوردستان.
هەروا مامۆستا مومتاز حەیدەری لە هەولێکی بێ وێنەو لە بارودۆخێکی ناسك و بە توانایەکی دیاری کراوی دارایی و لە ماڵەکەی خۆی، توانی گۆڤاری k21 ژمارە یەکی لە بەهاری ٢٠٠٨ بە چاپ دەگەیەنێ و بلاوی دەکاتەوە و تا ئێستا چوار ژمارەی لێ بلاوکراوەتەوە ، کە گۆڤارێکی - کەلتووری، زانستی، مێژوویی، بەڵگەنامەیی، نەتەوەیی - وەرزی ئازادە...
مامۆستا مومتاز حەیدەری لە ژیانەو لەکارە پیرۆزەکانی بەردەوامە لە پێناو خزمەتکردنی کوردو کتێبخانەی کورد لە کوردستان، بە هیوای تەمەنێکی

درێژ بۆ ئەم مامۆستایە ماندوو نەناسەدا.

١٩٣٨/٥/٢٨ سـەرەك وەزیرانـی رژێمـی تـورك –جـەلال بـەیار – لـە وتارێکیـدا هەرەشـەی کووشتنی جەماوەری گەلی کوردستان لـە باکووری کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەلاتی تورکیا لەناوچەی دەرسیم دەکات لە هەرێمەکەدا .

١٩٣٨/٦/٣ پشکنێەری بەشی هەشتەمی دەزگای پاراستنی یەکیەتی سۆڤیەت– سیرگفت بـایکۆف– بۆســەرۆکی بەشــی ڕاگوێزراوەکـانی کازاخـستان –ئابیـشێف– دەنووسیۆ دەڵیۆ:–

قافلـــەی واگـــۆنی شـــەمەندەفەری ڕاگوێزراوەکـــان گەیـــشتە وێـــستگەی شەمەندەفەری –سیر، دارین–و دابەزێنـدران ، کە هـەموویان کوردنو لە ١١٥ خێزان پێك هـاتوونو بەسـەر چوار کەلخۆزی پاختا ئاراڵدا دابەش کـراونو دامـــەزراونو دادەمـــەزرێن... تادروســـت کردنـــی خانووبـــەرەی نـــویۆ بەشێووەیەکی کاتی لەخانووبـەرەی کـەلخۆزەکان دامەزرێنـدراون ، ئـەو ١١٥ بنەماڵەیـە کـە لەسـاڵی ١٩٣٧ بۆکازاخـستان ڕاگوێزرابـوون لـە سـەر جێگـەو شووێنی رەسەنی خۆیاندا .

١٩٣٨/٦/١٥ بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی – ئەسرا ، نیشتمان– لەلایەن یوسف مەلەکی لە شاری بەغدا بەزمانی عـەرەبیو سریانیو ئینگلیـزیو فەرەنسی ، کە لـە دەرچوون بەردەوام بوو لە شاری بەغدا تاکوو رۆژی دەست بەسەرا گرتنـی لـە ١٩٤١/٩/١١ لە لایەن پیاوەکانی رژێمی شانشینی لە ئێراق.

١٩٣٨/٩/٢٠ مۆرکردنی رێکەووتننامەی میونیخ لە نێوان – هتلەر و مۆسۆلینی، چەمبرلین و دالادیـەدا – گرێـدرا ، ئـەم رێکەووتننامەیـە هـەموو ناوچـەی ئەلمانـە نیـشینەکانی سـوودێنی بـە ئـەلمانیا دەسـپارد. دەووڵەتـەکانی ئـەورووپای رۆژئاوا بە گرێدانی ئەم رێکەووتننامەیەدا، لە راستیدا ملیان بۆ داواکاریـە نا بەجێکانی ئەلمانیای هتلـەری دانەواندو بە شێکی زۆر لە دانیشتووانی ئەم ناوچـانە ئەلمانیـەکانی چیکـسلۆڤاکیا بـوون، کـە لـە لایـەن ئـەلمانیا داگیرکرابوون.

هەروا لە کۆنفرانسی میونیخ، کە بوو بە هۆی گرێدانی ئەم رێکەووتننامە،

نووێنــەری ســۆڤیەت و چیکــسلۆڤاکیا بانگهێــشت نــەکرابوون. ســەرۆکی سۆڤیەت ستالین پێی وابوو کۆنفرانسی میونیخ و ڕێکەوتنی بەریتانیاو فەرەنسا لە گەڵ ئەلمانیادا دەبێتە هۆی ئەوەی کە هتلەر هێرش بکاتە سەر ئەورووپای ڕۆژهەڵات و لە داگیرکردنی ئەورووپای ڕۆژئاوا خۆلابدا.

١٩٣٨/١٠/١٤ وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە ڕاگەیاندنێکیدا بڵاویکردەوە ئەویش بەناوی ئەوەی کە هەموو سەرکردەکانی ئەمەریکا بەسەرۆکی ئەمەریکاشەوە – ویلسن– ، گرنگی بە هێزی دامەزراندنی دەووڵەتی یەهوودی دەدات ، لەفەلەستین دژی بیروو چوونی بەرپرسانی بەریتانیا ، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی لەو هەرێمەدا.

١٩٣٨/١١/١٠ دامەزرێنەری ڕژێمی کۆماری تورکو پێك هێنانی زمانوداب و نەریتی تورك مستەفا کەمال ئەتاتورك کۆچی دوایی کرد ، کە دووژمنی گەلانی تورکیای دورستکراو بەپێی پەیمانی لۆزانی ١٩٢٣/٧/٢٤ بەتایبەتی گەلی کوردو کوردستانو ئەرمەن بووە... کە زیاتر لە ملیۆنو نیوێکی لە ئەرمەن لەناو برد لەساڵی ١٩١٥ لەباکووری کوردستانله هەرێمەکەدا .

شایانی باسە کە پێکهاتەی نەتەوەی تورك لەگەڵانی هەژاری دەربەدەری جەنگەکانی ئیمپراتۆریەتە یەك لەدوای یەکەکانی ڕۆمانیو مەگۆلیو عوسمانی و فارسو ڕووسی بووە،... لە بەر ئەوەی لە دوای دامەزراندنی دەووڵەتی تورك مستەفا کەمال هەوڵ دیاریکرنی زمانی تورکی داوە ، کە لە ٧٥٪ زمانەکانی دیکەی نەتەوە جیاجیاکانە لە وڵاتەکەیدا.،

بەتایبەتی زمانی کوردیو هەتا دابو نەریتو مێژووی گەلانی دیکەی دزیووەو نەتەوەی تورکی لێ پێك هێناوە... کە ئەمەش مێژوو و شارستانیەتو شووێنەوارەکانو ئاینەکان لەکورستان و هەرێمە دراوسێکان شایەتن لەسەر ئەو ڕاستیانەدا ، لە کێشووەرەکەدا .

١٩٣٨/١١/١٠ کۆچی دوایی دامەزرێنەری کۆماری تورکیا – مستەفا کەمال – ناسراو بە مستەفا کەمال ئەتاتورك – واتە باوکی تۆرانیکان. لە شاری ئەستمبۆڵی تورکیا. بۆ ڕۆژی دوایی کۆمەڵەی نیشتیمانی تورکیا – پەرلەمان –

کۆبونــەوەی نائاســایی خــۆی گرێدا و بریاریدا بە هەلبـژاردنی – عــسمەت ئــەینوونوو– بــە سەرەك کۆماری تورکیاو هــەروا بــە ســەرۆکی پــــارتی گــەلی کۆماری تورکیا.
جێگــەی باســکردنە کــە ئــەم پارتـــەش مـــستەفا کـــەمال ئەتاتورك دایمەزراندبوو،، کە بە تاکە پـارت ناوزەنـد کرابـوو، لـە تورکیا کە ئەو پارتە کاروباری دەوولەت و گەلی دەبرد بەرێوەوە لە تورکیا.

سەرچاوە:– موقف التار الاسلامی والتیار العلمانی فی ترکیا من القضیة الکردیة، د/وەلید رەمەزان، چاپی یەکەم /٢٠٠٨.

١٩٣٩

١٩٣٩/١/٩ هێزەکـانی سـووپای ئیتالیـا رژێمـی شـانشینی لیبیـای داگیـر کـردو وولاتـی لیبیـای بەتـەواوەتی خـستە ژێـر دەسـەلاتی خـۆی ، لـە دوای لـە نـاو بردنـی جوولانەوەی شۆرشگێری لیبیا بەسەرکردایەتی کەسایەتی ناوداری عـەرەب و جیهان عومەر موختار لەوولاتەکەدا.

١٩٣٩/١/٢٦ بلاوکردنـەوەی یەکـەم ژمـارەی رۆژنامـەی ژیـن لەلایـەن نووسەروشـاعیری گەورەی کورد – پیرەمێرد لە شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان .

١٩٣٩/١/٢٨ بۆیەکەم جار لە مێژووی وولاتی نێوان دووزێ و ئێراقی دورستکراوو لـە سـەر خـاکی کـورد بەشـی وێستگەی رادیـۆی کـوردی لـە بەغـدا پەخـشی خـۆی بەگەلانی ئێراق بەتایبەتی گەلی کورد بلاوکردەوە بە سەر گەلانی ناوچەکەدا .

١٩٣٩/٤/٣ کووشتنی شانشینی ئێراق شانــشین غــازی ، ئــەمیر فەیــسەڵی دووەم جێگـــەی گرتـــــەوە بەشانـــــشینی ئێــراق... شــایانی باســە شانشین غازیو بنەماڵەکەی لــە دایـك بــووی وولاّتــی ســعوودیەن نــەك ئێــراق ، بەڵکوو بـەزۆرکرا بەشانشین لــە ســەر ئێــراق بــەپێی خواســـتەکانی بـــەریتانیاو ئەمـەریکاو عـەرەبو دور لـە خواســـــتەکانی گــــەلی کوردستان.

جێگـەی روونکردنەوەیە کـە شـا غـازی لـە ١٩١٢/١٢/٢١ لـە شـاری مەککـەی وولاّتی سعوودیە لە دایك بووە ، لـە سـەردەمی منداڵیدا لـە ژێر سەرپەرشتی باپیری – شەرف حوسێن عەلی –ژیانی بەسەر بردووە ، هەروا لە ١٩٢٤/١٠/٥ شا غازی هاتۆتە ئێراق و دوای دەرچوونی دەستووری بنەرەتی ئێراق غـازی بووە بەجێنشینی شا فەیسەڵی باوکی و گرنگی پێدراوە بـۆ گرتنـە دەستی دەسـەڵات ، شا غازی بە پەروەردەیـەکی عـەرەبی شـۆڤینی پـەروەردە کـراوەو مامۆستای تایبەتی بۆ هەلبژێردراوە.

دوای ئەوە شا غازی لە ساڵی ١٩٢٦ نێردراوە بۆ تـەواو کردنـی خووێنـدن لـە خووێندنگەی – هارو – لە بەریتانیا و لە ١٩٢٨/١٠/١٠ دا گەراوەتەوە ئێراق ، دوای ئەوە چۆتە کۆلیژی سەربازی و ئـەو خووێندنەی کاریگەریـەکی زۆری هــەبووە لــە ســەر پێگەیــشتنی کەســایەتی و دامەزرانــدنی پەیووەنــدی کۆمەلاّیـەتی لـە گـەڵ هاوڕێکانیـدا ، لـە مـانگی ١٩٣٢/٧دا پلـەی مـولازمی پێدراوە ، باوکی لـە کـاتی سـەردانی بۆ ناوچـە جیاجیاکـانی ئێراق لـە گـەڵ خۆیدا دەیبرد لە پێناو شارەزابووندا.

شـا غـازی دوو جـار دەسـەڵاتی لـە ئێـراق گرتۆتـە دەسـت لـە کـاتی ئامـادە نـەبوونی باوکیـدا ، جاری یەکـەم :- لـە ٦/٥ ت ١٩٣٣/٨/٣٠ و جاری دووەم :- لە ١٩٣٣/٩/١١ دا ، هـەروا ئـەو بنەماڵەیە بەر لە بوونیان بە شا لـە سـەر ئێراقی بە زۆر دروستکراو لە ١٩٢١/٨/٢٣ خاکی ئێستای ئێراقیان نـە دیبـوو ، کـە هـەر هـەموویان لـە دایـك بـووی شـاری مککـەو حیجـازی سـعوودین لـە دوورگەی بیابانی عەرەبیدا ...!.

تێبینی:- تاریخ العراق المعاصر-ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد -جەعفەر عەباس حمێدی.

١٩٣٩/٥/١٩ نووسـەری بـەناوبانگی ئینگلیـزی – تۆمـاس ئیـدوارد لۆرانـسا – کـاتێ کـە سواری مۆتۆسیکل دەبێ لە گەڵ دوو هـاورێی دیکـەی دا بەریکـەك دەکـەون و بەم هۆکارە زامدار دەبێ و ماوەی شەش رۆژ لە هۆش خۆی دەچـێ تـا کۆچـی دوایی دەکات... لەکاتی رێوو رەسمی بەخاك سپاردنی تەرمەکـەی نووسـەری گـەورە – تۆمـاس هـاردی – ئامـادە بـووە هـەروا رامیـاری کـاری مـەزنی بـەریتانیا – وینـستۆن چـەرجل – کـە نـەیتوانی لـە ناشـتنی تەرمەکـەی ئامادەبێت زۆر بۆ تۆماس گریاوە.

جێگەی باسکردنە کە سەرکێش و نووسەری بەریتانی لۆرانسا ناوزەند بوو بەناوی – تی ئی لۆرانس – یـاخوود – تۆماسـی عـەرەب – دانـەری کتێبی – حەوت ئەستوندەی دانایی – واتە – أعمدة الحکم السبعة – لە جەنگ کردنـی دژی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و لایەنگیری عەرەب بووە.

لەوکاتەشـدا زێـدە رۆیـی کـردووە سـەرەرای ئەمـەش عەرەبـەکان تۆمـەتباریان کرد، هەروا تورك و ئینگلیزەکان هەمان هەڵوویستیان بەرامبەر هەبووە، بـەڵام خوودی لۆرانس لەباری تەنگەژەو کێشمەکێشی دەروونیدا بوو، کە تووشـی پـشێوویەکی دەرونـی سـەخت بـوو، لـەو کاتەشـدا نـاوازەیی سێکـسی و حـەز کردن لە پاڵەوانیەتی و خۆ کووشتن.

لە هەمان کات فرۆکەوان بوو، بەڵام ناچار بوو ناونیشان و نیشتەجێی بوون و شـێووازی ژیـانی چـەندان جـار بگۆرێـت، ئـەم رەفتارانـە هـیچ هۆکـارێکی دیاری نەبوو، لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا – گەنجە تورکەکان – کردیانـە نموونەیەکی بەرزی مرۆڤایـەتی، کە پابەنـد نـەبێ و لایـەنگیری هـیچ نـەکات و

کردنیانە وێنەیەکی بونگەرایی نوێ – الوجودیە الحدیپە – واتە نموونەی کەسێکی سەرکێش و خودان رایەکی یاخی بوو کە دەیەوێ خوودی خۆی بسەلمێنێ لە هەموو جیهان.

دەسەلاتی عوسمانی لە سالی ١٩١٧ لۆرانسیان دەستگیرکردو بەسەختی – شاژنگ – جەلدەیان کرد، بەلام خۆی رسوا کرد کاتێ دانی بەوە دانا کە لە کاتی ئەم ئەشکەنجەدانە مەزنترین جێژی سێکسی بینیوە... دوای ئەوە پرسیار ئەوەیە چۆن مردووە.

١٩٣٩/٥/٢٨ لە ئەنجامی شەڕی دژواری ناوخۆی پێکهاتەو پارتە رامیاریو نەتەوەییو راسترەو چەپرەوەکانی ئەسپانیا ، فرانکۆ دەسەلاتی گرتە دەست کە بووە هۆی گیان لە دەست دانی زیاتر لەیەك ملیۆن مرۆڤ لە وولاتەکەدا ، ئەویش بە کۆتایی هاتنی شەڕی ناوخۆ بە بەزاندنی کۆماریەکان لە ئەسپانیادا.

١٩٣٩/٦/٣ شانشینی رژێمی ئێراق شانشین غازی لەلایەن بەرهەلستکارانی کوژرا ... شایانی باسە بنەماڵەی شانشین فەیسەلی یەکەمو ئەوانی دیکە بەرەسەن خەلکی شاری نەجدی سعوودیەنو لەدایك بووی سعوودیەنو نەوەی شەریف حوسێنن... کە لەلایەن بنەماڵەی ئالسعوود دەرکرابوون ، ئەویش لە ئەنجامی دەبەنگی ئەو بنەمالە خۆپەرستە ، دوای ئەوە بەهۆی پەیوەندی لە نێوان بەریتانیاو هاوپەیمانان لەگەڵ کاربەدەستە بنەمالە عەشائرەکانی سعوودیە، ئەم کارەش وەك پاداشتێك هێنانیانە سەر ئێراقو دەسەلاتی ئێراقیان گرتە دەست تاکوو شۆرشی چواردەی تەموزی سالی ١٩٥٨ لە ئێراق و ناوچەکەدا .

١٩٣٩/٦/٢٣ هەرێمی پارێزگای ئەسکەندەرۆنەی باکووری کوردستان لەو مێژووەوە کەووتە ژێر دەسەلاتی تورکیا .

کە پێشتر لەژێر دەسەلاتی سووریادا بوو ، کە ناوزەند بوو بەسنجەقی ئەسکەندەرۆنە یاخوود- هاتای- کە کێشەی زۆری لە نێوان هەردوو رژێمی سووریاو تورکیا دورست کردیە تاکوو ئێستا .

کە پێشتر لە نێوان فەرەنساو تورکیاو دوای ئەویش لەنێوان سووریاو تورکیا، بەلام لە راستیدا ئەوە هەرێمی باکووری رۆژئاوای هەرێمێکی

كوردستـانیەو وەك كوردستـان داگیر كـراوەو بۆتـە وەرەقـەی ململانێـی نێـوان ڕژێمی سووریاو توركیا لە ناوچەكەدا .

١٩٣٩/٦/١٧ نوێنـەری شانـشینی سعوودیە چاوپێكەووتنی لەگـەڵ ڕاوێـژكاری ئـەڵمانیا هتلـەر ئەنجامـدا ... ئـەویش بـە گۆڕێنـەوەی بیروو بۆچـوون كـە ئـەڵمانیاو عـەرەب دووژمنـی هاوبەشیان هەیـە و حكوومـەتی هتلـەر قـەرزی بـە شانیـنی سـعوودیە دا ، ئـەویش بـەبری ٦ ملیـار مـارك و كرینـی چـەك لەئـەڵمانیا ، ئـەلمانیاش ٤٠٠٠ هـەزار پارچـە چـەكی وەك پاداشــت دا بـە بنەماڵـەی ئالسعوود لەسعوودیەدا.

١٩٣٩/٨/٣ كـەلوو پەلـەكانی مۆزەخانـەی برادۆ لـە شاری مەدریـدی پایتـەختی ئەسپانیا ، بەهۆی بارودۆخی ئەسپانیاو جیهان و شەڕی دووەمی جیهانی گواستراوە شاری ڤالینـسین ، دوای ئـەوە گواسـترایەوە بـۆ شـاری كـەتالۆنیا ، دوای ئـەویش گواســترایەوە بــۆ شــاری ژنێــف و كەوتــە ژێــر چــاودێری نەتــەوە یـەكگرتووەكان...بـەڵام دوای كۆتـایی هـاتنی جـەنگ و ئاسـایی بوونـەوەی بـارودۆخی جیهـان ، كەلووپەلـەكان گەرادرایـەوە شـاری مەدریـدی پایتـەختی ئەسپانیا.

١٩٣٩/٨/٧ نووێنــەری ئـەڵمانیای نــازی – گــرونگ- لەگــەل نووێنــەری بــەریتانیا هـەردووكیان ئـەوەیان ئاشـكرا كـرد ، كـە دوو ڕۆژهـەلاتی ناوەنـدی ناوچـەی ئـابووری سروشـتی ئەڵمانیـەو،... لەهــەمان كـات ترسـی دوا ڕۆژی فـراوان بـوونی دەسـەڵاتی كۆمۆنیـستەكانی خـستە بـەر رامیاریـەتی و گـەمارۆدان و ماوەنــەدان بــە پەرەســەندن و گەشــەكردنی بــەبیری ماركـسی – لینینـی لـە ئەورووپای ڕۆژئاوا دا.



٢٣ آب ١٩٣٩: مولوتوف (MOLOTOV) يوقّع في الكرملين معاهدة عدم الاعتداء بين الاتحاد السوفياتي والمانيا وبدا وراءه فون ريبنتروب (VON RIBBENTROP) وستالين (STALINE) ومرسلوف [illegible] وما لم يعلن عنه هو وجود بروتوكول سرّي حول تقسيم بولونيا



الأول من أيلول: البارجة وسفينة التدريب الألمانية شلزفيك هولشتاين (SCHLESWIG-HOLSTEIN) في مرفأ دانتزيغ (DANTZIG) تفتح النار على تحصينات (WESTERPLATTE) حيث توجد الترسانة البحرية البولونية الضعيفة.

١٩٣٩/٩/١ هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهان ، کە هێزەکانی سووپای هتلەری نازی لە هێرشێکی بەرفراوانی گەورەدا وڵاتی پۆڵەندای داگیر کرد بەشێوەیەکی درندانە ، بە چاندنی تۆوی تۆقاندنی گەلانی وڵاتانی شەڕکەری داگیر کردنی بەنۆبە بۆ ئەوەی ببێتە بەرەیەکی بەرگری کردن لەرژێمی هتلەرو

وەستانی دژی سۆڤیەت لەلایەكو بووە هۆی خێراکردن لەبەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهان لە نێوان ئەڵمانیا .

ئەویش لەگەڵ ئیتالیاو یابان وولاتانی تەوەر، ئەمە لەلایەكو لەلایەکی دیکە لەنێوان بەریتانیاو وولاتانی کۆمەنوولس... و فەرەنساو ئەمەریکاو یەکیەتی سۆڤیەتو چینو، هاوپەیمانان لەلایەکی دیکە . لەهەمان کات بەریتانیاو فەرەنسا شەڕیان دژی ئەلمانیا راگەیاند لە دوای داگیر کردنی پۆلەندا لەلایەن ئەلمانیادا.

هتلر يعلن في الرايخستاغ (REICHSTAG) (الأول من أيلول ١٩٣٩) دخول قواته إلى بولونيا

١٩٣٩/٩/٢ دوای هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهان ، لە نێوان ئەڵمانیای نازی بەسەرکردایەتی هتلەرو هاوپەیمانانو... دوای ئەوە یەکیەتی سۆڤیەت بەسەرکردایەتی ستالینو ئەنجامەکەی بووە هۆی تێك شکانی سوپاو دەسەڵاتی ئەڵمانیاو دابەش بوونی بە دوو دەوڵەتی دژ بە یەکتری بە ئەڵمانیای کۆمۆنیستی رۆژهەڵاتو ئەڵمانیای سەرمایەداری رۆژئاوا لە کێشوەرەکەدا.

١٩٣٩/٩/٣ بەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهان ، یەکەم لەلایەن ئەلمانیاو ئیتالیاو یابان لەگەڵ بەریتانیاو وولاتانی کۆمەنوولس ، فرەنساو هاوپەیمانانو، لە دوای ئەوانیش ئەمەریکاو یەکیەتی سۆڤیەت چوونە ناو ریزەکانی شەڕکەران بەپێی خواستو بارودۆخەکە لەناوچەو هەرێموبە وێرانکردنی ژێرخانی ئابووری لە جیهاندا.

١٩٣٩/٩/١٣ هێزەکانی سووپای سووری سۆڤیەت بەسەرکردایەتی ستالین توانی پەلاماری هێزەکانی ئەلمانیای نازی بدات بەسەرکردایەتی هتلەرو بە رزگار کردنی پۆلەندا ، دوای ئەوە یەکیەتی سۆڤیەتو ئەلمانیا رێکەووتن ، لە سەر ئەوەی کە پۆلەندا لە نێوان خۆیان دابەش بکەن .

بەڵام دوای ماوەیەك ئەلمانیا توانی پۆلەندا بەتەواوی داگیر بکاتەوەو دوای ئەوە هێزکاکنی سوپای سۆڤیەت توانی لەساڵی ١٩٤٥ پۆلەندا رزگار بکات بەپێی رێنماییەکانی کۆنگرەی پۆتسدامی مانگی /٧ ی هەمان ساڵ لە کێشووەرەکەدا .

١٩٣٩/١٠/١٧ لەو کاتە وەزیری جەنگی بەریتانیا چرچل بوو، چاوپێکەووتنی نهێنی لەگەڵ حایم وایزمان کرد ، بەپشتگیری لیدوانی وایزمانو ووتی:- لە فەلەستین دەوولەتێکی یەهوودی دادەمەزرێنین بە نیشتەجێکردنی ٣ تا ٤ ملیۆن یەهوودی دوای تەواو بوونی جەنگی دووەمی جیهان لە ناوچەکەدا.

١٩٣٩/١١/١٨ سەید رەزاو هەڤاڵەکانی لە دوای دادگایی کردنیان بە پێی خواستو ویستی تورکەکان لەپارێزگای دەرسیمی باکووری کوردستان لەسێدارە دران لەلایەن رژێمی تورك لە هەرێمەکەدا.

١٩٣٩/١١/١٩ کردنەوەی ڕادیۆی لاسلکی ئێراقی کوردی لە شاری بەغدا ، کە لە ژێر پرۆگرامی وێستگەکانی عەرەب بڵاو دەکراوە لەسەر هەمان شەپۆلی کارکردن کە بڵاو کراوەی دەنگوباس بڵاو دەکردەوە یەك جار لەرۆژێکدا لەگەڵ دوو گۆرانی کوردی . کەچەند سالێك بەم جۆرە بەردەوام بوو لە وولاتەکەدا .

١٩٣٩/١١/٣٠ شەڕ لە نێوان فیلەنداو یەکیەتی سۆڤیەت بەرپا بوو، کە فرۆکەکانی جەنگی سووپای سۆڤیەت شارەکانی هلسنکیو هانکۆو وولاتی بۆردومان کرد، ئەمەش لە ئەنجامی دەست درێژی سەرکردایەتی سۆڤیەت لەسەر سنووری نێوانیان ، کە سۆڤیەتی لە فیلەندە دەکردو سنووری دەریاکانی بەکرێ بدات بۆ بەرگری لەخۆ کردن تا کاتی هەڵگیرسانی جەنگ لەگەل ئەلمانیا.

١٩٣٩/١٢/١ بڵاو كردنەوەی یەكەم ژمارەی گۆڤاری – گەلاوێژ – لە شاری سلێمانی لە باشووری كورستان.

١٩٣٩/١٢/٢٩ مامۆستای گۆرانی بێژی نەتەوەیی ونیشتیمانی و كەلتووری كوردی لە هەرێمی با شووری كورستان ، مامۆستا – عەلی مەردان – كە یەكەم مەقامی بەشێووە زمانی باجەلانی لە وێستگەی رادیۆی بەشی كوردی لە شاری بەغدا تۆمار كرد . كە كاردانەوەی باشی كردە سەر هونەری كوردی لە كوردستان .

١٩٤٠

١٩٤٠/٢/١٥ راوێژکاری بەریتانیا لە وەزارەتی دەرەوەی رژێمی شانشینی لە ئێراق- ئەدمۆندس- نووسراوەیەکی بەناونیشانی - ڕووسیاو کورد- بلاوکردەوەو مەترسی دوا رۆژی پەیووەندی لە نێوان کوردو ڕووسیای تیا دەرخست ، ئەویش بەگەڕانەوەیان بۆ رامیاریەتیەکانی سالانی ١٩٢٠ی دوای جەنگی یەکەمی جیهان.

١٩٤٠/٣/١٦ کۆچی دوایی نووسەرو ئەدیبی سوویدی خاتوو - سلما ئۆتیلیا لۆڤیسیا لاگێرلۆڤ - کە یەکەم ئافرەتی سوویدی بووە کە خەلاتی نۆبلی لە ئاداب پێ ببەخشرێت لە وولاتەکەیدا.

جێگەی ئامارە پێکردنە کە خاتوو سلما لاگیرلۆڤ لە ١٨٥٨/١١/٢٠ لە وولاتەکەیدا چاوی بە جیهان هەلهێناوە. هەروا خاتوو لاگیرلۆڤ کۆمەلێك لە چیرۆك و نەزیلە، واتە کورتە چیرۆك و گەشتنامە و ژیاننامەو شانۆنامەو بابەتی هەمە جۆری نووسیووە، هەروا لە نووسینەکانی بە بەردەوامی دەیگووت هەر مرۆڤێك بەرامبەر بەو کارانەی کە دەیکات خۆی لێی بەرپرسیارە. لە ئاینی توونـدو بێبە زەیی دەکرد و بانگەشەی بۆ نەرم و نیانی و ئاینی دەکرد لە هەموو هەلوویستەکانیدا.

هەروا لە سەردەمی سلما لاگیلۆڤدا شێوازی نووسین - ناتورالیستی - واتە سرووشتیخوازانە، هەروا سلما بە نووسینەوەی زنجیرە چیرۆکی خەیالاوی - ئەفسانەی گۆتاڤ - و وردە وردەی ناوبانگی دەرکرد. کە باسی لە قەشەیەکی لادراو - گۆستاڤ برلینگ - ناو دەکرد، کە بالاپۆشی قەشە گەر

بیانی لێووەدەر گرتبوو. ئەم کتێبەش لە ساڵی ١٨٩١ بە چاپگەیەندرا.
هــەروا یــەکێك لــە نــاودارترین کتێبــەکانی سـلما چـیرۆکی – بەســەرهاتی هەژنــدەی نـێلس – بـوو کـە لـە ریـزی ویـژەی کلاسـیکی منداڵانـدا هـەژمار دەکرێـت. هـەروا سـلما لـە تەمـەنی ٢٦ سـاڵیدا بـوو. لـەو کاتەشـدا بـاوکی تووشـی نەخۆشـیەکی کووشـندەهات و هەرچەند زەوی هـەبوو فرۆشـتنی لـە پێناو خەرجکردنی لە نەخۆشیەکەیدا.
کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە سلما زۆربەی زۆری چیرۆکەکانی باسـی لـەو کارەی باوکی و لە دەست دانی زەویـەکانی بوو. دوای ئـەوە سـلما لـە سـاڵی ١٩٠٩ خەڵاتی نۆبلی پیٚ بەخشرا، بە پارەی ئەو خەڵاتە توانیٚ ئەوەی باوکی لە دەستی دابوو بیگیرێتەوە و تاکوو کۆتایی ژیانی هـەر لـەو ماڵـەدا ژیـانی بەسەر دەبرد لە وولاتەکەیدا.
بەرهەمەکانی ئەم خاتوونە رووناکبیرە زۆرن.. بەڵام لەو بەرهەمانەش کـە. ١– ئەفسانەی گۆستاڤ برلینگ لە ساڵی ١٨٩١... ٢– پەرچۆکانی ئەنتی گریست لە ساڵی ١٨٩٧... ٣– پەیوەندیەکانی نهێنی لە ساڵی ١٨٩٩ ... ٤– خانـەی پیرۆز لە ساڵی ١٩٠١ – ١٩٠٢ ... ٥– ئەفسانە گەلی مەسیح لە ساڵی ١٩٠٤.
لە گەڵ چەندین دانراوی دیکەی ئەم خاتوونە لە ماوەی ژیانیدا.

١٩٤٠/٤/٩ هێزەکـانی سـووپای ئـەڵمانیای نـازی پـەلاماری شانـشینی دانیمـارکی داو داگیری کرد ... لە هەمان رۆژیش پەلاماری وولاتی نەرویژی داو داگیری کـرد لە کێشووەرەکەدا .

١٩٤٠/٥/١٣ کەسایەتی ناوداری بەریتانیاو جیهان – چرچل – بە سەرەك وەزیرانی بەریتانیا هەلبژێردراو پۆستی سەرەك وەزیرانی گرتە دەست ، بەو بۆنە چرچل رایگەیاند . کە تا لەژیاندا بێت بەرگری لە خاكو دەسەلات دەکات .

شایانی باسە کە بەریتانیا رۆلی سەرەکی و بنەرەتی هەبووە لە داگیرکردن و بە تایبەتی لە دابەشکردنی گەلی کوردو کوردستان بەسەر چوار دەوولەت و نیووی دورستکراو بەپێی پەیمانی لۆزان ١٩٢٣/٧/٢٤ ، کە لە پەیمانەکانی سایکس – بیکۆو سیڤەر بەتایبەتی پەیمانی لۆزان ، کە رۆلی سەرەکی لە دارشتنی نەخشەکانی دابەشکردنی ناوچەو هەرێمو جیهان هەبووە لە هەموو بوارەکاندا.

١٩٤٠/٦/٣ بلاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی – خورمال– لەلایەن مامۆستا شاکر فەتاح لە باشووری کوردستان .

١٩٤٠/٦/١٤ هێزەکانی سووپای ئەلمانیای فاشی فەرەنسای داگیر کردو حکوومەتی– بیتان–ی لایەنگیری خۆی لێ دامەزراند.

١٩٤٠/٨/٢٠ لە مێژووی کۆمەلگا مرۆییەکان و بە تایبەتی لە دوای پێك هێنانی دەوولەت چەندین کردەوەو کاری تیرۆری رامیاری زۆری بەخۆوە دیووە ، کە ژمارەیەکی زۆر لە مرۆڤی لە گەلێ خۆیدا رەشکردۆتەوە ، لە سەر کردەو دەسەلاتداری رامیاری و ئۆپۆزسیۆنەکان و بیرمەندان و توویژەرو تەنانەت زاناکانیش لە پیاوو ئافرەت و تیرۆرکردنی رامیاری دەچێتە چوارچێووەی مامڵانێ و ناکۆکی رامیاریەوە و رەنگە رووی دیکەی – قوولکردن و تووندکردنەوەی – ناکۆکیەکە و گوواستنەوەی بۆ قۆناخی کووشتنی مرۆڤەکە ببێت، ئەوەی بە تیرۆرکردنی رامیاری هلدەستێ و ئەنجامی دەدات

و تووێژو دیالۆگ نازانێ و لە ئاستێکی رۆشنبیرو بروانەبوون بە چارەسەر ی کێشەی ئاشتیانە نیە و نایەوێ هاوکاری و لە یەکگەیشتن لە گەڵ بەرامبەر ئەنجامبدات.

هەروا تیرۆر کردن چەمنکێکە بۆ ناوزەند کردنی کردەی کووشتنی رێکخراوی تۆڵەسەندنەوە بە کاردێت. کە ترۆرستانی ئایینی و رامیاری و نەتەوەیی و نیشتیمانی و کۆمەلایەتی و ئابووری و بازرگانی و سامان و دەسەلات و بوارەکانی دیکەش، لە نێوان دوو لایەنی دژ بە یەکتر ئەویش – چەوسێنەر و چەوساوە – لە هەرێم و ناوچەو جیهان

ئا لەم رۆژەدا و لە سەرەتای جەنگی دووەمی جیهان و لە لایەن دەسەلاتدارانی یەکییەتی سۆڤیەت بە سەرکردایەتی – جۆزێف ستالین – لە ٨/٢٠ دا، لییوون ترۆتسکی، لە دوای ململانێیەکی زۆر لە سەر دەسەلات لە گەڵ ستالین لە شاری مەکسیکۆ تیرۆرکرا.

جێگەی باسکردنە کە لە گەڵ داهێنانی چەك، چوارچێوەی ئاسایشی مرۆیی بە تەنها بەس نەبوو، لە پێناو رێگە نەدان و رۆێگە گرتن بە تیرۆر کردنی کەسایەتیە مەزنەکان و وای لێهات کە لە توانای ئەنجامدەری پرسەکە بێت و بتوانێت لە دووری ئامانجەکان.

جا تیرۆر کردن لە رێگەی چەك بێت، یاخوود لە رێگەی سووتاندن بێت یاخوود لە رێگەی چەکی ئاسایی وەك خەنجەرو شیرو چەقۆ بێت، ئەمەش بە پێی پەرەسەندنی قۆناخە یەك لە دوای یەکەکان بووە لە تواناو چۆنییەتی بە کارهێنانی لە ئەنجامدانی لە هەر شووێنێك بگوونجابایە لە وولاتە جیا جیاکان لە جیهاندا.

هەروا نموونەی هەوڵە کۆنەکانی تیرۆر کردن لە رێگەی بەکارهێنانی تەقەمەنی هەوڵی شکستخواردووی هاوسۆزانی کاسۆلیکەکان بوو بۆ تیرۆر کردنی – شا جیمسی یەکەم – و خێزانەکەی و زۆرینەی ئەرستۆکراتەکانی پرۆتستانت بەیەك جار لە بەریتانیا و لە رێگەی تەقاندنەوەی پەرلەمانی بەریتانیا لە ١٦٠٥/١١/٥، ئەو رۆژەی کە زۆرینە لە بەریتانیا و نیوزیلەنداو باشووری ئەفەریکیاو کەنەدادا ئاهەنگی تێدا دەگێرن.

هەروا تیرۆر کردنی ئیمپراتۆری چین – ژین هۆی تی – ی لە ٣٠٧/١/٨، جا تیرۆر بووە پیشەیەکی گوونجاو چ لەلایەن دەسەلاتدارانی دژی

بەرهەلستکارەکانیان و چ لە لایەن بەرهەلستکارانی دژ بە دەسەلاّتداران، کە ئەویش بە چەندین ڕێگەی گوونجاو و سەرکوتووانە ئەنجامدەدرا لە جیهان.
هەروا داگیر کردنی خاك و گەل، جۆرێکی درندانەیە لە جۆرەکانی تیرۆر وەك دابەشکردن و داگیرکردنی گەل و نیشتیمانی کورد لە کوردستان، هەروا تیرۆر کردنی منداڵ و ئافرەت و گەنج لە ڕێگەی بازرگانی پێکردن و کاری سێکسی و کرین و فرۆشتن، بە هۆی ناچار بوونی چینی هەژار و لە پێناو مانەوەی لە ژیاندا... لە گەڵ چەندین لایەنی دیکە لە جۆرەکانی تیرۆر، کە لە ناوەرۆکی مێژوونامەکەدا نووسراوە بە پێی مێژووی ڕووداوەکان.

١٩٤٠/٨/٢١ تیرۆرکردنی زاناو ڕووناکبیرو هاورێی دامەزرێنەری یەکیەتی سۆڤیەتی لینین –ترۆتسکی لە لایەن پیاوەکانی سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیستو حکوومەتی سۆڤیەت ستالین لە شاری مەکسیکۆسیتی تیرۆرکرد ، دوای ئەو مرۆڤە ریکۆۋ بووە سەرەك وەزیرانی یەکیەتی سۆڤیەت، ئەمەش لە دوای دوورخستنەوەی سەرکردەو هاوخەباتی لینین- ترۆتسکی بوو لە وولاّتەکەیدا.

١٩٤٠/١٠/١٧ بڵاو کردنەوەی بەڵگەنامەی نهێنی کە لەلایەن – بن گۆردیۆن- نەخشەی بۆ کێشرابوو بەناوی – هێلەکانی هەرەمی سەهیۆنیزم- و ڕێگای گەیاندنی بۆ بنیادنانی دەوڵەتی یەهوودی ، کە ئەمەش سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل بوو ، کە لە ساڵی ١٩٤٨ هاتە دیو بووە هۆی دورستکردنی کێشەو ململانێی نێوان عەرەبوئیسرائیل ، کە بە گەوورەترین کێشەی جیهانی دادەنرێت لەدوای کێشەی گەلو خاکی کوردی دابەشکراو لە نێوان چوار وولاّتی دژ بە یەکتر لە هەموو لایەنە جۆراو جۆرەکان تەنیا لەسەر کێشەی کورد کۆکن لە کێشووەرەکەدا...؟؟...

١٩٤١

١٩٤١/١/١١ دەست پێکردنی بە لەناو بردنی یەهوودی بەکاری درندانەی بەکۆمەڵ کووشتن لەلایەن هێزەاکنی ئاسایشو سەربازیو پۆلیسی ڕژێمی فاشی ئەلمانیا ، کە لەو کاتە گفتووگۆی نێوان نووێنەرانی ئەلمانیاو تورکیا لە ئەستەمبوڵ دەستی پێکرد.

١٩٤١/١/٣١ بەکرێ گیراوەکانی بەریتانیا زانیاریان لە سەر پەیووەندی نێوان سەرەك

وەزیرانی ئێراق رەشید عالی گەیلانی و ئەڵمانیای نازی هەبوو، لەبەر ئەوە توانیان دەسەڵاتی ڕەشید عالی گەیلانی لەناو ببەن... دوای ئەوە سەرەك وەزیرانی ئێراقی نوێ چووە قاهرەی پایتەختی میسر، لەهەمان كات وەزیری دەرەوەی بەریتانیا – ئایدن– گەیشتە قاهرەو بەناوی چرچل داوای لەسەرك وەزیرانی ئێراق كرد كە پێویستە ئێراق لە هەموو بوارەكان بەتەواوی بكەوێتە ژێر دەسەڵاتی سەربازی بەریتانیادا .

١٩٤١/٢/٦ لە دوای رووخاندنی دەسەڵاتی رەشیدعالی گەیلانی بەشەش رۆژ، لەبارەگای موخابەراتی ئەڵمانیا كۆبوونەوەی نهێنی لە نێوان سەركردەكانی موخابەراتی سەربازی و گەورە پیاونی وەزارەتی دەرەوە ئەنجام درا لە شاری بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا ، بەگفتووگۆ كردن لە سەرباری ئێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، كە– هۆربا–ی نووێنەری ئەڵمانیاو پیاوی یەكەمی پەیووەندی نهێنی لە نێوان رەشید عالی و حكوومەتی ئەڵمانیا بوو، لەو كاتەی كە لە ئێراق بەرەو سعوودیە رۆیشت... بەڵام نەیتوانی بچێتە سعوودیە بە هۆی پاڵەپەستۆی بەریتانیا لە سەر دەسەڵاتی شانشینی سعوودیە.

رشيد عالي الكيلاني

١٩٤١/٣/٥ دوای گەڕانەوەی – هۆربا – نووێنەری ئەڵمانیا بۆ شاری بەرلین راپۆرتێكی گرنگی ئاراستەی راوێژكاری ئەلمانیا هتلەر كرد ، بە ناونیشانی– گرنگی نەوت بۆ كارەكانی جەنگی بۆ وولاتانی تەوەری شەڕ– ئەویش بەپەلاماردانی وولاتانی تەوەر بەهێزی پیادەی دەشتایی بۆسەر كەناڵی سوێس– ئەستەمبوڵ – سوێس ، كە ٢٥٠٠ كم دوورە ، كە ئەمەش جێ

بەجێ ناکرێت تەنیا بەیارمەتیەکی میکانیکی لەگەڵ پرکردنی چەکی ئاسمانی دەبێ

١

١٩٤١/٣/١٢ لە دایك بوونی شاعیرو نووسەرو رووناکبیری عەرەب و جیهان – مەحمود دەرویش – لە گوندی – بروە – لە فەلەستین، کە دەکەوێتە شاری جەلیل لە کەناری – عەکا – دووەم منداڵە لە چوار برا، لە تەمەنی حەوت سالان بووە کە لە ساڵی ١٩٤٨ دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزراوە، گوندەکەی مەحمود دەرویشیش یەکێك بووە لە و

گوندانه كه بەر سنووری ئیسرائیل كەوتووه له هەرێمەكەدا، دایكی ناوی – حۆراه – بووه و باوكی ناوی – سەلیم – بووه.

جێگەی باسكردنه كه ئەم شاعیره مەزنه سەرەتای خوێندنی له گوندەكەی خۆیی و گوندەكانی ناوچەی جەلیل تەواو كردووه، دوای ئەوه بۆ خوێندن تـەواوكردن چـۆته شـاری – حـەیفا – لـه دوای ئـەوه دەسـتی كـردووه بـه نووسینەوەی شیعرو بابەت به بلاو كردنەوەی وەك :– ئیتحاد – جدید –و دوای ئـەوه بـۆ چاودێر لـه سـەر ئـەو رۆژنامـەو گۆڤارانـه، هـەروا بەشداری لـه دەرچوواندنی رۆژنامەی – فەجر – كردووه.

له سـەرەتای بەهێز بوونی هەست و هۆشی مـەحمود دەرویش خواستیاری بـیری مارکـسی – لینینـی – بـووه و هـەر لـه ریـزی پـارتی كۆمۆنیـستی ئیـسرائیل و پـارت و رێكخـراوه ماركـسیەكان كـاری كـردووه، لـه پێنـاو هێنانەدی ئەو ئاوات و ئامانجەی كه بۆته پرۆگرامی ژیانی ئەم رووناكبیره.

لـه ماوەی ژیانی دەروێش بـۆ یەكـەمجار رووبەرووی شـاعیرانی ناوچـەكەو ئیـسرائیلیەكان بۆتـەوه لـەو كاتـەی كـه سـەرەك وەزیرانـی ئیـسرائیل – گۆڵدەمائیر– بووەو دژایەتی بیری كۆمەنیستی و بەرهەلستكارانی دەوڵـەت و حكوومەتەكەی دەكرد لەو كاتەدا. مەحمود دەرویش لـه گـەڵ خێزانەكـەی روو له لوبنـان دەكـەن، دوای گەرانـەوەی لـه سـاڵی ١٩٤٩ دەبینـی گوندەكـەی وێرانكراوەو له گوندێكی جوولەكەنشین بەناوی – ئاحی هـود – نیشتەجێ دەبێ بۆ ماوەیەكی كـەم. دوای ئـەوه چەندین جار لـه لایـەن دەسـەڵاتدارانی ئیسرائیل له ساڵەكانی ١٩٦١ دەستگیر دەكرێ تا ١٩٧٢.

دوای ئـازادكردنی مـەحمود دەرویـش روو لـه شـاری مۆسـكۆی پایتـەختی یەكیـەتی سـۆڤیەت دەكـات بـۆ خوینـدن. دوای ئـەوه دەگەرێتـەوه شـاری قاهیرەی پایتەختی میسر و دوایش دەگەرێتـەوه شاری بەیروتی پایتـەختی لوبنـان. دوای ئەوه سـەرۆكایەتی – مەلبەنـدی تووێژینـەوەی فەلەسـتینی – دەكـات، هـەروا دەبێتـه سـەر نووسـەری گۆڤـاری – كاروباری فەلەستین – و هەروا سەرۆكی رایەڵەی نووسـەرانی فەلەسـتین – دەكـات لـه گـەڵ گۆڤـاری – كرمل – ی رۆشنبیری.

لــه دوای ئــەم هــەموو كارومانــدوو بوونــەش لــه ســاڵی ١٩٩٣ دەســت كێـشانەوەی خـۆی لـه لیژنـەی جـێ بـه جێكـردن لـه ریكخـراوی فەلەسـتین

دەكێشێتەوە بە هۆی ڕێكەووتننامەی ئۆسلۆ لە گەڵ ئیسرائیل. دوای ئەوە ڕێگـە بە مـەحمود دەرێـش درا كـە بگەرێتـەوە فەلەسـتین و لـە سـاڵی ١٩٩٦ گەڕاوەو لە شاری – ڕامەڵا – جێ نشین بوو لە شارەكەدا.

لە ماوەی ژیانی ئەم نووسەرو شاعیرە چەندین پاداشتی پێ بەخشراوە ، وەك خلاتـی لـۆتس لـە سـاڵی ١٩٦٩، هـەروا خـەڵاتی دەریـای ناوەراسـت لـە ساڵی ١٩٨٠، هەروا خەڵاتی لینین لە لایەن حكوومـەتی سـۆڤیەت لـە سـاڵی ١٩٨٣، لە گەڵ چەندین خەڵاتی دیكەدا.

لـە دوای ئەوەشـدا دانراوەكـانی بـۆ زیـاتر لـە ٢٠ زمـان وەرگێـردراون وەك :– عاشق من فلستین لە ساڵی ١٩٦٦ – اخرالیل لە ساڵی ١٩٦٧، حبیبی تنهج مـن نومهـا لـە سـاڵی ١٩٧٠ – اعـراس لـە سـاڵی ١٩٧٧ – ورداقـل لـە سـاڵی ١٩٨٨ احد عشر كوكبا لە ساڵی ١٩٩٢ – سریر الغریبە لە ساڵی ١٩٩٩ –، لـە گـەڵ دەیـا پارچـە هونـدراوەو پەخشانەو بابـەتی دیكـە كـە لـە ڕۆژنامـەو گۆڤارەكان بڵاویكردۆتەوە.

مەحمود دەرویش كەسایەتیەكی تەنیا عەرەبی نەبووە بەلكوو كەسـایەتیەكی جیهانی بووە، بە هۆی هەلووێستە بوێرانەكی لە هەموو بوارەكانی ژیـان و لـە پێناو خزمەتكردنی مرۆڤایەتی بووە بێ جیـاوازی كـردن لـە نـژادو ڕەگـەز و زمـان و كـەلتوورو ئـارەزوو مەنـدبووە، كـە هـەموو نەتەوەیـەكی ژێـر دەسـتە بگاتە ئامانجەكانی لە بوونی دەووڵەتێكی سنووورداری دان پێندراو لە ڕێزی ووڵاتانی جیهان،

ئەم شاعیرە لە ژیان لە كارەكانی بەردەوام بووە تـا لـە ٢٠٠٨/٨/٩ ماڵئاوایی لە گەل و نیشتیمان و جیهـان دەكـات، لـە ئاكـــــامی نەشـتەر گـەری دڵ لـە شاری –هیوستن – لە وویلایەتی تكساسی ئەمەریكا، دوای ئەوە تەرمەكەی دەگەڕێندرێتـەوە فەلەسـتین و بـە خـاك دەسـپێردرێت لـە لایـەن گـەلانی فەلەستین حكوومەت و نووسرو شاعیران.

سەرچاوە:– دووبەی ڕۆشنبیری – ژمارە/ ٤٠/٢٠٠٨.

١٩٤١/٣/٢٥ لـە دوای داگیركردنـی یوگسـلافیا لەلایـەن هێزەكـانی سـووپای ئـەڵمانیا لـە سـەرەتای جـەنگی دووەمـی جیهـان و بە دامەزراندنی حكوومـەتی لایـەنگری خـۆی لـە دەسـەڵاتدا ، كـە بـووە هـۆی لێـك ترازانـی پەیووەنـدی و نـارەزایی گـەلانی ووڵاتەكـەو بـە بـەردەوامی تێكۆشـان و خـەباتی گـەلانی یوگسـلافیا ،

ئەویش بە دروست بوونی چەندین لایەنی رامیاریو ئابووریو کۆمەڵایەتی یەکگرتوو ، بە بەردەوام بوونی راپەرینو دورستکردنی هێزی چەکداریو رووبەرووبوونەوەی دەسەڵاتی لایەنگیری ئەڵمانیا ، لەئەنجام ئەو رژێمە روخێندراو رژێمی نوێی دژ بەئەڵمانیایان دامەزرا لە وڵاتەکەدا .

١٩٤١/٤/٦ لە دوای رووخاندنی رژێمی دژ بە ئەڵمانیا دووبارە هێزەکانی سووپای ئەڵمانیای نازی یۆگسلافیایان داگیر کردەوە ، لە پێناو فراوانکردنی تەوەری شەڕو بە هێزکردنی جێپێگەی ئەڵمانیا دژی یەکیەتی سۆڤیەتو هاوپەیمانانی لە ئەمەریکاوبەریتانیا لەناوچەو هەرێمەکانی شەڕی بەردەوام لە کێشووەرەکەدا .

١٩٤١/٤/١٨ هێزەکانی سووپای بەریتانیا بەهاوبەشی هێزەکانی سووپای شانشینی لە ئێراق هەوڵی زیادکردنی هێزەکانیان بەسەربازو چەکو تەقەمەنیدا ، بەهۆی بەرز بوونەوەی راپەرینەکانی گەلی کوردستان لە باشووری کوردستانی لکێدراو بە ئێراق، لە ناوچەی بارزانو دەووروبەری لەهەرێمی باشووری کوردستان.

١٩٤١/٤/٢٧ کووشتنی زیاتر لە ٦٠,٠٠٠ هەزار هاووڵاتی سربی لە شاری جازینووخاك لە ماوەی ٤/٢٧ تا ٧/٣٠ ی هەمان ساڵ ، جگە لە کووشتنو سەربرینی زیاتر لە ٢٦٠٠ هەزار هاووڵاتی دیکە کە گیانیان لەدەست دا... بەهۆی کێشەی نژادی ، بەتایبەتی کێشەی ئاینی لە نیوان مەسیحیو ئیسلام لەهەرێمەکەدا.

١٩٤١/٥/٢ بەرپابوونی جووڵانەوەی مایس لە ئێراق دژی دەسەڵاتی شانشینی بە سەرۆکایەتی رەشید عالی گەیلانی لە وڵاتەکەدا .

١٩٤١/٥/٢ نووێنەری ئیتالیا لە شاری بەغدا ناوەرۆکی ئەو گفتووگۆیەی کە لەگەڵ رەشید عالی گەیلانی ئەنجامیدابوو بڵاوی کردەوە ، کە بەنامە ئاراستەی شاری رۆمای پایتەختی ئیتالیای کردو تیایا نووسیوویەتی:- کە سەرەك وەزیرانی ئێراق رەشید عالی رایگەیاندەوە ، کە هەوڵەکانی دژی دەسەڵاتی بەریتانیا بووە ، بۆیە بەو کارە هەڵسایە بەپیی بەڵێنەکانی دەسەڵاتی ئەڵمانیا بۆ ئەو کارەی ، کە ئەنجامی داوەو هیچ لایەنێك سوودمەندی

تایبەتی تێدا نەبووە لە وولاتەکەدا .

١٩٤١/٦/١١ ڕاوێژکاری ئەڵمانیای فاشی هتلەر ، لە ئامۆژگاری ژمارە/ ٣٢ دەڵێ:- خەبات دژی پێگەکانی بەریتانیا لەدەریای سپی ناوەڕاست و لە ڕۆژئاوای ئاسیا بەردەوام دەبێ ، ئەویش لەڕێگەی شاڵاوبردنی جەنجاڵی لە لیبیا بۆسەر میسرو لە بوولگاریا بۆسەر تورکیاو لە دواوەی قەفقاز بۆسەر ئێران ، ئەمەش ئەنجام دەدرێت.

١٩٤١/٦/٢٢ خاوەن کتابی- اسطورة القرن العشرين- فەرید ڕۆزنبرگ هەڵسا بەداڕشتنی پرۆژەیەکی سەرسووڕهێنەر لە شاری بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا ، ئەویش بە پارچە پارچە کردنی یەکیەتی سۆڤیەت... ڕۆزنبرگ دەیزانی کە مەحاڵە وولاتێکی فرەنەتەوە بتوانی تاسەر بەردەوام بێ لە بەر ئەوەی ئەم جۆرە دەووڵەتە تاقانەیە لەجۆرە دەووڵەتەکانە لە ئەورووپادا.

١٩٤١/٥/٦ لە سەرتای جەنگی دووەمی جیهان ، سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەت و سەرکردەی سووپای سووری سۆڤیەت - جۆزیف ستالین - پۆستی سەرەك وەزیرانی یەکیەتی سۆڤیەتیشی گرتە دەست ... کە دوا هەنگاوی بوو بۆ وەرگرتنی تەواوی دەسەڵات لەسەر کاروباری هەموو دەسەڵاتە باڵاکانی یەکیەتی سۆڤیەت ، بەتایبەتی لەکاتی جەنگ‌ودوای جەنگیش لە پێناو بەهێزکردنی هیمای سۆڤیەت لە جیهاندا .

رم الألمان على الاتحاد السوفياتي (عملية «بربروسا»)

١٩٤١/٦/٢٢ هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهان لە نێوان یەکیەتی سۆڤیەت و ئەلمانیای نازی لەهێرشێکی ناکاو لەلایەن هێزەکانی سووپای نازی ئەلمانیای هتلەری ، بۆ سەر خاکی یەکیەتی سۆڤیەت و لەلایەکی دیکەش لەنێوان ئەلمانیاو وولاتانی هاوپەیمان و تەوەری شەڕکەر لەهەردوو کێشوەری ئاسیاو ئەوروپادا .

١٩٤١/٧/١١ ئەلسیر لیناهان کرنواس لە نامەیەکیدا شالاوی بردۆتە سەر شێخ مەحمودی حەفید بە هۆی راگەیاندنەکانی سەربەخۆیی کوردستان دژی دەسەڵاتی شانشینی لە ئێراق و بەریتانیا لەسەر خاکی باشووری کوردستان.

١٩٤١/٧/٢٦ بە هۆی ئالۆزی پەیوەندی وولاتانی شەرکەرو رووسیا ئەلمانیا و هاوپەیمانی لە نێوان یەکێتی سۆفیەت وبەریتانیا، لە پێناو رێگە گرتنی هێزەکانی سووپای ئەلمانیا بۆ چوونە ناو خاکی ئێران، کە هێزەکانی سووپای سۆفیەت لە باکووری ئێران هاتنە ناو خاکی ئێران. بەریتانیا لە رۆژئاوای ئێران هاتنە ناو خاکی ئێران... ئەویش بە پێی برگەی ٦ی رێکەووتنامەی نێوان ئێران و سۆفیەت لەسالی ١٩٢١.

دوای ئەوەش بالوێزخانەی سۆفیەت لەتارانی پایتەختی ئێران بووە بارەگای لوتکەی بالای نێوان سەرۆکی سۆڤیەت ستالین و رۆزلفت و چرچل لەمانگەکانی/١١-١٢/١٩٤٣... هەروا سەرۆکی ئەمەریکا لە بالیۆزخانەی سۆڤیەت لە تاران و حەوانەوەی خۆی بەسەربرد.

هەروا لەوکاتەدا بوو یەکەم پرۆژەی یارمەتی دانی ئێران بریاردرا بە پێدانی چەك و تەقەمەنی بە ئێران... ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئێران پەیوەندیەکانی بەشێووەیەکی هاوسەنگ بەرەو پێش ببات، لە پێناو بە دەست هێنانی بنکەیەکی تەکنەلۆژیای ئەتۆمی و چەندین بواری دیکەی هاوکاری ئابووری و سەربازی و رۆشنبیری بازرگانی لە نێوانیاندا.

١٩٤١/٨/٧ کۆچی دوایی شاعیرو رووناکبیرو فەیلەسوف هندستان و جیهان -رابندرانات تاگور- لە شاری نیودەلهی پایتەختی هیندستان.

١٩٤١/٨/١٤ بۆ یەکەم جار کۆمەلی نێوو دەوولەتی لە پەیماننامەی - ویستڤالیاوە - دروست بوو... کە ئەویش لە دەر ئەنجامی لێك هەلووەشانی ئیمپراتۆریەتی - گرمانی - و بۆ چەندین دەوولەتی نەتەوەیی هاتە کایەوە... کە دەوولەت لە سەر بنەمای بنەما نەتەوەیی هاتە کایەوە... کە دەوولەت لەسەر بنەمای بنەما نەتەوەییەکان هاتە ئاراوە.

لە دواییدا ماف گەلان لە بەدەست هێنانی ماف چارەنووس لەکۆمەلەی گەلان و لە سەر دەستی - ودرۆولسۆن - باشتر رەگی داکوتا. لەمیانەی جەنگی دووەمی جیهانی لە ١٩٣٩ - ١٩٤٥، ئەم مافە بەهێورترو بەگورتر خۆی چەسپاند... بەتایبەت لەراگەیاندنی - ئەتلەنتی - کە لەکۆبوونەوەی نێوان

– چرچل و رۆزفلت – لەناو کەشتی – ئەلبرنز ئۆف ویلز – کە لەناو دەریای ئەتلەنتی بەرێووە چووو هاتە ئاراوە.

دوای ئـەوەش لـە راگەیانـدنی نەتـەوە یـەکگرتووەکان لـە سـاڵی ١٩٤٢ دا تۆمارکراو لەماددەی/١ ی بروانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان وەك کۆسێپت و پرنسیپیکی بنەرەتی لەم بەڵێنامەیەدا رەگی داکوتا لە جیهان.

١٩٤١/٨/٢٥ هێزەکانی سووپای بەریتانیاو سووپای سووری سۆڤیەت وەك داگیرکەر چوونە ناو خاکی رۆژهەلاتی کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەڵاتی فارس لە ئێران و مانەوە لەناوچەکەدا .

١٩٤١/٨/٢٥ داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکان بەخالێکی وەرچەرخان و قۆناخێکی نوێ و چارەنووس ساز لە مێژووی ئێرانی هاوچەرخ دادەنرا ، کە گرنگترین دەرهاوێشتەکانی هەڵوەشاندنەوەی کتوپری لەشکری شاهەنشاهی لە ئێران و رووخاندنی دیکتاتۆری بیست ساڵەی رەزاشا پەهلەوی بوولە ئێراندا .

لە بەرامبەریشدا ئازاد کردنی زیندانە سیاسیەکان و گەڕاندنەوەی دورخراوەکان لەدەرەوەی ئێران ... بەڵام دوای ئەوە دووبارە بە هەمان شێووەی جاران بەلکوو دژوارتر ، بە هۆی دورستکردنی دەسەڵات لە ئێران بەپێی بەرژەوەندی تایبەتی هەمە لایەنەی هاوپەیمانان بوو لەسەر ئێران بەتایبەتی لەرۆژهەلاتی کوردستاندا .



لانكليز والروس يرغمون الحكومة الايرانية على القبول «بحماية الحلفاء»,وفي الصورة قافلة من الآليات البريطانية تجتاز خير أثناء تقدمها في ايران

١٩٤١/٨/٢٥ دامەزراندنی پارتێکی کوردی بچووك لەلایەن عەزیز زەندی بەناوی -پارتی رزگاری کورد- لە ناوچەی مەهاباد لەرۆژهەلاتی کوردستان لەسەرەتای جەنگی دووەمی جیهان ، کە لەو کاتە هێزەکانی سووپای سووری سۆڤیەت لە باکووری هاتنە ناو ئێرانو هێزەکانی بەریتانیاش لە باشوورو رۆژئاوا ، کە بووە هۆی دەست لەکار کێشانەوەی حکوومەتی عەلی مەنسووری لایەنگیری سەرەکی بوو لەشەڕ هاتنە خوارەوەی رەزا بەهلەوی لەسەر کورسی شاهەنشاهی لە ٩/١٦ی هەمان ساڵ لەسەردەسەلاتی ئێراندا .

١٩٤١/٩/١٤ ڕووسیاو بەریتانیا داوایان لە شای ئێران رەزا بەهلەوی کرد ، کە دەست لە دەسەلات هەڵگریو کورەکەی محمد رەزا لە جێگەی خۆی دابنێو شەڕی دژ بەئەڵمانیاو وولاتانی تەوەری شەرش راگەیەنێ، بەلام رەزا بەهلەوی ئەوەی رەتکردەوە ، بەلام دوای ئەوە بەناچاری لە ٩/١٧ ی هەمان ساڵ دەستی لە دەسەلاتی شاهەنشاهی لەسەر ئێران هەڵگرتو بەرەو دوورگەی مۆریشیۆس رەوانە کراو دەست بەسەر بوو تاکوو مردنی لە١٩٤٤/٦/٢٥ لەو وولاتەدا.

١٩٤١/٩/٢٥ بۆ یەکەمجار پێشەوا قازی محەمەد لە شاری مەهاباد چاوی کەوت بە نووێنەرانی ئەمەریکاو بەریتانیاو کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەنجام دان ئەویش

بەهۆی بارودۆخی نوێی جیهان و ناوچەو وڵاتەکە بوو... لەو کاتەشدا خەبات دژی رژێمی شایەتی بە پشتگری سۆڤیەت بەردەوام بوو، لە هەمان کاتیش شۆرش و خەباتی کورد لەو کاتدا بۆ دەسەڵاتی سۆڤیەت گرنگ بوو لەگەڵ سەرجەم وڵاتانی داگیرکەری ئێرانیش لاواز راگرتنی دەسەڵاتی ناوەندی... وەك مەبەستێك لە ئارادابوو.

بۆ ئەم مەبەستەش گەلی کورد بەهۆی هەندێك تایبەتمەندی توانی رۆڵی بەرچاوی هەبێ... لەم پێناوەدا پێکهێنانی ئاڵ و گۆر لە بەرنامەو رامیاریەتی رێکخراوی کوردیدا بەشتێکی پێویست دەژمێردرا لەکوردستان.

سەرچاوە:- پەنجا ساڵ خەبات - جەلیلگادان - ل/٢٣ بەرگی یەکەم.

١٩٤١/٩/٢٥ دووکارمەندی بەرپرسی ئەمەریکاو بەریتانیا لە رێگەی ئافرەتێکی رۆشنبیرو کاربەدەستی نەرویژی چاویان بە پێشەوا قازی محەمەد کەووت ، لەشاری مەهابادی رۆژهەلاتی کوردستان . کە پێشەوا قازی محەمەد باسی نەخشەی یەکگرتووی کوردستانی بۆ کردن ، لە پێناو چارە سەری کێشەی گەلی کوردستان .

١٩٤١/٩/٢٩ لە ماوەی دوو رۆژ، واتە لە ٢٩-٣٠ ئەویش بە کووتشتنی زیاتر لە ٣٣٧٧١ هاولاتی مەدەنی جوولەکە لە کەندی بابی چیایی - لە دەرەوەی شاری کیفی پایتەختی



ئۆکرانیا، لە لایەن هێزەکانی بەر پرسانی ئەلمانیای نازی لە ناوەراستی جەنگی دووەمی جیهانی لە ناوچەکەدا.

جێگەی باسکردنە کە ئەم کۆمەڵکوژیەش لەلایەن فاشیەکانی ئەلمانیا لە ئەنجامی دەستگیرکردنی جوولەکەکان بوو لە ئۆگرانیا لە نزیك گوندی -

گڤوزد فکارا لە مانگی /٦- ٧- ١٩٤١/٨. ئەم کۆمەڵکوژیە بە یەکجار ئەنجام درا لە ماوەی – هۆل و کۆست – ol , sf. ئەم کارەی ئەلمانیای نازی کە ئەنجامی دابوو، تاکوو کۆتایی ساڵی /٢٠٠٧ یش گۆری بەکۆمەڵ دەدۆزرایەوە بە تایبەتی لە هەردوو مانگی/ ٥- ٢٠٠٧/٦ لە هەمان ناوچەدا لە ئۆکرانیادا.

١٩٤١/١٠/٢٠ دامەزراندنی پارتی توودە ، واتە پارتی کۆمۆنیستی ئێران لەلایەن خەلیل ملکی و ئیحسان تیری و تەقی تارانی...لەوکاتەی کە شای ئێران رەزا بەهلەوی ئێرانی جێ هێشت و هاوپەیمانان گەیشتنە ناو خاکی ئێران ، پارتی توودە بوونی هێزەکانی سووپای سووری سۆڤیەتی قۆستەوە لە باکووری ئێران ، لە پێناو پارێزگاری لێکردن... دوای ئەوە هەڵسا بەپێکهێنانی لێژنەیەکی کاتی لە ١٥ ئەندام بەسەرۆکایەتی سلێمان میرزا ئەسکەندەر لە وڵاتەکەدا .

١٩٤١/١١/٢٥ گەیشتنی شاندێکی کوردی رۆژهەلاتی کوردستان بۆشاری باکۆی پایتەختی کۆماری ئازربایجانی یەکیەتی سۆڤیەت... مانەوەیان بۆ ماوەی ١٠ رۆژ ، لەگەڵ بەرپرسانی شوورەوی دەستیان کرد بەگفتووگۆکردن لەسەر باری کێشەی کورد ، لەوانە پێشەوا قازی محەمەد لە مەهابادو ، ئەمیر ئەسعەد بابە شێخ لەشاری بۆتانو چەندین کەسایەتی دیکەی کورد لە کوردستان بەگشتیو بە تایبەتی لەرۆژهەلاتی کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەلاتی ئێران.

١٩٤١/١٢/٥ گەرانەوەی شاندی کوردی لە باکۆی پایتەختی ئازربایجان بە سەرکردایەتی پێشەوا قازی محەمەد بۆ رۆژهەلاتی کوردستان لە دوای تەواو بوونی گفتووگۆکانیان ، کە لە ١١/٢٥ ی هەمان ساڵ سەردانی وڵاتی ئازربایجانیان کرد بوو.

١٩٤١/١٢/٧ بەرپابوونی کارە فراوانەکانی سەربازی ، کە سووپای ئیمپراتۆری یابانی ئەنجامی دا ، دژی دەریاوانەکانی ئەمەریکا – ئەلراسیە – لە بنکەی بەنداوی سەربازی لە دوورگەی هاوای... کە بووە هۆی زیان لێکەوتنێکی زۆری هێزەکانی سووپای ئەمریکاو بووە هۆی ئەوەی کە ئەمەریکا بچێتە پاڵ هاوپەیمانانی بەریتانیاو فەرەنسا دژی یابان جەنگی راگەیاند لە کێشوورەکەدا .



طائرات تضرّرت بفعل القصف الياباني على جزيرة فورد في بيرل هاربور.

١٩٤١/١٢/٢٩ سەرکردایەتی یەکیەتی سۆڤیەت ، رژێمی شاهەنشاهی ئێرانی ناچار کرد ، کە رێکەووتننامەیەکی لە گەڵ مۆر بکات ، کە ئێران لە بەرژەوەندی هاوپەیماناندا بچێتە جەنگەوە دژی ئەڵمانیای نازیو هاوپەیمانان ... بەڵام ئەو داوایەی سۆڤیەت جێ بەجێ نەکرا بەهۆی داواکاریەکانی دەسەڵاتی ئێران بەرامبەر بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا.

١٩٤٢

١٩٤٢/١/١ سەرۆکی ئەمەریکا– رۆزفلت– و سەرەك وەزیرانی بەریتانیا–ونستون چرچل– لە ئەنجامی گفتووگۆی چرو پڕ بە هەڵسەنگاندنی باری نێوو دەوولەتیو جەنگی دووەمو دوای جەنگ ، هەڵسان بەراگەیاندنی بەرەو دامەزراندنی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بەشداری ٢٦ وڵات لە هاوپەیمان و دۆستەکانیان لە جیهاندا.

ستالین، ڕۆزڤێلت، چەرچەڵ

١٩٤٢/١/٦ یەکەم کاروانی فرۆکەی بازرگانی باڵ ھەڵگر بە دەووری جیھان دەستی بەکارەکانی کرد ، کە ئەنجامدەری لەلایەن کۆمپانیای بانی ئەمەریکی بوو وڵاتەکەدا .

١٩٤٢/١/٢٦ ھونەرمەندی ناوداری عەرەب و کوردی و جیھان خاتوو – سوعاد حوسنی – لە قاھیرەی پایتەختی میسر لەدایك بووە.
جێگەی باسکردنە کەخاتوو – سوعاد حوسنی – ناوی تەواوی سوعاد محەمەد حوسنی بابا – یەو لە نژاد کوردە... زۆر لەھونەرمەندان و کەسایەتیە ناودارەکان نەیان زانیووە کە ئەم خاتوونە کوردە و کچی گۆرانی

بێژی بە ناوبانگی سووریا محەمەد حوسنی بابایەو لە خێزانێکی کورد بووە بــەناوی حوســنی بابــا... کۆچــی دوایــی خــاتوو ســوعاد حوســنی لــە ٢٠٠١/٦/٢٢ لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا لە ڕووداوێکی نادیاری دڵتـەزێن کۆچی دوایـی کـرد ... زۆر گومـان لـەوە دەکرێـت کـە ئـەم خاتوونـە لـەرێگای چـەند نادیارێـك تیرۆرکرابێـت... کـە نـەجات سـەغیرەی خوشـکی سوعاد حوسنیە و هەروا براکەی عزەدین حوسنی، کە موزیکا ژەنی خاتوو ئووم کەلسووم بووە لە وولاتی میسر و وولاتانی عەرەبیدا.

١٩٤٢/٢/٥ بەفەرمان و ڕێنماییە دارێژراوەکانی هتلەری فاشی ئەلمانیا خۆئامادەکردن دەسـتی پێکـرد... لـەپێناو داگیرکردنـی ناوچـەو وولاتـە بەرهـەم هێنـەرە نەوتیـەکان ، ئـەویش وەك ئێـراق و کووێـت و بـەحرێن و ئێـران ، ئـەویش لـە دوای سـەرکەووتنیان لەجـەنگی دووەمـی جیهـان بەتایبـەتی لـە هـەرێمی باشـووری کوردسـتان و ڕۆژهـەلاتی کوردسـتان ، کـە ئـەوکات سەرچـاوەی نەوتی بوون لە کێشوەری ئاسیا.

١٩٤٢/٢/١٢ شـاعرو نووسـەری کـورد - کاکـە عەبـدوللای سـافی - ناسـراو بـە سـەلفی کۆچی دوایی کردووە لە باکووری کوردستان.

١٩٤٢/٤/٢٨ جەماوەری شـاری ورمـێ لـە ڕۆژهـەلاتی کوردسـتان ڕاپـەرینێکیان ئەنجامـداو هێڵـەکانی تەلـەفۆن و هـاتوو هـاتوو چـۆ دەبـرن و قەدەخـە دەکـەن و گـەمارۆی شـارەکە دەدەن ، لـە ئاکام بەرپرسـی شـارەکە هەڵـدێ بەرەو شـاری تـەورێزو هێزەکانی ئاسایشی ڕژێمی شا لە ئێران لەشارەکە دەردەکەن.

١٩٤٢/٤/٣٠ کوونسلی سۆڤیەت لە پارێزگای تەورێز بە فرۆکە دەگاتـە شاری ورمـێ لـە ڕۆژهـەلاتی کوردسـتان ، لـە پێنـاو چـاو پێکـەووتن بەسـەرکردەو کەسـایەتیە کوردەکان ، لەو چاوپێکەووتنەشدا لە گەڵ کوونسلی سۆڤیت ، لـەو کـاتیش چەند داواکاریـەکیان پێشکەش بەبەرپرسـی سـۆڤیەت کـرد ، لەوانـە مـاوەدان بە ئازادی هـەلگرتنی چەك و خوێنـدن بە زمـانی کوردی لـە فێرگـەو بەچـۆڵ کـردن و چـوونە دەرەوەی پیـاوانی ڕژێـم ئێـران لـە شـارەکەو هـەروا لەشـاری خویی و مەهاباد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان.

١٩٤٢/٥/٧ دەست پێکردنی گفتووگۆی سەرۆکە کوردەکانی شاری ورمێ لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ فەرماندەی سووپای سۆڤیەت و وەزیری بەرگری رژێمی شا لە ئێران و فەرماندەی ئازربایجانی رۆژئاوا لە شاری ورمێ... لەئاکامی گفتووگۆیەکە لەسەر ئەوە رێکەووتن بە گەرانەوەی هێزەکانی ئاسایشی رژێمی ئێران بۆشاری ورمێ و مامەڵە کردنیان لەگەڵ دانیشتووانی شارەکەو یارمەتی دانیان نەك ئازاردانیان لە هەرێمەکەدا .

١٩٤٢/٦/٢٥ یەکەم ژمارەی رۆژنامەی – باسەرە– بلاوکرایەوە کە بەدەست دەنووسرایەوەو بلاو دەکراوە بەناو جەماوەری شارەکانی پارێزگای کەرکوك و پارێزگای سلێمانی لە باشووری کوردستان.

١٩٤٢/٧/٢٢ بەستنی کۆبوونەوە لە نێوان بەرپرسی کوونسلی یەکیەتی سۆڤیەت لە پارێزگای تەورێز لە گەڵ رەشید بەگی هەرکی لە دەووروبەری دەریاچەی رەزایێ و ورمێ ، کە ئەنجامەکەی کاردانەوەی خۆی نوواند ، بەلام بەپێی بەرژەوندی سۆڤیەتی داهاتوو لەرۆژهەلاتی کورستانی داگیر کراوی ژێر دەسەلاتی ئێران.

١٩٤٢/٨/١٦ لاوەکانی شاری مەهاباد لە رۆژهەلاتی کوردستان توانیان رێکخراوەکەیان زیندو بکەنەوە ، بەناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان ، کە دەستیان کرد بەچالاکیەکان بەخەبات و تێکۆشان لەپێناو بەدی هێنانی مافە رەواکانی کوردو کوردستان.

١٩٤٢/٨/١٧ كۆچــی دوایـــی وەزیـــری دادی رژێمـــی شانـــشینی لـــە ئێـــراق ، نـاجی سـوویدی لـە بالـسبۆری باشووری ئەفریكیا ، كـە یـەكێك بـــوو لـــە كەســـایەتیە زانـــاو روونـــاكبیرو یاساناســـەكانی ئێراق.. . شایانی باسە ناوبراو بـــە هـــۆی هەڵوێـــستەكانی بەرامبەر بەرژێمی شانشینی لە ئێـراق دوور خـرا بـووەوەو دوای گەرانەوەی كۆچی دوایی كرد لە وولاتەكەیدا .

١٩٤٢/٩/١٢ ئەفسەرە بالادەستە رووسەكان لە رۆژهـەلاتی كوردستان لـە شاری شـنۆی رۆژهـەلاتی كوردسـتان ، كۆنگرەیـەكیان گرێـدا بەناونیـشانی – هاوكاریو دۆستایەتی لەگـەڵ كـورد – بـەلام رووسـەكان ئـەوەیان بـاش دەزانـی كـە ووشەی كورد یەك نیەو دووژمنان دەتوانن بۆ لای خۆیان راكێشیان بكەن ، بە هـۆی بەرژەوەنـدی تایبـەتی بیروو بۆچوونی جیاواز ، وەك پەیووەنـد لـە نێوان قـەرەنی ئاغـای مـامش و ئـەمیر ئەسـعەد دیبۆكری ، لەگـەڵ بنەماڵـەی پێشەوا قازی محەمەد لە شاری مەهاباد لە رۆژهەلاتی كوردستان.

١٩٤٢/٩/١٦ هەســتی نەتـەوەیی كـوردی رۆژهــەلاتی كوردســتانی داگـیر كـراوی ژێـر دەسـەلاتی ئێران، دوای سـالێك لـە گفتـوو گـۆی كـوردو سـۆڤیت لـە شاری باكۆی پایتەختی ئازربایجان، شەقلێكی تەواوی رامیاری وەرگرت، ئـەم كـارە لە سەرەتادا وەها دەهاتە بەرچاو كە هـەولێكی رۆمانسیانەیەو چ بایـەخێكی رامیاری نابێت.

ئا لەم رۆژەدا ١٥ پیاو لە سەر خوانێكی چا خاردنەوەو شیرینیی خاوردندا لـە ژێرسـێبەری دارو درەخـتـی بـاخێكی رۆخـی رووبـاری – سـابلاخ – ی بـاكووری شـاردا كۆبوونـەوە. كـە بـچووكترین كەسـی نـاو ئـەو كۆبوونـەوە گـەنجێك بـوو كە هێـشتا نـۆزدە سـالی تـەواو نـەكردبوو، تـازە خووێنـدنی

ئامــاری لــە شــاری ڕەزاییــە تــەواو کردبــوو، گــەورەترین کــسی نێــوو کۆبوونەوەکەش تەمەنی ٥٠ ساڵ دەبوو، و بەڕێوەبەری فەرمانگەی تووتنی حکوومەتی ڕواڵەتی ئەم ١٥ کەسەی لە خەلکانی دیکەدا جیا نەکردەوە.
بـەلاّم بـۆ مەبەسـتێك کۆببوونـەوە کـە ئامـادە نـەبوون دەسـتبەرداری بـبن. ئەویش پەلەکردن بوو لـە دامەزرانـدنی پارتێکی کوردی ئـەوتۆ، کە بتوانێت سـەرکردایەتی ئـەو باسـس و گفتووگۆیانـە بکـات کـە سـالێك بـوو دەربـارەی سەربەخۆیی کوردستان دەکران.
هـەروا دەبوایـە ئـەم پارتـە بکـرێ بـە دەزگایـەك کـە لـە پێنـاو وەدی هێنـانی ویستەکانی گەل و کەلکەلەی سـەربەخۆییان بە دەسـت بێنـێ - میرحاج - کە کـوردێکی دانیـشتووی باشـووری کوردسـتانی لکێنـدراو بە ئێـراق بـوو، ئامادەی ئەم کۆبوونەوەیە بوو، ئەم کەسایەتیە لە سووپای ڕژێمـی ئێـراق - نەقیب - بوو ئامادەبوان لە سەر ئەمە ڕێکەووتبوون کە وەکوو ڕاوێـژکارێك داوەتی بکەن.
ئەویش سلاوو ڕێزی - کۆمەڵەی هیوا -ی پێ ڕاگەیاندن، کە ئەم کۆمەڵەیە، کۆمەڵەیـەکی نهێنـی کـوردی بـوو، و لـە ئێـراق و لـە سـەردەمی ئینتیـدابی بەریتانیادا دامـەزرابوو. چالاکی ئـەم کۆمەڵەیـە لـە نێـوو ڕۆشـنبیرانی شـارو نووسـەران ڕۆژنامـەوانان و ئەفـسەرانی سـوپادا بـوو، مـیر حـاج بـە خـۆی ئەزموونی دەیان ساڵ چەوساندنەوەی کوردی ئێراقی لـە لایەن بـەریتانیکان و ئێراقیەکانەوە هەبوو، ئەمە جگە لـە ئـەزموونی کارکردن کە ئامـادە بـوو لـە شـێووەی ئامۆژگـاری و زانیاریـدا ، بـە خۆشـحالّی پێـشکش بـە بـرا کـوردە ئێرانیەکان بکات.
لێرەدا میرحـاج ئامۆژگـاری کـردن کـە دەبـێ زۆر وریـابن و بـەو پـەری نهێنـی پارتەکیان ڕێك بخەن، هەرچەندە دەکرێت دامەزراندنی پارتەکە ڕاگەیەندرێ، بـەلاّم دەبـێ بزووتنەوەکـە لـە چـوار چێووەی زنجیرەیـەك شـانەی پێکـەوە بەسـتراو و ڕێـك بخـرێ بـە مـەرجێك ئەنـدامانی هـەر شـانەیەك جگـە لـە ئەندامانی شانەکەی خۆیان ئەندامانی چ شانەیەکی دیکە نەناسن، و نـابێ هیچ پەیوەندیەك لـە نێـوان شانەیەك و شانەکەی دیکـە دا هـەبێ، لـە کۆتـایی ئەم کۆبوونەوەوڕێکەووتن لە سەر ئـەوەی کـە نـاوی پارتەکـە بنێن - کۆمەڵـەی ژیانەوەی کورد - و بەو جۆرە کۆبوونەوەکە کۆتایی هات.

دوای ئەوە لە مانگی /١٩٤٣/٤ کۆمیتەیەکی ناوەندی لە ئەندامانی رێکخستن هاتـە هەڵبـژاردن، ئـەم بزووتنەوەیـە زۆر زوو پـەلوو پـۆپی بـۆ نێـوو خێڵـە کوردەکانی دەووروبەری شاری مەهابادیش هاوێشت و بەرەو ناوچەکانی دیکەی رۆژهەلاتی کوردستان.

ئا بەم جۆرە ئـەم رووداوە ناوچـەییە کـە لـە سـەرەتادا بیٚ بایـەخ و بچووك دەهاتـە بەرچـاو، بـوو بـە هـەوێنی سـەرهەڵدانی بیرۆکـەی دامەزرانـدنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی ئە تۆ، کە هەموو کورد لە ئێران و ئێراق و سووریا و تورکیا بگرێتە خۆ لە کوردستان.

ئا لێرەدا بوو بە هـەوێنی بیرۆکـەی کوردسـتانی گـەورە. دوای ئـەوە لـە مانگی /١٩٤٤/٨ ئەو رووداوە بە نێوو بانگە روویدا کە دەکرێت لە گەڵ — سووێندی رووتیلی — ی بە نێوو بانگدا بەراورد بکریٚ :—

ئەو شـووێنەی کـە سویـسریە کۆنـەکان — سووێندی رووتیلـی — ی بـەنێوو بانگیان تێدا خوارد، وەکوو باسی دەکەن کە کەوتبووە رۆخی دەریاچەی — ئۆریز —، ئـەم شـووێنە بە دیـواری تـاوێری بەردان و گـژووگیا تنرابـوو، لـە رۆژی چوارشەمەی بەر لە رۆژی جەژنی — القدیس ماتین — لە ساڵی ١٢٩١. ئامـادە بووان لەوێدا سووێندیان خـوارد، کـە — فوکت — ەکان وەدەرنێن و سیٚ ناوچەکەی خۆیـان — شڤیتر —، ئوری، ئـونتر ڤالـدن — یەکبخەنـەوە و لـە دەسەلاتی بنەماڵەی — هامیسبۆرگ — رزگاری بکەن .

بـەلام بـە داخـەوە بەشـدارانی سـووێندە کوردیـە مێژووییەکـە، دەبوایـە سەفەرێکی زۆر گرانتر لـە هینەکەی باپیرانی سویسریەکان بکەن. تا بگەنە ئـەو شـووێنەی کـە لێبرابـوون سووێندی تێدا بخۆن، لـە بـەر ئـەوەی کـوردە بەژدار بووەکانی کۆبوونەوەکە خاڵی یەکانگیری سنووری ئێراق و تورکیا و ئێرانیـان بـۆ ئـەم مەبەسـتە هەڵبـژارد، کـە وەکـوو سێکوچـکەی سـنوور دەکەوێتـە سـەر چیـای — دەلانپـەر — وە ، کـە ٣٦٠٠ مـەتر لـە سـەر رووی دەریاوە بەرزە و لە سەر خاکی کوردو کوردستانە لە کێشووەری ئاسیادا.

نووێنەری کورد لە رۆژهەلاتی کوردستانی لکێندراو بە ئێران — قاسم قادری — ئەنـدامی کۆمیتـەی ناوەنـدی کۆمەڵـەبوو، نووینـەری کـورد لـە باشـووری کوردستانی لکێندراو بە ئێراق — شێخ عوبێدولا — بوو، نووێنـەری کـورد لـە باکووری کوردستانی داگیر کراو لە لایەن تورکیا — قازی مـلا وەهـاب — بوو،

بەلاّم بە داخەوە نووێنەری رۆژئاوای کوردستانی لکێندراو بە سووریا بەشداری نەکردبوو بە هۆی ئاکادار نەکردنیان.

١٩٤٢/٩/١٦ بلاّو کردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری ژیانەوەی کورد لەلایەن میرحاج لە رۆژهەلاتی کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەلاّتی رژێمی شا لە ئێران.

١٩٤٢/٩/١٦ دامەزراندنی رێکخراوی شۆرشگێری لە رۆژهەلاتی کوردستان راگەیاندرا ، بە ناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد- کاژیك - لەشاری مەهاباد لە رۆژهەلاتی کوردستان ، ئەویش لەئەنجمی چەند کۆبونەوەیەکدا هاتەدی ، کە کۆبوونەوەکان لە باخی-حاجی داود- لە نزیك چەمی سابلاخ بەستراو دەستەی دامەزرێنەری ئەمانە بوون- حەسەن زەرکردی ، عەبدولرەحمان ، عەبدول قادر مودەرسی ، نەجمەدین تەوحیدی ، محەمەدی نانەوازادە ، عەلی مەحمودی ، محەمەد ئەسحابیو ، چەندین کەسایەتی دیکە لەرووناکبیرانی کورد لە رۆژهەلاّت و لەباشووری کوردستانی لکێندراو بە رژێمی شانشینی ئێراق و داگیر کراو لە لایەن رژێمی شا لە ئێراندا .

١٩٤٢/١١/١٨ هێزەکانی سووپای سووری سۆڤیەت هێرشێکی بەرفراوانیان کردە سەر هێزەکانی سووپای ئەلّمانیا ، کە لە ئەنجام زیاتر لە ٣٠٠,٠٠٠ هەزار سەربازی ئەلّمانی گەمارۆدران لەلایەن هێزەکانی سووپای سۆڤیەت بەسەرکردایەتی مارشالّ فۆن باولۆ ، و خۆبەدەستەوە دانی بە سووپای سۆڤیەت . لە هەمان کات بەردەوام بوونی هێزەکانی سووپای سۆڤیەت تاکوو رزگار کردنی کۆماری ئۆکرانیا.

ستالينغراد، تشرين الثاني ١٩٤٢: تحت نيران العدوّ المستمرة تقوم الوحدات السوفياتية بمهاجمة المواقع الألمانية. انها أولى الهزائم الكبرى التي مُنيَ بها الجيش الألماني.

١٩٤٢/١١/٢٢ وولاتــــی لوبنــــان ســـەربەخۆیی خــۆی ڕاگەیانـــــــــد بەدەرچـوونی لــەژێر ئینتیدابی فەرەنسا ، وەك وولاتێکـــــــــی ســــــــەربەخۆی نێوودەوڵـــــەتی... بـــەناوی کۆمـــاری لوبنـــــان ، نـــــاوی پایتەختەکەی –بەیروت – ەو ژمارەی دانیشتووانی پایتختەکە ١,٩٥٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکە ،٣,٦٥٨,٠٠٠ملیۆن کەسە و لەو ژمارەی دانیشتووانە زیاتر لە ٥٠,٠٠٠ هەزار کەس کوردنبە پێی ئاماری ساڵی ٢٠٠٠ . لە وولاتەکەدا .

هەروا ڕووبەری خاکی لوبنان ١٠,٤٠٠ دە هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە .
هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٩١٨ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا

نژادەکانی .عەرەب ٨٥٪ . ئەرمەن ١٥٪ . لە وولاتەکەدا .

١٩٤٢/١٢/٢٩ پەیمانی نێوان هەرسێ بەر پرسانی ئێران و بەریتانیا و سۆڤیەت مۆرکرا ، کە لەلایەن ئێران وەزیری کاروباری ئێران عەلی سوهەیلی و لەلایەن باڵۆیزی بەریتانیا سێر ریدربولاردو لەلایەن باڵیۆزی سۆڤیەت سەمیرنۆف واژووکرا.
ئـەم پەیمانـەش بـەناوی – الاتحـاد – بـوو. بەلێنـەدان و بـە پاراسـتنی یەکیەتی خاك و سەروەری و سەربەخۆیی رژێمی شایەتی لـە ئێـران، ئـەویش بە گەمارۆدانی بزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلانی ئێران، بە تایبـەتی گـەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان.

١٩٤٢/١٢/٣١ کۆچـی دوایـی کەسـایەتی نـاوداری پارێزگـای هـەولێر مـەلا ئەبوبـەکر مـەلا عومەر ناسراو بە – مەلافەندی – لە شاری هەولێر.
شایانی باسە ئەم مرۆڤە لە ساڵی ١٨٦٣ لـەدایك بووە لەشـاری هـەولێر... لـە تەمەنی ٧ ساڵیدا لە مزگەووتی قەلای هەولێر دەستی بەخووێندنی قورئان و کتێبی ئایینی کردووەو لە ساڵی ١٨٨٣ خووێندنی مەلایـەتی تـەواوکردووە.
بـاوکی مـەلا عومـەر لـە سـاڵی ١٨٩٢ کۆچـی دوایـی دەکـات و جێگـەی بـاوکی دەگرێتـەوەو هـەموو کاتـەکانی بـۆ وانـە ووتنـەوە تـەرخان کـردووە. زیـاتر لـە ٣٠٠ فەقێی دەرس داوەو ئیجازەی علمانی بەزیاتر لە ١٠٠ کەس داوە.
ئـەم کەسـایەتیە تـاکوو لـە ژیـان مـابوو هـەولی خزمـەتکردنی خـەڵکانی کوردسـتانی داوە، بـە تایبـەتی لـە شـاری هـەولێرو دەووروبـەری بـەهۆی بوونی سامان و پارە لە ئاکامی بوونی دەسەلاتەکەی لە شارەکەدا.

١٩٤٢/١٢/٣١ نووێنــــــەری ٢٦ وولاتــی جیهــان لــە ســـــەر جـــاری گـــــــەردوونی کۆمەڵـەی گـەلان لـە ســەر مــافی مــرۆڤ مۆریــــان کـــرد... لەســـەر کۆمـــەلێك ڕێکەووتننامــــــە کەتیایـدا دان بـەوە نرا کە خەلك – تاك ، گەل ، نەتەوە – مافی چارەی خۆنووسی لەسەر خاکی لەدایك بووی و پێك هاتـەی خـۆی بنـێ و هەیـە... لـە بوارەکـانی سـنووری مێـژووی جـووگرافی خـــاك و رامیـــاری و نەتـــەوەیی وداب و نـــەریت و کـــەلتوورو زمـــان و مێـــژوو شارســـتانیەت و شـــووێنەواری لـــە ســـە پارچـــەخاکەی کـــە بـــوونی خـــۆی سەلملندووە لە هەموو بوارە جیا جیاکاندا .



١٩٤٣

١٩٤٣/١/٢١ شاری تەرابلسی پایتەختی کۆماری لیبیا ، کەووتە ژێر دەسەلاتی وولاتانی هاوپـەیمانی بـەریتانیاو فەرەنساو ئەمـەریکا ، ئـەویش لـە ئـەنجامی هێرشـی هێزەکـانی سـووپای هەرسـێ وولات بـوو لـە ناوەراسـتی جـەنگی دووەمـی جیهانیدا .

رجال من زمّاري القربة، تابعون للفوج الاسكوتلندي الحادي والخمسين، يقدّمون عرض النصر في طرابلس، ويشاهد خلفهم عامود مرتفع، تعلوه ذئبة روما وهي رمز الفاشية.

١٩٤٣/١/٢٣ لە دوای کشانەوەی هێزەکانی سووپای فەرەنساو ئەمەریکا لە شاری تەرابلسی پایتەختی لیبیا لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سووپای بەریتانیا مایەوە تا کۆتایی جەنگ لە جیهاندا .

١٩٤٣/٢/٢٧ بڵاوبوونەوەی نەخۆشی تیفۆئید لەشاری کرماشانی ئێران ، لە ئاکام هەموو نەخۆشخانەکان داخران ، لە پێناو نەگرتنەوەی نەخۆشیەکە لەلایەن دکتۆرو کارمەندانی نەخۆشخانەکان ... ئەمەیە خزمەتی میللەت..!.

١٩٤٣/٣/٣ بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری – رۆژا نوو– لە شاری بەیروتی پایتەختی لوبنان ، لەلایەن کوردە پەناهەندەکانی تورکیاو سووریا بەهۆی توونـدو تیـژی دەسەڵاتی شۆڤینیان ، بەرامبەر بە کوردولە سەر خاکی کوردستان لە کێشوەرەکەدا .

١٩٤٣/٣/٩ لە دایک بوونی زانای گەردووناسی – یووری گاگارین – ی رووسی لە یەکیەتی سۆڤیەت ، کە یەکەم مرۆڤ بوو بەرەو بۆشایی گەردوون هەلکشا بەکەشتی ئاسمانی سەیۆز ئەپۆلۆ لە بنکەی سەربازی لە کۆماری جۆرجیای سۆڤیەت لە وولاتەکەیدا.

١٩٤٣/٤/٣ تابوورێکی هێزەکانی سووپای رژێمی شانشینی لە ئێراق پەلاماری ناوچەی

بارزانیــدا لەباشــووری كوردســتان و لــە گونــدەكان و بەتوونــدی بەرپەرچــی هێرشەكەیان درایەوە لەلایەن چەكدارە شۆرشگێرەكانی كورد لە ناوچەكەدا .

١٩٤٣/٥/٣ بڵاوكردنــەوەی یەكــەم ژمــارەی گۆڤــاری – رۆژی نــوێ – لەلایــەن كامــەران بــەدرخان لــە شــاری بــەیروتی پایتــەختی لوبنــان ، بــە پیتــی لاتینــی و گۆڤارەكەش هەفتانە بوو لە بڵاوكردنەوەیدا .

١٩٤٣/٥/١٣ سەركردایەتی كۆمەڵەی ژیانەوەی كوردستان ، بە بەشدار بوونی٢٥ ئەندام لە چیای – قەلاسارمێ – لە رۆژهــەڵاتی شاری مەهاباد لە رۆژهــەڵاتی كوردستان پێك هێنرا ، و هەر لەو كات بریاریدا پەیووەندی بەكار بەدەستانی سۆڤیەت بكـات ، كــە كۆمەڵــە یاســای هەمیــشەیی و پرۆگرامــی رامیــاری و ئــابووری و كۆمەلایــەتی ســۆڤیەتی لا پەســەندە ، ئــەویش لــە پێنــاو یارمــەتی دان و پشتگیری كردن لە مافە رەواكانی كوردو كوردستان.

١٩٤٣/٥/١٦ لەناوەنــدەكانی جــەنگی دووەمــی جیهــان ، دەســەڵاتی یــەكێتی ســۆڤیەت بەســەركردایەتی – ســتالین – مەرســوومی حكوومــەتی ســۆڤیەت دەركــرا بەهەڵووەشــاندنەوەی ئومەمیــەتی كۆمۆنیــستی ، كــە لەلایــەن پارتــە كۆمۆنیستەكانی جیهـان دامـەزرابوو ، بەسـەركردایەتی كەسـایەتی نـاودارو دامەزرێنەری كۆماری بوولگاریا دیمیترۆف .

شایانی باسە دیمیترۆف كرێكارێكی چاپ بوو ، ئەویش بەهۆی ئازایەتی و لێهـاتوویی بــووە كەســایەتیەكی جیهــانی و تێكۆشــەرێكی ســەردەمی و دامەزرێنـەری دەووڵـەتێكی سۆسیالیستی لـە بوولگاریـا لـە كێشووەرەكەدا ، ئەم مەرسوومەش لەلایەن لێژنەی جێ بەجێكردنی ئومەمیەتی شیوعی بوولە جیهاندا.

١٩٤٣/٧/١٢ دەست پێكردنـی شـەری زرێپۆشـی هێزەكانی سووپای سووری سۆڤیەت و هێــرش كردنــە ســەر ســووپای ئــەڵمانیا لــە بــاكووری شــاری كورســك... بەشــكاندنی گەمارۆدانەكــەی كــە لەلایــەن هێزەكــانی ســووپای ئــەلمانیا بەشــكاندنی هێزەكــانی ســووپای ئــەڵمانیا ، بــە رزگــار كردنــی شــارەكانی كــاراكۆف لــە ٨/٢٣ و سمۆلنــسك لــە ٩/٢٥و كیــف لــە ١١/٦ رزگــار كــران لــە ناوچـەكەدا ... ئیتر بووە هـۆی بـەزینی هێزەكانی سوپای ئـەلمانیا بەرامبـەر

هێزەکانی سوپای سۆڤیەت تا سەرکەوتنی بەسەر ئەڵمانیا لەبەری ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا .

سلاح سوفياتي مضاد للدبابات يستهدف أحد مدافع الميدان الالمانية خلال المعركة الطاحنة التي تدور رحاها في قطاع اورلوف (ORLOV) ــ كورسك (KOURSK)

١٩٤٣/٧/١٢ سـەرکردەی بزووتنـەوەی ڕزگـاری کـورد مستەفا بـارزانی ، دوای ماوەیـەك لـە دەست بە سەری . بەیارمەتی ئەندامانی سـەرکردایەتی پـارتی هیوا لەشـاری سلێمانی ڕزگار کراو چووە شاری شنۆی ڕۆژهـەڵاتی کوردستانی داگیر کراو و ژێر دەسـەڵاتی ڕژێمی شا لە ئێران لە هەرێمەکەدا .

١٩٤٣/٧/٢٨ سـەرکردەی کورد مستەفا بارزانی لـە ناوچـەی شنۆی ڕۆژهـەلاتی کوردستان گـەراوە ناوچـەی بـارزان ، دوای ئـەوە هەولیـدا بـە دروسـتکردنی هێزێکـی چـەکداری و دەسـتی کـردن بەشـۆرش دژی ڕژێمـی شانـشینی لـە ئێراق وبـەریتانیا ، بـەهۆی پاشـگەزبوونەوەیان لـە بەڵێنـەکانیان بەرامبـەر بەمافەکانی کورد لە باشووری کوردستان.

١٩٤٣/٨/١٥ بـڵاو کردنـەوەی گۆڤـاری هـاوار ، کـە کۆڕپەیـەکی نـازداری بەدرخانیەکانـە، کەجەلادەت بەدرخان سەرپەرشتی دەرکردو لەماوەی یانزە ساڵ ٥٧ ژمارەی لـە شـام لـیٚ بەچاپگەیاند ، کـە بـەنهێنی دەگەیـشتە باشووری کوردسـتان و ڕۆژهەلاتی کوردستان و باکووری کوردستان... کە ٢٣ ژمارەی بەپیتی هیجاو

لاتینی بووەو ٣٤ ژمارەی بەپیتی لاتینی بووە ، کە لە چاپخانەی تەرەقی بەچاپیگەیاندووە ، کە هەمووی لەسەر یەك ٨٠٨ لاپەرە بووەو رۆڵی گرنگی هەبوو لە بەهێز کردنو بەرز کردنەوەی هەستی نەتەوایەتیو نیشتمانیو خەبات لە پێناو کوردو کوردستاندا.

١٩٤٣/٩/٣ شانشینی ئیتالیا راگرتنی شەڕی لەگەڵ هاوپەیمانان راگەیاندو لە هەمان کات شەڕی دژ بە ئەلمانیاو یابان راگەیاند ، کە بووە هۆی سەرکەووتنی هاوپەیمان لەجەنگی دووەمی جیهانیدا .

١٩٤٣/٩/٨ هێزەکانی سووپای ئەلمانیای فاشی رۆمای پایتەختی ئیتالیای داگیر کرد لە ناوەراستی جەنگی دووەمی جیهان ، تاکوو رۆژی ٦/٤ ی هەمان ساڵو دوایی لێی کشاوە رووەو وولاتەکەیدا.

١٩٤٣/٩/١١ کۆمەڵێك لەسەرکردە کوردەکان لە رۆژهەلاتی کوردستان ، جگە لە عومەر خانو سەرتیپ ئاغاو تاهر ئاغا – لە باخی ئووستانداری لە پارێزگای ورمێ کۆبوونەوەو ئووستاندار پێی ڕاگەیاندن ، کە لەمەودوا نووێنەرانیان لەگوندەکان لایەنو داوای موڵکانەی زەوی لەجووتیاران نەکەنو نابێ چەکدار بێنە ناوشارو مەروماڵاتو قاچاخی پێووەنەکرێت بۆدەرەوەی شارەکە لە هەرێمەکەدا.

١٩٤٣/١٠/٢ راپەرینە مەزنەکەی شانەدەر بەسەرکردایەتی مستەفا بارزانی هەڵگیرسا دژی رژێمی شانشینی لە ئێراق و بەریتانیای داگیرکەری کوردو کوردستان.

١٩٤٣/١٠/٩ دەست پێکردنی گفتووگۆ لە نێوان سەرکردەی کورد مستەفا بارزانی و سەرکردایەتی رژێمی شانشینی لە ئێراق ، لە بارەی چارەسەر کردنی کێشەی کوردو مافە رەواکانی لە باشووری کوردستانی لکێدراو بە ئێراق.

١٩٤٣/١٠/١٢ کۆچی دوایی مەلای گەوورە لە قەزای کۆیسنجق کە ناوی تەواوی مەلا محەمەدی کۆیە و لە ساڵی ١٨٧٦ لەشاری رۆناکبیرانی کۆیەی سەر بەپارێزگای هەولێر لە دایك بووە لە باشووری کوردستاندا.

١٩٤٣/١١/٢٨ گرێدانی کۆنگرەی سێ رۆژە لە تارانی پایتەختی ئێران ، بە ئامادەبوونی سەرۆکی ئەمەریکا – رۆزفلت– و سەرەك وەزیرانی بەریتانیا –چرچل– و سەرۆکی سۆڤیەتی – ستالین– لەو کۆبوونەوە پشتگیری خۆیان بۆ ئێران

راگەیاندو ، ئێرانیش دووپاتی داواکاری سەربەخۆیی ئێرانی لە سەرۆکی ئەمەریکا کردەوەو ستالینیش بەلێنی دا یارمەتی دەسەلاتی شا بدات لەرووی سەربازی‌و ئابووری ، لەو کات لەپێناو گەمارۆ دانی بزووتنەوەی رزگاری کورد بوو لە رۆژهەلاتی کوردستان.



ستالین، رۆزفێلت، چەرچەل

١٩٤٣/١٢/٦ بلاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری – ئەستێرە – لە لایەن جەلادەت عالی بەدرخان لە سووریا.

١٩٤٣/١٢/٢٣ مستەفا بارزانی نامەیەکی ئاراستەی بالوێزی بەریتانیا کرد ، کەتێیدا روونیکردەوە ، کە ئەو لێبووردنە گشتیەی کە لەلایەن رژێمی شانشینی لە ئێراق بۆ بارزانیەکان دەرکراوە ، هەمووی فرتووفێلە لە رامیاریەتی داگیرکەری شانشینی لە ئێراق ، لە سەرخاکی کوردستان بەپشتیووان‌و هەماهەنگی حکوومەتی بەریتانیا.

١٩٤٣/١٢/٢٥ گۆرینی کابینەی سەرەك وەزیرانی شانشینی لە ئێراق ، لەلایەن نوری سەعید . کە لەم کابینەیە وەزیرێکی کورد تیا بەشداریکرد بەناوی– ماجد مستەفا – کە رۆلی سەرەکی هەبوو لەچارەی کێشەی کورد لە باشووری کوردستان .

١٩٤٤

١٩٤٤/١/١ وەزیری کاروباری دەوڵەتی شانشینی لە ئێراق ، کەسایەتی ناوداری کورد ماجد مستەفا سەردانی سەرکردەی بزووتنەوەی رزگاری کورد مستەفا بارزانی کرد ، لە پێناو سەرکەوتنی گفتووگۆیەکانی لەسەر کێشەی کورد...شایانی باسکردنە کە ماجد مستەفا بەشداری لە شۆرشی شێخ مەحمودی حەفیدی کردووە... چەندین هەوڵو تەقەلای دیکەی داوە ، لەپێناو ئاسانکاریکردنی چارەی کێشەی کورد لە باشووری کوردستانی لکێنراو بەئێراق.

١٩٤٤/١/١٥ لەرێنماییەکانی ئەنجوومەنی وەزیرانی رژێمی شانشینی لە ئێراق بریاری دامەزراندنی ئیدارەی تایبەتی ، بەسەر بەخۆی کوردی دا لەچوار چێوەی سنووری ئێراق ، لە هەرێمی باشووری کوردستانی لکێنراو بەئێراق.

١٩٤٤/١/٢٥ رژێمی شانشینی لە ئێراق بریارێکی راگەیاند ، بەبێ ئەوەی نوری سەعید لەو کاتە بوونی هەبێت ، بەهۆی گەشتەکەی بۆ دەرەوەی ئێراق . کە لە حەوت خال پێك هاتبوون.

١٩٤٤/٢/١٣ کۆچی دوایی نیگارکێشی ئازارەکان– ئێدوارد مۆنگ – لە شاری ئۆسلۆی پایتەختی نەرویژ ، پاش ئەوەی بەرهەمێکی زۆری هونەری لەتابلۆی رۆنیو ئاویو هێلکاریو هەلکۆلدراو بەجێدەهێلێ... شایانی باسە ئێدوارد کریستیان مۆنگ لەباوکێکی پزیشکی سەربازی لە ساڵی ١٨٣٦ لەیەکێك لەکێڵگەکانی شاری لۆتۆن لەدایك دەبێو دوای ساڵێك لەدایك بوونی خێزانەکەی دەگوازنەوە شاری ئۆسلۆ لەوێ جێنشین دەبن لە وولاتەدا .

١٩٤٤/٢/٢٢ سەرکردایەتی رژێمی شانشینی لە ئێراق ، میوانداری مستەفا بارزانی کرد لەگەڵ شاندە یاوەرەکەی ، کە لە ١٢ کەسایەتی کورد پێك هاتبوون . کە یەك لەوانە سەرەك هۆزی هەرکی فەتاح ئاغا بوو، لەو میوانداریە مستەفا بارزانی چاویکەووت بە بالوێزی بەریتانیا ، کە بووە هۆی دەربرینی نارەزایی عەرەبە ناسیۆنالستەکان لە ئێراقو چەندین وولاتانی دیکەی عەرەبیدا.

١٩٤٤/٢/٢٦ لە دوای سەردانەکەی مستەفا بارزانی بۆ شاری بەغدای پایتەختی ئێراق ، بە فەرمی لەگەڵ بالوێزی بەریتانیا کۆبۆوەو باس لەکێشەو مافەکانی کورد

کرا ، کەسەدا ساڵە دەچەوسێنرێتەوە لە هەردوو لایەنی نەتەوەیی و نیشتمانی و جگە لە پشتگوێ خستنی باری ئابووری و ئاوەدان کردنەوە لە باشووری کوردستانی لکێنراو بەئێراق ، هەروا لە گەڵ چەندین کاری دیکە وەك راگواستن و بەعەرەبکردن و هێنانی خێزانی عەرەبە بیانیەکان بۆ ناوچەی هەرێمی کوردستان...؟...!

١٩٤٤/٣/٢٥ وەزارەتی ناوخۆی یەکێتی سۆڤیەت ٦٠٨ خێزانی کوردی گوواستەوە بۆ ناوچەکانی - تسالکین - کە ژمارەیان زیاتر لە ٣٢٤٥ کەس دەبوو هەروا بۆ بۆرچانلین - قەرەیازی - کۆماری جۆرجیا، تەنیا بنەماڵەکانی بەشداری و کەم ئەندامی و زیان لێکەوتووی شەڕی گەورەی نیشتیمان و فەرمانبەرانی پەروەردە و قوتابیانی پەیمانگاکان نەبێت ، کە بەهەموویانەوە ٣١ بنەماڵەبوون.

١٩٤٤/٤/١٢ کۆمیسیاری ناوخۆی - وەزیری ناوخۆ- ی کۆماری سۆسیالیستی جۆرجیا کاراناذزە - فەرەنادزە - نامەیەك ئاراستەی بیریا . ل . دەنوسێ :- لەماوەی ئەم چەند ساڵەی دووایيدا .

هەندێ لە دانیشتووانی کوردو ئازەری کۆماری جۆرجیا ، کە لە کاری کەلخۆز دوورە پەرێز کەوتوون و سەربەخۆ کاروباری خۆیان بەجێ هێشتووەو هاتونەتە شاری تەبلیسی - پایتەختی جۆرجیا - و بەمەیلی خۆیان لەدەوروبەری شار لە گەڕەکەکانی سابوورتالوو-گەرما-گالی - بەرزاییەکانی لوّتکین -مناتۆپسکی - تۆپیك و دەوروبەری قەبرستانی کوتائیس دایان کووتاوەو نیشتەجێن و بەشێکی زۆریان خەریکی کاری گشتی و کۆمەڵایەتی بوون .

لە ترسا چوونەتە تەبلیسی، بۆئەوەی رایان نەگوویزن بۆ سیبیریا و کازاخستان و ئاسیای ناوڕاست و شووێنی دیکە لە ناو ووڵاتەکەدا .

مۆلەتۆڤ، بێریا، مالینكۆڤ، ستالین

١٩٤٤/٤/١٤ سەركردەی كورد مستەفا بارزانی لە نامەیەكیدا ، كە ئاراستەی بالوێزخانەی بەریتانیا لە شاری بەغدای كرد ، لە نامەكەدا لۆمەی دەسەلاتدارانی ئێراق‌و بەریتانیای كرد ، لەبارەی جێ بەجێ نەكردنی بەلێنەكانیان‌و پركردنی سەربازگەكان لە باشووری كوردستان بەسەربازو چەك‌و تەقەمەنی هەمە جۆری ئەوكات لە هەرێمەكەدا.

١٩٤٤/٤/١٥ لە كۆتاییەكانی جەنگی دووەمی جیهان ، تێكۆشەرو خەباتگێری فەرەنسی – شارل دیگۆل – حكوومەتی كاتی فەرەنسای راگەیاندو لە هەمان كات بەریتانیاو ئەمەریكاو یەكیەتی سۆڤیەت دان پێنانی خۆیان بۆ حكوومەتی فەرەنسا راگەیاند... ئەمەش لەدوای رزگار بوونی فەرەنسا بوو لە ژێر داگیركەری هێزەكانی سووپای ئەلمانیای هتلەری لەلایەن هێزەكانی سووپای هاوپەیمانانەندا.

١٩٤٤/٥/١٨ لە دوای كشانەوەی هێزەكانی سووپای ئەلمانیا لە ناوچەكانی قرم كە دانیشتووانەكەی نزیكەی ٣٠٠,٠٠٠ هەزار كەس دەبوون ، كە زمان‌و رۆشنبیری خۆیان هەبوو ، چوونە ناو نەتەوەكانی دیكەی كە هاوكاری

ئـەلمان بـوون . سـەرۆکی بـاڵای دەسـەڵاتی یەکیـەتی سـۆڤیەت سـتالین لـە بڕیارێکیـدا ئـەو نەتەوانـەی هەڵووەشـاندەوەو لـە٦/٢٥ی هـەمان سـاڵ ، لـە مەرسومێکیدا کۆماری قرمی بە فەرمی هەڵووەشاندەوەو دانیشتووانەکەی بە سەرکۆمارەکانی دیکە دابەش کرد بەتایبەتی تەتەرەکان.

١٩٤٤/٦/٣ سەرەك وەزیرانی رژێمی شانشینی لە ئێراق لە سەر خاکی گەلانی ئێراق بە تایبەتی گەلی کورد – نوری سەعید – دەستی لە حکوومەتەکەی کێشاوەو لەهەمان کات حەمدی پاچەچی کابینەی نوێی وەزارەتەکەی دامەزراند ، کە پۆستی هیچ وەزارەتێك نەدرا بەکەسایەتی کورد ماجد مستەفا ، بە هۆی هەلوێـستەکانی نەتـەوەیی لەبـەرگری کـردن لـە کێـشە رەواکـانی گـەلی کورستان.

١٩٤٤/٦/٣ دامەزراندنی ئەنجوومەنی وەزیران لە ئێراق بەسەرکردایەتی سەرك وەزیرانی ئێـراق حەمـدی پاچەچـی لـە دوای کـەوتنی حکوومـەتی نـوری سـەعید لـە ئێراقدا.

١٩٤٤/٦/٦ سـەرکردایەتی وولاتـانی هاوپـەیمان بڕیـاری جێبـەجێکردنی کـاری هێـرش کردنـە سـەر کـەناری هـەرێمی نۆرمەنـدی فەرەنسیاندا ، لـە پێنـاو دەرکردنـی هێزەکانی سووپای نازیّ ئەڵمانیا لە فەڕەنسا ، کە ئەم ڕۆژەش ناوزەند بوو بەمێژووی – D-day – لە جیهاندا.

١٩٤٤/٦/٦ سەرەك وەزیرانی رژێمی شانشینی لە ئێراق نوری سەعید بەفەرمی دەست لەکار کێشانەوەی خۆی لەکابینەی حکومەتەکەی راگەیاند بەهۆی بارودۆخی ئێراق و ناوچەو داواکانی کوردیش پشتگوێ خران لە وولاتەکەدا .

١٩٤٤/٦/٦ هێزەکانی سووپای هاوپەیمانان بەسەرکردایەتی ئەمەریکا پەلاماری ناوچەی نۆرمەنـدیان دا لـە بـاکووری رۆژئـاوای فەرەنـسا ، کـە بنکـەی هێزەکـانی فریاکەووتنی سەربازی ئەڵمانیا بوو.
کـە ئەمـەش بـووە خـاڵی سـەرەکی لـە پـەلاماردانی ئـەورووپا لـە لایـەن هاوپەیمانان لە دوای داگیر کردنی نۆرمەندی لەلاین هێزەاکانی داگیرکەری ئەلمانیا ، کە ٥٠٠٠ کەشتی جەنگی لیّ بەکار دەهات بۆ کاری جەنگی و

رێگە خۆشكەر بوو لەپێناوفروانكردنی سنووری داگیر كردن.



١٩٤٤/٦/١٧ لە رێگەی راپرسی گەلی ئیسلەندە بە دامەزراندنی ئەنجوومەنی پینك و راگەیاندنی سەربەخۆیی بە ناوی كۆماری ئیسلەندە لە كێشووەرەكەدا.

كە ناوی پایتەختەكەی –ركیافیل– ەو ژمارەی دانیشتووانەكەی، ١٣٠,٠٠٠ هەزار كەسە .

هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاّتەكەی، ٣٩٠,٠٠٠ هەزار كەسە . هەروا رووبەری خاكی وولاّتەكەی ، ١٠٣,٠٠٠هەزار كیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەكەی ، ٩ نۆ كەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا

نژادەكانی ، لە رەچەڵەكی نەرویژیە ، لە گەڵ سەڵتیەكان . لە وولاتەكەدا .

١٩٤٤/٧/٣١ بەپێ ی بڕیاری ژمارە/ ٦٢٧٩ كە ژمارەی ئەو كوردانەی كە دەبوو بە زۆر لە كۆماری جۆجیا ڕابگوێزرێن، ٨٦٩٤ كورد بوون ، هەروا بڕیاریش درا ، كە كوردی كۆمارەكانی دراوسێ لەگەڵ جۆرجیا بگوازرێنەوە لە ناوچەكەدا .

شایانی باسە وەزیری ناوخۆی یەكێتی سۆڤیەت – بێریا – لە ٧/٢٤ ی هەمان ساڵ ، داوای پەسەندكردنی بڕیاری گوواستنەوەی دانیشتووانی ناوچە سنوورنشینەكانی جۆرجیای لەگەڵ توركیادا كرد ، كە ١٦٧٠٠ بنەماڵەی كوردو تورك و خیمشین بوون ... بیانووش بۆ ئەم كارە باشتركردنی بارودۆخی پاراستنی سنوورەكانی بووە لە نێوانیاندا .

شایانی باسە ستالین ئەم بڕیارە تاوانبارانەی مۆركرد بە ڕێكەووتن لەگەڵ ڕژێمی توركیا و ئێران ... هەروەك چۆن ڕژێمی بەعسی لە ئێراق و ڕژێمی توركیا بڕیاری گوواستنەوەی ٢٠ كم بەدرێژایی سنووری نێوانیان ، خێزانە كوردەكانیان لەسەر سامان و ماڵ و حاڵی خۆیان گوواستەوە بۆ كۆمەڵگا زۆرە ملێیەكانی بە زۆر درووست كراو لە پارێزگای هەولێرو سلێمانی لە هەرێمی باشووری كوردستان.

١٩٤٤/٧/٣١ لە كەوتنە خوارەوەی فرۆكەی فرۆكەوانی فەرەنسی – ئەنتوان دۆستانت ئیكزوبری – لە سەر شاری – مرسیلیا – ی فەرەنسا و كەوتنە ناو دەریاو بووە هۆی گیان لە دەست دانی لە سەر ناوچەكەدا.

جێگەی روونكردنەوەیە كە ئەم فرۆكەوانە لە هەمانكات نووسەر بووە و دانەری كتێبی – ئەمیرە بچووكەكە – بووە، كە ئەم كتێبە زیاتر لە ٨٠ ملیۆن دانەی لێفرۆشاوە لە وولاتە جیا جیاكانی جیهان. لەو كاتەی كە ئیازبری لە ٧/٣١ لە سەر پشتی فرۆكەكەی بوو، لە پێناو پشكنینی ناوچەكە دەسوورایەوە بەسەر ناوچەی – میرسیلیا – بە دۆزینەوەی ڕێگەی باش بۆ ئاسان كاری كردنی هێزەكانی سووپای فەرەنسا و هاوپەیمانان دژی هێزەكانی سووپای هیتلەری فاشی لە كۆتاییەكانی جەنگی دووەمی جیهان.

لەو كاتە بوو كە لە سەر ئاسمانی باشووری فەرەنسا لە كاتژمێر ٨/٤٥ ئیكزوبری خۆی و فرۆكەكەی بزربوون و هەتا لە شاشەی ڕادارەكانی

فرۆکـەوانی بـوونی نـەما و ئـیتر تـاکوو سـاڵی /١٩٩٨، ئـەویش لـە لایـەن راوچـیەکی شـاری میرسـیلیا لـە سـەر کـەنارەکانی، ئـەویش بـە دۆزینـەوەی خەناوکەکەی کە لە زێر دروستکرابوو بە هەلکەنین ناوی خۆیی و خێزانەکەی کۆنـسۆبلۆی لـە سـەر بـوو لـە گـەڵ پاشمـاوەی جل و بـەرگی ئیکزوبـری سەربازی، هەروا دوای ئەوە پاشماوەی فرۆکەکە لە دەریا دۆزرایەوە. ئینجا زانرا کە ئیکزوبری کەوتۆتە ناو دەریا و گیانی لە دەست داوە لە ناوچەکەدا.
لە گەڵ ئەوەشدا هـۆی کەوتنـە خـوارەوەی فرۆکەکـەی ئیکزوبری لـە ئـەنجامی پێکەووتنی مووشەك بووە لە لایەن فرۆکەوانی ئەلمانیا – هۆرست ریبرت – کە لە ساڵی /٢٠٠٨ دانی بە لێدانی فرۆکەکەی ئیکزوبری نـاوە، ئـەویش لـە ئـەنجامی نووسـینی کتێبێك لـە سـەر ژیـانی خـۆی و ئـەو دان پێنانـەی بـووە هـۆی هەڵووەشـاندنەوەی ئـەو هـەموو بیروو بۆ چوون و پرسـیارانەی کـە لـە دوای وونبـوونی ئیکزوبـری هـاتبووە کایـەوەو جێگـەی سـەر سـورمانی دەسەڵاتداران و رووناکبیران و نووسەران بوو ن لە فەرەنساو جیهان.
هـەروا ئـەم کەسـایەتیە نووسـەرو دانەری چەندین کتێب بووە بەر لە کۆچی دوایی بە هۆی ئەم کارەساتە ئەویش :–
زەوی مـرۆڤ /١٩٣٩ – ئـەمیرە بچووکەکە/١٩٤٢– فرۆکـوانی جـەنگ/١٩٤٢ – پۆستەی باشوور/١٩٢٨ – لە گەڵ چەندین نامیلکە و بابەتی دیکەدا
سەرچاوە:– دووبەی رۆشنبیری – ژمارە/٤٠ /٢٠٠٨

١٩٤٤/٩/٣٠ ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسا بارەگای سەرەکی لە پاریسی پایتەخت بوو ، کـە ئـەو دەزگایـە لەسـاڵی١٨٣٥ دامـەزرا بـە نـاوی ئاژانـسی دەنگوباسـی فەرەنسای نێوو دەووڵەتی و رۆڵی گرنگی لەبەهێزکردنی راگەیاندن نواند لە هەموو بوارەکانی راگەیاندن لە ووڵاتەکەو لە جیهاندا .

١٩٤٤/١١/٤ لەسـەر نـەژادی نەتـەوەیی تـورکی میـسخیتی، بـیروڕای جیـاواز هەیـە، لەسـەدەی پانزەهەمـدا ، کـە خـاکی میـسخیتی بـە شانـشینی ئاخالتـسیخ ناسـراوە، بەپێی کۆمیتـەی پارێزگـای دەووڵـەتی یـەکێتی سـۆڤیەت زیـاتر لـە ١٠٠ هەزار کەسیان لە ٢٠٩ گوندی میسخیتیەوە گواستراوەتەوە بۆ ئاسیای

ناوەڕاست ، بەبیانووی پاراستنی سنوورەکانی جۆرجیا لەگەڵ تورکیا ، شایانی باسە میسخیتیەکان بەشێکن لە نژادی تورک و حکوومەتی جۆرجیاش ماوەی پێ نەدان بگەڕێنەوە و هەربە ئاوارەیی لە کۆماری ئۆزباکستان مانەوە.

١٩٤٤/١١/١٥ لە بروسکەی رایاڤ وەزیری پاراستنی کۆماری جۆرجیای سۆسیالیستی بۆ وەزیری پاراستنی یەکێتی سۆڤیەت – بێریا – دەنووسێ سەبارەت بە جێ بەجێکردنی دەستوورەکەی ، کە تیایدا هاتووە :– ئۆپراسیۆنەکە لە بەرەبەیان دەستی پێکردووە بۆ کاتژمێر ١٨ ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ ٢٥٥٩ کەس لەکورد سوواری سێ قافلەی شەمەندەفەر کراون و ئەوانی دیکەش کە ماون خەریکی کۆکردنەوەو ناردنیانین.

١٩٤٤/١١/١٧ لە بەرەبەیان تاکوو کاتژمێر ١٦ ی ئێوارە / ٨١٣٢٤٥ کەس لە کوردو تورک و خیمشین بە ٢٥ قافلەی شەمەندەفەر بەڕێ دەکرێن لەگەڵ قافلەی شەمەندەفەری /١٠٥١ دا ، کە دوو فالگۆن قەرەجیشمان ناردووەو بارودۆخیان سامناک بوو ، کە بێ پێڵاو بێ تفاق و خواردەمەنی و بێ هیچ شتێك بۆ مانەوەو بژێوییان .

شایانی باسە ئەم کارە ئەنجامدراوانە بە ئاگاداری و بەتایبەت ستالین بووە ، بەمۆری ئەو ، ئەو کارانە ئەنجام دراون . هەروا ئەم کاری گوواستنەوە لە ٩ ناوچەی کۆماری جۆرجیا کۆکراونەتەوە و بەپێی ڕاپۆرتی کۆزینتسۆن سەرۆکی بەشی ڕاگوێزراوە تایبەتەکانی وەزارەتی ناوخۆی یەکێتی سۆڤیەت ، کە ٦٠٠٠٧ ئاژەڵی شاخدارو ٢٣٧٧٧ گای مێ و ١٨٢٠٥ گای نێر و ئاژەڵی شاخداری بچووك ٣٧٤٠٤ ، ٣٠٠٤٩ پەز ، لەناوچەکانی تاجارو ١٧٦٦٣ پەزو باڵدارو مریشك و قاز و ٢٨١٧٠٠٠ وەرگیراو تۆمارکرا ، هەروا لەوانە ٨٢٥٢ هەزار تەنی گەنم و ٣٢٢٦ هەزار تەنی گەنمە شامی یان لێ وەرگیراوە، کە ئەمە هەمووی سامان و خاوەنداریەتی کورد بوونە لە هەرێمەکەدا ...بەلام کورد ....! ...!

ئەم کارەش لە ١١/٢٨ ی هەمان ساڵ ئاراستەی ستالین و مالینکۆف و مۆلەتۆف کراوە ، ئەنجامەکەی ڕەزامەندی لەسەرکردن ، بەپێی ڕاپۆرتەکە . کە لەلایەن وەزیری ناوخۆی سۆڤیەت – بێریا– بەرز کرایەوە ...لەگەڵ

ئەوەشدا ئەوانەی نێردراونە بۆ کۆماری ئۆزباکستان
ئـەویش لـە ٧ هـەرێم و ٤٣ ناوچـە جێگیرکـراون ، کـە ١٠٨١٣ پیـاو ١٦١٢٧ ئـافرەت ، کـە کـۆی دەکاتـە ٥٣١٦٣ هـەزار کـەس ...هـەروا تـاکوو ١١/٣٠ ی هەمان ساڵ ژمارەی گوواستراوەکان لـە نتـورك و خیمشین بەتایبەتی کـورد ، دەگاتــە ٩٤٩٥٥ هــەزار کــەس ، ئەمــە لەلایــەك و لەلایــەکی دیکــە بــەپێی ســەرژمێری وەزارەتــی نــاوخۆی یــەکێتی ســۆڤیەت ژمــارەی مــردووی ڕاگوواســتراوەکان تــا مــانگی ١٩٤٨/٧ دەگاتــە ١٤٩٨٥ کــەس ، کــە ١١/٨ ڕادەکات.

١٩٤٤/١٢/٧ بەدەســت پێــشخەری ئەمــەریکا کــۆنگرەی شـیکاگۆ گرێـدرا ، لـە پێنــاو مــۆرکردنی ڕێکەووتننامــــەی گوواســـــتنەوەی فرۆکـــەی مـــەدەنی نێوودەوڵـەتی ، ئـەو ڕێکەووتنـــە دانـــی تـــــــەواوی بەســـــەربەخۆیی وڵاتـانی جیهـان نـا ، لـە بـەکارهێنانی ڕێگـای ئاسمـانی وڵاتـانی دیکـە ، ئـەویش لـەپێناو بـەرەو پێشبردنی فرۆکەوانی نێوودەوڵەتی مەدەنیو بازرگانی لەجیهاندا .

١٩٤٥

١٩٤٥/٢/١٥ کۆمەڵــەی ژیانــەوەی کوردســـتان لــە کارەکــانی هەمەلایــەنی ڕاگەیانــدنو ڕۆشــنبیریو پــەروەردەکردن چــالاکی هــەبوو، بــەڵام دەزگــای دامــەزراوی رامیاریو سـەربازی بۆ بەڕێووە بردنـی وڵاتوپاراستنی دەستکەووتەکانی نــەبوو ، جگــە لــە چــەککردنی چــەکدارەکانی شــارەوانی مــەهابادا ، کــە بەهانـدانی دوو سـەرکردەی کۆمەڵـە لەلایـەن خـەڵکی مـەهابادەوە ئـەنجامی دا... پێـداگرتنی کۆمەڵـە لەسـەر دامەزرانـدنی دەووڵـەتی کوردسـتان لـە ڕۆژ

هەلاتی کوردستان ، جێگەی ڕەزامەندی سۆڤیەت و هاوپەیمانان نەبوو ... چاوەڕوانی کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی دەکرا.

١٩٤٥/٢/٢٠ لە دوای وەرگرتنی دەسەلاتی کۆمۆنیستەکان بەسەرکردایەتی ماتلیس دکۆرس لە-مەژەر ، هەنگاریا- کە ئەم وولاتە بەچەندین قۆناخی شەڕی یەك لە دوای یەکدا تێپەڕیە، کە بووە هۆی ئەوەی کە شەڕ لەنێوان هێزەکانی سووپای مەژەرو هێزەکانی سووپای سۆڤیەت بووەستێ و بەرەو ئارامی و ئاوەدانکردنەوەو گەشە کردن هەنگاو بنێ لەسەر شێووەی یەکیەتی سۆڤیەت لەهەموو بوارە جیاجیاکاندا .

١٩٤٥/٢/١١ پارتی دیموکراتی ئەزەری لە ئێران حکوومەتی کۆماری ئازربایجانی ڕاگەیاند بە سەرکردایەتی جەعفەر بشاوری لە ناوچەکەدا.

١٩٤٥/٢/١٢ بەرپابوونی ڕاپەرین لە ڕۆژهەلاتی کوردستانی داگیرکراوی ژێر دەسەلاتی ڕژێمی شا لە ئێران ، کە یەکگرتووی بەرگری کورد بووە هۆی ڕەتکردنەوەی تەواوی ڕامیاریەتی داپلۆسین و بە زۆر مل کەچ پێکردن لەلایەن ڕژێمی فارس لە ئێران.

١٩٤٥/٢/١٢ سەرکردەی کورد مستەفا بارزانی ، لێژنەی ئازادی پێك هێنا . کە یەکەم ئامانجی ئەو لیژنەیە ڕزگار کردنی باشووری کوردستان بوو لەڕێگەی ئاشتیانەو هەلسووراندنی کاروباری شۆڕش ، کە لەو کاتەش ئەفسەرە کوردەکانی ناو پارتی هیوا کاریان لە ناو لێژنەی ئازادی دەکرد لە هەرێمی باشووری کوردستان.



هجوم الحلفاء الغربيين على ألمانيا.

١٩٤٥/٣/١٦ ڕاگەیاندنی کۆچی دوایی نووسەرو ڕووناکبیرو شاعیری ناوداری ئێراقی و عەرەبی و جیهان – مەعروف ڕەسافی – لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق و گۆڕەکەی لە گۆڕستانی – ئەعزەمیە – لەتەك هاوڕێی شاعیری – جەمیل

سدقی زەهاوییدا.

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە – مەعروف عەبدولغەنی – ناسـراو بـە مـەعروف رەسـاف، لـە سـاڵی ١٨٧٥ لەگـەڕەکی –قراگـول – لـە شـاری بەغـدا چـاوی بـەجیهان هـەڵهێناوە...لـە نـژاد کـوردن و بـاوکی لـە عەشـیرەتی – جـەبارە – بـووە. کـە عەشـیرەتێکی کوردیـەو تـاکوو ئێـستاش پێــی دەگووترێــت عەشیرەتی جەباری و لە پارێزگای کەرکوك نیشتەجێن.

ئـەم شـاعیرە نـاودارە لایـەنگری شۆرشـی شـێخ مـەحمودی حەفیـد بـووە لـە هەموو بوارەکانیدا دژی هێزەکانی سووپای بەریتانیای داگیرکەر... سەرەتای خووێندنی بەفێربوونی قورئانی پیرۆز بووە بەیارمـەتی و پاڵپشتی – فاتمـە جاسـم – ی دایکـی، کـە لـە نـژاد عـەرەبی بـەدەوی بـووە. دوای فێربـوونی نووسـین و خووێندنـەوە لـە پـۆلی یەکـەمی سـەرەتایی لـە قوتابخانـەی رەشـیدیەی سـەربازی وەرگـیراوەو لـە بـارودۆخێکی نـا لـەبار خووێنـدنی تەواوکردووە، دوای ئەوە دامەزراوە بەمامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی .

دوای ئـەوە بۆتـە مامۆسـتا لـە پـەیمانگا لـە زمـانی عـەرەبی... لـە دوای راگەیانـدنی دەسـتووری عوسمـانی لـە سـاڵی ١٩٠٨ خـاوەنی رۆژنامـەی – ئەقدام – ی تورکی لە ئەستەمبۆڵ بووەو داوای لێکردووە بابەتی بە زمانی عەرەبی بنووسێت . مامۆستا رەسافیش بەرەو شاری ئەستەمبۆڵ چووە بۆ کارکردن لەو رۆژنامەیەدا. دوای ئەوە لە بواری پەروەردەکاری کردووە.

مـەعروف رەسـاڤ لـەدوای مردنـی خـۆی – ١٧ – دانـراوی وەك کـەلتوور جێهێشتووە و بووە بە سەرچاوەیەکی رەسـەنی شـیعرو نووسـین لـەبواری ئەدەبدا لە ئێراق و وولاتانی عەرەبی و جیهان.

١٩٤٥/٣/٢٢ دامەزراندنی کۆمکاری عەرەبی– الجامعة العربية – لە نێوان شانشینی میسر، شانشینی ئێراق / شانشینی ئوردن ، شانشینی یەمەن، کۆماری لوبنان، شانشینی سووریا، شانشینی سعوودیە لە شاری قاهیرە راگەیاندرا
شایانی باسە کە زیاتر لە ٢٢ دەوڵەتی عەرەبی سەربەخۆی سنووریو دەسەلاتی هەیە ، بەلام تاکوو ئێستا نەیان توانیە یەکگرتووی هەلوویستیان هەبێت .
لەگەل ئەوەشدا ئێراق و سووریاو جەزائرو میسرو مەغریب و لوبنان و سوودان ، کە وولاتەکانیان لە چەندین نەتەوەو ئاینی جیاجیا پێك هاتوون، بەتایبەتی ئێراق و سووریا ، کەخاکی باشوورو رۆژئاوای کوردستانی پێوە لکێنراوەو بەو پەری بیروو بۆ چوون و هەلوویستی نامرۆڤانە مامەلە لەگەڵ کوردو خاکی کوردستاندا دەکەن .
ئەویش لە بەعەرەبکردن و راگوواستن و داگیر کردن و هێنانی عەرەبە رەوەندو بەدوی بیابانەکانی سعوودیەو نیشتەجێ کردنیان لە ئێراق ، لەسەر خاکی کوردستان بە تایبەتی لە هۆزە عەرەبەکانی شەمەرو جبوورو عەمدان و لهێب و چەندین هۆزی دیکە... هەروا سووریاو ئێران و تورکیا لە شێوازێکیدیکەدا.... ؟ !

١٩٤٥/٣/٣٠ کۆمەلێك لە رۆشنبیران و کەسایەتی ناوداری کورد بەلگەنامەیەکی مافەکانی کوردیان ئاراستەی کۆنگرەی سانفرانسیسکۆ کرد ، کە لەدوای تەواو بوونی کتابی باسیلی نیکتین بوو، کە خۆی لەسێ خالی گرنگ گرتبوو ئەویش :–
١– دان نان بە مافی رەوای کورد لەسەر خاکی خۆیدا .
٢– ئەنجامدانی دانیشتنێکی تایبەتی کۆنگرە کە ، لە بارەی کێشەی کورد بێت لە کوردستان .
٣– پێك هێنانی لێژنەیەکی نێوودەوولەتی ، لەپێناو لێکۆلینەوە لەسەر کێشەو مافەکانی کوردو خاکی کوردستان.

١٩٤٥/٤/٨ بلاوکردنەوەی راگەیاندنی یاسای گشتی لێبووردن لەلایەن رژێمی شانشینی لە ئێراق ، بەلام بەپێی برگەو خالەکانی ئەو یاسایە، ئەو سەربازو پۆلیس و فەرمانبەرانەی نەدەگرتەوە ، کە لە داموو دەزگاکانی میری کارەکانیان بەجێ هێشتبوو بۆ بەشداری کردن لە شۆرشی کورد لە باشووری کوردستاندا .

١٩٤٥/٤/١٤ بــــــەپێی فـــــەرمانی وەزاری ژمـــارە /٢٢٠ چـــەندین شـــووێن لـــە شارۆچـــــکەی عـــــەفرین بەشـــووێنەوار ناســـــاندران هـــــــەروەك نووسـەر دکتـۆر – شـــــەوقی



شـــەعس – لـــە پەرتوکەکــەی بــەناوی – حەلــەب مێژووەکــەی و لایەنــە شووێنەوارەکانی تۆماری قەزای کرتاخ ، باس لەوە دەکات ودەتوانرێ بەم جـۆرە بــاس لــەو شــووێنەوارانە بکرێــت، کــە بەشــووێنەواری ســووری ئەژماردەکرێ .

تاوەری حەیدەر ١– بەشێك لەکەنیسەی – نروعربوا – ٢– سومعە ج س. / ٣– کەنیسەی گەروە ٤/ – کەنیسەی کاتیرداکی – ئەم شووێنانەی – کمار داگیرکەر بۆی هەیە نۆژەن و وەبەرهێنانی تیابکات. ج س ١– کەنیسەی/ ٢– جواســق /٣– شـووێنەواری قیوربــە/ ٤– قــەڵای کالوتــە/ ٥– فـاخرتین /٦– دەرگەی گەوورە.

هــەروا لــە گــەڵ چــەندین نــاوی دیکــە، کــە تۆمــارکراوە لەلایــەن حکوومــەتی فەرەنــسا لــە ســاڵی ١٩٨١... جگــە لــەوەی کــە وەزارەتــی رۆشــنبیری ســووری هەنــدێك گــردو تەپۆلکــەی وەکــوو گــردو تەپۆلکــەی شــووێنەواری ئــەژمارکرد، کەچــی لــەو تەپۆلکــەو گردانــە فــەرامۆش کــراون وەك شــووێنەواری دێــرین ئەژمارنەکران. کە ئەم تەپۆلکانە لە ناحیەی – جزیریش – ناویان هاتووە، کە بریتین لە تەپۆلکەی – ئیسکان – عەقرەب – جمە – سلور – جاجی – هنۆ – جزیریە – فریریە. قربە. عین. گورکان. ئەمەو وێرای دەیان گردو تەپۆلکەی

دیکە لە ناحیەو ناوەندین عفرین کە ژمارەیان گەلێك زۆرن.
جێگـەی ئامـاژە پێکردنـە کـە ناوچـەی عفـرین دەکەوێتـە بەشـی ڕۆژئـاوای کوردستانی لکێنراو بە سووریا. شارێکە جوانی و شووێنەواری تێدایە کە بۆ سـەردەمە جیاجیاکـان دەگەرێتـەوە، ئـەو پارچـە زەویـە بچووکە نیـشتیمانی مـرۆڤ بـووە لـە دێـر زەمانـەوە کـە کـۆنترین مرۆڤـی تیـا ژیـاوە، کـە بـە – هۆمۆارکتـۆس – ناسـراوە بـەر لـە نزیکـەی ملیۆنێـك سـاڵ پیایـدا تێپـەربووە بەرەو ڕۆژهەلاتی ئاسیاو لە ڕۆژئاواش بەرەو ئەورووپا .
لە ناوچەی عەفرین ئەشکەووتی – دودییە– هەیە. لەوێ مرۆڤی– نیاندەرتال – پێش سـەد هـەزار سـاڵ بـەر لـە ئێـستای تیـا ژیـاوە... هـەروا نزیکـەی چـل هەزار ساڵ پێش ئێستا مرۆڤی ژیریش لەوێدا ژیاوە لەناوچەی – عینـدارا – کە یەکەمین گووند بووە کشتووکاڵیان لێ دامەزراندووە.
هـــەروا داهێنانـــەکانی شارســـتانی وولاتـــی نێـــوان دوو ڕووبارەکەشـــیان لەخۆگرتبوو. هـەروا لـەو ناوچـەیەدا چـەندین گـەل و دەووڵـەت هەبوونـە. وەك لە سەرچاوەکانی مێژوو ناویان هاتووە وەك:–
هۆریـەکان – میتانیـەکان –– حـسیەکان – ئاشـووریەکان – ئارامیـەکان – گەلی ئۆرانۆو – میدیاکان –فارس و یۆنانیەکان – ڕۆم– عەرەکان لەنەتـەوەو دەووڵەتی دیکەشی گەیشتوونەتە ئەم ناوچەیە وەك :–
تورکـەکان – خـاچ پەرسـتەکان – مەگۆلـەکان – ئەمـەو جگـە لەدانیـشتووانە ڕەسـەنەکە، بەلام بەداخـەوە بـەهۆی پیـشەی خۆپەرسـتی و بـەر چاوتەنگی و هەستی شۆڤینی نەتەوەی عەرەب و دەسەلاتە یەك لەدوای یەکەکانی سـووریا لەلایـەن پـارتی بەعـسی لـە سـووریا، بـەردەوام بوونـە لەشـێوواندن و ڕەشـکردنەوەو وێرانکردنـی بـەدەیا شـووێنەوار لـەم بەشـە کوردسـتان و لـە کوردستان.

١٩٤٥/٤/٢٠ دامەزراندنی یەکەم ئەنجوومـەنی ئاشـتی لەلایـەن وولاتـە سـووێند خۆرەکـان ، واتـە ئـەو وولاتانـەی هاوپـەیمانو تـەوەری شـەڕ بـوون لەجـەنگی دووەمـی جیهاندا.

١٩٤٥/٤/٢٥ لە دوای دامەزراندنی ئەنجوومەنی ئاشتی لەلایەن وولاتە سووێند خۆرەکان ، دامەزرانـدنی کۆمەڵـەی گـشتی نەتـەوە یـەکگرتووەکان ڕاگەیانـدرا لەسـەر

جیهاندا.



١٩٤٥/٤/٣٠ لە کاتژمێر ٣,٥ی پاش نیوەڕۆ ، هیتلەرو خۆشەویستەکەی ئیڤان براون ، بە دەستی خۆیان ،خۆیان کووشت ، لەبارەگا پۆلایینەکەی خۆی لەژێر بالاخانەی بارەگای راوێژکاران ، دوای خۆکووشتنیان پاسەوان دڵسۆزەکەی تەرمی هتلەرو خۆشەوویستەکەی لە قۆرتێکی قولڵ لە گۆرەپانی باڵەخانەکە شاردنیەوە ... دوای خۆکووشتنی هتلەر . یاریدەرەکەی ، دۆنیز

جێگەی گرتەوەو بڕیاری خۆ بەدەستەوەدانی هێزەكانی سووپاو حكوومەتی فاشی ئەڵمانیای بۆسۆڤیەتو هاوپەیمانان راگەیاند لە وولاًتەكەید .
جێگەی باسكردنە كە ئەدلف هتلەر لە ۱۸۸۹/٤/۲ لە شاری بوورنوو لە وولاًتی نەمسا لە دایك بووە .
كە شارۆچكەیەكی بچووكە لە سەر كەناری زێی ئالاًن ، كە ئاوەكەی لە ئەلمانیا بەرەوئەو ناوچەیە لە نەمسا دێتە خوارێ .
دوای ماوەیەك لە لە دایك بوونی هتلەر خێزانەكەی ملّیان دەگوازنەوە شاری – لینز – لە نەمسا ، لەو شارە چووە قوتابخانەی سەرەتایی كە قوتابییەكی سەركەوتوو بوو لە خوێندندا . بەلاًم دوای ئەوەی چووە قوتابخانەی ناوەندی بەرەو تەمەڵی دچوو لە خوێندن ، ئەمەش بە هۆی حەز نەكردنی لە خوێندن ، بەلكوو حەزی لە بواری هونەری بوو زیاتر ، دوای ئەوە هتلەر لە ساڵی ۱۹۰۷ چووە شاری ڤیینا لە پێناو هێنانە دی ئاواتە هونەریەكانی لەو شارەدا .
بەلاًم ئەو ئاواتانەی نەهاتە دی بە هۆی سەر نەكەوتنی لە تاقیكردنەوەكاندا لە كۆلیژی هونەرە جوانەكان ، . بە هۆی هەژاری و كەم دەرامەتی هتلەر كاتەكانی ژیانی لە ژوورە بچووكەكان و لە گەرەكە هەژارەكان دەبردە سەر و چەندین جار شەوانە لە سەر تەختە دارەكانی ناو باخەكان و شەقامەكان شەوانی ژیانی بەسەر دەبرد . دوای ئەوەی كە پارتی نازی لە ئەڵمانیا لە هەڵبژاردنەكاندا لە ساڵی ۱۹۳۲ لە ٤۰٪ دەنگی بە دەست هێنا و بووە گەورەترین پارت لە ئەڵمانیادا .
دوای ئەوە سەرۆكی ئەڵمانیا – پۆلّ فۆن هایندنیرژ – هتلەری بە راوێژكاری ئەڵمانیا دامەزراند . دوای ئەوەی كە هتلەر پۆستی راوێژكاری گرتە دەست رامیاریەتی تاكرەوی گرتە بەر لە سەر ئەڵمانیا و بەرەو جیهان لە پەیووەندیەكانیدا.

۱۹٤٥/٤/۳۰ بلاًوكردنەوەی یەكەم ڕۆژنامەی ئازادی لەلایەن پارتی كۆمۆنستی ئێراق ، دوای ئەوە بوو بە ڕێگەی كوردستان ، كە لەلایەن لێژنەی هەرێمی پارتی كۆمۆنستی ئێراق بلاًو دەكراوە ، دوای ئەوەش لەلایەن پارتی كۆمۆنستی كوردستان لەبلاًو كردنەوەی بەردەوام بوو لە باشووری كوردستان ، سەرەڕای پچرانی ماوە ماوە بەهۆی بارودۆخی ئێراقو كوردستان .

شـايانی باسـه کـه ڕێگـەی کوردسـتان لەڕۆژنامـه هەفتەييـەکانی هـەرێمی کوردستان ڕۆڵـی بالآی هـەبووەو هەيـه لەبەڕۆشنبير کـردن و بـەرز کردنـەوەی ئاستی نەتـەوەيی و نيشتمانی و بەرگريکردن لەمافەکانی گـەلی کوردسـتان ، ئەويش بە دۆزينـەوەی چارەی هـەموو ئەو گرفتانـەی کـه هاتوونـەو دێنـه بەر داهـاتووی گـەلی کوردسـتان ، لـە هـەموو بـوارە جياجياکـانی ڕاميـاری و ئـابووری و ڕۆشـنبيری و کۆمەڵايـەتی کـەلتوورو داب و نـەريت و مێـژوو و زمـان شووێنەوارو شارستانيەت و پەيوەنديە هەمەلايەنەکان لە کوردستاندا .

١٩٤٥/٤/٣٠ لـە دوای بەرزکردنـەوەی ئـاڵای چـەکووش و داسـی درووشمـی يەکيـەتی سـۆڤيەت لـە سـەر تـەلاری دەسـەڵاتی ئـەڵمانيای هتلـەری- رايخـشتاخ- لـە بـەرلينی پايتـەختی ئـەڵمانيای ئـەو کـات ، کـە هتلـەری نـازی بـەخۆی خـۆی کووشـت ، لـە دوای سـەرکەووتنی يەکيـەتی سـۆڤيەت بەسـەر ئـەلمانيا ، دوای ئەوە ئەڵمانيا دابەش کرا بەدوو ئـەڵمانيای ڕۆژهـەڵات بـە پـشتگيری يەکيـەتی سـۆڤيەت و ، ئـەڵمانيای ڕۆژئـاوا بـە پـشتگيری ئەمـەريکا تـاکوو کۆتايـەکانی ساڵانی ١٩٨٩ بەيەکگرتنەوەيان.

"هانة الكبرى بحق الكبرياء النازي: جندي روسي يرفع العلم السوفيتي فوق الرايختاغ (REICHTA) المجلس التشريعي الالماني.

١٩٤٥/٥/١ لـه كـارێكى بوێرانـەدا - بفـرۆۋ و، كانتياريـا - كـه دوو سـەربازى سـووپاى سووری سۆڤیەت بوون و لـه كـوردى كۆمـارى ئازربایجانی سۆڤیەت بوون ، ئـەوان توانیـان ئـالآی سۆڤیەت لـه سـەر تـەلارى دەسـەلآتی ناوەنـدى بـالآی ئەڵمانیای هتلەرى رایخشتاخ بەرزكەنەوه له بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیادا.

١٩٤٥/٥/٢ شـارى بـەرلینی پایتـەختی ئـەڵمانیا لەلایـەن هێزەكـانی سـووپای سـووری سۆڤیەت له كۆتایی جەنگی دووەمی جیهان داگیركرا .

ريمس (REIMS) في السابع من أيار ١٩٤٥: الجنرال غودل (JODL) في الوسط، يوقّع استسلام الجيوش الألمانية للحلفاء دون قيد أو شرط.

١٩٤٥/٥/٧ کاتژمێر ٢,٤١ دەقیقەی پاش نیوەڕۆ ئەڵمانیا چەکی خۆ بە دەستەوەدانی لەگەڵ هاوپەیمانان مۆرکرد ، لەلایەن -ریمس -بەبێ مەرج لە کاتی کۆبوونەوەی لەگەڵ ژەنەڕاڵ گۆدل ، کە ئەو ڕێکەووتنەش لەناوەندی شەوی هەشتی ئەیار جێبەجێکرا بەمۆرکردنی کۆتایی بە خۆ بە دەستەوەدانی ئەڵمانیا لەبارەگای سەرکردایەتی سۆڤیەت لەشاری کار شورست ، لەنزیک شاری بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا ، بە ئامادە بوونی مۆرکراوان – فیلد مارشال کایتل لەلایەن ئەڵمانیا ، بەئامادە بوونی ماریشاڵی سۆڤیەتی جۆکۆف و مارشاڵ جۆتیدیرو ژەنەڕاڵ سیاتزو ژەنەڕاڵ دی لاتردی تاسینی ، لە شارەکەدا .

١٩٤٥/٥/٨ بەرپابوونی قەسابخانەی ستیف ، ئەویش بە ئەنجامادنی لەلایەن هێزەکانی سووپای فەرەنسا ، کە زیاتر لە ٤٥,٠٠٠ هەزار هاووڵاتی لەگەلانی جەزائر شەهید کران ، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە چەندین ڕێکخراوی نهێنی دابمەزرێن ، لە پێناو بەرپاکردنی شۆرشی جەزائیرو سەرکەووتنی ، لە ئەنجام بووە بەرەی رزگاری نیشتمانی جەزائر لە وولاتەکەدا .

١٩٤٥/٥/٩ کۆتـایی هـاتنی جـەنگی دووەمـی جیهـان ، لـە نێـوان یەکیـەتی سـۆڤیەت و ئـەڵمانیاو هاوپـەیمانان ، بەسـەرکەوتنی هێزەکـانی سـووپای سـووری سۆڤیەت و وولاتانی تەوەری هاوپەیمان لە جیهاندا .
جێگەی ئاماژە پێکردنە کە هێزەکانی سووپای سووری سۆڤیت لەم رۆژەدا توانی شاری بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیای هتلەری داگیر بکات و ئەو رۆژە کرا بە رۆژی جەژنی سەرکەووتن بە سەر فاشیزم و سەر جەمی چەپرەوانی جیهان . کە هەموو ساڵێك یادی ئەم رۆژە دەکرێتەوە .
لە هەمان کات پێشبرکێیەکی زۆر توونـد لە نێوان هێزەکانی سووپای سۆڤیەت و ئەمەریکا بۆ داگیر کردنی شاری بەرلین ، هەر چەندە کەوتنی ئەڵمانیا کۆتایی تەواوەتی بە جەنگی جیهانی دووەم نەهێنا لە سەر چەندین لایەن لە جیهاندا .

١٩٤٥/٥/٢٣ دەست پێکردنی جەنگی هندی چینی بە گۆرینەوەی پەلاماردانی یەکتری لە رێگەلی راگەیانـدن و دوایـی ، لـەنێوان هێزەکـانی سـووپای کۆلۆنیـالی فەرەنسی و شۆرشگێرانی – ئەلفیت مینە– کە وردە وردە پەرەی سەندو بەرەو شەری سەنگەری هەنگاوینا لە شاری هابفۆنگ لە دوای ساڵێك لەوململانێیەدا.

١٩٤٥/٥/٢٤ لـە ئاهـەنگی سـەرکەووتنی یەکیـەتی سـۆڤیەت بەسـەر ئـەڵمانیا لەجـەنگی دووەمـی جیهـان ، سـتالین پیرۆزبایی لـە گـەلی رووسـیا کـرد ، نـەك گـەلانی یەکیـەتی سـۆڤیەت ، کـە گـەلی رووسـیای بەنومـەی سـەرکردە دەزانـی لـە یەکیەتی سۆڤیەتدا ، لەگەڵ چەندین بابەتی دیکە لەوتارەکەیدا ، کە ئەمەش سـەرتایەك بـوو بـۆ دروسـت بـوونی کێـشە لـەنێوان چ دەسـەلاتی کۆمـارە جیاجیاکـان و چ پێـك هاتـەکانی نەتـەوەیی گـەلانی یەکیـەتی سـۆڤیەت لـە کێشووەرەکەدا .

١٩٤٥/٦/٢٦ مۆرکردنی پەیمانی سانفرانسیسکۆ، لەهەمان کات بەپێی ماددەو برگـەکانی ئەو پەیمانە ، رێکخراوی یونسکۆی سەر بە نەتەوە یکگرتووەکان دامـەزرا ، لـە پێنـاو پەرەپێـدان و گەشـە پێکردنـی بـواری پـەروەردەیی لەجیهانـدا ، بەتایبەتی لە وولاتانی هەژارو تازە پێگەیشتوو لەجیهانی سێیەمدا.

١٩٤٥/٧/١٦ یەکەم تاقی کردنەوەی بۆمبی ئەتۆمی لە بیابانی – نیومەکسیکۆ– ئەنجامدرا

لەلایەن ئەمەریکا ، کە ئەمەش بووە هۆی وەرگیرانی لێکدانەوەی رامیاریەتی جیهان لە گۆرینی هێزی تەرازو لە بواری ئابووری و سەربازی بەهێز ، لە دەستپێکردنی رامیاریەتی جیهانگەری لە هەموو بوارە جیاجیاکان لە جیهاندا.

١٩٤٥/٧/١٩ جێگری راوێژکاری رامیاری مەندووبی سامی بەریتانیا لە پارێزگای هەولێر کابتن جاکسۆن ، راپۆرتێکی بەرز کردەوە لە بارەی باری هەندێ ناوچەی کوردستان ، کە پەیوەندی بەناوچەی بارزان هەبوو لە جمووجۆلی چەکدارانی گوندەکانی ناوچەکەو گرنگی دان بە چاندنی درەختی سێو لە ناوچەی روستێی سەر بەقەزای چۆمان لەباشووری کوردستان.

کە ئەمەش دەبێتە هۆی گرنگی پێدان بە جوولەکەکان لەو ناوچەیەدا، جاکسۆن گوندی رۆستێی دەست نیشان کرد ، بۆ ئەو کارەی کە لەو کات دانیشتووانی گوندی رۆستێ ١٠٠مالّ بووە ، لەگەلّ ٣٠ مالی جوولەکە،...بەلام مستەفا بارزانی ئەو بیروو بۆچوون ونەخشەیەی رەتکردەوەو دژی وەستا ، ئەویش بە هۆی نیازە خراپەکان و کاردانەوەی لەسەر داهاتووی باشووری کوردستان.

١٩٤٥/٧/٢٣ مستەفا بارزانی کۆبوونەوەی لەگەلّ – ئەلکرندمرید– ئەنجامدا لە بارەی کوردو ناوچە جیاجیاکانی کوردستان ، لە ناوەندەکانی رامیاریەتی نوێی ناوچەو هەرێم و جیهان ، لە دوای جەنگی دووەمی جیهان لە هەرێمەکەدا .

١٩٤٥/٨/٢ گرێدانی کۆنگرەی بۆتسدام لە رۆخەکانی شاری بەرلینی ئەلمانیا لە دوای خۆبەدەستەوەدانی ئەلمانیا ، بەهۆی سەرنەکەوتنی ئەلمانیا لەجەنگی دووەمی جیهان.

کە سەرۆکی ئەمەریکی ترومان و سەرۆکی سۆڤیەتی ستالین و سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا چرچل بەشداریان لەو کۆنگریەدا کرد ، کە بەکۆنگرەی شێوازی دەسەلاتی ئەلمانیاو دا هاتووی چۆنیەتی دەسەلاتەکەی دیار کرا لەپەیوەندیە نێو دەوولەتیەکاندا .

١٩٤٥/٨/٤ رژێمی ئیمپرتۆریەتی یابان خۆ بەدەستەوەدانی بەجیهان راگەیاند لەسەر پشتی باریجەی – میسوودی– لە کەنداوی تۆکیۆ بەهۆی سەرنەکەوتنی لە جەنگی دووەمی جیهاندا .

١٩٤٥/٨/٥ هێزەکانی سووپاو پۆلیسی رژێمی شانشینی لە ئێراق لەپارێزگای هەولێر لە

باشووری کوردستان ، بە پالپشتی هێزەکانی سووپای بەریتانیا هێرشیان کردە سەر ناوچەی بارزان لە باشووری کوردستانو رووبەرووبوونەوەیان لەگەڵ هێزی چەکدارانی ناوچەکەوبەرگری کردن لە ناوچەکە ، لە ئەنجام بووە هۆی توانینی دەست بە سەراگرتنی مەڵبەندەکانی پۆلیس لەمێرگەسۆرو زێبارو بلەو شێروان مەزن داگیر بکەن ، ئەویش بەریسوا کردنی هەڵوویستی رژێمی شانشینی لە ئێراقدا .

١٩٤٥/٨/٦ خەباتی رامیاری ئافرەتانی کورد دەستی پێکرد وەك ئامینەخان کە بەرپرسی ئافرەتانی پارێزگای کەرکوك بوو لە باشووری کوردستان، دوای ئەو حەبسەخانی نەقیب لەپارێزگای سلێمانی لە ١٩٤٦/٤/٢، دوای ئەویش خاتوو مینەخانی هاوسەری پێشەوا قازی محەمەد لەشاری مەهاباد لە رۆژهەلاتی کوردستان ، لەگەڵ خەدیج مەجدی ریحانو کوپرای چەند ئافرەتێکی دیکەی ناودارلە کوردستان .

١٩٤٥/٨/٦ دامەزراندنی پارتو گروپو رێکخراو کۆمەڵەی پیشەیی جەماوەری لە پارێزگای سلێمانی لە باشووری کوردستان لەلایەن کەسایەتیو رووناکبیرانی پارێزگاکەدا .

١٩٤٥/٨/٦ یەکەم بۆمبی ئەتۆمی لەشاری هێرۆشیمای یابانی درا لە لایەن هێزەکانی سوپای ئاسمانی ئەمەریکا... کە بووە هۆی گیان لە دەستدانی ٧٣٠,٠٠٠ هەزار هاوولاتی لە هەموو تەمەنێکی جیاداو زامدار بوونی ١٦٠,٠٠٠



هەزار هاووڵاتی لە ماوەی /٩ چرکەدا، ئەویش بەوێرانکردنی شارەکە زیاتر لە٨٠٪، کەبەدرەنـدەترین کـارە تیرۆریـستەکانی دەسـەڵات دەژمێردرێـت لـە جیهاندا.

جێگە روونکردنەوەیە کە ئامانجەکانی ئیدارەی ئەمەریکا هەر لە سەرەتای دامەزراندنیـەوە لـە ١٧٧٥/٧/٤ تـا ئێـستا بـەردەوام بـوون و بـووە لـە خـۆ زاڵکـردن بەسـەر وولاّتـانی جیهـان لـە هـەموو بوارەکـان بـە تایبـەتی لـە بـواری ئـابووری و بازرگـانی و سـەربازی لـە رێگـەی بتـەوکردن و بـە هێزکردنـی رامیاریەتی جیهانگەری ، لە هەمان کات دروستکردن و پێك هێنـانی گـروپ و رێکخـراوی تیرۆرسـتی و یارمەتیـدانی لـە رێگـەی پیـاوانی سـیخووری ئیدارەکەیدا .

ئەویش لە پێناو شێواندن و ئاڵۆز کردن و لە باربردنی ماف و ئەرك و ژیانی گـەلانی لاواز و بـیٰ توانـای ئـابووری و ریگـە گـرتن لـە دەووڵـەتانی دژ بـە رامیاریەتی خۆی و هاوپەیمانەکانیدا . هەروا کردەوەو کردارەکانی ئەمەریکا راستگۆن لە جیٰ بە جێکردنی ئامانجەکانی ئیمپریالیزم ، دژ بە هەموو بیروو بۆ چوون و هەڵوویستەکانی مرۆڤایـەتی لـە هەموو بـوارە جیـا جیاکـان ، بـە تایبـەتی لـە بـواری نەتـەوەیی و نیـشتیمانی و نـژادی و زمـان و مێـژوو و کەلتوورو داب و نەریت و شارستانیت ، لە جیهاندا .

هـەروا جگـە لەمـەش لێـدانی ئاشـکرا بـە وێرانکردنـی ناوچـەو گونـد و شارۆچـکەو شـارو وولاّت ، کـە نموونـەش :- لێـدانی هـەردوو شـارەکانی هیرۆشیماو ناکازاکی یابانی بوون لە ١٩٤٥/٨/٦ و ١٩٤٥/٨/٩ ، بە بریـاری سەرۆکی ئەمەریکا – تۆرمان – و راوێژکارانی ... هەروا سەرۆکی ئەمەریکا – تۆرمان – رەزامەندی لە سەر دامەزراندنی بنکەی ئاسمانی بۆ هێزەکانی سووپای ئەمەریکا لە – زەهران –دا لە ١٩٤٥/٩/٢٨ ، کە ببێتە یەکەم بوونی سەربازی ئەمەریکا لە دوورگەکە .هەروا سیخوورەکانی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٤٦ توانیان دەست بە سەر ٢٥٠,٠٠٠هەزار تـەن لـە گـازی – تـایۆن – دا بگرن لە ناوچەی جۆرجیان لە نەمسا دا . لە جیاتی ئەوەی ئەو جۆرە مادە هەڵووەشێنێتەوە ، بەلاّم بە دزی هەر هەمووی بۆ ئەمەریکا گوواستەوە لە پێناو سوود وەرگرتن لەو مادەدا.

هـەروا بە ئامۆژگاری و پشتیووانی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٤٩ شەڕێکی ناو

خۆیی له یۆنـان هەڵگیرسـاند ، کـه لـه ئـەنجام بووه هـۆی کـوژرانی زیـاتر لـه ١٥٤,٠٠٠ هەزار کەس و زینداني کردنی زیاتر له ٤٠,٠٠٠ هـەزار کـەس و لـه سێدارەدانی زیاتر له ٦٠٠٠ هەزار کەس به پێی یاسای سەربازیدا .

که ئەویش بالوێزی ئەمەریکا له یۆنان – ماکویگ – دانی بەو تاوانـه نـا ، کـه هەموو پێداوویستیەکانی ئەو شەڕە ناو خۆییانەی یۆنـان لـه لایـەن ئەمـەریکا ئامـاده کرابـوون ، ئـەویش لـه نێـوان سـاڵەکانی ١٩٤٧ – ١٩٤٩ . هـەروا بـه ئامۆژگـاری و پـشتیووانی ئەمـەریکا لـه ١٩٤٩/٥/٣ لـه ڕێگـەی موخابـەراتی ناوەنـدی ئەمــەریکا کودەتـای سـەربازی لـه سـووریا ئـەنجام درا بـه سـەر کردایەتی – حوسێن زەعیم – که کودەتایەکەش له بالوێزخانەی ئەمـەریکا لـه سووریا پیلانی بۆ کێشرابوو له شاری دیمەشق . هـەروا هێزەکـانی سـووپای ئەمــەریکا لــه ١٩٥٠/٦/٢٦ پــەلاماری کۆمــاری کۆریــای بــاکووری لــه بەرژەوەندی کۆماری کۆریای باشوور . له کێشووەرەکەدا .

هەروا ئیدارەی ئەمەریکا له ١٩٥٢/٥/١٠ پشتگیری ژەنەراڵ – باتیستای – دا به هەڵسانی به کودەتای سەربازی دژی دەسەڵاتی کۆماری ، دوای وەرگرتنی دەسـەڵات ڕژێمێکـی دکتـاتۆری لـه کووبـا چەسـپاند کـه بەسـتراو بـووەوه بـه ئەمـەریکا ... هـەروا بـه ئامۆژگـاری و پاڵپـشتی ئەمـەریکاو دوورکـەوتنـەوەی یەکیـەتی سـۆڤیەت لـه یارمـەتی دانـی کۆمـاری کوردسـتان ، لـه ئـەنجام هێزەکانی سووپای ئێران توانیان له ١٩٤٦/١٢/١٧ ئەم ۆکۆماره لەناو ببەن و پێـشەوا قـازی محەمـەد و هـەڤاڵانی دەسـگیر بکـەن ... هـەروا بـه ئامۆژگـاری ئەمـەریکا لـه ڕێگـەی – کـیم ڕوزفلـت – مەفیـد – تیـوودور ڕۆزفلـت – کودەتایـەکی سـەربازی لـه ١٩٥٣/٨/٩ ئـەنجام بـدەن بـه نـاو لـه بردنـی حکوومەتی – موسەدەق لــه ئێــران.

هــەروا ئیــدارەی ئەمــەریکا لــه ڕگــەی موخایــەداتی ناوەنــدی تــوانی لــه ١٩٥٤/٦/٢٧ کودەتایـەکی سـەرازی لـه گواتیمـالا ئـەنجام بـدات ، دوای ئـەوه هەڵـسا بـه بـۆردوان کردنـی پایتـەخت و چـەند ناوچـەیەکی دەووروویـەری شارەکه به فرۆکەی جەنگی سەربازی ئەمەریکا .

هەروا ئەمەریکا توانی له ١٩٥٨/٧/٢٥ وولاّتی لوبنـان بـه هێـزی سـووپا داگیر بکات ، له ڕێگەی – ئیستوولی شەشەم– ی ئەمەریکا بۆ پشتیووانی کـردن لـه حکوومـەتی – کمیل شـەمعوون – ئەمـەش لـه ئاکـامی شۆڕشـی ١٩٥٨/٧/١٤

بوو لە ئێراق بە رووخاندنی رژێمی شانشینی لە ئێراق و راگەیاندنی رژێمی کۆماری لە ئێراقدا .

١٩٤٥/٨/٧ بە هۆی هێرشی درندانەی هێزەکانی سووپای رژێمی شانشینی لە ئێراق بە پشتیووانی هێزەکانی سووپای ئاسمانی بەریتانیا بۆ سەر ناوچەی بارزان ، بووە هۆی ئەوەی ، کە مستەفا بارزانی و هەڤاڵەکانی بەرەو رۆژهەلاتی کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەلاتی رژێمی شا لە ئێران هەلکشێن لە هەرێمەکەدا .

١٩٤٥/٨/٨ لەدوای هێرشەکەی سووپای رژێمی شانشینی لە ئێراق بۆ سەر ناوچەی بارزان ، فرۆکە جەنگیەکانی سووپای بەریتانیا ناوچەی بارزانو دەورووبەری لەباشووری کوردستان بۆردومان کرد لە ناوچەکەدا .

١٩٤٥/٨/٩ دووەم بۆمبی ئەتۆمی لە شاری ناکازاکی یابانی درا لەلایەن هێزەکانی سووپای ئاسمانی ئەمەریکا... کە بووە هۆی گیان لەدەست دانی ٢٥٠,٠٠٠ دووسەدو پەنجا هەزار هاووڵاتی لە هەموو تەمەنێکی جیاواز و زامدار بوونی ١٤٦,٠٠٠ هەزار هاووڵاتی لە ماوەی /١٠ چرکەدا ...؟...!.

گەر بڵێم رژێمی سەرمایەداری ئیمپریالیزمی ئەمەریکا سەرچاوەو یارمەتی دەرو دامەزرێنەری هەموو جۆرە تیرۆرو تیرۆریستانە لە دوای رژێمە عەرەبە ئیسلامیەکان لەجیهان. واتە جیاوازی لە نێوان ئیمپریالیزمی ئەمەریکاو ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی ، نیە تەنیا لەبیروو بۆچوونەبێت لە جیهاندا.

یەکەم :- داگیرکردنی سامانو بەرووبوومی ووڵاتان بەتایبەتی سامانی نەوت لە جیهاندا.

دووەم :- بەداگیرکردنی خاکو بە عەرەب کردنو راگوواستنی نەتەوەو هێنانی عەرەب بۆ سەر خاکی گەلان ، لە پێناو دەرچوون لەبیابانی عەرەبی ، لە بەر ئەوەی خاکی رەسەنی عەرەب گەرسامانی نەوت نەبێ ، جێگەی ژیانی تیا نیە هەتا بۆ ئاژەلو گیانەوەر لە ناوچەکەیاندا .

١٩٤٥/٨/١٤ بە هۆی لێدانی ئەو دوو بۆمبە ئەتۆمیە لە لایەن ئەمەریكا لە دوای جەنگی دووەمی جیهانو خۆبەدەستەوە دانی یابان ، كە دوای ئەوە رووی كردە بـواری ئـابووری هەمـەجۆری تـەلنۆلۆژیای سـەردەمی لەپەرسـەندنو گەشەكردنێكی بێ وێنە لە جیهانی ئێستا ، كە یەكەم وولاتە لە بواری ئابووریو پیشەسازی بازرگانی لەجیهاندا.

١٩٤٥/٨/١٥ دوای رازی بوون و خۆ بەدەستەوەدانی هێزەكانی یابان لە سەر رازیبوونی دەوڵەتە هاوپەیمانەكانی ئەمەریكاو یەكیەتی سۆڤیەتی رێكەوتن لەسەر دابەشكردنی كۆریا بۆ هێڵی/ ٣٨ هێڵی/ ٣٨ كە كۆریا ئەم هێڵەی بۆ دانراو باكووری هێڵی/٣٨ بەر یەكیەتی سۆڤیەت كەوت و خوارووی هێلی ٣٨ بەر هێزەكانی ئەمەریكا كەوت.

ئەوە بوو ئەم هێڵە بووبە هێڵێكی سیاسی سنووردار، كە هەر یەكە ئیدارەیەكی جیاوازیان پێكهێناو دوو بەشی لێ دروست بوو كە زۆر هەوڵیاندا لەوكاتەی لە ١٩٤٥/٨/١٠ رژێمێكی سیاسی لێدروست بكەن ، بەلام بێ هودە بوون بە گەیشتنە ئەنجام و كۆریای باكورلە باكووریهێڵی/ ٣٨ بەیارمەتی ئیدارەی سۆڤیەت رژێمێكی بەناوی كۆریای دیموكراتی

دروست بکات و رایگەیەنێت لە کێشوەرەکەدا.

١٩٤٥/٨/١٦ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە رۆژهەلاتی کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەلاتی ئێران لە لایەن پێشەوا قازی محەمەد راگەیەندراو، کاردانەوەی کاریگەری کردە سەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لەرۆژهەلاتی کوردستان ، کە ئەنجامی بووە هۆی راگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد.

١٩٤٥/٨/١٧ وولاتی ئەندۆنیسیا سەربەخۆیی خۆی بەدەرچوونی لە ژێر دەسەلاتی پۆلەندا راگەیاند ، بەسەرکردایەتی سۆکارتۆو جێگرەکەی محەمەد ، کە بەرەو پەرەپێدان و پەرەسەندن و گەشەکردن هەنگاوینا لە وولاتەکەو بەرەو جیهان بە ناوی – کۆماری ئەندۆنیسیا- لە شاری جاکارتای پایتەختدا .

کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ٩,٣٠٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ،٢١٨,٢٥٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری خاکی وولاتەکەی ، ١,٩٠٤,٥٧٠ کیلۆ موتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٢٩٧ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، گاووبوون ٤٥٪ . سووودانی ١٤٪ . مادووربوون ٧,٥٪ . مالایۆ ٥٪ . لە وولاتەکەدا .

١٩٤٥/٨/١٨ کۆبوونەوەی لێژنەی نووێنەرانی هاوپەیمانان لە بارەی لێکۆڵینەوەی کارە درندانە نا لەبارەکانی رژێمی فاشی لە ئەلمانیا... پێشنیاریان کرد بە کۆبوونەوەی وەزیرەکانی دەرەوەی ئەو وولاتانە کە لە شاری مۆسکۆی پایتەختی یەکیەتی سۆڤیەت ، دوای ئەوە لەم رۆژەدا کۆبوونەوەی هەرسێ

وولآتــی رووســیاو بـەریتانیاو ئەمــەریکا لــە لەنــدەنی پایتــەختی بـەریتانیا ئەنجامــدرا ، ئــەویش بــە بەدامەزرانــدی داداگــای نێوودەوولــەتی لــە پێنــاو داداگاییکرنی تاوانبارانی جەنگ لەجیهاندا . بە دامەزرانمدنی چەندین دادگا لەو وولآتانەی کە تاوانەکانی جەنگی دژ بە مرۆڤایەتی تێدا ئەنجام دراوە لەجیهاندا.

١٩٤٥/٨/١٩ راگەیاندنی فەرمانی عورفی دژی بزووتنەوەی رزگاری لە ئێراق وبە تایبەتی کورد ، لەلایەن رژێمی شانشینی لە ئێراق بەسەرۆکایەتی ژەنەرالی بەریتانی – دانتــون– کــە ئــەویش دەســتی کــرد بەهێرشــی بــەرفراوان بۆســەر ناوچــە جیاجیاکانی باشووری کوردستان.

١٩٤٥/٨/٢٠ زیاتر لە ٤٠٠ چەکداری شۆرشگێرە کوردەکانی رۆژهەلاتی کوردستان بەرەو باشووری کوردستان بەرێکەووتن ، لە پێناو یارمەتیدانی هێزە چەکدارەکانی کــوردو بــەرگری کــردن لــە کــوردو کوردســتان ، دژی رژێمــی شانــشینی و هێزەکانی بەریتانیای داگیر کەرو یاوەرەکانی لەهەرێمەکەدا .

١٩٤٥/٩/٢ بەخۆبەدەستەوەدانی ئەڵمانیای فاشی هتلەری لەجەنگی دووەمی جیهان ، کۆتــایی هــات بەســەرکەووتنی یەکیــەتی ســۆڤیەت و وولآتــانی هاوپــەیمان لەهەردوو کێشووەری ئاسیاو ئەوروپادا .

١٩٤٥/٩/٢ وولآتــی ڤیتنــام ســـەربەخۆیی خــۆی راگەیانــد بەســـەرکردایەتی قارەمـــــانو تێکۆشـــــەرو رابــەری ڤێتنــامی – هۆشــی منــە– کەیەکێکـــــە لەســـــەرکردە

دیمــوکرتی و نیــشتمانپەروەرەکانی ڤێتنــامو جیهــان. بــە نــاوی – کۆمــاری

ڤێتنام- لە شاری هانۆی پایتەختدا
کە ژمارەی دانیشتووانی شاری هانۆی ۳,۳۸۰,۰۰۰ ملیۆن کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکە ، ۷۸,۸۰۰,۰۰۰ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری وولاتەکە ، ۳۳۱,٦۹۹ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکە ، ٥٦۹ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی، ڤێتنامی ۹٥٪ . چینی ۳٪ .ماونگ ، خمیر ، تای . لە وولاتەکەدا .

١٩٤٥/٩/٤ هێزەکانی سووپای رژێمی شانشینی لە ئێراق بەپشتیووانی هێزەکانی سووپای بەریتانیا ، پەلاماری ناوچەی هاودینانیان دا لەگەل دەووروووبەری‌و داگیر یان کردو رووبەرووی پێکدادان بوونەوە لەگەڵ چەکدارانی ناوچەکە ، کە بەتووند ترین پێکدادان دەژمێردرێت لەناوچەکە لەوکات لە هەرێمەکەدا .

١٩٤٥/٩/٥ هێزەکانی سووپای سووری یەکیەتی سۆڤیەتی لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهان‌و سەرکەووتنی، پەلاماری کۆماری بوولگاریای داو داگیری کرد ، بەڵام دوای سێ رۆژ بەجێی هێشت بەپێی رێکەووتنی لەگەڵ دەسەڵاتی بوولگاریا ، بەپێی بارو دۆخی ئەوکات لەهەرێمەکەدا .

١٩٤٥/٩/١٠ راپەرینەکانی ناوچەی بارزان‌و دەووروووبەری دەستی پێکرد بە تایبەتی لە ناوچەی مەیدانی- مۆرك - لە باشووری کورستان دژی هێزەکانی سووپای شانشینی لە ئێراق بە پشتیووانی بەریتانیا.

١٩٤٥/٩/١٢ سەر کردەی رووسی - بافرۆف - داوای لە ئەفسەرە رووسەکان کرد لە ئێران بە پێك هێنانی شاندێکی کوردی و رەوانە کردنی بۆ شاری باکۆ لە رۆژهەلاتی کوردستان ، هەروا بەلێنی بەکابتن نمازۆف دا کە ئەفسەرێکی پەیووەندیدار بوو ، لە نێوان کوردو رووس لەسەر داوای پێشەوا قازی

محەمەد . ئەویش بەپێك هێنانی شاندێك لە سەرۆك عەشیرەتەکانی کوردو ڕەوانە کردنیان بۆشاری تەورێزو لە وێوە بۆ باکۆ.
ئەویش لەپێناو گفتووگۆ کردن لەسەر کێشەی کورد ، کە شاندەکە لە ٥٠ کەسایەتی کورد پێك هاتبوون بەسەرکردایەتی پێشەوا قازی محەمەد ، بەگەیشتنی شاندەکە با فرۆف ڕایگەیاند ، کەداهاتووی مافی کورد یاری پێ ناکرێ لەکوردستان..؟..!.

١٩٤٥/٩/٢٥ هێزەکانی سوپای ڕژێمی شانشین لە ئێراق بەپشتیووانی فرۆکە جەنگیەکانو بەهاوکاری ٣٠٠ جاشی عەشیرەتی سوورچیو ٥٠٠ لە هۆزی بەرواری لە باشووری کوردستان ، هێرشیان کردە سەر ناوچەی بارزان ، ئەویش بە ناچار بوونی مستەفا بارزانی و شۆرشگێران بەرەو شاخی شین هەڵکشێنو بەرگری لەخۆیان بکەن لە ناوچەکەدا .

١٩٤٥/٩/٣٠ سەرکەووتنی شۆرشی بارزانی بەسەر هێزەکانی سوپای شانشینی لە ئێراق ، کە بووە هۆی گوواستنەوەی شۆرش بۆ قۆناخێکی دیکە لە کوردستان ، بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوەییو نیشتمانی بەتایبەتی لە باشوورو ڕۆژهەلاتی کوردستاندا .

١٩٤٥/١٠/١١ بەر لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان شۆرشی بارزان بەهۆی هێرشی سوپای ڕژێمی ئێراقو بەهاوکاری سەرۆك عەشیرەتە جاشەکان ، بۆمبارانی توندی ناوچە شاخاویەکانی هەرێمی باشووری کوردستانیان کرد ، لەلایەن فرۆکە جەنگیەکانی ڕژێمی شانشینی لە ئێراقو بەریتانیا ، کە بووە هۆی نسکۆی شۆرشکە ، لەوکات هێزەکانی بارزان خزانە ناوخاکی ڕۆژهەلاتی کوردستانولەلایەن ڕێبەرانی کۆمەلەی شۆرشەکە پێشوازی گەرمییان لێکرا لە هەرێمەکەدا .

١٩٤٥/١٠/١٦ دامەزراندنی ڕێکخراوی فاو ، کە بە ڕێکخراوی دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان دادەنرێت بۆ خۆراکی کشتووکاڵیەکانو بارەگای سەرەکی ڕێکخراوەکە لە شاری ڕۆمای پایتەختی ئیتالیایە.

١٩٤٥/١٠/٢٣ پێشەوا قازی مەحەمەد سەرکردایەتی ژێکاف ، کە خۆیان لە بەرامبەر ئێران بە تەنیا دەبینیەوە و ئامۆژگاریەکانی بافرۆڤیان بەجێگەیاندو بەبێ ئەوەی ،

کە کۆمەڵەی ژێکاف هەڵووەشێننەوە کۆنگرەیان لە مەهاباد گرێداو پارتی دیموکراتی کوردستانیان بەرەو دامەزراند هەنگاوینا لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

١٩٤٥/١٠/٢٤ دامەزراندنی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان راگەیەندرا بەجێگرتنەوەی کۆمەڵەی گەلان ، لە هەمان کات هەڵووەشاندنەوەی کۆمەڵەی گەلان راگەیەندرا ، بەپێی بارو دۆخی نوێی دوای جەنگی دووەمی جیهان و پەرەسەندن و پێشکەوتنی لە پەیووەندیە نێوو دەووڵەتیەکان لەجیهاندا .

١٩٤٥/١٠/٢٥ گرێدانی کۆنگرەی یەکەمی پارتی دیموکراتی کوردستان لە رۆژهەلاتی کوردستان لە شاری مەهاباد ، کە پێشەوا قازی محەمەد بەسەرۆکی پارت هەلبژێردراو . لە گەڵ ئەندامانی لێژنەی ناوەندی و سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و چەندین بریاریان دا ، کە گرنگترین بریاری مافی چارەی خۆنووسیی کورد بوو لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا.

١٩٤٥/١٢/٦ بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان ، کە بەرەو دەنگی دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان بوو لە شاری مەهاباد بەسەرکردایەتی پێشەوا قازی محەمەد لە هەرێمەکەدا .

١٩٤٥/١٢/٦ دامەزراندنی هێڵی شەمەندەفەر بۆ یەکەم جار لە شاری کەرکوک لە باشووری کوردستان لە لایەن رژێمی شانشینی لە ئێراق.

جێگـــــــەی باســـکردنە کـــە هێلـــــــی شـــەمەندەفەر لـــە نێـــوان شـــاری کەرکوك و بەغدای پایتەختی ئێراق، کـە ئـەو هێلـەش کـەرکوك و کفـری و کـەلارووخانـەقین و بغدا بە یـەك دەبەسـتێتەوە. بـەڵام هێلـی شـەمەندفەری ئێستای شاری کەرکوك لە ساڵی /١٩٨٦ دەستی پێکردوو لە ساڵی /١٩٨٧ دا کەوتە کار کردن. ئەم هێلە بەستراوتەوە بە تەواوی سنوورەکانی ئێراق و سووریا و سعوودیە و ئوردن، کە پارێزگاو شاری کەرکوك بە تەواوی بە شارەکانی باشووری ئێراق دەبەستێتەوە، لە پێناو بەرزکردنەوەی باری ئابووری و بازرگانی و گوواستنەوەی هەردوو بواری مەدەنی و سەربازی و پێداویستیەکانی لە ئێراق

بەڵام لە دوای پرۆسەی ئازادی لە ئێراق و رووخاندی رژێمی بەعس لە ئێراق، ئەویش بە هۆی بۆردمانکردنی هێلە ئاسنینیەکان لە لایەن هێزەکانی سووپای ئەمەریکاو هاوپەیمان بووە هۆی وێرانکردنی ئەم هێلانەو لە پەککەووتنی لە کارکردن لە ئێراق.

سەرەرای ئەوەی کە هێلی ئاسنی شەمەندەفەر گرنگیەکی کاریگەری لە سەر ئاسانکردنی هتاتووچۆو گوواستنەوەی کەل و پەل و کالاکان و شمکەکانی بازرگانی و چەندین بواری دیکە دا هەیە، بۆ بتەوکردنی ژێرخانی ئابووری و بازرگانی لەو وولاتەدا ، بە تایبەتی لە کوردستان... کە بریار وایە هێلەکانی ئاسنی نێوان شاری کەرکوك و هەولێر و سلێمانی و دهۆك و زاخۆ بەردی بناخەیان لە ساڵی /٢٠٠٩ بۆ دابنرێ و دەست بکرێ بە دروستکردنی ئەم هێلە فراوانە لە هەرێمی باشووری کوردستان.

سەرچاوە:- لێدوانی بەرێوەبەری هێلی ئاسنی شاری کەرکوك - شاکر محەمەد.

١٩٤٥/١٢/١٥ پێشرەوی ئەنجوومەنی نەتەوایەتی ئازربایجان –جەعفەری– لە ئاهەنگێکی شکۆدار خوولی یەکەمی ئەنجوومەنەکەی کردەوەو داوای لە پێشەوا قازی محەمەد کرد ، کە پێنج ئەندامی پارتی بنێرێتە ناو ئەو ئەنجوومەنە نۆبەرەیە لە کۆماری ئازربایجان لە هەرێمەکەدا .

١٩٤٥/١٢/١٥ لە سەرەتای داگیرکردنی وولاتی ژاپۆن ، واتە یابان لەلایەن هێزەکانی سووپای ئەمەریکا ، بەبریاری سەرۆکی ئەمەریکاو پەیدا بوونی مەترسیان لە پەیووەندی بەهێزی نێوان دەسەلاتی ژاپۆن و ئاینی شنتۆ... لە بەر ئەوە بریاریاندا بە لەناو بردنی ئەو هاوکاریەو دەستیان بەسەر زۆربەی زەویەکانی ئاینی شنتۆ داگرت ، لە پێناو ئاسانکردنی مەرامەکانیان لە تەواوی ژاپۆن‌و کار لێنەکردنیان لە ناو کێشووەرەکەو جیهاندا .

١٩٤٥/١٢/١٦ گەورەترین خۆپیشاندان لە رۆژهەلاتی کوردستان لە گۆرەپانی چوار چرا لە شاری مەهاباد لە لایەن گەلی کوردستان ئەنجامدراو ئالای کوردستان بەرزکرایەوە لە شارەکەدا .

١٩٤٥/١٢/١٦ دووەمین کۆنفرانسی وەزیرانی دەرەوەی وولاتانی هاوپەیمان ، لە شاری مۆسکۆی پایتەختی سۆڤیەت ئەنجام دراو بەردەوام بوو تاکوو ١٢/٢٢ ، کە کێشەی ئێران‌و چۆلکردنی هێزە هاوپەیمانەکان لەئێران بووە تەوەرێکی سەرەکی گفتوو گۆیان ، کە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا– بیڤن– مەبەستی دەرچوونی سووپای سووری سۆڤیەت بوو لە ئێران.
ئەویش بە تایبەتی لە رۆژهەلاتی کوردستان ، لەناوەندی کۆنفرانسەکە کۆمۆسیۆنێك لە ئەمەریکاو بەریتانیاو سۆڤیەت دامەزرا ، بۆ رێنمایی کردنی حکوومەتی ئێران‌و هاندانی دەسەلاتی ناوەندی تاران ، ئەویش لە پێناو هێوور کردنەوەی بارو دۆخەکە . بەتایبەتی لە رۆژهەلاتی کوردستان .

١٩٤٥/١٢/١٧ دامەزراندنی بانکی نێوودەوولەتی ، بۆ کارەکانی بیناسازی‌و ئاوەدان کردنەوە ، کە ئەو رێکەووتنە لەلایەن ٤٤ وولات مۆرکرا لەشاری بریتۆن ، ودزو لە١٩٤٦/٦/٢٥ دەستی بەکارەکانی کرد لە لە ناوچەوهەرێمە جیا جیاکان جیهاندا .

١٩٤٥/١٢/١٧ لە ئاهەنگێکی جەماوەری مەزن لە لایەن دانیشتووانەکە لەشاری مەهاباد

ئالای کوردستان بەرزکرایەوە ، لەو کاتەش پەیوەندی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی تاران هەرمابوو...بەلام جمووجۆڵو بەرز بوونەوەی هەستی نەتەوەیی رۆژ لە دوای رۆژ بەرەو یەکخستن هەنگاوی دەنا، بەتایبەتی لەبواری نەتەوەیی و نیشتمانی بەرەو راگەیاندنی کۆماری کوردستان لە شاری مهاباددا.

١٩٤٥/١٢/١٩ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا – ئەرنست بیڤن و – وەزیری دەرەوەی یەکیەتی سۆڤیەت – میاتسلاف مۆلۆتۆف – لەکاتژمێر ٧,١٠ ی ئێوارە کۆبونەوەیەکیان ئەنجامداو دوای کۆبونەوەکە سەرۆکی یەکیەتی سۆڤیەت – ستالین – پێشووازی لەهەردوو وەزیرکرد...لە رۆژی دوایی بەریتانیا کۆنووسی کۆبونەوەکەی ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کردو بەشێوەیەکی فەرمی لە ئەرشیف پارێزراوە... جێگەی ئاماژەیە کە لە کۆنووسەکەدا هاتبوو کە هەردوو شاندی سۆڤیەت و بەریتانیا گفتووگۆیان لەسەر کردبوو ئەویش:-

١- کێشەی نەوتی باکۆو ئێرانی کرد، لەدوایی باسی کێشەکانی تورکیاکرا... کە بیڤن لەستالینی پرسی – چ گرفتێکیان لەگەڵ تورکیا هەیە...؟ ستالین لە وەلامدا گووتی :- رەنگە بەهەڵە لە زاراوەکە بگەن... بەلام ئاماژەی بۆ شەڕی دەروونی کردو بیڤن لە وەلامدا گووتی : ئێمە هاوپەیمانی تورکیاین و دەمانەوێت لەمەسەلکە بگەین... ستالیش بۆی شیکردەوەو گووتی :- لێرەدا دوو مەسەلە لەئارادایە. یەکەم : دەبارەی تەنگە بەرەکان و دووەم : دەربارەی داواکاری لکاندنی هەردوو ناوچەی قارس وئەردەهانی تورکیا و یەکیەتی سۆڤیەت. لە هەمان کات – ئەرنست بیڤن – گووتی :- ووتەی وا لە ئارادایە کە ئێووە دەتانەوێت بنکەیەك لەتەنگەبەرەکان دابمەزرێت.

٢- لەمەدا ستالین لایەنگری لێکرد دەربارەی شارەکانی قارس و ئەردەهان لەباکووری کوردستان، و ستالین گووتی :- تورکیا دەستی بەسەردا گرتووەو دەیەوێت سنوور بگەرێنێتەوە دۆخی بەر لەرێککەووتنی فارسی و مۆسکۆی ساڵی ١٩٢١. چونکە پێی وایە یەکیەتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٢١ لاوازبووەو تورکیاش سوودی لەم بارودۆخە

وەرگرتووەو هەردوو ناوچەکەی بەخۆیەوە لکاندەوە، هەروا لە کۆنووسەکەدا هاتووە ستالین دەلێت : – ڕێکەووتنامەی – مۆنرۆ – دەربارەی تەنگەبەرەکان مافی ئەوە بە تورکیا دەدات هەر دەمژمێرێك بیەوێت تەنگەبەرەکە دادەخات، ئەمە سەبارەت بە ڕووسیا زەحمەتی دروست دەکات، چونکە تورکیا دەتوانێت چ کاتێك بیەوێت فشار بخاتە سەر. بۆیە مۆسکۆ داوای ئەوە دەکات هاتووچۆ لەرێگای تەنگەبەرەکە ئازادبێت.

٣- ستالین دووەمین مەسەلەی دیکە دەوروژێنێت ، کە ئەویش ئەوەیە تورکیا دەستی بەسەر خاکێك داگرتووە پێشتر ئەرمەنەکان و جۆرجیەکانی تێدا دەژیان. بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو رەوشە – پێویست بەوە دەکات سنوور بۆ ئەو سەردەمە بگەرێتەوە کە لە سەردەمی قەیسەری ڕووسیادا هەبوو... بەلاّم ئاخاوتن لەسەر شەڕی دژی تورکیا هیچ بنچینەیەکی نیە... بەلاّم بەبیروبۆچوونی ستالین مەسەلەکە بە وتووێژکردنی لە نێوان ئەمەریکاو بەریتانیا چارەسەردەبێت.

٤- هەروا بیڤن لە ستالین دەپرسێت بەشێوەیەکی دیاریکراو چیت دەوێت...؟ سەرۆکی سۆڤیەت ستالین لە وەلاّمدا دەلّێت : – گەرانەوەی خاکی ئەرمەن و جۆرجیەکان بۆ خاوەنی فەرمی خۆیان وەك ئەو بارودۆخەی بەر لەرێککەووتنامەی سالّی ١٩٢١ کەو لەهەمان کات بیڤن گوتی :- :ئەو زەویانە بۆ ماوەیەکی درێژ بەدەست ڕووسیای قەیسەری ناکێشێتەوە... ستالین لەگەلّیدا هاورابوو.

٥- بەلاّم پێی گووت ئەرمەن و جۆرجیەکانی بەبەردەوامی لە سەری ژیاون، بیڤن بە پرسیارێکی دیکە کێشەی تەنگەبەرەکان دەوروژێنێتەوەو دەلیّ:- بەتەواوی مۆسکۆ چی دەوێت... ستالین لە وەلاّمدا گووتی : – دەیەوێت بنکەیەك بۆ بۆ سۆفیەت تێدابمەزرێت لاپەرەکانی دیکەی بەلّگەنامەکە ئامارژە بۆ ئەوە دەکەن کە ستالین دەستی بە جیّ بە جێکردنی پلانەکەی کردبوو، بەلاّم بەشێوەیەکی پلەپلەکراو لە رێگای بریاری ئەنجوومەنی سۆڤیەتی بالاّ لە ١٩٤٦/١٠/١٩ دەربارەی داواکاری ئەرمەنی لەجیهان، ئەویش بۆ گەرانەوەیان بۆ یەکیەتی سۆڤیەت،

بەمــەرجێك ئــەو ئەرمەنانــەی کــە دەگەڕێنــەوە ڕەگەزنامــەی ســۆڤیەتیان پێبــدرێت... پلانەکــەش ئــەوەی بەدیارخــست کــە ئــەرمینیای ســۆڤیەت جێی ملیۆنەها ئەرمەن نابێتەوە، کە ئەمەش فاکتــەرێکی فشارە لەســەر تورکیــا بــۆ ئــەوەی بێلێــت بگەڕێتــەوە ســەر خــاکی خۆیــان، کــە لێــی ڕاگوێزراون لــە ڕۆژهــەڵاتی تورکیــا، هــەروا بەڵگەنامــەکان دەڵێن :- کــە ســتالین بەتــەنیٚ کــاری لەســەر ئــەوە نــەکرد و هــەموو ئەرمەنــەکانی جیهــانیش بباتــە ڕووســیا بــەڵکوو بــەخوودی تورکیاشــەوە بــۆ ســەر سۆڤیەت.

سەرچاوە: گۆڤاری عەرەبی کوێتی .

١٩٤٥/١٢/١٩ ڕژێمی کۆماری دووەمــــی وولاتــی نەمــسا ڕاگەیەنــدرا لــە سەر بنەماکانی دەســـتووری و ڕێنماییـــەکانی ساڵی ١٩٢٠دا. بـــە نـــاوی - کۆماری نەمسا

- لە شاری - ڤییەنا - کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ١,٨٧٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکە، ٨,٦٥٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ڕووبەری خاکی وولاتەکە ، ٨٣,٨٦٠ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٢٦٧ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، ئەڵمانی ٩٥٪ . هــەروا هەندیٚ لــە کروات و سلۆڤینی تیایە . لە وولاتەکەدا .

١٩٤٥/١٢/٣١ هێزەکــانی ســووپای ئەمــەریکا لــەخاکی ئێــران کــشانەوە بەتایبــەتی لــە ڕۆژهــەلاتی کوردســـتانی داگیــر کــراوی ژێــر دەســـەلاتی ئێــران ، بــەهۆی لــە بارچوونی بارودۆخ و پەیووەندی لە نێوان نەتەوەی فارسی داگیر کەر لەگەڵ

کوردو سەرهەڵدانی بارو دۆخی نوێ بەپێی پەرەسەندنەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهان ، بەرزبوونەوەی رۆڵی یەکیەتی سۆڤیەت لەیارمەتی و پشتگیری کردنی گەلانی چەوساوەو ژێر دەستە، لەوانەش یارمەتیدانی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان.

١٩٤٦

١٩٤٦/١/١ هەڵووەشاندنەوەی بریاری تاکرەوی ئیمپراتۆری ژاپۆن بەداماڵینی خواوەندیەکان لەسەر تەواوی ژاپۆن ، دوا ووشە بۆ ئیمپراتۆر بێت لەسەر وولاتی یابان ، بەلاّم بریاری تەواوی دەسەلاّت درا بە دەست پەرلەمان و حکوومەت ، کە ئیمپراتۆر وەك مرۆڤێکی ئاسایی بێت و بەشداری بەرەو پێش بردنی باری هەمەلایەنەی وولاّتەکەی بدات بەهاوکاری پەرلەمان و حکوومەت لە وولاّتەکەدا .

١٩٤٦/١/٧ دامەزراندنی ئۆرگانی گۆڤارێکی کوردی لە پێناو بلاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری – کوردستان– لە شاری مەهاباد لە رۆژهەلاّتی کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەلاّتی رژێمی شا لە ئێراندا . کە زمانحالّی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بە سەر کردایەتی پێشەوا قازی محەمەد لە هەرێمەکەدا .

١٩٤٦/١/٧ بەهاوکاری و یارمەتیدانی ئەمەریکاو بەریتانیا رژێمی شاهەنشاهی لە ئێران پەلاماری کۆماری ئازربایجانی داو لە ناوی برد ، لەدوای کشانەوەی هێزەکانی سووپای سووری یەکیەتی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا لە سەر بنەمای بەرژەوەندیەکاندا.

١٩٤٦/١/١٠ یەکەم دانیشتنی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجامدرا بەبەشداری ٥١ وولاّت ، ئەویش بەهەڵبژاردنی سەرۆکی کۆمەڵەی گشتی و گفتووگۆ کردن لە سەر داهاتووی رێکخراوەکەدا لە چارە سەر کردنی کێشە هەڵوواسراوەکان لە جیهاندا .

١٩٤٦/١/١١ بلاّو کردنەوەی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی کوردستان لە شاری مەهاباد لە رۆژهەلاّتی کوردستان ، لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان بەرابرایەتی پێشەوا قازی محەمەد لە هەرێمەکەدا .

١٩٤٦/١/١٩ بەهۆی پشتگیری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان

لەلایەن دەسـەڵاتی یەکیـەتی سۆڤیەت ، رژێمی شا لـە ئێران سکاڵا نامەیەکی نـارەزایی بەرامبـەر هێزەکـانی سـووپای سـۆڤیەت ئاراسـتەی ئەنجوومـەنی ئاسایـشی نێوودەوڵـەتی کـرد ، بەرامبـەر بـەو یارمـەتی دانـەی کـورد لەلایـەن دەسەڵاتی سۆڤیەت.

١٩٤٦/١/٢٢ لەگۆرەپانی چوار چرا لە ناوەراستی شاری مەهاباد لە رۆژهەڵاتی کوردستانی ، کۆماری کوردستان بە سەرکردایەتی پێشەوا قازی محەمەد راگەیەندرا... کە بووە هۆی لێك ترازانی پەیووەندی لە نێوان کوردو دەسەڵاتی فارسی لە ئێران ، ئەویش بەدروست بوونی بارودۆخی نوێ لە ناوچەکەو هەرێمو جیهاندا.
شایانی باسە کە ئەو کات دەسـەڵاتی یەکیـەتی سۆڤیەت رۆڵـی گرنگی هـەبوو لـە راگەیانـدنی ئـەو کۆمـارە کوردسـتانیە لەمێـژووی بـوونی بزووتنـەوەی رزگـاریخوازی کـورد ، لـە هـەردوو لایـەنی باشـیو خراپـی لـەداهاتووی کـورد لەوکاتەدا لە کورستان ، بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی کورستان.

١٩٤٦/١/٢٦ سـەر کـردەو رابـەری بزووتنـەوەی رزگـاری کـورد لـە رۆژهـەڵاتی کوردسـتان ، پێشەوا قازی محەمەد پێکهێنانی حکوومـەتی کوردی راگەیاند ، کە خۆی لە ١٤ چواردە وەزیر دەگرت ، لـەپێناو هەلـسووراندنی کاروباری حکوومەتایـەتی و دامەزرانـدنی دامو دەزگاکـانی دەسـەڵاتی نـوێی کـوردی لەرۆژهـەڵاتی کوردستاندا.

ئەنجومەنی وەزیرانی کۆماری مهاباد

١٩٤٦/٢/٤ لە دوای هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر ، ئەویش بە دامەزراندنی یەکیەتی بزووتنەوەی شۆڕشگێری ئافرەتان لەلایەن ئافرەتی شۆڕشگێری کوردی ناودار خاتون – حەبسەخانی نەقیب – لە شاری سلێمانی لەسەر ئەرکی بنەماڵەکەی لە باشووری کوردستان.

١٩٤٦/٢/١١ لە دوای دامەزراندنی یەکەم کابینەی حکوومەتی کۆماری کوردستان لەشاری مەهاباد لە رۆژهەڵاتی کوردستان ، بەرابەرایەتی پێشەوا قازی مەحەمەد سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ، کە ئەو کابینەیە لە هەموو کەسایەتیەکانی کورد لە کوردستان پێك هێنرابوو بێ‌جیاوازی هەرێمەکان لە کوردستاندا .

١٩٤٦/٢/١٧ کۆمەڵێك لە رووناکبیرو کەسایەتی کورد سکالانامەیەکیان ئاراستەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان کرد ، بە زمانی فەرەنسی لەبارەی کورد لەهەموو بوارەکان . بەتایبەتی لە هەردوو بواری گەل‌و نیشتمان لەباشووری کوردستانی لکێنراو بە ئێراق.

١٩٤٦/٢/٢١ بڵاو کردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری – هەڵاڵە– لە شاری بۆکان لە باکووری کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەڵاتی رژێمی تورکیا .

١٩٤٦/٣/٢ هێزەکانی سووپای بەریتانیا لەخاکی ئێران‌و رۆژهەڵاتی کوردستان کشانەوە ، کە ئەم کارەش بووە هۆی ماوەدان بەهێزەکانی سووپای رژێمی شا لە ئێران

، لەپێناو پەلاماردانی بزووتنەوەی رزگایخوازی کورد لە هەرێمەکەدا .

١٩٤٦/٣/٦ رۆژنامـەی کوردسـتان لـە رۆژهـەلاتی کوردسـتان ، لـە سـەر وتارەکەیدا بلاوی کردەوە ، کە دەڵێ:-
وولاتـانی پـەیمانی ئەتلەسـی بروایـان وایـە کـە خزمـەتی گـەلانی ژێردەسـتە دەکات لە دوای جەنگی دووەمی جیهان بە سەرکەووتنیان بەسەر فاشیەت....
بـەلام دەسـتگیری سـۆڤیەتیان بـۆ ئـەو کێـشەیە پـشتگوێ خـست بەکێـشەی دیمـوکراتی و مـافی گـەلانی بـچووك ، وەك بزووتنـەوەی رزگـاریخوازی گـەلی کوردستان.
هـەروا رۆژنامـەی کوردستان لـە رۆژهـەلاتی کوردستان لـە ژماه /٢٣یـدا بـلاوی کـردەوە ، کـە ئـەو گـەمارۆ ئابوورییـەی کـە رژێمـی شاهەنـشاهی لـە ئێـران ، خـستوویەتیە سـەر هـەرێمی رۆژهـەلاتی کوردسـتانو کۆمـاری کوردسـتان لەمەهاباد.
ئەمــەش وەك بــەکارهێنانی چــەکە دژی کــورد ، لــە پێنــاو چــۆکدادان بــە بزووتنەوەی رزگایخوازی کورد لە کوردستان ، رامیاریەتی رژێمـی شـا لـەپێناو دوورخستنەوەی گەلی کوردو دژی کوردە لەو هەرێمە هـەموو بوارەکـان لـە سـەر خاکی داگیر کراوی لە لایەن شا لە ئێراندا.

١٩٤٦/٣/٢١ بەبۆنەی جەژنی نەورۆزی سەری ساڵی کوردی ئاهـەنگێکی گـەوورە لـە شـاری بەغدای پایتەختی ئێراق سازدرا لە باخچەی هۆڵی شانشین فەیسەلو- هـۆڵی گـەلـ- کـە لـەو ئاهەنگـە چـەندین ووتـار خووێندرایـەوە بـەم بۆنەیـە لـە لایـەن ئاهەنگێران لە شارەکەدا . هەروا لـە گوند و شارۆچکە و شـارەکانی باشووری کوردستانیش بە هەمان شێووە ئاهەنگ گێردا لە لایەن گەلی کوردستان .

١٩٤٦/٣/٢١ یەکـەم ژمـارەی گۆڤـاری — هەلاڵـە — لـە شـاری بۆکـان بلاوکرایـەوە... بـەپێی ئامانجـەکانی کۆمـاری کوردسـتان... گۆڤـاری هەلاڵـە کـە گۆڤـارێکی ئـەدەبی رامیـاری بـوو بەسـەر نووسـەری ناسـراوی کـورد — حەسـەن قزلـچی — و بەیارمەتی — هەژار موکری — و — عەباس حەقیقی — و — هێمن موکری شـاعیر بـوو ... کـە تـوانی بـەپێی بـاری ئـەوکاتی رامیـاری رۆلـی خـۆی لـە بـواری

ڕۆژنامەوانی و ڕۆشنبیری و زمان و مێژوو داب و نەریتی کوردستان ببینیٚ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سەرچاوە :گۆڤاری – خاك – ژمارە:١٣٠.

١٩٤٦/٣/٢١ بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری هاواری نیشتمان لەشاری مەهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

١٩٤٦/٣/٢٣ هێزەکانی سووپای سووری سۆڤیەت بڕیاری کشانەوەی لەخاکی ئێران دا ، بەتایبەتی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ڕاگەیاند ، کە لە ماوەی ٤٥ ڕۆژدا بێت لە هەمان کات ، بە هۆی ڕێکەووتنان ئەویش بە دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی تێکەڵاوی سۆڤیەتی ئێرانی ، کە ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بوو لەپێناو ڕووخاندنی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد و چۆڵ کردنی گۆڕەپانی ڕامیاریو بە یارمەتی دانی هێزەکانی سووپای شا لە ئێران.

١٩٤٦/٣/٢٥ سەرەك وەزیرانی ئێراق – تۆفیق ئەلسوویدی– لە شاری قاهرەی پایتەختی میسر ، لە ووتارێکیدا لە خوولی کۆبوونەوەی کۆمکاری عەرەبی، ئەوەی ڕاگەیاند، کە لە ئێراق کێشەی نەتەوایەتی نیە ...بەڵام گەووەترینو ئاڵۆزترین کێشەیە لە کیشووەری ئاسیا ، کێشەی کوردو خاکی کوردستانە . لەناو چوار دەووڵەتی شۆڤینی دژ بەیەکتری کە تورك وفارسو عەرەبن لە کێشووەرەکەدا .

١٩٤٦/٣/٢٦ لە ئەنجامی گفتووگۆی بەردەوام بە پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی ئابووریو بازرگانی و سەربازیو ڕامیاری ، لە نێوان بەرپرسانی ڕژێمی شا لە ئێرانو بەرپرسی باڵای یەکیەتی سۆڤیەت گرۆمیکۆ بڵاوی کردەوە ، بە کشانەوەی هێزەکانی سووپای سووری سۆڤیەت لەخاکی ئێراندا ، لە ماوەی پێنج تا

شەش هەفتە لەکاتی بڵاوکردنەوەی ڕێکەووتنەکەیان لەناوچەو هەرێمەکاندا.



مۆڵەتۆڤ، محەمەد ڕەزا شا، ستالین، ساعید

١٩٤٦/٤/١ لە ئەنجامی لێك کشانی دەریا گوومەلەرزەی زەوی لەناوچەی تسۆنامی لەدوورگەی وبسان رویدا ، کە بووە هۆی گیان لەدەست دانی ١٦٥ هاووڵاتی، کە بەرزی شەپۆلەکانی ئاو کە گەیشتە ٣٥ مەتر زیاتر لە ناوچەی گوومەلەرزەکەدا.

١٩٤٦/٤/١ لە دوای کشانەوەی هێزەکانی سووپای فەرەنساو دام و دەزگانی و هەڵگرتنی باری ئینتداب لە سەر سووریا ، ئەویش توانی سەر بە خۆیی



خۆی راگەیەنێ وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە هەرێم و ناوچەو جیهان .

ئـــەویش لـــە شـــاری دیمەشـــقی پایتـــەخت ، کـــە ژمـــارەی دانیـــشتووانەکەی ١٧٨٠٠٠٠ ملیۆن کەسە بە پێی ئاماری ٢٠٠٣ . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ١٥,٧٨٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . کە لەو ژارەیە ژمارەی دانیشتووانی کورد ٢,٧٥٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری خاکی وولاتەکە ١٥٨,١٨٠ هـەزار کیلـۆ مـەتر چوار گۆشـەیە . و لـەو رووبـەرە ١٧,٠٠٠ هـەزار کیلـۆ مـەتر چوار گۆشەی خاکی کوردستانە بە پێی پەیمانی لۆزانی ١٩٢٣/٧/٢٤ لە لایەن هاوپەیمانان پێی لکێندراوە . هەروا نژادەکانی ، عـەرەب ٨٢٪ . کـورد ١٢,٥٪ . رەگـەزەکانی دیکـە ٥,٥٪ . هـەروا چڕی دانیـشتووانەکەی ٢٢١ کـەس لـە یـەك میل چوار گۆشەدا لە وولاتەکەدا .

١٩٤٦/٤/٤ پارتی رزگای کورد لە باشووری کوردستان ، راگەیاندنێکی دژی ووتارەکەی سەرەك وەزیرانی ئێراق تۆفیق ئەلسوویدی لە کۆبوونـەوەی کۆمکاری عـەرەبی لە سەر کێشە کورد بلاوکردەوە ، کە دژی کورد و داهاتووی کێشەکان بوو لە کوردستاندا

١٩٤٦/٤/٤ رۆژنامـەی تـایمزی بـەریتانی بابـەتێکی بـلاو کـردەوە ، کـە تیایـدا هـاتووە – رووسـیا ٢٠ دەبابـەو کۆمـەلێك لەچەك‌و تەقەمـەنی بـۆ حکوومـەتی کوردسـتان لەشاری مەهاباد رەوانە کردووە ، لەهەمان کات پێلانێکی رووسی ئامادەیە لە دەسـت تێـووەردان‌و تێکـدانی بـاری تورکیـاو ئێـران‌و ئێـراق ، بەبـەکارهێنانی کورد لە پێناو نیازەکانی خۆی لەناوچەکەدا ، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە هەردوو حکوومەتی تورکیاو ئێران هەلسن بە گەوورەکردن‌و ئالۆزکردن‌و قوول کردنەوەی بارو دۆخەکە ، لـە نێـوان بزووتنـەوەی کـوردو وولاتـانی داگیرکـەری کوردستان لە لایەن هاوپەیمان.

١٩٤٦/٤/١٨ لـە دوای دامەزرانـدنی رێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان لەجێگـەی کۆمەڵـەی گەلان ... هەروا لە بڕیاری بلاوکراوەی نەتـەوە یـەکگرتووەکان لـەمادەی /١٦ی بڕیارەکـە دا هـاتبوو ، کـە رژێمـی شانـشینی لـە ئێـراق دەبێ دەسـتگیر بێـت بەبنـەمای برگـەکان‌و سەرپێـچی یاسـای نـاوخۆیی نـەکات‌و گۆرنکاریـشی لێنەکات ، تەنیا لەدوای رێکەووتنی ئێراق‌و نەتەوە یەکگرتووەکان.

١٩٤٦/٤/٢٣ مـۆرکردنی رێکەووتننامـــەی دۆســتایەتی‌و هاوکـاری لــە نێـوان کۆمـاری کوردســتان لــە مــەهابادو کۆمــاری ئازربایجـان ، ئــەویش لــە ژێــر چـاودێری

ڕووسەکان بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ ، کە هەردوو لا لـە سـەر ئەم خاڵانـە ڕێککـەووتن ئەویش:-
ئالووگۆڕی نووێنـەری رامیاری لـە نێوانیان و، دانانی خاوەن کاری کـورد لـەو شووێنانەی کە کوردی تێدا زیاترە ،... هەروا لەو شووێنانەی کە ئازەری تێدا زیاترە- مۆرکردنی رێکەووتننامەی بازرگانی - یارمەتیدانی یەکتری لە بواری سەربازی - دەست پێکردنی گفتووگۆ لەگەل دەسەڵاتی ئێران و چەندین کاری هاوبەشی دیکە لە ناوچەکەدا .

١٩٤٦/٤/٢٤ هێزە چەکدارە بارزانیەکانی ناو کۆماری کوردستان لـە نزیـك شـاری سـەقز لـە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، هێزی سووپای ڕژێمی ئێرانیان گەمارۆدا لە گوندی - قاراوا- لـە ناوچەکە ، کـە ژمارەیـان ٨٠٠ سـەرباز دەبوو، لـە ئەنجامی شـەڕی نێوانیـان ١٢ سـەربازی ئێرانـی کـووژران و زامـدار کردنـی ١٧سـەربازو بـەدیلگرتنی ٢٠٠ سـەرباز، دوای تـەواو بـوونی شـەڕەکە ، هێـزە چـەکدارە بارزانیەکان پاشەکشەیان کرد لەناوچەکەدا.

١٩٤٦/٤/٢٩ هەلگیرسـانی شـەڕ لـە نێـوان هێـزی سـووپای شـا لـە ئێـران وهێـزی کـورد ، بـە نـاوی شـەڕی -تـاران- لەناوچـەی سـەقزی ڕۆژهـەلاتی کوردسـتان دژی هێزەکانی سووپای ڕژێمی شا لە ئێران.

١٩٤٦/٥/٣ سەر لەشکری هێزەکانی سووپای ئێران - ڕازم ئارا - شەڕی لەگـەڵ کوردو ئازەریـەکان وەسـتاند ، کـە لـەو کاتـە هێـزی چـەکداری کوردستان لـەو پـەڕی خـۆراگری بـوون بـۆ شـالاو بردنـە سـەر دووژمنـانی کـوردو کوردسـتان لـە هەرێمەکەدا .

١٩٤٦/٥/٩ هێزەکانی سووپای سووری سۆڤیەت ، بەپێی ڕێکەووتنیان لە گەڵ ڕژێمی شا لـە ئێـران ، لـەخاکی ئێـران و ڕۆژهـەلاتی کوردسـتان کـشانەوە، دوای ئـەوە پەرلـەمانی ئێـران پاشـگەز بـووە فـەرمانی شـا کـە دانـی نـەنا بـە ئیمتیـازی کۆمپانیای نەوت ، نە کۆمپانیای هاوبەشی نەوتی نێوان یەکیـەتی سـۆڤیەت و ڕژێمی ئێران.

١٩٤٦/٥/١٠ کردنەوەی وێستگەی رادیۆی دەنگی کۆماری کوردستان لە شـاری مـەهاباد لـە ڕۆژهـەلاتی کوردسـتان ، کـە زمانحـالی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و حکوومـەتی کۆمـاری کوردسـتان بـوو لەشـاری مـەهاباد بـە پەخـشکردن لـە هەرێمەکەدا .

١٩٤٦/٥/١٢ بڵاوكردنەوەی یەكەم ژمارەی رۆژنامەی- هاواری كوردستان- لەشاری مەهاباد لە رۆژهەڵاتی كوردستان.

١٩٤٦/٥/١٥ هەڵگیرسانی شەڕێكی گەورەی -مل قەرەنی یان مامە شاهە- لە نێوان هێزە چەكدارەكانی بارزانی و هێزەكانی سووپای رژێمی ئێران لەسەردەمی حكوومەتی دیموكراتی كوردستان لەڕۆژهەڵاتی كوردستان ، لەئاكامدا هێزە چەكدارەكانی كورد سەركەوتنیان بەدەستهد هێنا لە ناوچەكەدا .

١٩٤٦/٥/٣١ سەر كردەی كورد مستەفا بارزانی وەك ژەنەرال لەئەركانی هێزەكانی سووپای كۆماری كوردستان وەرگیرا ، لەلایەن پێشەوا قازی محەمەد لەشاری مەهاباد لە رۆژهەلاتی كوردستان .

١٩٤٦/٦/١ سەركردەو كەسایەتی ناوداری كورد - باباعەلی شێخ مەحمود - پۆستی وەزارەتی ئابووری لە حكوومەتی شانشینی لە ئێراق گرتە دەست لە وولاّتەكەدا .

١٩٤٦/٦/١٢ نووێنەری حكوومەتی ناوەندی رژێمی شا لە ئێران موزەفەر فەیروز لە دوای ئامۆژگاری سۆڤیەت بۆ پارتی توودەی ئێران ، ئەویش بەیارمەتی دانی سەركردەی هێزەكانی سووپا لەگەڵ حكوومەتی ئازربایجان بە نووێنەرەكەی -جەعفەری بشاور - پەیمانی چارەسەری كێشەی ئازربایجانیدا ، بە چارەسەرێكی ئاشتیانە و بەدامەزراندنی دكتۆر چاوید لە پارتی ئازربایجان بەپارێزگای ئازربایجان دامەزراند ، و پارتی توودە چووە ناو ئەو حكوومەتە لە هەرێمەكەدا لە ناو سنووری ئێراندا.

١٩٤٦/٦/١٥ هێزەكانی سووپای رژێمی شا لە ئێران لەناوچەی سەقز لە هەرێمە رۆژهەڵاتی كوردستان ، توانی چەند گردۆلكەیەك داگیر بكات لەئەنجامی شەڕێكی سەخت لە نێوان هێزەكانی سووپای ئێران و هێزەكانی سووپای كۆماری كوردستان.

١٩٤٦/٦/١٥ لە دوای بڵاوكردنەوەی پرۆگرامی كۆمۆسیۆنەكە ، لە رادیۆی - بی بی سی- پارتی توودەی ئێران - واتە پارتی كۆمۆنیست - هێرشێكی توندی دەست پێكرد ، كە دژی كۆمۆسیۆنەكەو تەواوی پێشنیارەكانی وەستاو لەبەیاننامەیەك لەرۆژنامەی - مەرد- ی زمان حاڵی پارتی توودە بڵاوكرایەوە

لە ئێران.

١٩٤٦/٦/٢٨ هێــزە هاوبەشــەكانی ئــەمنی رژێمــی شانــشینی لــە ئێــراق تــوانی خۆپیــشاندانەكەی گــەلانی ئێــراق دامركێنێتــەوە ، كــە ئــەو خۆپیــشاندانە لــەپێناوی دیموكراتیـەت و مـافی مـرۆڤ بـوو لـە ئێراق بەگشتی و لەكوردسـتان بەتایبەتی لە هەرێمەكەدا .

١٩٤٦/٦/٢٩ پـارتی تـوودەی ئێران بەرەیەكی بەناوی – جبهە موتلفە احزاب ازادیخواز – دامەزراند ، كە كارێكی دوو لایەنەو زیانی خۆی هەبوو لەم كارەیدا .

یەكەمیان :– پارتی توودە بێ ئەوەی هیچ مافێكی نەتـەوەیی بۆ نەتـەوە غیرە فارسەكان دابنێ.

دووەمیان:– بەتایبەتی كوردو ئازەر لەئێران بسەلمێنێ كە هـەولی راكێشانی پارتی دیموكراتی كوردستان بدات لە رۆژهەلاتی كوردستان.

١٩٤٦/٧/٤ وولاتــــی فلــــپین سـەربەخۆی خـۆی راگەیانـــد بـــەپێی رێكەووتن و مۆلـەت پێـدانی لـە لایـەن كۆنگرێـــــــسی ئەمـــــــــــریكا لەهەرێمەكـــــــــە. ئەویش بە نـاوی – كۆماری فلپین – لە



شاری مـانێلای پایتـەخت ، كـە ژمـارەی دانیشتووانەكەی ١,٧٥٠,٠٠٠، ملیـۆن كەسە .

هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەكەی ٦٨,٥٠٠,٠٠٠، ملیۆن كەسە . هـەروا رووبەری خاكی وولاتەكەی ٣٠٠,٠٠٠، هەزار كیلۆمەتر چوار گۆشەیە . هـەروا چـڕی دانیـشتووانەكەی ، ٥٩٤ كـەس لـە یـەك میـل چـوار گۆشـەدا . هـەروا نـژادەكانی ، زیـاتر لـە ٥٠ كۆمەلـەی نـەژادی تیایـە سـەرەڕای ئـەوەی كـە ٩٥٪

دانیشتووانی ناوەند دەکرێن بە فلیپینی کە ئەویش کۆمەڵگایەکی نەژادی هندی پۆلیسیە . لە وولاتەکەدا .

١٩٤٦/٧/٦ سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بۆش لە دایک بووە.. خووێندنی زانکۆی لە ساڵی ١٩٦٨ تەواو کرد ، دوای ئەوە پەیوەندی کرد بەپاسەوانی ئاسمانی نیشتمانی لەوویلایەتی تکساس لەبنکەی ئیلیفتۆن لینال... بەشداری لەپێك هێنانو سەرۆکایەتی کۆمپانیای بۆش کردووە لەتووێژینەوەی نەوتو غاز بۆماوەی ١١ ساڵ.. لەبنەماڵەی برسکووت بۆشە، کاری لە ئەنجوومەنی پیرانی فیدراڵی کردیە لەنێوان ساڵەکانی ١٩٥٢-١٩٦٣.. بەردەوام بووە لەکارەکان تاکوو وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی ئەمەریکا لە ١٩٨٩ بۆ ماوە دوو خوول لەدەسەڵات لە سەر وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا .

١٩٤٦/٧/١٢ بەرپابوونی راپەرینە مەزنە ناودارەکەی – گاوربـاخی– لە پارێزگای کەرکوك لە باشووری کوردستان ، لەلایەن کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی باکوور لە ئێراق ، واتە لەباشووری کوردستان ، کە کاردانەوەی

كاریگـەری باشـی كـردە سـەر جوولانـەوەی رزگـاری گـەلی كوردسـتان دژی رژێمی شانشینی لە ئێراق.

١٩٤٦/٨/١٢ بلاوكردنەوەی یەكەم ژمارەی رۆژنامـەی –چەمـچەمال– لەشاری سلێمانی لە باشووری كوردستان.

١٩٤٦/٨/١٦ لە بریارێكی كوردانە دامەزراندنی پارتی دیموكراتی كوردستان لە هـەرێمی باشووری كوردستانی لكێنراو بە ئێراق .

لەلایەن چەندین كەسایەتی نیشتمان پەروەرو رووناكبیری كورد راگەیەندرا ، بەسەركردایەتی مەلا مستەفا بارزانی لە هەرێمەكەدا.

١٩٤٦/٩/٨ لـە ئـەنجامی راپرسـی گـەلانی بوولگاریـا بـە هەلووەشـاندنەوەی رژێمـی شانـشینیو راگەیانـدنی رژێمـی كۆمـاری مللـی بوولگاریـاو دوای ئـەوە كۆمۆنستەكان دەسەلاتیان گرتـە دەست لـە وولاتەكە بەپـشتیووانی یەكیـەتی سۆڤیەت لە كێشووەرەكەدا.

١٩٤٦/٩/١٢ لە راپۆرتێكی گفتووگۆ لە نێوان كوونسلی بەریتانیا لەشاری تەبریزو قاسم ئاغا خـانی زادەو دەلـێ:– قاسـم ئاغـا دەلـێ پێـشەوا قـازی محەمـەد هـیچ دەسـەلاتێكی لەسـەر سـەرەك هۆزەكـانی كـورد نیـە لـە هـەرێمی رۆژ هـەلاتی كوردستان .

بەرامبـەر بەوانـەی كـە بـە ئامۆژگـاری رووسـەكان دەجوولێنـەوە ، پێـشەوا ناتوانێ كۆتـایی بەو كێشانە بینێ بەر لـەوەی پرس بە رووسـەكان نـەكات ، بەلكوو ئەمەش رامیاریەتیەكە بۆ هەنگاو نان بەرەو دامەزراندنی دەوولـەتێكی هەمیشەیی كوردی لە كوردستان.

١٩٤٦/١١/٢ لـە ژێـر چـاودێری ئەمـەریكا رژێمـی شانـشینی یابـان دەسـتووری نـوێی وولاتەكەی راگەیانـد ، لـە دوای خـۆ بەدەستەوەدانی بە وولاتـانی هاوپـەیمان لەكۆتایی جەنگی دووەمی جیهان ، كە لەلایـەن هێزەكـانی سـووپای ئەمـەریكا داگیر كرابوو لە جەنگدا.

١٩٤٦/١١/٦ دامەزراندنی رێكخراوی یۆنسكۆی سەر بەنەتەوە یەكگرتووەكان بە بەشداری ٢٦ وولات لەجیهاندا.

١٩٤٦/١١/١٥ لە كەش و بارێكی گوونجاودا سەرەك وەزیرانی رژێمی شا لە ئێران فەرمانیدا بە هێزەكـانی سـووپا ، ئـەویش لـەپێناو گەراندنـەوەی كۆمـاری ئازربایجـانو كۆمـاری كوردسـتان بۆ ژێـر دەسـەلاتی خـۆی ، بـەبیانووی نـوێ كردنـەوەی

ریفراندۆمی گشتی لەوولاتی ئێران بەگشتی و لەهەرێمەکان بەتایبەتی لە رۆژهەلاتی کوردستان.

١٩٤٦/١١/٢٧ بالوێزی ئەمەریکا لە تارانی پایتەختی ئێران – جورج تالێن– رایگەیاند ، کەوا ئەمەریکا بەتەواوی یەکیەتی خاکی ئێران و دەسەلات شاهەنشاهی لە ئێران بەهێز دەکات ، ئەویش بە وەستانی دژ بە پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە کوردستان ، بە تایبەتی لە رۆژهەلاتی کوردستاندا .

١٩٤٦/١٢/٧ هێزەکانی سووپای رژێم شا لە ئێران بەپشتیووانی ئەمەریکا هێرشیان کردە سەر کۆماری ئازربایجان ، کە ئەم کۆمارە دەکەوێتە باکووری ئێران ، کە هێرشەکە چوار رۆژی خایاندو لەئەنجام بووە هۆی رووخاندنی کۆمارەکە لە هەرێمەکەدا .

١٩٤٦/١٢/١٠ نووێنەری کورد لە پەرلەمانی رژێمی شانشینی لە ئێراق ئەحمەد عوسمان لە شاری بەغدا ، کۆچی دوایی کرد ، کە ناوبراو نووێنەری پارێزگای هەولێر بوو لە پەرلەمانی شانشینی لە ئێراقدا...!!!.

١٩٤٦/١٢/١١ لە دوای لێدانی هەردوو بۆمبی ئەتۆمی لە سەر شارەکانی هیرۆشیماو ناکازاکی یابان ، ئەم کارە تیرۆرستیە نامرۆڤان وای لەچەند وولاتێك کرد ، کە کووبا و هندستان و پەنەما پێشنیارێك بخەنە بەردەم کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان ، بەو مەبەستەی لەجینۆسایدا بۆکۆڵنەوەو وەك تاوانێکی نێوودەوولەتی بناسرێت ، بەمەحکوم کردنی، ئەوە بوو کۆمەڵەی گشتی پێشنیارەکەی لە ١٩٤٦/١١/٩ بەلیژنەی یاسایی سپاردو .
ئەویش لەهەمان مانگدا تووێژینەوەی لەسەر کرد ، تاکوو بوو بەپرۆژەیەك و دوای ئەوە وەك بریارێك لەکۆمەڵەی گشتی دەرچوو ، کە تیایدا دەڵێ:–
جنیۆساید تاوانێکە بەپێی یاسای نێوودەوولەتی نکوڵی کردنی بوون و ژیانی تەواوی کۆمەڵ گرووپی ئادەمیزادە لە جیهاندا .

١٩٤٦/١٢/١١ لە دوای پەلاماردانی حکوومەتی تەمەن کوورتی ئازربایجان لە هەموو کارێکی حکوومەتایەتی وەستا ، بە هۆی بارودۆخی رامیاری و ئابووری لە نێوان رژێمی شا لە ئێران و دەسەلاتی یەکیەتی سۆڤیەتی کۆمۆنیستی لەهەرێمەکەدا...!..؟.

١٩٤٦/١٢/١٣ بە بریاری حکوومەتی رژێمی شا لە ئێران هێزەکانی سوپا چوونە ناو پارێزگای تەورێز ، بۆ ئەوەی دەسەلاتی سۆڤیەت چ کاردانەوەیەکی نارەزایی دەربڕێ بۆ رزگار کردنی سیستەمی ستالین، کە ئەو رژێمەی خۆی بەشداری ... ـرانەدنی کردبوو لەو هەرێمەی ژێر دەسەلاتی رژێمی ئێران .

١٩٤٦/١٢/١٥ لە دوای گەرانەوەی هێزی چەکدارە بارزانیەکان بۆ شاری نەغەدەو دەوروبەری ، سوپای رژێمی ئێران بەرەو شاری مەهاباد بەرێکەوتن و گەمارۆی شارەکەیاندا ، لە ئاکامدا بووە هۆی سەرەتای کۆتایی هێنان بە کۆماری کوردستان لە رۆژهەلاتی کوردستان.

١٩٤٦/١٢/١٥ نووێنەری کاروباری بازرگانی سۆڤیەت لە رۆژ هەلاتی کوردستان لەشاری مەهاباد- ئەسدۆف- بارەگای خۆی لە مەهاباد گوواستەوە بۆ شاری ورمێ و نیشتەجێ بوونی لە کوونسلی سۆڤیەت لە شاری ورمێ لە هەرێمی رۆژهەلاتی کوردستان.

١٩٤٦/١٢/١٧ لە دوای گەمارۆدانی شاری مەهاباد لەلایەن هێزەکانی سوپای رژێمی شا لە ئێران بەپشتگیری ئەمەریکا ، پەلاماری کۆماری کوردستانیان داو لە ئەنجام ئەو کۆمارە رووخێندرا ، ئەویش بەدەستگیرکردنی پێشەوا قازی محەمەد و ئەندامانی حکوومەت و سەرکردایەتی کۆماری کوردستان لە رۆژهەلاتی کوردستان.

تێبینی :- ئەم ویستووە وێنەی پێشەواو ئەندامانی حکوومەتەکەی ... ئەویش .

١٩٤٦/١٢/١٩ هێرشەکانی- ئەلفیت مینە- بۆ سەر بنکەکانی سەربازی لە شاری هانۆی پایتەختی وولاتی ڤێتنام ، لە چەندین شاری دیکە ، کە ئەو مێژووە مێژووی دەست پێکردنی شەڕی هندی چینیە لە دانراوەکانی مێژوولە کێشووەرەکەدا

بەتایبەتی لەگەڵ دەست پێکردنی سەرکردەی کۆمۆنیستی هۆشی منە و ژەنەرالەکان بەرەو شەڕی پارتی زانی دەستی پێکرد و دوای ئەوە بەرەو ناوچە شاخاویەکانی باکووری وولاتەکە دەستی پێکرد لە وولاتەکەدا.

١٩٤٦/١٢/٢١ سەرکردەی کورد مستەفا بارزانی و میرحاج و عزەت عبدالعزیز و نوری ئەحمەد تەها ، سەردانی شاری تارانی پایتەختی ئێرانیان کرد لە پێناو گفتووگۆ کردن لەگەڵ بەرپرسانی ئەنجوومەنی وەزیرانی ئێران ، بەلام سەردانەکەی بارزانی ئەنجامی بێ سوود بوو ، لەدوای رووخاندنی کۆماری

کوردستان و گۆڕینی هاوکێشەکە لەناوچەو هەرێمەکەدا .

١٩٤٦/١٢/٢٤ لە دایك بوونی چوارەم کۆماری فەرەنسا ، ئەویش بەدارشتنی دەستووری کۆماری چوارەم لەسەر بنەماکانی دەستووری کۆماری سێیەمی فەرەنسادا .

١٩٤٧



١٩٤٧/١/١ بۆ یەکەم جار هەلوویستەکانی سەرۆکی یەکیەتی سۆڤیەت جۆزێف ستالین ، بە هەڵە هەلگەڕایەوە سەری بەرامبەر بە بەڵێنەکانی رژێمی شا لە ئێران ، ئەمەریکا کە فەرمانیدا بە کشانەوەی هێزەکانی سووپای سووری سۆڤیەت لەخاکی ئێران و چۆڵ کردنی گۆڕەپانی رامیاری بۆ ئێران و خواستەکانی ئەمەریکاو بەریتانیا .

کە ئەمەش بووە هۆی لەناو بردنی کۆماری ئازربایجان و دوای ئەویش کۆماری کوردستان لە مەهاباد، بە بە هێزکردنی کاری سیخوڕی سەربازیو ئاسمانی لەسەر جمووجوڵی سەربازیو دەریایی سۆڤیەت ، بە گەمارۆدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لەباشوورو رۆژهەلات و باکووری کوردستان لە هەموو بوارە جیاجیاکانی پەرەسەندن و رووداوو گۆرانکاریەکان لە ناوچەو هەرێمەکاندا.

١٩٤٧/١/١٨ دەستگیرکردنی دامەزرێنەرو سکرتێری پارتی کۆمۆنستی ئێراق یوسف سەلمان یوسف – فەهد–و هەڤاڵەکانی حازمو ، سارم ، لە شاری بەغدای پایتەخت ، لەلایەن رژێمی شانشینی لە ئێراق.



شــــایانی باســــه دامەزرێنــــەری پــــارتی کۆمۆنیــــستی ئێــــراق سـەلمان یوسف سـەلمان- فەهـد- لـەدایك بـووی ســالّی ١٩٠١... ئـــەو بنەماڵـه مەسـیحیه لـه با کـووری کوردسـتانی ژێـر دەسـەلاّتی عوسمـانی بـه هـۆی شالاّوە دڕندانەکەی دەســەلاّتی عوسمــانی ، بەتایبەتی لە سالّی ١٩١٥ ڕوویـان لـه شاری موسـلّ کـردووەو لـەوێ لـەدایك بـووە ، کـه بـەئاین مەسـیحی بـووە... بـەلاّم لـەڕووی نەتـەوەیی نازانـدرێ ئەرمەنیـە یـاخوود کـوردە یاشەرکەسـیە... بـەلاّم گـرنگ ئەوەیە کە عەرەب نیە لە نەتەوەدا .

١٩٤٧/١/٢٣ لـه دوای سـالێكو یـەك ڕۆژ لـه ڕاگەیانـدنی کۆمـاری کوردسـتان لـه شـاری مەهاباد له ڕۆژهەلاّتی کوردستان ، فەرمانی دادگا کردنەکە ڕاگەیەندرا بە لـه سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەدو هەڤالاّنی لە لایەن دادگای ڕژێمی شا لـه ئێران.

١٩٤٧/١/٢٣ خاتوومیگاواتی سۆکارتۆ لە شاری جاکارتای پایتـەختی ئەندۆنیسیا لەدایك بووە ، کە ئافرەتێکی بەهرەدارو لێهاتوو بووەو تاکوو پۆستی سەرەك کۆماری ئەندۆنیسیای گرتە دەست لەولاّتەکەیدا .

١٩٤٧/٢/١٠ مۆرکردنی پـەیمانی ئاشـتبوونەوە لەلایـەن نووێنـەری ئیتالیا لـه گـەلّ ئـەو ٢١ دەوولّەتەی کە بەشداری شەڕیان کرد بوو دژی ئیتالیا، ئـەویش گـەڕاندنـەوەی سنووری ئیتالیا بۆ ئـەو کاتـەی کـه سـنوورەکەی چـۆن بـوو لـه سـالّی ١٩٣٨دا له کێشووەرەکەدا .

١٩٤٧/٢/٢٢ مستەفا بارزانی بە ئامۆژگاریو بڕیاری شا لـه ئیران بـه هێزەکانی سـووپای ئێـران ، لـه ناوچـەی نەغـەدە دوورخرایـەوە بـه هـۆی ئـالّۆزی بـارودۆخی

رۆژهەلاتی کوردستان و بوونی هێزی چەکداری لە دوای رووخاندنی کۆماری کوردستان لەشاری مەهاباد لە هەرێمەکەدا .

١٩٤٧/٣/١٨ شەڕی بەرەی شنۆو نەغەدە بەرپابوو لە رۆژهەلاتی کوردستان دژی هێزەکانی سووپای ئێرانی داگیرکەر لەسەر خاکی کوردستان.

١٩٤٧/٣/٢٤ بەرپابونی شەری نێوان شۆرشگێرە کوردەکانی رۆژهەلاتی کوردستان لەگەڵ سوپای ئێران لەناوچەکانی خانەو هەلەج و ناوچەی مەرگەوەر لەناوچەکەکدا.

١٩٤٧/٣/٢٩ مۆرکردنی رێکەوتننامە لە نێوان رژێمی شانشینی لە ئێراق و رژێمی تورکیا ، لە گەڵ چەندین رێکەووتنی دیکەی دۆستایەتی و دراوسێیەتی ، بە تایبەتی لەسەر هەردوو زێی دیجلەو فوورات، بەسوودوەرگرتن لە هەردوو لایەنی داگیرکەری زێیەکانی فوورات و دیجلە ، لە ناوخاکی باکوورو باشووری کوردستانی داگیر کراو لە لایەن دەوڵەتەکانیان بەپێی پەیمانی لۆزانی ١٩٤٧/٧/٢٤ مۆر کراو لە لایەن وولاتانی هاوپەیمان بە سەر کردایەتی بەریتانیا .

جێگەی ئامارە پێکردنە کە لەو رێکەووتن هاورێیەتیە و دۆستایەتیە و دراوسێیەتیە ٦ شەش پرۆتۆکۆڵ رەزامەندی لە سەر کرا ، بە تایبەتی پرۆتۆکۆلی ژمارە/١ ، کە چەندین برگەی لە خۆ گرتبوو، ئەویش بە رێکخستنی بەرژەوەندیان لە سەر هەردوو زێی دیجلەو فوورات .

دوای ئەوە رێکەووتن لە سەر ئەوەی کە باشترین جێگە تورکیایە بۆ دەست بە کار بوون لە سەر ئەم جۆرە پرۆژانە و شارەزایانی سووری و ئێراقی دەتوانن سەردانی تورکیا بکەن بۆ ئەم مەبەستە .

لە پێناو پارێزگاری کردن لە کەمنەکردنەوەی ئاو و دروستکردنی چەندین بەنداو و دەریاچە و گۆم ، لە پێناو بەرژەوەندنە تایبەتیەکانی نێوانیان لە ناوچەکەدا .

١٩٤٧/٣/٢٩ پێشەوا قازی محەمەدو هەڤالانی دادگایی کران لە لایەن دادگای شۆڤێنی رژێمی شا لە ئێران لەرۆژهەلاتی کوردستان ، لەدوای رووخاندنی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد و ، بە دەستگیر کردنیان لەلایەن هێزەکانی

سووپای ئێران بەپشتیووانی و پشتگیری ئەمەریکاو بەریتانیاو یاوەرەکانیان لەناوچەکەدا.

١٩٤٧/٣/٣١ لــە سـێدارەدانی سـەرۆکی هـەرێمی رۆژهـەڵاتی کوردسـتان پێشەوا قـازی محەمـەدو هـەڤاڵانی لـە گۆرەپانی چوارچرا لە ناوەراستی شاری مـەهاباد... کـە بـە دەستەکانی خـۆی پـەتی سـێدارەی بـەرزکردەوەو بـووە رۆژێکـی شـکۆدار لەمێـژووی بزووتنـەوەی رزگاریخوازی کوردو کوردسـتان ، چـونکە راگەیانـدنی کۆمـاری کوردسـتان و لەسـێدارەدانەکەی لەیەك ئاستەنگی راگرتبوو ، لەپێناو کوردو خاکی کوردستاندا .

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە پێشەوا قازی محەمەد لە ساڵی ١٩٠١ لە شاری مەهاباد لە رۆژهەڵاتی کوردستان چاوی بە جیهان هەڵهێناوە لە شارەکەدا . ناوی تەواوی – قازی محەمەد قازی عەلی میرزا قاسم میرزا ئەحمەد – ە و دایکی لە تیرەی فەبزوللا بەگییە ، کە ئەوانیش لە مێژەوە ناوبانگی گرنگیان هەبووە لە ناوچەی موکریان لە هەرێمەکەو لە کوردستاندا .

خووێندنەکانی ئاینی تەواو کردووە لە گەڵ فێربوونی زانیاری دیکە بە پێی بارودۆخی ئەو کاتدا و مرۆڤێکی رووناکبیرو زاناو شارەزا بووە لە هەموو بوارە جیا جیاکاندا .

هەروا لەو سەردەمەدا کە بۆ یەکەم جار قوتابخانەی تازە لە شاری مەهاباد

کراوەتەوە ، پێشەوا قازی محەمەد کراوە بە سەرۆکی فەرهەنگی ئەو ناوچەیە ، بێ ئەوەی یارمەتی لە هیچ کەس و ومووچە لە میری وەرگرێت ، خەلکی زۆر هاندەدا بۆ فێربوونی زانیاری و هەموو جۆرە هوونەرێك .
هەروا پێشەوا قازی کێشەی لە گەڵ دەرەبەگەکاندا هەبوو بە هۆی عەشیرەتگەری و لە هەمان کاتدا پشتگیری تەواوی لە هەژارو کاسبکارو جووتیارانی کوردی بەرنەداوەو خەباتی لە پێناودا کردووە و کەسایەتیەك و سەرکردەیەکی نیشتیمانپەروەر و نەتەوە پەروەر بووە لە هەموو بوارە جیا جیکاندا .
هەروا لە سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە قازی محەمەد و بنە ماڵەکەی ناوبانگیان دەرکردووە لە موکریاندا ، دوای ئەوە بە هۆی چالاکی و وریایی خۆیەوە توانی ئەم دەسەلاتە لە سەرانسەری کوردستان پێبگرێتەوە .
لە دوای مردنی باوکی قازی عەلی لە ساڵی ١٩٣٨ ، ئەرکی سەر شانی زیاتر بووە و کرا بە قازی شاری مەهاباد و ئەم کەسایەتیە لە هەموو بوارەکاندا رۆڵی باڵای سەرکردایەتی کردنی هەبووە لە لایەنەکانی رامیاری و پارتایەتی و نەتەوەیی و نیشتیمانی و کۆمەلآیەتی و پەیووەندیە هەمە لایەنەکان لە کوردستاندا .

١٩٤٧/٤/٣ سەر کردەی کورد مستەفا بارزانی لە شەڕی – بەری زەر– ی لە باشووری کوردستان ، بەسووکی زامدار بوو ، ئەویش بەهۆی سەرکردایەتی کردنی شەرەکە لەلایەن خۆیەوەو زیانی باشیش بەدووژمنی کوردو کوردستان و داگیرکەران گەیەنرا لە ناوچەکەدا .

١٩٤٧/٤/٤ گرێدانی کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە سووریا ، بەسەرکردایەتی مێشێل عەفلەق و سەلام بەیتارو مەدحەت بەیتار. دوای ئەوە لە مانگی/ ١٩٤٥/٧ داوایەکیان ئاراسەی وەزارەتی ناوخۆی سووریا کرد ، بۆ پێدانی مۆڵەت بەجوولانەوەکەیان ، بەلآم لەم مێژوو مۆڵەتیان پێدرا لە لایەن دەسەلآتی سووریا .

١٩٤٧/٤/١٧ لـــــه دوای لـــــه نـــاوبردنی کۆمـــاری کوردســـــتان ، لـــــه شـــاری مـــههاباد ، لهلایـــهن رژێمــی شـا لـه ئێــران . بریــاری بـــــارزانی بـــــهرهو یهکیـــهتی ســۆڤیهت بـووه هـۆی ئـهوهی ، کهخێزانـــــــــه بارزانیــــــــهکان بگهرێنــهوه بـۆ نــاو ئێــراق‌و خـۆ بهدهســتهوهدانیان بـه دهســهڵاتی رژێمـی شانـشینی لـه ئێـراق ، لهگـهڵ ئـهو خێزانانـه ، ئهفسهری شۆرشـگێر مـستهفا خۆشناوو هەڤاڵەکانی کە سووپای ئێراقیان جێ هێشتبوو چوو بوونـه رێـزی هێــزه چــهکدارهکانی بــارزانی لــه شــاری مــههابادو بهشــداری کردنیــان لــه راگهیاندنی کۆماری کوردستان لـه مـههاباد ، یاداشتهکانی مستهفا خۆشناو بـه درێـژی باسـی ئـهوه دهکات ، لـه رووی راکردنیـان لـه نـاو سـووپای ئێـراق‌و چــوونیان بــۆ ریــزی چــهکداره بارزانیــهکان‌و چــۆنیهتی گهرانــهوهیان لهگــهڵ چهندین لایهنی دیکهدا...؟...!.

١٩٤٧/٤/٧ کۆچـــــی دوایـــــی داهێنـــــــــهری ئوتوومبێلی – فۆرد ، هنـــری فـــۆرد – لــه فایـــــهرلان – لـــــه دێریـــــۆزنی لـــــه ویلایـــهتی مهشـیکان له ئهمهریکا.



جێگهی روونکردنهوهیه که هنری فۆرد لـه ١٨٦٣/٧/٢٠ لـه کێلگهکهی خۆی لـه شاری – گرین فیلد –ی ویلایهتی مهشیگان له ویلایهته یهککگرتووهکانی

ئەمـەریکا چـاوی بـەجیهان هـەڵهێناوە لـە شـارەکەدا. کـە داهێنـەرو بەرهـەم هێنـەرێکی ئەمـەریکی بـووە، هـەروا هێنری فۆرد دامەزرێنـەری کۆمپانیـای – فۆرد –ی ئۆتۆمبێڵ دروستکردن بووەو ئۆتۆمێڵەکەی کە جۆری – T – بوو، کە لە بواری ئۆتۆمبێڵ شۆڕشێکی گەورەی لە بواری گوواستنەوەو گەیاندن و پیشەسازیدا بەرپاکرد، کە بە شێوەیەکی بەرچاو بووە هۆی گۆڕانکـاری مەزن لە شارسـتانیەت و کەلتووری ئەمەریکایەکاندا.

لـە سـەرەتادا ولیـەم فـۆردی بـاوکی لە ناوچەی –کۆرك – ی ئیرلەنـدا لـە دایـك بووە و کۆکچبەری روو لە وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمـەریکا دەکات، بـەڵام مـاری فـۆردی دایکـی لـە وویلایەتـی مەشـیگان لـە دایـك بـووە، لـە دایـك و باوکێـکی کۆچبەری بەلژیکـی.

فۆرد لە سەرتای هەرزەکاریدا باوکی کاتژمێرێکی گیرفانی پێ دەبەخشێت کە زۆر پێـی خۆشـحاڵ بـوو، فـۆرد لەتەمـەنی ١٥ سـاڵیدا وەك وەسـتای چاکردنەوەی کاتژمێر ناوبانگی دەرکرد، کە جاری وا هـەبوو ١٠ – تا – ١٢ جـار کاتـژمیرێکی هەلدەوەشـاندەوە و چـای دەکـردەوە. هـەر لەوتەمەنـەدا ئارەزووی ئۆتۆمبێڵ بووە.

مردنـی دایکـی لـە سـاڵی ١٨٧٦ کاریگـەری خـست سـەر دەروونـی فـۆردو لـە هەمان کات باوکی چاوەروانی لە فۆرد دەکرد کە هەوڵـەکانی لە پێنـاو کاری کێڵگەداریـدا خـەرج بکـات، بـەڵام فـۆرد لـە سـاڵی ١٨٧٩ رووی لـە شـاری – دیترۆیـت – کـردو لـەوێ وەك شـاگردێك کـاری میکـانیکی دەسـت پێکـرد. لـە ساڵی ١٨٨٢ دا گەرایەوە – دێربۆرن – و لـە کێڵگەکەی خۆیـان سەرپەرستی مەکینـەکانی وێـستینگهای دەکـرد تـا لـە دوایـدا تـوانی لـە کۆمپانیـای وێستینگهای وەك وەستای چاککردنەوەی ئامێری هەڵسیێ دەست بەکاربێت.

دوای ئەوە هنـری ولیـەم فـۆرد لە سـاڵی ١٨٨٨ لە گـەڵ – کلارا ئالابریانت – هاوسـەر گیری پێـك هێنـا. دوای ئـوە فۆرد لـە سـاڵی ١٨٩١ وەك ئەندازیارێك تـونی کـاتێکی بـاش بـۆ تاقیکردنـەوەو ئەزموونـەکانی لـە سـەر ئـامێری – گازۆلین – تەرخان بکات.

دوای ئـەوە لـە سـاڵی ١٨٩٦ تـوانی تـوانی ئۆتـۆمبێلی - Qua ricycle لـە– شێووە گالیسکەیی بیێ ئەسپ دابهێنێت و بە پارەی فرۆشتنی ئەو ئۆتۆبێڵـە توانی دانەیەکی باشترو پێشکەوتووتر دروسـت بکـات، دوای ئـەوە لـە سـاڵی

١٩٠٣ دا و لــه تەمــەنی ٤٠ ســاڵیدا بــه هاوکــاری - 11 - وه بەرهێنــەری دیکـەو سـەرمـایـەی ٢٨٠٠٠ هــەزار دۆلار كۆمپـانـیای فـۆردی ئۆتۆمبیـل ســازیان دامەزراند.

ســەرەتا هنــری ولیــەم فــۆرد نموونەیــەکی لــەو ئۆتۆمێلــه خــسته روو کـه دەیتــووانی دووری یـەك میـل لـه مـاوەی 39.4 چـرکەدا ببرێـت و لـه کاتژمیرێکدا ١٤٧ کیلۆمـەتر ببرێـت. فۆرد کەسـایەتیەك و مرۆڤیکـی بەرهـەم هێنەر بوو، نزیکەی ١٦١ داهـێنانی لەو بـوارەدا تۆمار کـردووه و وەك تاکـه خـاوەن ئۆتۆمیـڵی فۆرد، کە بە دەوولەمەندترین و بەناوبانگترین کەسـەتی جیهان دادەنرێت.

هـەروا سیستەمی – فۆردیزمی – داهێنا کە ئەویش بریتـی بـوو لـه بەرهـەم هێنـانی ژمارەیـەکی زۆر لە ئۆتۆمبێلْ و بە نرخێکی هـەرزان کە دەتوانی لە مـاوەی ٩٣ خوولەکدا ئۆتۆمبێلێـك بەرهـەم بـێنیْ و لـە هـەمان کاتـدا مـافی رۆژانـەی کـاری کرێکـاران بـەرز دەکـرەوه بـۆ پێـنج دۆلار لـه رۆژێکـدا بـۆ ٨ کاتژمێر کارکردن، له کاتێکدا لـە کۆمپنیاکانی دیکەدا تـەنها دوو دۆلار دەدرا بۆ ٩ کاتژمێر کارکردن.

دوای ئەوه فـۆرد توانـی زیاتـر لە ١٥ ملیـۆن ئۆتۆمبیـڵی فۆرد لـەو مۆدێله بفرۆشێت... بەم جۆره فۆرد بەردەوام بوو له کاری بەرهەم هێنانی ئۆتـۆمبێلی فۆرد تا کۆچی دوایی کرد و تاکوو ئێستاش ئەم کۆمپانیایه بەردەوامـه لـه بەرهەم هێنانی به پێی گۆرانکاریەکانی سەردەمی پیشەسازی له جیهان.

١٩٤٧/٤/٢٥ مستەفا بارزانی لە دوای سەردانەکەی بۆ تارانی پایتـەختی ئێران گەرایەوه باشووری کوردستان.

١٩٤٧/٥/١٦ دامەزراندنی فیستیڤالی نێوو نەتـەوەیی سینەمایی کان لـه باشـــووری فەرەنـــسا راگەیانـــدرا...کـــه ئـــەم فیـــستیڤاڵه ســـاڵانه ئەنجامـــدەدرێت کـــه لـــه ٢٠٠٧/٥/١٦ یـادی شەسـت



ساڵەی کە بەنمایشکردنی فلیمی – هۆنگ کولگیی – شەوانی دەربەدەریم – کرایەوە... کە ئەمەش لەدوای نمایش کردنی فلیمەکان و هەڵبژاردنی فیلمە سەرکەوتووەکان خەڵات دەکرێت لە نێوو بواری سینەما دا لە وولا تە جیا جیا کان لە جیهاندا.

١٩٤٧/٥/١٨ مستەفا بارزانی و هەڤاڵەکانی گەیشتنە ناو سێ گۆشەی سنووری دابەشکراوی کوردستان و لەگەڵ هێزەکانی سووپای تورکیا تووشی شەڕهاتن ، لە بەر ئەوە ناچار بوون بەرەو رۆژهەلاتی کوردستان هەنگاو بنێن بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرامی کۆچرەوەکەیان لە کوردستان بەرەو ، بۆ یەکیەتی شۆڤیەتدا .

١٩٤٧/٦/١ بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی کوردستان لە رۆژهەلاتی کوردستان لە شاری مەهابادو بە بەردەوام بوونی لە دەرچوونی رۆژنامەکەدا لە لایەن چەند کەسێکی رۆشنبیری سەر بە رژێمی شا لە ئێران ، لە دوای رووخاندنی کۆماری کوردستان لەلایەن رژێمی شا لە ئێران بەپشتگیری ئەمەریکاو بەریتانیا لە هەرێمەکەدا .

١٩٤٧/٦/٥ وەزیری ئەمەریکی لە ووتارەکەیدا ڕایگەیاند ، کەوا وولاتەکەی ڕووبەڕووی هەموو تەحەدیەکان دەبێتەوەو گوتی:–

ئێمە لە ئەرکەکانمان ڕاناکەین ، ئەمەش بە بووژاندنەوەی ئەوروپا ڕاگەیاندراو وەبەرهێنەرە ئەمەریکیەکانە کە ڕۆڵی تێدا دەبینێ ... ئەمەش دواتر ناوی لێنرا پلانی مارشال .

شایانی باسە پاش تێپەڕبوونی دووساڵ بە سەر ڕاگەیاندنی نەخشەی مارشال لە ١٩٤٩/٥/٢٣ بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی هاوپەیمانان دەستووری بنچینەیی ڕاگەیاندراو بەم جۆرە ئەو گۆڕانە دیموکراسیە لیبڕالیەی ڕوویدابوو ، ماددەیەکی دەستووری و ووردەکاریەکانی ڕۆژانەی پێویست بوولە بەرەو جیهاندا .

١٩٤٧/٦/١٥ مستەفا بارزانی بەرەو یەکیەتی سۆڤیەت بەرێکەووت بەخۆیوو ٥٠٢ کەس لە هەڤالانی ، کە زۆربەی هەرە زۆری لە خزم و کەس و کاری بوون ، ئەویش بەرێگای شاخە بەرزەکانی سەر سنووری کوردستانی داگیر کراو لە لایەن هەردوو رژێمی شۆڤینی ئێران و تورکیا لە سەر خاکی کوردستاندا .

١٩٤٧/٦/١٨ پەڕینەوەی مستەفا بارزانی و ٥٠٢ کەس لە هەڤالانی لەرووباری ئاراس بەرەو

سنوورەکانی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو ، ئەویش لە پاش شەڕێکی دژووار لەگەڵ هێزەکانی سووپای هاوبەشی ڕژێمەکانی ئێرانو ئێراقو تورکیا لەسەر خاکی کوردستاندا .

١٩٤٧/٦/١٩ سەرەك وەزیرانی شانشینی لە ئێراق سالح جەبر ئەو چوار ئەفسەرە کوردە پالەوانەی لەسێدارەدا... کە ئەوانیش – عزەت عەبدولعەزیز، مستەفا خۆشناو، خەیروڵلا عەبدولکەریم، محەمەد قوودسی – بەهۆی بەشداریکردنیان لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە شاری مهاباد لەرۆژ هەلاتی کوردستان.

١٩٤٧/٧/٥ دامەزراندنی یەکیەتی پۆستەی جیهان ، کە ئەویش لەپێناو ڕێکخستنو پەرەپێدانی خزمەت گوزاری پۆستەبوو لەجیهان ، بە پێی دابەشی جووگرافی ، کە هەر پێنج ساڵ جارێك کۆنگرەیەکی نێوودەوڵەتی دەبەستێ... کە لە ١٩ ئەندام پێك هاتووە ، لەهەمان لێژنەی جێبەجێکردنو گەیاندن ، ئەویش بەپێی ئەو پرۆگرامەی کە کۆنگرە بۆی دادە ڕێژێ.... شایانی باسە ئەو ڕێکخراوەیە دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆساڵی ١٨٧٥دا.

١٩٤٧/٧/١٢ کۆچی دوایی شاعیرو نووسەرو ڕووناکبیری ناوداری گەلی کوردستان مامۆستا – دڵدار– لە شاری هەولێر لە باشووری کوردستان ، و هەر لە شاری هەولێر ، تەرمە پیرۆزەکەی بە خاك سپێردراوە لە گۆرستانی ژێر بازاری هەولێری نوێی ئێستا.

شایانی باسە کە ماموستا دڵدار لە ١٩١٨/١٠/٢٠ لە شاری شاعیران و هونەرمەندان کۆیسنجق چاوی بە جیهان هەڵهێناوە و خاوەنی مارشی نەتەوەیی کوردی- ئەی رەقیب - ە ، هەروا دڵدار کە زانی لە کاتی راگەیاندنی ئەم کۆمارە لە ١٩٤٦/١/٢٢ سروودی ئەی رەقیب لە کاتی راگەیاندنی کۆماری کوردستان لە شاری مهاباد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بۆتە مارشی راگەیاندنی ئەو کۆمارە و لە خۆشیا دەستی کردۆتەگریان . کە ئێستا بۆ سەرەتای کردنەوەی زۆربەی هەرە زۆری رادیۆو تەلەفزیۆنە ناوخۆیی و ئاسمانیەکانی کوردی بۆتە سروودی هەمیشەیی لە کوردستاندا ... ؟.. بەڵام داخەکەم...!



١٩٤٧/٧/١٨ هندستان سەربەخۆیی خۆی بەدەرچوونی لەژێر رژێمی شانشینی بەریتانیا راگەیاند ، کە بە یەکەم دابەشکردنی هندستان کێشووەرکە دادەنرێت ، ئەویش بەجیا بوونەوەی پاکستان لە هندستان و مانەوەی هندستان لەناو رایەڵەی کۆمەنوولسی بەریتانیادا ، بە ناوی – کۆماری هندستان – لە شاری نیودەلهی پایتەختی هندستان – کە ژمارەی

دانیشتووانی،١٠,٥٥٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە .
هەروا ژمارەی دانشیتووانی وولاتەکەی ، ١,٢٥٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیار کەسە .
هەروا رووبەری خاکی وولاتەکەی ، ٣,٢٨٧,٠٩٠ کبلۆ مەتر چوار گۆشەیە .
هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٨٧٩ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، هندی ئاری ٧٢٪ . دراڤیدی ٢٥٪ . مەگۆل و ئەوانیدیکە ٣٪ .لە ناو ئەو ڕەگەزانە زیاتر لە ٧٥٠,٠٠٠ هەزار کورد هەیە ، کە هەڵگری ئاینی زەردەشتین . لە وولاتەکەدا .

١٩٤٧/٧/٣١ هەڵووەشاندنەوەی کۆمەڵەی گەلان ، لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهان و دامەزراندنی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەشە جۆراو جۆرەکانی ، کە لەچەندین ڕێکخراوی جیاجیا پێك هاتووە ، لەپێناو چارەسەرکردنی کێشە نێوودەووڵەتیەکاندا.

١٩٤٧/٨/١٤ وولاتی پاکستان وەك وولاتێکی نیمچە سەربەخۆ دەرکەووت بەیەکێك لە وولاتانی دومنیون ، کە لە ژێر دەسەلاتی بەریتانیا بوو، کە مافی نیمچە سەربەخۆیی وەرگرت و بە بەریتانیا بەستراببووەوەو دەسەلاتدارەکانی پاکستان لەژێر دەسەلاتی سەرەك وەزیرانی بەریتانیا بوو بە دامەزراندنیان لە وولاتەکەدا . هەروا لە رۆژی ١٩٤٧/٨/١٥ سەربەخۆیی خۆی بە جیابوونەوەی لە هندستان راگەیاند .
دوای ئەوە لە سالی ١٩٥٦ بە تەواوی سەربەخۆیی وولاتەکەی بە دەرچوونی لە ژێر دەسەلاتی بەرینانیا لە وولاتەکیدا راگەیاند و بووە وولاتێکی سەربەخۆی نێوو دەووڵەتی لە کێشووەرەکەدا .

١٩٤٧/٩/٥ بەرپابوونی خۆپیشاندانی ئیسلامە کوردەکان بەسەرکردایەتی جودت حمیدوللاخان بەداواکردنی گەرانەوەی هەرێمی کشمیر بۆ سەر پاکستان بەلام هێزی پۆلیس بەگوللە توانیان خۆپیشاندانەکە دابمرکێننەوە لە هەرێمەکەدا .

١٩٤٧/٩/٢٠ کۆچی دوایی نووسەرو ڕووناکبیرو کەسایەتی ناوداری کورد حوسێن حوزنی موکریانی لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق.
جێگەی ئامارژە پێکردنە کە مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی ...کە بە



حوزنی داماو ناسراوە ... کوری سەید لەتیف موکریانیە و لە ١٨٩٤/١٠/٢٢ لە گەرەگی حەسانیانی شاری مەهاباد لە رۆژهەلاتی کوردستانی داگیر کراوو ژێر دەسەلاتی فارس لە ئێران چاوی بە جیهان هەلهێناوە لە هەرێمەکەدا .

هەروا لە سالی ١٩٠٦ شاری مەهابادی جێ هێشتووە و لە سالی ١٩١٥ لە ئەلمانیا چاپخانەیەکی کریووەو گەراوەتەوە شاری حەلەبی ئێستای وولاتی سووریا و دەستی کردووە بە کاری چاپەمەنی ... لە سالی ١٩٢٥ دەچێتە باشووری کوردستان و لە شارۆچکەی رواندزی سەر بە پارێزگای هەولێر ، چاپخانەکە دادەمەزرێنێت و یەکەمین ژمارەی گۆڤاری زاری کرمانجی لە ١٩٢٦/٥/٢٥ لەم شارۆچکە بلاو دەکاتەوە و بەردەوام دەبێت تا ١٩٣٢/٧/٢٣ ، کە سەر جەم ژمارەکانی زاری کرمانجی ٢٤ ژمارە بوونە لە هەرێمەکەدا .

دوای ئەوە کارەکانی دەگوازێتەوە بۆ شاری سلێمانی و دوای ئەوەیش دەگەرێتەوە شاری هەولێر ، هەروا لە شاری هەولێر گۆڤاری رۆناکی لە ١٩٣٥/١٠/٢٤ بلاو دەکاتەوە تا لە ١٩٢٦/٥/١٦ ، کە سەر جەم ژمارەی گۆڤارەکە ١١ ژمارە بوونە ... دوای جەنگی دووەمی جیهان مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی روو لە شاری بەغدا دەکات و سەرپەرشتی گۆڤاری دەنگی گێتی تازە دەکات لە شارەکەدا

هەروا مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی خزمەتێکی بێ وێنەی بزووتنەوەی رۆشنبیری کوردی کردووە و چەندین کتێبی بە نرخی بە چاپگەیاندووە و بۆتە سەرمایەکی بێ وێنە بۆ کورد و بزووتنەوەی رزگاری کورد لە کوردستان بە گشتی و لە باشووری کوردستان بە تایبەتی ، لە هەموو بوارە جیا جیاکان

و بەردەوام بوونی ئەم کەسایەتیە لە کارە پیرۆزەکانی تاکوو ماڵئاوایی لە گەل و نیشتیمانەکەی دەکات لە شاری بەغدای پایتەختی ئێراق .

١٩٤٧/٩/٢٨ لەکارێکی ناکاویدا لە چاوپێکەوتنی رەخنەگر – هانزفیرنردیشترو نووسەر – ئەلفرید ئەندریش – و ژمارەیەك لە نووسەرە ئەلمانەکان ئەم چاوپێکەوتنەش لە پێناو دەرچواندنی گۆڤارێکی ئەدەبی نوێ بوو بەناونیشانی – ئەلعەقرەب – کە ببێتە زمان حاڵی گەنجەکان لە ئەلمانیا لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی لە ١٩٣٩- – ١٩٤٥ – بەڵام ریشترو ئەندریش لەهەمان ساڵ گۆڤارێکیان دامەزراند بەناوی – ندا – کە سەرکەووتنێکی باشیان لێ بەدەست هێنا ، کە هەر ژمارەیەکی زیاتر لە ١٠٠ هەزار دانەی لێدەفرۆشا.

بەڵام لەوکات دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا لەشاری بەرلین ئەو گۆڤارەیان لە دەرچوواندن قەدەخەکرد... بەهۆی رەخنەگرتنیان لە هەڵس و کەوتەکانی هێزەکانی سووپاو بەرپرسانی ئەمەریکاو فەرەنساو بەریتانیا – هەروا گرڤاری عەقرەبیش بەهەمان شێووە مامەڵەی لەگەڵدا کرا بە هۆی نووسینی رەخنەگرتن لەهەڵس و کەووتی ئەو ووڵاتانە.

دوای ئەوە ریشتر و هاورێکانی بیریان لەسەنتەرێکی بە بەڵگە گەیشتنی نووسەرانی گەنج کردەووە. هەوڵی ئەوانە بوو، کە چیرۆکێکی سەرسورمان و لە دوایی ناوزەند بوون بە کۆمەڵی /٤٧... دوای ئەوە ئەو کۆمەڵە گەنجانە هەنگاوی باشیان بەرەو پێشەوە دەنا لە پێناو بەرۆشنبیر و زانستی و بەرگری کردن لە بوارەکانی ماف مرۆڤ لە ئەلمانیا، لە ئەنجام چەندین کەس لەو گەنجانە توانیان پاداشتی نۆبل و بروانامەی باڵا بەدەست بێنن لە بوارەکانی ژیان.

لە پێناو گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی مەدەنی و بەهێزکردنی ئەلمانیا لەهەموو بوارەکان... کە ئێستاش ئەلمانیا بۆتە یەکەم ووڵاتی ئابووری بەهێز لەجیهان لەتەك یابان و ئەمەریکا لە جیهان.

١٩٤٧/٩/٢٩ لە پەناهەندەییدا مستەفا بارزانی لە پارێزگای – نەخچەوان–ی کۆماری ئەرمینیای سۆڤیەتی گووازراوە بۆشاری باکۆی پایتەختی کۆماری

ئازربایجانی یەکیەتی سۆڤیەت.

١٩٤٧/١٠/٢٣ رژێمی شا لە ئێران رێکەووتننامەی نەوتی لەگەڵ دەسەلاتی یەکیەتی سۆڤیەتی مۆرکراو هەلووەشاندەوەو بە ئارەزووی خۆی مامەلەی لەگەڵ کوردو رۆژهەلاتی کوردستانی ژێر دەسەلاتی رژێمەکەی دەست پێکرد لە هەرێمەکەدا.

١٩٤٧/١٠/٢٤ لە ئاکامی خۆپیشاندانو دەربرینی نارەزاییو کێشەو ململانێ تێکۆشەرانی هەرێمی کەشمیر ، توانیان بەشێکی زۆر لە وولایەتی کەشمیر رزگار بکەنو حکوومەتی کشمیر پێك بێنن بەناوی - ئازاد کەشمیر- لە هەرێمەکەدا .

١٩٤٧/١١/٧ راگەیاندنی جیهانی لە بارەی دژی رەگەز پەرستی بەرامبەر بە ئافرەت لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

١٩٤٧/١١/٢٩ لە بریارێکی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ، ئەویش بەدابەش کردنی فەلەستین بە دووبەش ، کە بەشی یەکەمی کەوتە ژێردەسەلاتی جوولەکەو بەشی دووەمی کەوتە ژێردەسەلاتی عەرەب ، دوای ئەوە لە ٥/١٥ دامەزراندنی دەوولەتی ئیسرائیلو ١٩٤٨ راگەیاندرا بە دان پێنانی لەهەمان کاتدا ، لەلایەن ئەمەریکاو بەریتانیاو تورکیاو وولاتانی دیکەی جیهان .
هەروا دیاریکردنی سنووری دەوولەتی یەهوودی لەلایەن کۆمەڵەی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ، بە دامەزراندنی حکوومەتی کاتی ئیسرائیلو دەست بەکار بوونی دەسەلاتی بەسەر یافاو بەشێك لە باشووری رۆژئاوای جەلیلو عەکاو زیب ، هەروا بەسەر دانیشتووانەکانی سنوور ، کە دەگاتە سنووری لوبنانو گەرەکی یەهوودی لەناو پەرژینی شاری قوودسی کۆن .
ئەمەش بووە سنووری دەوولەتی ئیسرائیل ، کە هۆکاری بنەرەتیو سەرەکی بەرپابوونی کێشەو ململانێی نێوان ئیسرائیلو عەرەب دەستی پێکرد لەناوچەو هەرێمەکەدا .

١٩٤٧/١٢/٧ یەکەم هەلاتنی هێزەکانی سووپای فەرەنسا روویدا بەرامبەر شۆرشگێرانی - ئەلفیت مینە-ی ڤێتنام ، لەناوچەی سۆنگ لۆ .
کە بووە هۆی دەست پێکردنی گفتووگۆ لە نێوان نووێنەری سامی فەرەنسیو نووێنەری ڤێتنامیەکانی لایەنگیر لە کەنداوی - ئەلونگ- بە

مــۆركردنی ڕێكەووتننامــەی نێوانیــان بــەناوی ڕێكــەووتنی ئــەلۆنگ لــە ناوچەكەدا .

١٩٤٨

١٩٤٨/١/١ دامەزرانــدنی یەكیـەتی گـومرگی لـە نێـوان شانـشینی بەلـژیكاو هۆڵەنـداو لاكسمبۆرك بەناوی – بنیكلس– كە ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە بواری بازرگانی و ئالووگۆری كەلووپەلی پیشەسازی و كشتووكاڵی و تادوایی لەجیهاندا .

١٩٤٨/١/٤ وولاتی میانمار لە دوای خــەبات و تێكۆشــانی بــەردەوام تــوانی ســەربەخۆیی خــۆی بەدەرچــوونی لــەژێر دەســەلاتی شانــشینی بــەریتانیا ڕابگەیــەنیّ ،



كەزیاتر لە ٢٢٤ ساڵ لەژێر دەستی بەریتانیا بوو لە هەموو بوارە جیاجیاكان بەمانەوەی لەناو ڕایەلەی كۆمەنوولسی بەریتانیا. بە نـاوی كۆمـاری بۆڕما لـە كێشووەرەكەدا .

ئەم وولاتە پێی دگووتریّ – میانمار – لەهەمان كات پێی دەگووتریّ بۆڕما – كە نـاوی پایتەختەكـەی – ڕاگـۆن ، ڕایخـۆن – و ژمـارەی دانیـشتووانەكەی ، ٣,٩٥٠,٠٠٠ ملیــۆن كەســە . هــەروا ژمــارەی دانیــشتووانی وولاتەكــەی ، ٥٥,٣٨٠,٠٠٠ ملیۆن كەسە . هەروا ڕووبەری خاكی وولاتەكەی ، ٦٧٦,٥٥٠ هەزار كیلۆ مـەتر چوار گۆشـەیە . هـەروا چڕی دانیشتووانی ، ١٧٤ كـەس لـە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەكانی ، بۆرمیەكان ٦٨٪ . شان ، كـارخین ٣٠٪ . لە وولاتەكەدا .

١٩٤٨/١/١٥ مۆرکردنی پەیمانی – پۆرتسموث – لە نێوان رژێمی شانشینی لە ئێراق و بەریتانیا ، کە بەو هۆیەوە کاروباری تەواوی دەسەڵاتی ئێراق کەوتە ژێر دەسەڵاتی شانشینی بەریتانیاو بە بەهێزبوونی رامیاریەتی راوێژکاری بەریتانیا لەسەر ئێراق .

لەهەموو بوارە جیاجیاکان بەتایبەتی لەسەر سامانی نەوت و گاز، کە ئەو کاتەش هەمووی لەخاکی باشووری کوردستان بەهەم دەهێندرا لە پارێزگای کەرکوک و شاری خانەقین لە هەرێمەکەدا .

١٩٤٨/١/١٩ سەرکردەی کورد مستەفا بارزانی ووتارێکی لە پێش کۆنگرەی باکۆی پایتەختی کۆماری ئازربایجانی یەکیەتی سۆڤیەت خووێندەوەو باری کوردو شۆرشەکانی کوردی لە کوردستان یەکەیەکە روونکردەوە ، کە کوردە ئاوارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و باشووری کوردستان و باکووری کوردستانی لکێنراو بەئێران و ئێراق و تورکیا بەشداریان تێدا کرد ، بەگەیاندنی دەنگی کورد بەجیهانی دەرەوەی کوردستان.

١٩٤٨/١/٢٥ وەزیری دارایی پێشووی حکوومەتی شێخ مەحمودی حەفیدو کەسایەتی ناوداری شۆرشگێری کورد ، کەریم عەلەکە لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووەو گۆرەکەی لە شاری سلێمانیە لە هەرێمی باشووری کوردستان .

١٩٤٨/١/٢٧ ئەنجامدانی خۆپیشاندان و راپەرین لە هەموو شارەکانی ئێراق بە تایبەتی لە پارێزگاکانی باشووری کوردستان دژی دەسەڵاتی شانشینی لە ئێراق ، ئەویش بە هۆی مۆرکردنی پەیمانی پۆرتسمۆتی دژ بە گەلانی ئێراق لە نێوان

ئێراق و بەریتانیا.

١٩٤٨/١/٣٠ بانگەشەکردنی گاندی دامەزرێنەری وولاّتی هندستان بۆ رێزگرتن لە موسلمانەکان بە دڵی هیندۆسەکان نە ئەبوو، بەڵکوو هەندێك چین و توویژی ئەم تایەفەیە بەخیانەتکاریان وەسف کردو ئەوە لەم رۆژەدا کەسێکی هندۆسی توندرە سێ گوولەی ئاراستەی گاندی کردو تیرۆری کرد کە لەوکاتە گاندی تەمەنی ٧٩ ساڵ بوو.

١٩٤٨/١/٣٠ شۆڕشگێڕو پێشەواو رابەرو دامەزرێنەری کۆماری هندستان- گاندی- لەلایەن بەرهەڵستکارانی تیرۆر کرا... شایانی باسە ئەو بنەماڵەیە بەهۆی هەڵوویستی بوێرانەو شۆڕشگێریان لەپێناو بەمەدەنی کردنی گەلانی هندستان ، هەموویان رۆلی سەرکردایەتی هندستانیان گرتە دەست و هەر هەموویان لە ناوەندەکانی دەسەلاّتیان تیرۆر دەکران ، ئەو بنەماڵەیە دامەزرێنەری پارتی کۆنگرەی هندستان بوون . لەهەمان کات رۆلی گرنگیان هەبووە لە دامەزراندنی جوولانەوەی – حرکة عدم الانحیاز- لەنێوان وولاّتانی تازە پێگەیشتوو و دیموکرتی و نیشتمانخواز لە هەموو کێشوەرکان.



١٩٤٨/٢/٤ گەلانی وولاّتی سریلانکا سەربەخۆیی خۆیان لەدوای هەول و کۆششێکی بێ وچان راگەیاند . بە ناوی – کۆماری سەریلانکا – ناوی پایتەختەکەی – کۆلۆمبۆ – یەو هەروا ژمارەی دانیشتووانەکەی، ١,٨٦٥,٠٠٠ملیۆن کەسە لە شارەکەدا

هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاّتەکەی ، ١٩,٩٠٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا

رووبەری خاکی وولاتەکەی ، ٦٢,٦١٠ هەرا کیلۆ مەتلر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتوانەکەی ، ٧٨٧ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، سنهالیۆن ٧٥٪ . تامیل ١٨٪ . مەراکشی ٧٪ . لە وولاتەکەدا .

١٩٤٨/٢/١٠ کۆچی دوایی دەرهێنەرو داهێنەری سینمایی ناوداری ڕووسیا و جیهان- ئارنستیلن .

شایانی باسە لە ساڵی ١٩٥٨ لە شاری برۆکسل لیژنەی ناوبژیووان لەمێژوو نووسانی سینەما لە کۆی ٢٦ دەنگ لەو وولاتانەی کە پێکهاتبوو، فیلمی- زرێپۆشی بوتمکین- بەچاکترین فیلمی سینەمایی لەجیهان ڕاگەیاندرا ، کە لەلایەن ئەو ناودارە بەرهەم هێنرابوولە وولاتەکەیدا .

١٩٤٨/٢/١٣ کۆمەلێك لە کەسایەتی و جەماوەری پارێزگای هەولێرو شارۆچکەی کۆیە لە باشووری کوردستانی لکێندراو بەئێراق ، سەردانی شاری بەغدای پایتەختی ئێراقیان کرد ، لە پێناو بەشداریکردن لە خۆپیشاندان دژی مۆرکردنی پەیمانی پۆرتسمۆث ، کە دوا بەدوای ئەوانیش کەسایەتی و جەماوەری پارێزگای سلێمانی بەرەو شاری بەغدا بەرێکەووتن لە پێناو ڕەتکردنەوەی بیری داگیرکەران.

١٩٤٨/٢/٢٦ شاندێکی گەورەی کورد ، کە زیاتر لە ٥٠٠ هاوولاتی پێك هاتبوو لە شارۆچکەکانی ڕانیەو زاخۆو پارێزگای سلێمانی لە باشووری کوردستانی لکێنراو بەئێراق ، گەیشتنە شاری بەغداو لە گۆرەپانی کۆشکی شانشینی دەستیان کرد بە ڕێپێوان بەرەو گۆرستانی - باب المعظم- بەشەقامی ڕەشید.

کە ئەو کارەش لەکاتژمێر دووی پاش نیوەرۆ دەستی پێکرد ، ئەویش بەجلووبەرگی کوردی و هەر کوردیش خۆیان ڕێکخەری ئەو ڕێپێوانە بوون ، وەك نامەیەکی کراوە بۆ دەسەلاتدارانی شانشینی ئێراق و بەریتانیا لە وولاتەکەدا .

١٩٤٨/٣/١٧ مۆرکردنی پەیمانی زەمانی کۆمەلایەتی لە شاری برۆکسل لە نێوان بەریتانیاو فەرەنساو بەلژیکاو هۆلەنداو لۆکسمبۆرگ ، لەپێناو نەخشەی هاوبەشی هاوکاری وولاتانی ئەورووپای رۆژئاوا ، لەگەڵ ئەمەریکا لەپێناو بەرگری کردن لە رۆژئاوا... دوای سالێك ئەمەریکاو هۆلەنداو ئەو پێنج

وولاّتــەی کــە لــە ســەر پــەیمانی برۆکسل مۆریــان کردبــوو ، وەك ئیتالیــاو دانیمــارك‌و نەرویــژوپورتووگال‌و ئیسلەندا چــوونە ریــزی ئــەو رێکخــراوە لەجیهاندا.

١٩٤٨/٣/٢١ بەپێی بارودۆخی ئەوکاتی ئێراق ، بۆ یەکەم جار کورد توانی جەژنی نەورۆز بە هەلگیرساندنی ئاگری نەورۆز یاد بکاتەوە لە شاری بەغداو هەروا گوندو شارۆچکەو شاخە بەرزەکان‌و شارەکانی کوردستانی لکێنراو بەئێراقدا .

١٩٤٨/٣/٣٠ بلاّوکردنەوەی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی – نزار– لەلایەن مامۆستا عەلائەدین سجادی ، کە بەزمانی عەرەبی و کوردی لـلاّو دەکرایەوە ، کە یەکەم جار لە ١٥رۆژ جارێك بەچاپدەگەیەنراو دەگەیشتە دەست خوێنەران لە ئێراق و بەتایبەتی لە باشووری کوردستان .

١٩٤٨/٤/٧ دامەزرانــدنی رێکخــراوی تەندروســتی جیهــان ، ی ســەر بەنەتــەوە یــەکگرتووەکان ، لــە پێنــاو بــەرگریکردن لــە بلاّوبوونــەوەی هــەموو جــۆرە نەخۆشیەك‌و چارەسەرکردن‌و یارمەتیدانی لیقەوماوان لەجیهاندا.

١٩٤٨/٤/١٤ دامەزراندنی یەکێتی گشتی قوتابیانی ئێراق لە لایەن پارتی کۆمۆنیستی ئێراق ، ئەویش بە یاکردنەوەی گرێدانی کۆنگرەی – سیباع – لە شاری بەغدای پایتەخی ئێراق.

١٩٤٨/٤/٢١ لە دوای راگەیاندنی سەربەخۆیی وولاّتی هندستان‌و پاکستان ، کــە ئــەو دوو وولاّتــەش بوونــە هۆکــــاری داگیرکــــردن‌و دابەشــــکردنی هــەرێمی کشمیر لــە نێــوان هندســتان‌و پاکستان ،... هەرهندیش کێشەی کشمیری بەرز کردەوە بۆ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و... لە هەماکات رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانیش

بریاری ژمـاره/ ١٨ی دەرکـرد ، لـەبارەی کێشەی کشمیر بۆ چارەسـەرکردن ، بەڵام هند دەسـتگیر نـەبوو بەبریارەکـەو تـاکوو ئێسـتاش . کێشـەی کـشمیر بـە هەڵوواسـراوی ماوەتـەوە لـەنێوان هنـدو پاکستان، هـەردوو وولاتـیش خـاوەن چـەکی ئـەتۆمن و گەلـەکانیان لەوپـەری هـەژاری دا دەژیـن لـە وولاتـەکانیان و کێشووەرەکەدا .

١٩٤٨/٥/١٢ نووسـەرو رۆژنامـە نـووس تـارق محەمـەد سـەعید جامبـاز لـە شـاری هـەولێر پایتـەختی باشـووری کوردسـتان چـاوی بـە جیهـان هـەڵهێناوە . خوێنـدنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و زانکۆی لە هەولێر تەواوکردووە .



بکـالۆریۆس لـە یاسـا و سەرنووسـەری گۆڤـاری یاساپارێزی کـە گۆڤـارێکی یاسـاییە بـەزمانی کـوردی دەردەچـێ و ١٨ پاشـکۆی بەچاپ گەیاندووە.

لـە کۆتـایی شەسـتەکان بەشـداری لەخـەباتی رێکخـستنی یـەکێتی قوتابیـانی کوردسـتان کردووە هەر بە پلەی ئەندام و دواتـر ئەنـدامی لقـی هەولێر بووە تاکو دەستەی باڵا وەرگرتووەو بەشداری لـە شۆڕشی ئەیلولدا کردووە

دوای نسکۆی ١٩٧٥ هەرچـەندە پاڵەپەسـتۆو چاوسـوورکردنەوەو هەڕەشـەو گوڕەشـەی لێکـراوە ، بـەڵام خۆڕاگرانـە نەبۆتـە بەعـسی و بـەرگی جەیـشی ناشەعبیشی نەپۆشیووەو نووسینەکانیشی بە زمـانی کـوردی و عـەرەبی بـۆ داکۆکیکردن لـە ناسـنامەی تایبەتمەنـدی نەتەوەکـەی تـەرخانکردووە ، دوای راپەڕینە مەزنەکەی ١٩٩١ بۆتە پەرلـەمانتار لـەخوولی یەکەم لـە سـاڵی ١٩٩٢ و دووەمـی پەرلـەمانی کوردسـتان لـە سـاڵەکانی ٢٠٠٥- ٢٠٠٩ و جێگـری

سەرۆکی لێژنەی پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- ئێراق بووە ، ئەندامی لێژنەی یاسایی و بەشداری لە لێژنەی پشتیوانی پەرلەمانی کوردستان بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لە پەرلەمانی ئێراق بۆ نووسینەوەی دەستووری ئێراق ٢٠٠٥ کردووەو لە سەر پێشنیازی ئەو دەستوورەکە لە لایەن -un- نۆسەدو پەنجا هەزار دانەی لێ چاپ و بڵاوکراوەتەوەو هەر لەلایەن ئەوو سێ پەرلەمانتاری دیکە وەرگێردراوەتەوە بۆ سەر زمانی کوردی و لە دەستەی دامەزرێنەری سەندیکای رۆژنامە نووسانی کوردستانەو ئەندامی یەکێتی نوسەرانی کوردو سەندیکای پارێزەرانی کوردستانەو... هتد.

کە دەستنووسی - اعلام الکرد العراق- لە نووسینی پارێزەر جەمال بابان ساڵی ٢٠٠٢ درا بە دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە شاری بەغدا ئەوسا بەڕێوەبەری گشتی دەزگاکە لەسەر ناوی (٣٠) سی کەس بە پێتی -X- ئێکس نووسی کە نابێ ناویان لەم دەستنووسەدا هەبێ کە ئەمانەن - ئیبراهیم ئەحمەد ، مستەفا بارزانی ، دڵشاد مەریوانی ، رەفیق سالح ، سیروان شاکر ، گارق جامباز ، عەبدوڵڵا ئاگرین... ولە ساڵی ٢٠٠٦ لە سلێمانی چاپکرا.

لەچەندین کۆنگرەی نێوودەوڵەتی لە هەندەراں و کوردستان لە بارەی فیدراڵی ٢٠٠٥ لە ئیتاڵیاو ٢٠٠٧ لە ئەڵمانیاو ٢٠٠٨ لە هەولێر بەشداری کردووەو ئەم بەرهەمانەشی بە زمانی کوردی عەرەبی بەچاپ گەیاندووە:-

١ - محەمەدو سێوێ و سورمێ خان و قورشیدی چاو بەخار (دوو تراژیدی فۆلکلۆری کوردی)، ١٩٨٣ ..تێکستی هەشت چیرۆکی ئەفسانەی کوردی، ١٩٨٦... چل کەزی، ١٩٩٠.

هەفتەنامەی گۆڤار (هەفتەنامەیەکی حزبی (هیوا) لەهەولێر، ١٩٩٨.

مراسیم وقرارات مجلس قیادە الپورە (١٩٦٣- ٢٠٠٣) المتعلقە بکوردستان، ٢٠٠٤. گ٢.

الـتگهیر العرقـی (تغـییر القومیـە) للکـورد والترکمـان ڤ کرکـوك، ٢٠٠٤. گ٦....زمانە فەرمییەکان لە دەستووری وڵاتە فیدرالیەکان، ٢٠٠٥.

القانونی هادی الچاوشلی مواقف کوردیه مجهوله، ۲۰۰۵.
حزبی هیوا له لیوای هەولێر، ۲۰۰۵.
اماکن العباده المدمره للمسلمین والمسیحیین والایزیدین لفتره ما قبل عملیات الانفال السیئه الصیت وامتداداً لما بعدها فی کوردستان- العراق، ۲۰۰٦.
پەرلـەمانتارانی خـولی دووەمـی پەرلـەمانی کوردسـتان (۲۰۰۵- ۲۰۰۹)، ۲۰۰۷.
اعچاو برلمان الدوره الپانیه لبرلمان کوردستان- العراق، ۲۰۰۸.
من اباده اللغات الی قانون اللغات الرسمیه فی العراق الاتحادی، ۲۰۰۸.
اوراق فیدرالیه من کوردستان- العراق، ۲۰۰۸.
لیال کوردیه فی الف لیله ولیله مع کتابات ئ‌خری، ۲۰۰۸.
پەرلەمانتارانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەپەرلەمانی عێراقدا، ۲۰۰۹
پەرلـەمانتارانی خـولی دووەمـی پەرلـەمانی کودرسـتان (۲۰۰۵- ۲۰۰۹) پرسیاربارانی حکومەت دەکەن. ۲۰۰۹.
چحایا عملیات الانفال من المسیحیین والایزیدیین، گ۲، ۲۰۰۹.
لـەناودارانی دەڤـەری سـۆران شـێخ کـاك ئـەمینی سـەران (۱۸۷٤- ۱۹٤۰) پارێزەر/ گارق جامباز، ۲۰۰۹.
Kerkük'te Kürt Ve Türkmen Soykirimi (Kimlik Değiştirme) 2009. Ethnic Cleansing (Kurds and Turkmans) Forced to Change their national identities in Kirkuk Matli D. Translated from Arabic by: khammd, Sami M. Sheiko. 2009
۲ – عملیـات الانفـال لعـام ۱۹۸۸ فی کوردسـتان- العـراق جریمـه العـصر المنـسیه (موپوقـه بقـوائم الاسمـا و الاگفـال والنـسا و) الجـزو الاول مـع نهلـه محمد، ۲۰۰٤.
شـژرات مـن واقـع المـراه الکوردسـتانیه خـلال الاعـوام (۱۹۹۲- ۲۰۰۹)،

کوردستان العراق نموژجاً. گ٥. مع نهله محمد، ٢٠٠٩.
ئاماری دانیشتوانی قەڵای هەولێر ١٩٢٢ لەگەڵ نەژاد بەرزنجی، ٢٠٠٦.
رەواندوز شارەکەی پاشای گەورە لەگەڵ مەولود شێخانی ٢٠٠٦.
اتفاقیه السلام الشامل بین حکومه جمهوریه السودان/ والحرکه الشعبیه لتحریر السودان، مع المحامی کریم محمد صوفی، ٢٠٠٥.
نصوص الدساتیر فی الدول العربیه مع المحامی کریم محمد صوفی، ٢٠٠٥.
قەندیلۆکە وەرگێڕان لەگەڵ عەباس محمد حسین، ١٩٧٩.
پەرلەمانتارانی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢- ٢٠٠٥) لەگەڵ نیعمەت عەبدوڵا پیرداود، ٢٠٠٨.

BIST FROM OF THE REALITY OF KURDISTAN WOMEN, 2004- 1992, IRAQI KURDISTAN AS AN EXAMPLEk

Tariq Jambaz & Nahla Mohammad, IRAQ KURDISTAN NATIONAL ASSEMBLY MPs, Kurdistan-2006.

٣ – لە تەك ئامادەكردنی دەستووری (١٥) وڵاتانی فیدراڵ و (٥) لەهەرێمەكانیان و (٣) چاپەمەنی لەبارەی زمانە فەرمییەكان لەوڵاتانی فرە زماندا .

٤ – سەرنووسەری گۆڤاری یاساپارێزییە، گۆڤارێكی یاساییە بەزمانی كوردی دەردەچێت، و18 پاشكۆی بەچاپ گەیاندووە.

٥– دەیان لێكۆڵینەوە لە گۆڤارو رۆژنامەكان بەزمانی كوردی و عەرەبی بڵاوكردۆتەوە

١٩٤٨/٥/١٤ رژێمی شانشینی لە ئێراق – حووكمی عورق – لە هەموو ئێراق... راگەیان، كە ئەمەش بووە هۆی پاشگەزبوونەوەی رژێمی شانشینی بەم نیمچە

ئازادییەی کە لە ئێراق هەبوو کە بە خەبات وتێکۆشانی گەلانی ئێراق و مل کەچنەکردنی بەرژێم هاتبووە کایەوە.
هەر لەو کاتەش سەرجەم هێزە نیشتیمانی و دیموکراتەکان رووربەرووی شالاوێکی درندەی فراوان هات، لە گرتن و تۆقاندن و دروستکردنی دڵە راوکێ لە ناو دەروونی گەلانی ئێراق، بە تایبەتی لە دوای لەکار کەووتنی حکوومەتی محەمەد سەدرو دامەزراندنی حکوومەتێکی تازە لەلایەن نووری سەعید... ئەمەش بووە هۆی گەماڕۆدانی جوولانەوەی نەتەوەیی و نیشتیمانی و کۆمەلایەتی لە ئێراق.

١٩٤٨/٥/١٤ ئەنجوومەنی نیشتمانی یەهوودی- واتە کنیست- سەربەخۆیی دەوڵەتی ئیسرائیلی راگەیاندو ، یەکەم پۆستی سەرۆکی دەووڵەتی ئیسرائیل

لەلایەن – حایم وایزمان- گرترا دەستو یەکەم سەرەك وەزیرانیش لەلایەن دیڤید جریۆتی گرترا دەست ... شایانی باسە ئیدارەی ئەمەریکا بەر لەو راگەیاندنە دانی بە دەووڵەتی ئیسرائیل نابوو شان بەشانی بەریتانیا لە جیهاندا .
کە پایتەختی وولاتەکەی شارەکانی – ئۆرشلیم و قوودس – ە و ژمارەی دانیشتووانەکەی ، ٨٠,٠٠٠ هەزار کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ٦,٣٥٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری خاکی وولاتەکەی ٢٦,٦٥٠ هەزار کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٦١٧ کە لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، جوولەکە ٨٥٪ . عەرەب ١٥٪ . هەروا لە ژمارەی تەواوی دانیشتووانی ئەو وولاتە زیاتر لە

۲۷۰,۰۰۰ هەزار کورد ی تیا نیشتە جێیە . لە وولاّتەکەدا .

۱۹٤۸/٦/۲٤ لە دوای دابەشکردنی ئەلمانیای هتلەری ، ئەویش بە ئەلمانیای رۆژهەلاّتی سەربە یەکێتی سۆڤیەتو ، ئەلمانیای رۆژئاوای سەر بە ئەمەریکا ، دەست کرا بە دورستکردنی پەرژینی بەرلین لەنێوان هەردوو ئەلمانیای رۆژئاواو رۆژهەلاّت ، لەناوەراستی شاری بەرلینی پایتەختی ئەلمانیای هتلەری ئەوکاتدا لە کێشووەرەکەدا .



۱۹٤۸/۷/۱۰ کۆچی دوایی مێژوونوسو روناکبیرو کەسایەتی ناوداری کورد و وەزیری بەرگریو جێگری یەکەمی پەرلەمانی ئێراق – محەمەد ئەمین زەکی .
لە تەمەنی ٦٨ سالیداو ، کە تەرمەکەی لە گردی سەیوان لە شاری سلێمانی نێژراوە. لە هەرێمی باشووری کوردستان .

۱۹٤۸/۷/۲۱ خۆتیرۆرکردنی ئارشێك گۆرکی لە تەمەنی ٤۲ سالّیدا ئەمەش بەهۆی نالەباری باری ژیان و تەندروستی و هۆکاری دوورکەوتنەوەی خێزانەکەی لێی.
شایانی باسە ئەم نیگارکێشەی قوتابخانەی نیورۆك لە سالّی ۱۹۰٤ لە ئەرمەنستان لەدایك بووە .
لەدوای کۆمەلّ کووژیەکەی ئەرمەنی دەربەدەر دەبێت و لە سالّی ۱۹۲۵ دەگاتە شاری نیویۆرکی ئەمەریکا.

۱۹٤۸/۷/۲۹ پێشبرکێی یارییەکان جامی جیهانی – ئۆلەمپیات – لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا ئەنجامدراو بەردەوام بوو تاکوو رۆژی ۸/۱٤ی هەمان سالّ.لە نێوان یاریزانانی وولاّتانی بەشدار بوو لە یاریە جیا جیاکاندا .
تێبینی:– وێنەی یاریەکانی ئۆلەمپیات لە ئەنجامدانی هەموو یاریەکان لە گەلّ دانەنراوە .

١٩٤٨/٨/٥ كۆريـــای باشـــوور سـەربەخۆیی خـۆی راگەیانـد ، لـەدوای دان پێنانی لەلایەن رێكخـراوی نەتـەوە یـــــەكگرتووەكان بەشـــــێوەیەكی یاسـایی، ئـەویش لـــــــەدوای دابەشكردنی كۆریا ، بـە دووبەشـی دژ بەیـەكتری كۆمۆنیـستی و سـەرمایەداری ، لـە نێـوان ئەمـەریكاو یەكیـەتی سۆڤیەت، لەدوای جەنگی دووەمی جیهان ، ئەویش بەدابەشكردنی چەندین وولاتـانی دیكـەی جیهـان لـە نێوان خۆیـان لەوانـە ئـەلمانیاو ڤیێتنـامیش لـە جیهاندا

ئەم راگەیاندنەش بەناوی كۆماری كۆریای باشوور بوو لە نیمچە دوورگەی

کۆریا لـه کێشووەرەکەدا . لـه شـاری – سـیئۆل –ی پایتـەخت ، کـه ژمـارەی دانیشتووانەکەی ، ١١,٨٦٥,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ٤٩,٨٩٥,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری خـاکی وولاتـەکەی ، ٩٩,٠٢٠ هەزار کیلۆ مـەتر چوار گۆشەیە . هـەروا چڕی دانیشـتووانەکەی ، ١٣٠٥ کەس لە یەك میل چوار گۆشـەدا . هـەروا نژادەکانی ، کۆری ٩٩٪ . لـە وولاتەکەدا .

١٩٤٨/٨/٢٩ لـه پەناهەنـدەیی مستەفا بـارزانی و هەڤاڵـەکانی لـه شـاری بـاکۆی پایتـەختی ئازربایجـانی سـۆڤیەتی گوواسـتراونەوە ، بـۆ ناوچـەی شـاری تاشـقەندی پایتەختی کۆماری ئۆزبەگستانی سۆڤیەتی کۆمۆنیست لە کێشووەرەکەدا .

١٩٤٨/٩/٩ لـــــــــه دوای دابەشـــــــکردنی وولاتــــی کۆریـــا ، بەدوو وولاتـی لێـك جیـا کـــەرەوە بـــه نــاوی ، کۆمـــاری کۆریـای باشـوورو کۆمـاری کۆریـای بــاکوور– کـــه کۆریـای بـاکووری دیمـوکراتی میللـی سـەربەخۆیی خـۆی راگەیانـد بەپشـتیووانی یەکیـەتی سـۆڤیەت ، بەرامبـەر بـه کۆریـای باشـووری لایـەنگیری ئەمـەریکا... شـایانی باسـکردنه کـه تـاکوو تـەواوکردنی ئـەو مێژوونامەیـه ، کێـشەو ململانـێ لـه نێـوان هـەردوو کۆریـا بەردەوام بووە بەتایبەتی بەرامبە بە کۆریای باکوور بەهۆی بوونی توانای چەکی هەمە جۆری ئەتۆمی لەناوچەی نیمچە دوورگەی کۆریادا.

ئەم راگەیاندنەش بە ناوی – کۆماری کۆریای دیمەکراتی مللی – لـه شـاری – پیونگیـانگ– ی پایتـەخت ، کـه ژمـارەی دانیـشتووانەکەی ، ٣,٩٩٠,٠٠٠ ملیـۆن کەسـه . هـەروا ژمـارەی دانیـشتووانی وولاتەکـەی ، ٢٣,٥٨٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە . هەروا رووبەری خاکی وولاتەکەی ، ١٢٠,٥٤٠هەزار کیلۆ مـەتر

چوار گۆشەیە . هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٥٠٧ کەس لە یەك میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، کۆریەکان ٩٩٪ . لە وولاتەکەدا .
کە کۆمەڵەی گشتی نووێنەری کۆریا لە باکوور، دامەزراندنی کۆماری میللی دیموکراتی کۆریایان راگەیاند، کە بووە هۆی کردنەوەی لاپەرەیەکی دیکە لەمێژووی خەباتی ئەو وولاتەو لەهەمان کات بووە هۆی سەرهەلدانی کێشە لەگەڵ ئەمەریکا لە ناوچەکەدا ، بەهۆی سەرکەووتنی ئەمەریکا بەهێزی سەربازی لەیابان لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهاندا .

١٩٤٨/١٠/٩ مۆرکردنی رێکەووتننامەی دژ بە ئەنجامدانی کردەوەکانی جینۆساید دژ بەگەلانی ژێر دەستەو داگیرکراو، کە لە برگەی /٢ ی رێکەووتنەکەدا هاتیە ، کە جینۆساید بریتیە لە کردەوەیەکی دژ بە مرۆڤ و لەناوبردنی نیمچە ، یاخوود تەواوی بەچارەی نەتەوەیی، یاگرووپێك لە وولاّ جیا جیاکانی جیهاندا.

شایانی باسە کە رژێمە دژ بە یەکترەکانی تورکیا ئێران و ئێراق و سووریا ، هەریەك لەوانە بەشێکی دیاریکراو لە رووبەری خاکی کوردستانی گەلی کوردیان پێ لکێنراوە بەپێی پەیمانی لۆزانی١٩٢٣/٧/٢٤ لە لایەن وولاّتانی

هاوپەیمان بە سەر کردایەتی بەریتانیا ، ئەو رژێمانە درێخیان نەرکدووە لە کرداری جینۆساید بەرامبەر بەکوردو نیشتمانەکەیدا چ لە بەعەرەبکردنو بە تـورککردنو بـە فارسـکردنو بـە گوواسـتنەوەی خێزانـی کـورد لەجێگـەی رەسـەنی خۆیـانو بـە هێنـانی خێزانـی نەتـەوەکانی خۆیـان بـۆ ناوچـەکانی کوردستان لە ناوچەکەدا .

ئەویش بەگۆرینی دیمۆگرافیای جووگرافی خاکی کوردسـتانو کـرداری بە کۆمــەلکوژیو زیندەبەچــالو وێرانکردنــی گونــدو شارۆچــکەو کانییــاو دارستانو کیمیا بارانو ئەنفال.. هەریەك لەو دەسەلاتانە بەپێی خواستو ویـستو ئامانجـەکانیانو ، بـەپێی بـارودۆخی ناوچـەو هـەرێمو جیهـان ئەنجامیان داوە بە رامبەر بە گەلی کورد لە سەر خاکی کوردستاندا.



١٩٤٨/١٠/٢٨ دەسـەلاتی نـوویی ئیـسرائیل ئـالای دەوولەتەکـەیان بـەرز کردەوە ، کە پێك هاتووە لـە ئەسـتێرەی داود ، بـەرەنگی شـین – کـە هێمـای دەوولـەتی ئیـسرائیلە –، لـە نێـوان دوو هێلـی شـین ، کـە هێماکـە بـۆزێی نیـلو زێـی فـورات دەکـات ، کـە جوولانەوەی سەهیۆنیزم بە سنووری دەوولەتەکەیان دادەنێن... ئەی کورد... بەلام عەرەب قەیناکە.

١٩٤٨/١١/٥ کۆچی دوایی نووسەرو فەرهەنگ نووسی کورد مامۆستا – تاهیر سادق – لە شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان ، لەتەمەنی ٧٣ سالیدا ، تەرمەکەی لە گۆرستانی سەرچنار بەخاك سپێردرا ، شایانی باسە کە مامۆستا تاهیر لە سالی ١٩١١ لـە شـاری کۆیـە لـە بنەمالەیـەکی ئـایینی و زانـست پـەروەر ، بنەمالـەی دایەخەجێ لەدایك بووە ... لە سالی ١٩٣٩ بووەتە ئەندامی پارتی هیوا.



١٩٤٨/١١/١٠ کۆچی دوایی هۆزانەوان ماموستا – زیوەر– لە شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان ،کە تەرمەکەی لە گۆرستانی گردی سەیوان لە شاری سلێمانی بە خاك سپێردراوە لە شارەکەدا.

جێگەی باسکردنە کە شاعیرو نووسەری ناوداری کورد ماموستا زێوەر لە ساڵی ١٨٧٥ لە شاری سلێمانی لە گەرەکی کانیسکان چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ، ناوی تەواوی – عەبدوللا محەمەد رەسووله و لە بنچەدا خەڵکی دەڤەری پشدەرن لە هەرێمەکەدا

دوای ئەوە رووی لە قوتابخانە کردووەو ، هەروا لە حووجرەی فەقێیاتی خووێندوویەتی ، دوای ئەوە لە ١٩٢١/٢/١٩ بە ماموستا دامەزراوە لە قوتابخانەی نموونەی سەعادەت بە مووچەی ١١٠ رووپیە ، دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٣٠ ماموستایەتیەکەی گوازراوەتەوە بۆ ناحیەی بەرزنجە وبە ماموستا ماوەتەوە تا بەسزایەك دوور خراوەتەوە ، ئەویش بۆ دابراندنی لە کۆمەڵ و رۆشنبیران و لێ ئاگا نەبوون لە رووداوی سەردەمی خۆی ، تا ساڵی ١٩٣٨ و لە وێووە بۆ بیارە و لە وێشدا لە سەر کار لادراوە بە خانەنشین کردنی لە کارەکەیدا .

هەروا ماموستای شاعیر چەندین بەرهەمی خستۆتە بەر دەستی خووێنەرو رۆشنبیران لە وولاتەکەیدا ، وەك :– ژیانی پێغەمبەران ، دەستە گوڵی لاوان ، چیرۆکی خیۆی ناو مزگەوت ، داستانی سۆزناڵ گەریلا ، کە ئەمە شیعرە بە زمانی فارسی لە ساڵی ١٩٨٨ چاپکراوە – سۆزی نیشتیمان ، فەرهەنگی زێوەر ، لە گەڵ چەندین ووتارو بابەتی دیکەو دەستنووسەکانن ، کە ماموستا زێوەر بەردەوام بووە لە کارەکانی تا ماڵئاوایی کردنی لە گەل و نیشتیمانەکیدا لە شاری سلیمانی لە باشووری کوردستاندا .

١٩٤٨/١١/١٩ بە هۆی كێشەی هاوسەری لە نێوان شای ئێران محەمەد رەزاو هاوسەرەكەی خاتوو فوزیە خان ، كە داوای تەلاقی لە شاە رەزا كرد بە هۆی خیانەتی هاوسەریەتی و ، لە ئەنجام خاتوو فەوزیە داواكەی پەسەند كرا بەتەلاقدانی لە شا رەزا .

محەمەد شا بە ئارەزووی خۆی هەلس و كەوتی لەگەڵ ئافرەتانی خواستیاری خۆی دەكرد.. شایانی باسە هاوسەری شای ئێران خاتوو فوزیەخان خوشكی شانشین فاروقە كە شانشینی میسر بووەو لەنژاد دەگەڕێنەوە بۆ سەر بنەماڵەی محەمەد عەلی پاشای دامەزرێنەری وولاتی میسر ناسراو بوون بە بنە ماڵەی خدیووی ، كە لەرەچەلەكدا نژادیان كوردە . لە پارێزگای دیاربەكر لە باكووری كوردستان روویان لە ناوچەیەدا كردووە لە كێشوورەكەدا .



١٩٤٨/١١/٢٨ تیمێكی گەرۆكی بیانی سەردانی هەرێمی باشووری كوردستانی كرد لە پارێزگای هەولێرو دۆڵی بالیسان... كە ئەو گەرۆكانە سەردانی چوار شووێنیان كردووە، لەم دۆڵەدا بەمەبەستی پشكنین. ئەوانیش :- گردی دێگە – گردی شلیمۆن – گوندی بالۆكاوە – گردی كانی كەلەك – كە لێكۆڵینەوەی ووردیان لە چۆنیەتی ئەو شووێنەوارانەی كە لە و گوندو گردانە هەبوو كردووە.

لە ئەنجامی لێكۆڵینەوەكانیان دەركەوتووە، كە ئەم شووێنەوارانە بەر لە ساڵی زایینی شارۆچكە بوونەو لە ئەنجامی شەڕو پێكدادان لە سەردەمی –

ئەخمینیەکان – ویران کراون. ئەویش بەپێی دۆزینەوەی ئەو ئێسقان و پروسکانەی کە لەم شووێنانە دۆزراونەتەوە. لە ئاکام وای بۆچوون کە بەکۆمەڵ لە ناوبران و ئەم هەوڵەش بەشێووەیەکی بابەتی لە گۆ ڤاری – سۆمەری ئێراقی – لە ساڵی ١٩٥٠ تۆمارو بڵاوکراوەتەوە. هەروا – نووسەری ناوداری کورد – ئایەتوللا محەمەد مەردۆخی زەکی – لەکتێبی – کورد و کوردستان دەڵێ :–

بالوکاوە و گردی دیگە – لە سەردەمی ئەخمینیەکان شاربووەو کۆنترین شارستانی ناوچەکە بووەو پاشان دەڵێ : – ئەم دوو شووێنە ئەوەندەی قەڵای هەولێر بووەو بە کۆنترین شار دادەنرێت و هەروا دەڵێ : – سەرچاوەیەکی ئاوە زۆرکانی کەلەك هەبووە. هەموو دەشتی بالوکاوە و بالیسانی پێ ئاودێرکراوە.

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە ناوی بالیسانی چەند بیروو بۆ چوونێك هەیە لە یەکتر جیاوازن... دەڵێن ووشەی بالیسان وشەیەکی ئارامیە. واتە ئەو باخانەی کە کەوتوونەتە بەرزاییەکان و لەدەشتایی نین. هەروا هەندێکیش دەلێن بالیسان ووشەیەکی فارسیە – بال – واتە – قووڵ – یان – ساڵ – واتە پێشاندان – بالیسان. بال پێشاندان.

لە رووی مێژوویەوە بالیسان دەووڵەتێك هەبووە بەر لە ٣٠٠٠ هەزار ساڵ پێش زایین بەناوی – دێگە – کە تا ئێستا گردێك لەخوارووی بالیسان ماوە بەناوی – گردی دیگە – لە دوای – دیگە شاکورەکەی – شاجوان – بۆتە پاشای ئەم دەووڵەتەو بەهاتنی سووپای – ئەفراسیان – دەسەڵاتی لەدەستداوە... بەڵام نەزانراوە سنووری دەسەڵاتی تا کام جێگە رۆیشتووە. هەر وەك لەکتێبی – صبح الاعشى – باسی گردی –بالوکاوە – دەنگارەی ئێستا لە – توتمە – کراوە، کە قەلای گەوورە لە – معجم البدان – ی یاقووتی حەمەوی – داهاتووە، کە هاورایە لەگەل – محەمەد مەردۆخی – کە دەڵێ :–

ئەم دوو شوێنە دوو قەلای سەخت و قایمیان لێبووە و باخ و باخاتێکی چرو پر لەدەوریان بوونە.

بالیسان لەدۆلی خۆشناوەتیەو بەرامبەر شاخی هەورێیەو ٢٢ کیلۆمەتر لە رۆژهەلاتی خەلیفان دوورە بەلای گوندی بێراوە.

<u>سەرچاوە</u> :– مێرگ ژمارە /٢٩ لاپەرە/٨.

١٩٤٨/١٢/٩ کۆمەڵـەی گـشتی ڕێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان بڕیـاری ژمـارە /٢٦٠ی دەرکرد ، بە قەدەخەکردنی تاواندنەوەی ڕەگەزی مرۆڤایەتی کە لە مادەی /٤ ی بڕیارەکە هاتووە:- بەسزادانی هەر کەسێ یاخوود هەر دەسەڵاتدارێك ، یاخوود وڵاتێك ، کە هەڵدەستێ بەو تاوانە ، جا دەسەڵاتدار بێ یاخوود بەرپرسانی کار بەدەستی ئەو وڵاتانە ، یان فەرمانبەری ڕەسمی دەوڵەت بێ..

شایانی باسە ئەم بڕیارە لە ٥٪ی جێبەجێ نەکراوە تاکوو ئێستاش بەرامبەر بەگەڵانی دابەشکراوو داگیرکراو ، کاری جینۆساید بەردەوام بووە لە هەموو بوارە جیا جیاکان ، لەوانە بەرامبەر گەلی کوردو نیشتمانەکەیان لە هەرێم و ناوچەو کێشووەرەکەدا .

١٩٤٨/١٢/١٠ لە شاری واشنتۆنی پایتەختی ئەمەریکا وتوویژ لە نێوان باڵیۆزەکانی دەوڵەتانی پەیمانی برۆکسل و کەنەدا و وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان، بۆ دروستکردنی پەیمانی ناتۆ دەستی پێکرد بەرامبەر پەیمانی وارشۆی نێوان وڵاتانی سوشیالیست، لەدوای جەنگی دووەمی جیهان، کە ئەویش لە مانگی /١٩٤٩/٤ بڕیاری دامەزراندنی بۆ دەرکرا.

١٩٤٨/١٢/١٠ ئەنجوومەنی ئاسایشی نێوودەوڵەتی جاری مافی مرۆڤی ڕاگەیاند لە کۆشکی – شابوو– لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا ... جێگەی باسکردنە کە ڕاگەیاندنی جاری گەردوونی مافی مرۆڤ لە دوای جەنگی جیهانیدا دژ بە هتلەرو دۆستەکانی بوون ، کە نزیکەی ٦٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن کەس کووژران ، زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا زیانێکی زۆریان لێکەووت و وێران کران .

ئەویش بۆ ئەوەی جارێکی دیکە درندایەتی و بەربەریەتێکی ئەوا ڕوونەداتەوە ، پێوویستە جیهانێکی نووێ لە سەر بناخەی ئازادی و ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ و یەکسانی لە نێوانیان دابمەزرێندرێت . دەبێ دژایەتی و تەنگوو چەڵەمەی نێوان وڵاتان بە ڕێگەی گفتووگۆ چارە سەر بکرێت لە جیهاندا .

دوای کۆتـایی هـاتنی جـەنگی دووەمـی جیهـان لـە مـانگی ١٩٤٥/٤/دا لـە کۆنفرانسی – سان فرانسیسکۆ – نووێنەرانی ٥١ وولاّتـی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیان لە پێناوی پاراستنی نەوەی نووێ لە کارەساتی جەنگ ، کە دوو جار ئێش و ئازارێکی بە سەر مرۆڤایەتیدا هێنابوو لە جیهاندا پێك هینا .

ئەویش بە بەرپرسیاری پاراستنی ئاشتی و پشتگیری لە شەڕێکی جیهانی نووێ سپێردرا بەو سێ وولاّتەی کە لە جەنگدا سەرکەووتوون – ئەمەریکا – بەریتانیا – یەکیەتی سۆڤیەت – چینی مللی – لەم دەزگایەدا بناخەیەکی مەعنەوی بۆ وەرگرتن و قبوولّکرنی گەلانی سەر بەئایین و فەرهەنگ جیاواز دانرا , کە پسپۆری شارەزایانی زۆر وولاّتان بە سەرۆکایەتی زانای فەرەنسی – ڕێنـێ کاسن – و پسپۆری ئەمەریکا – ئێلێونۆر ڕۆزفێلّت – لە سەر ئەم پرسە کاریان کردوو ناوەڕکی بابەتەکەیان ئامادە کرد .

دوای ئەوە کەوتە بەر دەستی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و چەندین هەموارکردنی لە سەر کراو لە ئاکامدا ئەم ڕاگەیاندنە پەسەند کرا ، کە خۆی لە ٣٠ بەند دەگرێ و یەکـەم بەنـد دەڵـــێ :–

هەموو مرۆڤان بە ئازادی لە دایك دەبن و یەکسانیشن لە نرخ و بایەخ و مافدا , عەقل و ویژدانیان پێ بەخشراوەو دەبێ بە گیانێکی بریانە ڕفتارو هەڵس و کەووت لەگەڵ یەکتردا بکەین ... دوا ژمارەشی کە ماددەی ٣٠سییە دەڵێ :–

هیچ دەقێکی ئەم بانگەوازە نابێت وا لێکبداتەوە کە ڕێگە دەداتە دەوڵەتێك یا کۆمەڵیك یا تاکەکەسێك کە چەند مافێکی ئەوەیان هەبێت کە چالاکی یان کارێك بکەن بە مەبەستی تێکدانی ماف وئازادییەکانی ئەم بانگەوازەدا .

١٩٤٨/١٢/١٨ کۆچی دوایی شاعیری نەتەوەیی و نیشتمانی کورد مامۆستا– فائق عەبدوللا – بێکەس– لە شاری سلێمانی. جیگەی ئاماژە پێکردنە کە شاعیری گەورەی کورد بێکەس ناوی تەواوی – فائق عەبدوللا بەگ کاکە حەمە مەعروف – ە .

ئەم شاعیرە ڕووەو دیموکراتی و پێشکەووتن بووە لە ئەدەبی کوردیدا , کە لە گوندی – سیتك – لە تەك شاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٠٥ چاوی بە جیهان هەڵهێناوە .

لە دوای مردنی باوکی لە ساڵی ١٩١٠ لە نێوان کەس و کارو خزمەکان ژیانی بە سەر دەبرد لە پارێزگای سلێمانی و پارێزگای کەرکوك لە هەرێمی باشووری کوردستان.

ئەم شاعیرە مەزنە لە ڕاپەڕینی ٩/٦ دژی بەریتانیاو شانشینی لە ئێراقی بە زۆر دروستکراو بەژداری کردووەو ڕۆڵی بالآی هەبووە . بەم هۆکارانە ماوەی سێ ساڵ ژیانی بردۆتە سەرو لە دوای ساڵی ١٩٣٣ بە مامۆستا دامەزراوە لە قوتابخانە جۆراو جۆرەکان .

ئەم کەسایەتیە شاعیرێکی میللی و رامیاری و نەتەوەیی و نیشتمانی بووە ، لە هەموو بوارەکانیدا و تاکوو ئێستاش شیعرەکانی ڕۆڵی خۆیان ماوەو دەمێنێ لە هەموو بوارەکانی بە بەرزکردنەوەی هەست و ڕۆشنبیری و داب و

نەریت و كەلتووری كورد لە كوردستاندا .

١٩٤٨/١٢/٢١ بڵاوكردنەوەی یاسای ئیرلەندا ، كە كۆماری ئیرلەندا نەك دۆمنیۆن لە ناو ڕایەڵەی كۆمەنوولسی بەریتانیا .

كە بەریتانیا ڕەزامەندی لەسەر هەردوو كارەكە دەربری ، كە لە ساڵی ١٩٤٩ ئەنجامدرابوو، دوای ئەوە ئیرلەندا لەساڵی ١٩٨٥چووە ناو كۆمەڵەی ئابووری ئەوروپا كەئێستا یەكیەتی ئەوروپایە لە كێشووەرەكەدا .

١٩٤٩

١٩٤٩/٠٠/٠٠ كۆچی دوایی تێكۆشەرو خەباتگێرو كەسایەتی ناوداری نەتەوەیی و بنەماڵەی حاجی ڕەشید ئاغا ، ڕەمزی نافع ڕەشید مەموندی لەشاری هەولێر لە هەرێمی باشووری كوردستان

شایانی باسە مامۆستا ڕەمزی لەساڵی ١٩١٧ لەشاری هەولێر لەبنەماڵەیەكی ناسراو لە عەشیرەتی مەموند چاوی بە جیهان هەڵهێناوە لە شارەكەدا ... هەروا قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لەشاری هەولێر تەواو كردیە... لەبەر نەبوونی قوتابخانەی ئامادەیی لەهەولێر چۆتە شارەی كەركوكی هەرێمی باشووری كوردستان و ساڵێكی خووێندنی لەوێ بردۆتەسەرلە شارەكەدا.

هەر لەوكاتەشدا ئەندامی پارتی هیوا بووە لەكەركوك... دوای ئەوە پۆلی پێنجەمی زانستی لەشاری بەغدا تەواو دەكا لەساڵەكانی ١٩٣٧-١٩٣٨ لەئامادەیی ناوەندی – الاعدایة المركزیة –... لە ساڵی ١٩٣٩ دەچێتە بەیروتی پایتەختی ئێستای لوبنان و لەزانستگای ئەمەریكی دادەمەزرێ و

مــاوەی دوو ســاڵی خووێنــدن لــەو زانــستگایە تــەواو دەكــات‌و پلــەی – فریشمان– بەدەست دێنێ‌لەو وولاّتەدا .

ماموّستا رەمزی هەرلەشاری بەیروت پەیوەندی لەگەڵ كوردەكانی لوبنان‌و سووریاو توركیا بەهێز دەكات ، لەپێناو ئامانجەكانی گەل‌و نیشتمان ، وەك كامەران بەدرخان– نورالدین زانا– محەمەد ئەرمەغانی... دوای ئەوە بۆ تەواو كردنـی خووێنـدن دەچێتە شـاری ئەسـتەمۆڵی ئێـستای توركیـاو دەچـێتە كۆلێـژی – رۆبـەرت كـۆلیچ – لـەوكات‌و ساتەشـدا جـەنگی دووەمـی جیهـانی هەڵگیرسا . لەو كاتەشدا دەسەلاّتدارانی ئەڵمانیاش بەدوای كەسێك دادەگەڕا ن ، كەسـووتەمەنی هەمـە جۆریـان بـۆ دابـین بكـات ، ئـەویش بەگەیـشتنیان بەچاڵە نەوتیەكانی لە باكووری ئێراق – واتە هەرێمی باشووری كوردستان– لێكنـدراو بـەئێراق ، لـەپێناو بـەدرهێنانی ئامانجـەكانیان لـەو هـەرێم و ناوچانەدا.

كە ماموّستا رەمـزی نـافع رەشـید بـووە هۆكـاری ئـەو ئامانجەیان‌و لەهـەمان كـاتیش رەمـزی خوولیـای بـەدی هێنـانی ئامانجـەكانی گـەلی كـورد بـوو ، لـەوكات‌و سـاتەی شـەڕو ململانێـی نێـوان وولاّتـانی هاوپـەیمان‌و ئـەڵمانیا لەلایەن یـەكێتی سـۆڤیەت‌و ئـەڵمانیا لەلایەكی دیكـە ، ئەمـەش وای كـرد كـە بەرژەوەندی هەردوولا یەك بگرێ‌و رەمزی ئامادەی خۆی نیشاندا بۆ ئـەوەی كار بكات لەگەڵ ئەڵمانەكان تاكو هەریەك بگات بەئامانجی خۆیدا .

ئەمـەش بەهۆی هەڵوویـستی رژێمـی تـورك . ئینجـا ماموّسـتا رەمـزی لەگـەڵ ئەڵمانەكان دەچێتە ئەڵمانیا بەمەبەستی مەشق كردن ، ئـەویش لـەپێناو – كـردەوەی تـامودت –. ئـەو كردەوەیـەش ئامـانجی ئـەوبوو كـە شۆڕشـێك لـە كوردستان هەڵگیرسێنێ بۆ ئەوەی ئینگلیزەكان لەم وولاّتە دەربكات..!.

لەدوای تەواو بوونی مەشقەكەی ماموّستا رەمزی سـوویّندی خـوارد بەئالاّی كوردسـتان‌و بەرامبـەر بەبـەر پرسـی – فـۆن كایرتـل– كـە سـەرۆكی ئەوسـای ئـەڵمانیا كەخیانـەت‌و كەمتەرخـەمی نـەكات لـەم كردەوەیـە ، لەهـەمان كـات ئەڵمانیەكانیش سـوویّند یـان خـوارد بەئالاّی ئـەڵمانیا لەسـەر هەمان بابـەت ، ئەویش لە پێناو گەشتن بە ئامانجەكانێن .

هـەروا لـەمانگی/١٩٤٣/٧ تیپـە چـوار كەسـیەكە ، – كـردەوەی مـامودت– بەسـەرۆكایەتی بەرێووبـەری – موولـەر– بـوو.. سـەعات سـفریان لەوكاتـدا

دەستی پێکرد ... یەکێ لەفرۆکەکانی -کۆندۆر- دەکەوێتە ئاسمانو بەسەر هەرێمی- قرم- ی نێوان سنووری ئێران و یەکێتی سۆڤیەت ، لە سەر زەریای رەشو بەناو جەرگەی خاکی تورکیا بەرەو کوردستان بە رێدەکەوێ ... کە ئاڵای کوردستان لەفرۆکەکە خرابوو لەدەرەوەی دەشەکایەوە بەرەو ناوچەی بیتووێنی سەربەقەزای رانیەی پارێزگای سلێمانی لە هەرێمەکەدا .

بـەڵام بـەهۆی هەڵـە کـردن نـەیانتوانی لـەوێ بێنـە خـوارێ بـەڵکوو بـەرەو پارێزگـای دهـۆك روویـان گـۆڕیو لەگونـدی فلێفل ، کـە دەکەوێـە بـاکووری رۆژئـاوای شـاری موسـڵ هاتنـە خـوارێ... لـەوێ بە قاچاخ بەسـوواری پاسـە تەختەکانی ئەو سەردەمو بەولاغو کاروان دەگەنە موسڵو لەگـەرەکی - نـەبی یـونس- بـەرەو ناوچـەی گـوێرو پارێزگـای هـەولێر بەرێدەکـەون تادەگەنـە گوندی بێوکە.

لـەوێ ئەڵمانـەکان دەسـتگیر دەکـرێنو دوای ئـەوانیش مامۆسـتا رەمـزیش لەگونـدی بنەسـلاوەی رۆژهـەلاتی شـاری هـەولێر دەسـتگیر دەکـرێو بـەرەو شـاری موسـڵی دەبەنو لـەوێش بۆ شـاری بەغدا. لەوێش بۆ شـاری قاهرەی پایەختی وڵاتی میسرو دوای ئەوە دەیگەڕێننەووە بۆ شاری بەغدا .

لەگـەڵ کۆتـایی جـەنگ مامۆسـتا رەمـزی دەردێتـە دادگـای عـورفی و بڕیـاری لەسـێدارەدانی بـۆ دەردەچێت.... بـەڵام لـەدوای ئـەوە بڕیارەکـە دەگـۆڕێ بـۆ بەندی هەتاهەتایە ، دوایی لەساڵی ١٩٤٧ بڕیاری ئازاد کردنـی بۆ دەردەچـێ بەهۆی نەخۆشیەکی کووشندە.. شایانی باسە راوێژکاری وەزارەتـی نـاوخۆی ئێـراق - سـیسل جـۆن ئیـدمونس - روو لەمامۆسـتا رەمـزی دەکـات و پێـی دەڵێ:-

لە کاتی لێکۆڵینەوە بۆمان دەرکەووت کـەتۆ تـەنیا بـۆ کـوردت کردیـە نـەك بـۆ دووژمنانی ئێمە ، گـەرنا تووشـی رووبـەرووی سزای گـەوورە دەبوویتـەوە ... خووێنەری بەرێز.

بەهۆی شـکانی کێلـی سـەرگۆڕەکەی نـەتوانرا مێـژوو کـۆچی دوایـی مامۆسـتا رەمـزی بدۆزرێتـەوە.سـەرەرای ئـەوەی کـە زۆر لـە نووسـەر و مامۆسـتان و دکتـۆران ، بـە دەیـا بابـەتیان لـە مامۆسـتا رەمـزی نـافع نووسـیووە لـە گۆڤارەکاندا.

١٩٤٩/١/٨ دوای کەووتنی کابینەی سەرەك وەزیرانی رژێمی شانشینی لە ئێراق محەمەد سەدر موزاحیم پاچەچی و سەرەك وەزیرانی پێشووی رژێمی شانشینی ، . نوری سەعید دەیەمین کابینەی نوێی خۆی راگەیاند بەبوونی بەسەرەك وەزیرانی ئێراق.

شاینی باسە لە زۆر سەرچاوەی ئێراق و بیانی و کوردی ، وای دیاریدەکەن ، کە نوری سەعید کوردەو هەندێ دەڵێن تورکمانە ، بەڵام بەهەرحال بەپێی ئەو سەرچاوانە نوری سەعید لە رەسەندا باوو باپیرانی دانیشتووی خاکی کوردی باکووری کوردستانی داگیر کراوی ژێر دەسەڵاتی تورکیانە لە پارێزگای دیاربەکر لە هەرێمەکەدا .

١٩٤٩/١/١٧ لە هەوڵێکی بەردەوام بە پەخش کردنی یەکەم زنجیرەی تەلەفزیۆنی کۆمیدی بە ناوی – زاکولدبیرگز–و ، ئەو زنجیرە کۆمیدیە تەلەفزیۆنیەو، لەهەمان کات بەردەوام بوو لە پەخشکردنی کە بەباشترین زنجیرەی ڕابواردن دادەنرێت لەجیهاندا.

١٩٤٩/١/٢٠ لە ووتاری سەرۆکی ئەمەریکا تۆرمان ، بۆ گەلی ئەمەریکا سەرۆکی ئەمەریکا تۆرمان بەرپرسیاریەتی راستەوخۆی خودی خۆی بە لێدانی هەردوو بۆمبی ئەتۆمی لە شارەکانی هیرۆشیماو ناکازاکی وولاتی یابان لە ساڵی ١٩٤٥ دەکات ، کە بە کردەوەیەکی تیرۆریستانەی جیهانی دادەنرێت لەگەڵ سەرەتای دەست پێکردنی جەنگی سارد لە نێوان هەردوو جەمسەری دژ بە یەکتری بە تایبەتی لە نێوان حکوومەتی ئەمەریکا ویەکیەتی سۆڤیەت لەجیهاندا.

١٩٤٩/٢/٤ بە هۆی توندرەوی و تاك رەوی دەسەڵاتی شا لە ئێران محەمەد رەزا شا لە زانکۆی تارانی پایتەختی ئێران هەولی کوژرانی درا ، بەڵام رزگاری بوو

لەپیلانەکەدا .

١٩٤٩/٢/١٢ لە کارێکی ناکاوی ئەویش بە لە ناوبردنی دامەزرێنەری ڕێکخراوی ئیخوان مسلمین و کەسایەتی ئاینی عەرەبی – حەسەن بەننا– لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسر تیرۆر کرا..

١٩٤٩/٢/١٤ دامەزرێنەرو سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی ئێراق یوسف سەلمان یوسف– فەهد– لە لایەن ڕژێمی شانشینی لە ئێراق لە سێدارە درا لەگەڵ دوو لە هەڤاڵەکانی –حازمو سارم – کە ئەندامانی بیرۆی ڕامیاری پارتەکە بوون لە ئێراقدا.

١٩٤٩/٢/٢٤ مۆرکردنی ڕێکەووتننامەی – ڕۆدۆس– لە دووگەی ڕۆدۆس ، لە پێناو وەستاندنی شەڕ لە نێوان میسرو ئیسرائیل لە سەر داوای بریاری نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٩٤٨/٨/١٦ ، ئەویش لە پێناو سەقامگیرکردنی ئاشتیو ئارامی لە نێوان ئیسرائیلو عەرەب لە هەرێمەکەدا.

١٩٤٩/٣/٨ بە پێی ئەو ڕێکەووتننامەیەی ، کە لە کەنداوی ئەلونگ مۆرکرا فەرەنسا دانی بەسەربەخۆیی ڤێتنام نا، بەرێکەووتنی لە نێوان باودای و سەرۆکی فەرەنسا ئۆریۆك بەراگەیاندنی یەکگرتووی ڤێتنام لە ژێر یەکیەتی دەووڵەتی فەرەنسا.

١٩٤٩/٣/١٣ سەر کردەی کورد مستەفا بارزانیو دوو لە هەڤاڵانی لەلایەن دەسەڵاتدارانی وولاتەکە لە شاری تاشقەندی پایتەختی کۆماری ئۆزبەگستان گوواسترانەوە بۆ شاری چەمبای سەر دەریای ئۆراڵو لەوێ وەك دەست بەسەرمانەوە لە شارەکەدا .

١٩٤٩/٣/٢١ دوو ئاهەنگی بەرچاو بە بۆنەی جەژنی نەورۆز لە شاری هەولێر لە هەرێمی باشووری کوردستان ساز کرا ، کە یەکەمیان بەهۆی مەسعوود محەمەد بوو بۆ لایەنگیری– پ.د.ك– و دووەمیان بەهۆی دلداری شاعر بوو بۆ لایەنگیری چەپەکان.

١٩٤٩/٣/٢٩ رژێمـی شـۆڤێنی تورکیا یەکـەم وڵات بـوو لـە جیهـان دانـی بـە دەووڵـەتی ئیسرائیل نا لە دوای ئەمەریکا،... شایانی باسە پەیووەندی نێوانیان تاکوو ئێستا بەردەوامـە ، بەتایبـەتی لـە بـواری سیخووری سـەربازیو رامیـاری ، ئەویش لەپێناو پەلاماردانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لـە کوردسـتان . بـە بـەهێزکردنی جێپێگـەی خۆیـان لەرامیاریـەتی نێـوو دەووڵـەتی ، چـونکە دەووڵـەتی ئیسرائیلو کەسایەتیە ئیسرائیلیەکان رۆڵی سـەرەکیو بنـەرەتیان هەیە لە رامیاریەتی دەرەوەی ئەمەریکاو بەریتانیادا .



١٩٤٩/٤/٤ مـــــــــۆرکردنی پەیمانی باکووری ئەتلەسی- ناتۆ-ی سـەربازی لـە نێوان ئەمـەریکاو بـــــەریتانیاو فەرەنـــــساو هۆلەنـــــــداو لۆکـــــسمبۆرگو کەنەداو بەلـژیکا ، دژی رژێمـی سۆشیالیـستی سـۆڤیەتو وولاتـانی هاوپـەیمانی سـۆڤیەت ، لـە هـەموو بوارەکـان . بەتایبـەتی لـەبواری سـەربازیو سـیخووری سـەربازیو چاودێری تەکنەلۆژیای دەریایی و ئاسمانی و گەردوونی لە جیهاندا .

١٩٤٩/٥/٩ لە دوای کۆچی دوایی شانشینی مۆناکۆ ، کورەکەی ئەمیر- رینیە-کە کورە گـەورەی بـوو جێگـەی بـاوکی گرتـەوە بەئەمیری سـێیەمی مۆنـاکۆ لـە سـەر وولاتەکەدا .

١٩٤٩/٥/١١ لە دوای راگەیاندنی سەربەخۆیی دەووڵەتی ئیسرائیلو بەرزکردنـەوەی ئالای ئیـسرائیل بـە پـشتیووانی ئەمـەریکاو بـەریتانیا، بـە ئەنـدامی رەسمـی لــەرێکخراوی نەتـــەوە یـــەکگرتووەکان وەرگـــیراو رۆڵـــی ســـەرەکی نوواندووەودەنووێنێ لەرامیاریەتی هەمە لایەنە لە جیهاندا .

بەتایبـــەتی لـــە رۆژهـــەڵاتی ناوەراســـت و بەتایبـــەتی لـــە پەیووەندیـــە

هەمەلایەنەکان لەسەر وولاّتانی عەرەبیدا.

١٩٤٩/٦/١٣ لــە ناکــاو بەهائــەدین نــوری لەشــاری ســلێمانی گەیــشتە بەغــدا لــەپێناو سەرکردایەتی کردنی پارتی کۆمۆنیست لە ئێراق ، ئەویش لەدوای شکست هێنـانی پـارتی کۆمۆنـست ، بـە لەسـێدارەدانی فەهـدو هـەڤالانی، لـە٦/٢٥ی هەمان ساڵ هەندێ لە کورد لەوکات ڕێکخستنێکی کۆمۆنیستیان پێك هێنا لەتەك ڕێکخستنەکانی شاری بەغدا ، کە کوردەکان سەرکردایەتیان دەکرد ، هەروا لە سلێمانی ڕێکخراوەکانی پارتی کۆمۆنیست ، کە ئەکرەم یامیلکیو کەریم سۆڤ سەرکردایەتیان دەکرد.

بەلاّم لە دوای دەستگیرکردنی بەهائەدین نوری لە١٩٥٣/٤/١٣ کەریم ئەحمەد داود . کاروباری پارتەکەی دەبرد بەڕێووە بە سەرکردایەتی حەمید عوسمان لــە بەندینخانــەی بەعقووبــە تائــەو کاتــەی کــە لەبەندینخانــە هــەلاّت لە١٩٥٢/٦/١٦... هەردوو کەسایەتی ناوداری کورد کەریم ئەحمەدو حەمید عوسمان کەهەردووکیان لەدایك بووی پارێزگای هەولێر بوون لە باشووری کوردستاندا.

١٩٤٩/٩/٢٣ خـوولی جـەنگی سـاردو گەشـەکردنێکی کـەمی لـە بەرهـەم هێنـانی چـەکی ئـەتۆمی بەخۆیـەوە بـینی. لەوانەیـە دەسـتپێکی یەکیـەتی سـۆڤیەت بـۆ هەنگاونان لە بەرهەم هێنانی چەکی ئەتۆمی بگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵی ١٩٤٢، واتە لەناوەراستی جەنگی دووەمی جیهانی و یەکەمین تاقیکردنەوەی ئەتۆمی لەم ڕۆژەدا ئەنجامدرا.

١٩٤٩/١٠/١ لـــــــە دوای تێکۆشـــانێکی بـــێ ووچـــان ئـــەویش بـــە ڕاگەیانـدنی کۆمـاری چـینی ملـلی نـوێ ، لەلایـــەن ماوتـــسی تـــۆنگ ، لەهـــەمان کـات شـاری پـەکین کـرا بەپایتـــەختی کۆمـــاری چـــینو ،

شوان لای پۆستی سەرەك وەزیرانی چینی نوێی کۆمۆنیستی گرتە دەست لە کێشووەرەکەو جیهاندا. ئەویش بە ناوی – کۆماری چینی مللی – لە شاری پەکینی پایتەخت کە ژمارەی دانیشتووانەکەی ١١,٤٥٠,٠٠٠،ملیۆن کەسە هەروا ژمارەی دانیشتووانی وولاتەکەی ، ١,٣٥٠,٠٠٠,٠٠٠ملیار کەسە . هەروا رووبەری خاکی وولاتەکەی ، ٩,٥٩٦,٩٦٠ ملیۆن کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە ، هەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ٣٥١ کەس لە میل چوار گۆشەدا . هەروا نژادەکانی ، هانە چینیەکان ٩٢٪ . مەگۆلی و تبتی و کۆری و کورد ٨٪ . زیاتر لە ١٧٥,٠٠٠ هەزار کورد لە وولاتی چین نیشتە جێن . لە وولاتەکەدا .

١٩٤٩/١٠/١٦ هێزەکانی سووپای یۆنان توانیان بە یارمەتی تەواوی ئەمەریکا سەرکەووتنی سەربازی بەدەست بێنن بە لە ناوبردنی کۆمۆنیستەکانی یۆنان‌و ، راویان بنێن بەرەو یۆگسلاڤیا ، ئەمەش بەهۆی شەڕی ناوخۆی نێوان هەردوولا بوو لەنێوان چەکدارە کۆمۆنیستەکان و دەسەلاتی شانشینی لە یۆنان لە وولاتەکەدا .

١٩٤٩/١١/١٣ پسپۆری شووێنەوارزان – خاتوو کارلتۆن –، ئەشکەووتی هەزار مێردی پشکنی و لە ئاکامدا چەند پارچە ئێسك و باڵ و بربرەی دۆزیەوە. بەلام هیچیان ئێسکی مرۆڤی سەرەتایان نەسەلماند. پاشان لە سەر زەوی ئەشکەووتەکە چاڵێکی دوو مەتر بە قووڵی ١٥ سم هەلکەند، لە ئاکام دووپارچە ئەستێ دۆزرایەوە.

شایانی باسە شاخی هەزار مێرد ٦ ئەشکەووتیی تیایەو سێی بچووك و سێی گەوورە لە سەر یەك هێڵ لەدامێنی شاخەکەوە بەدی دەکرێت دەمی ئەشکەووتەکە فراوانەو نزیکەی ٢٥ مەتر دەبێت و جێگەی هەزار کەسی تیادەبێتەوە... یەکێ بەکوونی ئەشکەووتەکان ١٠ مەتر دەبێ و تەسك و ررووناچیێ، هەروا یەکێکی دیکەیان گەر بە سنگە خشکێ برۆی دوای ٦ مەتر دەگەیتە کانیەك.

ووشەی هەزار مێرد، یانی هەزار پیاو. یاخوود بەپلەو پایەی سەربازیەوە واتە هەزار مەرد.

بەلام هەندێکی دیکە پێیان وایە لە هەزار مێرگەوە هاتووە چونکە دەڤەرەکی تەرو بەئاوە... هەروا لە چارەکی یەکەمی ئەم چاخەدا چەند پسپۆرێك

سەردنی ئەشکەووتی هەزار مێردیان کردووە، لەوانە پسپۆر سپایزەر لە ساڵی ١٩٢٦ و خاتوو گارودی ئەمەریکی لە ساڵی ١٩٢٨. خاتوو گارۆدی کە گەیشتە کوردستان لە ئەشکەووتی - زەرزی - یەوە دەستی پێکرد کە دەکەوێتە سەر زێی بچووك، کاری دووەمی خاتوو گارۆدی ئەشکەووتی هەزار مێرد بوو، کە ١٨ رۆژی خایاندو توانی چەند چاڵێك لەبەردەم دەرگاکەو ناوەراست بپشکنێ، لە میانەی پشکنینەکەیدا کۆمەڵێ پروسك و ئاگردان و ئامێری بەردە ئەستێی لێ بدۆزێتەوە کە مێژوییەکەی دەگەراوە بۆ ٣٠ تا ٥٠ هەزار ساڵ بەر لەو پشکنینە لە هەرێمی باشووری کوردستان.

١٩٤٩/١١/٢٥ لە گۆڤاری - المصور- ی مانگانەی میسری لەلاپەرە /٥٦ یدا کەچاوپێکەووتنی لە گەڵ نووسەری گەورەی ئوردنی - عەباس محەمەد حەقاد- ئەنجامدا ، ئەویش بەبۆنەی یادەوەری سەد ساڵەی دامەزرێنەری وولاتی میسر - محەمەد عەلی پاشا - لە درێژەی چاوپێکەووتنەکەدا عەباس محەمەد حەقاد دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە محەمەد عەلی پاشا نەتورکەو نە ئەلبانیە ، بەڵکوو بەرەچەلەك نژادی کوردەو بنەکاڵەکەی لەپارێزگای دیاربەکری باکووری کوردستانی ژێر دەسەلاتی تورکیا ، روویان لەناوچەی قاهرەی پایتەختی میسر. کردووە.

محمد علي في ديوانه بالقلعة يستقبل وفد بعض الدول الأجنبية
ويرى عن يمينه ولداه طوسون وابراهيم

ئـەویش بـەهۆی پـەلامارە درندانـەکانی پێشووی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی، هـەروا بـەهۆی لێهـاتوویی وکەسـایەتی بنەماڵەکـەی و نـەوەکانی دەسـەڵاتدار بوونـە تـاکوو کۆچـی دوایـی شانشین فـاروق کەنـەوەی محەمـەد عـەلی پاشا بوونله سەر میسردا .

هـەروا عـەباس محەمـەد حـەقاد ، کـە خۆشـی کـوردە لـە بنەمالـە ناودارەکـانی دانیشتووی ئوردنەو ئەوانیش بەهۆی پەلامارە درندانەکانی ئیمپراتۆریـەتی عوسمانی و لایەنگیری دەسەلاتی سەلاحەدینی ئەیوبی بوونەو کۆچیان بەرەو ناوچەی فەلەستین و ئوردون کردووە .

تاکوو ئێستاش کە ژمارەی کورد لە ئوردون زیاتر لە ١٠٠٠٠ هـەزار کـورد لـە ئوردون هەیەو چەندین پلەو پایـەی بـەرزیان لـەدام و دەزگاکـانی حکوومـەت هەبووە لە ئوردن ... جاخوا دەزانێ لە میسر ژمارەی کـورد چـەندە ... بـەڵام بە داخەوە ... کورد.... ؟ ...!

١٩٤٩/١٢/٨ لـە دوای کۆتـایی جـەنگی دووەمـی جیهـانی کۆمـاری چینی نیشتمانی راگەیەنــدرا لـــە دوای گوواســـتنەوەی دەسەڵاتی پێشوو بـــۆ دوورگـــەی تـــــــایوان



بەجیابوونەوەی لە چینی میللی بەپشتیووانی ئەمەریکا. لـە شـاری – تـایبی – پایتـەخت ، کـە ژمـارەی دانیـشتووانی ، ٢,٧٨٠,٠٠٠ ملیـۆن کەسـە لـە شارەکەدا

هـەروا ژمـارەی دانیـشتووانی وڵاتەکـەی ، ٢٣,٨٦٠,٠٠٠ ملیـۆن کەسـە . هەروا رووبەری خاکی وڵاتەکەی ، ٣٦,٠٠٠ هەزار کیلۆ مـەتر چوار گۆشـەیە . هـەروا چڕی دانیشتووانەکەی ، ١٧١٦ کـەس لـە یـەك میل چوار گۆشـەدا . هەروا نژادەکانی ، تایوانی ٨٦٪ . چینیەکان ٪ . لە وڵاتەکەدا .

١٩٥٠

١٩٥٠/١/١٨ چینی میللی بەرسمی دانی بە دەسەڵاتی- هۆشی مینە-ی ناو رایگەیاند بەیارمەتیدانی دەسەڵاتی نوێی ڤێتنامو دوای دووهەفتە کەمتر نوێنەرانی ئەنجوومەنی فەرەنسی رەزامەندیان کرد لەسەر رێککەوتن لەگەڵ ڤێتنام و کەمبۆدیاو لاوس بە- ٤٠١ – دەنگ دژی -١٩٣- دەنگ ، بۆ رۆژی دوایی یەکێتی سۆڤیەت دانی بەسەربەخۆیی ڤێتنام نا ، سەرەرای چاودێری کردنی شەری سەر زەوی لەو کاتدا لەلایەن وولاتانی پەیوەندارادا.

١٩٥٠/١/٢٣ لە برپیارێکی کنیسەی ئیسرائیل توانی شاری قوودس بکاتە پایتەختی دەووڵەتی ئیسرائیل بە هۆی چەندین کێشەی نادیار لە نێوان عەرەب و ئیسرائیل لە ناوچەکەدا .

١٩٥٠/١/٢٦ هیندستان رژێمی کۆماری راگەیاند لە دوای بە دەستهێنانی سەربەخۆیی و جیابوونەوەی لەپاکستان ، لەدوای سەدان کێشەو گیروگرفتی هەڵوواسراوی سنووری و ئایینی و هەرێمی کەشمیری دابەشکراو داگیرکراو لەنێوان هندوپاکستان.

١٩٥٠/٤/٢٦ دامەزراندنی کۆمەڵەی مامۆستایان لە شاری هەولێر لەرێگەی هەڵبژاردنی دیموکراتی لەلایەن کۆمەڵێك مامۆستای رووناکبیر لەهەرێمی باشووری کوردستان.

١٩٥٠/٥/ ١٤ دەست پێکردنی هەلبژاردن لە تورکیا لە نیوان پارتە رامیاری و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیەکان. ئەنجامی هەلبژاردنەکان کە پارتی دیموکراتی توانی ٤٠٣ کورسی لە کۆی ٤٨٢ کورسی پەرلەمان بە دەست بێنێ.

بەڵام پارتی گەلی کۆماری کە لە لایەن دامەزرێنەری کۆماری تورکیا دامەزرابوو، توانی ٦٩ کورس لە کورسیەکانی پەرلەمان بەدەست بێنێ، هەروا پارتی دیموکراتی نیشتمانی توانی یەك کورسی بەدەست بێنێ.

ئەمەش بەهۆی توونـد رەوی و نا لەباری پارتی دەسەلاّت – مستەفا ئەتا تورك، و عسمەت ئەینوونو بوو – کە ماوەی ٢٧ ساڵ لەسەر تورکیا دەسەلاّتداربوون و ئەنجامی بووە هۆی سەرنەکەوتنێ بێ وێنە لە هەڵبژاردنەکان و بە دەست لە پۆستەکانی سەرۆکایەتی لەلایەن ئەینوونو لە دەسەلاّت و هەڵبژاردنی جەلال بایار بە سەرەك کۆماری تورکا.

هەروا بە راسپاردنی عەدنان مندرسی بە سەرەك وەزیران و پێکهێنانی

حکوومەتی نوێی دوای هەڵاتنی کەمالیەکان لە دەسەلات، ئەمەش بەهۆی گۆرانکاریەکی گەوورە لە رامیاریەتی تورکیا لە هەموو بوارە جیاجیاکان.

١٩٥٠/٥/١٤ لەهەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیاو پەرلەمان پارتی دیموکراتی سەرکەووتنی بەدەست هێنا بەرامبەر پارتی گەلی کۆماری لە وولاتەکەدا .

١٩٥٠/٦/١٩ نووسەرو شاعیری نەتەوەیی بەناو بانگی کورد – پیرەمێرد – لە سەر داوای خۆی لە دوای مردنی لەگردی مامە یارەی شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان تەرمەکەی نێژراوە پیرەمێرد زیاتر لە– ١٠– دێرە هۆنراوەی لەشێووەی پەندی پێشینان هۆنیووەتەوە ، سالانێکی زۆر سەرپەرشتی هەردوو رۆژنامەی ژین و ژیانەوەی کردووە لەبلاو کردنەوەیدا ، هۆنراوەکانی مەولەوی وەرگێراوەتە سەر زمانی سۆرانی، مەم و زینی بەپەخشانە هۆنیووەتەوە، – ١٢– سووارەی مەریوانی کردۆتە چیرۆك ، مەحمود ئاغای شیووە کەلی لەشێووە شانۆگەریدا نووسیووە ، چەند پەندو گوزشتەی کوردی لەژێر ناوی گالتەوگەپدا بلاوکرۆتەوە لە کوردستاندا.

١٩٥٠/٦/٢٥ بە ناوی ئەوەی کە هێزەکانی سووپای کۆریای باشوور دەیەوێ پەلاماری هێزەکانی سووپای کۆریای باکوور بداتو پێنج فرقەی سەربازی کۆریای باکوور چوونە ناو خاکی کۆریای باشوور بە سەرکردایەتی –کیم ئیرسین– و گەیشتنە دەووروبەری سیئۆلی پایتەختی کۆریای باشوورلە ناوچەکەدا.

بەلام دوای دوو رۆژ ، واتە لە ٦/٢٧ لە سەر داوای نەتەوەیەکگرتووەکان و

هێزەکانی سووپای ئەمەریکا پاڵە پەستۆیان خستە سەر هێزەکانی سووپای کۆریای باکوورو کێشەکە کۆتایی هات ، ئەویش بەکشانەوەی هێزەکانی سووپای کۆریای باکوور لەخاکی کۆریای باشوور لە کێشووەرەکەدا .

هەر لە هەمان ڕۆژدا هێزەکانی سووپای کۆریای باکوور پەلاماری کۆریای باشووری داو ڕۆژی دوایی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان تاوانبار کراو داوای کشانەوەی هێزەکانی لێکردو سەرۆکی ئەمەریکی – هاری تۆرمان– دەنگی بەهێزی ئاسمانی و دەریاییدا بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری نەتەوەیەکگرتووەکان

١٩٥٠/٦/٢٧ سەرۆکی ئەمەریکا تۆرمان ناچار بوو ئاگاداری بداتە هێزەکانی کە سەرکردایەتی سەرۆکی هێزەکانی بەشی قوولایی ڕۆژهەڵاتی ئاسیای دەکرد – مکارسەر – بە پەلە جی بە جێبکات بۆیە – مکاسەر سەرکردایەتی – ولیام ویین – بەرەو شەڕەکە ڕۆیشت و دەستیپێکرد و لەم شەڕەدا هەتاکوو لە ڕۆژی ٦ تاکوو ٧/٢١ سەرکردەیەکی ئەمەریکی بەدیل گیرا.

١٩٥٠/٧/١٥ بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی ئاکرێ لەناوچەی قەزای ئاکرێ لە باشووری کوردستان.

١٩٥٠/٨/٧ بەرپرسی سەربازی ئەمەریکا لە دوای ئاڵۆزبوونی باری سەربازی – مکاسەر – سەرکردەیەکی دیکەی دانا کە سەرکردەی هێزەکانی فرە ڕەگەزی دەکرد، وەکوو هێزەکانی بەریتانیاو تورکیا و کەنەداو ئوسترالیا و تایلاندو فەرەنساو یۆنان و نیوزیلەندا و هۆلەندا و کۆلۆمبیا و بەلژیکا و ئەسیوبیا و ۆکسمبۆرك و ئەفەری کیای خواروو ئەمەریکاشی دەکرد، لەوکاتە بوو هێزە کۆمۆنیستەکان توانیان پاشەکشە بەهێزی ئەمەریکا وکوریای خواروو پێ بکەن کە ٢٥ فرقەی سەربازی بوون لە هەرێمەکەدا.

١٩٥٠/٨/١٧ رژێمــی کۆمــاری ئەندۆنوســیا لــە لایــەن ســوهارتۆ راگەیانــدرا لــە دوای دەرچــوونی تەواوی هێزەکانی ســـــــــووپاو بەرپرســــــانی هۆڵەنـــــدا لـــــە وڵاتەکەیـدا . لـە شـــاری – جاکارتـــا– ی پایتـــەخت ، کـــە ژمـــارەی دانیـــشتووانەکەی ، ٩,٣٠٠,٠٠٠ ملیۆن کەسە

هــەروا ژمــارەی دانیــشتووانی وڵاتەکــەی، ٢١٨,٣٥٠,٠٠٠ میـۆن کەسـه . هـەروا ڕووبـەری خـاکی وڵاتەکـەی ، ١,٩٠٤,٥٧٠ ملیـۆن کیلـۆ مـەتر چـوار گۆشـەیە . هـەروا چڕی دانیـشتووانەکەی ، ٢٩٧ کـەس لـە یـەك میل چـوار گۆشـەدا . هـەروا نـژادەکانی ،گـاوبوون ٤٥٪ . سـوودانی ١٤٪ . مـادووربوون ٧,٥٪ . مالایۆ ٥٪ . لە وڵاتەکەدا .

١٩٥٠/٨/٢٨ نووسـەرو ڕووناکبیری ئیتـاڵی – نـشیزاریافیزی– لـە ئاکـامی خـواردنی – ٢٠– دانەلەحـەبی نووسـتن کۆچـی دوایـی کـرد ، ئەمـەش بـەهۆی نووسـینی رۆمانەکەی بە ناوی – لەنێوان ئافرەتان– دا، کە رۆملنێکی خەمپێدان بوو لە لایەن پیاوان بەرامبەر بە ئافرەتان .

١٩٥٠/٩/٨ لە دوای هەوڵێکی بەردەوام بووە هـۆی مۆرکردنی پـەیمانی ئاشتبوونەوە لـە گەڵ یابان لە شاری – سان فرانسیسکۆ– لـەنێوان وڵاتـانی رۆژئاوا ، بـەپێی ئـەو پـەیمانـە ، کـە ئـەو زەویانـەی کـەیابان داگیریکردبـوو لـەخاکی چین دەبـێ هەمووی بگەڕێتەوە بۆ چینی میللـی و ئەو کەلوپـەل و ناوچانەی کە لـەدوای جەنگی یەکەمی جیهان دەستی کەوتبوو لەگەڵ داگیرکردن .

١٩٥٠/٩/١٥ سەرکردەی هێزی سووپای نەتەوە یـەکگرتووەکان – ژەنـەڕاڵ دۆگلاس مـاك–

بەکاری هاتنە خوارەوە لەهێلی نێوان هەردوو کۆریا ، کە بووە هۆی پاشەکشەکردنی هێزەکانی سووپای کۆریایی باکوورو هێزەکانی سووپای چینی مللیو چووە ناوشارەکەو بووە هۆی پەرتو بڵاو پێکردنی هێزەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان .

١٩٥٠/٩/٢١ نووسەرو رووناکبیری فەرەنسی- باسیلی نیکتین - گووتوویەتی :- لە سنووری ساڵی ١٩٠٩ عەبدولرەزاق بەدرخان سەردانی پترۆسبۆرگی پایتەختی رووسیای قەیسەری ئەوکاتی کردووەو پرۆژەی کوردستانی سەربەخۆی بۆ حکوومەتی رووسیای قەیسەری هەڵگرتبوو.
بەڵام دەسەڵاتدارانی رووسیا رەزامەندیان لەسەر داوا کە نەکرد بەپێی پرۆژەی داواکاریەکە بە هۆی بەرژەوەندی ئەو کاتی رووسیای قەیسەری لە کێشووەرەکەدا .

١٩٥٠/١٠/٣ هێزەکانی سووپای فەرەنسا لە مانگی/٦ یارمەتیەکانی سەربازی لە ئەمەریکا وەرگرتو هێرشی کردە سەر هێزەکانی سووپای شۆڕشگێری ڤێتنامی - ئەلفیت مینە- لەناوچەی - کاو بانگ- کە .
ئەویش بووە هۆی شکانی هێزەکانی سووپای فەرەنسا بەرامبەر شاڵاوەکانی سووپای - ئەلفیت مینە- و کشانەوەیان لەشارەکە دوای زیانێکی -٢٠٠٠- سەربازیو بەدیل گرتنی- ٣٠٠٠- سەربازی فەرەنسی، تا بووە هۆی ئەوەی کە هێزەکانی سووپای فەرەنسا لەناوچەی - لانگ سۆن- بکشێنەوە و ناوچەکە چۆڵ بکەن لە پێش هێزەکانی - ئەلفت منە - لە ناوچەکەدا .



١٩٥٠/١١/١ ئەدیبو رووناكبیری ناوداری جیهانی مامۆستا – برنادشۆ – كۆچی دوایی كردووه.
شــــایانی باســـــه مامۆســــتا برنادشۆ ووته بەنرخەكانی ئەو كە لە پیاوه زانایە تاكوو جیهانو مرۆڤایەتی مابێ رۆڵی كاریگەری خۆی هەیە لە هەموو بواره جیاجیاكاندا ووڵاتە جیا جیاكانی جیهان .

١٩٥٠/١١/٣ بڕیاری ژماره/٣٧٧ ی كۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەكگرتووەكان كە پشت دەبەستێ بەو بڕیاره ، گەر هاتو ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان توانای كاركردنی نەما ، یاخوود نەیتوانی بڕیاری گوونجاو لەكێشەوبارودۆخی ووڵاتانی جیهان وەربگرێت بەرامبەر بە هەر دەووڵەتێك وكێشەیەك بەناوی – یەكێەتی لەپێناو ئاشتی– لەجیهاندا .
لە سەر ووڵاتە جیا جیاكان لە جیهاندا .

١٩٥٠/١١/٤ ڕێكەووتننامەی ئەورووپا بۆ پاراستنی مافی مرۆڤو ئازادیە بنەرەتیەكان مۆر كرا ، لە نێوان ووڵاتانی ئەندام لە ئەنجوومەنی ئەورووپا ، ئەویش بەماوەدانی پەنابەری بۆ هەر ووڵاتێك ، گەر پێشێلی مافەكانی مرۆڤ نەكرێت لە ووڵاتەكەیدا.

١٩٥٠/١٢/١٦ بڵاوكردنەوەی یەكەم ژمارەی ڕۆژنامەی هەولێر لە شاری هەولێر لە لایەن كۆمەڵەی مامۆستایانی لقی هەولێر بەسەرپەرشتی مامۆستا عزەدین فەیزی و عەبدولمەجید حەسەن لە باشووری كوردستان .



دەرچوونی عەرەب لە بیابانی گەورەی دوورگەی عەرەب و بوونیان بە چەندین دەوڵەت لەرێگەی فتووحاتی ئیسلامییەوە لە کیشوەرەکەدا . کە لە نەخشەکەدا ئەوە دەسەلمێنێ .

سەرچاوەکان

١- میدیا (ئی – م- دیاکۆنۆف) دار الحکمة –لندن.

٢- چەند لاپەڕیەك لە مێژووی کورد- لازاریف.

٣- الثقافة الجدیدة- گۆڤارێکی مانگانەی پارتی کۆمۆنیستی ئێراقە.

٤- بیری نوێ- گۆڤارێکی وەرزی پارتی کۆمۆنیستی کوردستانە.

٥- کوردستان والکرد- جواد مەلا- وطن مقسم وامة بلا دولة.

٦- رادیۆی لەندەن- پرۆگرامی السائل والمجیب.

٧- رۆژ ژمێری – پانۆرامای کوردستان.

٨- چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی کورد بەشی /١-٢، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد.

٩- هەولْم داوە لەتەلەفزیۆن و گۆڤارو رۆژنامەکان کۆم کردۆتەوە لەگەڵ نووسینەکانی خۆم کە دەستنووس بوونەو بابەت لەدوای بابەتی جیاجیا بڵاووکراونەتەوە.

١٠- کوردستان و کورد- شەهید دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملۆ.

١١- شۆرشی شێخ عووبێدوللای نەهری- محەمەد حەمە باقی.

١٢- شۆڕشەکانی شێخ سەعیدی پیران لەباکووری کوردستان.

١٣- کورد- باسیلی نیکیتین- وەرگێرانی: دکتۆر نووری تاڵەبانی.

١٤- المشکلة الکردیة في الشرق الاوسط- د. حامد محمود عیسی.

١٥- ساڵنامەی کوردستان- دانانی: عەلی کەندی – چاپی سێیەم – تاران- ٢٠٠٦.

١٦- تأریخ الدولة العثمانیة – مامۆستا محمد فرید المحامي، چاپی نۆیەم – دار النفائس- بیروت.

١٧- سنتان فی کوردستان- ١٩١٨-١٩٣٢ – دیلبوە- آ- هی فەرمانرەوای رامیاری هەولێر- وەرگێرانی: فوئاد جەمیل –چاپی یەکەم- بەیرووت.

١٨- القانون الدولي العام – دکتور عصام العطیة – چاپی شەشەم- ٢٠٠١ – وەزارەتی باڵای فێرکردن و تووێژینەوەی زانستی- بەغدا.

١٩- رۆژنامەی (الحیاة) چاپی بەیرووت – ژمارەی ساڵەکانی ٢٠٠١-٢٠٠٢-٢٠٠٣-٢٠٠٤-٢٠٠٥- ٢٠٠٦ -٢٠٠٧.

٢٠- ڕۆژنامـەو گۆڤارەكـانی هـەرێمی كوردسـتان- خـەبات - كوردسـتانی نـوێ - گـوڵان- رامان - كاروان - سەردەمی عەرەبی- رێگای كوردستان- گوڵانی عەرەبی- سـەنتەری برایەتی.

٢١- فەرهەنگی ڕووداوەكـانی كوردسـتانو وڵاتـانی جیهـان- دانـانی: عـەلی كەنـدی - چـاپی یەكەم- تاران - ٢٠٠٥.

٢٢- كەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی جەزیرە - پرۆگرامی (في مثل هذا اليوم).

٢٣- اسرائيل الكبرى - دراسة في فكر التوسعي الصهيوني - دكتور اسعد زوق - دار الحمـراء- بيروت. الطبعة الرابعة - ٢٠٠٣.

٢٤- تأريخ اوروبا فى العصر الحديث- دانانی : هـ. ا. ل. فيشر- دار المعارف- چاپی نۆیەم.

٢٥- قصة الحضارات - دانانی - ول ديورانت - وەرگێڕانی: محمد بدران- مـصر- مهرجـان القراة للجميع.

٢٦- معجم الحروب - دانانی : دكتور فردريك معتوق- چاپی یەكەم- بەیروت- لوبنان.

٢٧- لمحات اجتماعية عن تاريخ العراق الحديث - دكتور على الوردى - توزيع مكتبة الصدر- تاران - ئێران.

٢٨- التاريخ الاسلامى - دانانی: دكتور محمد شاكر - المكتبة الاسلامية- چاپی هەشـتەم- بەیروت - ٢٠٠٠.

٢٩- الارهاب الدولي وانعكاساته على الشرق الاوسط خلال الاربعين قرنا- دانانی سفير: دكتور حسين شريف- الهيئة المصرية العامة للكتاب- ١٩٩٧- میسر.

٣٠- دراسـات في الحركـة الكرديـة المعاصـرة- ١٨٣٣ -١٩٤٦ دانـانی: دكتـور عوسمـان عـەلی- چاپخانەی ڕۆشنبیری حكومەتی هەرێمی باشووری كوردستان.

٣١- القاموس السياسى - ئامادەكردنی: احمد عطية - چاپی سێیەم- دار النهضة العربيـة -شارع عبدالخالق - قاهیرە - میسر.

٣٢- تاريخ الوزارات العراقية - دانانی : عبد الرزاق ئەلحوسنی - چاچی شەشەم- بیروت - ١٩٨٢,

٣٣- نەتەوەكانو دەوڵەتی سۆڤیەت - هیلین كاریردا كلوس- وەرگێڕانی بۆ زمـانی عـەرەبی: هزی عبود - بەیروت - چاپی یەكەم- ١٩٧٩.

٣٤- مقالاتی - شەهید سامی عەبدولرەحمان- باشووری كوردستان- هەولێر.

٣٥- عەبدولكەریم قاسم - رؤية بعد الشعرين- حسن العلوى- چاپی یەكەم- العراق..

٣٦- الحياة السرية لصدام حسين - دانانی: انيس الرغيدى- چاپی یەكەم -٢٠٠٤- میسر.

٣٧- راپەڕینی کوردە عەلەویەکانی دەریسم- هانز- لۆکای کبیسیر- ١٩١٩-١٩٢١ قۆچگیری- وەرگێرانی لەفەڕەنسیەوە - نەجاتی عەبدوڵلا.
٣٨- کوردستانی پشت قەفقاس- دکتۆر -ئەفرسیاو هەورامی - لەبڵاوکراوەکانی - ژین- باشووری کوردستان- سلێمانی.
٣٩- تاریخ العراق بین احتلالین - پارێزەر - عەباس عەزاوی چاپی یەکەم- هەشت بەشەکە.
٤٠- شەرەفنامە -شەرفخانی بەدلیسی -وەرگێرانی هەژار - ١٩٧٣ لەلایەن کۆڕی زانیاری کورد بەچاپ گەیاندراوە- چاپخانەی نعمان - نەجەف.
٤١- کوردو کوردستان - بەرگی ١-٢-٣ محەمەد ئەمین زەکی - لە دار اسلامی بغداد بەچاپگەیاندراوە -١٩٣١.
٤٢- کوردو عەجەم - نەوشێروان مستەفا ئەمین - مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران - سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان-سلێمانی -٢٠٠٥.
٤٣- کورد - تورك - عەرەب- سیسیل جون ئیدمۆندی- وەرگێرانی حامد گەوهەری- دەزگا، چاپ و بڵاووکردنەوەی ئاراس- ٢٠٠٤.
٤٤- فی الاداب (ف. إ. لینین) - وەرگێرانی لە رووسیەوە- یوسف حلاق بڵاوکردنەوەی وەزارەتی رۆشنبیری - دیمەشق -سوریا -١٩٧٢.
٤٥- مێژوو - دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد - بە یاریدەدەری ئەمیندارێتی گشتی رۆشنبیری ولاوان چاکراوە -بەغدا ١٩٨٣.
٤٨- چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد - دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد- بەرگی دووەم- ئامادەکردنی: عەبدوڵلا زەنگەنە- هەولێر - چاپی یەکەم - ٢٠٠١.
٤٩- یاداشتەکان - رەفیق حلیمی -بەشی یەکەم و دووەم - کوردستانی ئێراق شۆڕشەکانی شێخ مەحمود -چاپخانەی رۆشنبیری - بەغدا - ١٩٨٨.
٥٠- هەڵوێستنامە- عەلی کەندی - بەرگی یەکەم - چاپی یەکەم- هەولێر- ٢٠٠٦.
٥١- قصة الدیانات -سلیمان مەزهەر - کتێبخانەی مەدبولی - چاپی دووەم - میسر ٢٠٠٣.
٥٢- کوردستان لە ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهان - دکتور کەمال مەزهەر ئەحمەد - وەرگێرانی بۆ عەرەبی: دکتور محەمەد مەلا عەبدولکەریم - چاپی دووەم -بەغدا - ١٩٨٤.

٥٣- راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران – ڕۆبەرت ئۆلسن -١٨٨٠-١٩٢٥ وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو- زەنجیرە کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم - سلێمانی -١٩٩٩.
٥٤- تاریخ الاكراد- تۆماس بوا- وەرگێڕانی - محەمەد تیسیر مبرفات - دار الفكر المعاصر- بیروت -لوبنان - چاپی یەکەم -٢٠٠١.
٥٥-حول مسألة الاقطاع بين الاكراد – أ. شامیلیۆف- وەرگێڕانی- دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد – چاپی دووەم- بەغدا - ١٩٨٤.
٥٦- قضايا كردية معاصرة – كركوك والانفال -الكردو توركيا - دكتور جبار قادر – دار ئاراس للطباعة والنشر - چاپی یەکەم - ٢٠٠٦.
٥٧- کورد لەجەنگی رووسیا لەگەڵ ئێران و تورکیا . پ. ی- ئەڤیریانۆف -وەرگێڕانی لە رووسیەوە دکتۆر ئەفرسیاو هەورامی -سلیمان -٢٠٠٤.
٥٧- كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير – دراسة وثائيفة عن قضية الكردية في العراق - دكتور کەمال مەزهەر ئەحمەد= بەشی یەکەم - وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان -سلێمانی .
٥٨- المستبد – زهير ئەلجەزائری – صناعة القائد – صناعة الشعب- چاپی یەکەم – بیروت -بەغدا -٢٠٠٦.
٥٩- عصر ناپلیۆن – تاريخ الحضارة الاوروبية ف ١٧٨٩-١٨١٥ - ول ديورانت - وەرگێڕانی دکتۆر عەبدولرەحمان عەبدوڵڵا شێخ - دار الجبل - بيروت -٢٠٠٢.
٦٠- تاريخ الرومان – دانانی نجيب ابراهيم طراد -تقديم دكتور محمد رينهم عزب – مكتبة ومطبعة القدر-١٩٩٧.
٦١- موسوعة الفلسفة – دانانی دکتۆر عەبدولرەمان بەدەوی – بەرگی – ١-٢-٣. تاران – ئێران .

کورتەیەك لە ژیاننامەی - نووسەر



گـەر بـەراوود لـە نێـوان ژیاننامـــەی نووســـەران بکەینـــــەوە ، بۆمـــــان دەردەکەوێ کە نووسـەران ، یـاخوود دانـەران ، جـا لـە هەر بووارێك بن ، بگرە لە نووســـینەوەی مێـــژووو جووگرافیـــا و زمـــان وکـەلتوورو داب ونـەریت و شارستانیەتی هەر نەتەوەیەك لە سەر گۆی زەویدا .

کە ژیاننامەی نووسەران زۆر لە یەك دەچێ ، جا لە بوواری هەژاری و کەم دەرامـەتی بێت ، یـاخوود لـە ئاسـتی بڕوانامـەی خووێنـدن بێـت ، یـاخوود لـە ئاسـتی پەیووەندیـە کۆمەڵاتیەکان بێت .

بەڵام سەرچاوەی بوونی تووانای نووسەر لە هەموو بووارە جیاجیاکانـدا ، هۆکاری چ ئێش وئازار و ناڵەباری ئەو نووسـەرەیە لـە نـاو پەیووەندیـەکانی کۆمـەڵگاو لـە نێـوان کۆمـەڵگاو دەسەڵاتدا .

ئەویش بە هۆی چەوسـانەوەو نـەبوونی داد پـەروەری لـە دەسـەڵا ت و پەیووەندیـەکان لـە هەموو بووارەکانی ڕامیاری و ئابووری بازرگانی و نەتەوەیی و نیشتیمانی و کۆمەڵایـەتی و ڕۆشەنبیری و زمان و مێژوو داب و نەریت و و کەلتوورو شارستانیەت .

بەتایبەتی کۆمەڵگای کوردو مێژووی چەوسانەوەی داگیرکردنی و لەت لـەتکردنی لەلایەن ڕژێمـــەکانی دابـــەش کـــەر، لـــە پێنـــاو پاراســـتن و بتـــەووکردن وبـــە هێـــز کردنـــی بەرژەوەندیەکانیان . بە دروستکردن و پێکهێنانی دەووڵەت لەسەر خاکی گەلانی دیکە لە هەرێم و ناوچەو جیهاندا ، لەوانەش گەلی کوردو خاکی کوردستان .

جا عەلـی کەندیش یەکێکە لەو نووسەروو دانەرانـەی کـە بـەو قۆناخـە نـا لەبارانـە تێپـەر بـووەو بۆتـە هـۆی سەرچـاوەی پێنووسـەکەی بەنووسـین و گەیانـدنی پەیامەکـەی بـۆ کۆمەڵگای گەلی کوردستان . کە ئەویش:-

ناوی تەواوی — عەلی عوومەر عەلی فەتاح - ە و ناسراو بووە بە — عەلی کەندی — و لە ساڵی ١٩٥٣ لە گووندی سەر بەشاخ ، کە مەڵبەندی هۆزی سیانەو سەر بەناحیەی دیبەگەی سەربە قەزای مەخموری پارێزگای هەولێرە لە باشووری کوردستان ، چاوی بە جیهان هەڵهێناوە ، لە بنەماڵەیەکی هەژاری جووتیار لەم گووندەدا .

هەروا عەلی کەندی بۆ یەکەم جار لە لای مەلای ئاینی ئیسلام دەستی کردووە بە خووێندن لە حووجرەی فەقێیان لە مزگەوتەکان .

دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٦٠ چۆتە قوتابخانە لە قەزای مەخموور . جا لەوکاتە بەهۆی هەژاری خێزانەکەی و نەبوونی تووانای دارایی باوکی ، لە گەڵ خووێندن لە پشووی هاوینە کاری کردووە ، بە کاری بەرخەوانی و شووانی و درووێنە کردن و جووت کردن و کاریدیکەی کە لە تووانایدا هەبووە ، لە پێناو بەرەو باش بوونی باری گووزەرانی ژیانی خێزانەکەو یارمەتی دانی باوکی لەم بووارەدا .

هەروا دوای تەواوکردنی قۆناخی خووێندنی سەرەتای و دەرچوونی بە پلەی دووەم لە سەر ئاستی قەزای مەخموور لە خووێندن ، و بەهۆی باری رامیاری و بیروو بۆچوونی ئەو خێزانەوە ، لە هەمان کات بە هۆی هەڵوویستی عەلی کەندی فەرمانی دەست گیر کردنی لە مانگی/ ٧/١٩٦٦ لەلایەن داروودەستەکەی رژێمی بەعسی بۆ دەردەچێ لە قەزاکەدا .

هەر بەم هۆکارەش لە ١٠/ ٩ / ١٩٦٧ رووی لەشاخەکانی کوردستان کرد بە پەیووەندی کردنی بە پێشمەرگەی شۆرشی ئەیلولی مەزن لە لقی پێشمەرگەکانی پارتی کۆمۆنیستی ئێراق لقی / هەرێمی کوردستان ، لە دەڤەرەکانی رانیە و قەلادزێ و رەواندوزو پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێرو بە ردەوام بوونی تاکوو ٢٠ /٣ /١٩٧٢ .

لەو ماوەیەشدا بەهۆی خراپی باری خێزانەکەی لە کاتە بەردەستەکانی کاری کردووە بۆئەوەی ژیانی خۆی و خێزانەکەی بەرەو باشتر ببات لەو کاتدا .

دوای ئەوە گەراوەتەوە پارێزگای هەولێرو چۆتە قەزای مەخموور بۆ کاری پارتایەتی و بۆتە کادیر لە قەزای مەخموورو بە بەردەوام بوونی لە پایەکانی لە پارتی کۆمۆنیست تاکوو ١٩٧٩/٣/١٢ ، کە ئەندامی لیژنەی ناوخۆی پارتی کۆمۆنیست بووە لە لیژنەی پاریزگای هەولێر لە باشووری کوردستان .

دوای ئەوە لە ١ / ٧ / ١٩٧٥ چۆتە شاری مۆسکۆی پایتەختی یەکێتی سۆڤیەت ، ئەویش بە خووێندنی لە پەیمانگای زانستە کۆمەڵایەتیەکان ، ی سەر بە ئەکادیمیای زانستی کۆمەڵایەتیەکانی یەکێتی سۆڤیەت ، بۆ ماوەی دوو ساڵ بە دەر چوونی بە پلەی زۆر باشە

لە پیمانگایەدا ، تاکوو ١٥/ ٨ / ١٩٧٧ دا و دوای ئەوە گەراوەتەوە کـوردستان لە پارێزگای هەولێر قەزای مەخموور لە دەڤەرەکەدا .

دوای گەرانـەوەی لـە سۆڤیت لـە ١٩٧٨/١٢/١٢ خێزانـی پێـك هێنـاوە و بـاوکی پـێج کـورە ، و هەموویانی بە ئامانجێکی باش گەیاندوو لـە پلـەکانی فەرمانبەریـەتی و سێ لـە کورەکـانی خێزاندارن لە شاری هەولێردا .

هەر لە ١٩٧٩/٣/١٢ بە فەرمانبەر دامەزراوە لە بەرێوەبەرایـەتی گەشـت و گـوزار لـە هاوینـە هاواری سەلا حەدین لە کۆمەلگای سەرە رەش لـە پارێزگـای هـەولێر ، بـە بـەردەوام بـوونی کاری فەرمانبەرێتی . سەرەرای ئەوەش لە دوای سالّی هەشتاکان بەهۆی مل کەچ نـەکردنی بـۆ داخوازیـەکانی دارو دەسـتەکی بـەعس لـە کـوردو عـەرەب ، کـە لـە ١٩٨٢/٢/١٣ لەلایـەن بەرێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر دەست گیر کـراوەو رەوانـەی — الهیئـة الخاصـة — لـە شـاری کەرکوك زیندانی کراوەو بۆ ماوەی حەوت مانگ گیراوە تاکوو ٦ / ٨ /١٩٨٢ . ئازاد کراوە بێ ئەوەی هیچ کەسێك لە ئەندامان و لایەنگرانی پارتەکان و کـە سـایەتیەکان تووشـی ئێشوو ئـازارو ئەشـکەنجە بکـات — واتـە ئـیعتراف نـەکردن — و بـە سـەربەرزی لـەو زیندانانـەی شەقلاوەو مسیف سەلاحەدین وهەولێرو کەرکوك دەرچووە .

دوای ئەوە بۆ جاری دووەم لە ١٩٨٥/٥/١٩ لە لایەن پیاوانی موخابەراتی پارێزگای مووسـلّ ، کـە لـەو کاتـە سـەرباز بـوو لـە مەدرەسـە قتـالی مووسـلّ دەسـتگیر دەکـرێ و رەوانـەی موخابـەراتی گـشتی شـاری کـەکوك دەکرێـت ، کە ئـەم بەرێوەبەراتیـە گـشتیە بـۆ هـەموو شارەکانی کوردستان بوو وەك موسل و کەرکوك و هەولێرو سلێمانی ودهۆك . کە فـەرمانی دەست گیرکردنی لەلایەن بەرێوەبەرایەتی ئەمنی هـەولیرو ئـەمنی بـاکوورو ئیـستخبارات و موخابەرات لە هەردوو پارێزگای مووسلّ وهەولێری بۆ دەرچوو بوو .

لەئاکام لەم رۆژەدا دەستگیرکراو لـە زیندانـەکانی موسـل وکـەرکوك مایـەوە تـاکوو ١٧ / ٩ / ١٩٨٥ بە ئازادکردنی لە دوای داد گایی کردنی ، کـە هـیچ بەلّگەیـەك نـەیتووانی تاوانبـاری بکات بەهۆی دان نەنانی بە کارە نەهێنیەکانی کە لەو کاتدا ئەنجامی دەدا .

هـەروا بـۆ جـاری سـێیەم لـە ٢٥ / ٩ /١٩٩٠ لـە لایـەن ئـەمنی هـەولێر دەسـتگیرکراوەتەوە لەسەر هەمان بیروو بۆچوو ن وهەلّوویست . بـەلاّم بـۆ ماوەیـەکی کـەموو دوای ئـەوە ئـازاد کرا.

لە دوای ٣/١٢ /١٩٧٩ تاکوو راپەرینی گەلی کوردسـتان لـە ١٩٩١/٣/٥ بـە سـەدان جـار لەلایـەن بەرێوەبەرایەتیـەکانی ئـەمن و ئیـستخبارات و موخابـەرات لـە پارێزگـای هـەولێر بـانگ

هێشت کراوەو لێکۆڵینەوەی لە گەڵ کراوەو لە دوای ووتە ناشیرینەکانیان و ئیهانـە کردنـی علی کەندی ئینجا ڕێگەیان پێداوە لە بەرێوەبەرایەتیەکانیان دەرچێ .
سەرەرای ئەوەش بۆ دووجار لە ریزی سەربای سووپای ئێراق بووە بۆماوەی ٤,٥ چوارساڵ و نیوو ، بەلام ئـەو کەسانەی کـە کـورد بـوون و رەفیـق حزبیـی و ئـەمن جاشـی خـۆ فـرۆش ودووژمنی کوردو کوردستان بوون دژی مامۆستا عەلـی کەندی بوون بـە نووسـینی راپـۆرت لەسـەری و بـە زینـدانی کردنـی ...؟...! . کـە ئێـستاش لـەجاران ڕۆلآیـان و بـاری ژیانیـان باشـترە لـە هـەمان دام ودەزگـا ئەمنیـەکان و حکوومـەت و خـاوەنی هـەموو شـتێکن ، لـە حکوومـەتی هـەرێمی کوردسـتان و ، بـەلام مامۆسـتا عەلـی کەنـدی تـا تـەواو بـوونی ئـەم مێژوونامەیە خاوەنی - یەك سم زەوی نیە نەك لـە سـەر گـۆی زەوی بگـرە لەسـەر خـاکی کوردستانیشدا و ماوەی ژیانی لە کرێ چیپایەتی بردۆتە سەر لەم بـارو دۆخـە تەنگـەدا ، و عەلـی کەندیش هەر وەك جارانە لە بیروو بۆچوون و هەلوویستەکانی بەردەوامەو ڕۆژێك لە رۆژانیش مل کەچی هیچ لایەنێك نەبووە نە لەڕابردوو ولە ئێستادا ، بۆ سەلماندنی ئەم ووتان . نووسینەکان ودانراوەکانیشی شاهیدن بۆ ئەم ڕاستیانە .

لە بەرهەم و بلأکراوەکانی- نووسەر

لە گەڵ ئەوەشدا عەلی کەندی لە بارەی دەسـتکردنی بـە نووسـینەکانی کـە دەگەرێتـەوە بـۆ ساڵی ١٩٧٤ ، کە لـەو کاتـەی لـە شـاری بـەغا بـوو ، یەکـەم بابـەتی لـە رۆژنامـەی - تـەریق ئەلشەعب - کە زمانحالی پارتی کۆمۆنیستی ئێراق بوو ، لە سەر باری رامیاری و نەتەوەیی بلاوکردەوە لە رۆژنامەکدا . دوای ئەوە لە نووسین بەردەوام بووە بە پێی باروو دۆخەکانی رامیاری و نەتەوەیی و بووارەکانیدیکەدا . بەرهەمەکانیشی ئەمانەن :-

١- ساڵنامەی کوردستان ، کە یەکەم بەرهەمی نووسنەکانە .
٢- فەرهـەنگی رووداوەکـانی کوردسـتان و وولأتـانی جیهـان ، کـە بـۆ یەکـەم جـارە لـە کوردستان - چاپی یەکەم /٢٠٠٥ .
٣- مێژوونامە - کە ئێستا لە بەردستدایە ، چاپی یەکەم / ٢٠٠٦ .
٤- زانین - کە فەرهەنگێکی - کوردی - عەرەبی - رووسیە ، کە ئەویش بەرەوە بە چاپگەیاندن هەنگاو دەنێ .

٥- نەخشەی جیهان – بە زمانی کوردی بە ناونیشانی – کورد لە نێوو نەخشەی رامیاری جیهان – کە بۆ یەکەم جارە لە کوردستان . ئەم نەخشەیە ١٠٠٠٠ دە هەزار دانەی لێ چاپکرا لە ئیران ، بەڵام لە لایەن دەزگاکانی ئیتلاعاتی ئیران دەستگیر کرا . دوای ئەوە وەك هەدییە لە ٢٠٠٨/٨/٤ پێشکەش بە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرا ؛ لە ریگەی بەرێووە بەری گشتی پرۆگرام و چاپەمەنیەکان – کاك ئاراز نەجمەدین – لە هەولێر .

٦- سالنامەی کوردستان – بە شێووەی بچووك – تقویم مەنزەدی – کە بۆ یەکەم جارە لە کوردستان .

٧- هەڵووێستنامە – ٢٠٠٦ – بەرگی یەکەم ، کە ئامادەیە بۆ چاپکردن .

٨- ئینسکلۆپیدیای کوردستان و جیهان –چاپی دووەم /٢٠٠٨ .

٩- ئافرەت لە پەیووەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا ، هەنگاو دەنێ بەرەو بە چاپکەیاندن .

١٠- دەفتەری زانیاری – بەندە بە پارکی سامی عەبدولرەمان لە شێووەی – شریت – کە ٢,٥٥ مەتر درێژیەتی ،ئەویش بۆ یەکەم جار بووە لە کوردستان .

١١- بلاوکردنەوەی زیاتر لە – ٧٥ – بابەت و لێکۆڵینەوە لە بووارەکانی رامیاری و نەتەوەیی و جووگرافی وپەیووەندی کۆمەڵایەتی و ئافرەت و توویژی گەنج ، لە رۆژنامە وگۆڤارەکان ، لە سەر باروو دۆخی کوردو رووداوەکان لە گەڵ وولاتانی داگیر کەری کوردو کوردستان و رامیاریەتی لە پەیووەندی نێوو دەووڵەتیدا .

١٢- لە دوای ئەوانە ، ئەوا ئینسکلۆپیدیای مێژوونامەکە بە چووار بەرگ/٤ کەوتە بەردەستتان ، وەك بلێی هەگبەی مێژوو لە بەر دەستا بێت لە هەموو بووارەکانی – رووداوو بە سەر هات و رێکەووتن و شەڕو ئاشتی و نەتەویی نیشتیمانی و رامیاری و جووگرافی و سەربازی و ئابووری و بازرگانی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و مێژوو وزمان و داب و نەریت و کەلتوور و شارستانیت , لە گەڵ رووداوەکانی پزیشکی و گەردوونی و وەرزش و رووداوەکانی فرۆکە و گرکان و گوومە لەرزەو ئاژەڵ وچەندین بوواری دیکە لە جیهاندا .

زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی ٢٠٠٩ی
بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

ژ	ناوی کتێب	ناوی نووسەر	بابەت	نرخ	لاپەڕە
٣٦٢	البعد السياسي للمشكلات القومية"الكرد نموذجا"	د.خليل اسماعيل محمد	دراسة	١٠٠٠	١٠٤
٣٦٣	خۆری ئارابخا کەرکوک و ژیانی عەبدولڕەحمانی نفووس	زانیار سەردار	لێکۆڵینەوە	١٠٠٠	١٠٤
٣٦٤	الاعلام... والصحافه	صابر محمود عبدالله	دراسة	١٥٠٠	١٢٠
٣٦٥	هەڵوێستەکان، دەسکەوتەکان و وتارو دیمانەکانی (سەرۆك مسعود بارزانی)	ئا: مستەفا سلیم	وتارو دیمانە	-	٥٥٢
٣٦٦	لە درزی هزرەوە	بەهزاد حەویزی	وتار	١٥٠٠	٢٥٦
٣٦٧	توانەوە	غەفوور ساڵح عەبدوڵڵا	ڕۆمان	٢٠٠٠	٢٠٤
٣٦٨	مصباح القلوب و مفرج الكروب	ملا عبدالرحمان ملا طه	الجزء الاول	٦٠٠٠	٧٨٤
٣٦٩	مصباح القلوب و مفرج الكروب	ملا عبدالرحمان ملا طه	الجزء الثاني	٧٠٠٠	٨٩٦
٣٧٠	ڕێزمانی ئامرازی پەیوەندی	د. شێرکۆ بابان	لێکۆڵینەوە	٣٠٠٠	٣١٢
٣٧١	مێژووی هونەری فۆتۆ	د. فەرهاد پیرباڵ	لێکۆڵینەوەی مێژوو	٣٠٠٠	٩٦
٣٧٢	پەلکە زێڕینە	سەید مەولود بێخاڵی	فۆلکلۆر	٢٠٠٠	٨٠
٣٧٣	کێ پەنیرێ من ڤەگوهاست؟	و.ناهیدا دری	چیرۆك	١٥٠٠	١٠٤
٣٧٤	کانەبییان	ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی	ڕۆمان	٢٠٠٠	٢٢٤
٣٧٥	مناخس الالم	د.بشير الطوری	شیعر	١٠٠٠	٢٢٤
٣٧٦	مسرحيتان کوميديتان	عادل دنو	مسرحيه	١٠٠٠	٤٨
٣٧٧	چنینەوە	د. لەتیف محەمەد حەسەن	شیعر	٢٠٠٠	٤٤٨
٣٧٨	کورد و سیستمی نێو دەوڵەتی	د.عوسمان عەلی میرانبەگ	لێکۆڵینەوە	١٥٠٠	١٥٢
٣٧٩	ئاسمانی گەڵا بابردووەکان	نەرمین جەعفەر	شیعر	١٠٠٠	١٢٠
٣٨٠	گۆڤەندێك لە هەڵبەست	موسی زاخۆرانی	شیعر	١٠٠٠	١٠٤
٣٨١	کەلەپووری کوردەواری	عەباس چنارانی	فۆلکلۆر	٣٠٠٠	٢٨٨
٣٨٢	تراژیدیای کوردان	وریا ڕەحمانی	ڕاپۆرتی سیاسی	٢٠٠٠	٢٠٨
٣٨٣	بانگهێشتێك بۆ سەرهەڵدان	ئاشتی فەلەکەدین	ڕۆمان	٢٠٠٠	٢٠٨
٣٨٤	لە پێناوی تازەگەریی فیکریدا	نەجات حەمید ئەحمەد	گشتی	٢٥٠٠	٥٤٤
٣٨٥	ئاگرپژێن و بوومەلەرزەکان	و: ئەمیرە ئیسماعیل	زانستی	٣٠٠٠	١٤٤
٣٨٦	ملحمة سيامند وخجه	مصطفی خۆشناو حمو	لێکۆڵینەوە	١٠٠٠	١١٢
٣٨٧	گەشت و گوزار	قادر باوەجان	گشتی	٥٠٠٠	٤٠٠
٣٨٨	نامەیەك لە قوبرسەوە	ئازاد کەریمی	کورتە چیرۆك	١٠٠٠	٨٠
٣٨٩	چەند لایەنێك ژدیرۆکا ئیسلاما سیاسی	و. جەمال عەبدوڵا	لێکۆڵینەوە	١٠٠٠	٩٦
٣٩٠	چالاکیەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری/٢٠٠٨	ئا: روقیە عەبدوڵا	چالاکی	---	١٦٠

٣٩١	جەژنێك بۆ پیر	رەووف مەحمود پوور	لێکۆڵینەوە	٤٠٠٠	٣٦٨
٣٩٢	دوایین هەستی ترسناك	سەرهەنگ جەمال	رۆمان	١٥٠٠	١٣٦
٣٩٣	پەرەسەندنی کوردستانی نوێ	و:جەمیل محەمەد نەرگوشی	رامیاری	٤٠٠٠	٦٤٠
٣٩٤	فرمێسك و تەمەن و خەون	ماریە ئەحمەد	شیعر	١٠٠٠	١٧٦
٣٩٥	برکان التنهدات	دانیال شابۆ	شیعر	١٠٠٠	١٦٠
٣٩٦	دیپلۆماتیك	ماجید نوری	پرۆژە	٥٠٠	٤٠
٣٩٧	مێژووی هاوچەرخ	خالید هەرکی	مێژوویی	٤٠٠٠	٦٦٤
٣٩٨	ناوکبڕینی بۆشایی	محەمەد باوەکر	شیعر	١٥٠٠	١٢٠
٣٩٩	لەپێناوی تازەگەری فیکریدا - بەشی دووەم	نەجات حەمید ئەحمەد	گشتی	٢٥٠٠	٤٠٨
٤٠٠	رێسا	محەمەد وسمان	پەروەردەیی	٢٠٠٠	٨٠
٤٠١	ستاتیکای شاکاری کوردی	تاریق کارێزی	شێوەکاری	١٥٠٠	١٢٠
٤٠٢	ماڵئاوایی	مجول ئیسماعیل	شیعر	١٠٠٠	٨٠
٤٠٣	کورد... عەرەب... شۆڤێنیزم	بەهرام محەمەد (کاکل)	سیاسی	٢٠٠٠	٢٤٠
٤٠٤	رەنگدانەوەی زەمبیل فرۆش لە ئەدەبی میللی کوردیدا	ئیدریس عەبدوڵلا	لێکۆڵینەوەی ئەدەبی	٢٠٠٠	٢٤٠
٤٠٥	ئەفسانەی میرە گوڵ	محەمەد رەشید فەتاح	رۆمان	١٥٠٠	٢٦٤
٤٠٦	کەلەپوورنامەی کوردەواری	یاسین حەسەن گۆران	فۆلکلۆری	٢٠٠٠	٢١٦
٤٠٧	کورتنووسی لە زمانی کوردیدا	وشیار بەشیر مستەفا	زمانەوانی	١٥٠٠	٢٢٤
٤٠٨	المدن ولعبة الاجيال	محمد مسعود محمد	دراسة	٣٠٠٠	٣٧٦
٤٠٩	أمتلىء عشقا منك	فريدون سامان	ترجمة شيعرية	١٥٠٠	١٣٢
٤١٠	هونەرێ ئەڤاندنێ	د. لەزگین ئاڤدرەحمانی	رۆمان	٣٠٠٠	٢٠٠
٤١١	خەزینا زانستی د (١٠٠٠٠) پرسیار و بەرسڤادا	محەمەد ساڵح پێندرۆیی	رۆشنبیری کشتی	١٠٠٠٠	٨٣٢
٤١٢	دیوانی خاڵۆ	مەهدی فاتیح	شیعر	٤٠٠٠	٤٦٤
٤١٣	گرافیکەکانی کوردستانی	محەمەد عارف	هونەری شێوەکاری	٥٠٠٠	٦٧٢
٤١٤	یۆگا	و: حەمید گەردی	گشتی	٤٠٠٠	٦٢٤
٤١٥	شەوێ بەیادی گەڕانەوەت	دەرباز یونس	شیعر	١٥٠٠	٢٠٤

٤١٦	ئەڵمانیا.. جوگرافیا .. کلتور	باهۆز مستەفا	گشتی	٤٠٠٠	٢٢٤
٤١٧	با پەیڤەکان بەردەوام بن	و: خەسرۆ پیربال	شیعر	١٥٠٠	١٤٤
٤١٨	پاشام پۆتاسیندا پیشمن سوزجوکلر	حسام حسرت	شیعر	١٥٠٠	١٦٠
٤١٩	پاییز فەرامۆش بکە	و: لەیلا محەمەد تەها	رۆمان	٣٠٠٠	٢٠٨
٤٢٠	خمسون أعجوبة من عصر (توت عنخ امون)	ترجمة: نضال الاغا	تأريخي	٤٠٠٠	١١٢
٤٢١	المنهاج الصحي الاول	د.صباح ياقو توماس (أبوليلى)	الصحة الطبيعية	٢٥٠٠	٢٦٤
٤٢٢	التغذية الصحيحة أساس الحياة الصحية	د.صباح ياقو توماس (أبوليلى)	الصحة الطبيعية	١٥٠٠	١٦٠
٤٢٣	برنامج نمط الحياة الصحية	د.صباح ياقو توماس (أبوليلى)	الصحة الطبيعية	١٠٠٠	٤٨
٤٢٤	اناستاسيا	د.صباح ياقو توماس (أبوليلى)	الصحة الطبيعية	١٥٠٠	٢٢٤
٤٢٥	هونەری هێلکاری گیانداران	و: پەروین خدر ئیبراهیم	هێلکاری	٦٠٠٠	١٤٤
٤٢٦	کێشەی کورد	و: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل	مێژووی سیاسی	١٠٠٠	٦٤
٤٢٧	بیرەوەرییەکانم لە شۆڕشی کوردستاندا	و: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل	مێژووی سیاسی	١٠٠٠	٣٢٠
٤٢٨	کوردستان یان نەمان	و: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل	مێژووی سیاسی	١٠٠٠	٢٨٠
٤٢٩	کارەساتی بارزانی زوڵملێکراو ١٩٥٤	و: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل	مێژووی سیاسی	١٠٠٠	٢٢٤
٤٣٠	سەفەرێك بۆناو پیاوە نازاکان لە کوردستان	و. ئەبوبکر ساڵح ئیسماعیل	مێژووی سیاسی	٦٠٠٠	٥٤٤
٤٣١	بارزانی و پاشەکشێی بارزانیەکان لە بیرەوەرییەکانی ئیحسانی دا	و. ئەبوبکر ساڵح ئیسماعیل	مێژووی سیاسی	١٠٠٠	١٤٤
٤٣٢	پەل و خولی	تەحسین نافشکی	رۆمان	١٠٠٠	٤٢٤
٤٣٣	بەیانیت باش کۆمپیوتەرەکەم	ئەنور خدر بایەزید	زانستی کۆمپیوتەر	٨٠٠٠	٥٣٦
٤٣٤	تفەنگا ب خوین	عەگیدێ چەرکس	رۆمان	٣٠٠٠	٤٠٨
٤٣٥	أبو اسحق الصابي: درر النثر وغرر الشعر	قيس مغشغش السعدي	تأريخي	٣٠٠٠	٤٦٤
٤٣٦	ناڵای کوردستان لە نێوان شەریعەت و یاسادا	عەبدولستار ئەحمەد	توێژینەوە	١٥٠٠	٦٨
٤٣٧	کیژە سابڵاغی	ئیبراهیمی قادری	گۆرانی و ژیاننامە	٤٠٠٠	٤٥٨
٤٣٨	ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە (٤) بەرگ	علی کەندی	گشتی	١٠٠٠٠ ابز لبەرگ	٥٩٢

تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

ENCYCLOPEDIA OF HISTOGRAPHY

1/1/1901 - 31/12/1950

Ali Kandy

لەم مەیدانە گرنگەی کولتوری هەموو نەتەوەیەك عەلی کەندیش دەبێتە سەربازی نەناسراوی ئەو جۆرە کارە زانستیانە . ئەمانە نەك تەنیا لای ئێمە ، بەڵکو لەهەموو گێتیدا سوود بە خوێنەوارو رۆشنبیران دەگەیەنن کەچی نووسینەکانیان دەبن بە سەرچاوەی بنچینەیی بۆ هەموو جۆرە بەرهەمێك .

د. مارف خەزنەدار
ی مایسی ٢٠٠٧

ئەم خەمخۆرییە تاقەکەسییە کەلەلایەن مامۆستا عەلی کەندی ئەنجامدراوە شایانی سوپاس و پێزانینە، چونکە پشوویەکی فراوان و ماوەیەکی زۆر و ئارامێکی لەڕوبییانەی گەرەکە ، لەبەر ئەوەی ئەو ئینسکلۆپیدیایە چەندین ئینسکلۆپیدیا لەخۆ دەگرێ

تارق جامباز
٢٠٠٩/٨/١٠

کارێکی کەلتووری مەزن ... ئەم کارەی پیشەسازییەی ووشە ((ئینسکلۆپیدیایە - مێژوونامە)) قەڵایەکی کلتووری مێژووی مەزنە ، وەکو قەڵای شاری مێژوو - هەولێر - ، هەردەم زیندووە.

مومتاز حەیدەری
٢٠٠٩/٧/٧

نووسەرێکی دڵسۆزی وەك عەلی کەندی پێی هەڵساوە، کە پێویستە هان بدرێت و پشتگیری لێ بکرێ تاکو بەرهەمی زیاتر پێشکەش کتێبخانەی کوردی بکات، بەتایبەت کەهێشتا کتێبخانەی کوردی لەزۆر بواردا هەژارە.

د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور
٢٠٠٩/٧/٢٥

Second Edition - 2009

Shouthern of Kurdistan - Erbil

چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان - هەولێ